What Jesus Demands From the World

# داواکارییەکانی
# عیسا
# لە جیهان

"هەموو دەسەڵاتێک
لە ئاسمان و زەوی
بە من دراوە."

عیسای مەسیح


## جان پایپەر


وەرگێڕانی:
نەریمان تاهیر و ئەندازیار سروش

# داواکارییەکانی عیسا لە جیهان

## جان پایپەر

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم بەرهەمە وەرگێڕانێکە لە کتێبی ئینگلیزی

What Jesus Demands from the World
Copyright © 2006 by Desiring God Foundation
Published by Crossway Books
a publishing ministry of Good News Publishers
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187
First printing, 2006
Printed in the United States of America

- ناوی کتێب: داواکارییەکانی عیسا لە جیهان
- نووسەر: جان پایپەر
- وەرگێڕانی: ئەندازیار سروش و نەریمان تاهیر
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٠
- چاپخانە:
- تیراژ:
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

پێشکەشە بە

بنیامین و مێلیسا کە بە خۆشەویستیی عیساوە دەژین

# ناوەڕۆک


| | لاپەڕە |
|---|---|
| سوپاسنامە | ١ |
| پێشنیارگەلێک سەبارەت بە شێوازی خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکە | ٣ |
| ناساندن: ئامانج و مەبەستی ئەم پەڕتووکە | ٤ |
| چەند وشەیەک بۆ زانا و شارەزایانی کتێبی پیرۆز (وە ئەوانەی کە دەیانەوێت بزانن خەریکی چین) | ١٥ |
| داواکاریی یەکەم: دەبێت لەدایک ببیتەوە | ٢٣ |
| داواکاریی دووەم: تۆبە بکە | ٢٦ |
| داواکاریی سێیەم: وەرە بۆ لام | ٣٠ |
| داواکاریی چوارەم: باوەڕت پێم هەبێت | ٣٤ |
| داواکاریی پێنجەم: منت خۆش بوێت | ٣٩ |
| داواکاریی شەشەم: گوێم لێ بگرە | ٤٤ |
| داواکاریی حەوتەم: بە منەوە پەیوەست بە | ٥٠ |
| داواکاریی هەشتەم: خاچەکەت هەڵبگرە و دوام بکەوە | ٥٧ |
| داواکاریی نۆیەم: بە هەموو دڵ و گیان و بیر و هێزتەوە خودات خۆشبوێت | ٦٤ |
| داواکاریی دەیەم: دڵخۆش بە و لە خۆشیدا هەڵپەڕە | ٧٢ |
| داواکاریی یازدەیەم: لەوە بترسن کە توانای لەناوبردنی گیان و جەستەی لە دۆزەخدا هەیە | ٨٠ |
| داواکاریی دوازدەیەم: لە ڕۆح و ڕاستیدا خودا بپەرستە | ٨٦ |
| داواکاریی سێزدەیەم: هەمیشە نوێژ و نزا بکە و هەرگیز بێهیوا مەبە | ٩٢ |
| داواکاریی چواردەیەم: نیگەرانی پێداویستییەکانی ڕۆژانە مەبە | ١٠٠ |
| داواکاریی پازدەیەم: نیگەرانی هەڕەشەی مرۆڤەکان مەبە | ١٠٧ |
| داواکاریی شازدەیەم: بە شەڕکردن لەگەڵ شانازی و لووتبەرزی، خۆت نزم بکەوە و بێفیز بە | ١١١ |
| داواکاریی حەڤدەیەم: وەکو منداڵ و خزمەتکار و دڵشکاوێکی بوێرەوە خۆت نزم بکەوە و بێفیز بە | ١١٦ |
| داواکاریی هەژدەیەم: توورە مەبە - متمانەت بەوە هەبێت کە خودا هەموو شتێکت بۆ دابین دەکات | ١٢٣ |

| | |
|---|---|
| داواکاریی نۆزدەیەم: تووڕە مەبە - بەزەیی و لێخۆشبوون لە ئامێز بگرە | ١٣١ |
| داواکاریی بیستەم: ویست و خواستی باوکم جێبەجێ بکە کە لە ئاسمانە - لە ڕێگەی متمانەکردن بە عیسا بێگوناه دەبیت | ١٣٨ |
| داواکاریی بیست و یەکەم: ویست و خواستی باوکم جێبەجێ بکە کە لە ئاسمانە - لە ڕێگەی متمانەکردن بە عیسا دەگۆڕدرێی | ١٤٤ |
| داواکاریی بیست و دووەم: کۆشش بکە بەنێو دەرگا تەنگەدا بچیتە ژوورەوە، چونکە تەواوی ژیان جەنگ و شەڕە | ١٥١ |
| داواکاریی بیست و سێیەم: کۆشش بکە بەنێو دەرگا تەنگەکەدا بچیتە ژوورەوە، چونکە عیسا پەیمانی نوێ دێنێتە دی | ١٥٨ |
| داواکاریی بیست و چوارەم: کۆشش بکە لە بەنێو دەرگا تەنگەکەدا بچیتە ژوورەوە، چونکە تۆ پێشوەخت لەنێو دەسەڵاتی شانشینداى | ١٦٥ |
| داواکاریی بیست و پێنجەم: دەبێت لە فەریسییەکان ڕاستودروستتر بیت، چونکە دووڕوو و ناشرین بوون | ١٧٣ |
| داواکاریی بیست و شەشەم: دەبێت لە فەریسییەکان ڕاستودروستتر بیت - ناو پەرداخەکەش پاک بکەوە | ١٧٨ |
| داواکاریی بیست و حەوتەم: دەبێت لە فەریسییەکان ڕاستودروستتر بیت ، چونکە هەموو دارێکی باش بەرهەمی باش دەگرێت | ١٨٦ |
| داواکاریی بیست و هەشتەم: دوژمنەکانت خۆشبوێت - بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنوێنییان بکە | ١٩٢ |
| داواکاریی بیست و نۆیەم: دوژمنەکانت خۆشبوێت - نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن | ٢٠١ |
| داواکاریی سییەم: دوژمنەکانت خۆشبوێت - چاکە بکە لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێت دەبێتەوە، ببەخشە بەوانەی داوات لێدەکەن | ٢١٠ |
| داواکاریی سی و یەکەم: دوژمنەکانت خۆشبوێت بۆ ئەوەی نیشانی بدەیت کە ڕۆڵەی خودایت | ٢٢١ |
| داواکاریی سی و دووەم: دراوسێکەت وەکو خۆت خۆشبوێت چونکە شەریعەت و پێغەمبەران بەمەوە بەندن | ٢٢٨ |
| داواکاریی سی و سێیەم: چیت بۆ خۆت پێ باشە بۆ دراوسێکەشت پێ باش بێت | ٢٣٥ |
| داواکاریی سی و چوارەم: نزیکەکەت وەکو خۆت و بەو جۆرەی کە عیسا خۆشی دەوێی، خۆشبوێت | ٢٤١ |
| داواکاریی سی و پێنجەم: لە ڕێگەی بەخشینی قوربانی ئاسا و دڵفراوانییەوە، لە ئاسمان گەنجینە کۆ بکەوە | ٢٤٧ |
| داواکاریی سی و شەشەم: گەنجینە لە ئاسمان بۆ خۆت کۆ بکەوە و خۆشیت لە مەسیحدا زیاد بکە | ٢٥٢ |
| داواکاریی سی و حەوتەم: گەنجینە لە ئاسمان بۆ خۆتان کۆ بکەنەوە - «باوکت خۆشحاڵە کە شانشینەکەت بداتێ» | ٢٥٩ |

| | |
|---|---|
| داواکاریی سی و هەشتەم: سوێند مەخۆ - تامی ڕاستیی بکە و ڕاستیی بڵێ | ٢٦٧ |
| داواکاریی سی و نۆیەم: سوێند مەخۆ - با قسەکەت تەنها بە «بەڵێ» یان «نەخێر» بێت | ٢٧٢ |
| داواکاریی چلەم: ئەوەی کە خودا بە یەکی گەیاندووە با هیچ مرۆڤێک جودای نەکاتەوە، چونکە هاوسەرگیری ڕەنگدانەوەی پەیمانی خودایە لەگەڵ ئێمە | ٢٧٧ |
| داواکاریی چل و یەکەم: ئەوەی کە خودا بە یەکی گەیاندووە، با هیچ مرۆڤێک جودای نەکاتەوە، چونکە ئەوەی کە جودا دەبێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەکات، داوێنپیسی دەکات | ٢٨٣ |
| داواکاریی چل و دووەم: ئەوەی کە خودا بە یەکی گەیاندووە، با هیچ مرۆڤێک جودای نەکاتەوە، یەک پیاو، یەک ژن، بە نیعمەت هەتا مردن | ٢٩١ |
| داواکاریی چل و سێیەم: ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنە قەیسەر، ئەوەش کە هی خودایە بیدەنە خودا | ٢٩٧ |
| داواکاریی چل و چوارەم: ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنە قەیسەر، وەکو چۆن ئەوەی هی خودایە دەیدەنە خودا | ٣٠٢ |
| داواکاریی چل و پێنجەم: ئەمە بۆ وەبیرهێنانەوەی من بکەن، چونکە من کڵێساکەی خۆم بنیات دەنێم | ٣٠٨ |
| داواکاریی چل و شەشەم: ئەمە بۆ وەبیرهێنانەوەی من بکەن - قوتابی لەئاو هەڵبکێشن و لە شێوی پەروەردگاردا بەشداری بکەن | ٣١٤ |
| داواکاریی چل و حەوتەم: با ڕووناکیت لەبەردەم کەسانی دیکەدا بدرەوشێتەوە بۆ ئەوەی باوکت شکۆدار بکەن کە لە ئاسمانە | ٣٢٠ |
| داواکاریی چل و هەشتەم: با ڕووناکیت لەبەردەم کەسانی دیکەدا بدرەوشێتەوە - قوربانیی پڕ لە خۆشیی خۆشەویستی لە کاتی ئازار و ناخۆشیدا | ٣٢٥ |
| داواکاریی چل و نۆیەم: هەموو گەل و نەتەوەکان بکە بە قوتابی، چونکە عیسا خاوەن هەموو دەسەڵاتێکە | ٣٣١ |
| داواکاریی پەنجایەم: هەموو گەل و نەتەوەکان بکە بە قوتابی، چونکە ناکرێت ئەرکەکە بوەستێت | ٣٣٧ |

«هەموو دەسەڵاتێک لە ئاسمان و زەوی بە من دراوە.»

**عیسای مەسیح**

# سوپاسنامە

ئـەم کتێبەمـان ئەمـڕۆ لەبەردەسـتە چونکـە تەوژمـی دڵفراوانـی و دەسـتکراوەیی زۆر لـەوە زیاتـر بەسـەرمدا ڕژاوە کـە بتوانـم لێـرەدا ئامـاژەی پـێ بکـەم، بەدڵنیاییـەوە زۆر لـەوە زیاتـرە کـە خـۆم بیزانـم. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە خۆشـحاڵییەوە، نـاوی زۆر لایـەن و کەسـایەتی دەهێنـم. پیـران و ئەندامانـی کڵێسـای باپتیسـتی بێتلەحـم ڕێگەیـان پێـدام کـە پێنـج مانـگ وتـار و فێرکـردن پێشـکەش نەکـەم. ئەمـە بەشـێک بـوو لـەو چاکـە و میهرەبانییـەی کـە بـە بۆنـەی پێکەوەبوونمـان بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ خزمـەت پێیـان بەخشـیم. بەبـێ ئـەو پێنـج مانگـە، ئـەم کتێبـە نەدەنـووسرا.

سوپاسـی (تیندەیـل هـاوس)[a] لـە کەیمبرجـی ئینگلتـەرا دەکـەم کـە بـە سـەرچاوە فـراوان و بەربڵاوەکەیانـەوە، شـوێنێکی نایابیـان بـۆ ئـەم جـۆرە لێکۆڵینـەوە و نووسـینە دەسـتەبەر کـردووە. هەروەهـا سوپاسـی (بـروس وینتـەر) دەکـەم کـە ئـەو کاتـەی مـن لـەوێ بـووم، دوای ئـەوەی کـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر بەدڵسـۆزییەوە ئەرکـی چاودێریکردنـی تیندەیـڵ هاوسـی بـە ئەسـتۆ گرتبـوو، کـەم کـەم ئەرکەکـەی بـەرەو کۆتایـی دەچـوو، بەڕاسـتی پێشـوازییەکی گـەرم و برایانـە لێـی کـردم و هاوڕێیەکـی بـاش و دڵسـۆزە. ئەندامـان و خوێنەرانـی تیندەیـڵ هـاوس وایـان کـرد کـە مانەوەمـان لـەوێ پـڕ بێـت لـە خـۆش و سـوود و بەرهـەم. خـودا خـۆی ئـەو دەسـتە خۆبەخشـە نەناسراوانـە دەناسـێت کـە کرانـەوە بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتوانیـن لـەوێ بمێنینـەوە.

(دەیڤـد ماتیـس و جەسـتن تەیلـەر و تێـد گریفیـن) ڕەشنووسـی ئـەم بەرهەمایـن چەندیـن جـار بـەوردی خوێنـدەوە و یارمەتییـان دام کـە سـەدان چاکسـازی تێـدا بکـەم. دیسـان (کارۆل سـتەیباک) گروپەکـەی خـۆی کۆکردنـەوە و لیسـتی کتێبـی پیـرۆز و کەسـایەتییەکانی ئـەم بەرهەمەیـان ئامـادە کـرد کـە یارمەتـی خوێنـەر دەدات بـە ئاسـانی ئـەوە بدۆزنـەوە کـە بەدوایـدا دەگەڕێـن. (لەیـن دێنـس) و گروپەکـەی لـە کرۆسـوەی بوکـس هـان و پشـتگیری ئـەم پڕۆژەیـان کـرد بـۆ ئـەوەی لـە خەیاڵـەوە ببێـت بـە ڕاسـتی. هاوسـەرەکەم کـە نـاوی «نوێـڵ»ە ماڵێکـی نوێـی لـە شـوێنێکی نوێـدا بـۆ دابیـن کـردم و بـە تـەواوی ئازادیـی نووسـینی پـێ بەخشـیم، وە هەمـوو وشـەیەکی بـە جۆرێـک خوێنـدەوە کـە تەنهـا هاوسـەرێکی بەهـرەدار دەتوانێـت بـەو جـۆرە بێـت. هـەر شـتێک کـە دەیکـەم لـە پشـتگیری و هـاوکاری ئـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت.

کاتێـک کەسـێك دەپرسـێت «بـە چەنـد ڕۆژ ئـەم پەڕتووکـەت نووسـی؟» مـن زۆربـەی کات لـە وەڵامـدا دەڵێـم: «بـە شەسـت سـاڵ». دەزانـم کـە ئـەوە وەڵامێکـی دڵخۆشـکەر نییـە، بـەڵام ڕاسـتییەکەم گوتـووە چونکـە تەوژمـی دڵفراوانـی و دەسـتکراوەیی کـە ئـەم بەرهەمـەی لێکەوتـەوە، هـەر لـە سـەرەتادا بەسـەر ژیانمـدا ڕژابـوو. گومانـم لـەوە نییـە کـە ئـەو ئەزموونـەی

---

a Tyndale House

لـه قوتابخانـەی (سـەمت درایـڤ گرەیـد)[a] لـە شـاری گرینڤیڵـی ویلایەتـی کارۆلینـای باشـور لـە ساڵانی ١٩٥٠ بـۆ زانکـۆی میونـخ لـە سـەرەتای سـاڵانی ١٩٧٠ بەدەسـتمهێنا، دواتـر ئـەرک و خزمەتـی وشـەی خـودا بـۆ مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵ لـە کڵێسـا بێتلەحـم ئـەوەی دروسـت کـردووە کـە لەنێـو ئـەم پەڕتووکەدایـە. ژیـان و زەحمـەت و ماندووبوونـی نووسـین لـە یەکـتر جـودا ناکرێتـەوە.

بـۆ ئـەو هەمـووە تەوژمـی دڵفراوانـی و دەسـتکراوەییە - نـاسراو و نەنـاسراو - کـە ڕژاوە بەسـەر ژیانمـدا، سوپاسـی عیسـا دەکـەم کـە منـی بەدیهێنـا و بانگـی کـردم و هەمـوو ڕۆژانـی ژیانمـی بەڕێـوە بـردووە، وەکـو چـۆن هەمـوو جیهـان و هەسـارە و ئەسـتێرەکانی ئـەم گەردوونـە بەڕێـوە دەبـات. نوێـژ و نـزا دەکـەم کـە ئـەم پەڕتووکـە ببێتـە مایـەی ناسـین و پەرسـتن و گوێڕایەڵبـوون لـە عیسـای مەسـیح وەکـو تاکـە ڕزگارکاری گوناهەکانمـان و تاکـە فەرمانڕەوایەکـی دەسـەڵاتدار بەسـەر هەمـوو جیهانـدا.

---

a Summit Drive Grace

# پێشنیارگەلێک سەبارەت بە شێوازی خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکە

پەڕتووکی گەورە بە گشتی دەمانترسێنێت، چونکە پێمان وایە کە دەبێت لەم سەریەوە دەست پێبکەین و هەتا ئەوسەری ڕانەوەستین و هیچ بەشێکی پشتگوێ نەخەین. من چاوەڕێی ئەو شتە لە زۆربەی خوێنەرانی ئەم بەرهەمە ناکەم. هەر چەندە ئومێدوارم هەندێک کەس هەمووی بخوێننەوە. ئەم پەڕتووکەم بە جۆرێک ڕێک خستووە کە بابەتەکانی سەرەتا یارمەتی خوێنەر دەدات کە بابەتەکانی دواتر تێبگەن. هەروەها جۆرێک لە بناغە و بەرەوپێشچوون و لووتکەی تێدایە. بەڵام بەشەکان هەندێک لە سەربەخۆییان پێوە دیارە کە زۆربەیان دەکرێت بە تەنها و سەربەخۆش بخوێنرێنەوە. ئەگەر بەشێک پشت بە بەشێکی دیکە ببەستێت، ئەوا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکەیت.

بۆیە بانگهێشتت دەکەم کە لە هەرکوێوە حەزت کرد، لەوێوە دەست بە خوێندەوەی بکە. پێویست ناکات یەکەم جار ناساندن بخوێنیتەوە. ئومێدوارم کە شێوازی لێکدان و پەیوەندیی نێوان فەرمان و داوکارییەکانی عیسا زیاتر لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکەت بیات.

هەوڵمداوە کە بەپێی توانا بەشەکان بە کورتی ڕابگرم، بۆ ئەوەی بە گشتی ئەو کەسانەی کە کاتیان کەمە، ڕۆژانە بتوانن بە یەک دانیشتن بەشێک بخوێننەوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە هەندێک بەش باسی هەمان داواکاریی دەکات بەڵام لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە. پێم باش بوو کە بابەتەکە لە چەندین بەشی کورتدا باس بکەم نەک ئەوەی لە یەک بەشی درێژدا هەمووی بخەمە بەر باس.

لەبەر ئەوەی کە ئەم پەڕتووکە تیشک دەخاتە سەر فەرمان و داواکارییەکانی عیسا، بۆیە ژیان و مردنی ئاماژەیەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. ئەگەر دەتەوێت بزانیت کە چەندە بەجوانی وێنەی ئەو دووانەم کێشاوە، ئەوا دەتوانیت ئەو دوو پەڕتووکە کورتەی دیکەم بخوێنیتەوە کە تێیاندا بەوردی باسی مردن و هەستانەوەی مەسیحم کردووە: بینین و چەشتنی عیسای مەسیح لەگەڵ پەنجا هۆکاری مردنی عیسا. بێگومان کەسانی دیکەش پەڕتووکی زۆر باشیان نووسیوە کە من دواتر ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم.

ئومێدوارم کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەدا، بەردەوام نوێژ و نزا بکەیت. تەنانەت ئەگەر تۆ لەسەر نوێژ ڕانەهاتووی، ئەوا داوا لە خودا بکە کە لەو هەڵانە بتپارێزێت کە من کردوومن و ڕاستییەکەت نیشان بدات. ئەوەی کە بەڕاستیی گرنگە ئەو کاریگەرییەیە کە خودا لە ژیانماندا لە ڕێگەی وشە نووسراوەکەیەوە بە ڕۆحی پیرۆزی دروستی دەکات.

لە کۆتاییدا نوێژ دەکەم کە عیسای زیندوو ئامانجی وشەکەی بەدیبێنێت کاتێک کە دەخوێنیتەوە: «ئەم شتانەم پێ گوتن تاکو خۆشی منتان تێدابێت و خۆشیتان پڕ و تەواو بێت» (یۆحەنا ١٥: ١١).

# ناساندن

## ئامانج و مەبەستی ئەم پەڕتووکە

ئامانجـی ئـەم پەڕتووکـە بریتییـە لـە گوێڕایەڵبـوون بـۆ عیسـا بـە جۆرێـک کـە شـکۆدارکردنی خـودای لێـی بکەوێتـەوە. بـۆ بەدیهاتنـی ئـەم ئامانجـە، مـن هـەوڵ دەدەم کـە گوێڕایەڵـی کۆتـا فەرمانـی عیسـا بـم: «هەمـوو نەتـەوەکان بکەنـە قوتابـی، ... فێریـان بکـەن بـا کار بکـەن بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ڕامسـپاردوون» (مەتـا ٢٨: ١٩- ٢٠). کۆتـا ڕاسـپاردەی عیسـا بریتـی بـوو لـە ڕاگەیانـدن و فێرکردنـی هەمـوو ڕاسـپاردە و فەرمانەکانـی.

### کۆتا فەرمانی مەحاڵ

لەڕاسـتیدا کۆتـا فەرمـان زۆر لـەوە وردتـر بـوو. عسـا نەیفەرمـوو: «هەمـوو ڕاسـپاردەکانی منیـان فێـر بکـەن». بەڵکـو فەرمـووی: «فێریـان بکـەن بـا کار بکـەن بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە مـن ڕامسـپاردوون». تـۆ دەتوانیـت هەمـوو ڕاسـپاردەکانی عیسـا فێـر تووتییـەک بکەیـت، بـەڵام ناتوانیـت فێـری بکەیـت کـە کار بـەو ڕاسـپاردانە بـکات. تووتـی تۆبـە نـاکات، عیسـا ناپەرسـتێت، گەنجینـە لـە ئاسـمان کـۆ ناکاتـەوە، وە دوژمنەکانـی خـۆش ناوێـت و وەکو مـەڕ بەنێـو گەلەگورگدا نـاڕوات تاکـو شانشـینی خـوا ڕابگەیەنێـت.

دەتوانیـت بـە ئاسـانی هەمـوو ئـەو شـتانە فێـری خەڵکـی بکەیـت کـە عیسـا فەرمانـی داوە، بـەڵام ئـەوەی کـە فێریـان بکەیـت کار بـەو فەرمانانـە بکـەن، کارێکـی مەحاڵـە. عیسـا وشـەی «مەحـاڵ»ی بەکارهێنـا. کاتێـک کـە دەوڵەمەندێـک نەیدەتوانـی دەسـتبەرداری مـاڵ و سامانەکەی بێـت و شـوێن عیسـا بکەوێـت، عیسـا فەرمـووی: «ئاسـانترە وشـترێک بـە کونـی دەرزییەکـەوە بچێـت لـەوەی دەوڵەمەندێـک بچێتـە نـاو شانشـینی خـوداوە.... لـەلای مـرۆڤ مەحاڵـە، بـەڵام لـەلای خـودا نـا، چونکـە لـەلای خـودا هەمـوو شـتێک دەبێـت» (مەرقـۆس ١٠: ٢٥- ٢٧).

کەواتـە ئـەو کەسـەی کـە بڕیـاری داوە گوێڕایەڵـی کۆتـا ڕاسـپاردەی عیسـا بێـت - بـۆ نموونـە، بـە پیاوێکـی دەوڵەمەنـد دەڵێـی کـە کار بـەم ڕاسـپاردەیە بـکات: «واز لـە هەمـوو شـتێک بهێنـە» (لۆقـا ١٤: ٣٣) - ئـەوا لەڕاسـتیدا هەوڵـی ئەنجامدانـی کارێکـی مەحـاڵ دەدات. بـەڵام وەکـو دەزانیـن عیسـا فەرمـووی کـە مەحـاڵ نییـە. «لـەلای خـودا هەمـوو شـتێک دەبێـت». بۆیـە گەورەتریـن ئاڵنـگار کـە لـە کاتـی نووسـینی ئـەم پەڕتووکـەدا ڕووبـەڕووم بـووەوە بریتـی بـوو لـە تێگەیشـتن و درک کـردن بـەوەی کـە چـۆن خـودا گوێڕایەڵییەکـی مەحـاڵ دەکاتـە نامەحـاڵ.

عیسـا فەرمـووی کـە ئـەم ئامانجـە مەحاڵـە لەڕێگـەی فێرکردنـەوە بەدیدێـت. «فێریـان بکـەن

با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون ... هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی»
بێگومان ئەم بابەتە لەوە قووڵترە کە دەیبینین - وەکو مردنی عیسا کە بووە کەفارەتی گوناهەکانی ئێمە (مەرقۆس ١٠: ٤٥)، ئەو کارەی کە ڕۆحی پیرۆز دەیکات (یۆحەنا ١٤: ٢٦) لەگەڵ نوێژ و نزا (مەتا ٦: ١٣). بەڵام لە کۆتاییدا عیسا تیشکی خستە سەر فێرکردن. من بەم جۆرە لەمە تێدەگەم: خودا بڕیاری داوە کە ئیش و کارە مەحاڵەکە لە ڕێگەی فێرکردنی تەواوی ڕاسپاردەکانی عیساوە ئەنجام بدات. بۆیە نوێژ دەکەم ئەم پەڕتووکە بەو چەشنە بێت؛ واتە فێرکردنێک کە خودا بەکاریبهێنێت بۆ ئەوەی باوەڕداران گوێڕایەڵی عیسا بن، هەر چەندە کارێکی مەحاڵیش بێت. وە هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا ببنە مایەی شکۆدارکردنی خودا.

## فێرکردن و گوێڕایەڵبوون کە خودا شکۆدار دەکەن

هۆکاری ئەوەی کە من پێداگری لەسەر شکۆی خودا دەکەم، ئەوەیە کە عیسا هەمان کاری کرد. عیسا فەرمووی: «با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە» (مەتا ٥: ١٦). کۆتا ئامانجی ڕاسپاردەکانی عیسا ئەوە نییە کە لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاری چاک و باشەوە بیانپارێزین و جێبەجێیان بکەین، بەڵکو کۆتا ئامانج ئەوەیە کە خودا شکۆدار بێت. گوێڕایەڵبوون پێش کۆتا ئامانجە، بەڵام کۆتا ئامانج ئەوەیە کە لەنێو ژیانە گوێڕایەڵەکەماندا خودا وەکو جوانترین ڕاستیی جیهان نیشان بدرێت. ئەوە کۆتا ئامانجی عیسا[a] و منیشە.

ئەمە یارمەتیم دەدات کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە: ئایا خوا ئامادەیە چ جۆرە فێرکردنێکی ڕاسپاردەکانی عیسا بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی گوێڕایەڵییەکی مەحاڵی لەو شێوەیە بەدیبێت؟ ئەگەر کۆتای ئامانجی گوێڕایەڵیبوون بریتی بێت لە شکۆدارکردنی خودا، ئەوا ڕێی تێدەچێت کە ئەو فێرکردنانەی خودا بەکاریاندێنێت ئەو جۆرانە بێت کە تیشک دەخەنە سەر شکۆدارکردنی ئەو. بۆیە مەبەستی من ئەوە بووە کە جوانی پڕ بایەخ و بەهاداری خودا لەنێو تەواوی کتێبەکەدا بپارێزم.

## پاراستن و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان کە پەیوەستن بە کەسایەتی و کارەکانی عیسا

کەواتە چۆن دەتوانین بەپێی پێویست جوانیی خودا لەنێو ڕاسپاردە و فەرمانەکانی عیسادا بپارێزین؟ لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ واتا و هاندەری ڕاسپاردەکان بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی و کارەکانی عیسا. کەسایەتی و کارەکانی عیسا ئامرازێکی سەرەکین کە خودا بە هۆیانەوە خۆی لەم جیهانەدا شکۆدار کردووە. هیچ ئاشکراکردنێکی شکۆی خودا لەوە گەورەتر نییە. عیسا فەرمووی: «ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە» (یۆحەنا ١٤: ٩). کەواتە

---

a بڕوانە داواکاری چل و حەوتەم

عیسا دەرکەوتنی شکۆی خودایە. بینینی عیسا بەو جۆرەی کە هەیە، واتە بینینی جوانی بێ ئەندازە بەهاداری خودا. هەروەها عیسا لە کاتی نوێژدا فەرمووی: «من لەسەر زەوی شکۆدارم کردیت بە تەواوکردنی ئەو کارەی پێت دابووم» (یۆحەنا ١٧: ٤). کەواتە کارەکانی عیسا دەرکەوتنی شکۆی خودایە. کاتێک کە ئیش و کارەکانی و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارانەمان بینی، ئەو کات مەزنی و گەورەیی خودا دەبینین.

هەر بۆیە ئامانجی من بریتی بووە لە پشکنینی واتا و هاندەری ڕاسپاردەکانی عیسا بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی و کارەکانی عیسا. ئەوەی کە بەردەوام سەرهەڵدەدات ئەوەیە کە ڕاسپاردە و فەرمانەکانی عیسا ئەو ژیانەیە کە بەها و نرخی کەسایەتی و کاریگەری ئیش و کارەکانی نیشان دەدات. خواست و مەبەستی عیسا ئەوەیە کە ڕاسپاردەکانی لە کەسایەتی و ئیش و کارەکانی دانەبڕین.

بۆیە دەبێت بەلامانەوە سەیر نەبێت کە کۆتا و گرنگترین ڕاسپاردەی عیسا بریتی بوو لەوەی کە هەموو نەتەوەکان فێر بکەین تاکو کار بە ڕاسپاردەکانی بکەن. ئەمە بەرەو کۆتا ئامانجی عیسامان دەبات. کاتێک گوێڕایەڵبوون بۆ ڕاسپاردەکانی دێتە دی، ئەوەی کە جیهان دەیبینێت بریتی دەبێت لە بەرهەمی کاری شکۆدار و بەها و نرخی کەسایەتییە شکۆدارەکەی عیسا. بە واتایەکی دیکە، شکۆی خود دەبینن. عیسا لەبەر ئەمە هات و هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەرکەکەی هەتا کاتی گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی بەردەوام دەبێت.

## نەخشێکی کەسایەتی و ئیش و کاری عیسا

بۆ ئەوەی بزانین دواتر لەم پەڕتووکەدا چی دەبینین، دەبێت لێرەدا ئاماژە بە نەخشێکی زۆر کورتی عیسا و کارەکانی بکرێت تاکو هەر لە سەرەتاوە ڕاسپاردەکان لەسەر بناغەی دروستی خۆیان دابنرێن. خودا عیسای ناردە ئەم جیهانە؛ ئەو مەسیحی جولەکەکان بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی هاتنیان دەکرد. کاتێک کە عیسا دەربارەی ناسنامەی خۆی لە قوتابییەکانی پرسی، پەترۆس گوتی: «تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای زیندوو». عیساش لە وەڵامدا فەرمووی: «شیمۆنی کوڕی یۆنا، خۆزگەت پێ دەخوازرێت، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە» (مەتا ١٦: ١٦- ١٧).

کاتێک عیسا دادگایی کرا، تۆمەتی ئەوە درایە پاڵی کە کفری کردووە و ناپاکی بەرامبەر قەیسەر کردووە، چونکە بانگەشەی مەسیحبوونی کردووە، هەروەها فەرموویەتی کە پاشای ئیسرائیلە و کوڕی خودایە. سەرۆک کاهینی جولەکە لێی پرسی: «ئایا تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودای پیرۆز؟» عیساش فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن کوڕی مرۆڤ لە دەستەڕاستی خودای توانادار دادەنیشێت و بەسەر هەوری ئاسمانەوە دێتەوە» (مەرقۆس ١٤: ٦١- ٦٢).

## بۆچی عیسا نازناوی کوڕی مرۆڤی بەدڵ بوو

هەر چەندە عیسا ڕایگەیاند کە ئەو مەسیحە و کوڕی خودایە بەڵام نازناوی کوڕی مرۆڤی بەلاوە لە هەموو نازناوەکانی دیکە بەلاوە پەسەندتر بوو. لە لایەکەوە ئەم نازناوە بە ڕوونی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە عیسا بەڕاستی مرۆڤ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەلایەن دانیالەوە بەکارهاتووە، بە شیمانەیەکی زۆر بانگەشەیەکی زۆر بەهێز لە دەسەڵاتی جیهانی و گەردوونییە.

«لە بینینەکەی شەودا تەماشام کرد، بەسەر هەوری ئاسمانەوە یەکێکی وەک کوڕی مرۆڤ بوو هات، گەیشتە لای خودای جاویدانی و بردیانە بەردەمی. ئینجا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا، بۆ ئەوەی هەموو گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان بیپەرستن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە کە بەسەرناچێت، پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت.» (دانیال ٧: ١٣- ١٤)

هۆکاری ئەوەی کە عیسا نازناوی کوڕی مرۆڤی بۆ خۆی هەڵبژارد ئەوە بوو کە دەستەواژەی مەسیح و کوڕی خودا پڕ بوو لە نمایشی بەناوبانگ سیاسیی. بەو شێوەیە واتایەکی هەڵەیان لەبارەی مەسیحبوونیەوە دەدایە دەست. ئەو کات دەکرا زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ئەو بۆچوونە باوەی ئەو سەردەمەدا بگونجابا کە دەیانگوت مەسیح ئیمپراتۆریەتی ڕۆما داگیر دەکات و ئیسرائیل ڕزگار دەکات، پاشان شانشینێکی زەمینی دادەمەزرێنێت. بەڵام عیسا لە ڕێگەی ناساندنی خۆی وەکو مەسیحی ڕاستەقینە دەبوا ئەم شەپۆلە سیاسییانە ئاراستە بکات، تەنانەت کوڕی ڕۆحیی خودا کە دەسەڵاتی بەسەر گەردووندا هەیە، بەڵام هاوکات دەبوا ئەو بۆچوونە بەربڵاو و باوەشی ڕاست بکردایەتەوە کە گوایە مەسیح ئازار ناچێژێت بەڵکو یەکسەر حوکمڕانی دەکات.

دەستەواژەی کوڕی مرۆڤ لەم لایەنەوە سوودێکی زۆری هەبوو، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە بانگەشەیەکی بەرز و بڵندی لەخۆ دەگرت بۆ ئەوانەی کە بەلایانەوە گرنگ بوو، هەروەها بە ڕووکار بانگەشەی دەسەڵاتی سیاسیشی نەدەکرد. عیسا لەژێر ئەم لەقەبە دڵخوازەدا (هەر چەندە ئەوانی دیکەشی ڕەت نەدەکردەوە)، عیسا توانی بانگەشەی ئەوە بکات کە شانشینی مەسیحی خودا کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی دەکەن، هاتبووە نێو خزمەتەکەیەوە.[a]

## شانشینی خودا هاتبووە نێو مێژووەوە

گەلی جولەکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە مەسیح بێت و شانشینی خودا لەگەڵ

---

a ئەگەر دەتەوێت لە ١٢ لاپەڕەدا بەجوانی لە بابەتی لەقەبی عیسا لەنێو ئینجیلدا تیبگەیت، ئەوا بڕوانە ئەم پەڕتووکە:
Craig L. Blomberg, Jesus and the Gospels (Nashville: Broadman & Holman, 1997), 401-412

خـۆی بهێنێـت. شانشـینەکە واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە دوژمنەکانـی ئیسرائیل شکسـت دەخۆن، گونـاه دەسـڕدرێتەوە، نەخۆشـەکان چـاک دەبنـەوە، مـردوو زینـدوو دەبێتـەوە، وە ڕاستودروسـتی و دڵخۆشـی و ئاشـتی تـەواوی زەوی دادەپۆشـێت لـە کاتێکـدا عیسـا لەسـەر تەختـی پاشـایی دادەنیشـێت. عیسـا هاتـە سـەر زەوی و فەرمـووی: «کاتەکـە هاتووەتـە دی و پاشـایەتی خـودا نزیـک بووەتـەوە، بۆیـە تۆبـە بکـەن، بـاوەڕ بـەم مزگێنییـە بهێنـن» (مەرقـۆس ١: ١٥). لێـرەدا عیسـا مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە لەنێـو کار و خزمەتەکـەی خۆیـدا، حوکمـی خـودا گەیشـتووە کـە ئـازادی و ڕزگاریـی دێنێتـە کایـەوە. «ئەگـەر مـن بـە پەنجـەی خـودا ڕۆحـی پیـس دەربکـەم، ئـەوا پاشـایەتی خـودا هاتووەتـە سـەرتان ... پاشـایەتی خـودا لـە نێوتاندایـە» (لۆقـا ١١: ٢٠؛ ١٧: ٢١).

بـەڵام ڕەمـز و نهێنییـەک هەبـوو. عیسـا پێـی دەگـوت «نهێنـی شانشـینی خـودا» (مەرقـۆس ٤: ١١). نهێنییەکـە ئـەوە بـوو کـە شانشـینی خـودا پێشـوەخت لـە خاڵێکـی مێـژوودا هاتبـوو پێـش ئـەوەی لـە کۆتاییـدا بـە سـەرکەوتوویی دەربکەوێـت. کارەکـە ئەنجـام درابـوو، بـەڵام هێشـتا دەرەنجـام و ئـاکام دیـار نەبـوو.[a] شانشـینەکە بـە دوو قۆنـاغ دادەمەزرێـت. لـە قۆناغـی یەکەمـدا، مەسـیح دێـت و ئـازار دەچێژێـت، وە لـە قۆناغـی دووەمـدا مەسـیح بـە شـکۆوە دێـت (لۆقـا ٢٤: ٤٦؛ مەرقـۆس ١٤: ٦٢).

## عیسا هات بۆ ئەوەی خزمەت بکات و لەپێناو گوناهدا بمرێت و زیندوو ببێتەوە

ئەرکـی سـەرەکی عیسـا لـە یەکـەم هاتنـی بـۆ سـەر زەوی بریتـی بـوو لـە ئازارچەشـتن و مـردن لەپێنـاو لێخۆشـبوونی گوناهـەکان. عیسـا فەرمـووی: «کـوڕی مرۆڤیـش نەهاتـووە تاکـو خزمـەت بکرێـت، بەڵکـو خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر» (مەرقـۆس ١٠: ٤٥). وە لـە کۆتـا خوانـی لەگـەڵ قوتابییەکانیـدا، جامەکـەی هەڵگـرت و فەرمـووی: «ئەمـە خوێنـی منـە، خوێنـی پەیمانەکەیـە کـە لـە پێنـاوی خەڵکێکـی زۆر بـۆ گونـاه بەخشـین دەڕژێـت» (مەتـا ٢٦: ٢٨).

مـردن تاکـە ئەرکـی عیسـا نەبـوو، بەڵکـو سـەرەکیترین ئەرکـی بـوو. لـە ڕێگـەی ڕشـتنی خوێنیـەوە، بەڵێنەکانـی پەیمانـی نوێـی کڕییـەوە. پەیمانـی نـوێ بەڵێنـی خـودا بـوو بـۆ هەمـوو ئەوانـەی دەچنـە نێـو ئـەو شانشـینەی کـە لـە داهاتـوودا دێـت، گوناهەکانیـان دەبەخشرێـت، وە شـەریعەت لەسـەر دڵیـان دەنووسرێـت و بـە شـێوەیەکی کەسـیی خـودا دەناسـن (یەرمیـا ٣١: ٣١-٣٤). بەرەکەتەکانـی ئـەم پەیمانـە نوێیـە زۆر گرنگـن بـۆ تواناداركردنـی ئێمـە لـە جێبەجێکردنـی ڕاسـپاردە و فەرمانەکانـی عیسـا، کـە وا دەکات مردنەکـەی عیسـا گرنگییەکـی زۆری هەبێـت لـە

a بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شانشینی خودا لە ئەرک و خزمەتی عیسادا، بڕوانە ئەم پەڕتووکە:
(George Ladd, *The Presence of the Future* (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1974

جێبەجێکردنـی ئـەو گوێڕایەڵییـە مەحاڵـەی کـە داوای دەکات.

بـەڵام ئەرکەکـەی زۆر شـتی دیکەشـی لەخـۆ دەگـرت. کاتێک کـە یەحیـا لەئاوهەڵکێـش بەلایەوە جێگـەی پرسـیار بـوو ئاخـۆ عیسـا بەڕاسـتی مەسـیحە، لـە زیندانـەوە پەیامـی بـۆ نـارد: «ئایـا تـۆی ئـەوەی کـە دێـت، یـان چاوەڕێـی یەکێکـی دیکـە بکەیـن؟ عیسـاش لـە وەڵامـدا پێـی فەرمـوون: بـڕۆن، ئـەوەی دەیبیسـتن و دەیبینـن بـە یەحیـای ڕابگەیەنـن: کوێـر دەبینێـت، شـەل دەڕوات، گەڕوگـول پـاک دەبێتـەوە، کـەڕ دەبیسـتێت، مـردوو هەڵدەسـتێتەوە و هـەژار مزگێنـی پێدەدرێت. خۆزگـە دەخـوازرێ بـەوەی گومانـم لـێ نـاکات» (مەتـا ١١: ٣- ٦). بـە واتایەکـی دیکـە: «تـەواوی چاککردنـەوە وتاردانەکانـی مـن دەرخـەری مەسـیحبوونی منـن، بـەڵام پێتـان ناخـۆش نەبێـت کـە چاوەڕوانییـە سیاسـییەکان سـەبارەت بـە حوکمڕانـی زەمینـی جێبەجـێ ناکـەم. مـن ئـەوەم کـە دێـت، بـەڵام ئەرکـە سـەرەکییەکەم (لـەم یەکـەم هاتنـەدا) بریتییـە لـە سـزا چەشـتن- ژیانـی خـۆی بەخـت کـرد لەپێنـاو کڕینـەوەی زۆر کـەس.»

کاتێـک ئەرکەکـەی عیسـا جێبەجـێ کـرا و سـێ ڕۆژ لـە گـۆڕدا مایـەوە، زینـدوو بـووەوە. ئەمـە پـلان و بەرنامـەی خـودا بـوو و ئەوپـەڕی دەسـەڵاتی بەسـەر مردنـدا نیشـان دەدا. «کـەس لـە منی ناسـتێنێ، بەڵکـو خـۆم دایدەنێـم. دەسـەڵاتم هەیـە دایبنێـم و دەسـەڵاتم هەیـە بیبەمـەوە. ئـەم ڕاسـپاردەیەم لـە باوکمـەوە وەرگرتـووە» (یۆحەنـا ١٠: ١٨). کاتێـک کـە زینـدوو کرایـەوە، چەندیـن جـار بـۆ قوتابییەکانـی دەرکـەوت و بەڵگـەی زیندووبوونـەوەی جەسـتەیی پێـدان (لۆقـا ٢٤: ٣٩- ٤٣). نـووسراوە پیرۆزەکانـی بـۆ قوتابییەکانـی ڕوون کـردەوە، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن جێبەجێبوونـی پەیمانەکانـی خـودا باشـتر ببینـن (لۆقـا ٢٤: ٣٢، ٤٥). پاشـان ڕایپسـاردن کـە ببنـە شـایەت بـۆی و ڕێنمایـی پێـدان کـە چاوەڕێـی ڕۆحـی پیـرۆزی بەڵێنـدراو بـن، ئینجـا بـەرز کرایـەوە بـۆ ئاسـمان (لۆقـا ٢٤: ٤٦- ٥١).

## گوێڕایەڵبوون بەرهەمی کاری عیسا و دەرخەری شکۆمەندییەکەیەتی

عیسـا بـە پشتبەسـتن بـە کەسایەتی و دەسـتکەوتەکانی، داوکارییەکانـی پێشـکەش کـرد. ناکرێـت داوکارییەکانـی لـە کەسـایەتی و کارەکانـی عیسـا داببڕیـن. ئـەو گوێڕایەڵییـەی کـە داوای دەکات بەرهەمـی کاری کڕینـەوە و نیشـاندانی شـکۆمەندییە کەسـییەکەیەتی. لەبـەر ئـەوە هـات – بـۆ دروسـتکردنی گەلێـک کـە بـە بەخشـینی بەرهـەم بـە شانشـینەکەی فەرمانڕەوایـی و حوکمـە پـڕ لـە بەزەیـی و میهرەبانییەکـەی شـکۆدار دەکـەن (مەتـا ٢١: ٤٣).

کاتێـک کـە عیسـا فەرمـووی: «کـوڕی مـرۆڤ هاتـووە بـەدوای لەناوچووانـدا بگەڕێـت و ڕزگاریـان بـکات» (لۆقا ١٩: ١٠)، باسـی زەکای دەکـرد کـە تازەیـی بـە جۆرێـک گـۆڕابـوو کـە نیـوەی مـاڵ و سـامانەکەی بـە هـەژاران بەخشـی (لۆقـا ١٩: ٨). بـە واتایەکـی دیکـە، کـوڕی مـرۆڤ هاتـووە بـۆ

ئـەوەی مرۆڤـەکان لـە خۆشەویسـتی خۆکوژانەیـان بـۆ مـاڵ و سـامان و پـارە (یـان هــەر بتێکـی دیکـە) ڕزگار بـکات، وە بـەرەو گوێڕایەڵییەکـی مەحاڵـی ئەوتۆیـان ببـات کـە ئەوپـەڕی نـرخ و بەهـای عیسـا دەردەخـات. هـەر بۆیـە مـن لـەم پەڕتووکـەدا هەوڵمـداوە کـە واتـا و هانـدەری ڕاسـپاردەکانی عیسـا و مەزنیـی کارەکانـی و شـکۆمەندیی کەسـیی خـۆی کـۆ بکەمـەوە و لەیەکیـان بـدەم.

## چەند وشەیەک لەبارەی شێواز و مێتۆدەوە

لـە بەشـی «چەنـد وشـەیەک بـۆ زانـا و شـارەزایانی کتێبـی پیـرۆز» وردەکاری زیاتـر لەبـارەی شێوازناسـییەوە دەخەمـە ڕوو (کـە پێشـنیار دەکـەم هەمـوو کەسـێک بیخوێنێتـەوە!)، بـەڵام خـراپ نابێـت ئەگـەر لـەم کاتـەدا هەندێـک ڕێنمایـی هـەرە گرنـگ بخەمـە بەردەسـتان کـە بڕیـارم لەسـەر داون. شـێواز و مێتـۆدی مـن بریتییـە لـە ڕامـان و وردبوونـەوە لـە واتـا و هانـدەری داوکارییەکانـی عیسـا کـە لـە ئینجیلـی پەیمانـی نوێـدا هاتـوون بـە لەربەچاوگرتنـی کەسـایەتی و کارەکانـی عیسـا. بـۆ تێگەیشـتنم لـە عیسـا بەپێـی ئـەوەی کـە لـە ئینجیلەکانـدا هاتـووە، دەقەکانـی دیکـەی پەیمانـی نـوێ بەکارناهێنـم. هێنانـەوەی ئایـەت و دەقەکانـی دیکـەی پەیمانـی نـوێ کارێکـی زۆر ئاسـایی و دروسـتە، وە لـە کاتـی وتـاردان و فێرکردنـدا دەسـت ناپارێـزم لـە هێنانـەوەی ئایـەت بـە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی زیاتـر جـا لـە هـەر شـوێنێکی کتێبـی پیـرۆز بێـت، بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەک واتـای هیـچ کام لـە دەقـەکان ناگـۆڕم. بـەڵام لـەم پەڕتووکـەدا بـۆ تێگەیشـتن لـە عیسـا بەتـەواوی پشـتمان بـە وتـە و فەرمانیشـتەکانی خـۆی لـە چـوار ئینجیلەکـەدا (مەتـا، مەرقـۆس، لۆقـا، یۆحەنـا) بەسـتووە. یەکێـک لـە ئامانجەکانـم لـە بەکارهێنانـی ئـەم شـێوازەدا ئەوەیـە کـە دڵنەوایـی تـەواو نیشـان بـدەم لـە یەکێتـی و یەکبوونـی پەیمانـی نـوێ، چونکـە دەرەنجـام و ئاکامـی ئـەم وێنەیـە بەتـەواوی هاوتایـە لەگـەڵ ئـەو شـتانەی کـە نووسـەرانی دیکـەی پەیمانـی نـوێ باسـیان کـردووە.

## بۆچی ناونیشانێکی لەم چەشنەم بۆ ئەم پەڕتووکە هەڵبژارد؟

چەنـد وشـەیەک لەسـەر ناونیشـانی داواکاریـی عیسـا لـە جیهـان. مـن ئـاگاداری ئـەوە هـەم کـە زۆر کـەس لـەم سـەردەمەدا وشـەی «داوکاری» بەلایانـەوە جـوان و خـۆش نییـە و هەسـت دەکەیـت وشـەیەکی تونـد، سـەخت، ڕێـک، وشـک، تـاڵ و ئازاربەخـە. مـن بـە تایبەتـی ئـەم ناونیشـانەم هەڵبـژارد بـۆ ئـەوەی ڕووبـەڕووی هەندێـک لـەو هـۆکارە دیاریکراوانـە ببمـەوە کـە بۆچـی گونجـاو نییـە عیسـا وەکـو کەسـێکی خـاوەن داوکاری و بەئـەرک ببینیـن. بیروبـاوەڕی مـن ئەوهایـە کـە ئەگـەر بـە دروسـتی لـە داوکارییەکانـی عیسـا تێبگەیـن، وە ئەگـەر ئامادەیـی ئەوەمـان تێـدا بێـت کـە گەورەتریـن خۆشـی و دڵشـادیی خۆمـان لـە عیسـادا بدۆزینـەوە، ئـەوا داوکارییەکانـی تونـد و وشـک نایەنـە پێـش چـاو بەڵکـو شـیرین دەبـن. وە داواکارییەکانـی عیسـا بـەو جـۆرە وەردەگریـن کـە گیانـەوەرە دڕنـدەکان داوکارییەکانـی خانمەکەیـان وەرگـرت لـە

ڕۆمانی (پێرێلاندرا)ی نووسەری بەناوبانگ (سی. ئێس. لویس): «دڕندەکان پێیان ناخۆش نییە ئەگەر پێیان بڵێم لەسەر بیروهزریان بڕۆن. ڕۆیشتن لەسەر بیروهزریان دەبێتە مایەی دڵخۆشییان. من دڕندەی ئەوم، هەموو داوکارییەکانی مایەی خۆشی و دڵشادین.»[a]

بەڵام خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕووکەشانە بیر دەکەینەوە، ئەگەر پێمان وا بێت کە عیسا زۆر جار قسەی توند و وشکی نەکردووە. عیسا تەنها بەرامبەر ناحەزان و مامۆستایانی شەریعەت و فەریسییەکان قسەی توندی نەکردووە - بۆ نموونە، لە (مەتا ٢٣) بە کوڕانی دۆزەخ ناویان دەهێنێت (ئایەتی ١٥)، «کوێر و گێلینە» (ئایەتی ١٧)، «ڕابەرە کوێرەکان (ئایەتی ١٦، ٢٤)، «دووڕووان» (ئایەتی ٢٧)، «گۆڕی سپیکراو» (ئایەتی ٢٧)، وە «بێچووە ماران (ئایەتی ٣٣). بەڵکو بەرامبەر قوتابییەکانیشی ناوبەناو قسەی وشک و توندی کردووە. بۆ نموونە، دەفەرموێت: «جا ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان ...» (مەتا ٧: ١١)؛ وە بە پەترۆسی فەرموو: «لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! تۆ بیر لە شتە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە» (مەرقۆس ٨: ٣٣)؛ وە دیسان بە پەترۆس دەفەرموێت کاتێک کە باسی چارەنووسی یۆحەنا دەکات: «بە تۆ چی؟ تۆ دوام بکەوە» (یۆحەنا ٢١: ٢٢).

وە دوای فێرکردنێکی وشک و تاڵ لە (یۆحەنا ٦) «ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە ژیانی هەتاهەتایی هەیە، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە» (ئایەتی ٥٤)، یۆحەنا دەڵێت: «کاتێک زۆرێک لە قوتابییەکان گوێیان لەو فەرمایشتەی عیسا بوو، گوتیان: ئەم قسەیە گرانە! کێ دەتوانێت وەریبگرێت؟ ... لەو کاتە بەولاوە زۆرێک لە قوتابییەکانی گەڕانەوە و ئیتر لەگەڵی نەدەگەڕان» (ئایەتی ٦٠، ٦٦). ئەوەش باجی شێوازی قسەکردنی عیسا بوو. ئامانجی من بریتی نییە لە تیژکردنەوەی دەرەنجام و ئاکامەکانی وشەی «داوکاریی» یان مەبەستم ئەوە نییە کە وتە و فەرمایشتە «وشک و توندەکانی» عیسا نەرم بکەمەوە؛ بەڵکو ئامانجی من ئەوەیە کە بە ئاستێک لەنێو دڵ و تێگەیشتنماندا بگۆڕدرێین کە پێمان وا بێت عیسای توند و وشک بە هەمان ئەندازەی عیسای نەرم و میهرەبان شیرینە.

## دەسەڵات و دۆستایەتی لە کۆتا ئەرکدا

ئەوە ئامانجی منە. دەتوانیت هەست بەوە بکەیت کە توندی و میهرەبانی لە کۆتا فەرمانی عیسا سەبارەت بە بەقوتابیکردن یەکیان گرتووە. لە لایەکەوە عیسا دەفەرموێت: «هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون» (مەتا ٢٨: ١٨). لە لایەکی دیکەشەوە دەفەرموێت: «دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان» (مەتا ٢٨: ٢٠). لە یەکەم

---

C. S. Lewis, *Perelandra* (London: Macmillan, 1973), 76 a

ئایەتدا دەفەرموێت: «من فەرمانت پێدەدەم، چونکە مافی ئەوەم هەیە. گەردوون لەژێر دەسەڵاتی مندایە». لەوەکەی دیکەشدا دەفەرموێت: «من داوکاریتان پێ دەدەم، چونکە خۆم یارمەتیتان دەدەم. بۆ هەتاهەتایە لەگەڵتان دەبم».

هەوڵم داوە کە بەشەکانی پەڕتووکەکە بە جۆرێک ڕێک بخەم کە خوێنەر لە بەشی کورت و داوکاری نەرمتری عیساوە بەرەو داوکاری سەختر (بەڵام بە هەمان ئەندازە بەهادار) ببەم. بێگومان ئەمە تەنها پەیوەندی بە شێواز و فەن و تاکتیکەوە نییە، بەڵکو بەم جۆرە لەڕووی لاهوتییەوە باشتر دەگونجێت. زۆبەی نۆزدە داوکارییەکەی سەرەتا، داوای کاری دەرەکی ناکەن، بەڵکو لە بنەڕەتدا پەیوەستن بەوەی کە لەنێو دڵ و مێشکدا دەگوزەرێت. ئەم داواکارییانەم لە سەرەتاوە داناون، چونکە ئەو جۆرە گوێڕایەڵییەی کە عیسا داوای دەکات لە دەروونەوە (لێرەدا نرخ و بەهای عیسا دەچێژرێت)سەرچاوە دەگرێت و پاشان بۆ دەرەوە (لێرەدا نرخ و بەهای عیسا نیشان دەدرێت و دەردەخرێت)دەڕوات.

حەوت داواکاری سەرەتای ئەو بەشانە ئەمانەن: «دەبێت لەدایک ببیتەوە، تۆبە بکە، وەرە بۆ لای من، باوەڕم پێ بکە، منت خۆش بوێت، گوێم لێ بگرە، بە منەوە پەیوەست بە». ئەگەر ئەم داواکارییانە بەڕاستی وەکو خۆیان چاو لێ بکرێن، ئەوا دەسەڵاتی ڕەهای عیسا دەکەن بە سندووقێکی گەنجینەی خۆشی و دڵشادیی پیرۆز. کاتێک کە شکۆدارترین کەسی جیهان هەموو قەرزەکانی من دەداتەوە (مەتا ٢٠: ٢٨)، ئینجا داوام لێدەکات کە لەگەڵی بژیم و لە خۆشی و دڵشادی ئەودا بەشداری بکەم (مەتا ٢٥: ٢١)، ئەوا چیتر ناکرێت بیر لە داواکاریی قازانجویست بکرێتەوە. لە بەرامبەر کەسێکی لەو چەشنە منیش لەگەڵ (ئۆگەستین)دا دەڵێم: «هەر فەرمانێک کە ئارەزووی دەکەیت بفەرموو، بەڵام ئەوەم پێ ببەخشە کە فەرمان دەدەیت».[a]

## ئایا عیسا بوێریی ئەوەی هەیە کە داوا لە هەموو جیهان بکات؟

وشەیەکی دیکە لە ناونیشانەکەدا کە گرنگییەکی زۆری هەیە، بریتییە لە «جیهان» – عیسا داوای چی لە جیهان دەکات. لێردا دوو بابەت سەرهەڵدەدەن: یەکەم ئەمەیە: ئایا داوای لە هەموو جیهان کرد؟ ئەوەکەی دیکەش: ئایا بوێریی ئەوەی هەبوو کە داوا لە هەموو جیهان بکات؟

لەوانەیە کەسێک پرسیار بکات و بڵێت: «ئایا عیسا هەموو ئەم داوایانەی لە جیهان هەیە؟ یان تەنها داوای لە قوتابییەکانی کرد؟» وەڵامەکە ئەمەیە: ئەو داوایانەی کە لە قوتابییەکانی هەبوو، بۆ هەموو جیهانیشە چونکە داوای کردووە کە هەموو کەسێک لە هەموو شوێنێکدا

(Augustine, *Confessions*, trans. R. S. Pine-Coffin (New York: Penguin, 1961), 40 X, xxix) a

بنە قوتابی ئەو. ئەوە مەبەستی کۆتا فەرمانی بوو: «کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون» (مەتا ٢٨: ١٩- ٢٠). عیسا بوێری ئەوەی هەبوو کە داوا لە «هەموو نەتەوەکان» بکات – هەموو گروپێکی نەژادی و ئەتنیکی لەسەر زەوی.[a] هەموو نەتەوەکان بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە. عیسا خودایەکی خێڵەکی نییە. هەموو دەسەڵاتێکی ئەم جیهانە هی ئەوە، وە تەواوی بەدیهێنراوان دەبێت وەفا و دڵسۆزی خۆیان بۆی بسەلمێنن.

## به هەموو دەسەڵاتێکەوە بەرەوپێش بچن بەڵام بەبێ شمشێر

عیسا شوێنکەوتووانی نەنارد کە بە زەبری شمشێ خەڵکی بکەنە قوتابی مەسیح. شانشینەکەی بە هێز و فشار نەهاتووە، بەڵکو بە ڕاستی و خۆشەویستی و قوربانی و هێزی خوداوە هاتووە. «پاشایەتی من لەم جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە بووایە، خزمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست ڕابەرانی جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە» (یۆحەنا ١٨: ٣٦). شوێنکەوتووانی عیسا بە کوشتن و بڕین شانشینەکەی بڵاو ناکانەوە، بەڵکو خۆیان دەمرن. «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت» (مەرقۆس ٨: ٣٤). «لێتان دەکوژن» (لۆقا ٢١: ١٦). نە تەنها شوێنکەوتووانی عیسا دەکوژن، بەڵکو بە ناوی ئایینەکەیانەوە ئەو کارە دەکەن. عیسا فەرمووی کاتەکە هاتووە، «ئەوەی دەتانکوژێت وادەزانێت خزمەتی خودا دەکات» (یۆحەنا ١٦: ٢).

عیسا هەموو هێز و دەسەڵاتێکی لە ئاسمان و زەوی هەیە، بەڵام لە ئێستادا دەسەڵاتەکەی ڕاگرتووە. هەمیشە بۆ ڕێگریکردن لە ئازارچەشتنی گەلەکەی بەکاریناهێنێت، هەرچەندە دەتوانێت وە هەندێک کاتیش بەکاریدێنێت. ئەو هەتا کۆتایی جیهان لەگەڵمانە، بەڵام هەمیشە بۆ ئەوە نییە کە لە ئازار و ناخۆشی ڕزگارمان بکات. عیسا بانگهێشتمان دەکات کە بە هەمان ڕێگای ئەودا بڕۆین. «ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە» (یۆحەنا ١٥: ٢٠). «ئەگەر خاوەن ماڵ بە بەعلزەبول ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی» (مەتا ١٠: ٢٥).

دەسەڵاتی جیهانی عیسا ئەرکی فێرکردن بەرهەم دێنێت نەک ئەرکی ترس و تۆقین. ئامانجی عیسا بریتییە لە گوێڕایەڵبوونی هەموو ئەوانەی کە فەرمانیان پێ دەکات، بە جۆرێک کە شکۆدارکردنی خودای لێ بکەوێتەوە. ئەم جۆرە گوێڕایەڵییە کە دەبێتە هۆی

---

a لە دوو بەشی کۆتایی ئەم پەڕتووکەدا، کاریگەری و گرنگی ئەم ئایەتەتان سەبارەت بە جیهان بۆ ڕوون دەکەمەوە هەروەها زیاتر تیشک دەخەمە سەر واتای دەستەواژەی «هەموو نەتەوەکان».

شـکۆداربوونی خـودا خۆڕاییـە و خۆشـی و دڵشـادی لەگەڵـە، نـەک ئەنجامدانـی کارێکـی زۆرەملێ و دەسـتبەئەژنۆ دانیشـتن. تەنانـەت کاتێـک کـە دەبێـت بـاج و بەهایەکـی زۆر بدەیـت، دڵخۆشـی و شـادی و سـەرکەوتن دەردەبڕیـت، چونکـە عیسـا شکسـت ناخـوات. «خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە کاتێـک خەڵکـی جنێوتـان پێـدەدەن و دەتانچەوسـێننەوە، لەبـەر مـن هەمـوو جـۆرە بوختانێکتـان بـۆ هەڵدەبەسـتن. دڵخـۆش و شـادمان بـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە، چونکـە پێـش ئێـوە پێغەمبەرانیشـیان ئـاوا چەوسـاندووەتەوە» (مەتـا ٥: ١١- ١٢). ئەرکێکـی پـڕ بەهایـە بـەڵام هـاوکات پـڕە لـە خۆشـی و شـادی.

نوێـژ و نـزا دەکـەم کـە ئـەم پەڕتووکـە خزمەتـی ئـەو ئەرکـە جیهانییـە بـکات کـە بریتییـە لـە « هەمـوو نەتـەوەکان بکەنـە قوتابـی ... فێریـان بکـەن بـا کار بکـەن بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ڕامسـپاردوون «. نوێـژ دەکـەم کـە زایەڵەیەکـی دڵسـۆزی عیسـا بـم کاتێـک کـە فەرمووی: «ئـەوەی ناردوومـی جێـی متمانەیـە، هەرچیـم لـەو بیسـتووە بـە جیهانـی دەڵێـم» (یۆحەنـا ٨: ٢٦).

# چەند وشەیەک بۆ زانا و شارەزایانی کتێبی پیرۆز

# (وە ئەوانەی کە دەیانەوێت بزانن خەریکی چین)

پێویست بە هەندێك ئەندێشە و خەیاڵ دەکات کە دەیبیستی شارەزایەکی کتێبی پیرۆز دەڵێت: «بۆ خاتری خودا، جان پایپەر بە تەواوی دوو سەد ساڵ گەڕان و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی سەبارەت بە عیسای مێژوویی[a] پشتگوێ دەخات!» لەو کاردانەوانە تێدەگەم. بەڵام ئەوە تەواو ڕاست نییە. «پشتگویخستن» وشە دروستەکە نییە. زۆر وردتر و دەقیقتر دەبێت ئەگەر بڵێین کە پێم وایە زۆربەی بەرهەمی ئەو گەڕان و لێکۆڵینەوەیە هیچ سوودێکی نییە و پشتی پێ نابەسترێ لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە عیسا دەیەوێت لە جیهاندا بیهێنێتە دی.

## گەڕان و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە عیسای مێژوویی چ بەرهەمێکی هەبووە؟

لەم لایەنەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ساڵی ١٩٣١ ز. بەملاوە نەهاتووەتە کایەوە کاتێک کە «ئێدوین هۆسکینس» و «نۆئێل داڤێی» گوتوویانە: :هیچ ‹ئاکام و دەرەنجامێکی جێی متمانە› سەبارەت بە ڕەخنەی پەیمانی نوێ لە ئارادا نییە».[b] ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە گەڕان و لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە عیسای مێژوویی بڕوانین، ئەوا بابەتەکە ئەوە نییە کە ناتوانین هیچ شتێکی دڵنیا و جێگە متمانە لەبارەی عیساوە بڵێین، بەڵکو هەوڵ و تەقەلا بۆ خۆلادان لە چوار ئینجیلەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بکەویتە نێو دەریایەک لە بیروبۆچوون کە لە کۆتاییدا ناگەیت بە هیچ دوورگەیەک و ناتوانیت بە وێنە و پۆرترێتی متمانەپێکراوی عیسا ناوزەدی بکەیت.[c]

---

a سەلماندنی بوونی عیسا بەپێی بەڵگەی مێژوویی.

b سێر ئێدوین هۆسکینس و نۆئێل داڤێی، مەتەڵی پەیمانی نوێ (لەندەن: فەیبەر و فەیبەر لیمیتید، ١٩٣١)، ٢٥٩.

c (بڕوانە ویدەرینگتنی سێیەم) ئەم دەرەنجامەی خوارەوەی لە دوو لێکۆڵینەوەی یەکەم هەڵێنجا: «دەرەنجامی دوو گەڕانی یەکەم، وەکو هەر شتێکی دیکە، بۆ ئاشکراکردنی سنووردارییە بێهیواکەرەکانی خوێندنێکی مێژوویی هەر کەسێکی دێرین بوو ... هیچ شتێک بە ئەندازەی فێرکردنەکانی ئەم دواییانەی پەیمانی نوێ کورت و کاتی نییە، بە خوێندن و لێکۆڵینەوە دەربارەی عیسای مێژووییشەوە. ئەمە بە ئاسانی درکی پێ دەکرێت کاتێک کە دەڕوانینە ئاراستە و کاریگەرییەکانی دووەم لیکۆڵینەوە سەبارەت بە عیسای مێژوویی، دەبینین کە لەنێو شتەکانی دیکەدا، عیسایەکی بوونگەراییمان پێدەدات. عیسای مێژوویی و ئەو عیسایەی کە دەکرێت بە مێتۆدی مێژوویی-ڕەخنەیی بنیات بنرێتەوە وا نییە و وەکو یەک نین. ئەگەر وردتر بین، ئەو عیسایەی کە بەپێی بەکارهێنانێکی کەسیی لە مێتۆدی مێژوویی-ڕەخنەیی بنیاتنراوەتەوە یان بەپێی کەمکردنەوەی سەرنج لە ڕێگەی باسکردنی چەند دەقێکی دیاریکراوەوە، تەنها پەیوەندییەکی زۆر کەمی لەگەڵ عیسای ڕاستەقینەدا هەیە». گەڕان و پشکنین دەربارەی عیسا:

شارەزا و زانایان سەبارەت بە عیسای مێژوویی باسی سێ گەڕان و لێکۆڵینەوە دەکەن. ڕیشەی یەکەم لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ (بێنێدیکت سپینۆزا ١٦٣٢ - ١٦٧٧)، ئینجا لە لایەن (هێرمن ڕەیمارەس ١٦٩٤ - ١٧٦٨) و (دەیڤد فریدریک ستراوس ١٨٠٨ - ١٨٧٤) و (ویلیام ڕید ١٨٥٩ - ١٩٠٦) لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دیکەدا پەرەی پێدرا. ئینجا بە دوو هێرشەکەی (ئالبێرت شوێتزەر ١٨٧٥ - ١٩٦٥) کە باوەڕی وا بوو ئەو لێکۆڵینەوەیە بەپێی پێویست ورد نییە، لەگەڵ (مارتین کاهلەر ١٨٣٥ - ١٩١٢) کە بە بۆچوونی ئەو عیسای مێژوویی بەو جۆرەی کە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە ڕێکخرابووەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە «عیسای مێژوویی کتێبی پیرۆز»ەوە نییە، هەر بۆیە هیچ سوودێکی بۆ باوەڕی کڵێسا نییە.[a]

دووەم لێکۆڵینەوە لەسەر عیسای مێژوویی لە ساڵی ١٩٥٣ لەسەر دەستی (ڕودۆڵف بولتمان و ئێرنست کازێمان) کە قوتابی زانکۆ بوون ئەنجام درا. ئەمانە کەسانێکی مەزنی ئەڵمانی بوون کە هەستم کرد دەبێت لەگەڵیاندا بگونجێم کاتێک کە لە ساڵانی ١٩٧٠ لە شاری میونخ سەرقاڵی خوێندنی باڵا بووم. مایەی سەرسامییە کە بولتمان و کازێمان هەتا تەمەنی ٩٢ ساڵی ژیان. بەڵام بولتمان لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠دا چیتر چالاک نەبوو وە لە ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کرد. کازمان لە ساڵانی شەستی تەمەنیدا بوو کە من لە ئەڵمان دەمخوێند، بەڵام تەنها یەک جار توانیم بۆ ماوەیەکی کورت لە سیمینارێکدا لە پاریس چاوم پێی بکەوێت. ئەو دووانە لەگەڵ (گونتەر بۆنکەم) پاسەوان و پارێزەرانی ڕەخنەی مێژوویی بوون کە دەبوا کاریگەرییەکەیانم لەبەرچاو بگرتبا جا ئیدی هەر وتەیەکی عیسام لە تێزی دکتۆراکەم لەسەر فەرمانە پڕ لە خۆشەویستییەکانی بەکاربهێنابا.

## ڕەگ و ڕیشەی بێهیوایی

ئاکام و دەرەنجامی ئەو ڕۆژگارەی کە لە ئەڵمان بووم، بێهیوایی لەگەڵ خۆی دەهێنا کاتێ کە دەمویست لە ڕێگەی مێژووەوە عیسایەکی مێژوویی لە پشت وێنە یەکگرتووەکەی عیسا کە لە ئینجیلەکانی پەیمانی نوێدا هەن، بنیات بنێمەوە. بابەتەکانی تایبەت بە شارەزا و زانایان بە بڕێکی باش و تەندروستی «لەوانەیە»، «پێدەچێت»، «دەکرێت»، و بەراوردە هەمەچەشنەکان دەستی پێدەکرد، بەڵام لە کۆتایی بابەتەکاندا متمانەیەک

---

سێیەم گەڕان بەدوای جووی ناسیرەدا (داونەرز گرۆڤەر، سێیەم.: ئینتەرڤارسیتی پرێس، ١٩٩٥)، ٢٤٧.

a هەموو نووسراوەکانی پەیوەست بەم نووسەرە و نووسەرانی دیکە لە دوو توێی پەڕتووکێکدا کۆکراوەتەوە:
W. Dawes *The Historical Jesus Quest: Landmarks in the Search for the Jesus of History*, ed. Gregory essays on the (Louisville: Westminster John Knox, 1999). Another helpful collection of historic James D. G. Dunn and .quests for the historical Jesus is *The Historical Jesus in Recent Research*, ed .(Lake, Ind: Eisenbrauns, 2005 Scot McKnight, *Sources for Biblical Theological Study*, Vol. 10 (Winona

هەڵدەتۆقی (هەستم دەکرد لەژێر زەوییەوە هەڵدەتۆقین) کە شتێکی جێگەمتمانە و بەسوود دۆزراوەتەوە. ئەوەندەی کە من لێی تێدەگەیشتم، مێشکە مەزنەکان کە خاوەنی ژیری و داناییەکی زۆر بوون، ماڵێکی پڕ لە کارتیان کۆکردبووەوە.

خراپ نییە کە تەمەنت شەست ساڵ بێت.[a] چەندین جار ڕووخانی ئەو کارتانەم بینیوە. کام لە ئێمە ئەمڕۆ دەتوانێت باسی بابەتی بنیاتنانەوەی عیسای مێژوویی لەلایەن (میلان ماچۆڤێک، عیسا بۆ بێباوەڕان، ١٩٧٢)، (ئێربێرت براون، عیسا، ١٩٦٩)، یان (کوورت نیدەرڤیمەر، عیسا، ١٩٦٨) بکات؟ بەڵام ئەمانە بنیاتنەرەوە هاوچەرخەکان بوون، کە بەپێی پێوەر و بنەماکانی ئەنجوومەن، من دەبوا بە مەرجەکانیان ڕازی بوومایە. دوو کەسی یەکەمیان دژی بۆچوونەکەی (بولتمان) وەستانەوە و گوتیان کە شانشینی خودا لە کار و خزمەتەکەی عیسادا بنیایەکی خەیاڵی بوو، کە لەوانەیە ئیتر لەم ڕۆژگارەدا بەکارینەهێنین، چونکە واتای سیاسی (ماچۆڤێک باوەڕی بە ڕێبازی مارکسیزم بوو) و بوونگەرایی عیسامان دۆزیوەتەوە. (نیدەرڤیمەر) بابەتەکەی قۆستەوە و بەو جۆرەی کە (بووک جاکێت) دەڵێت، «ئەنجامە یەکلاییکەرەوەکانی دەروونناسی قووڵ» بۆ دۆزینەوەی لە شانشینی خودا «بە تەنکردنی پرۆسەیەکی دەستەجەمعی هوشیاری». بە ئاکام و بەرهەمی لێکۆڵینەوەی دووەم سەرسام نەبووم. من شتی زۆر شکۆدارم لە عیسای نێو ئینجیلەکاندا دیتبوو، وە پشکنین و لێکۆڵینەوەکان پووش و پەڵاش و خۆڵەمێشی پێشکەش دەکردم. لە ماڵەوە بەسەر ئەم وشە جوانانەی (ئەدۆڵف شلاتەر)دا کەوتم کە بە بڕوای ئەو دانا و زانابوون دەبێت بەم شێوەیە بێت: من هەتا بتوانم خۆم لە کاری گوماناوی ئازاد دەکەم، و بەو هۆیەوە خۆم لادەدەم لە هەوڵ و تەقەلای ڕەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەیان. ئەمە لە کارێکی بەسوود ناچێت، چونکە خاوەن گومانەکان پێیان ناخۆش نییە کە بابەتی زۆرتر لە هەمان چەشن دروست بکەن. ئەوان لەناودەچن کاتێک کە کەسێک دەبینێت ڕامان و سەرنجدان سوودی لە گومان زۆرترە ... من بەم جۆرە پێناسەی دانایی دەکەم: ڕامان لەوەی کە بوونی هەیە، نەک هەوڵدان بۆ بینینی ئەوەی کە نادیارە. لەوانەیە کەسێک بڵێت کە کاری گوماناوی و ناتەواو خۆشە و دەتجوڵێنێت لە کاتێکدا ڕامان و سەرنجدان کارێکی سەخت و ناخۆشە. وایە، ڕاستە؛ یاریکردن لە ئیشکردن ئاسانترە. بەڵام بە هەڵە لە ئینجیل تێدەگەین، کاتێک کەسێک دەیکات بە یاری منداڵان.[b]

گەیشتبوومە ئەو باوەڕەی کە ژیان زۆر لەوە کورترە و کڵێساش زۆر لەوە بەهادارترە کە خزمەتکارێکی وشەی خودا ژیانی لە دووبارە بنیاتنانەوەی عیسایەکی ناڕوون و گوماناویدا

---

a نووسەر مەبەستی ئەوەیە کە هەتا تەمەنت درێژتر بێت ئەزموونت زۆرتر دەبێت و شتی زۆرترت بۆ دەردەکەوێت. وەرگێڕ

b Adolf Schlatter, Der Evangelist Matthäus, 6th ed. (Stuttgart: Calver Verlag, 1963), xi

بەسـەر ببـات. دەبـوا هەوڵێکـی زۆرم بدابـا کـە بـەو جـۆرە عیسـا ببینـم کـە خـودا لەنێـو ئینجیلەکانـی پەیمانـی نوێـدا وێنـەی کێشـاوە.

## چ ئومێد و هیوایەکمان بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی سێیەم هەیە؟

لێکۆڵینـەوەی سـێیەم دەربـارەی عیسـای مێژوویـی «لـە سـەرەتای سـاڵانی ١٩٨٠ ز. دەسـت پێـدەکات، کـە پشـتی بـە داتـا و زیانیـاری نوێـی شوێنەوارناسـی و دەستنووسـەکان دەبەسـت، هەروەهـا هەندێـک چاکسـازیی شێوازناسـی لەگـەڵ گەرموگوڕییەکـی نـوێ کـە لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی پێویسـتی بـەوە نەدەکـرد بگاتـە کۆتاییەکـی بـێ ئەنجـام».[a] وە ئـەوە هەتـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە و ئامارمـان هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە چـی دەگوزەرێـت.[b] (بێـن ویزەرینگـتن) دەڵێـت: «ئـارەزووی گوتنـی شـتێکی نـوێ و تـازە، هەتـا ڕادەیەکـی زۆر وەسـفی تـەواوی کاری (لێکۆڵینـەوەی سـێیەم) دەکات کـە لـەم خوێندنـەدا ڕامانـی لەسـەر دەکەیـن، هەندێـک کات بـە ڕادەیەکـە کـە نوێیەکـە هەڵدەبژێریـن لـە جێگـەی ئـەوەی کـە شـیاو و جێگـەی بـاوەڕە.»[c] هەڵسـەنگاندنی خـودی خـۆم لەسـەر ئـەوەی کـە دەگوزەرێـت ئەمەیـە: «بـە پشتبەسـتن بـە دووبـارە بنیاتنانـەوەی هاوچەرخـی عیسـای مێژوویـی، جیـاواز لـەو وێنەیـەی کـە لـە ئینجیلەکانـی پەیمانـی نوێـدا هەیـە، بـە هەمـان شـێوەی (ماچۆڤێـک و بـراون و نیدڤیمـەر) لەبیـر دەکرێـن.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک شت کە بریتین لە:

یەکـەم، هەرگیـز هیـچ وێنەیەکـی بڕواپێکـراو و هەمیشـەیی عیسـا لـە غیـاب و ئامادەنەبوونـی ئـەوەی کـە چـوار ئینجیلەکـە وێنـەی کێشـاوە، بنیـات نەنراوەتـەوە. هیـچ هۆکارێـک لـە ئـارادا نییـە کـە پێـم وابێـت ئەمـە گۆڕانـکاری بەسـەر دێـت. هۆکارەکـەی لەبەردەسـتمانە: کاتێـک کـە ئـەوەی بوونـی هەیـە و لەبەردەسـتە دەگۆڕێتـەوە بـەوەی کـە گومانـت لێـی هەیـە و دڵنیـا نیـت لەبارەیـەوە، ئـەوا کاری زانیـاری و دانایـی دەکەیـت بـە یاریـی ئەکادیمـی. ئـەوەی کـە هێـز و وزەکـە بـە یارییەکـە دەدات بریتییـە لـە کەلوپەلـی یاریکـردن. وە هەمـوو کەسـێک دەزانێـت کـە بـازار و ئەکادیمیـا نـەوە دوای نـەوە داوای کەلوپەلـی یاریـی نوێـی دیکـە دەکـەن. ئـەوان هەتاهەتایـە نامێننـەوە و کاتیـن و زوو دەڕۆن. بـەڵام کارەسـات و تراژیدیاکـە ئەوەیـە ئاخـۆ

---

a Witherington, The Jesus Quest, 12-13

b جگە لەو سەرچاوەیەی پێشتر، تکایە تەماشای ئەمەش بکە:
Larry Hurtado, "A Taxonomy of Recent Historical-Jesus Work," in Whose Historical Jesus? ed. William E. Arnal and Michel Desjardins (Waterloo, Ontario: Wilfrid Laurier University Press, 1997), 272-295; Jonathan Knight, Jesus: An Historical and Theological Investigation (London: T&T Clark International, 2004), 15-56; The Historical Jesus in Recent Research, ed. Dunn and McKnight.

c Witherington, The Jesus Quest, ٢٤٧

چەنـدە زیـان بـەو کەسـانە دەگەیەنـن کـە ڕیشـە و ڕەگێکـی ئەوتۆیـان لەنێـو کتێبـی پیـرۆزدا دانەکوتـاوە - وە سـوود و قازانجـی ئەوەشـیان نییـە کـە تەمەنیـان شەسـت سـاڵ بێـت.[a]

## ئینجیلەکان دەستیان بەسەردا نەگیراوە

دووەم، زانیـاری و دانایـی دەسـتی بەسـەر وێنـەی عیسـا لەنێـو چـوار ئینجیلەکـەدا نەگرتـووە. خۆشـبەختانە، خـودا چەندیـن نـەوەی لـە دانـا و لێکۆڵـەری وریـا و ورد و دڵسـۆز دروسـت کـردووە کـە ناکەونـە داوی ڕەخنـە توندەکانـەوە و بـە پشـوودرێژییەوە بـەردەوام دەبـن لـە ئیشـەکەیان و دەیسـەلمێنن کـە چـوار ئینجیلەکـە جێگـەی بـاوەڕن و دەتوانیـت پشـتیان پـێ ببەسـتیت. مـن بەهـۆی ئەوانـەوە سوپاسـی خـودا دەکـەم. مەبەسـتم ئـەوە نییـە کـە بەڵگـە بـۆ ئینجیلـەکان دەهێننـەوە. مەبەسـتم ئەوەیـە کـە نیشـانی دەدەن کـە ئـەو هێرشـانەی دەکرێنـە سـەر وێنـەی عیسـا لـە ئینجیلەکانـدا بـە بیانویـی ئـەوەی کـە گوایـە لـە ڕووی مێژووییـەوە پشـتی پـێ نابەسـترێت و جێگـەی بـاوەڕ نیـن، قایلکـەر و جێگـەی قەناعـەت نیـن.[b]

## پارچە و کەرتەکان بنیاتنانەوەی هەڕەمەکی لێ دەکەوێتەوە

سێیەم، هەوڵـدان بـۆ بنیاتنانـەوەی وێنەیەکـی بڕواپێکـراو و قایلکەری عیسـا لە پشـت ئینجیلەکانەوە وەهـم و خەیاڵـە، چونکـە سروشـتی ئـەم شـێواز و مێتـۆدەی کـە بەکاردێـت تەنهـا چەنـد پارچەیـەک و کەرتێکـمان دەداتـێ بەبـێ دەقـی نـووسراوی دەسـتبەجێ. وتـە و ڕووداوی دڵخۆشـکەر تەنهـا دەکرێت بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی پەیوەسـتیان بکەیـت بـە یەکـەوە. ئـەوەش واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە مێشـکی زانـا و لێکۆڵەرەکـە، نـەک ڕاسـتیی عیسـای مەسـیح، بەڵکـو بنیاتنانەوەکـە بەڕێـوە دەبـات. زانـا و پڕۆفیسـۆر (لـوک تیمۆسـی جانسـن) بـە جوانـی باسـی ئـەم خاڵـەی کـردووە:

---

a  واتە، وەکو من تەمەنیان زۆر نییە و ئەزموونێکی ئەوتۆیان نییە. وەرگێڕ

b  ئەم کتێبانەی خوارەوە دژەهێرش بۆ لێکۆڵینەوەی سێیەم و لێکۆڵینەوەکان بە گشتی دەستەبەر دەکەن:
Craig L. Blomberg, The Historical Reliability of the Gospels (Downers Grove, Ill.: InterVarsity Press, 1987); Craig L. Blomberg, Jesus and the Gospels (Nashville: Broadman & Holman, 1997); Craig L. Blomberg, The Historical Reliability of John's Gospel Downers Grove, Ill.: InterVarsity Press, 1998); D. A. Carson, The Gospel According to John (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1991), 40-68; Jesus Under Fire, ed. Michael J. Wilkins and J. P. Moreland (Grand Rapids, Mich.: Zondervan, 1995); Paul Barnett, The Truth About Jesus: The Challenge of the Evidence (Sydney: Aquila Press, 1994); Luke Timothy Johnson, The Real Jesus: The Misguided Quest for the Historical Jesus and the Truth of the Traditional Gospels (San Francisco: HarperSanFrancisco, 1996); Gregory Boyd, Cynic, Sage or Son of God? Recovering the Real Jesus in an Age of Revisionist Replies (Grand Rapids, Mich.: Baker, 1995); Gary Habermas, The Historical Jesus: Ancient Evidence for the Life of Christ (Joplin, Mo.: College Press, 1996); Lee Strobel, The Case for Christ: A Journalist's Personal Investigation of the Evidence for Jesus (Grand Rapids, Mich.: Zondervan, 1998).

کاتێک داڕشتنەکە پارچە پارچە بوو، وە بەسەر بەشی بچووک بچووکدا دابەش کرابوو، وە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕیز کرابوو، ئەوا هیچ سوودێکیان نابێت. کاتێک دەتوانیت داڕشتنی ئەدەبیی پەیمانی نوێ بە باشترین شێوە شی بکەیتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەیت، کە ڕێز لە یەکپارچەیی ئەدەبییەکەی بگریت و بەرزی بنرخێیت. ئەگەر بەم شێویە مامەڵە لەگەڵ دەقەکان بکرێت، ئەوا دەکرێت وەکو شایەت و لێکدانەوەی ئەزموون و بیروباوەڕی ئایینی قەدردانی بکرێن.[a]

## تەنها ئینجیل دەمێنێتەوە

چوارەم، وێنەی عیسای مەسیح لەنێو ئینجیلەکانی پەیمانی نوێدا تاکە وێنەیەکە کە شانس و دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر شکڵ و شێوە بە کڵێسا و جیهان بدات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوە تاکە وێنەیەکە کە لەبەردەست خەڵکدایە. لێکۆڵەران و زانایان هەر شتێک بنیات بنێن، تەنها کۆمەڵە کەسێکی زۆر کەم کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، کار و بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە. تەنانەت ئەگەر فیلمێکی زۆر بەناوبانگی لەبارەوە دروست بکەن کە ملیۆنان کەس تەماشای بکەن، هێشتا دوای دە ساڵ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نامێنێت و هەموو کەسێک لەبیری دەچێتەوە، لە کاتێکدا هێشتا خەڵکێکی بێشومار ئینجیلەکان بەکاریدەهێنن و پشتی پێ دەبەستن. من لەسەر ژیانم مەرج دەکەم کە ئەمە بیرۆکەی خودا بوو وە شایانی ئەوەیە کە هەتا ئەو ڕۆژەی دڵم لێدەدات هەوڵی تێگەیشتن ڕاستیی بدەم و دڵسۆزانە بە کەسانی دیکەشی ڕابگەیەنم.

## شێواز و ڕێگای من لەم پەڕتووکەدا

ئەگەر سەرباری ئەوەی کە لە ناساندندا و لەژێر ناونیشانی «چەند وشەیەک لەبارەی شێواز و مێتۆدەوە» باسم کرد، باش دەبێت ئەگەر لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە پرۆسەی هەڵبژاردنی داواکاری و فەرمانەکانی عیسا کارێکی ئاڵۆز بوو. لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئینجیلەکانەوە، هەموو فەرمان و داواکارییەکانم کۆ کردەوە و تۆمارم کردن. تەنانەت فەرمانە ناڕاستەوخۆکانیشم تۆمار کرد. بۆ نموونە «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە خاوەنی بەزەیین» واتە «بە بەزەیی بە». لیستەکە زیاتر لە پێنج سەد دانە فەرمان و داواکاری لەخۆ دەگرت ئەگەر چەند وتەیەکی دووبارەی نێو ئینجیلەکانیش لەبەرچاو بگرین.

هەنگاوی دواتر ئەوە بوو کە ئەو فەرمان و داواکاریانە جودا بکەمەوە کە گرنگییەکی بەرچاوی بۆ باوەڕ و ژیان هەیە. واتە، فەرمانی لەم شێوەیەم لابرد «نوێنەکەت هەڵبگرە و بڕۆرەوە ماڵەوە» (مەرقۆس ٢: ١١). ئینجا لە کۆتاییدا پرۆسەی دەستە و گروپبەندی دەستی

[a] Johnson, *The Real Jesus*, 167

پـێ کـرد. دوای هەوڵێکـی زۆر، توانیـم هەمـوو فەرمانـەکان بەسـەر سـی دەسـتدا دابـەش بکـەم. ئـەم گـروپ و دەسـتانە پێکهاتـەی سـەرەتایی بەشـەکانی پێکدەهێنا. هەندێکیـان فـراوان دەبـوون و بەشـەکان بەسـەر دوو بـەش یـان زیاتـردا دابـەش دەبـوون. هـەر بۆیـە، پەنجا بـەش ژمارەیەکـی نزیکـە لـەو بەشـانەوە. مـن ناڵێـم کـە قسـەم لەسـەر هەمـوو فەرمـان و داواکارییـەک کـردووە. هیـوادارم و ئومێـد دەخـوازم کـە ئاماژەم بـە دەسـتە و داوکاریـی پێویسـت کردبێـت کـە تەنانـەت بـە جۆرێـک ئـەو داوکارییانـەش بگرێتـەوە کـە بەسـەریاندا تێپەڕیـوم.

## عیسای نێو ئینجیلەکان ڕادیکاڵترینە

پێنجـەم و کۆتـا هـۆکاری ئـەوەی کـە بۆچـی بنیاتنانـەوەی عیسـا کـە هـەوڵ دەدات خـۆی لـە ئینجیلـەکان لابـدات، بـەردەوام نابێـت و ناتوانێـت بـۆ ماوەیەکـی زۆر کڵێسـا پێکبێنێـت، ئەوەیـە کـە ڕادیکاڵتریـن عیسـا ئەوەیـە کـە لەنێـو ئینجیلەکانـدا وێنـەی کێشراوە. زۆربـەی بنیاتنانەوەکانـی عیسـا کـە خۆیـان لـە ئینجیلـەکان لادەدەن، ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن کـە عیسـا لـە دابونەریتـە خۆجێیەکانـی کڵێسـا دابـڕن کـە عیسـا بـە ڕێگاگەلـی چاوەڕوانکـراو و سازشـکراو لەگـەڵ ئـەم جیهانـەدا دەگونجێنـن. ئـەوە ئارەزووێکـی باشـە، بـەڵام ڕێـگا و شـێوازەکەیان ڕێـک پێچەوانـەی ئـەو شـتەی لـێ دەکەوێتـەوە کـە ئـەوان چاوەڕێـی دەکـەن. بـەو ڕادەیـەی کـە کڵێسـا ڕاهێـنراوە لەسـەر ئـەوەی کـە متمانەیـان بـە عیسـای نێـو ئینجیـل نەبێـت و ڕوو لـە دەسـتکردی مرۆیـی مەسـیح بکـەن. عیسـای ڕاستەقینە ناڕوونـە، وە توانـای ئازادکردنـی لـە دابونەریتەکانـی دەرەوەی کتێبـی پیـرۆز کـە ئەویـان بەسـتووەتەوە لاواز و کـول بـووە.

ئەمـە ئـەو خاڵەیـە کـە (لـوک تیمۆسـی جانسـن) زۆر بـە باشـی باسـی کـردووە: پێویسـتیی سـەرەکی کڵێسـا و جیهـان بریتییـە لـە «عیسـای ڕاسـتەقینە»ی نێـو ئینجیلـەکان. وتەکانـی جانسـن دەرەنجامێکـی زۆر گونجـاوە بـۆ ئـەم «چەنـد وشـەیەک بـۆ زانـا و شـارەزایانی کتێبـی پیـرۆز» وە دەسـتپێکێکی زۆر گونجاویشـە بـۆ «داواکارییەکانـی عیسـا لـە جیهـان».

ئایـا کڵێسـا سـەرکەوتووانە دەجوڵێتـەوە یـان بەفیـزەوە لەگـەڵ گەلەکەیـدا دەدوێـت؟ ئایـا بریـکاری سـەرکوتکردنی پێداویسـتی و ئامانجـی مرۆڤەکانـە؟ ئایـا پـەرە بـە نەگونجانـدن و بیروهـزری بەرتەسـک دەدات؟ ئایـا کڵێسـا ئینجیلـی سـەرکەوتن ڕادەگەیەنێـت و عیسـا وەکـو هاوکارێکـی بازرگانـی باشـتر دەخاتـە بـازاڕەوە؟ ئایـا هانـی ڕۆحـی خۆشـگوزەرانی دەدات و باشـییەکانی زەوی پشـتگوێ دەخـات یـان هانـی ڕۆحانیەتـی خودگەرایـی دەدات و هـەژار و بێدەسـەڵاتەکانی جیهـان پشـتگوێ دەخـات؟ ئایا ڕابەرەکانـی گەنـدەڵ و توندوتیـژن؟ تێکـدان و گۆڕینێکـی لـەو شـێوەیەی بـاوەڕی مەسـیحییەت ڕەخنەگرێـک و ڕەتکەرەوەیەکـی توندتـر لـەو عیسـایە نادۆزێتـەوە کـە تەنهـا لەنێـو لاپەڕەکانـی پەیمانـی نوێدایـە، ئـەو عیسـایەی کـە خـۆی

لەپێناو کەسانی دیکە کردە هیچ و داوای لێکردووی تۆش هەمان کار بکەیت. ئەو عیسایەی کە (سەینت فرانسیسی ئەسیسی)[a] بە ناویەوە داوای کڵێسایەکی هەژار و دڵفراوان لە جێگەی بەهێز و چاوچنۆک کردبوو، عیسای مێژوویی نەبوو، بەڵکو عیسای نێو ئینجیلەکان بوو. تەنها دەبێت بەلاتەوە جێگەی پرسیار و سەرسوڕمان بێت کە بۆچی ئەم عیسایە «عیسای ڕاستەقینە» نییە بۆ ئەوانەی کە ئارەزووی ڕاستیی ئایینی و یەزدانناسی و لاهوتی کامڵ و تەواو و مێژوویەکی ڕاستگۆ دەکەن.[b]

---

a Saint Francis of Assisi

b هەمان سەرچاوەی پێشتر، ١٧٧.

# داواکاریی یەکەم

## دەبێت لەدایک ببیتەوە

«عیسا وەڵامی دایەوە: سەرسام مەبە کە پێم گوتی: دەبێ لەدایک ببنەوە.» (یۆحەنا ٣: ٥- ٧)

«عیساش وەڵامی دایەوە: ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت.» (یۆحەنا ٣: ٣)

لە بەشی سێی ئینجیلی یۆحەنادا، عیسا قسە لەگەڵ پیاوێك دەکات «لە فەریسییەکان بە ناوی نیقۆدیمۆس، کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی جولەکە (یۆحەنا ٣: ١). فەریسییەکان شارەزا و پسپۆڕی نووسراوە پیرۆزەکانی جولەکە بوون. لەبەر ئەوە عیسا سەرسام بوو بەوەی کە نیقۆدیمۆس سەری لێ شێوابوو لەوەی کە عیسا مەبەستی چی بوو لەوەی کە فەرمووی «دەبێت لەدایک ببیتەوە». نیقۆدیمۆس پێی گوت: «مرۆڤ کە پیر بێت چۆن دەتوانێت لەدایک بێت؟ خۆ دیسان ناتوانێت بچێتەوە سکی دایکی و لەدایک بێتەوە؟» (یۆحەنا ٣: ٤). عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ مامۆستایەکی ئیسرائیلی و ئەمانەش نازانیت؟» (یۆحەنا ٣: ١٠).

### ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە

بە واتایەکی دیکە، مامۆستایەکی تەورات نابێت سەر لەم داواکارییەی عیسا دەرنەکات: «دەبێت لەدایک ببیتەوە». بۆچی نابێت؟ چونکە زۆر شت لە نووسراوە پیرۆزەکانی جولەکەدا هەیە کە عیسا و نیقۆدیمۆس هاوبەشن تێیدا. یەزدان بەڵێنی ڕۆژێکی داوە کە وا دەکات گەلەکەی لەدایک ببنەوە. یەکێک لە ڕوونترین بەڵێنەکانی خودا لە سیپارەی خزقیێلدا هاتووە. عیسا وشەکانی حزقیێلی دووبارە کردەوە کاتێک کە فەرمووی: «ئەگەر یەکێک لە ئاو و لە ڕۆحی پیرۆز لەدایک نەبێت، ناتوانێت بچێتە ناو شانشینی خودا» (یۆحەنا ٣: ٥). «لەدایکبوونەوە» بە لەدایکبوون لە ئاو و ڕۆحی پیرۆز وەسف کراوە. دەستەواژەی ئاو و ڕۆح پەیوەندییان بە (حزقیێل ٣٦: ٢٥- ٢٧)ەوە هەیە کە یەزدان دەفەرموێت:

«ئاوێکی پاکتان بەسەردا دەپرژێنم و لە هەموو گڵاوییەکانتان پاک دەبنەوە، لە هەموو بتەکانتان پاکتان دەکەمەوە، دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ. ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوە، واتان لێ دەکەم کە ڕێگای فەرزەکانم پەیڕەو بکەن و حوکمەکانم بەجێبهێنن و کاریان پێ بکەن.»

یەزدان بەڵێنی پاکبوونەوە لە گوناه و دیاریی ڕۆحێکی نوێی مرۆڤانە دەدات لە ڕێگەی ئامادەبوونی ڕۆحی پیرۆزی خۆیەوە. عیسا پێی وایە کە نیقۆدیمۆس دەبێت پەیوەندیی

دروست بکات لەنێوان داوکارییەکەی ئەو کە لەدایکبوونەوە بوو لەگەڵ سپیارەی حزقیێل کە بەڵێنی بەخشینی ڕۆحێکی نوێ و دیاری ڕۆحی پیرۆزی خودا دەدات. بەڵام نیقۆدیمۆس ئەو پەیوەندییە دروست ناکات. بۆیە عیسا بابەتەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە لە ڕێگەی باسکردنی ئەرک و ڕۆڵی ڕۆحی خودا لە بەخشینی ئەم ڕۆحە نوێیەدا: «ئەوەی لە جەستە لەدایک بووە جەستەیە، ئەوەش لە ڕۆحی خودا لەدایک بووە ڕۆحە» (یۆحەنا ٣: ٦).

## مردوو ناتوانێت ببینێت

ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی لە جەستە پێکهاتووین. جەستە ئاماژە بە مرۆڤایەتییەکی ئاسایی دەکات. بە یەکەم لەدایکبوونمان، ئێمە تەنها جەستەین. کاتێک کە ئەم بارودۆخە سروشتییەی مرۆڤ تاقی دەکەینەوە، لە ڕووی ڕۆحییەوە مردووە و ژیانی تێدا نییە. ئێمە لە ڕووی ڕۆحییەوە بە زیندوویی لەدایک نەبووین، بە دڵێکەوە کە خودای خۆشبوێت، بەڵکو ئێمە لە ڕووی ڕۆحییەوە بە مردوویی لەدایکبووین.

عیسا دەیویست ئەم مەبەستە بگەیەنێت کاتێک بە یەکێک لە قوتابییەکانی فەرمووکە دەیویست بگەڕێتەوە ماڵەوە و بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردندا بکات: «واز لە مردووان بهێنە با مردووەکانی خۆیان بنێژن، بەڵام تۆ بڕۆ مزگێنی پاشایەتی خودا بدە» (لۆقا ٩: ٦٠). بە واتایەکی دیکە، هەندێک کەس لە ڕووی جەستەییەوە مردوون و پێویستیان بە ناشتنە، بەڵام هەندێکی دیکە کە لە ڕووی ڕۆحییەوە مردوون، دەتوانن ئەوانی دیکە بنێژن. دیسان هەمان ئەم بابەتەی زیندوو کردەوە کاتێک کە لە نموونەی کوڕە دەستبڵاوەکەدا، باوکەکە گوتی: «ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندوو بووەتەوە» (لۆقا ١٥: ٢٤). هەر بۆیە «ئەگەر یەکێک لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت» (یۆحەنا ٣: ٣). مردوو ناتوانێت ببینێت. واتە، ناتوانن شانشینی خودا وەکو شتێکی بێ ئەندازە سەرنجڕاکێش و نایاب ببینن، بەڵکو وەکو شتێکی گێلانە و پڕ لە ڕاز و نهێنی و بێزارکەر دەیبینن. لەبەر ئەوە ناتوانن بچێتە ناو شانشینی خودا (یۆحەنا ٣: ٥). ناتوانن چونکە گێلانە دێتە پێش چاویان.

عیسا دەزانێت کە مرۆڤایەتی دابەش بوون بەسەر دوو بەشدا: ئەوانەی کە تەنها یەک جار لەدایک بوون – «لە جەستە لەدایک بوون،» ئەوانەی کە «لە ڕووی ڕۆحییەوە مردوون» – وە ئەوانەی کە «لەدایکبوونەتەوە» لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزی خودا – ئەوانەی کە بۆ خودا زیندوون و پاشایەتی خودا ڕاستی دەبینن و بە لایانەوە بێ ئەندازە سەرنجڕاکێش و جێگەی پەسەندە.

## با بۆ کوێ بیەوێت هەڵدەکات

نیقۆدیمۆس هەتا ڕادەیەک مافی ئەوەی هەیە کە سەری لێ بشێوێت و لە وتەکەی

عیسا تێنەگات. ئەوە ڕاز و نهێنییە. عیسا لە (یۆحەنا ٣: ٨) فەرمووی: «با بۆ کوێ بیەوێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت. هەرکەسێکیش لە ڕۆحی پیرۆز لەدایک بووە ئاوایە». بە واتایەکی دیکە، «نیقۆدیمۆس، تۆ پێویستت بە ژیانی ڕۆحی نوێیە - لەدایکبوونەوەی دووەم».

وە ئەوە داوایەی کە عیسا لە نیقۆدیمۆسی کرد، هەمان داوا لە جیهانیش دەکات. ئەو قسە لەگەڵ هەموو کەسێکی ئەم جیهانەدا دەکات. هیچ کەسێک لە دەرەوەی ئەم داواکارییەوە نییە. هیچ گروپێکی ئێتنیکی لە گروپەکانی دیکە لە بەرامبەر ژیاندا شکستی نەخواردووە. ئەوەی کە مردووە، مردووە - جا ئیدی گرنگ نییە کە چ ڕەنگ و ڕەگەز و کەلتور و چینێکی کۆمەڵاتیمان هەیە. ئێمە پێویستمان بە چاوی ڕۆحییە. لەدایکبوونی یەکەممان نامانگەیەنێت بە شانشینی خودا. بەڵام ئێمە ناتوانین کارێک بکەین کە لەدایک ببینەوە، بەڵکو ئەوە ڕۆحی پیرۆزە ئەو کارە دەکات. وە ڕۆحی پیرۆز ئازادە و بە جۆر و شێوازگەلێک هەڵدەکات کە ئێمە لێی تێناگەین. ئێمە دەبێت لەدایک ببینەوە، بەڵام ئەوە دیاریی خودایە.

لە خۆت مەڕوانە. هەوڵ بدە ئەو شتە بەدەست بهێنیت کە تەنها خودا دەتوانێت بۆت ئەنجام بدات. باشترکردنی ئاکار و ڕەوشتی کۆنت، ئەو شتە نییە کە پێویستت پێیەتی. ژیانی نوێ ئەو شتەیە کە هەموو جیهان پێویستیان پێیەتی. ئەوە شتێکی ڕیشەیی و سەروسروشتییە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەوەیە. مردووەکان ناتوانن ژیانی نوێ بە خۆیان ببەخشن. بۆیە پێویستە لەدایک ببینەوە - «نە بە سروشت ...، نە بە خواستی مرۆڤ، نە بە ویستی پیاویش، بەڵکو لە خوداوە (یۆحەنا ١: ١٣). ئەوە داواکاریی عیسایە لە جیهان.

# داواکاریی دووەم

# تۆبە بکە

«لەو کاتەوە عیسا دەستی کرد بە جاڕدان و دەیفەرموو: «تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمان نزیک بووەتەوە.» (مەتا ٤: ١٧)

«نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن.» (لۆقا ٥: ٣٢)

«خەڵکی نەینەوا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، لەگەڵ ئەم نەوەیە لە مردن هەڵدەستنەوە و تاوانباری دەکەن، چونکە تۆبەیان کرد کاتێک یونس پەیامی خودای ڕاگەیاند. ئەوەتا لە یونس مەزنتر لێرەیە.» (مەتا ١٢: ٤١)

« ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن.» (لۆقا ١٣: ٣، ٥)

یەکەم داواکاریی ئەرک و خزمەتیی ئاشکرای عیسای مەسیح بریتی بوو لە «تۆبە بکەن». ئەم داواکارییەی بەبێ جیاوازی بۆ هەموو ئەوانە بوو کە گوێیان لێی دەگرت. تۆبەکردن بانگهێشتی گۆڕانکارییەکی تەواوی دەروونی بوو بەرامبەر خودا و مرۆڤ.

## تۆبەکردن چییە؟

دوو شت هەن کە نیشانمان دەدەن تۆبەکردن گۆڕینی مێشک و دڵە لە جێگەی ئەوەی کە بەهۆی ئەنجامدانی گوناهەوە هەست بە خەم و دڵتەنگەی بکەیت یاخود تەنها هەڵسوکەوتت بگۆڕیت. یەکەم، لە زمانی یۆنانیدا پێی دەگوترێت «مێتانۆیۆ» کە پشتگیری لەم بۆچوونەی من دەکات. ئەو وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: مێتا لەگەڵ نۆیۆ. بەشی دووەمی وشەکە، «نۆیۆ» ئاماژە بە مێشک و بیروبۆچوون و خەسڵەت و ئامانجەکانی مێشک دەکات. بەشی یەکەمی وشەکە «مێتا» پێشگرە و بە گشتی بە واتای بزوتنەوە یان گۆڕین دێت.

بە لەبەرچاگرتنی شێوازی کارکردنی ئەم پێشگرە،[a] دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە واتای بنەڕەتی تۆبەکردن ئەزموونکردنی گۆڕینی بیروبۆچوون و تێگەیشتن و ئامانجەکانی مێشکە.

---

a بۆ نموونە، (مێتا) وەک پێشگرێت بەکاردێت لە وشەکانی (مێتابایۆ) کە بە واتای گۆڕین یان جێگۆڕکێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنکی دیکە دێت. (مێتابالۆ) گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی کەسێک. (مێتاگۆ) ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوینیکی دیکە. (مێتاتیسێمی) ناردن لە شوینکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، دانان لە شوێنێکی دیکە، گواستنەوە. هتد.

هۆکارێکی دیکەی ئەوەی کە پشتگیری لەم واتایەی «تۆبەکردن» دەکات، ئەو شێوازەیە کە ئینجیلی لۆقا باسی پەیوەندی نێوان تۆبەکردن و هەڵسوکەوت و ئاکاری نوێ دەکات. «بەرهەمێکتان هەبێت لە تۆبەکردن بوەشێتەوە» (لۆقا ٣: ٨). ئینجا نموونەی ئەم بەرهەمانەمان دەخاتە بەردەست: «ئەوەی دوو کراسی هەیە، با یەکێکیان بداتە ئەوەی کە نییەتی، ئەوەش کە نانی هەیە، با هەمان شت بکات» (لۆقا ٣: ١١). ئەمەش واتای ئەوەیە کە تۆبەکردن ئەو گۆڕانکارییەیە کە لەناخدا ڕوودەدات. ئینجا ئەم گۆڕانکارییە بەرهەمەکانی هەڵسوکەوت و ئاکاری نوێی لێ دەکەوێتەوە. تۆبەکردن هەڵسوکەوتە نوێیەکە نییە، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییە دەروونییەیە کە بەرهەمی هەڵسوکەوتی نوێ دەگرێت. عیسا داوامان لێ دەکات کە ئەم گۆڕانکارییە دەروونییە تاقی بکەینەوە.

## گوناه: هێرشکردنە سەر خودا

بۆچی گوناە هێرشکردنە سەر خودایە؟ وەڵامی خودا ئەوەیە کە ئێمە گوناهبارین. «نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن» (لۆقا ٥: ٣٢). عیسا چۆن لە گوناهی دەڕوانی؟ لە نموونەی کوڕە دەستبڵاوەکەدا، عیسا بەم شێوەیە باسی گوناهی کوڕەکەی کرد: «ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا ... و لەگەڵ لەشفرۆشان لووشی دا (لۆقا ١٥: ١٣، ٣٠). بەڵام کاتێک کە کوڕەکە تۆبەی کرد، عیسا بەم شێوەیە باسی دەکات: «باوکە، لە دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم» (لۆقا ١٥: ٢١). کەواتە دانانی ماڵ و سامانەکەت بە ڕابواردن و لەشفرۆشان تەنها زیانی بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو هێرش کردنە سەر ئاسمانیشە، واتە هێرش کردنە سەر خودایە. ئەوە سروشتی سەرەکی گوناهە. گوناە هێرشکردنە سەر خودایە.

نموونەیەکی دیکە لەم بابەتە ئەو کاتەیە کە عیسا قوتابییەکانی فێری نوێژکردن دەکات. فەرمووی کە دەبێت نوێژ بکەن و بڵێن: «لە گوناهەکانمان خۆشبە، چونکە ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن (لۆقا ١١: ٤). بە واتایەکی دیکە، ئەو گوناهانەی کە خودا لێیان خۆشدەبێت بەراورد کراوە بەو گوناهانەی کە خەڵکی دژی ئێمە ئەنجامی دەدەن، کە پێیان دەگوترێت خراپە. بۆیە عیسا پێی وایە کە گوناە بێڕێزیکردنە بە خودا و وا دەکات کە قەرزاری گەڕانەوەی ڕێز و شکۆ بۆ خودا بین، کە لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ئاکاری بچووک نیشاندانی خودا سوکایەتیمان پێ کردووە. دواتر دەبینین کە چۆن خودی عیسا ئەو قەرزە دەداتەوە (مەرقۆس ١٠: ٤٥). بەڵام پێمان دەڵێت کە دەبێت تۆبە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین چێژ لەو دیارییە وەربگرین.

تۆبەکردن واتە ئەزموونکردنی گۆڕینی مێشک بۆ ئەوەی بتوانین خودا ڕاست و جوان

ببینین و بە شیاوی هەموو جۆرە ستایش و گوێڕایەڵییەکی ببینین. ئەم گۆڕینەی مێشک بە هەمان شێوە عیساش دەگرێتە خۆ. ئێمە ئەوە دەزانین، چونکە عیسا فەرمووی: «ئەگەر خودا باوکتان بووایە، منتان خۆشدەویست، چونکە لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی» (یۆحەنا ٨: ٤٢). بینینی خودا بە مێشکێکی نوێ، واتە بینینی عیساش بە مێشکێکی نوێ.

## جیهان پێویستی بە تۆبەکردنە

ئەم فەرمانی تۆبەکردنەی عیسا بۆ هەموو کەسێکە، واتە هیچ کەسێک نییە کە ئەم فەرمانە نەیگرێتەوە. عیسا ئەمەی ڕوون کردەوە کاتێک کە کۆمەڵێ کەس بە هەواڵی دوو کارەساتەوە هاتن بۆ لای عیسا. خەڵکی بێ گوناه لە لایەن کۆمەڵکوژییەکەی پیلاتۆسی فەرمانڕەوا و ڕوخانی قوللەکەی سیلوامەوە کوژرابوون (لۆقا ١٣: ١- ٤). عیسا ئەو دەرفەتەی بە هەل زانی کە تەنانەت خاوەن هەواڵەکانیش ئاگادار بکاتەوە: «ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن» (لۆقا ١٣: ٥). بە واتایەکی دیکە، پێتان وا نەبێت کە ڕوودانی کارەسات واتە هەندێ کەس گوناهبارن و پێویستە تۆبە بکەن و هەندێکی دیکە بێگوناه. هەمووان پێویستیان بە تۆبەیە. وەکو چۆن هەمووان دەبێت لەدایک ببنەوە (یۆحەنا ٣: ٧)، بۆیە هەمووان پێویستیان بە تۆبەیە چونکە هەموو کەسێک گوناهبارە.

کاتێک کە عیسا فەرمووی: «نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن» (لۆقا ٥: ٣٢)، مەبەستی ئەوە نەبوو کە هەندێک کەس ئەوەندە باشن پێویستیان بە تۆبەکردن نییە. بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە هەندێک پێیان وایە کە بێتاوانن (لۆقا ١٨: ٩)، وە ئەوانەی دیکەش پێشوەخت تۆبەیان کردووە و لەبەردەم خودا ڕاستودروست بوون. بۆ نموونە: تەوراتناسەکە ویستی پاکانە بۆ خۆی بکات (لۆقا ١٠: ٢٩)، لە کاتێکدا «باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیگوت: ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە. ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان کرابوو (لۆقا ١٨: ١٣- ١٤). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (لۆقا ١٨: ٩- ١٥)، بڕوانە داواکاریی بیستەم.

## دەبێت خێرا ئەم داواکارییە جێبەجێ بکرێت، چونکە حوکمدان بەڕێوەیە

بۆیە هیچ کەسێک لە دەرەوەی ئەم داواکارییە نییە، هەمووان پێویستە تۆبە بکەن. وە ئەمە داواکارییەکی خێرا و دەستبەجێیە. عیسا فەرمووی: «بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن» (لۆقا ١٣: ٣). مەبەستی لە «لەناوچوون» چی بوو؟ مەبەستی ئەوە بوو کە کۆتا حوکمدانی خودایان بەسەردا جێبەجێ دەبێت ئەگەر

تۆبـە نەکـەن. «خەڵکـی نەینـەوا لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا، لەگـەڵ ئـەم نەوەیـە لـە مـردن هەڵدەسـتنەوە و تاوانبـاری دەکـەن، چونکـە تۆبەیـان کـرد کاتێـک یونـس پەیامـی خـودای ڕاگەیانـد. ئەوەتـا لـە یونـس مەزنـتر لێرەیـە» (مەتـا ١٢: ٤١). عیسـای کـوڕی خـودا خەڵکـی ئـاگادار دەکاتـەوە لـەوەی کـە حوکمـی خـودا بەڕێوەیـە و ئەگـەر تۆبـە بکەیـن ئـەوا لەدەسـت ئـەو حوکمدانـە ڕزگارمـان دەکات. وە ئەگـەر تۆبـە نەکەیـن، تەنهـا یەکـەم پەیامـی بۆمـان هەیـە: «قوربەسـەرت» (مەتـا ١١: ٢١).

لەبـەر ئەمەیـە کـە داوکاریـی تۆبەکـردن بەشـێکە لـە پەیامـی بنەڕەتـی پەیوەسـت بـە شانشـینی خـودا. عیسـا ڕایگەیانـد کـە ئـەو شانشـینەی ماوەیەکـی زۆرە چاوەڕێـی دەکـرا، لـە نێـو ئـەرک و خزمەتەکەیدایـە. «کاتەکـە هاتووەتـە دی و پاشـایەتی خـودا نزیـک بووەتـەوە. تۆبـە بکـەن، بـاوەڕ بـەم مزگێنییـە بهێنـن» (مەرقـۆس ١: ١٥). مزگێنییەکـە ئەوەیـە کـە حوکمڕانـی خـودا لـە مەسـیحدا هاتووەتـە دی بـۆ ئـەوەی گوناهبـاران ڕزگار بـکات پێـش ئـەوەی  کـە شانشـین بێـت کاتێـک کـە بـە مەبەسـتی حوکمـدان بـۆ جـاری دووەم دەگەڕێتـەوە سـەر زەوی. کەواتـە داواکاریـی تۆبەکـردن پشـت دەبەسـتێت بـە پێشـنیارێکی بەسـۆز کـە لەبەردەسـتدایە بـۆ لێخۆشـبوون هەروەهـا پشـت دەبەسـتێت بـەو ئاگادارکردنـەوە بەسـۆزەی کـە ڕۆژێـک ئەوانـەی کـە پێشـنیارەکە ڕەت دەکەنەوە لـە حوکمـی یەزدانـدا لەنـاو دەچـن.

## بۆ هەموو گەلان، دەستپێک لە ئۆرشەلیمەوە

دوای ئـەوەی کـە عیسـا زینـدوو بـووەوە، کارێکـی کـرد کـە دڵنیا بێـت لـەوەی کـە نێردراوەکانـی دوای خـۆی بـەردەوام دەبـن لـە بانگـەوازی تۆبەکـردن بـە هەمـوو جیهانـدا. «عیسـا فەرمـووی: ئـاوا نـووسراوە، کـە مەسـیح ئـازار دەچێژێـت و لـە ڕۆژی سـێیەم لەنێـو مـردووان هەڵدەسـتێتەوە، بـە نـاوی ئەویـش تۆبەکـردن بـۆ لێخۆشـبوونی گونـاە بـۆ هەمـوو گـەلان جاڕبدرێـت، ئەمـەش لـە ئۆرشـەلیمەوە دەسـتپێدەکات» (لۆقـا ٢٤: ٤٦- ٤٧). کەواتـە داواکاریـی تۆبەکـردن هەمـوو گـەل و نەتـەوەکان دەگرێتـەوە. ئـەم داوکارییـە هەمووومـان دەگرێتـەوە و داوای کاردانەوەمـان لـێ دەکات، جـا ئیـدی هـەر کەسـێک بیـن و لـە هـەر کـوێ بیـن. ئەمـە داوکاریـی عیسـایە بـۆ هەمـوو کەسـێک: تۆبـە بکـەن. لـە قووڵایـی دڵتانـەوە بگـۆڕدرێـن. بێڕێزیکـردن بـە خـودا و ئـەو بیروبۆچـوون و خەسـڵەت و ئامانجانـەی کـە دەبنـە هـۆی بچوککردنـەوەی عیسـا بگـۆڕن بەوانـەی کـە دەبنـە هـۆی ڕێـز گرتـن لـە خـودا و شـکۆدارکردنی مەسـیح.

# داواکاریی سێیەم

# وەرە بۆ لام

«وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە.» (مەتا ١١: ٢٨)

«عیسا ڕاوەستا و هاواری کرد: ئەگەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە.» (یۆحەنا ٧: ٣٧)

«عیساش پێی فەرموون: منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت.» (یۆحەنا ٦: ٣٥)

«ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت.» (یۆحەنا ٥: ٤٠)

«کە ئەمەی گوت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: لەعازر وەرە دەرەوە! ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە.» (یۆحەنا ١١: ٤٣- ٤٤)

کاتێک کەسێک لەدایکدەبێتەوە و تۆبەکردن تاقی دەکاتەوە، ڕوانگە و بیروبۆچوونی دەربارەی عیسا دەگۆڕدرێت. خودی عیسا دەبێتە جێگەی سەرنجی سەرەکی و بەهادارترین شتی ژیانی. پێش لەدایکبوونەوە و تۆبەکردن، سەدان شتی دیکە بەلامانەوە گرنگتر و سەرنجڕاکێشتر دەچێت، لەوانە: تەندروستی، خێزان، ئیش و کار، هاوڕێ، وەرزش، مۆسیقا، خواردن، سێکس، حەز و ئارەزوو، خانەنیشبوون. بەڵام کاتێک کە خودا گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەدایکبوونەوە و تۆبەکردنت پێدەبەخشێت، خودی عیسا دەبێتە بەهادارترین گەنجینە بەلاتەوە.

## نیرەکەی گونجاوە و باری سووکە

هەر بۆیە، داواکاریی چوون بۆ لای ئەو، بارێکی قورس نییە، بەڵکو واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دەڕۆینە لای کەسێک کە بووەتە هەموو شتێکمان. عیسا نەهات بۆ ئەم جیهانە کە ئایین یان شەریعەتێکی نوێمان پێبەخشێت، بەڵکو هات بۆ ئەوەی خۆی بکاتە قوربانی تاکو خۆشیی هەتاهەتاییمان هەبێت وە ئەوەی کە پێویستە بیکات بە مردنیشەوە بۆ ئەوەی لەمپەر و ڕێگرییەکانی ئەم خۆشییە هەتاهەتاییە وەلاوە بنێت. «ئەم شتانەم پێ گوتن تاکو خۆشی منتان تێدابێت و خۆشیتان پڕ و تەواو بێت» (یۆحەنا ١٥: ١١). کاتێک عیسا داوای ئەنجامدانی ئیش و کارمان لێدەکات – وەکو «وەرە بۆ لام» - جەوهەری ئەم داوکارییانە ئەوەیە کە ئێمە بە باشترین شێوە تەجروبە و ئەزموونی ئەو ژیانە بکەین و بەها مەزنەکەی بڵاو بکەینەوە.

کاتێك کە عیسا تەماشای ئایینەکانی جیهان دەکات - بە ئایینی جولەکەی ئەو سەردەمەشەوە - خەڵکی دەبینیت کە لەژێر باری قورسی وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو خودایەن کە باوەڕیان پێیەتی. عیسا نەهات بۆ ئەوەی کە ئەو بارە ئارامکەرەوە خوداییە بە بارێکی دیکە بگۆڕێت، بەڵکو هات بۆ ئەوەی ئەو بارە لاببات و بانگمان بکات بۆ لای خۆی کە حەسانەوەمان پێ ببەخشێت. «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە. نیری من بخەنە سەر خۆتان و لە منەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و بێفیزم، حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە، چونکە نیرەکەم گونجاوە و بارم سووکە» (مەتا ١١: ٢٨- ٣٠). بە هەڵە تێمەگە، نیر و بار هەیە کاتێک کە دێتە سەر باسی عیسا (ئەگەر وا بووایە، ئەوا هیچ داواکاریەک لەم پەڕتووکەدا نەدەبوو)، بەڵام نیرەکە گونجاوە و بارەکە سوکە.

## بارێک هەیە، بەڵام عیسا نییە

بەڵام لەوانەیە ئەوەندە گونجاو و سوک نەبێت کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. «بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە» (مەتا ٧: ١٤). هۆکاری سەختبوونی ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە عیسا ئەرکی قورسمان پێدەدات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە جیهان لەوە خراپترە کە عیسا لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە دابنێین. ئەو ئارەزووەی کە دەمانەوێت زیاتر چێژ لە شتەکانی دیکە وەربگرین، پێویستی بە وردکردن و نەهێشتنە (مەتا ٥: ٢٩- ٣٠). سەرەڕای گوناهەکانی خۆمان، زۆر کەسی دیکە تووڕە دەبن لەوەی کە ئێمە ئەو شتانەمان حەز لێ نییە کە ئەوان حەزیان لێیەتی. بۆیە عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت: «»لێتان دەکوژن. لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە» (لۆقا ٢١: ١٦- ١٧).

بەڵام عیسا بارگرانییەکە نییە. کاتێک کە هانا بۆ ئەو دەبەین و دەڕۆینە لای ئەو، بارەکەمان لەسەر شان لادەبات، ڕۆحمان دەحەسێنێتەوە و ژیانمان پێ دەبەخشێت. «عیسا ڕاوەستا و هاواری کرد: ئەگەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە» (یۆحەنا ٧: ٣٧). هاتنە لای عیسا واتە هاتن بۆ خواردنەوە. وە ئەو ئاوەی کە لەگەڵ عیسادا دەیخۆینەوە، ژیانی هەتاهەتاییمان پێ دەبەخشێت. «ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێت، بەڵکو ئەو ئاوەی من دەیدەمێ تێیدا دەبێتە کانیاوێک و هەڵدەقوڵێت، ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشێ» (یۆحەنا ٤: ١٤). داوکاریی هاتنە لای عیسا بریتییە لە داواکاری هاتن بۆ لای کانی ژیان و خواردنەوە لێی.

عیسا نایەوێت کە فێڵمان لێ بکات و لە ڕێگەی بەڵێنی بەخشینی ئاوی ژیانی هەتاهەتاییەوە گوێڕایەڵمان بکات. ئەو بەڵێنی نانێکمان دەداتێ کە ئەگەر بیخۆیت هەرگیز برسیت نابێتەوە.

«منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت» (یۆحەنا ٦: ٣٥). عیسا خۆی نانی ئاسمانە کە سەرچاوە و جەوهەری ژیانی هەتاهەتاییە. ئەو بەڵێنمان پێ دەدات کە ڕێگە نادات لەناوبچین (یۆحەنا ٣: ١٦). کەواتە داوکاری ئەوەی کە ئێمە بڕۆینە لای ئەو، وەکو داواکاری ئەو باوکەیە کە منداڵەکەی لە لێوار پەنجەرەیەکدا ڕاوەستاوە لە کاتێکدا ماڵەکەیان گڕی گرتووە، پێی دەڵێت: «باز بدە، من دەتگرمەوە». یاخود ئەو داوکارییە وەکو داوکاری پیاوێکی دەوڵەمەند و بەهێز و میهرەبان و قۆز وایە کە بە تەلەفۆن بە ژنە ناپاکەکەی دەڵێت: «وەرەوە بۆ ماڵ!» یاخود وەکو داواکاری ئەو دەستەی فریاکەوتنە وایە کە لە بیابانێکدا پێش خنکانت ڕزگارت دەکەن و پێت دەڵێن: «فەرموو، تۆزێک ئاو بخۆوە!»

## «ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت»

کارەساتی کەسیی گوناە و کوێریی ڕۆحی ئەوەیە کە خەڵکی نایەن بۆ لای مەسیح. عیسا دڵتەنگی گەلەکەیەتی. «ئەی ئۆرشەلیم، ئەی ئۆرشەلیم، بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکەری ئەوانەی بۆت نێردران، چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە، هەروەک چۆن مریشک جوجەڵەکانی لەژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست!» (مەتا ٢٣: ٣٧). «نووسراوە پیرۆزەکان دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی هەتاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەم نووسراوانەش شایەتیم بۆ دەدەن، بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت» (یۆحەنا ٥: ٣٩- ٤٠).

بۆچی خەڵکی نایەن بۆ لای عیسا؟ لایەنێکی وەڵامەکە ئەوەیە کە نایانەوێت بێن بۆ لای. هەندێک بەمە دەڵێن هەڵبژاردنی ویست و خواستی ئازادانە. بەڵام بە شیمانەیەکی زۆر عیسا بەمە دەڵێت «هەڵبژاردنی ویست و خواستی بوون بە کۆیلەی گوناە». «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەرکەسێک گوناە بکات کۆیلەی گوناهە» (یۆحەنا ٨: ٣٤). عیسا دەفەرموێت کە خەڵکی نایەن بۆ لای چونکە کۆیلەی شتەکانی دیکەن. «ڕووناکییەکە هاتە جیهان بەڵام خەڵک لە جیاتی ڕووناکییەکە تاریکییەکەیان خۆشویست، چونکە کردەوەیان خراپ بوو. لەبەر ئەوەی هەرکەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرابێت» (یۆحەنا ٣: ١٩- ٢٠).

کەواتە ئەگەر ئێمە هەموومان کۆیلەی گوهانین و لە ڕووی ڕۆحییەوە مردووین، چۆن کەسێک دێت بۆ لای مەسیح (بڕوانە داواکاریی یەکەم)؟ وەڵامی عیسا ئەوەیە کە خودا، بەهۆی زۆری بەزەییەوە بەسەر بەرهەڵستی و بەربەرەکانێی ئێمەدا زاڵ بوو و ئێمەی بەرەو خۆی ڕاکێشا: «کەس ناتوانێت بێتە لام ئەگەر باوک ڕاینەکێشێت، ئەوەی ناردوومی» (یۆحەنا ٦: ٤٤). «کەس ناتوانێ بێت بۆ لام، مەگەر باوک ڕێگەی پێدابێت» (یۆحەنا ٦: ٦٥). خودا دیاری لەدایکبوونەوەی نوێ و تۆبەکردنی پێ بەخشین، کە چاوی ئەو کەسانە دەکاتەوە

کـە لـە ڕووی ڕۆحییـەوە کوێـرن بـۆ ئـەوەی ڕاسـتی و جوانیـی عیسـا ببینێت. کـە ئەمـە ڕوویـدا، هەمـوو دژایەتییـە خۆکوژییـەکان نامێنـن و بـەلاوە دەنرێـن. وە لـە کۆتاییـدا ڕزگارمـان دەبێـت لـە کۆیلایەتـی و دێیـن بـۆ لای عیسـا.

## «لەعازر، وەرە دەرەوە!»

عیسـا هـات بـۆ ئـەم جیهانـە بـۆ ئـەوەی گەلەکـەی لـە سەرتاسـەری جیهانـدا کـۆ بکاتـەوە (یۆحەنـا ١١: ٥٢). عیسـا ژیانـی خـۆی لەپێنـاوی ئەوانـدا دانـا و داواکاری ئـەوەی هەیـە کـە بێـن بـۆ لای. هـەر چەنـدە دڵتەنـگ دەبێـت بـۆ ئەوانـەی کـە نایـەن بـۆ لای، بـەڵام نائومێـد نابێـت لـەو پـلان و بەرنامەیـەی کـە دایـنـاوە. ئـەو لـە کۆکردنـەوەی گەلێکـی تایبـەت بـە خـۆی سـەرکەوتن بەدەسـتدێنێت. عیسـا بەوپـەڕی هێـز و دەسـەڵاتەوە دەدوێـت کـە دەفەرموێـت: «مـەڕی دیکـەم هەیـە سـەر بـەم پشـتیرەیە نیـن، دەبـێ ئەوانیـش بهێنـم، ئەوانیـش گوێیـان لـە دەنگـم دەبێـت، جـا دەبنـە یـەک مێگـەل و یـەک شـوان» (یۆحەنـا ١٠: ١٦). دەبێـت بیانهێنێـت. ئـەوان گوێیـان لـە دەنگـی دەبێـت و دێـن.

کاتێـک کـە گوێـت لـە دەنگـی عیسـا دەبێـت و دەفەرموێـت: «وەرە بـۆ لای مـن»، نوێـژ بکـە کـە خـودا چـاوت پـێ ببەخشـێت بـۆ ئـەوەی عیسـا بەوپـەڕی ڕاسـت و جوانییـەوە ببینیـت. نوێـژ بکـە بـۆ ئـەوەی تـۆش وەکـو لەعـازر کـە مردبـوو، گوێـت لـە فەرمانەکـەی بێـت. «(عیسـا) بـە دەنگێکـی بـەرز هـاواری کـرد: لەعـازر وەرە دەرەوە! ئەوسـا مردووەکـە (لـە گۆڕەکـە) هاتـە دەرەوە» (یۆحەنـا ١١: ٤٣- ٤٤). کاتێـک کـە وەکـو ئـەوە دێـی بـۆ لای عیسـا، ئـەوا هەرگیـز لـە سوپاسـکردن و ستایشـکردنی بەهـۆی زۆری و فراوانیـی نیعمەتەکەیـەوە ناوەسـتیت.

# داواکاریی چوارەم

# باوەڕت پێم هەبێت

«نیگەران مەبن. پشت بە خودا ببەستن، پشت بە منیش ببەستن.» (یۆحەنا ١٤: ١)

«بـاوەڕم پـێ بکـەن کـە مـن لـە باوکـدام و باوکیـش لـە مندایـە، ئەگـەر نـا بەهـۆی کارەکان خۆیانـەوە بـاوەڕ بکـەن.» (یۆحەنـا ١٤: ١١)

«بـاوەڕ بـە ڕووناکییەکـە بهێنـن هەتـا ڕووناکییەکەتـان لەگەڵدایە، تاکـو ببنە ڕۆڵـەی ڕووناکییەکە. عیسـا ئەمانـەی فەرمـوو، ڕۆیشـت و خۆی لێیان شـاردەوە.» (یۆحەنـا ١٢: ٣٦)

«ئینجـا بـە تۆماسـی گـوت: پەنجـەت بێنـە ئێـرە و دەسـتم ببینـە، دەسـتت بێنـە و لـە کەلەکەمی بـدە. بێبـاوەڕ مەبـە بەڵکو بـاوەڕ بهێنـە.» (یۆحەنـا ٢٠: ٢٧)

بۆچـی عیسـا داوامـان لـێ دەکات کـە باوەڕمـان پێـی هەبێـت؟ وە لەڕاسـتیدا باوەڕکـردن بـە عیسـا چ واتایەکـی هەیـە؟ هـۆکاری ئـەوەی کـە عیسـا داومـان لـێ دەکات باوەڕمـان پێـی هەبێت، ئەوەیـە کـە هەمـوو مرۆڤـەکان لـە نائومێـدی و بێهیوایـیـدا دەژیـن و تەنهـا عیسـا دەتوانێـت ڕزگارمـان بـکات. داوامـان لـێ دەکات باوەڕمـان پێـی هەبێـت، چونکـە ئێمـە ناتوانیـن خۆمـان ڕزگار بکەیـن بەڵکـو دەبێـت بەتـەواوی چاوەڕێـی یارمەتیدانـی ئـەو بیـن. عیسـا تاکـە کەسـە کـە دەتوانێـت لـەم مەترسییە ڕزگارمـان بـکات. لەبـەر سـود و قازانجـی ئێمـە، عیسـا داوامـان لـێ دەکات کـە متمانـە و باوەڕمـان پێـی هەبێـت. وەکـو ئـەوە وایـە کـە ئاگرکوژێنەرێـک بـە نیوەبێهۆشـی لەنێـو بینایەکـدا بتدۆزێتـەوە کـە لـە حاڵەتـی ڕووخـان و وێرانبووندایـە، بەتانـی دژە ئاگـرت بەسـەردا دەدات و هەڵتدەگرێـت، ئینجـا دەڵێـت: «تونـد خـۆت بگـرە کـە هەڵتدەگـرم. مەجوڵـێ. مـن لێـرە دەتبەمـە دەرەوە. دەبێـت ڕێگـە بـە مـن بدەیـت کـە ئـەم کارە بکـەم. متمانـەت پێـم هەبێـت.»

## ئەو بارودۆخە نائومێدەی کە تێیداین

بێگومـان زۆر کـەس هەسـت ناکـەن کـە پێویسـتیان بـە ئاگرکوژێنەرێکـی ڕۆحییـە کـە ڕزگاریـان بـکات. کەواتـە ئـەم بارودۆخـە پـڕ لـە بێهیوایـی و نائومێدییـە چییـە کـە تەنهـا عیسـا دەتوانێـت ڕزگارمـان بـکات لـە دەسـتی؟ عیسـا بەم شـێوەیە باسـی دەکات. سـەرنجی وشـەکانی «لەناوچوون» و «حوکمـدان» و «توڕەیـی خـودا» بـدەن.

«لەبـەر ئـەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانـی خۆشویسـت، تەنانـەت کـوڕە تاقانەکەی بەختکـرد، تاکو

هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت، چونکە خودا کوڕەکەی نەنارده جیهان تاکو جیهان حوکم بدات، بەڵکو تاکو جیهان بەوەوە ڕزگاری ببێت. ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت حوکم نادرێت، بەڵام ئەوەی باوەڕ ناهێنێت ئەوا حوکم دراوە، چونکە باوەڕی بە ناوی کوڕە تاقانەکەی خودا نەهێناوە.... ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت» (یۆحەنا ٣: ١٦- ١٨، ٣٦).

عیسا دەفەرموێت کە ئەو بارودۆخە پڕ لە بێهواییەی کە تێیداین ئەوەیە کە ئێمە تووڕەیی خودامان لەسەرە. ئەمەش بەهۆی گوناهەکانمانەوەیە (بڕوانە داواکاریی دووەم). خودا دادپەروەرە و تووڕەییەکی دروستی دژی هەڵسوکەوت و ئاکاری مرۆڤانە هەیە کە لە بایەخ و بەهاکەی کەم دەکەنەوە و بەباشی لەگەڵی ناجوڵێنەوە. ئێمە هەموومان ئەم کارەمان کردووە. لەڕاستیدا، ڕۆژانە ئەم کارە دەکەین.

## خودا عیسای نارد بۆ ئەوەی لە جێگەی ئێمە بمرێت

بەڵام ڕاستییە سەرسامکەرەکە ئەوەیە کە خودا عیسای کوڕی نارد بۆ جیهان نەک بۆ ئەوەی کە ئەم حوکمدانەمان زیاتر لەسەر قورس بکات، بەڵکو ڕزگارمان بکات لە دەستی. وە عیسا بەم شێوەیە ڕزگارمان دەکات: حوکمدانەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، لە جێگەی ئێمە دەمرێت و پاشان ناچارمان ناکات کە هەست بە پەشیمانی بکەین بەڵکو داوای متمانە و باوەڕمان لێ دەکات. عیسا فەرمووی: «منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی لە پێناوی مەڕەکاندا دادەنێت» (یۆحەنا ١٠: ١١). بە واتایەکی دیکە، مردنی عیسا ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوی هەبوو. ئەو بە ئەنقەست ژیانی خۆی لەپێناو ئێمەدا دانا.

عیسا خۆی بە جێبەجێکاری بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکەی (ئیشایا ٥٣) دەزانی (بەراوردی بکە بە لۆقا ٢٢: ٣٧؛ ئیشایا ٥٣: ١٢). ئیشایا حەوت سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح پێشبینی ئەوەی کردووە کە خزمەتکارێکی خودا دێت بۆ ئەوەی لەپێناو گەلەکەیدا بمرێت.

«وامانزانی لەلایەن خوداوە گورزی بەرکەوتووە، لێی دراوە و زەلیلە. بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو، لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا. ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت، بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە. هەموو وەک مەڕ بڵاوەمان کردووە، هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرتووە، بەڵام یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو» (ئیشایا ٤٣: ٤- ٦).

هۆکاری ئەوەی کە عیسا داوامان لێدەکات کە باوەڕمان پێی هەبێت ئەوەیە کە ئێمە خۆمان ناتوانین لە هەمبەر ڕزگاربوون لەدەست تووڕەیی خودا هیچ کارێک بکەین. عیسا

بـوو بـە جێگـرەوەی ئێمـە. ئـەو گوناهـەی کـە دەبـوا مەحکومـی بکردبایـن، خـودا خسـتییە سـەر عیسـا. خۆشەویسـتیی خـودا پـلان و بەرنامـەی ئاڵوگۆڕێکـی زۆر نایابـی دانابـوو: عیسـا بەرگـەی ئـەو شـتەی گـرت کـە ئێمـە شـایانی بوویـن بـۆ ئـەوەی ئێمـە چێـژ لـەوە وەربگریـن کـە ئـەو شـایانی بـوو کـە ئەویـش ژیانـی هەتاهەتاییـە. وە ئێمـە لـە ڕێگـەی باوەڕکـردن بـە عیسـا دەتوانیـن چێـژ لـەم ژیانـە جاویدانییـە وەربگریـن. عیسـا دەفەرموێـت: «ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئـەوەی بـاوەڕ بهێنێـت ژیانـی هەتاهەتایـی هەیـە» (یۆحەنـا ٦: ٤٧؛ بـەراوردی بکـە بـە لۆقـا ٨: ١٢).

## باوەڕبوون بە مەسیح واتای چییە؟

هـەر بۆیـە زۆر کـەم ڕێدەکەوێـت کـە پرسـیار لەمـە گرنگترمـان بێتـە بەردەسـت: باوەڕبـوون بـە مەسـیح بەڕاسـتی واتـای چییـە؟ یەکـەم واتـە باوەڕبـوون بـە ڕاسـتیی و دروسـتی کۆمەڵـە بەڵگەیەکـی مێژوویـی. کاتێـک کـە تۆماسـی قوتابـی عیسـا گومانـی لـە هەسـتانەوە و زیندووبوونـەوەی مەسـیح هەبـوو، عیسـا هـات بـۆ لای و پێـی فەرمـوو: «پەنجـەت بێنـە ئێـرە و دەسـتم ببینـە، دەسـتت بێنـە و لـە کەلەکەمـی بـدە. بێبـاوەڕ مەبـە بەڵکـو بـاوەڕ بهێنـە» (یۆحەنـا ٢٠: ٢٧). باوەڕبـوون هەنگاونانـی نێـو تاریکایـی نییـە، بەڵکـو بناغـە و ناوەڕۆکـی هەیـە. بـاوەڕ پشـت دەبەسـتێت بـەو ڕاسـتییانەی کـە لەمێـژوودا ڕوویـداوە.

بـەڵام باوەڕبـوون بـە عیسـا زیاتـرە لـە زانینـی ڕاسـتییەکان دەربـارەی عیسـا. باوەڕبـوون بـە عیسـا واتـە متمانەکـردن پێـی وەکـو کەسـێکی زینـدوو بەهـۆی ئـەوەی کـە هەیـە. لەبـەر ئەمەیـە کـە عیسـا بـە سـادەیی باسـی ئـەوە دەکات کـە پشـتی پـێ ببەسـتین و باوەڕمـان پێـی هەبێـت. «نیگـەران مەبـن. پشـت بـە خـودا ببەسـتن، پشـت بـە منیـش ببەسـتن» (یۆحەنـا ١٤: ١؛ بـەراوردی بکـە بـە مەتـا ١٨: ٦). باوەڕبـوون بـە عیسـا زیاتـرە لـە باوەڕکـردن بـەو شـتانەی کـە دەربـارەی ئـەون. ئێمـە متمانەمـان پێیەتـی.

## ڕازیبوون بە هەمووی ئەوەی کە خودا بەهۆی مەسیحەوە پێمان دەبەخشێت

سـەرنجی ئـەوە بـدەن کـە عیسـا نـە تەنهـا وەکـو ڕزگارکاری ئێمـە خـۆی پێشـکەش دەکات کـە دەبێـت متمانـەی پـێ بکەیـن، بەڵکـو ئـاوی ژیانـە کـە دەبێـت بخورێتـەوە - جـا ئیـدی بـا ئـەوەش بوەسـتێت کـە وەکـو شـوان (مەتـا ٢٦: ٣١)، زاوا (مەتـا ٩: ١٥)، گەنجینـە (مەتـا ١٣: ٤٤)، پاشـا (یۆحەنـا ١٨: ٣٦)، هتـد خۆیـمان پێشـکەش دەکات. باوەڕبـوون بـە عیسـا وەکـو ئـاوی ژیـان بەخـش واتـای چییـە؟

عیسـا فەرمـووی: «ئەگـەر یەکێـک تینـووی بـوو بـا بێتـە لام و بخواتـەوە» (یۆحەنـا ٧: ٣٧).

«ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێت، بەڵکو ئەو ئاوەی من دەیدەمێ تێیدا دەبێتە کانیاوێک و هەڵدەقوڵێت، ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشێ» (یۆحەنا ٤: ١٤). لە شوێنی دیکەدا، عیسا ئەم ئاوەی بەستووەتەوە بە باوەڕکردن و هاتن بۆ لای ئەو: «منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت» (یۆحەنا ٦: ٣٥). بە واتایەکی دیکە، باوەڕبوون بە عیسا و خواردنەوەی ئەو ئاوەی وەکو کانیاو هەڵدەقوڵێت و ژیانی هەتاهەتاییت پێ دەبەخشێت هەمان شتن.

باوەڕکردن بە عیسا کاتێک کە خۆی وەکو ئاوی ژیانبەخش پێشکەش دەکات، تەنها واتای ئەوە نییە کە باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئەم ئاوە ژیان دەبەخشێت. ئاو ژیانمان پێ دەبەخشێت کاتێک کە دەیخۆینەوە. عیسا ژیان دەبەخشێت ئەگەر متمانەی پێ بکرێت. بۆیە، متمانەکردن بە عیسا وەکو ئاو، واتای ئەوەیە کە ئاوەکە بخۆینەوە. کە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پێشوازی لە عیسا و هەموو ئەو نیعمەتەی خودا بکەین کە بەهۆی یەکبوونمان لەگەڵ عیسا پێمان دەدرێت و ژیانمان پێ دەبەخشێت. «ئەوەی پێشوازی لە من بکات، پێشوازی لەوە دەکات کە منی ناردووە» (مەتا ١٠: ٤٠؛ بەراوردی بکە بە یۆحەنا ١٣: ٢٠). باوەڕبوون بە عیسا واتە خواردنەوەی عیسا وەکو خواردنەوەی ئاوی ژیان کە تینوێتی ڕۆح دەشکێنێت. ئەمەش بریتییە لە چەشتن و ڕازیبوون بە هەموو ئەو شتانەی خودا بەهۆی عیساوە پێی بەخشیوین.

## نموونەی ئاگرکوژێنەرەکە کەمە و بەس نییە

ئەو نموونەیەی سەرەوە کە دەربارەی متمانەکردن بە ئاگرکوژێنەرەکە بوو، کەمە و بەس نییە. بێگومان هەتا ڕادەیەک ڕاستە. عیسا ڕزگارکارە. وە دەبێت لە شوێنی خۆمان بوەستین و نەجوڵێین و ڕێگە بە عیسا بدەین کە هەڵمانبگرێت و لە تووڕەیی خودا دوورمان بخاتەوە. بەڵام مومکینە و دەکرێت کە متمانەت بە ئاگرکوژێنەرێک هەبێت کە خۆشت ناوێت. لەوانەیە کاتێک کە لەسەر ئیش نییە، سەرقاڵی داوێنپیسی یان خواردنەوەی مەشروب بێت. ئەو داوات لێناکات کە باوەڕی پێ بکەیت یان قبوڵی بکەیت یان چێژ لە ژیانی وەربگریت. بەڵام عیسا هەموو ئەو داوکاریانەی هەیە. ئەو زۆر لە ڕزگارکارێکی ئاسایی زیاترە. بۆیە باوەڕکردن بەو زیاترە لە متمانەکردن بە توانا و بەهرەی ڕزگارکردنی.

عیسا هات نە تەنها بۆ ڕزگارکردنی ئێمە لەدەست حوکمی خودا، بەڵکو هات بۆ ئەوەی چێژ لە ژیانی جاویدانی وەربگرین، ئەمەش واتای ئەوەیە کاتێ کە لەگەڵ مەسیح دەبینە یەک، چێژ لە هەموو ئەو شتانە وەردەگرین کە خودا پێمان دەبەخشێت. عیسا فەرمووی: «ژیانی هەتاهەتاییش ئەوەیە کە تۆ بناسن، تەنها خودای ڕاستەقینە و عیسای

مەسیح، ئەوەی کە ناردووتە» (یۆحەنا ١٧: ٣). ئەو زۆر لە خۆمان باشتر دەزانێت کە ئێمە پێویستمان بە چییە. ئێمە پێویستمان بە ڕزگاربوونە لە دەست تووڕەیی خودا وە پێویستمان بە پەیوەندییەکە کە ببێتە هۆی حەسانەوەی ڕۆحمان. عیسا هات بۆ ئەوەی ئەوەمان پێ ببەخشێت. تەنها بە یەک ڕێگە عیسا دێت بۆ لامان - پێویستە باوەڕی پێ بهێنن. بۆیە ئەم داوکارییەی لە جیهان هەیە: «باوەڕتان پێم هەبێت».

# داواکاریی پێنجەم

## منت خۆش بوێت

«ئـەوەی بـاوک یـان دایکـی لـە مـن زیاتـر خۆشـبوێت، شـایانی مـن نییـە. ئـەوەی کـوڕ یـان کچـی لـە مـن زیاتـر خۆشـبوێت، شـایانی مـن نییـە.» (مەتـا ١٠: ٣٧)

«عیسـا پێـی فەرمـوون: ئەگـەر خـودا باوکتـان بووایـە، منتـان خۆشدەویسـت، چونکـە لـە خـوداوە دەرچـووم و هاتـووم. لـە خۆمـەوە نەهاتـووم، بەڵکـو ئـەو ناردوومـی.» (یۆحەنـا ٨: ٤٢)

### عیسا فەرمانی هەبوونی هەستەکان دەدات

بیـرم دێـت کاتـێ کـە لـە زانکـۆ بـووم، پەڕتووکێکـم خوێنـدەوە کـە دەیگـوت: خۆشەویسـتی ناکرێـت هەسـت بێـت، چونکـە فەرمانمـان پێـدراوە کـە یەکترمـان خۆشـبوێت، وە بێگومـان ناتوانیـت فەرمـان بـە هەسـتەکان بکەیـت. بـە واتایەکـی دیکـە، خۆشەویسـتی دەبێـت بە ویسـتی خـۆت یـان کارێکـی جەسـتە بێـت کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە هەسـت و سـۆزەوە نییـە. بـەڵام کێشـەی ئـەم بۆچوونـە ئەوەیـە کـە گریمانەکـە هەڵەیـە: عیسـا فەرمـان بەسـەر هەسـتەکاندا دەدات. عیسـا داوامـان لـێ دەکات کـە هەسـتەکانمان بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو بێـت.[a]

بـۆ نموونـە، داوامـان لێـدەکات کـە لـە هەندێـک بارودۆخـدا دڵخـۆش و شـاد بیـن (مەتـا ٥: ١٢)، لـە کەسـی دیاریکـراو بترسـین (لۆقـا ١٢: ٥)، وە بەهـۆی ئـەوەوە هەسـت بـە شـەرمەزاری نەکەیـن

---

a ئەم پەڕتووکەیە وردترین و باشترین خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر هەستەکان لە پەیمانی نوێدا دەخاتە بەردەستمان: Matthew Elliott's Faithful Feelings: Emotion in the New Testament (Leicester, England: Inter-Varsity Press, 2005).

نووسـەر دەڵێـت: بەشـێک لـە جەوهـەری تاکـی مەسـیحی ئەوەیـە کـە ئـەو کەسـە چ هەسـتێکی هەیـە. ئێمـە دەبێـت هەندێـک لـە دیـد و بۆچوونەکانـی جۆناتـان ئێدواردز کاڵڤـن و ئۆگەسـتین وەربگریـن کـە بەدروسـتی تیشـکیان خسـتووەتە سـەر ئـەرک و ڕۆڵـی هەسـت لـە ژیانـی بـاوەڕداردا. بـە هـەوڵ و تێکۆشـانێکی کـەم دەتوانیـن بیرۆکەیەکـی ڕوون لەبـارەی خەسـڵەت و تایبەتمەندییـە هەسـتییەکانی ئەندامانـی شانشـینی خـوا بەدەسـت بهێنیـن. ئەونا خـودا و یەکتریان خۆشـدەوێت، دڵخۆشـن بـەوەی کـە عیسـا لـە ڕابـردودا کردوویەتـی و ئـەوەی کـە لـە داهاتـوودا دەیـکات. ئومێدێکـی مسـۆگەریان هەیـە کـە خـودا سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێـت. لـە گونـاه و نادادپـەروەری تـووڕە دەبـن و ئیرەیـی بـە خـودا دەبـەن. ئـەوان خـەم و ناخۆشـی لـە دەرد و ڕەنجـی خۆیـان لـە بـاوەش دەگـرت و بەهـۆی گوناهـەوە دڵتەنـگ دەبـن. بـەڵام ئـەم ژیانـی هەسـتیارانە زۆر بـە دەگمـەن لـە یەزدانناسـییەکانی ئێمـەدا دەردەکەوێـت کـە هەسـت وەکـو نیشـانەی بـاوەڕی ڕاسـتەقینە تیشـکی نەخراوەتـە سـەر. مەسـیحییەکان نـە تەنهـا ڕەوشـتی شانشـین لـە ژیانیانـدا پەیـڕەو دەکـەن، بەڵکـو پـەی بـە ئـاکار و هەسـتەکانی شانشـینەکە دەکـەن. ئەمـە بەشـێکە لـەو وێنەیـەی کـە لـە پەیمانـی نوێـدا زۆر بـە ڕوونـی ئامـاژەی پـێ کـراوە. ئـەم هەسـتانە دەرەنجامـی یەزدانناسـییەکی باشـە و پێکهاتەیەکـی پێویسـتی بـاوەڕە.» (٢٦٣-٢٦٤).

(لۆقا ٩: ٢٦)، هەروەها لە ناخی دڵمانەوە لە بەرامبەرەکەمان خۆشبین (مەتا ١٨: ٣٥)، هتد. ئەگەر هەبوونی هەستێکی دیاریکراو گونجاو بێت، ئەوا عیسا دەتوانێت داوای بکات. ئەو ڕاستییەی کە من زۆر لەوە گەندەڵترم کە ئەو هەستانە تاقی بکەمەوە کە دەبێت هەمبێت، هیچ لە ئەرکی من بۆ هەبوونی ئەو هەستانە ناگۆڕێت. ئەگەر عیسا داوامان لێ بکات کە ئەو هەستانەمان هەبێت، کەواتە دەبێت دەبێت هەمانبێت. ئەوەی کە من ناتوانم ئەو هەستانەم هەبێت، تاوانەکەم لەسەر ناسڕێتەوە، بەڵکو گەندەڵییەکەم ئاشکرا دەکات. وا دەکات بێ ئەندازە پێویستم بە دڵێکی نوێ بێت - کە عیسا هات بۆ ئەوەی پێمان ببەخشێت (بڕوانە داواکاریی یەکەم).

## خۆشەویستی بۆ عیسا کەمتر نییە لە هەست و سۆزێکی قووڵ.

داواکاریی عیسا کە ئەومان خۆشبوێت لەوانەیە زیاتر بێت لە هەستێکی قووڵی پەسەندکردنی عیسا بەهۆی کارەکانی و چێژوەرگرتن لە هەبوونی پەیوەندی و سەرسامبوونێکی حاشاهەڵنەگر بە ئامادەبوونی و هەبوونی هەست و سۆز بەهۆی ئەوەی کە وەکو کەسوکارمانە، بەڵام کەمتر نییە. لانی کەم دوان لەو شتانەی کە فەرمووی، ئەو شتە دەردەخات. بۆ نموونە، عیسا فەرمووی کە خۆشەویستی ئێمە بەرامبەر ئەو دەبێت زیاتر بێت لەو خۆشەویستییەی کە بەرامبەر دایک و باوک و منداڵەکانمان هەمانە. «ئەوەی باوک یان دایکی لە من زیاتر خۆشبوێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من زیاتر خۆشبوێت، شایانی من نییە» (مەتا ١٠: ٣٧). ئەو خۆشەویستییەی کە دەمانبەستێتەوە بەم پەیوەندییەوە، تەنها ویست و خواست نییە. بەڵکو قووڵە و خۆشەویستی و حەزێکی زۆر لەخۆ دەگرێت. عیسا دەفەرموێت ئەو خۆشەویستییەی کە دەبێت بۆ ئەو هەمانبێت، کەمتر نەبێت لەوە، بەڵکو زیاتر بێت.

بەڵگەیەکی دیکەی ئەوی کە عیسا داوامان لێدەکات کە خۆشەویستیمان زیاتر بێت لە کاری باشە، بریتییە لە (یۆحەنا ١٤: ١٥). عیسا دەفەرموێت: «ئەگەر منتان خۆشبوێ کار بە ڕاسپاردەکانم دەکەن» (یۆحەنا ١٤: ١٥). هەندێ کات خەڵکی ئەم وتەیەی عیسا وەردەگرن و دەڵێن: «خۆشویستنی عیسا واتە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی». بەڵام لەڕاستیدا عیسا مەبەستی ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی عیسا لە خۆشەویستیمان بەرامبەر ئەو سەرچاوە دەگرێت. ئەو ئایەتە ڕاسپاردە لە خۆشەویستی جودا ناکاتەوە، بەڵکو جیاوازی نێوانیان دەردەخات. یەکەم جار دەبێت ئەومان خۆش بوێت، پاشان بەهۆی ئەوەوە - کە پڕ دەبین لە خۆشەویستییەکەی - گوێڕایەڵی دەبین و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ دەکەین. خۆشەویستی هاوواتای جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەتی. کەواتە ئەو خۆشەویستییەی کە عیسا داوای دەکات، شتێکی زۆر قووڵ و

بەهێـزە - وەکـو ئـەو پەیوەندییـە گەرموگـوڕە خێزانییەیـە کـە هەمانـە، بـەڵام گەورەتـر و زیاتـر لـەوە.

## خۆشەویستی بۆ عیسا لە سروشتێکی نوێوە هەڵدەقوڵێت

داواکاریـی عیسـا کـە بـەو جـۆرە خۆشـمان بوێـت دەریدەخـات کـە دەبێـت سروشـتێکی نوێـمان هەبێـت، واتـە دڵێکـی نـوێ. ئەگـەر نـا، چـۆن دەتوانیـن کەسـێکمان زۆر زیاتـر لـە منداڵەکانـمان خۆشـتر بوێـت لـە کاتێکـدا هەرگیـزی چاومـان پێـی نەکەوتـووە؟ خۆشەویسـتییەکی لـەم شـێوەیە لەنێـو سروشـتی گوناهبـاری مرۆڤانەمانـدا نییـە. عیسـا ئەمـەی ڕوون کـردەوە کاتێـک لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا قسـەی دەکـرد کـە ئەویـان خۆشنەدەویسـت: «ئەگـەر خـودا باوکتـان بووایـە، منتـان خۆشدەویسـت» (یۆحەنـا ٨: ٤٢). بـە واتایەکـی دیکـە، «هـۆکاری ئـەوەی کـە منتـان خۆشـناوێت، ئەوەیـە کـە بەشـێک نیـن لـە خێزانـی خـودا. ئێـوە سروشـتی خێزانتـان نییـە کـە بریتییـە لـە ڕۆحی خێـزان، دڵـی خێـزان، حـەز، مەیـل و ئـارەزوو. خـودا باوکـی ئێـوە نییـە».

خـودا وەکـو کـوڕی بێهاوتـا و تایبەتـی خـودا هـات (مەتـا ١١: ٢٧)، بـۆ ئـەوەی گوناهبارانـی وەکـو ئێمـە بتوانیـن ببینـە ڕۆڵـەی جەسـتەیی (ناخودایـی) خـودا لەگـەڵ هەبوونـی دڵـی وەکـو ئـەو. «لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـوو ئەوانـەی پێشـوازییان لێکـرد، ئەوانـەی باوەڕیـان بـە نـاوی هێنـا، مافـی پێـدان ببنـە ڕۆڵـەی خـودا» (یۆحەنـا ١: ١٢). لەبـەر ئەوەیـە کـە عیسـا دەتوانێـت بفەرموێـت: «ئێـوە دوژمنەکانتـان خۆشـبوێ ... دەبنـە ڕۆڵـەی خـودای هەرەبـەرز» (لۆقـا ٦: ٣٥). لـە ڕێگـەی لەدایکبوونـەوەی نـوێ (داواکاریـی یەکـەم) و بـاوەڕەوە (داواکاریـی چـوارەم)، عیسـا مـاف و ئارەزووەکانـی ڕۆڵـەی خودامـان پـێ دەبەخشـێت. لـە ناوەنـد و چەقـی ئـەو ئارەزووانـەدا، خۆشەویسـتیی خـودای کـوڕی خـودا هەیـە.

## ئەوەی کەم بەخشراوە، خۆشەویستی کەم دەردەبڕێت

ئـەوەی کـە چـۆن خـودا توانـای ئەوەمـان پێـدەدات کـە عیسـامان لـە نزیکتریـن هـاوڕێ و خزمەکانـمان خۆشـتر بوێـت، تـەواو ڕاز و نهێنـی نییـە. دیارییـی لەدایکبوونـەوەی نـوێ و تۆبەکـردن - سروشـتی نوێـی ڕۆڵـەی خـودا - لـە ڕێگـەی بینینـی شـکۆی خۆشەویسـتی عیسـا بـۆ ئێمـە ڕوودەدات. عیسـا ئەمـەی لـە خوانێکـی گـەورەدا فێـر گوێگـرەکان کـرد. فەریسـییەک کـە خۆشەویسـتییەکی زۆر کەمـی بەرامبـەر عیسـا هەبـوو، داوای لـە عیسـا کـرد نانـی لەگـەڵ بخـوات، ئەویـش چـووە ماڵـی فەریسـییەکە و لـە کاتێکـدا لەبـەردەم مێزێکـی نزمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیدا پاڵیـان دابـووەوە، ئافرەتێکـی لەشـفرۆش هـات و بوتڵـە بۆنێکـی ئەلەباسـتەریی هێنـا، پێیەکانـی عیسـای بـە فرمێسـک تـەڕ کـرد و بـە قـژی بـۆی سـڕییەوە، پێیەکانـی ماچکـرد و بـە بۆنەکـە چـەوری کـردن. ئـەو فەریسـییەی کـە عیسـای داوەت کردبـوو، کاتێـک ئەمـەی بینـی،

تـووڕە بـوو و پێـی ناخـۆش بـوو کـە بۆچـی عیسـا ڕێگـە بـە شـتێکی لـەو چەشـنە دەدات.

بۆیـە عیسـا پرسـیارێکی لـە فەریسـییەکە کـرد: کابرایـەک قـەرزی دابـوو بـە دوو کـەس، بـە یەکێکیـان پێنـج سـەد دینـار، ئـەوەی دیکەیـان پەنجـا. نەیانبـوو بیدەنـەوە، کابـرا لـە هەردووکیـان خۆشـبوو. کامیـان زیاتـر کابـرای خۆشـدەوێت؟ وەڵامـی دایـەوە: لـەو بـاوەڕەدام ئـەوەی پـارە زۆرەکـەی لـەلا بـوو. عیسـا هاوڕابوونـی خـۆی دەربـڕی و پاشـان فەرمـووی: ئـەم ئافرەتـە دەبینیـت؟ هاتمـە ماڵەکـەت و ئـاوت نەدامـێ بـۆ ئـەوەی پێیەکانـم بشـۆم، بـەڵام ئـەم بـە فرمێسـک پێـی تـەڕ کـردم و بـە قـژی سـڕییەوە. تـۆ ماچـت نەکـردم، بـەڵام ئـەم لـەو کاتـەوەی هاتوومەتـە ژوورەوە لـە ماچکردنـی پێیەکانـم نەوەسـتاوە. تـۆ زەیتـت لـە سـەرم نـەدا، بـەڵام ئـەم بـە بـۆن پێیەکانمـی چەورکـرد. پاشـان عیسـا لـە ئەنجامـدا فەرمـووی: گوناهـە زۆرەکانـی بەخـشران و ئـاوا خۆشەویسـتییە زۆرەکـەی دەردەبڕێـت. بـەڵام ئـەوەی کـەم بەخـشراوە، کـەم خۆشەویسـتی دەردەبڕێـت (لۆقـا ٧: ٣٦- ٤٨).

ئـەوە چیرۆکـی شـێوازی لەدایکبوونـی خۆشەویسـتیی مـەزن بـوو بـۆ عیسـا. ئـەم خۆشەویسـتییە ئـەو کاتـە سـەرهەڵدەدات کـە ئێمـە چـاوی بینینـی جوانـی عیسـامان دەبێـت بـەو جـۆرەی کـە ئـەو یەکـەم جـار ئێمـەی خۆشویسـت. ئێمـە یەکـەم جـار ئەومـان خۆشنەویسـت، بەڵکـو ئـەو یەکـەم جـار ئێمـەی خۆشویسـت (یۆحەنـا ١٥: ١٦). خۆشەویسـتیمان بەرامبـەر عیسـا ئـەو کاتـە بەخەبـەر دێتـەوە کـە دڵـمان بەهـۆی گوناهەکانمانـەوە دەشـکێت (بەپێچەوانـەوەی فەریسـییە حوکمدەرەکـە) و کاتێـک کـە تامـی شـیرینی خۆشەویسـتی لێخۆشـبوونی عیسـا دەکەیـن کـە پێـش خۆشویسـتنمان بـۆ ئـەو دێـت و بەخەبـەری دێنێـت.

## داواکاریی ئەوەی کە ئێمە عیسامان خۆشبویت کاری خۆشەویستییە

هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کە ئـەم خۆشەویسـتییە بەروبوومـی گوێڕایەڵبـوون بـۆ فەرمانەکانی دیکـەی عیسـا بـەدواوە دێـت (یۆحەنـا ١٤: ١٥)، وە ئـارەزووی ئەوەمـان پێـدەدات کـە ئـەو کار و خزمەتـە جێبەجـێ بکەیـن کـە عیسـا پێـمان دەدات (یۆحەنـا ٢١: ١٥- ٢٢)، هەروەهـا تامەزرۆیـی شـکۆدارکردن و بەرەکەتدارکردنـی عیسـا بەرهـەم دێنێـت (یۆحەنـا ١٤: ٢٨؛ ٥: ٢٣). بـەڵام لەژێـر ئـەم بەرهەمـەوە ئـەو ڕاسـتییە بنچینەییـە هەیـە کـە ئێمـە لـە قووڵایـی دڵـەوە عیسـامان خۆشـدەوێت - هەسـتێکی قووڵـی خۆشویسـتنی عیسـا بەهـۆی کارەکانـی و چێژوەرگرتـن لـە هەبوونـی پەیوەنـدی و سەرسـامبوونێکی حاشـاهەڵنەگر بـە ئامادەبوونـی و هەبوونـی هەسـت و سـۆزێکی زۆر بەهـۆی ئـەوەی کـە وەکـو کەسـوکارمانە و سوپاسـگوزارییەکی زۆر کـە ئێمـەی خۆشویسـت پێـش ئـەوەی کـە ئێمـە ئەومـان خۆشـبوێت.

هەبوونـی ئـەو هەسـت و سـۆز و بەرهەمـە، ئـەو شـتانەن کـە عیسـا مەبەسـتی بـوو کاتێـک

کـە فەرمـووی ئێـوە «شایسـتە»ی منـن: «ئـەوەی بـاوک یـان دایکـی لـە مـن زیاتـر خۆشـبوێت، شـایانی (شایسـتەی) مـن نییـە. ئـەوەی کـوڕ یـان کچـی لـە مـن زیاتـر خۆشـبوێت، شـایانی مـن نییـە» (مەتـا ١٠: ٣٧). خۆشویسـتنی عیسـا بـەم هەسـتانە و هەبوونـی ئـەو بەرهەمـە وا دەکات «شایسـتە»ی عیسـا بیـن. بـەڵام ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە ئێمـە «شـایان»ی عیسـاین، وەکـو ئـەوەی کـە لێـرەدا بەکارهاتـووە «کرێـکار شایانی (شایسـتەی) کرێـی خۆیەتـی» (لۆقـا ١٠: ٧). ئەمـەش واتـە عیسـا شـایانی ئـەم جـۆرە خۆشەویسـتییەیە. شایسـتەیی ئێمـە واتـە عیسـا سـۆز و خۆشەویسـتی و ئاکارگەرلێکـی لەنێـو ئێمـەدا بەرهـەم هێنـاوە کـە لەگـەڵ شایسـتەیی عیسـادا دەگونجێـت و بەباشـی هاوتـای نـرخ و بەهاکەیەتـی.

عیسـا داوا دەکات کـە جیهـان خۆشـیبوێت، چونکـە بـێ ئەندازە شایسـتەی ئەو خۆشەویسـتییەیە. وە لەبـەر ئـەوەی کـە خۆشەویسـتیمان بەرامبـەر عیسـا بریتییـە لـە چێژوەرگرتـن لـە شـکۆ و ئامادەبـوون و گرنگیدانـی ئـەو، بۆیـە داواکاری ئـەوەی کـە خۆشـمانبوێت ڕێگایەکـی زیاتـرە بـۆ سـەرڕێژبوونی خۆشەویسـتییەکەی لـە ئێمـەدا.

# داواکاریی شەشەم

# گوێم لێ بگرە

«دیسان عیسا خەڵکەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: هەموو گوێم لێ بگرن و تێبگەن.» (مەرقۆس ٧: ١٤)

«ئەمانەی فەرموو و هاواری کرد: «ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت!» (لۆقا ٨: ٨)

«ئاگادابن چۆن گوێ دەگرن.» (لۆقا ٨: ١٨)

«کاتێک عیسا و قوتابییەکانی بەرەو ئۆرشەلیم دەچوون، عیسا لایدا گوندێک، ژنێک لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکرد ناوی مەرسا بوو. خوشکێکی هەبوو ناوی مریەم بوو، لەبەرپێی مەسیح دانیشت و گوێی لە فەرمایشتەکانی دەگرت. بەڵام مەرسا لەبەر زۆری خزمەتکردن شڵەژا بوو، ڕاوەستا و گوتی: گەورەم، باکت نییە خوشکم بە تەنها بەجێی هێشتووم و خزمەت دەکەم؟ پێی بفەرموو با یارمەتیم بدات. مەسیح وەڵامی دایەوە: مەرسا، مەرسا، تۆ خەم لە زۆر شت دەخۆیت و ناڕەحەتیت. بەڵام یەک شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەڵبژاردووە کە لێی ناسەنرێتەوە. (لۆقا ١٠: ٣٨- ٤٢)

تەواوی ژیان و کاری عیسا باسێکی زۆر مەزنە کە بۆچی دەبێت گوێ لە وتە و فەرمایشتەکانی بگرین. لاپەڕە لەدوای لاپەڕەی ئینجیلەکانی پەیمانی نوێ هۆکارگەلێکی زۆرمان بۆ ڕیز دەکاتە سەر یەک کە وا دەکەن تەلەفزیۆنەکە بکوژێنینەوە و گوێ لە عیسا بگرین. ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو هۆکارانە – وە بۆچی زۆر کەسیش گوێ ناگرن.

## هەرگیز کەس وەک ئەم پیاوە قسەی نەکردووە

کار و خزمەتەکەی عیسا ئەوەندە سەرسوڕهێنەر و مەترسیدار بوو، کە نەیارەکانی عیسا دەیانویست لە کۆڵی بکەنەوە و نەیهێڵن. بۆیە فەریسییەکان «خزمەتکاریان نارد تاکو بیگرن» (یۆحەنا ٧: ٣٢). بەڵام واقیان وڕما کاتێک بینییان خزمەتکارەکان بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە، نەک لەبەر ئەوەی کە عیسا پاسەوانی باشی بەدەورەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوەی کە وتار و فێرکردنەکانی سەرسامکەر بوون. «ئەوسا خزمەتکارەکان گەڕانەوە لای کاهینانی باڵا و فەریسییەکان، ئەوانیش لێیان پرسین: بۆچی نەتانهێنا؟ خزمەتکارەکان وەڵامیان دایەوە: هەرگیز کەس وەک ئەمە قسەی نەکردووە!» (یۆحەنا ٧: ٤٥- ٤٦). کاتێک گوێیان لە عیسا گرتووە، ئیدی نەیانتوانیوە هەستن بە ئەنجامدانی ئەرکەکەیان کە دەستگیرکردنی عیسا بوو.

## عیسا بەو جۆرە قسە دەکات کە خودا پێی دەڵێت

کاتێک کە عیسا وتاری بەناوبانگی سەر چیای تەواو کرد، «خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەکو مامۆستایانی تەورات» (مەتا ٧: ٢٨- ٢٩). ئەم دەسەڵاتە بەهۆی خەسڵەتێکی تایبەت یان تەکنیکی وتاردان و فێرکردنەوە نەبوو، بەڵکو هۆکارێکی زۆر قووڵتری لەپشتە. عیسا فەرمووی کە وشەکانی دەسەڵات و هێزیان هەیە، چونکە وشەی خودان. «من لە خۆمەوە قسەم نەکردووە، بەڵکو ئەو باوکە کە ناردوومی ڕایسپاردووم کە چی بڵێم و چ قسەیەک بکەم» (یۆحەنا ١٢: ٤٩). «جا هەرچی دەڵێم، چۆن باوک پێی فەرمووم ئاوا دەیڵێم» (یۆحەنا ١٢: ٥٠؛ بەراوردی بکە بە ٨: ٢٨). «ئەم وتانەی گوێتان لێی دەبێت هی من نییە، بەڵکو هی ئەو باوکەیە کە ناردوومی» (یۆحەنا ١٤: ٢٤). وشەکانی عیسا دەسەڵاتیان هەیە، چونکە کاتێک کە قسە دەکات، خودا قسە دەکات. عیسا وەکو خودای کوڕ، لە خودای باوکەوە قسە دەکات.

## وشەکانی عیسا هێزە سەروسروشتییەکان بێدەنگ دەکات

بەڵام دەسەڵاتی وشەکانی عیسا تەنها هێزی قایلکەری ڕاستی ئاشکراکراوی خودا نییە، بەڵکو ڕەهەند و لایەنێکی دیکەشی هەیە. وتە و فەرمایشتەکانی عیسا توانای شکستدانی هێزە سەروسروشتییەکانیشی هەیە. جارێکیان کە عیسا پیاوێکی بینی ڕۆحی پیسی تێدا بوو، سەرزەنشتی ڕۆحەکەی کرد و فەرمووی: «بێدەنگ بە! لێی وەرە دەرەوە!» (مەرقۆس ١: ٢٥). کاتێک کە ڕۆحەکە فێی لە پیاوەکە هێنا و لێی هاتە دەرەوە، ئەو خەڵکەی کە لەوێ بوون، سەرسام بوون و گوتیان: «ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحە پیسەکانیش دەدات و گوێڕایەڵی دەبن» (مەرقۆس ١: ٢٧). هەمان ئەم هێز و توانایەی وشەکانی عیسا بووە هۆی پاککردنەوەی نەخۆشی گولی (مەتا ٨: ٣) و کەڕی (مەرقۆس ٧: ٣٤- ٣٥) و کوێری (مەتا ٨: ٢٨- ٣٠). وە لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر، بە وشەیەکی سادە سێ جار مردووی زیندوو کردەوە. «کیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە!» (مەرقۆس ٥: ٤١- ٤٢). «ئەی کوڕی گەنج، پێت دەڵێم، هەستە!» (لۆقا ٧: ١٤- ١٥). «لەعازر وەرە دەرەوە!» (یۆحەنا ١١: ٤٣- ٤٤).

## وتەکانی ژیانی هەتاهەتایی لەلای عیسایە

بۆیە، وشەکانی عیسا زیاتر لە ڕێگایەکی ژیانن. وشەکانی دەیانتوانی ژیانی جەستەیی پایەدار بکەن و شیفای بدەن و چاکی بکەنەوە. بەڵکو گرنگتر لەوە ئەوەیە کە وشەکانی ڕێگایەکی هەرەگرنگ بوو بۆ ژیانی هەتاهەتایی. شتێکی زۆر ناوازەیە کە لەنێو مردووان هەستیتەوە و زیندوو ببیتەوە – بەڵام نەک ئەوەی کە دواتر لەنێو دۆزەخدا لەناوببرێیت. جوانترین شت لەبارەی وشەکانی عیسا و گرنگترین هۆکاری ئەوەی کە بۆچی دەبێت گوێی

لـێ بگریـن، ئەوەیـە کـە وشـەکانی عیسـا بـەرەو ژیانـی هەتاهەتاییـمان دەبـات.

جارێکیـان کـە عیسـا کۆتایـی هێنـا بـە فێرکردنـی هەنـدێ وانـەی سـەخت و گرنـگ، «لـەو کاتـە بـەولاوە زۆرێـک لـە قوتابییەکانـی گەڕانـەوە و ئیـتر لەگەڵـی نەدەگـەڕان. لەبـەر ئـەوە عیسـا بـە دوازدە قوتابییەکـەی فەرمـوو: ئـەی ئێـوە ناتانـەوێ بـڕۆن؟ شـیمۆن پەتـرۆس وەڵامـی دایـەوە: گـەورەم، بچینـە لای کـێ؟ وتەکانـی ژیانـی هەتاهەتایـی لـەلای تۆیـە» (یۆحەنـا ٦: ٦٦- ٦٨). ئەمـە تەنهـا گەرموگوڕییـەک نەبـوو بـۆ مامۆسـتایەکی کاریزماتیـک. عیسـا قسـەکانی پەترۆسـی پشتڕاسـت کـردەوە و فەرمـووی: «ڕۆحـی پیـرۆز ژیـان دەدات، بـەڵام جەسـتە بـە کەڵـک نایـەت. ئـەو قسـانەی پێـم گوتـن ڕۆح و ژیانـن» (یۆحەنـا ٦: ٦٣). عیسـا هاوڕایـە. ئـەو وتەکانـی ژیانـی هەتاهەتایـی دەڵێـت. هەمـوو ئەوانـەی کـە ژیانـی هەتاهەتاییـان دەوێـت، دەبێـت گـوێ لـە وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا بگـرن.

چـۆن وشـەکانی عیسـا ژیانـی جاویدانـی دەبەخشـن؟ ئێمـە پێشـوەخت بۆمـان دەرکـەوت کـە ژیانـی جاویدانـی لـە ڕێگـەی باوەڕکـردن بـە عیساوە بەدەسـت دێـت: «خواسـتی باوکـم ئەمەیـە: هەرکەسـێک تەماشـای کوڕەکـە بـکات و بـاوەڕی پـێ بهێنێـت ژیانـی هەتاهەتایـی دەبێـت» (یۆحەنـا ٦: ٤٠؛ بڕوانـە داواکاریـی چـوارەم). هـۆکاری ئـەوەی کـە وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا بـەرەو ژیانـی هەتاهەتاییـمان دەبـات ئەوەیـە کـە ئـەم بـاوەڕە بەخەبـەر دێنێتـەوە. باوەڕکـردن بـە عیسـا لـە ڕێگـەی تەکاندانـی گۆچانـی جادوویـیـەوە نایـەت، بەڵکـو لـە ڕێگەی بیسـتنی وشـەی خـودا لـە ڕێگـەی عیسـاوە دێـت.

## وشەکانی عیسا باوەڕ بەخەبەر دێنێتەوە

یەکێـک لـە گرنگتریـن نموونـە و پەندەکانـی عیسـا، نموونـەی ئـەو تۆوەیـە کـە دەکەوێتـە سـەر چـوار جـۆر زەوی. تۆوەکـە بـە واتـای وشـەی خـودا دێـت. یەکێـک لـە زەوییانـە بریتییـە لـە زەوی پێشـێلکراو کـە تۆوەکـەی دەکەوێتـە سـەر و باڵنـدەکان دەیخـۆن. عیسـا بـەم شـێوەیە ڕوونـی کـردەوە: ئەوانـەی سـەر ڕێگاکـە ئەوانـەن کـە گوێیـان لێبـوو، ئینجـا ئیبلیـس دێـت و پەیامەکـە لـە دڵیـان دەبـات، نـەوەک بـاوەڕ بهێنـن و ڕزگاریـان بێـت (لۆقـا ٨: ١٢). ئەمـە دەریدەخـات کـە عیسـا وشـەکانی وەکـو کلیلـی بـاوەڕ و ڕزگاربـوون دەبینێـت. ئەگـەر وشـەکەت لـێ دوور بخەنـەوە، ئـەوا بـاوەڕ بـە عیسـا بوونـی نابێـت. وە ئەگـەر بـاوەڕت بـە عیسـا نەبێـت، ئـەوا هیـچ ڕزگارییـەک لـە ئـارادا نابێـت - واتـە هیـچ ژیانێکـی هەتاهەتاییـش بوونـی نابێـت. یەکـەم جـار بیسـتنی وشـەی عیسـا دێـت، پاشـان بـاوەڕ بـە عیسـا دێـت و دواتـر ژیانـی هەتاهەتایـی. «ئـەوەی گـوێ لـە وشـەکەم بگرێـت و بـاوەڕ بهێنێـت بـەوەی ناردوومـی ژیانـی هەتاهەتایـی دەبێـت» (یۆحەنـا ٥: ٢٤).

هـۆکاری ئـەوەی کـە وشـەکانی عیسـا بـاوەڕ بەخەبەردێنێیتـەوە، ئەوەیـە کـە ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی عیسـا و ئـەوەی کـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی ژیـان بـۆ ئێمە چـی دەکات، ئاشـکرا دەکات. لـە ڕێگـەی وشـەکانیەوە، شـکۆی عیسـا و تـەواو و کامڵبوونـی ئیـش و کارەکـەی دەبینیـن. بـەڵام هەمـوو کەسـێک ئـەو کارە نـاکات. هەندێـك گـوێ لـە وشـەکانی دەگـرن، بـەڵام وەکـو ڕاسـتی و قایلکـەر گوێـی لـێ ناگـرن. ئـەوە دەبینـن کـە باسـی چـی دەکات، بـەڵام بـە جـوان و قەناعەتکـەر چـاوی لـێ ناکـەن. بۆیـە عیسـا فەرمـووی: «لەبـەر ئـەوە بـە نموونـە قسـەیان بـۆ دەکـەم: چونکـە سـەیر دەکـەن، بـەڵام نابینـن، گـوێ دەگـرن، بـەڵام نابیسـتن و تێناگـەن» (مەتـا ١٣: ١٣).

## بۆچی نابیستن و باوەڕ ناهێنن؟

بۆچـی زۆر کـەس وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا نابیسـتن؟ عیسـا بـە دوژمنـە سەرسـەختەکانی فەرمـوو: «هەوڵـی کوشـتنم دەدەن، چونکـە پەیامەکـەم لـە دڵـی ئێـوەدا جێـگای نییـە» (یۆحەنـا ٨: ٣٧). ئـەم ڕسـتەیە زۆر کاریگـەر و تونـدە: «پەیامەکـەم لـە دڵـی ئێـوەدا جێـگای نییـە». مێشـک و دڵیـان بـە جۆرێـک دروسـت کـراوە (یـان پـڕ کـراوە) کـە کاتێـک عیسـا قسـە دەکات، ئـەوەی کـە دەیفەرموێـت لەنێـو دڵیانـدا جێگـەی نابێتـەوە. وا دیـارە کـە ئامادەییەکـی دیاریکـراو هەیـە بـۆ وشـەکانی عیسـا کـە پێـش وشـەکانی دێـت و توانـای بیسـتنمان پـێ دەبەخشـێت. لەڕاسـتیدا عیسـا فێـری ئەوەمـان دەکات.

کاتێـک عیسـا لـە کۆتایـی ژیانیـدا ڕووبـەڕووی تاقیکردنـەوە و ناخۆشـی بـووەوە، پیلاتـۆس فشـاری بـۆ هێنـا دان بـەوەدا بنێـت کـە بانگەشـەی پاشـابوونی گەلـی جولەکـەی کـردووە. عیسـا بـەم جـۆرە وەڵامـی دایـەوە: «بـۆ ئەمـە لەدایـک بـووم و بـۆ ئەمـەش هاتوومەتـە جیهـان، تاکـو شـایەتی بـۆ ڕاسـتی بـدەم» (یۆحەنـا ١٨: ٣٧). عیسـا بـۆ گوتنـی ڕاسـتی هاتـووە. وشـەکانی ئـەو ڕاسـتیین. پیلاتـۆس ڕەشـبینانە گوتـی: «ڕاسـتی چییـە؟» بـە واتایەکـی دیکـە، پیلاتـۆس جێگـەی بـۆ وشـەکانی عیسـا نییـە. بـەڵام ئـەوە نەبـووە هـۆی سەسـامکردنی عیسـا، هەروەهـا واتـای ئـەوە ناگەیەنێـت کە پیلاتـۆس ڕێگـری لـە پلانـی خـودا کـرد. عیسـا کۆتـا و وردتریـن وتـەی دەربـارەی پیلاتـۆس فەرمـوو: «هەرکەسـێک لـە ڕاسـتییەوە بێـت گـوێ لـە دەنگـم دەگرێـت» (یۆحەنـا ١٨: ٣٧).

کەواتـە، ئێسـتا ڕسـتەیەکی دیکـەی کاریگـەر و توندمـان هەیـە - نـە تەنهـا، «پەیامەکـەم لـە دڵـی ئێـوەدا جێـگای نییـە» بەڵکـو لـەوە سەرسـوڕهێنەرتر، «هەرکەسـێک لـە ڕاسـتییەوە بێـت گـوێ لـە دەنگـم دەگرێـت». لـە لایەکـەوە، خەڵکـی وا هـەن کـە دڵ و مێشـکیان هیـچ جێگایەکیـان بـۆ وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا نییـە. وە لـە لایەکـی دیکـەوە، کەسـانی واش هـەن کـە «لـە ڕاسـتییەوە نیـن». ئـەوان گـوێ لـە عیسـا دەگـرن، بـەڵام شـوێنیان بـۆ وشـەکانی نییـە. لەوانەیـە بڵێـی، ئامادەییەکـی تـەواو هەیـە بـۆ بیسـتنی دەنگـی عیسـا.

## ئەوەی لە خوداوەیە گوێ لە وشەکانی خودا دەگرێت

عیسا ئەم دوو جۆرە گوێگرەی دیکەی بە دوو نیمچەڕستەی دیکە وەسف کرد: ئەگەر گوێ نەگرن، ئەوا لە خوداوە نین، وە ئەگەر گوێ بگرن، ئەوا مەڕی ئەون. بەم شێوەیە باسی گوێنەگرەکانی کرد: «ئەوەی لە خوداوەیە، گوێ لە پەیامی خودا دەگرێت. بۆیە ئێوە گوێ ناگرن، چونکە لە خوداوە نین (یۆحەنا ٨: ٤٧). ئێستا سێ وەسفی گوێنەگرەکانمان هەیە: ئەوان هیچ شوێنێکیان بۆ وشەکانی عیسا نییە، لە ڕاستییەوە نین، هەروەها لە خوداوە نین. ئەمە ئاشکراکردنێکی ئاگادارکەرەوەیە. واتای ئەوەیە کە بارودۆخی ئێمەی مرۆڤی گوناهبار وا دەکات کە نەتوانین گوێ لە ڕاستی بگرین.

ئێمە وەکو تەلی مێترۆنۆم نین کە بێلایەن بین و لە ناوەندی ڕاست و هەڵەدا بێین و بڕۆین هەتا ئەوەی کە ئەملا یان ئەولامان بۆ دەردەچێت. نەخێر، بەڵکو ئێمە بەرەو خۆپەرستی و هەموو ئەو هەڵانەوە دەڕۆین کە پشتگیری لە خۆپەرستییەکە دەکەن. کاتێک کە عیسا قسە دەکات، ئەگەر خودا گوێی بیستن و چاوی بینینمان پێ نەبەخشێت، ئەوا شوێنمان بۆ وشەکانی عیسا نییە.

ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی عیسا فەرمووی:

«ستایشت دەکەم باوکە، پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، چونکە ئەمانەت لە دانا و تێگەیشتووان شاردووەتەوە و بۆ منداڵان ئاشکرات کردووە. بەڵێ باوکە، چونکە تۆ ئەمەت پێ باش بوو! باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردووم، کەس نازانێت کوڕەکە کێیە باوک نەبێت، یان باوک کێیە کوڕەکە و ئەوانە نەبێت کە کوڕەکە دەیەوێ بۆیانی ئاشکرا بکات» (لۆقا ١٠: ٢١- ٢٢).

کاتێک کە ئەمەی فەرموو، ڕووی کردە قوتابییەکانی فەرمووی: «خۆزگە دەخوازرێت بەو چاوانەی ئەوە دەبینێت کە ئێوە دەیبینن!» (لۆقا ١٠: ٢٣). بەدڵنیاییەوە خۆزگە بەو چاوانە دەخوازرێت! ئەم بینینە کاری خودایە. تەنها خودا دەتوانێت چاوی بینین و گوێی بیستنمان پێ ببەخشێت. لەبەر ئەوەیە کە عیسا دەفەرموێت ئەوانەی کە گوێ لە وشەکانی ناگرن لە خوداوە نین (یۆحەنا ٨: ٤٧). ئەمە ئەو بەرەکەتەیە کە زۆرمان پێویست پێیەتی - ئەو بەرەکەتەی کە خودا لەنێو دڵماندا دروستی دەکات بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ ڕاستی بکاتەوە.

## مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن

عیسا لە کۆتاییدا ئەو کەسانە بە مەڕ ناوزەد دەکات کە شوێنیان بۆ ڕاستی هەیە: «مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و ئەوانیش بەدوام دەکەون» (یۆحەنا

۱۰: ۲۷). کەواتـە، ئەگـەر گـوێ لـە دەنگـی عیسـا بگریـن، دەزانیـن کـە مـەڕی خودایـن. ئێمـە دەزانیـن کـە مـەڕی عیسـاین ئەگـەر لەنێـو دڵمانـدا شـوێنمان بـۆ وشـەکانی عیسـا هەبێـت، وە پێشـوازی لـە وتەکانـی بکەیـن.

بۆیـە، مـن لـە جێگـەی عیسـا هانـت دەدەم کـە گـوێ لـە وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا بگریـت. وەکـو مریـەم بـە و لەبەرپێـی عیسـا دابنیشـە (لۆقـا ۱۰: ۳۹، ٤۲). پشـت مەکـە لـەو فەرمانـەی باوکـی ئاسـمانی کـە لەسـەر کێـوی شـکۆداربوونی عیسـادا فەرمـووی: «ئەمـە کـوڕی خۆشەویسـتمە، ئـەوەی پێـی دڵشـادم. گوێـی لـێ بگـرن» (مەتـا ۱۷: ٥). سـەرنجی پـڕ لـە بەزەیـی ئـەم وشـانە لەدەسـت مـەدە کـە دەفەرموێـت: «ئاسـمان و زەوی بەسـەردەچن، بـەڵام وشـەکانم هەرگیـز بەسـەرناچن» (مەرقـۆس ۱۳: ۳۱). کارێـک مەکـە ڕقـت لـە خـۆت بێـت بـە ڕەتکردنـەوەی ئـەو کەسـەی کـە فەرمـووی: «ئـەم شـتانەم پـێ گوتـن تاکـو خۆشـی منتـان تێدابێـت و خۆشـیتان پـڕ و تـەواو بێـت» (یۆحەنـا ۱٥: ۱۱؛ بـەراوردی بکـە بـە ۱۷: ۱۳). گـوێ لـە عیسـا بگـرە.

# داواکاریی حەوتەم

## بە منەوە پەیوەست بە

«بە منەوە پەیوەست بن و منیش بە ئێوەوە. چۆن لق بەتەنها ناتوانێت بەرهەم بدات ئەگەر بە دار مێوەکەوە پەیوەست نەبێت، ئێوەش ئاوان، ئەگەر بە منەوە پەیوەست نەبن.» (یۆحەنا ١٥: ٤)

«هەروەک چۆن باوک منی خۆشویستووە، ئاوا ئێوەم خۆشویستووە، جا بە خۆشەویستییەکەمەوە پەیوەست بن.» (یۆحەنا ١٥: ٩)

«ئەگەر لەسەر فێرکردنەکانم بمێننەوە، ئەوا بەڕاستی قوتابی منن و ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات.» (یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٢)

داواکارییەکانی عیسا هەتاهەتایین. ئەو تەنها داوای یەک بڕیار ناکات کە تۆبە بکەیت، یان بێی بۆ لای ئەو، یاخود باوەڕی پێ بکەیت، یان خۆشت بوێت و گوێی لێ بگریت. هەموو ئەمانە بەردەوامن. گۆڕانکاری بەهۆی تۆبەکردنەوە بەردەوام دەبێت. بەردەوام هاتن بۆ لای عیسا چەندین جار دووپات دەبێتەوە. باوەڕبوون بە عیسا کاتژمێر لەدوای کاتژمێر بەردەوامە. گوێگرتن لە وشەی خودا وەکو سەرچاوەیەکی ڕۆحی ڕۆژانە بەردەوامە. عیسا داوا دەکات کە تەواوی ڕۆژانی ژیانمان بیر و دڵمان بەکاربهێنین.

ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ڕابردوودا لەگەڵ عیسادا هەمانبووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە ژیانماندا دروست نەکردووە، گۆڕانکارییەکی نادروست و پووچە. ئەوەی کە عیسا فەرمووی: «ئەگەر لەسەر فێرکردنەکانم بمێننەوە، ئەوا بەڕاستی قوتابی منن» (یۆحەنا ٨: ٣١)، مەبەستی ئەوە بوو کە ئەگەر پەیوەست نەبین، ئەوا قوتابی ڕاستەقینەی ئەو نین. وە پێچەوانەی قوتابی ڕاستەقینە بریتییە لە قوتابی ناڕاست و ساختە. ئێمە ئەوها دەبین ئەگەر پشت بە ئەزموونی ڕابردوو ببەستین، بەبێ هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ عیسا.

### بینینێکی هەتاهەتایی لەگەڵ عیسا

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە عیسا پێویستیی ستایش و پەرستنی بەردەوامی فێر دەکرد، بریتی بوو لە داواکاریی «بە منەوە پەیوەست بە». هیچ شتێکی تایبەتی ئایینی لەبارەی وشەی «پەیوەست بە»وە بوونی نییە. لە زمانی پەیمانی نوێدا، «پەیوەستبوون» وشەیەکی ئاساییە و هاووتای «مانەوە»، «بەردەوامبوون» و هەندێ کات «نیشتەجێبوون»ە. ئەمە مەبەستی عیسا بوو: «لە دەروونی مندا بمێنەوە و بەردەوام بە. دەروونی من بکە بە

شـوێنی نیشـتەجێبوونی خـۆت». ئـەوە بینینێکـی هەتاهەتاییـە لەگـەڵ عیسـا.

کۆنتێکسـتی ئـەم داواکارییـە بریتییـە لـە وێنـەی مێوێـک و لقەکانـی. عیسـا خـۆی بـە مێوەکـە و ئێمـەش بـە لقەکانـی دەشـوبهێنێت:

«بـە منـەوە پەیوەسـت بـن و منیـش بـە ئێـوەوە. چـۆن لـق بەتەنهـا ناتوانێـت بەرهـەم بـدات ئەگـەر بـە دار مێوەکـەوە پەیوەسـت نەبێـت، ئێـوەش ئـاوان، ئەگـەر بـە منـەوە پەیوەسـت نەبـن. منـم مێوەکـە و ئێـوەش لقەکانـن. ئـەوەی بـە منـەوە پەیوەسـت بێـت و منیـش بـەوەوە، ئـەوا بەرهەمـی زۆر دەگرێـت، چونکـە بەبـێ مـن ناتوانـن هیـچ شـتێک بکـەن.» (یۆحەنـا ١٥: ٤- ٥)

ئـەم وێنەیـە یارمەتیـمان دەدات لـەوە تێبگەیـن کـە عیسـا مەبەسـتی چـی بـوو کاتێـک کـە فەرمـووی بـە منـەوە پەیوەسـت بـن. مەبەسـتی سـەرەکی ئـەو بـەراوردە ئەوەیـە کە هێـز و توانای بەرهەمداربـوون – کـە ئەویـش هێـزی ژیانـە بـۆ هەبوونـی خۆشەویسـتییەکی وەکـو مەسـیح (یۆحەنـا ١٥: ١٢) – لـە عیسـاوە دەڕژێـت بەسـەرماندا ئەگـەر بەجوانـی لەگەڵیـدا بمێنینـەوە. بۆیـە ئێمـە وەکـو لقێکیـن کـە پەیوەسـتین بـە مێوەکـەوە بـۆ ئـەوەی تـەواوی ئـەو شـیلەیەی کـە ژیـان دەبەخشـێت و بەرهـەم دێنێتـە نێـو ژیانمانـەوە بڕژێـت بەسـەرماندا. عیسـا بەتایبەتـی باسـی ئـەو هێـزە دەکات کـە پێویسـتمانە بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی بەرهەمدارمـان هەبێـت. عیسـا فەرمـووی: «بەبـێ مـن، ناتوانـن هیـچ شـتێک بکـەن». پەیوەسـتبوون بـە عیسـاوە واتـە بەباشـی مانـەوە لەگـەڵ لقێکـی ژیانبەخـش و هێزبەخـش و بەرهەمێنـەر، کـە پێـی دەگوترێـت عیسـا.

## هۆکاری سات بە ساتی هەموو شتێکی باش

بـە واتایەکـی دیکـە، عیسـا داوامـان لـێ دەکات کـە ببێتـە هـۆکاری بەردەوامـی هەمـوو شـتێکی باشـی ژیانمـان. «بەبـێ مـن ئێـوە ناتوانـن هیـچ شـتێك بکـەن». هیچ شـتێک؟ بەڕاسـتی؟ لەڕاسـتیدا دەتوانیـن گونـاه بکەیـن و واز لـە بەرهەمداربـوون بهێنیـن و لەناوبچیـن. بـەڵام ئـەوە ئـەو شـتە نییـە کـە ئـەو بەڵێنـی دەسـتەبەرکردنی داوە. عیسـا مەبەسـتی ئەمەیـە: «بەبـێ مـن ناتوانـن هیـچ شـتێکی زۆر بـاش ئەنجـام بـدەن، شـتێک کـە بەڕاسـتی ببێتـە هـۆی شـکۆدارکردنی خـودا و مـەزن نیشـاندانی عیسـا، هەروەهـا بەبـێ مـن ناتوانـن خۆتـان نـزم بکەنـەوە و بـە جۆرێـک یارمەتـی کەسـانی دیکـە بـدەن کـە کاریگەرییەکـی هەتاهەتایـی هەبێـت». پەیوەسـتبوون بـە عیسـاوە واتـە هەبوونـی پەیوەندییەکـی زۆر گرنـگ و تایبـەت لەگەڵـی؛ واتـە سـات بـە سـات پەیوەندیـت لەگـەڵ کەسـێکدا دەبێـت کـە هەمـوو ئەو شـتانە لـە ژیانمانـدا بەرهـەم دێنیـت کـە داوای دەکات.

## ئەگەر پەیوەست بیت، بەرهەمدار دەبێت

بـە شـێوەیەکی کردەیـی، ئەمـە چ واتایەکـی هەیـە لـە ئەزموونـی ئێمـەدا؟ «هەبوونـی

پەیوەندییەکی توندوتۆڵ» چییە؟ چۆن دەتوانین پەیوەندییەکی لەو شێوەیەمان لەگەڵ عیسا هەبێت؟ یەکێک لە بەشە گرنگەکانی وەڵامەکە ئەوەیە کە ڕوونی بکەینەوە پەیوەستبوون بە عیساوە هەمان وەکو بەرهەمداربوون یان جێبەجێکردنی فەرمانەکانی نییە. بەرهەمداربوون و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی عیسا دەرەنجامی پەیوەستبوونە بە عیساوە. ئەگەر پەیوەست بین، بەرهەمدار دەبین.

عیسا دژی ئەمە ناوەستێتەوە کاتێک کە دەفەرموێت: «ئەگەر ئێوە کار بە ڕاسپاردەکانم دەکەن، بە خۆشەویستییەکەمەوە پەیوەست دەبن» (یۆحەنا ١٥: ١٠). ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە پاراستنی فەرمانەکان و ڕاسپاردەکانی عیسا بریتییە لە پەیوەستبوون بە خۆشەویستییەکەیەوە. ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێی: بەرهەم بریتییە لە پەیوەستبوون بە دار مێوەکەوە. نەخێر، ئەوە ڕاست نییە. بەرهەم دەرەنجامی پەیوەستبوونی ئێمەیە بە مێوەکەوە. واتە ئەمانە هەمان شت نین. عیسا مەبەستی ئەوەیە کە ئەگەر ڕاسپاردەکانی جێبەجێ نەکەیت، واتە ئەگەر بەرهەمی خۆشەویستیت نەبێت (چونکە خۆشەویستی پوختەی ڕاسپاردەکانیەتی یۆحەنا ١٥: ١٢)، ئەوا وازت لە پەیوەستبوون لەگەڵ عیسا هێناوە. چونکە عیسا دەفەرموێت: «ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت ... بەرهەمی زۆر دەگرێت» (یۆحەنا ١٥: ٥).

کەواتە وەڵامی پرسیارەکەی ئێمە «چۆن بە عیساوە پەیوەست بین؟» بریتی نییە لە «گرتنی بەرهەم» یان «جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی». ئەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مەبەستی سەرەکی بابەتەکە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە بزانین چۆن دەتوانین بەرهەمدار بین. وەڵامەکە ئەمەیە: لە ڕێگەی پەیوەستبوون بە عیساوە دەتوانین بەرهەمدار بین. کەواتە پرسیارەکە بەم شێوەیەی لێدێت: چۆن بە عیساوە پەیوەست بین؟ لە ئەزموونی ڕاستەقینەی ژیاندا ئەمە واتای چییە؟

## بە شێوەیەکی کردەیی، چۆن بە عیساوە پەیوەست دەبین؟

عیسا دوو دەستەواژەی دیکە بەکاردێنێت کە بەرەو وەڵامەکەمان دەبات. عیسا ئاماژە بە پەیوەستبوون بە خۆشەویستییەکەیەوە دەکات. هەروەها پەیوەستبوون بە وشەکەیەوە. ئەم دوو خاڵە بە ئاراستەی پەیوەستبوون وەکو متمانەیەکی بەردەوام بە ڕاستیی وشەکانی عیسا و دڵنیایی خۆشەویستییەکەیەوە دەمانبات.

## پەیوەستبوون واتە متمانەکردن بە خۆشەویستیی عیسا

پەیوەستنەبوون بە خۆشەویستیی عیساوە واتە ئێمە چیتر باوەڕمان بەوە نییە کە عیسا

ئێمـەی خۆشـدەوێت. تماشـای بارودۆخەکانـی ژیانمـان دەکەیـن - لەوانەیـە چەوسـانەوە یـان نەخۆشـی و تەنهایـی - وە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە عیسـا چیـتر ئێمـەی خۆشـناوێت. ئـەوە ڕێـک پێچەوانـەی پەیوەسـتبوونە بـە خۆشەویسـتیی عیسـاوە. کەواتـە، پەیوەسـتبوون بـە خۆشەویسـتییەکەیەوە واتـە بـەردەوام و هەمـوو ئـان و سـاتێک باوەڕمـان بـەوە هەبێـت کـە عیسـا ئێمـەی خۆشـدەوێت.

هەمـوو ئـەو شـتانەی لەژێـر دەسـەڵاتی عیسـادا لـە ژیانمانـدا ڕوودەدەن (مەتـا ٨: ٨)، بەشـێکن لـەو خۆشەویسـتییەی کـە عیسـا بەرامبـەر ئێمـە هەیەتـی. ئەگـەر شـتێکی خـۆش و بـاش بێـت، دەفەرمويـت: «باوكـم بـەم شـێوەیە گرنگـی بـە باڵنـدەی ئاسـمان و گوڵـی سەوسـەن دەدات؛ ئاخـۆ چەنـدە زیاتـر گرنگـی بـە تـۆ دەدات!» (مەتـا ٦: ٢٦- ٣٠). وە ئەگـەر ئازاربەخـش و ناخـۆش بێـت، دەفەرموێـت: «مەترسـە، خراپتریـن شـت کـە دەکرێـت ڕووبـدات بریتییـە لـە مـردن، وە مـن بەسـەر مردنـدا زاڵ بـووم. مـن هەتـا کۆتایـی لەگەڵـت دەبـم. وە تـۆ لەکاتـی هەسـتانەوە دادپەروەریـدا پاداشـت دەدرێیتـەوە» (مەتـا ١٠: ٢٨؛ ٢٨: ٢٠؛ یۆحەنـا ١١: ٢٥- ٢٦؛ لۆقـا ١٤: ١٤). پەیوەسـتبوون بـە عیسـاوە واتـە متمانەکـردن بـەوەی کـە ئەمـە ڕاسـتە - وە تـۆش دەگرێتـەوە. واتـە، دەبێـت هەمـوو سـاتێک بەپێـی ئـەم ڕاسـتییە بژیـن. ئـەوە بـە ئێمـە دەگات، وەکـو چـۆن شـیلەی دار مێـو دەگات بـە لقەکانـی. ئێمـە وەریدەگریـن و ڕۆژانـە ژیانمانـی لـێ وەردەگریـن.

## پەیوەستبوون واتە متمانەکردن بە وشەی عیسا

بـە هەمـان شـێوە، ئـەوەی کـە باسـمان کـرد، ئـەم نیمچەڕسـتەیەش دەگرێتـەوە: « بـە وشـەی منـەوە پەیوەسـت بـە» (یۆحەنـا ٨: ٣١). ئەمـە تەنهـا بـە واتـای پاراسـتنی ڕاسـپاردەکان نایـەت، بەڵکـو واتـە «بـەردەوام متمانـە بـە وشـەی مـن بکـە. بـەردەوام بـاوەڕ و متمانـەت بـەوە هەبێـت کـە دەربـارەی خـۆم و باوکـم و کارەکانمـەوە بـۆ تـۆم ئاشـکرا کـردووە». (یۆحەنـا ٨: ٣١- ٣٢) ئەمـە دووپـات دەکاتـەوە: «عیسـا بـەو جولەکانـەی فەرمـوو کـە باوەڕیـان پێـی هێنابـوو: ئەگـەر لەسـەر فێرکردنەکانـم بمێننـەوە، ئـەوا بەڕاسـتی قوتابـی منـن و ڕاسـتی دەناسـن، ڕاسـتیش ئازادتـان دەکات». دەرەنجامـی پەیوەسـتبوون بـە وشـەی عیسـاوە بریتییـە لـە ئازادبـوون. ئازادبـوون لـە چـی؟ ئازادبـوون لـە گونـاه. ئەمـە ئـەو کۆیلەیەتییەیـە کـە عیسـا بیـری لـێ دەکـردەوە، وەکـو چـۆن (یۆحەنـا ٨: ٣٤) بۆمـان دەردەخـات: «هەرکەسـێک گونـاه بـکات کۆیلـەی گوناهـە». کەواتـە ئازادبـوون لـە گونـاه بەرهەمـی پەیوەسـتبوونە بـە وشـەی عیسـاوە. «ئەگـەر لەسـەر فێرکردنەکانـم بمێننـەوە، ... ڕاسـتی ئازادتـان دەکات». گونـاه نەکـردن بەرهەمەکەیـە، نـەک پێناسـەی پەیوەسـتبوون بـە وشـەی عیسـاوە. کەواتـە پاراسـتنی ڕاسـپاردەکانی عیسـا، کـە ڕێگایەکـی دیکـەی وەسـفکردنی ئازادبوونـە لـە گونـاه، واتـای پەیوەسـتبوون بـە وشـەی عیسـاوە نییـە، بەڵکـو بەرهەمـی پەیوەسـتبوونە.

کەواتــە دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــە پەیوەســتبوون بــە عیســاوە - پەیوەســتبوون بــە خۆشەویســتی و وشــەکەیەوە - متمانەکــردن بــەوەی کــە هەمیشــە خۆشــی دەوێیــن و هەمــوو ئــەو شــتانە ڕاســتن کــە دەربــارەی خــۆی و کارەکانــی و داهاتــووی ئێمــەوە بــۆی ئاشــکرا کردوویــن. ئەمــەش دەمانباتــەوە ســەر ئــەو بەشــەی کــە باســی باوەڕکــردن بــە عیســای دەکــرد (داوکاریــی چــوارەم). باوەڕکــردن بــە عیســا وەکــو ئــاوی زینــدوو، واتــە خواردنــەوەی ئــەو ئــاوە - تامکــردن و ڕازیبــوون پێــی. هەروەهــا ئــەو شــیلەیەش کــە لــە مێوەکــەوە ســەرچاوە دەگرێــت و بــەرەو لقــەکان دەڕوات. ئێمــە وەریدەگریــن، دەخۆینــەوە، تامــی دەکەیــن و ڕۆحمانــی پــێ تێــر دەکەیــن. ئــەم تێربوونــە ڕۆژانەیــە و بــەردەوام ژیانەوەیــە لــە عیســادا، کلیلــی بەرهەمداربوونــە.[a] ئــەوە ڕێــک واتــای پەیوەســتبوونە بــە عیســاوە.

## عیسا بەردەوام پەیوەستمان دەکات

هەرچەنــدە پەیوەســتبوون، چانــدن، خواردنــەوە، لــە دەروونــی عیســادا نیشــتەجێبوون لــە شــتێکی ئاســان دەچێــت، بــەڵام ڕاســتییەکە ئەوەیــە کــە زۆربــەی کات تووشــی وەســوەســە دەبیــن و شــیلەکەمان لــە ڕووەکــی دیکــەوە وەردەگریــن. جگــە لــە ئــارەزووی پــڕ لــە گوناهــی خۆمــان، شــەیتانیش تێدەکۆشــێت کــە لــە مێوەکەمــان جــودا بکاتــەوە، هــەر بۆیــە عیســا دەفەرموێــت کــە دەبێــت ڕۆژانــە نوێــژ بکەیــن کــە خــودا «لــە شــەیتان ڕزگارمــان بــکات» (مەتــا ٦: ١٣). لەبــەر ئــەوەی دەبێــت وەبیــر خۆمــان بهێنینــەوە کــە عیســا بــە تەنهــا بەجێمان ناهێڵێــت. هــەر چەنــدە فەرمانمــان پێــدەکات کــە بــەوەوە پەیوەســت بیــن - وە ئێمــە بەرپرســیاریەتی پەیوەســتبوونمان لەســەرە و ئەگــەر وا نەکەیــن گوناهباریــن - بــەڵام ئــەو خــۆی لــەوێ دەمانهێڵێتــەوە. بێگومــان ئەگــەر ئــەو نەمانپارێزێــت، ئــەوا ئێمــە ناتوانیــن بــەردەوام بیــن.

عیســا لانــی کــەم بــە ســێ ڕێگــە ئەمــەی نیشــان داویــن. فەرمــووی کــە هیــچ کەســێک ناتوانێــت مەڕەکانــی لــێ بدزێــت (واتــە، لقــە ڕاســتەقینەکانی).

«مەڕەکانــم گــوێ لــە دەنگــم دەگــرن، منیــش دەیانناســم و ئەوانیــش بــەدوام دەکــەون، ژیانــی هەتاهەتاییــان دەدەمــێ و هەرگیــز لەنــاو ناچــن، کەســیش لــە دەســتم نایانڕفێنێــت. باوکــم کــە بــە منــی داون لــە هەمــووان گەورەتــرە، کەســیش ناتوانێــت لــە دەســتی بــاوک بیانڕفێنێــت» (یۆحەنــا ١٠: ٢٧- ٢٩).

ئینجــا عیســا نوێــژی بــۆ باوکــی کــرد بــۆ ئــەوەی کارێــک بــکات کــە بــەردەوام بیــن لــە

---

a هەوڵــم داوە لــەم پەڕتووکــەدا ئەمــە ڕوون بکەمــەوە و باســی چەندیــن نموونەیــی کردەیــی بکــەم لەســەر چۆنیەتــی کارکردنــی ئەمــە لــە ژیانــی ڕاســتەقینەدا:
(The Purifying Power of Living by Faith in FUTURE GRACE (Sisters, Ore.: Multnomah, 1995

پەیوەستبوون بە خۆیەوە. «ئەی باوکی پیرۆز، بە ناوی خۆت بیانپارێزە کە بە منت داوە، تاکو ببنە یەک وەک ئێمە یەکین. کاتێک لەگەڵیان بووم بەو ناوەی کە تۆ بە منت دابوو دەمپاراستن و پاسەوانیم دەکردن. کەسیان لەناونەچوو کوڕی لەناوچوو نەبێت، بۆ ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی.» (یۆحەنا ١٧: ١١- ١٢). کەواتە ئەوە خودایە کە کاری پاراستنمان بە مێوەکەوە ئەنجام دەدات.

ئینجا عیسا خۆی نوێژ بۆ قوتابییەکانی دەکات و دەیانپارێزێت لە شکاندن و جودابوونەوە لە مێوەکە. پێشبینی ئەوەی کرد کە شیمۆن پەترۆس شەوێک پێش مردنی، سێ جار نکۆڵی لە ناسینی دەکات. ئینجا بەوپەڕی دەسەڵاتەوە قسەی لەگەڵ پەترۆس کرد کە دەبێت ببێتە مایەی هاندانی هەموو لایەکمان. «شیمۆن، شیمۆن، شەیتان داوای کردوون تاکو تاقیتان بکاتەوە، وەک گەنم لە بێژنگتان بدات. بەڵام من نوێژم بۆ کردیت تاکو باوەڕت لەدەست نەدەیت. تۆش کە دەگەڕێیتەوە برایانت بەهێز بکە» (لۆقا ٢٢: ٣١- ٣٢). عیسا نوێژی بۆ پاراستنی پەترۆس کرد و دەیزانی کە ئەوە ڕوودەدات. عیسا فەرمووی: «کاتێک کە دەگەڕێیتەوە» نەک «ئەگەر گەڕایتەوە». وەڵامی خودا بۆ نوێژەکەی عیسا زۆر ڕێکوپێک و یەکلاکەرەوە بوو. بەڵێ، باوەڕی پەترۆس لاواز بوو، وە لە ڕێگەی نکۆڵیکردن لە عیسا گوناهی کرد. بەڵام پەترۆس باوەڕەکەی بەتەواوی لەدەست نەدا و لە مێوەکە جودا نەبووەوە. عیسا نوێژی بۆ کرد. وە هیچ هۆکارێك نییە وا بیر بکەینەوە کە بە هەمان شێوە عیسا ئەمڕۆ نوێژ و نزا بۆ ئێمە ناکات.[a]

ئێمە لە جەنگی پەیوەستبوون بە عیساوە ناچالاک و بێدەنگ نین. بەڵام کۆتایی جەنگەکە

---

a هەندێک لە شیکەرەوە و لێکۆڵەرانی کتێبی پیرۆز هاوڕا نین لەسەر ئەوەی کە عیسا شوێنکەوتووانی دەپارێزێت لە ڕێگەی پەیوەستکردنیان بە خۆیەوە. «منم مێوی ڕاستەقینە، باوکیشم ڕەزەوانەکەیە. هەر لقێک لە مندا بەر نەگرێت لێی دەکاتەوە. هەر لقێکیش بەر بگرێت پاکی دەکاتەوە تاکو بەرهەمی زیاتر بدات. ئەوەی بە منەوە پەیوەست نەبێت وەک لق فڕێدەدرێتە دەرەوە، وشک دەبێت و کۆدەکرێتەوە، فڕێدەدرێتە ناو ئاگر و دەسووتێت» (یۆحەنا ١٥: ١- ٢، ٦). ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە ئێمە دەکرێت بەتەواوی بەم مێوە ژیانبەخشەوە پەیوەست بین و دواتر «وشک بین» و «فڕێ بدرێینە نێو ئاگرەوە»؟ پێم وا نییە کە عیسا مەبەستی ئەوەیە، نە تەنها لەبەر ئەو سێ هۆکارەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە لەو باوەڕەدام کە عیسا مەبەستی ئەوەیە کە کەسانی وا هەن وا دەردەکەون کە بەڕاستی بە مێوەکەوە پەیوەستن، بەڵام لەڕاستیدا پەیوەست نین. ئەوا جۆرە پەیوەستبوونێکیان هەیە، بەڵام ڕاستی و ژیانبەخش نییە. یەهودا ڕوونترین نموونەی کار و خزمەتی عیسایە. ئەو بۆ ماوەی سێ ساڵ بە عیساوە پەیوەست بوو: جۆرێک کاریگەری لە دەروونیدا شەپۆلی دەدا و بەرەکەتێکی زۆری لە عیساوە وەرگرت. بەڵام ئەو بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و ژیانبەخش پەیوەست نەبوو بە عیساوە. بۆیە لە کۆتاییدا بڕدرایەوە، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینە نەبڕایەوە، بەڵکو لەو پەیوەستبوونە ناڕاستییە کە بۆ ماوەیەک لەڕاست دەچوو بەڵام ڕاست نەبوو.

ڕوون و ئاشکرایە چونکە لە کۆتاییدا پشت بە ئێمە نابەستێت. عیسا سەردەکەوێت. کەس ناتوانێت ئێمە لە دەستی عیسا دەربهێنێت. عیسا و باوکی لە هەموو کەس و شتێکی دیکە گەورەترن. بۆیە، داواکاری پەیوەستبوون بەوەوە ئەوەیە کە بەردەوام متمانەمان بەو کەسە هەبێت کە متمانەمان پێ دەبەخشێت.

# داواکاریی هەشتەم

# خاچەکەت هەڵبگرە و دوام بکەوە

«ئینجا عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت. ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێناوی من ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، بەدەستی دەهێنێت.» (مەتا ١٦: ٢٤- ٢٥)

«وەرن دوام بکەون، دەتانکەم بە ڕاوکەری مرۆڤ.» (مەرقۆس ١: ١٧)

«منم ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکیی ژیان بەدەستدەهێنێت.» (یۆحەنا ٨: ١٢)

«دوام بکەوە، واز لە مردووان بهێنە با مردووەکانی خۆیان بنێژن.» (مەتا ٨: ٢٢)

«ئەگەر دەتەوێت کامڵ و تەواو بیت، بڕۆ هەرچیت هەیە بیفرۆشە و بیدە هەژاران، ئیتر گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت و وەرە دوام بکەوە.» (مەتا ١٩: ٢١)

عیسای مەسیح مرۆڤ و خودای تەواو بوو (یۆحەنا ١: ١، ١٤). عیسا خودا نەبوو بە ڕووکەش و جلوبەرگی مرۆڤانەوە، بەڵکو مرۆڤێکی تەواو بوو کە جەستە و خوێنی هەبوو، کوڕی دارتاشێک بوو (مەرقۆس ٦: ٣). بۆیە کاتێک کە بە ماسیگر و باجگرەکەی فەرموو: «دوام بکەوە»، گوێڕایەڵییەکەیان جێگیر و چەسپاو بوو، واتە پێیان خستە سەر زەوی و شوێن عیسا کەوتن و بوون بە بەشێک لە دەستەی ڕێبوارانی عیسا.

## شوێنکەوتنی عیسا کاتێک کە خۆی لێرە نییە

بەڵام عیسا دەیزانی کە بۆ هەتاهەتایە لەسەر زەوی نابێت کە شوێنکەوتووی جەستەیی هەبێت. «ئێستا دەچمە لای ئەوەی ناردوومی ... ڕاستیتان پێ دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر نەڕۆم، یارمەتیدەرەکەتان بۆ نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم» (یۆحەنا ١٦: ٥، ٧). عیسا زۆر بەباشی ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەو بزوتنەوە و بزاڤەی خستبوویە ڕێ، لەدوای ئەوی کە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان بۆ لای باوکی، بەردەوام دەبێت. ئەمە پلانی ئەو بوو (بڕوانە داوکاریی چل و پێنجەم).

کەواتە داوکاریی ئەوەی کە شوێنی بکەوین تەنها ئەو کاتە ناگرێتەوە کە عیسا بە جەستە لەسەر زەوی بوو، بەڵکو هەموو کات و سەردەمێک دەگرێتەوە. عیسا لە کۆتایی

ئـەرک و خزمەتـە زەمینییەکەیـدا ئەمـەی ڕوون کـردەوە. عیسـا لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە و کـەم کـەم دەیویسـت بەرزببێتـەوە بـۆ لای بـاوک. عیسـا بـە پەترۆسـی فەرمـوو کـە پـاش ماوەیەک دوای ڕۆیشـتنی بـۆ ئاسـمان، شـەهید دەکرێـت. پەتـرۆس کـە بەلایـەوە جێگـەی پرسـیار بـوو ئاخـۆ تەنهـا ئـەو شـەهید دەبێـت، لـە عیسـای پرسـی کـە چـی بەسـەر یۆحەنـای هاوڕێیـدا دێـت. ئەویـش لـە وەڵامـدا فەرمـووی: «ئەگـەر بمەوێـت دەمێنێتـەوە هەتـا دێمـەوە، بـە تـۆ چـی؟ تـۆ دوام بکـەوە!» (یۆحەنـا ٢١: ٢٢).

لێـرەدا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە «شـوێنکەوتنی عیسـا» دوای ڕۆیشـتنی بـۆ ئاسـمان ڕوودەدات. هەتـا ئـەو کاتـەی کـە عیسـا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر زەوی، چاوەڕێـی ئـەوە لـە قوتابـی و شـوێنکەوتووانی لەسـەر زەوی دەکات کـە شـوێنی بکـەون. کەواتـە شـوێنکەوتنی عیسـا تەنهـا دواکەوتنـی جەسـتەیی لـە ئیسرائیـل لەخـۆ ناگرێـت. عیسـا ئـەم داوایـە ئاراسـتەی هەمـوو کەسـێک لـە هەمـوو وڵاتێـک و لـە هەمـوو تەمەنێکـدا دەکات.

## شوێنکەوتنی عیسا واتە بەشداریکردن لەو کارەی کە هاتووە ئەنجامی بدات

کاتێـک عیسـا بـە پەتـرۆس و ئەندراوسـی فەرمـوو کـە ماسـیگر بـوون: وەرن دوام بکـەون، دەتانکـەم بـە ڕاوکـەری مـرۆڤ» (مەرقـۆس ١: ١٧)، وێنەیەکـی بۆیـان بەکارهێنـا کـە بەسـەر هەمـوو ئەوانـەدا جێبەجـێ دەبێـت کـە دوای دەکـەون. داواکاریـی شـوێنکەوتنی عیسـا، واتـە بەشـداریکردن لـەو کارەی کـە هاتـووە ئەنجامـی بـدات. وە چەندیـن جـار ئـەو کارەی بـۆ دووپـات کردووینەتـەوە: «کـوڕی مرۆڤیـش نەهاتـووە تاکـو خزمـەت بکرێـت، بەڵکـو خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر» (مەرقۆس ١٠: ٤٥). «کـوڕی مـرۆڤ هاتـووە بـەدوای لەناوچوانـدا بگەڕێـت و ڕزگاریـان بـکات» (لۆقـا ١٩: ١٠). «نەهاتـووم ڕاستودروسـتان بانگهێشـت بکـەم، بەڵکـو گوناهبـاران بـۆ تۆبەکـردن» (لۆقا ٥: ٣٢). «مـن هاتـووم تاکـو ئـەوان ژیانیـان هەبێـت، ژیانێکـی پـڕ و تـەواو» (یۆحەنـا ١٠: ١٠). «ئێسـتا خەمبـارم، چـی بڵێـم؟ باوکـە لـەم کاتـە ڕزگارم بکـە؟ نەخێـر بـەڵام مـن بـۆ ئـەم کاتـە هاتـووم. ئـەی بـاوک، نـاوت شـکۆدار بکـە» (یۆحەنـا ١٢: ٢٧- ٢٨).

بـە کورتـی، عیسـا هـات و «لـە جیاتـی گـەل (گەلـی ئیسرائیـل) دەمرێـت، نـەک تەنهـا لـە جیاتـی ئـەو گەلـە، بەڵکـو تاکـو ڕۆڵەکانـی خـودا کـە پەرتـەوازە بـوون کۆبکاتـەوە و یەکیـان بخاتـەوە» (یۆحەنـا ١١: ٥١- ٥٢). هـات بـۆ ئـەوەی گەلێـک کـۆ بکاتـەوە – بـە تایبەتـی هـات بـۆ ئـەوەی گەلێـک کـۆ بکاتـەوە کـە دڵسـۆز و وەفـاداری بـن و شـکۆی بـاوک دەربخـەن – لـە ڕێگـەی مردنـی بـۆ ئـەوەی ڕزگاریـان بـکات لـە گونـاه و بەخشـینی ژیانـی جاویدانـی و خۆشەویسـتییەکی وەکـو هـی خـۆی (یۆحەنـا ١٣: ٣٤- ٣٥). بۆیـە کاتـێ کـە داوامـان لێدەکات دوای بکەویـن، مەبەسـتی

ئەوەیە کە لەو کاری کۆکردنەوەیەدا بەشداری بکەین: «ئەوەی لەگەڵ من کۆناکاتەوە، بڵاو دەکاتەوە» (لۆقا ١١: ٢٣). شوێنکەوتووی بێلایەن بوونی نییە؛ یان بڵاو دەکەینەوە، یاخود کۆ دەکەینەوە. شوێنکەوتنی عیسا واتە بەردەوام بوون لەسەر ئەو کارەی کە عیسا هات بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات - کە ئەویش کۆکردنەوەی گەلێکی وەفادار بوو بۆ دەرخستنی شکۆی باوکی ئاسمانی.

## شوێنکەوتنی عیسا بۆ نێو ئازار و ناخۆشی

بەردەوامبوون لەسەر ئەو کارەی کە عیسا هاتووە ئەنجامی بدات، ئازار و ناخۆشیشی تێدایە. شوێنکەوتنی عیسا واتە بەشداریکردن لە چەوسانەوە و ئازارەکانیدا. کاتێک کە عیسا بانگمان دەکات شوێنی بکەوین، بەتایبەتی تیشک دەخاتە سەر چەوسانەوە و سەختییەکان. ئەو دەزانێت کە بەرەو خاچ دەڕوات و داوای هەمان شتیش لە ئێمە دەکات. ئەو هەموو ژیان و خزمەتەکەی بە جۆرێک ڕێکخستبوو کە بڕوات بۆ ئۆرشەلیم و لەوێ خۆی بکاتە قوربانی. «پێویستە ئەمڕۆ و سبەی و دووسبەی بڕۆم، چونکە نابێت پێغەمبەرێک لە دەرەوەی ئۆرشەلیم بمرێت» (لۆقا ١٣: ٣٣).

بۆیە عیسا «پێداگری کرد لەسەر ڕۆیشتنی بۆ ئۆرشەلیم» (لۆقا ٩: ٥١). وە بەباشی دەیزانی کە لەوێ چی ڕوودەدات. هەموو ئەم شتانە لەلایەن باوکیەوە پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو کە ناردی بۆ سەر زەوی. «ئەوا بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوین، کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات، بڕیاری مردنی دەدەن، دەیدەنە دەست ناجولەکەکان، گاڵتەی پێ دەکەن و تفی لێدەکەن و بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی سێیەمیش هەڵدەستێتەوە» (مەرقۆس ١٠: ٣٣- ٣٤). ئەوە پلانەکەیە - بە ڕادەیەک ئاماژەی بە وردەکارییەکان داوە کە باسی تف لێکردنیش تێدایە.

ئەوە ژیانی عیسا بوو. ئەو دەیزانی کە ئازار و ناخۆشییەکانی ئەو تووشی شوێنکەوتوانیشی دەبێت. «ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە. ئەگەر وشەی منیان پاراستووە، هی ئێوەش دەپارێزن» (یۆحەنا ١٥: ٢٠). کەواتە ئەوەی کە بە ڕوونی لە داوکارییەکەیدا دەبینرێت ئەوەیە کە شوێنی بکەوین بۆ نێو ئازار و ناخۆشی. «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکوڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت» (مەتا ١٦: ٢٤). عیسا تیشک دەخاتە سەر نکوڵی لە خۆ کردن و هەڵگرتنی خاچ.

## بە خۆشییەوە شوێنکەوتنی عیسا نرخ و بەهای بەرزی نیشان دەدات

عیسا نەمرد بۆ ئەوەی ئەم ژیانەمان بۆ ئاسان یان خۆش بکات، بەڵکو مرد بۆ ئەوەی

هەمـوو ئـەو لەپمـەر و ڕێگرییانـە لاببـات کـە لەبـەردەم ئـەو خۆشـییە جاویدانییەدایـە کاتێـک زیاتـر و زیاتـر وەکـو ئەومـان لێدێـت. وە عیسـا بانگـمان دەکات لە ئازار و ناخۆشـییەکانیدا شـوێنی بکەویـن، چونکـە ئـەم ژیانـە سـەختە پـڕ لـە خۆشـییە لەپێنـاوی ئـەودا (مەتـا ٥: ١٢)، نیشـانی دەدات کـە ئـەو لـە هەمـوو پاداشـتە زەمینییـەکان بەهادارتـرە (مەتـا ١٣: ٤٤؛ ٦: ١٩- ٢٠). ئەگـەر تەنهـا لەبـەر ئـەوە شـوێن عیسـا بکەویـت کـە ئێسـتا ژیانـت ئاسـان و خـۆش دەکات، کەسـانی بێبـاوەڕ وا دەتبینـن کـە تـۆش هەمـان ئـەو شـتانەت خۆشـدەوێت کـە ئـەوان خۆشـیان دەوێـت، وە عیسـا تەنهـا هاتـووە بـۆ ئـەوەی بـۆت دەسـتەبەر بـکات. واتـە، جیاوازیـت لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا نابێـت. بـەڵام ئەگـەر لەسـەر ڕێچکـەی خۆشەویسـتیدا، لەگـەڵ عیسـادا ئـازار و ناخۆشـی بچێژێـت، لەبـەر ئـەوەی کـە بەهادارتریـن گەنجینـەی تۆیـە، ئـەوا جیهـان بـۆی دەردەکەوێـت کـە تـۆ دڵـت لەسـەر سـامانێکی تـەواو جیاوازتـرە لـە هـی ئـەوان. لەبـەر ئەمەیـە کـە عیسـا داوامـان لـێ دەکات کـە نکۆڵـی لـە خۆمـان بکەیـن و خاچەکەمـان هەڵبگریـن و دوای بکەویـن.

## ئازار و ناخۆشی لەپێناو عیسادا کاتییە، بەڵام چێژ و خۆشی بەهۆی عیساوە هەتاهەتایی و جاویدانییە

بێگومـان ئـازار و ناخۆشـی کاتییـە و عیسـا بانگـی نەکردوویـن کـە هەتاهەتایـە ئـازار بچێژیـن. لەڕاسـتیدا عیسـا لەدەسـت ئـازار و نەهامەتییـەکان ڕزگارمـان دەکات. «ئـەوەی ژیانـی خـۆی خۆشـدەوێت دەیدۆڕێنێـت، بـەڵام ئـەوەی لـەم جیهانـەدا ڕقـی لـە ژیانـی خـۆی دەبێتـەوە، ئـەوا بـۆ هەتاهەتاییـە ژیانـی دەپارێزێـت» (یۆحەنـا ١٢: ٢٥). «ئـەوەی بیەوێـت ژیانـی خـۆی ڕزگار بـکات، دەیدۆڕێنێـت، بـەڵام ئـەوەی لـە پێنـاوی مـن و مزگێنییەکـەم ژیانـی خـۆی بدۆڕێنێـت، ڕزگاری دەکات» (مەرقۆس ٨: ٣٥). ئازارچەشـتن بـۆ عیسـا کاتییـە. خۆشـی و چێـژ بەهـۆی عیسـاوە هەتاهەتایـی و جاویدانییـە. کاتێـک پەتـرۆس گوتـی (پێدەچێـت هەندێـک بەزەیـی بـۆ خـۆدا هاتنەوەشـی تێـدا بووبێـت): «ئەوەتـا ئێمـە وازمـان لە هەمـوو شـتێک هێنـاوە و دوات کەوتووین، ئێمـە چیمـان بـۆ دەبێـت؟» عیسـاش بەبـێ هیـچ دوودڵییـەک فەرمـووی: «هەرکەسـێکیش لەبـەر نـاوی مـن، مـاڵ، بـرا، خوشـک، دایـک، بـاوک، ژن، منـداڵ یـان کێڵگـەی بەجێهێشـتووە، سـەد ئەوەنـدە وەردەگرێتـەوە و ژیانـی هەتاهەتاییـش بـە میـرات وەردەگرێـت» (مەتـا ١٩: ٢٧، ٢٩). بـە واتایەکـی دیکـە، لـە شـوێنکەوتنی عیسـادا، هیـچ قوربانییەکـی هەتاهەتایـی بوونـی نییـە. «تـۆش لـە هەسـتانەوەی ڕاستودروسـتان پاداشـت دەدرێیتـەوە» (لۆقـا ١٤: ١٤). «لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە» (مەتـا ٥: ١٢).

تەنانـەت پێـش ئاسـمان، خۆشـی لـە کۆتایـی ڕێگەیەکـی سـەختدا بـوو کـە لـە مردنـەوە بـەرەو زیندووبوونـەوە دەچـوو. ناتوانیـن هیـچ شـتێک بـەراورد بکەیـن بـە خۆشـی لـە ڕووناکیـدا ڕۆیشـتن، کـە پێچەوانـەی بـە تاریکیـدا ڕۆیشـتنە ئەگـەر بەبـێ عیسـا بیـن. عیسـا فەرمـووی: «منـم

ڕووناکـی جیهـان. ئـەوەی دوام بکەوێـت هەرگیـز بـە تاریکیـدا نـاڕوات، بەڵکـو ڕووناکیـی ژیـان بەدەسـتدەهێنێت» (یۆحەنـا ٨: ١٢). بێگومـان شـوێنکەوتنی عیسـا چەوسـانەوە و مردنـی تێدایـە، بـەڵام ڕێچکەکـە بـە ژیـان و ڕاسـتی ڕوونـاک کراوەتـەوە. عیسـا بەڵێـن دەدات: «دڵنیابـن مـن هەمـوو ڕۆژێـک لەگەڵتانـم، هەتـا کۆتایـی زەمـان» (مەتـا ٢٨: ٢٠). وە عیسـا لەهـەر شـوێنێک بێـت، خۆشـی و دڵشـادی لەوێیـە - خۆشـی لـە دڵتەنگیـی ئێسـتا و دڵخۆشـیی هەتاهەتایـی. «ئـەم شـتانەم پـێ گوتـن تاکـو خۆشـیی منتـان تێدابێـت و خۆشـیتان پـڕ و تـەواو بێـت» (یۆحەنـا ١٥: ١١).

## دابڕان لە خەڵك

هــەر لەبــەر ئەوەیــە کــە ئــەو دابڕانانــەی کــە بەهــۆی شــوینکەوتنی عیســاوە ڕوودەدەن کارەسـاتبار نیـن. پچڕانـی پەیوەندییەکانـی هەیـە لەگـەڵ خەڵـک و مـاڵ و موڵـک و ئیـش و کارەکەمـان. عیسـا بـە چەندیـن ڕێـگای سەرسـامکەر وەسـفی ئـەو بـاج و بەهایانـە دەکات کـە ئێمـە دەبێـت بیدەیـن کـە پەیوەنـدی بـە خەڵکـەوە هەیـە. «دوام بکـەوە، واز لـە مـردووان بهێنـە بـا مردووەکانـی خۆیـان بنێـژن» (مەتـا ٨: ٢٢). «ئەگـەر یەکێـک بێتـە لام و ڕقـی لـە دایـک و باوکـی، ژن و منداڵـی، بـرا و خوشـکەکانی نەبێتـەوە، بگـرە لـە خۆشـی، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن» (لۆقـا ١٤: ٢٦). بـە واتایەکـی دیکـە، شـوێنکەوتنی عیسـا ئەوەنـدە گرنگـە کـە دەبێـت هەڵسـوکەوت و ئاکارگەلێکمان هەبێـت کـە هەنـدێ کات جیهـان ڕقـی لێدەبێتـەوە. مـن ئەمـەم لـە ژیانـی مزگێنیدەرانـدا بینیـوە کاتێـک کـە بـژاردەی زۆر سـەخت و ناخهەژێنیـان هەڵبـژاردووە. دەبینیت کـە منداڵەکانیـان دەبەنـە شـوێنی مەترسیدار و بـاوک و دایکـی پیریـان بەجـێ دەهێڵـن و پێناچێـت جارێکـی دیکـە لەسـەر زەوی چاویـان بـە یەکـتر بکەوێتـەوە. هەندێـک کـەس بەمـە دەڵێـن دڵڕەقـی، بـەڵام عیسـا چـاوی لەسـەر گـەل و نەتەوەکانـە و ئـەو داوکارییـەی کـە خۆشەویسـتی دەتوانێـت ئەنجامـی بـدات.

## دابڕان لە ماڵ و موڵک

شـوێنکەوتنی عیسـا پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ مـاڵ و موڵکیشـدا دادەبڕێـت. جارێکیـان پیاوێکـی گەنج هەبـوو کـە مـاڵ و سـامانەکەی زۆر خۆشدەویسـت. بۆیـە عیسـا لـە ڕێگـەی ئـەم داواکارییـەوە لـە دڵـی بتپەرسـتییەکەی دا و فەرمـووی: «ئەگـەر دەتەوێـت کامـڵ و تـەواو بیـت، بـڕۆ هەرچیـت هەیـە بیفرۆشـە و بیـدە هـەژاران، ئیـتر گەنجینەیەکـت لـە ئاسـماندا دەبێـت و وەرە دوام بکـەوە» (مەتـا ١٩: ٢١، بڕوانـە داوکاریـی بیسـتەم). ئەگـەر شـتێک ببێتـە ڕێگـر لەبـەردەم شـوێنکەوتنی عیسـادا، دەبێـت لایببەیـن و نەیهێڵیـن.

بێگومـان ئـەو داوکارییە تەنها تایبـەت نییـە بـە دەوڵەمەنـدەکان، بەڵکـو بـۆ هەمووانـە: «هـەر یەکێکتـان ئەگـەر واز لـە هەمـوو شـتێک نەهێنێـت کـە هەیەتـی، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن»

(لۆقا ١٤: ٣٣). ڕەتکردنـەوەی ئـەوەی کـە هەتـە لەوانەیـە هەمیشـە فرۆشـتنی هەمـوو مـاڵ و موڵکـت نەگرێتـەوە. عیسـا فەرمانـی بـە زەکا کـرد کـە نیـوەی سـامانەکەی بە هـەژاران ببەخشـێت (لۆقا ١٩: ٨- ٩). بـەڵام بێگومـان ڕەتکردنـەوە تـەواوی مـاڵ و سـامانت واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت ئـەوەی کـە هەمانـە بەتـەواوی لەبەردەسـت عیسـادایە بـۆ ئـەو مەبەسـتانەی کـە دڵخۆشـی دەکـەن، وە نابێـت هەرگیـز ببێتـە لەمپـەر لەبـەردەم گوێڕایەڵـی تـەواوی فەرمانـی خۆشەویسـتی.

## دابڕان لە ئیش و کار

ئینجـا دابڕانێـک هەیـە کـە شـوێنکەوتنی عیسـا دەیهێنێتـە نێـو ئیـش و کارەکەمانـەوە. کاتێـک کـە عیسـا داوای لـە دوازدە کەسـە کـرد شـوێنی بکـەون، هیـچ کامیـان شـوێنکەوتووی پسـپۆڕ و شـارەزا نەبـوون، بەڵکـو ماسـیگر و باجگـر و شـتی دیکـە بـوون. ئـەو قوتابییانـە ئیشـیان هەبـوو. بەڕاسـتی سەرسـوڕهێنەرە کـە شـتێکی وەکـو ئەمـە ڕوویـدا: «(عیسـا) لـە کاتـی ڕۆیشـتنیدا، لێڤـی کـوڕی حەلفـی بینـی لـە شـوێنی باجگـری دانیشـتبوو، پێـی فەرمـوو: دوام بکـەوە. ئەویـش هەسـتا و دوای کـەوت» (مەرقـۆس ٢: ١٤). ڕێـک بـەو سادەییە! ڕاسـتە بـۆ زۆربـەی ئێمـە ئەوهـا ئاسـان نەبـووە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە کـە ڕوویـداوە.

وە دەکرێـت ئـەوە بەسـەر تۆشـدا بێـت. بێگومـان نابێـت هەمـوو کەسـێک ئیشـەکەی بەجێبهێڵێـت و شـوێن عیسـا بکەوێـت. کاتێـک کەسـێک دەیویسـت نیشـتمانەکەی بەجێبهێڵێـت و شـوێن عیسـا بکەوێـت، عیسـا پێـی فەرمـوو: «بگەڕێـوە نـاو مـاڵ و کەسـوکارەکەت، بۆیـان بگێـڕەوە پـەروەردگار چـی بـۆت کـردووە و چـۆن بەزەیـی پێتـدا هاتـەوە» (مەرقـۆس ٥: ١٩). کەواتـە زۆربەمـان دەبێـت لـە شـوێنی خۆمـان بمێنینـەوە و بـە هەمـوو ئـەو ڕێـگا پـڕ لـە خۆشەویسـتییانەی کـە حاڵـەت و پەیوەندییەکانمـان داوای دەکـەن، شـوێن عیسـا بکەویـن.[a] بـەڵام نـەک هەموومـان، بەڵکـو زۆربەمـان. بـۆ هەندێـک کـەس (لەوانەیـە بـۆ تـۆ کـە ئێسـتا ئـەم پەڕتووکـە دەخوێنیتـەوە)، شـوێنکەوتنی عیسـا بـە واتـای دابـڕان و لەدەسـتدانی ئیش و کارەکـەت بێـت. مەترسـە کـە دوور لـە شـتە ئاشـنا و نـاسراوەکان، شـوێن عیسـا بکەویـت.

## شوێنکەوتنی عیسا باج و بەهای دەوێت بەڵام شایانیەتی

عیسـا نایەوتـێ فێڵـمان لـێ بـکات و بـە بیانـووی هەندێـک بەڵێنـەوە کارێـک بـکات شـوێنی بکەویـن. ئـەو زۆر بـە ڕوونـی باسـی بـاج و بەهاکانـی کـردووە. لەڕاسـتیدا هانـت دەدات کـە باجـەکان لەبەرچـاو بگریـت. «»کـێ لـە ئێـوە ئەگـەر بیەوێـت قوڵلەیـەک دروسـتبکات، یەکـەم

---

a بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گوێڕایەڵی بۆ عیسا لە شوێنی کاری سێکیولاردا، بڕوانە ئەم پەڕتووکەی دیکەی نووسەر: Cross- :.Making Much of Christ from 8 to 5” in John Piper, *Don’t Waste Your Life* (Wheaton, Ill” .way Books, 2003), 131-154

جـار دانانیشـێت و خەرجییەکـەی ناخەمڵێنێـت، ئاخـۆ ئەوەنـدەی هەیـە بـۆ تەواوکردنـی؟ ... یـان چ پاشـایەک دەچێتـە شـەڕی پاشـایەکی دیکـە و یەکـەم جـار دانانیشـێت و ڕاوێـژ نـاکات، ئایـا بـە دە هـەزار کەسـەوە دەتوانێـت بەرەنـگاری ئـەوە ببێتـەوە کـە بـە بیسـت هـەزارەوە دێتـە سـەری؟» (لۆقـا ١٤: ٢٨، ٣١). بـا بانگهێشـتی شـوێنکەوتنی عیسـا ڕوون و دروسـت بێـت. «لـە جیهانـدا تووشـی تەنگانـە دەبـن. بـەڵام ورەتـان بـەرز بێـت، مـن جیهانـم بەزانـدووە» (یۆحەنـا ١٦: ٣٣). بێگومـان شـوێنکەوتنی عیسـا بـاج و بەهایەکـی زۆری دەوێـت، بـەڵام شـایانیەتی.

# داواکاریی نۆیەم

## بە هەموو دڵ و گیان و بیر و هزرتەوە خودات خۆشبوێت

«عیسا وەڵامی دایەوە: لە هەموویان گرنگتر ئەمەیە: ئەی ئیسرائیل گوێ بگرن، یەزدانی پەروەردگارمان یەک یەزدانە، جا بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیر و بە هەموو تواناتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ.» (مەرقۆس ١٢: ٢٩- ٣٠)

«بەڵام قوڕبەسەرتان فەریسییەکان، ئێوە دەیەکی پونگ و ڕازیانە و هەموو سەوزەوات دەدەن، بەڵام دادپەروەری و خۆشەویستی خودا پشتگوێ دەخەن. پێویستە ئەمانە پەیڕەو بکەن و ئەوانەی دیکەش پشتگوێ نەخەن.» (لۆقا ١١: ٤٢)

«بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشەویستی خوداتان لە دڵدا نییە. بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پێشوازیم لێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پێشوازی لێدەکەن.» (یۆحەنا ٥: ٤٢- ٤٣)

عیسا هات تاکو ئەو پەیوەندییەی کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خودا لە سەرەتادا بۆی دروست کرابوون، چاک بکاتەوە. گرنگترین شت کە عیسا دەربارەی ئەو پەیوەندییە چاکبووەوە لەگەڵ خودا دەفەرموێت ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوە دروستکراوین کە بە هەموو دڵ و گیان و بیر و هێزمانەوە خۆشمان بوێت. عیسا باوەڕی وابوو کە خۆشویستنی خودا بە واتای خۆشویستنی شوناسی ڕاستەقینەی ئەو دێت، بۆیە وێنە و ئاشکراکردنی ناسنامەی خودا لە ڕێگەی هەموو قسەکانی عیساوە بەدی دێت.

### خودا بناسە و بەهۆی خودابوونیەوە خۆشت بوێت

خودا بەدیهێنەرە. ئەو مرۆڤەکانی بەدیهێناوە (مەتا ١٩: ٤)، هەروەها تەواوی گەردونیشی بەدیهێناوە (مەرقۆس ١٣: ١٩). ئەو هەموو بەدیهێنراوەکانی جێگیر و چەسپاو دەکات و تەنانەت وردەکاری باڵند و گوڵی سەوسەنی لەژێر دەستیدایە. «ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی» (مەتا ١٠: ٢٩؛ بەراوردی بکە بە ٦: ٣٠). ئەو خودایەکی دانا (لۆقا ١١: ٤٩)، ڕاستودروست (مەتا ٦: ٣٣)، دەسەڵاتدار (لۆقا ١٥: ٢٠)، تووڕە (یۆحەنا ٣: ٣٦)، خاوەن بەزەیی (لۆقا ١٥: ٢٠) و پڕ لە خۆشەویستییە (یۆحەنا ٣: ١٦). ئەو خاوەنی کەسایەتی و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، واتە تەنها هێز و توانا نییە و دەکرێت وەکو باوکێک بیناسین کە ئێمەی وەکو ڕۆڵەی خۆی خۆشدەوێت (یۆحەنا ١: ١٢؛ ١٦: ٢٧). عیسا داوامان لێدەکات و دەفەرموێت: «ئەم خودایەتان

خۆشبوێت. بە هەموو بوونتانەوە خوداتان بە هەموو بوونیەوە خۆشبوێت».

بۆ ئەوەی بتوانین خودامان خۆشبوێ، دەبێت بیناسین. خودا بەبێ خۆشەویستی بێ بنەما شکۆدار نابێت. لەڕاستیدا، شتی وا هەر نییە. ئەگەر شتێکی ئەوتۆ لەبارەی خوداوە نەزانین، ئەوا هیچ شتێک لە مێشکماندا نییە کە خۆشەویستی بەخەبەر بێنێتەوە. ئەگەر خۆشەویستی لە ناسینی خوداوە سەرچاوە نەگرێت، ئەوا هیچ سوودێک لەوەدا نییە کە پێی بڵێین خۆشەویستنی خودا. لەوانەیە هەندێک سەرنجی ناڕوون لەنێو دڵمان و هەندێک سوپاسگوزاری ناجێگیر لە دەروونماندا پەنگ بخواتەوە، بەڵام ئەگەر لە ناسینی خوداوە سەرچاوە نەگرن، ئەوا خۆشویستنی خودا ناگرێتەوە.

## عیسا: ئاشکراکردنی خودا، تاقیکردنەوەی خۆشەویستیمان بۆ خودا

بۆیە، عیسا هات بۆ ئەم جیهانە بۆ ئەوەی خودامان پێ بناسێنیت، تاکو بەڕاستی خۆشمان بوێت. عیسا بە قوتابییەکانی فەرمووو:

«ئەگەر ئێوە منتان بناسیایە، باوکیشمتان دەناسی. لە ئێستاوە دەیناسن و بینیوتانە. فیلیپۆس پێی گوت: گەورەم، باوکمان پیشان بدە و بەسمانە. عیساش پێی فەرموو: فیلیپۆس، ئایا ماوەیەکی درێژە لەگەڵتانم و نەتناسیوم؟ ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە. ئیتر چۆن دەڵێی: باوکمان نیشان بدە؟» (یۆحەنا ١٤: ٧- ٩).

عیسا ئەوەندە بەجوانی خودامان بۆ ئاشکرا دەکات کە قبوڵکردنی عیسا دەبێتە تاقیکردنەوەی خۆشویستنی خودا و قبوڵکردنی وەکو باوکمان. «ئەگەر خودا باوکتان بووایە، منتان خۆشدەویست» (یۆحەنا ٨: ٤٢). ئەگەر عیسامان نەبێت، ئەوا خوداشمان نابێت. عیسا خۆی کردە پێوەری ناسین و خۆشویستنی خودا. «بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشەویستی خوداتان لە دڵدا نییە. بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پێشوازیم لێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پێشوازی لێدەکەن. چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن ئەگەر شکۆمەندی لە یەکتری وەربگرن و داوای ئەو شکۆمەندییە نەکەن کە لە تاکە خوداوەیە؟» (یۆحەنا ٥: ٤٢- ٤٤).

بە واتایەکی دیکە، عیسا بە ئەندازەیەک ڕەنگدانەوەی خودایە و دەبێتە مایەی شکۆدارکردن و مەزن دەرخستنی خودا، کە نکۆڵیکردن لە عیسا بە واتای نکۆڵیکردن لە خودا دێت. عیسا دەزانێت کە ڕکابەرەکانی «خۆشەویستی خودایان لە دڵدا نییە» چونکە ئەویان قبوڵ نەکرد و باوەڕیان پێی نەهێنا. « ئەوەش من ڕەت دەکاتەوە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە منی ناردووە» (لۆقا ١٠: ١٦). ئەگەر خودایان خۆشبویستبا، ئەویان خۆشدەویست. عیسا زیاتر لە هەر ئاشکراکردن و بینینێک خودای ڕوونتر دەرخستووە. بۆیە، ناکرێت بڵێی خودام خۆشدەوێت بەڵام عیسا ڕەت دەکەمەوە.

## «ناوی تۆم بۆ ئاشکرا کردن»

هـەر بۆیـە، ئەگـەر خودامـان خۆشـدەوێت، دەبێـت بـەو جـۆرە بیناسـین کـە لـە عیسـادا خـۆی دەرخسـت. پێـش هاتنـی عیسـا، خـودا خۆشەویسـتی بەخەبـەر هێنـا لـە ڕێگـەی ئاشـکراکردنی خـۆی لـە وشـەکانیدا - کـە هەمیشـە بـەرەو عیسـامان دەبـات. عیسـا فەرمـووی: «نـووسراوە پیـرۆزەکان دەپشـکنن، چونکـە وادەزانـن ژیانـی هەتاهەتایـی بـۆ ئێـوە تێدایـە. ئـەم نووسراوانـەش شـایەتیم بـۆ دەدەن» (یۆحەنـا ٥: ٣٩). بـەڵام ئێسـتا کـە عیسـا هاتـووە، ئـەوە ئاشـکراکردنی خودی عیسـایە کـە خۆشەویسـتی بـۆ خـودا بەخەبـەر دێنێتـەوە. «کـەس بـاوک ناناسـێت تەنهـا کوڕەکـە و ئـەو کەسـانە نەبێـت کـە کوڕەکـە دەیـەوێ بۆیانـی ئاشـکرا بـکات (مەتـا ١١: ٢٧).

عیسـا ئـەم کارەی بـۆ قوتابییەکانـی ئەنجـام دا. عیسـا پـێ ناسـاندن. عیسـا لـە نوێژەکەیـدا کـە لـە (یۆحەنـا ١٧)دا هاتـووە، دەفەرموێـت: «نـاوی تـۆم پـێ ناسـاندن و پێیـان دەناسـێنم» (یۆحەنـا ١٧: ٢٦). ئەمـە بەدیهێنانـی پێشـبینییەکی لەمێژینـەی شـەریعەتی موسـایە: «یەزدانـی پەروەردگارتـان دڵـی خۆتـان و دڵـی نەوەکەتـان خەتەنـە دەکات، تاکـو یەزدانـی پەروەردگارتـان پـڕ بـە دڵ و لـە ناختانـەوە خۆشـبوێت بـۆ ئـەوەی بژیـن» (دواوتـار ٣٠: ٦). عیسـا بەدیهێنـەری ئـەو پێشـبینییەیە. کەواتـە، بەبـێ ئاشـکراکردنی عیسـا ناتوانیـن خودامـان خۆشـبوێت کـە دڵـمان بـۆ ناسـینی خـودا دەگۆڕێـت و وا دەکات وەکـو جوانییەکـی قایلکـەر ببینیـن.

## بینین و چەشتنی خودا وەکو جوانییەکی قایلکەر

هـۆکاری بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی «جوانـی قایلکـەر» بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە پێداگـری لەسـەر دوو شـت بکـەم. یەکەمیـان ئەوەیـە کـە خۆشویسـتنی خـودا تەنهـا بڕیارێـک نییـە و هیچـی دیکـە. تـۆ ناتوانیـت هـەر ئەوهـا بڕیـار بدەیـت کـە حـەزت لـە مۆسـیقای کلاسـیک یـان مۆسـیقای جـاز بێـت، هەتـا بـە خـودا دەگات. پێویسـتە مۆسـیقا قایلکـەر بێـت. ئەگـەر خۆشـت نەوێـت، ئـەوا دەبێـت شـتێک لـە ناختـدا بگۆڕدرێـت. ئـەو گۆڕانکارییـە وا دەکات کـە مێشـک بـە هەسـتێکی قایلکەرانـەی پـڕ لـە سـەرنجەوە تامـی ئـەو مۆسـیقایە بـکات و تاقـی بکاتـەوە. بـۆ خـوداش هەمـان شـتە. تـۆ هـەر ئەوهـا بڕیـار نادەیـت کـە خـودات خـۆش بوێـت. شـتێک لـە دەروونتـدا دەگۆڕدرێـت، وە لـە ئەنجامـدا خـودا بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش قایلکـەر دەبێـت لەبەرچـاوت. شـکۆ و جوانییەکـەی قەناعەتـت پـێ دەهێنێـت کـە خۆشـت بوێـت و پەسـەندی بکەیـت.

وە شـتی دووەم کـە لـە ڕێگـەی ئـەو دەسـتەواژەیە تیشـکی بخەمـە سـەر، ئەوەیـە کـە خۆشویسـتنی خـودا لـە بنەڕەتـدا ئـاکار و هەڵسـوکەوت نییـە، بەڵکـو هەسـت و سـۆزە - کـردار نییـە بەڵکـو خۆشـییە. شـکۆی خـودا دەبێتـە ئەوپـەڕی چێـژ و خۆشـیی ئێمـە. کـەم کـەم وامـان لێدێـت کـە دەمانەوێـت زیاتـر لـە هـەر کەسـێکی دیکـە بناسـین و ببینیـن و لەگەڵـی بیـن و

وەکـو ئـەو بیـن. چەندیـن هـۆکاری گرنـگ هـەن کـە وا دەکـەن باوەڕمـان بـەوە هەبێـت کـە خۆشویســتنی خـودا هەســت و ســۆزە نـەک ئـاکار و هەڵســوکەوت.

## یەکەم جار خۆشەویستی خودا، ئینجا خۆشویستنی دراوسێکەمان

یەکـەم و پێـش هەمـوو شـتێک، عیسـا فەرمـان و ڕاسـپاردەی یەکـەم و دووەمـی لـە یەکـتر جـودا کـردەوە. «بـە هەمـوو دڵ و بـە هەمـوو گیـان و لـە هەمـوو بیرتانـەوە یەزدانـی پەروەردگارتـان خۆشـبوێ. ئەمـە گرنگتریـن و یەکـەم ڕاسـپاردەیە. دووەمیشـیان وەک ئـەو وایـە: نزیکەکـەت وەک خـۆت خۆشـبوێت» (مەتـا ٢٢: ٣٧- ٣٩). کەواتـە، خۆشویسـتنی خـودا ناکرێـت وەکـو خۆشویسـتنی دراوسـێکەت پێناسـە بکرێـت، چونکـە دوو شـتی جیـاوازن. یەکـەم جـار خۆشویسـتنی خـودا، ئینجـا خۆشویسـتنی دراوسـێکەمان. ڕاسـپاردەی یەکـەم سـەرەکییە و پشـت بە هیـچ گوێڕایەڵییەکـی گەورەتر نابەسـتێت. دووەم ڕاسـپاردە بـە ئەنـدازەی یەکـەم گرنـگ نییـە و پشـت بـە خۆشویسـتنی خـودا دەبەسـتێت. ئـەو دوو ڕاسـپاردەیە لـە یەکـتر جـودا نیـن، چونکـە ئەگـەر لە دڵـەوە خودات خۆشـبوێت ئـەوا خەڵکیشـت خۆشـدەوێت. بـەڵام لـە یەکـتر جیـاوازن. ئەمـەش واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە خۆشویسـتنی کەسـانی دیکـە، ئامـرازی سـەرەکی خۆشویسـتنی خـودا نییـە. خۆشویسـتنی کەسـانی دیکـە بەرهـەم و کاریگـەری خۆشویسـتنی خودایـە. خۆشویسـتنی خـودا ڕێـگای هەڵسـوکەوتکردن نییـە لەگـەڵ خەڵـك. خۆشویسـتنی خـودا پەسـەندکردن و دڵشـادییەکی زۆرە بەهـۆی خـوداوە.

## «دڵیان لە منەوە دوورە»

دووەم، کاتێـک کـە فەریسـییەکان ڕەخنەیـان لـە ئازادیـی قوتابییەکانـی عیسـا دەگـرت، فەرمووی: «ئیشـایای پێغەمبـەر سـەبارەت بـە ئێـوەی دووڕوو پێشـبینی باشـی کـردووە، وەک نـووسراوە: ئـەم گەلـە هـەر بـە دەم ڕێـزم لـێ دەگـرن، بـەڵام دڵیـان لێـم دوورە. بەخۆڕایـی دەمپەرسـتن، تەنهـا ڕاسـپاردەی مرۆڤانـە فێـری خەڵـک دەکـەن» (مەرقـۆس ٧: ٦- ٧). عیسـا فەرمـووی کـە کرداری و هەڵسـوکەوتی دەرەکـی کرۆکـی و جەوهـەری پەرسـتن نییـە. ئـەوان جەوهـەری خۆشەویسـتی نیـن. ئـەوەی کـە لـە دڵـدا دەگوزەرێـت گرنگە و جێگـەی بایەخـە. کرداری و هەڵسـوکەوت کاتێک دەبنـە جێگـەی ڕەزامەنـدی و دڵخۆشـی یـەزدان ئەگـەر هاتـوو لـە دڵێکـەوە سـەرچاوە بگرێـت کـە دڵخۆشـی و شـادی خـۆی لـە یەزدانـدا ببینێتـەوە – واتـە، کاتێـک کـە ئـەو هەڵسـوکەوتە لـە خۆشەویسـتییەوە بـۆ خـودا سـەرچاوە بگرێـت.

## پێچەوانەی خۆشویستنی خودا بریتییە لە ڕق و پشتگوێخستن

سـێیەم، عیسـا فەرمـووی: «کـەس ناتوانێـت کۆیلایەتـی دوو گـەورە بـکات، چونکـە ڕقـی لـە یەکێکیـان دەبێتـەوە و ئـەوەی دیکـەی خۆشـدەوێت، یـان دەسـت بـە یەکێکیانـەوە دەگرێـت

و ئـەوەی دیکـە پشـتگوێ دەخـات. ئێـوەش ناتوانـن کۆیلـەی خـودا و پـارە بـن» (مەتـا ٦: ٢٤). پێچەوانـەی خۆشویسـتنی خـودا بریتییـە لـە ڕق و پشتگوێخسـتن. ئەمانـە وشـەی بەهێـزی سـۆزدارین. دەریدەخـەن کـە هاوتـا ئەرێنییەکانیشـیان، وشـەی بەهێـزی سـۆزدارین. کەواتـە، خۆشویسـتنی خـودا هەسـتێکی دەروونـی بەهێـزە، نـەک تەنهـا هەڵسـوکەوت و کارێکـی سـادەی دەرەکـی. بـەڵام ئێسـتا لەوانەیـە کەسـێک بڵێـت کـە «خزمەتکـردن» کلیلەوشـەی ئـەو ئایەتەیـە و دەریدەخـات کـە خۆشویسـتنی خـودا واتـە خزمەتکردنـی خـودا. بـەلام لەڕاسـتیدا ئایەتەکـە شـتی وا ناڵێـت. دەڵێـت هـۆکاری ئـەوەی کـە تـۆ ناتوانیـت خزمەتـی دوو گـەورە بکەیـت (خـودا و پـارە) ئەوەیـە کـە لـە پشـت هەڵسـوکەوتی خزمەتکردنـەوە دوو حـەز و ئـارەزووی تـەواو پێچەوانـەی یەکـتر هـەن: خۆشەویسـتی بەرامبـەر ڕق، دەسـتپێوەگرتن بەرامبـەر پشتگوێخسـتن. عیسـا خۆشویسـتنی خـودا یەکسـان نـاکات بـە خزمەتکردنـی خـودا، بەڵکـو ڕیشـەی خزمەتکردنـی خـودا بـۆ خۆشویسـتنی خـودا دەگێڕێتـەوە.

## نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس داوای نیشانە دەکەن

چـوارەم، کاتێـک فەریسـییەکان کـە خـودا و عیسـایان خۆشنەدەویسـت، بـە عیسـایان گـوت: «مامۆسـتا، دەمانـەوێ نیشـانەیەکت لـێ ببینیـن» (مەتـا ١٢: ٣٨)، عیسـا بـە جۆرێـک وەڵامـی دانـەوە کـە سروشـتی خۆشویسـتنی خـودای ڕوون کـردەوە. عیسـا فەرمـووی: «نەوەیەکـی بـەدکار و داوێنپیس داوای نیشـانە دەکات، بـەڵام نیشـانەی نادرێتـێ، جگـە لـە نیشـانەی یونسـی پێغەمبـەر» (مەتـا ١٢: ٣٩). بۆچـی فەرمـووی «داوێنپیـس» داوای نیشـانە دەکات؟ چونکـە خـودا هاوسـەری ئیسرائیـل بـوو (حزقێیـل ١٦: ٨)، وە عیسـا خودایـە و هاتـووە بـۆ ئـەوەی هاوسـەرە ناپـاک و نادڵسـۆزەکەی چـاک بکاتـەوە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە عیسـا خـۆی بـە زاوا شـوبهاند (مەتـا ٢٥: ١ هەتـا کۆتایـی).

بۆچـی ژنێـک (ئیسرائیـل کـە لـە لایـەن ڕابەرەکانیـەوە نوێنەرایەتـی دەکرێـت) لەبـەردەم هاوسـەرەکەیدا دەوەسـتێت (عیسـا) و داوای نیشـانە لە هاوسـەرەکەی دەکات؟ عیسـا دەفەرموێت کـە ئـەم پرسـیارە لـە نەزانییـەوە نییـە، بەڵکـو لـە دڵێکـی داوێنپیسـەوەیە. بـە واتایەکـی دیکـە، ئیسرائیـل هاوسـەرەکەی خۆشـناوێت. ئـەو داوکارەکانـی دیکـەی خۆشـدەوێت - وەکـو ستایشـی پیـاوان (مەتـا ٢٣: ٦) و پـارە (لۆقـا ١٦: ١٤). ئەمـە لەبـارەی داواکاریـی عیسـا بـۆ خۆشویسـتنی خـودا، فێرمـان دەکات کـە ئـەو خۆشەویسـتییە وەکـو خۆشەویسـتی ژنێکـی دڵسـۆز و پاکـە بـۆ هاوسـەرەکەی - نـەک تەنهـا هەڵسـوکەوتی دەرەکـی بەڵکـو میهرەبانـی و پەسـەندکردن و خۆشـییەکی قووڵـی دەروونـی. ئەمـە دەبێـت لـە نموونـەی خزمەتکردنـی کۆیلـەدا نەبینرێـت، بەڵکو لـە نموونـەی گۆرانـی گۆرانییەکانـدا: «شـاد و دڵخـۆش دەبیـن پێـت، لـە شـەراب زیاتـر یادی ئەوینـی تـۆ دەکەینـەوە. بەڕاسـتی تۆیـان خۆشـدەوێ» (گۆرانـی گۆرانییـەکان ١: ٤).

## به دڵ و گیان و بیر و هێز

کاتێـک کـە عیسـا داوامـان لێـدەکات بـە هەمـوو دڵ و گیـان و بیـر و هێزمانـەوە خودامـان خۆشبوێت، مەبەستی ئەوەیـە کـە هەمـوو بەهـرە و توانایەکـی بوونمـان دەبێـت کامڵـی و تەواویی هەسـت و سـۆزمان بـۆ خـودا دەربخـات - کامڵـی و تـەواوی هەمـوو ئـەو ڕێگایانـەی کـە ئێمـە بایەخـی پـێ دەدەیـن. ئـەم چـوار بەهـرە و تواناییانـە واتاکانیـان زۆر لـە یەکـەوە نزیکـن: دڵ و گیـان و بیـر و هێـز، بـەڵام بیرمـان نەچێـت کـە هاوواتـا نیـن. «دڵ» تیشـک دەخاتـە سـەر ناوەنـدی ژیانـی سـۆزداریمان بەبـێ پشتگوێخسـتنی بیروبۆچوونەکانمـان (لۆقـا ١: ٥١). «گیـان» تیشـک دەخاتـە سـەر ژیانمـان بـە گشـتی، هـەر چەنـدە هەندێـک جـار لـە جەسـتە جیـا دەکرێتـەوە (مەتـا ١٠: ٢٨). «بیـر» تیشـک دەخاتـە سـەر توانـای بیرکردنەوەمـان. وە «هێـز» تیشـک دەخاتـە سـەر توانـای هـەوڵ و تێکۆشـانێکی زۆری جەسـتەیی و دەروونـی (مەرقـۆس ٥: ٤؛ لۆقـا ٢١: ٣٦).

کاری ئـەم بەهـرە و توانایانـە پەیوەسـت بـە خۆشەویسـتی خـوداوە بریتییـە لـە دەرخسـتنی ئـەو خۆشەویسـتییە. لەوانەیـە یەکـەم جـار ئامـاژە بـە «دڵ» کرابێـت، چونکـە وەکـو سـەرچاوەی خۆشەویسـتی چـاوی لێدەکرێـت کـە لـە ڕێگـەی گیـان (ژیـان) و بیـر (بیروبۆچـوون) و هێـزەوە (هـەوڵ و تەقـەلا) نیشـان دەدرێـت. وا دیـارە کـە لۆقـا بەتایبەتـی بـەم شـێوەیە لـەم بابەتـەی ڕوانیـوە، چونکـە جێناوێکـی سـەربەخۆی دیکـەی لـە (بـە هەمـوو دڵتـەوە) بەکارهێنـاوە کـە جیـاوازە لـە سـێ نیمچەڕستەکەی دیکـە. بـە هـەر حـاڵ، مەبەسـتەکە ئەوەیـە کـە هـەر بەهـرە و توانایـەک کـە هەمانـە دەبێـت هەمـوو سـاتێک نیشـانی بـدات کـە خـودا بەهادارتریـن گەنجینەی ئێمەیـە.

## هەموو بەهرە و توانایەک خودا لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە دادەنێت

خۆشویسـتنی خـودا پێـش هەمـوو شـتێك چەشـتن و ڕێزگرتنـە لـە خـودا. وە خۆشویسـتنی خـودا بـە هەمـوو دڵ و گیـان و بیـر و هێزێکـەوە واتـە هەمـوو بەهـرە و توانایـەک خـودا لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکی دیکـەوە دابنێـت بـە جۆرێـک کـە ڕێزگـرن لـە شـتەکانی دیکـەش ڕێزگرتـن بێـت لـە خـودا. ئەمـەش واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هەندێـک شـت هـەن لەوانەیـە بمانەوێـت بـە شـێوەیەکی دروسـت بەکاریانبهێنیـن و گرنگییـان پـێ بدەیـن، بـەڵام ئـەو گرنگیدانـە دەبێـت بـە جۆرێـک بێـت کـە جێگـەی خـودا نەگرێتـەوە. دەبێتـە تەنهـا بـۆ نیشـاندانی ڕێزگرتـن لـە خـودا ئـەو شـتانەی دیکـە بەکاربهێنیـن و چێژیـان لـێ وەربگریـن. ئەگـەر هاتـوو بەهـرە یـان توانایەکـمان چێـژی لـە کەسـێک یـان شـتێک وەرگـرت کـە بەهۆیـەوە چێـژ لـە خـودا وەرناگریـن، ئـەوا بـە هەمـوو توانـا و بەهرەیەکمانـەوە خودامـان خۆشنەویسـتووە.

ئـەم جـۆرە بینینـەی خۆشەویسـتی بـۆ خـودا لـە شـێوازی خۆشویسـتنی خـودا لـە زەبوورەکانـدا

دووپات کراوەتەوە. عیسا خۆی وەکو ئامانج و سەرنج و بەدیهێنەری پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن دەبینی، بە زەبوورەکانیشەوە (مەتا ٥: ١٧؛ لۆقا ٢٤: ٢٧؛ یۆحەنا ٥: ٣٩). ئێمە چاوەڕێی ئەوە لە عیسا دەکەین کە داوای خۆشەویستییەک بکات کە ئەوە بەدیبهێنێت و بگرە زیاتر بێت لەوەی کە زەبوورنووس ئەزموونی کردووە. لە زەبوورەکاندا خۆشویستنی خودا بە جۆرێکی زۆر تایبەت دەبینین: «لە تۆ بەولاوە لە ئاسمان کێم هەیە؟ ئەگەر لەگەڵ تۆ بم، لەسەر زەویش هیچ نییە ئارەزووی بکەم» (زەبوورەکان ٧٣: ٢٥). «بە یەزدانم گوت: تۆ گەورەی منی، بێجگە لە تۆ هیچ شتێکی چاکم نییە» (زەبوورەکان ١٦: ٢). ئایا تایبەتبوونە چ واتایەکی هەیە، چونکە زەبوورنووس باسی خۆشویستنی کەسانی دیکەش دەکات (زەبوورەکان ١٦: ٣)؟

سەرەداوێک لە (زەبوورەکان ٤٣: ٤) بەدەستدێنین کە زەبوورنووس دەڵێت: «ئەوسا دێم بۆ قوربانگای خودا، خودای خۆشی و دڵشادیم». ئەم نیمچەڕستەیە «خودای خۆشی و دڵشادیم» لەبنەڕەتدا بە واتای «خۆشی دڵشادیم» یان «خۆشی شادمانیم» دێت.[a] بە واتایەکی دیکە، خودا خۆشی هەموو خۆشییەکانمانە. لە هەموو ئەو خۆشییانەی کە بەهۆی ئەو شتانەوە وەریدەگرین کە خودا دروستی کردوون، خودا خۆی دڵی خۆشیمانە، خۆشحاڵیی خۆشیمانە. لە هەموو ئەو خۆشییانەی کە لە شتەکانی دەوروبەرمان وەریدەگرین، بە تایبەتی خۆشی لە خودا وەردەگرین. هەر خۆشییەک خودا ناوەند و چەقی ئەو خۆشییە نەبێت، ئەوا خۆشییەکی بەتاڵ و پووچە، وە لە کۆتاییدا وەکو بڵقی سەر ئاو دەتەقێتەوە. هەر ئەمە بوو کە وای کرد ئۆگەستین نوێژ بکات و بڵێت: «ئەوەی کە شتێکی دیکەی لەگەڵ تۆ خۆشدەوێت، لەڕاستیدا تۆی زۆر کەم خۆشدەوێت، کە لەپێناوی تۆدا خۆشەویستی دەرنابڕێت.[b]

## با خۆشەویستیتان سارد نەبێتەوە

کەواتە، دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە داواکاریی عیسا بۆ خۆشویستنی خودا بە هەموو دڵ و گیان و بیر و هێزێکەوە واتە هەموو لێدانێکی دڵ و هەموو بەهرە و توانایەک دەبێتە دەرخەری ئەوپەڕی ڕێزگرتن بێت لە خودا. عیسا ئاگاداری کردینەوە کە ئەم داواکارییە هەرە گرنگە لە ڕۆژانی کۆتاییدا پشتگوێ دەخرێت. «لەبەر زۆربوونی خراپە، خۆشەویستی زۆر کەس سارد دەبێتەوە» (مەتا ٢٤: ١٢).

ئاگاداری ئەوە بە کە خۆشەویستیت بەرامبەر خودا لەم ڕۆژانەدا کەم دەکات. بیرت

---

a نیمچەڕستە عیبرییە بنەڕەتییەکە لە دوو وشە پێکهاتووە (גִּיל שִׂמְחָה)

b Saint Augustine, Confessions, Book 10, Chapter XXIX

نەچێت کـە ئاسـتی خۆشویسـتنی خـودا یەکسـانە بـە ئاسـتی ناسـینی خـودا. وە ئەوەشـت لەبیـر بێـت کـە تەنهـا عیسـا دەتوانێـت لـە ڕاسـتی و تەواویـدا خـۆی ئاشـکرا بـکات (مەتـا ١١: ٢٧). بۆیـە بـەردەوام چـاو لـە عیسـا بکـە و نوێـژ بکـە تاکـو خـودات بـە شـێوەیەکی جوانـی قایلکـەر بـۆ دەربخـات. «ئـەوەی منـی بینیـوە باوکـی بینیـوە» (یۆحەنـا ١٤: ٩).

# داواكاریی دەیەم

## دڵخۆش بە و لە خۆشیدا هەڵپەڕە

«خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە كاتێك خەڵكی ڕقی لێتان دەبێتەوە وكاتێك جیاتان دەكەنەوە، جنێوتان پێدەدەن وبە بەدكار ناوتان دەبەن، لەبەر كوڕی مرۆڤ. لەو ڕۆژەدا دڵخۆش بن و لە خۆشیدا هەڵپەڕن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە، چونكە باوباپیرانیشیان ئاوایان بە پێغەمبەران كردووە.» (لۆقا ٦: ٢٢- ٢٣)

«ئەوەتا دەسەڵاتم پێتان داوە پێ بە مار و دووپشك و هەموو هێزی دوژمندا بنێن، هیچ شتێكیش زیانتان پێناگەیەنێت. بەڵام بەمە دڵخۆش مەبن كە ڕۆحە پیسەكان ملكەچتانن، بەڵكو دڵخۆش بن كە ناوتان لە ئاسماندا نووسراوە.» (لۆقا ١٠: ١٩- ٢٠)

«شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەك دەچێت لە كێڵگەیەكدا شاردرابێتەوە. كەسێك دەیدۆزێتەوە و دیسان دەیشارێتەوە، ئینجا لە خۆشییان دەچێت و هەرچیی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو كێڵگەیەی پێ دەكڕێت.» (مەتا ١٣: ٤٤)

«ئەم شتانەم پێ گوتن تاكو خۆشیی منتان تێدابێت و خۆشیتان پڕ و تەواو بێت.» (یۆحەنا ١٥: ١١)

ئەوەی كە عیسا داوامان لێ دەكات «دڵخۆش بین و لە خۆشیدا هەڵپەڕین» (لۆقا ٦: ٢٣؛ بەراوردی بكە بە مەتا ٥:١٢)، بەڕادەیەك سەرسوڕهێنەرە كە پێویستی بە یەك پەڕتووكی تەواوە تاكو هەموو بابەتە سەرسوڕهێنەرەكانی پشت ئەم ئایەتە شی بكەینەوە.[a] نیو سەدە لەمەپێش نووسەری مەزن (سی ئێس لویس) لە ڕێگەی ڕامان لە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئینجیلەكان، وەڵامی ئەو بابەتە سەرسوڕهێنەرانەی داوەتەوە:

ئەگەر سەرنجی بەڵێنە ڕێك و ڕاستەكانی پاداشت و سروشتی لەرزیوی ئەو پاداشتانە بدەین كە لە ئینجیلەكاندا هاتووە، وا دەردەكەوێت كە یەزدان ئارەزووەكانی ئێمەی بە زۆر بەهێز نەبینیوە، بەڵكو زۆر لاواز. ئێمە بوونەوەرێكی ڕاڕا و دوودڵین كە بە سێكس و مەشروب و ئارەزووەكانمان هەڵدەخڵەتین و لە كاتێكدا خۆشی هەتاهەتاییمان لەبەردەم دانراوە، وەكو منداڵێكی نەزان و گێل واین كە دەڕوات و لە شوێنێكی پیس و چەپەڵدا بە قوڕ كولێرە چاك دەكات، چونكە ناتوانێت بیر لەوە بكاتەوە كە گەشتێكی سەر دەریا و

a نامیلكەیەكم نووسیوە كە یارمەتی خوێنەران دەدات بكەونە سەر ئەو ڕێچكەیە:
Sisters, Ore.: Multnomah, 2001), and a bigger book to go deeper,) *The Dangerous Duty of Delight*
.(*of a Christian Hedonist* (Sisters, Ore.: Multnomah, 2003 *Desiring God: Meditations*

یـاری کـردن بـە ﻟﻪ چ واتایەکـی هەیـە. ئێمـە زۆر بـە ئاسـانی دڵـمان خـۆش دەکرێـت.[a]

بـە واتایەکـی دیکـە، داواکاریـی ئـەوەی کـە ئێمـە خۆشـحاڵ بیـن، شـتێکی کـەم یـان زیـاد نییـە، بەڵکـو بانگێکـی شـۆکهێنەری لـە خـەو هەسـتانە بـۆ ئەوانـەی کـە دڵخۆشـییان لـە شـوێنی هەڵـەدا دەدۆزنـەوە. چارەسـەری عیسـا بـۆ پچڕانـی پەیوەنـدی خۆشەویسـتیمان لەگـەڵ گوناهـدا، تەنهـا ئـەوە نییـە چـاوی گوناهبارمـان دەربهێنیـن (مەتـا ٥: ٢٩)، بەڵکـو ئەوەیـە کـە لـە واقیعیـەت و ڕاسـتییەکی نوێـدا خۆشـیی دەسـتمان بەسـەردا بگرێـت، کـە ئەویـش خودایـە.

## لە خۆشییان دەچێت و هەرچیی هەیە دەیفرۆشێت

ناوەنـد و بابەتـی سـەرەکی وتـار و مزگێنیدانەکـەی عیسـا ئـەوە بـوو کـە دەیفەرمـوو شانشـینی ئاسـمان نزیـک بووەتـەوە. عیسـا مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە ئـەو پاشـایە و ئیـش و کارەکـەی هاتنـی حوکمـی ڕزگاریـی خـودا بـوو (لۆقـا ١١: ٢٠؛ ١٧: ٢٠- ٢١). بۆیـە بـە نموونەیەکـی کـورت نیشـانی دا کـە چـۆن خەڵکـی دێنـە نێـو شانشـینەکەوە. عیسـا فەرمـووی: «شانشـینی ئاسـمان لـە گەنجینەیـەک دەچێـت لـە کێڵگەیەکـدا شـاردرابێتەوە. کەسـێک دەیدۆزێتـەوە و دیسـان دەیشـارێتەوە، ئینجـا لـە خۆشـییان دەچێـت و هەرچیـی هەیـە دەیفرۆشـێت و ئـەو کێڵگەیـەی پـێ دەکڕێـت» (مەتـا ١٣: ٤٤).

نموونەکـە واتـای ئەوەیـە کـە ئامادەیـی ڕزگاریـی خـودا و حوکمـە هـەرە مەزنەکـەی ئەوەنـدە بەهـادارە کـە کاتێـک خەڵکـی وەکـو خـۆی دەیبینـن - گەنجینەیـەک کـە لـە کێڵگەیەکـدا شـاردرابێتەوە - دەبینـن کـە هیـچ شـتێک ناگاتـە بەهـای بـوون بـە بەشـێک لـەو حوکمڕانییـە. وە عیسـا هیـچ گومانێـک دەربـارەی ئەزموونـی دەروونـی ئـەو «گۆڕانکارییـە» ناهێڵێتـەوە. خۆشـی بـەدواوە دێـت. عیسـا دەفەرموێـت: «لـە خۆشـیدا دەچێـت و هەرچیـی هەیـە دەیفرۆشـێت و ئـەو کێڵگەیـەی پـێ دەکڕێـت».

ناکرێـت بـە جۆرێکـی دیکـە بێـت. عیسـا بـە هەواڵـی خۆشـەوە هـات بـۆ ئـەم جیهانـە، نـەک هەواڵـی ناخـۆش. عیسـا بانگـمان نـاکات کـە شـوێن ئایینێـک بکەویـن کـە تەنهـا ئـەرک دەناسـێت و هیـچ خۆشـییەکی تێـدا نییـە. ئـەو داوامـان لێـدەکات کـە بڕۆیـن بـۆ لای خـۆی و باوکـی ئاسـمانی. بۆیـە بانگـی دڵخۆشـی و شـادیمان دەکات. بێگومـان مەبەسـتی لـە دڵخۆشـی و شـادی هەبوونـی شـتی دنیایـی نییـە. عیسـا ئینجیلـی سـەلامەتی و سـامان و خۆشـگوزەرانی ڕاناگەیەنێت، کـە بەداخـەوە یەکێـک لـە سـەیرترین ئـەو شـتانەیە کـە ئەمریـکا هـاوردەی وڵاتانـی دیکـەی دەکات. بەڵکـو عیسـا باسـی خۆشـی و دڵشـادی بەهـۆی خـودا و کوڕەکەیـەوە دەکات.

هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە نموونەکـەی عیسـا باسـی ئـەوە دەکات کـە ئـەو کەسـە هەمـوو شـتێکی

---

.C. S. Lewis, The Weight of Glory, and Other Addresses (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1965), 2 a

خـۆی دەفرۆشـێت. داواکاریـی دڵخۆشـبوون هانمـان نـادات کـە تەنانـەت یـەک میلیمەتـر لـە داوکارییـە گرنگەکـەی عیسـا لـە (لۆقـا ١٤: ٣٣) پاشەکشـە بکەیـن: «هـەر یەکێکتـان ئەگـەر واز لـە هەمـوو شـتێک نەهێنێـت کـە هەیەتـی، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن». ئێمـە هەمـوو ئـەو شـتانە ڕەت دەکەینـەوە کـە خۆشـیمان پـێ دەدەن، چونکـە گەنجینـە شـاراوەکەی نێـو کێڵگەکەمـان دۆزیوەتـەوە و چـاوی بینینـی ئەوەمـان پێـدراوە کـە ئـەم گەنجینەیـە - ئـەم خـودا شـکۆدارە - بـێ ئەنـدازە لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی دیکـەی جیهـان بەهادارتـرە کـە هەمانـە یـان لـە داهاتـوودا دەمانبێـت. لەبـەر ئەمەیـە کـە بـە خۆشـییەوە هەمـووی ڕەت دەکەینـەوە.

## نکۆڵیکردن لە خود و گەڕان بەدوای خۆشیدا

ئەمـە واتـای نکۆڵیکردنـە لـە خـود: ڕەتکردنـەوەی هەمـوو شـتێکی سـەر زەوی لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی عیسـای مەسـیحدا. هەمـوو شـتێک بفرۆشـە، بـۆ ئـەوەی شانشـینی ئاسـمانت هەبێـت. سـی ئێـس لویـس ڕۆحـی داواکارییەکـەی عیسـای دەربـارەی نکۆڵیکردنـەوە وەرگرتـووە، کاتێـک کـە دەڵێـت:

پەیمانـی نـوێ زۆر جـار باسـی نکۆڵیکـردن لـە خـود دەکات، بـەڵام نـەک ئـەوەی کـە لـە خۆیـدا کۆتایـی پـێ بێـت. ئێمـە داوامـان لـێ کـراوە کـە نکۆڵـی لـە خۆمـان بکەیـن، خاچەکەمـان هەڵبگریـن و شـوێن مەسـیح بکەویـن؛ وە ئـەوەی کـە لـە کۆتاییـدا چـی بەدەسـتدێنین ئەگـەر خۆمـان پشـتگوێ بخەیـن، چاوخشـاندنەوە بـە حـەز و ئـارەزوو لەخـۆ دەگرێـت.[a]

بـە واتایەکـی دیکـە، ئێمـە نکۆڵـی لـە خۆمـان دەکەیـن، چونکـە لەودیـو نکۆڵیکردنـەوە پاداشـتی گـەورە چاوەڕێـمان دەکات. فەیلەسـوف و قەشـەی نـاودار (جۆناتـان ئێـدواردز)، تەنانـەت لـە شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوەی ئـەوەی کـە چـۆن داواکاریـی عیسـا بـۆ نکۆڵیکـردن لـە خـود پەیوەنـدی بـە داواکاریـی خـۆش و دڵشـادییەوە هەیـە قووڵـتر دەبێتـەوە و دەڵێـت:

نکۆڵیکـردن لـە خودیـش دێتـە سـەر کێشـەکانی دیکـەی خوداناسـەکانەوە ... بـەڵام ئـەوەی کـە نکۆڵیکـردن لـە خـودی تاقـی کردووەتـەوە دەتوانێـت لـە شـایەتییەکەیدا ئامـاژە بـەوە بـکات کـە هەرگیـز خۆشـی و دڵشـادییەکی وەکـو ئـەو کاتـەی تاقـی نەکردووەتـە کـە نکۆڵـی لـە خـۆی کـردووە. نکۆڵیکـردن لـە خـود ڕیشـە و بناغـەی خـەم لەنـاو دەبـات و هیـچ شـتێک نییـە جگـە لـە دەرزییەکـی بـە ئـازار و ناخـۆش کـە جێگەکـەی سـوور هەڵدەگەڕێـت، بـەڵام لـە ئەنجامـدا چاکـت دەکاتـەوە و وەکـو پاداشـتی ئـەو ئـازارەی کـە چەشـتت، سـەلامەتییەکی تـەواوت پـێ دەبەخشـێت.[b]

---

a هەمان سەرچاوەی پێشتر. لاپەڕە ١.

Jonathan Edwards, “The Pleasantness of Religion,” in The Sermons of Jonathan Edwards: A b

ئەگـەر ئەمـە ڕاسـت بێـت، ئـەوا داواکاریـی عیسـا بـۆ نکۆڵیکـردن لـە خـود ڕێگەیەکـی دیکـەی بانگکردنمانـە بـۆ گـەڕان بـەدوای خۆشـییەکی هەتاهەتایـی و قـووڵ. ئـەم داواکارییانـە کێشـمەکێش لەگـەڵ یەکتر ناکـەن. وەکو داوکاریـی ڕزگاربوون لـە شـێرپەنجە و داواکاری ئەنجامدانی نەشـتەرگەرییە.

## شادی و خۆشیی ئێمە لە خۆشگوزەرانیدا نییە بەڵکو لە گوێڕایەڵی و ئازاردایە

ئـەوەی کـە لـە هەمـوو شـتێک زیاتـر یەکسـەر سەرسـاممان دەکات، ئەوەیـە کاتێـک کـە عیسـا دەفەرموێـت «دڵخـۆش بـە و لـە خۆشـیدا هەڵپـەڕە» لەڕاسـتیدا مەبەسـتی کاتـی هەبوونـی ئـازار و ناخۆشـییە. «خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە کاتێـک خەڵکـی ڕقـی لێتـان دەبێتـەوە وکاتێـک جیاتـان دەکەنـەوە، جنێوتـان پێـدەدەن وبـە بـەدکار ناوتـان دەبـەن، لەبـەر کـوڕی مـرۆڤ. لـەو ڕۆژەدا دڵخـۆش بـن و لـە خۆشـیدا هەڵپـەڕن» (لۆقـا ٦: ٢٢- ٢٣). کاتێـک کـە عیسـا داوامـان لێـدەکات دڵخـۆش بیـن، ئـەو جیهانـەی لەبیـر نەکـردووە کـە ئێمـە تێیـدا دەژیـن و دەزانێـت کـە پـڕە لـە ئـازار و ناخۆشـی. وە بەڵێنـی پێداویـن کـە هەندێـک لـەو ناخۆشـی و سـەختییانە ڕووبـەڕووی ئێمـەی قوتابییانـی دەبێتـەوە. «دەتانگـرن و دەتانچەوسـێننەوە، دەدرێنـە کەنیشـت و بەندیخانـەکان، لـە پێنـاوی نـاوی مـن دەبردرێنـە لای پاشـا و فەرمانڕەوایـان. لێتـان دەکـوژن. لەبـەر نـاوی مـن هەمـووان ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە» (لۆقـا ٢١: ١٢، ١٦- ١٧). «ئەگـەر خـاوەن مـاڵ بـە بەعلزەبـول نـاو ببردرێـت، چەنـد زیاتـر خانەوادەکـەی؟» (مەتـا ١٠: ٢٥). «ئەگـەر منیـان چەوسـاندبێتەوە، ئێـوەش دەچەوسـێننەوە» (یۆحەنـا ١٥: ٢٠). عیسـا ئـەوەی لەبیـر نەکـردووە. لەڕاسـتیدا داوای لێکردوویـن کـە لـەو ڕێـگا سـەخت و ناهەمـوارە پـڕ لـە خۆشەویسـتییەدا شـوێنی بکەویـن. (بڕوانـە داواکاریـی هەشـتەم). هـەر بۆیـە ئـەو خۆشـییەی کـە ئێسـتا داوای دەکات (ئەو کاتـە داوای دەکـرد (لۆقـا ٦: ٢٣)، خـۆش نییـە؛ ڕووناکـی خۆشـیی نییـە. خۆشـییەکی ڕووکەشـی نییـە کـە نیشـانەی شـادی پێـوە بێـت. زۆرێـک لـە بـاوەڕداران و بگـرە کڵێسـاکانیش ئـەم هەڵەیـە دەکـەن. پێیـان وایـە کـە داواکاریـی عیسـا بـۆ هەبوونـی خۆشـی و شـادی مەبەسـتی ئەوەیـە کـە نوکتـە و قسـەی نەسـتەق بگێڕینـەوە، یاخـود مەراسـم و بۆنـەی گاڵتەجـاڕ و پێکەنیناوی بهێنینـە نێـو ژیانـی باوەڕدارانـەوە. مـن ناتوانـم عیسـای ئۆرشـەلیم لـە بـارودۆخ و شـوێنێکی وادا ببینـم. هەڵەیـەک هەیـە و شـتێک ونـە.

هەڵـە و کێشـەکە ئەوەیـە کـە بـۆن و بەرامـەی ئازارچەشـتن ونـە. بـۆ عیسـا داواکاریـی خۆشـی و دڵشـادی ڕێگایەکـە بـۆ ژیانـی ئازارچەشـتن و ڕەنـج و ناخۆشـییەکی فـراوان. بۆیـە ئـەم خۆشـییە شـتێکی جدییـە. ئەمـە ئـەو جـۆرە خۆشـییەیە کـە لـە ڕێگـەی بڕینـی دەسـتتەوە لەپێناویـدا دەجەنگێـت (مەتـا ٥: ٣٠) و مـاڵ و سـامانتی بـۆ دەفرۆشـێت و لەگـەڵ مەسـیح خاچەکـە

Reader, ed. Wilson H. Kimnach, Kenneth P. Minkema, and Douglas A. Sweeney (New Haven, Conn: Yale University Press, 1999), 23-24

هەڵدەگریت (مەتا ١٠: ٣٨- ٣٩). ئەم خۆشییە ئاسەواری لەدوا جێ دەمێنێت و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گۆرانی شادی دەڵێت. ئەو خۆشییە ساتە تاریکەکانی لەبیر دەبێت و دەزانێت کە هی دیکە بەڕێوەیە. ڕێگای ئاسمان ڕێگایەکی سەخت و پڕ نشێوە، بەڵام بەدەر نییە لە خۆشی و دڵشادی.

## ڕەگ و ڕیشەی پیرۆزیی

داواکاریی عیسا بۆ دەربڕینی خۆشی و دڵشادی کلیلی کردنەوەی داواکاریی پیرۆزبوونە. ئەوەی کە دەبێتە هۆی خنکانی هێزی پاکی ژیانی ڕۆحی و بوون بە قوتابی عیسا بریتییە لە «خەفەت و سامان و خۆشییەکانی ژیان» (لۆقا ٨: ١٤). وە ئەوەی کە بەتەواوی دەبێتە هۆی خنکانی ئەم شادەمارانە بریتییە لە هێز و توانای حەز و ئارەزوویەکی فرە و فراوان. عیسا فەرمووی کە باوەڕدار لە خۆشیدا هەموو شتێکی خۆی دەفرۆشێت. بە واتایەکی دیکە، باوەڕدار لە خۆشیدا بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ گوناهدا دەپچڕێنێت.

زۆرێک لە باوەڕداران پێیان وایە کە بێ هەستبوون دژە ژەهرێکی باشە، بەڵام لەڕاستیدا باش نییە. شتێکی لاواز و بێ سوودە. ئایین بە گشتی شکست دەخوات، ئەگەر سەرکەوتووش بێت، شکۆمەندییەکە بۆ خۆت دەبێت نەک خودا. ئایین شەریعەتناس دروست دەکات نەک خۆشەویستی. فەیلەسوف (جۆناتان ئێدواردز) پەی بە لاوازیی ئەم شێوازە برد و گوتی:

ئێمە بە دوو ئەوەندە هێزەوە ڕووبەڕووی خراپەکار دەبینەوە بۆ ئەوەی قایلیان بکەین کە ڕوو لە خودا بکەن ... زۆربەی بۆچوونەکان دەڵێن کە ئایین سوودبەخشە، بەڵام بەداخەوە خراپەکار شوێن سوود و قازانجی ڕەوشت و ئاکار ناکەوێت، بەڵکو بەدوای حەز و ئارەزووەکانیەوە وێڵە. کەواتە، دەبێت بە چەکی خۆیان لەگەڵیاندا بجەنگین.[a]

بە واتایەکی دیکە، گەڕان بەدوای وەرگرتنی چێژ و خۆشی لە خودا سازش نییە لەگەڵ جیهانی پڕ لە حەز و ئارەزوو، بەڵکو لەڕاستیدا تاکە هێز و دەسەڵاتێکە کە دەتوانێت هەوەس و ئارەزووەکانی ئەم سەردەمە شکست بدات لە کاتێکدا ئەو کەسانە بەرهەم دێنێت کە خودایان خۆشدەوێت.

---

a  هەمان سەرچاوەی پێشتر. نووسینەکانی پێشتر و پاشتر لەم پەرتووکانەی دیکەی نووسەرەوە وەرگیراون:
Years Later,” in A God-En- ٣٠٠ A God-Entranced Vision of All Things: Why We Need Jonathan Edwards”
tranced Vision of All Things: The Legacy of Jonathan Edwards, ed. John Piper and Justin Taylor (Whea-
٢٩ ,(٢٠٠٤ ,ton, Ill.: Crossway Books

## ڕەگ و ڕیشەی خۆشی لە ئازارچەشتن دیارییەکی گەورەیە: عیسا

عیسـا خۆشـیی ئێسـتامان بەتایبەتـی دەبەسـتێتەوە بـە ئومێـدی پاداشـتێکی گـەورە کـە لـە داهاتـوودا وەریدەگریـن. «لـەو ڕۆژەدا دڵخـۆش بـن و لـە خۆشـیدا هەڵپـەڕن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە» (لۆقـا ٦: ٢٣). عیسـا پێناسـەی پاداشـتەکە نـاکات، بـەڵام بەپێـی ژیـان و پەیامەکـەی دەزانیـن کـە ئـەو پاداشـتە هەبوونـی پەیوەندییـە لەگـەڵ خـۆی و باوکـی ئاسـمانیدا (یۆحەنـا ١٧: ٣، ٢٤).

چەندیـن شـت ئامـاژە بـەم جـۆرە تێگەیشـتنە دەکـەن. بـۆ نموونـە، عیسـا پێـش مردنـی، بـە قوتابییەکانـی دەفەرموێـت: «ئێـوەش ئێسـتا خەمتـان هەیـە، بـەڵام دەتانبینمـەوە و دڵشـاد دەبـن، کەسـیش ئـەو خۆشـییەتان لـێ ناسـتێنێ» (یۆحەنـا ١٦: ٢٢). ئـەو خۆشـییە سەرکێشـە کـە عیسـا بەڵێنـی بەخشـینی پێداویـن، پەیوەسـتە بـە ئامادەبوونـی خۆیـەوە: «دەتانبینمـەوە».

بـە هەمـان شـێوە، عیسـا دەفەرموێـت: «ئـەم شـتانەم پـێ گوتـن تاکـو خۆشـیی منتـان تێدابێـت و خۆشـیتان پـڕ و تـەواو بێـت» (یۆحەنـا ١٥: ١١). یەحیـای لەئاوهەڵکێـش ئامـاژەی بـەم خۆشـییە پـڕ و تـەواوە کـردووە و پەیوەسـتی کـردووە بـە ئامادەبوونـی عیسـاوە، وە عیسـای بـە زاوا بـەراورد کـردووە و خۆیشـی بـە هاوڕێـی زاوا: «بـووک بـۆ زاوایـە، هاوڕێـی زاواش کە خزمەتـی زاوا دەکات و چاوەڕێـی دەنگـی هاتنەکـەی دەکات، کاتێـک گوێـی لـە دەنگـی زاوا دەبـێ، زۆر دڵخـۆش دەبێـت. ئـەم خۆشـییە درا بـە مـن و ئێسـتا هاتـە دی» (یۆحەنـا ٣: ٢٩). هاتنەدیـی خۆشـیی یەحیـا پشـت بـە ئامادەبوونـی عیسـا دەبەسـتێت.

کەواتـە، دەگەمـە ئـەو ئەنجامـەی کـە جەوهـەری ئـەو پاداشـتەی کـە ئێمـە بـۆ تەواوکردنـی خۆشـییەکەمان پشـتی پـێ دەبەسـتین بریتییـە لـە ئەزموونکردنـی تەواویـی و کامڵیـی ئامادەبوونی عیسـا لـە کۆتایـی زەمـان. هـۆکاری ئـەوەی کـە ئێسـتا دەتوانیـن دڵخـۆش بیـن، تەنها ئـەوە نییـە کـە ئێمـە بـە ئومێـدەوە لـە داهاتـوودا ئـەو پەیوەندییـە لەگـەڵ عیسـادا تاقـی دەکەینـەوە، بەڵکـو ئـەوەی کـە عیسـا ئێسـتا بـە ڕۆحـی پیـرۆز لەگەڵمانـە. کاتێـک کـە عیسـا گەڕایـەوە بـۆ لای باوکـی لـە ئاسـمان، بەڵێنـی داو فەرمـووی: «بـە هەتیـوی بەجێتـان ناهێڵیـم، دێمـەوە لاتـان» (یۆحەنـا ١٤: ١٨). «دڵنیابـن مـن هەمـوو ڕۆژێـک لەگەڵتانـم، هەتـا کۆتایـی زەمـان» (مەتـا ٢٨: ٢٠). عیسـا فەرمـووی کـە ڕۆحـی ڕاسـتی دێـت و عیسـامان بـە شـکۆدارییەوە بـۆ دەردەخـات، هـەر چەنـدە بـە جەسـتە لەگەڵـمان نییـە. «کاتێـک ئـەو دێـت، کـە ڕۆحـی ڕاسـتییە، ... شـکۆدارم دەکات، چونکـە ئەوەتـان پـێ ڕادەگەیەنێـت کـە لـە منـەوە وەریدەگرێـت» (یۆحەنـا ١٦: ١٣- ١٤). کەواتـە، هـەر چەنـدە ئێسـتا ناتوانیـن عیسـا ببینیـن، ئێمـە بـە خۆشـییەکی زۆرەوە ئومێدیـان پێیەتـی، وە لـە ڕێگـەی ئامادەبوانـی بەردەوامییـەوە ئـەو خۆشـییەمان تێـدا بـە زیندوویـی دەهێڵێتـەوە.

## عیسا خۆشیی ئێمە دەکڕێت و دابینی دەکات

کەواتە چۆن گوێڕایەڵی ئەم داواکارییەی عیسا بین کە دەفەرموێت «دلخۆش بن و لە خۆشیدا هەڵپەڕن؟» ئێمە هاندەدرێین بەو ڕاستییەی کە عیسا لە پێناوی لێخۆشبوونی گوناهەکانی ئێمەدا گیانی سپارد - لێخۆشبوون لەوەی کە نەمانتوانی بەپێی پێویست بەهۆی ئەوەوە دڵخۆش و شاد بین. عیسا لە خوانی کۆتاییدا، جامێکی هەڵگرت و فەرمووی: «ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین دەڕژێت» (مەتا ٢٦: ٢٨). هەر لەبەر ئەمە بوو کە هاتە سەر زەوی: «کوڕی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر» (مەرقۆس ١٠: ٤٥). کەواتە خۆشی و دڵشادیی ئێمە ئەم بناغە بەهێز و پتەوەی هەیە: عیسا خوێنی خۆی ڕشت تاکو لە گوناهی ئەوەمان خۆش بێت کە نەمانتوانیوە بەهۆی ئەوەوە دڵخۆش و شاد بین.

ئینجا بەوە هاندەدرێین کە عیسا بەڵێنی داوە بە جۆریک کارمان بۆ دەکات کە ئێمە خۆشەویستی باوک بۆ کوڕەکەی تاقی دەکەینەوە. عیسا نوێژی کرد و فەرمووی: «ناوی تۆم پێ ناساندن و پێیان دەناسێنم، تاکو ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ منت هەیە لەوانیشدا بێت و منیش لەواندا بم» (یۆحەنا ١٧: ٢٦). سەرنجی ئەوە بدە کە خۆشەویستی باوک بۆ کوڕ، خۆشەویستییەکی پڕ لە بەزەیی و لێخۆشبوون نییە. کوڕەکە هیچ گوناهێکی نییە و هیچ گلەیی و تاوانێکیشی لەسەر نییە، بۆیە پێویستی بە بەزەییش نییە. خۆشەویستی باوک بۆ کوڕ، خۆشەویستییەکی هەتاهەتایی و پەیوەندییەکی پتەو و توندوتۆڵە. عیسا فەرمووی کە ئەو جۆرە خۆشەویستییە لەنێو دڵی ئێمەدا دەبێت. بۆیە من پێم وایە کە ئەم بەڵێنە لەنێو ئێمەدا کار دەکات بۆ ئەوەی خۆشی و دڵشادیمان ئەو خۆشییە بێت کە خودا لە کوڕەکەیدا هەیەتی. ئێمە بە تەنها بەجێنەهێڵدراوین کە بەو جۆرەی کە پێویستە، بەهۆی عیساوە دڵخۆش بین، بەڵکو عیسا بەڵێنی داوە ئەو کارەمان بۆ ئەنجام بدات.

## داواکاریی دڵخۆشبوون بەهۆی عیساوە وەکو ڕێگایەک بۆ شکۆدارکردنی عیسا

لە کۆتاییدا، لە پێداگریی عیسا بۆ شکۆدارکردنی باوک و کوڕ (یۆحەنا ١٧: ١)، دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە خواستی عیسا بۆ جێگیرکردنی خۆشیمان لە ئەودا بۆ ئەوەیە کە ئێمە بزانین شکۆدارکردنی باوک و کوڕ چ واتایەکی هەیە. بە جۆرێکی دیکە، گەیشمە ئەو ئەنجامەی کە دڵخۆشبوون بە هۆی باوک و کوڕەوە هۆکاری سەرەکیی شکۆدارکردنی خودایە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئێمە دووپاتکردنەوەیەکی بەهێزمان هەیە بۆ ئەرکی گەڕان بەدوای خۆشی و دڵشادیدا - بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی شکۆی خودا دەردەخات.

دەبێـت ئـەم ڕاسـتییە لـە ترسـی ئـەوەی کـە نـەوەک بەهـۆی خـوداوە دڵخـۆش نەبیـن، بمانهێنێتە لەرزیـن. دەبێـت لـە ترسـی گەرمیـی دڵمانـدا بلەرزیـن. دەبێـت بەخەبـەر بێینـەوە و درک بـەوە بکەیـن کـە ئەوپـەڕی ناپاکییـە ئەگـەر بێتـو لـە یەزدانـدا بـەدوای ڕەزامەنـدی تـەواودا نەگەڕێیـت. یـەک وشـە هەیـە کـە دەتوانـم لـە پێناسـەی ئـەو کەسـانەدا بەکاریبهێنـم کـە زیاتـر لـە بەدیهێنەر، چێـژ لـە بەدیهێـنراوان وەردەگـرن، کـە ئەویـش ناپاکییـە. ئەمـە دەکرێـت هاندەرێکـی زۆر مـەزن بێـت بـۆ ئـەوەی کـە شـوێن ئـەو داوکارییـەی عیسـا بکەویـن کـە دەڵێـت: «دڵخـۆش و شـاد بـە ... لـە خۆشـیدا هەڵپـەڕە».

## ڕادەی خۆشیی بەهۆی عیساوە هیچ سنوورێکی نییە

ڕاسـتە کـە حـەز و ئـارەزووی دڵخۆشـبوون دەکرێـت بـەرەو شـتی هەڵـە ببرێـت، بـەڵام ناکرێـت زۆر بەهێـز بێـت. نووسـەری بەناوبانـگ جۆناتـان ئێـدواردز لـە یەکێـک لـە وتارەکانـی سـەبارەت بـە (گۆرانـی گۆرانییـەکان ٥: ١) لەسـەر ئـەم بابەتـە دواوە. دەقەکـە دەڵێـت: «ئـەی هاوڕێیـان، بخـۆن و بخۆنـەوە؛ یـاران، بـە ئەویـن مەسـت بـن». جۆناتـان لـەم ئایەتـەوە، ئـەم بیروبـاوەڕەی هەڵێنجـا: «نابێـت مرۆڤـەکان هیـچ جـۆرە سـنوورێک بـۆ ئـارەزووی ڕۆحـی یـان میهرەبانـی خۆیان دیـاری بکـەن. بەڵکـو لـە بەرامبـەردا دەبێـت ئەوپـەڕی هەوڵـی خۆیـان بـدەن کـە ئارەزوویـان بـۆ بەدەسـتهێنانی چێـژی زیاتـری ڕۆحـی بخەنـە گـەڕ ... برسـێتی و تینوێتیـمان بـۆ خـودا و عیسـای مەسـیح و پیرۆزبـوون ناکرێـت بـۆ بەهـای ئـەم شـتانە زۆر گـەورە بێـت، چونکـە ئـەم شـتانە بەهاکەیـان لـە پێوانـە نایـەت ... هـەر بۆیـە هـەوڵ بـدە کـە ئـارەزووی ڕۆحـی زیـاد بکەیـت لـە ڕێگـەی خـۆلادان لـە تاقیکردنـەوە و وەسوەسـە. شـتێک نییـە بـە نـاوی زیادەڕەوی لـە بەشـمان لـەم خواردنـە ڕۆحییـەدا. شـتێک نییـە بـە نـاوی ئـاکاری خۆگرتنـەوە لـە ڕێگـەی بەڕۆژووبوونـی ڕۆحییـەوە».[a]

هـەر بۆیـە دڵخـۆش بـە بـەوەی کـە خـودا تـۆی دروسـتکردووە بـۆ ئـەوەی بەهـۆی ئـەوەوە دڵخـۆش و شـاد بیـت. بـە خۆشـییەکی لـەوە کەمـتر ڕازی مەبـە. خـۆت لـە وەسوەسـە و تاقیکردنـەوەکان بپارێـزە. واتـە، چـاوت لەسـەر عیسـای مەسـیح دابنێـن کـە ئێمـەی خۆشـدەوێت و ژیانـی خـۆی بەخشـی بـۆ ئـەوەی ئێمـە خۆشـیی هەتاهەتاییـمان هەبێـت.

---

Jonathan Edwards, “The Spiritual Blessings of the Gospel Represented by a Feast,” in Sermons a and Discourses, 1723–1729, ed. Kenneth Minkema, in The Works of Jonathan Edwards, Vol. 14 (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1997), 286. The preceding two paragraphs are adapted from “A God-Entranced Vision of All Things,” 27-28

# داواکاریی یازدەیەم

## لەو بترسن کە توانای لەناوبردنی گیان و جەستەی لە دۆزەخدا هەیە

«لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە دۆزەخدا لەناوبەرێت.» (مەتا ١٠: ٢٨)

«دوژمنانیشم، ئەوانەی نەیاندەویست پاشایەتییان بکەم، بیانهێننە ئێرە و لەبەردەمم بیانکوژن.» (لۆقا ١٩: ٢٧)

«دواتر بەوانەی لەلای چەپیەوەن دەفەرموێ: لێم دوور بکەونەوە! ئەی ئەوانەی کە نەفرەتتان لێکراوە بەرەو ئاگری هەتاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە. ئەوانە بۆ سزای هەتاهەتایی دەچن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی هەتاهەتایی.» (مەتا ٢٥: ٤١، ٤٦)

### چۆنیەتی وەسفکردنی دۆزەخ لەلایەن عیساوە

عیسا زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە لە کتێبی پیرۆزدا، باسی دۆزەخی کردووە. عیسا دۆزەخی بە «تاریکی دەرەوە» ناوزەد کرد، کە «گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت» (مەتا ٨: ١٢). بە واتایەکی دیکە، هەموو ئەو خۆشییەی کە پەیوەستە بە ڕووناکییەوە لێمان دەسەنرێتەوە و ئەو ترسەی کە پەیوەستە بە تاریکییەوە چەند قات دەبێتەوە. وە دەرەنجامەکەش دڵتەنگی و ناخۆشییەکی وا دەبێت کە دەبێت ددانمان جیڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی بەرگەی بگرین.

عیسا دۆزەخی بە «کورەی ئاگر»یش ناو هێناوە کە تییدا یاساشکێنەکان لە کۆتایی زەمانەدا و لە کاتی گەڕانەوەی مەسیحدا، فڕی دەدرێنە ناوی. «کوڕی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت و هەموو هۆکارێکی گوناه و خراپەکاران لە شانشینییەکەی کۆدەکەنەوە و فڕێیان دەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت» (مەتا ١٣: ٤١- ٤٢). هەروەها پێی دەڵێت «دۆزەخی ئاگر» (مەتا ٥: ٢٢)، «ئاگری هەتاهەتایی کە بۆ شەیتان و فریشتەکانی ئامادە کراوە» (مەتا ٢٥: ٤١)، «ئاگری نەکوژاوە» (مەرقۆس ٩: ٤٣)، «سزای هەتاهەتایی» (مەتا ٢٥: ٤٦).

ئەم وەسفەی کۆتایی «سزای هەتاهەتایی» مایەی دڵتەنگی و ترسێکی زۆرە، چونکە پێچەوانەی «ژیانی هەتاهەتایی»ە. «ئەمانە دەچنە نێو سزای هەتاهەتاییەوە، بەڵام ڕاستودروستان دەچنە نێو ژیانی هەتاهەتاییەوە». لەم جیاوازییەدا، کارەساتی لەناوچوون لەگەڵ ئازارچەشتن و هەتاهەتایی دەبینین. وەک چۆن «ژیانی هەتاهەتایی» دەبێتە ئەزموونێکی چێژبەخشی نەبڕاوە لە خزمەت یەزداندا، بە هەمان شێوە «سزای هەتاهەتایی»

دەبێتـە ئەزموونێکـی نەبـڕاوەی چارەڕەشـی لەژێـر تووڕەیـی یەزدانـدا (یۆحەنـا ٣: ٣٦؛ ٥: ٢٤).

## دۆزەخ تەنها دەرەنجامێکی سروشتی بژاردە خراپەکان نین

وشـەی «تووڕەیـی» زۆر گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی کـە عیسـا مەبەسـتی لـە دۆزەخ چییـە. دۆزەخ تەنهـا دەرەنجامێکـی سروشـتی ڕەتکردنـەوەی خـودا نییـە. هەندێـک کـەس ئەوهـا دەڵێـن بـۆ ئـەوەی بیروبـاوەڕی ئـەوە ڕەت بکەنـەوە کـە خـودا خەڵکـی دەخاتـە نێـو دۆزەخـەوە. ئـەوان پێیـان وایـە کـە خەڵکـی خۆیـان دەچنـە دۆزەخـەوە، واتـە خـودا نایانخاتـە ئـەوێ. ئـەوە ڕاسـتە، خەڵکـی بـژاردەی هەڵـە دەدەن کـە بـە دۆزەخ کۆتایـی دێـت، بـەڵام ئـەوە هەمـوو ڕاسـتییەکە نییـە. عیسـا دەفەرموێـت کـە ئـەو بژاردانـە بەڕاسـتی شـایانی ئـەوەن کـە بخرێتـە دۆزەخ بەهۆیانـەوە. «ئـەوەش بڵێـت "گێلـە"، دەبێـت بخرێتـە نـاو ئاگـری دۆزەخـەوە» (مەتـا ٥: ٢٢). لەبـەر ئەوەیـە کـە بـە دۆزەخ دەڵێـت «سـزادان» (مەتـا ٢٥: ٤٦). ئـەوە تەنهـا دەرەنجامێکـی سروشـتی نییـە کـە خـۆت بەسـەر خۆتـدا هێنابێتـت (وەکـو چـۆن کێشـانی جگـەرە شـێرپەنجەی بـەدواوە دێـت)؛ بەڵکـو دۆزەخ سـزای تووڕەیـی خودایـە (وەکـو چـۆن دادوەرێـک سـزای بێگاریـی دەدات بەسـەر تاوانبارێکـدا).

ئـەو وێنەیـەی کـە عیسـا بـۆ ئـەو کەسـانەی بەکاردێنێـت کـە لـە دەخرێنـە نێـو دۆزەخـەوە، دەریناخـات کـە بەهـۆی دەرەنجامـی سروشـتییەوە بووبێـت، بەڵکـو بریتییـە لـە جێبەجێکردنـی تووڕەیـی دادپەروەرانـەی خـودا. بـۆ نموونـە، باسـی خزمەتکارێـک دەکات کـە گەورەکـەی چـووە بـۆ گەشـت. خزمەتکارەکـە دەڵێـت: «گەورەکـەم دوادەکەوێـت، بـەو هۆیـەوە دەسـت دەکات بـە لێدانـی کۆیلـە هاوکارەکانـی و لەگـەڵ سەرخۆشـان دەخـوات و دەخواتـەوە. ئیتر گـەورەی ئـەو کۆیلەیـە لـە ڕۆژێکـدا دێتـەوە کـە چاوەڕێـی نـاکات و لـە کاتژمێرێـک کـە نایزانێـت. ئەوسـا پارچەپارچـەی دەکات و بەشـی لەگـەڵ دووڕووانـدا دادەنێـت، جـا گریـان و جیـڕەی ددان لـەوێ دەبێـت» (مەتـا ٢٤: ٤٨- ٥١). ئـەم وێنەیـە ئاماژەیـە بـە تووڕەییەکـی دروسـت و پیـرۆز کـە سـزادانی لـەدواوە دێـت. عیسـا ئـەو کەسـە لەگـەڵ دووڕوانـدا دادەنێـت.

عیسـا نموونەیەکـی دیکـەی فەرمـوو بـۆ ئـەوەی ڕۆیشـتنی لەسـەر زەوی و هاتنـەوەی بـۆ حوکمـدان ڕوون بکاتـەوە. ئـەو فەرمـووی: «پیاوماقوڵێـک بـۆ وڵاتێکـی دوور ڕۆیشـت، تاوەکـو شانشـینێک بـۆ خـۆی وەربگرێـت و بێتـەوە... بـەڵام دانیشـتووانی ناوچەکـە ڕقیـان لێـی بـوو، شـاندێکیان بەدوایـدا نـارد و گوتیـان: نامانەوێـت ئەمـە پاشـایەتیمان بـکات» (لۆقـا ١٩: ١٢، ١٤). کاتێـک کـە پیاوماقوڵەکـە گەڕایـەوە پاشـایەتییەکەی وەرگرتبـوو و پاداشـتی ئـەو کەسـانەی دایـەوە کـە بـە متمانەیـان پێـی کردبـوو و ڕێزیـان گرتبـوو، هەروەهـا سـزای ئـەو کەسانەشـی دا کـە شانشـینەکەیان ڕەت کردبـووەوە: «دوژمنانیشـم، ئەوانـەی نەیاندەویسـت پاشـایەتییان بکـەم،

بیانهێننە ئێرە و لەبەردەمم بیانکوژن» (لۆقا ١٩: ٢٧). دیسان دەبینین کە لێرەدا دۆزەخ تەنها دەرەنجامی خووێکی خراپ نییە، بەڵکو بریتییە لە نیشاندانی تووڕەیی پیرۆزی پاشا دژی ئەوانەی کە حوکمە دادپەروەرەکەیان ڕەت کردەوە.

## لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە دۆزەخدا لەناوبەرێت

لەبەر ئەمە بوو کە عیسا فەرمووی: «لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە دۆزەخدا لەناوبەرێت» (مەتا ١٠: ٢٨). ئەو ترسەی کە داوای دەکات، ترس لە دۆزەخ نییە وەکو دەرەنجامێکی سروشتی ئاکار و خووە خراپەکانمان، بەڵکو بریتییە لە ترس لە خودا وەکو داودوەرێکی پیرۆز کە گوناهبارەکان دەخاتە دۆزەخ. ئەم داواکارییەی خودا کە وەکو دادوەرێکی پیرۆز لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە مایەی بێهیوایی و نائومێدی بێت. وا دەردەکەوێت کە شوێنکەوتنی مەسیح واتە ژیانێکی پڕ لە نیگەرانی ئەوەی کە خودا لێمان تووڕەیە و دەیەوێت لەگەڵ هەر هەڵەیەکی بچووکدا سزامان بدات. بەڵام ئەوە ئەو شتە نییە کە عیسا داوامان لێدەکات لە کاتی شوێنکەوتنی ئەودا ئەزموونی بکەین.

لەوانەیە زۆر خۆش و سەرسامکەر بێت بەلامانەوە کە دەبینین دوای گوتنی ئەم ئاگادارییە «لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە دۆزەخدا لەناوبەرێت»، عیسا باسی شتێک دەکات کە دەبێتە هۆی بەخشینی ئاشتییەکی زۆر و ئاسوودەییەکی تەواو بەهۆی گرنگی و بایەخی باوکانەی خودا. ئایەتی دواتر بەم جۆرەیە: «ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن» (مەتا ١٠: ٢٩- ٣١).

بە هەمان هەناسەوە، عیسا دەفەرموێت: «لە خودا بترسن کە دەتانخاتە دۆزەخەوە» و «مەترسن، چونکە خودا باوکی ئێوەیە زیاتر لە چۆلەکە بایەختان پێدەدات و بچووکترین پێداویستیتان دەزانێت». لەڕاستیدا، بابەتی ئەوەی کە خودا وەکو باوک گرنگیمان پێدەدات و هەموو پێداویستییەکانمان دابین دەکات یەکێکە لە شیرینترین و فراوانترین بابەتەکانی وتار و فێرکردنەکانی عیسا:

«سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن، نە تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە لەوان بەنرختر نین؟ ... جا خەم مەخۆن بڵێین، "چی بخۆین؟" یان "چی بخۆینەوە؟" یان "چی لەبەر بکەین؟" چونکە بێباوەڕان هەوڵ بۆ هەموو ئەم شتانە دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە» (مەتا ٦: ٢٦، ٣١- ٣٢).

## دەبێت لە خودا بترسین و متمانەی پێ بکەین

عیسا دەیەوێت ئێمە چۆن ئەزموونی ئەم دوو ڕاستییە لەبارەی خوداوە بکەین - پێویستە لێی بترسین و متمانەی پێ بکەین؟ ناکرێت زۆر بە سادەیی بڵێین «ترسی خودا» واتە «ڕێزگرتن لە خودا» لە جێگەی «ترسان لە خودا». بەڵام ئەوە لەگەڵ ئەو ئایەتەدا ناگونجێت کە دەڵێت «لەوە بترسن کە دەسەڵاتی هەیە پاش کوشتن فڕێتانبداتە ناو دۆزەخ. بەڵێ پێتان دەڵێم، لەمە بترسن» (لۆقا ١٢: ٥). ڕاستە کە دەبێت ڕێز لە خودا بگرین، واتە لەبەرامبەر پیرۆزی و هێز و داناییەکەیدا بترسین. بەڵام ترسێکی ڕاستەقینە هەیە کە لەگەڵ ئاشتییەکی شیرین و متمانەکردن بە خودا دەگونجێت.

کلیلی بابەتەکە ئەوەیە کە خودا ئەو کەسەیە کە تووڕەییەکەی لەسەرمان لادەبات. ئاشتیی ئێمە لە ڕێگەی لابردنی خودای تووڕەیی لە مێشکماندا نایەت، بەڵکو دەبێت ئەو خۆی تووڕەییەکەی لەسەرمان لاببات. خودا ئەو کارەی کرد لە ڕێگەی ناردنی عیسا بۆ ئەوەی لە جێگەی ئێمە بمرێت، بۆ ئەوەی هەرکەسێک باوەڕی پێی هەبێت، تووڕەیی خودای لەسەر لابچێت. «وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەبێت... ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت» (یۆحەنا ٣: ١٤- ١٥، ٣٦). کاتێ کە عیسا لەسەر خاچ هاواری کرد و فەرمووی: «خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟» (مەرقۆس ١٥: ٣٤)، لەو کاتەدا تووڕەیی بەجێهێشتنی لەلایەن خوداوە لە جێگەی ئێمە تاقی کردەوە - چونکە ئەو هەرگیز کارێکی نەکردبوو کە شایانی ئەوە بێت خودا بەجێی بهێڵێت. وە کاتێک کە لە کۆتاییدا لەسەر خاچ فەرمووی: «تەواو بوو» (یۆحەنا ١٩: ٣٠)، مەبەستی ئەوە بوو کە بەهای ڕزگاریمان - ئازادبوونمان لەدەست تووڕەیی خودا و هاتنە نێو بەرەکەتی خوداوە - بەتەواوی دابین کرا.

عیسا فەرمووی کە هاتووە بۆ ئەوەی «ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر» (مەتا ٢٠: ٢٨)، وە ئێستا باجی تەواو دراوە و ئیشی لابردن و سڕینەوەی تووڕەیی خودا کۆتایی پێهات. ئێستا عیسا دەفەرموێت کە هەرکەسێک باوەڕی هەبێت پەیوەندییەکی هەتاهەتایی لەگەڵ خودا هەیە و بەتەواوی دڵنیایە لەوەی کە تووڕەیی دادوەرەکە نەماوە و تەواو بووە. «ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە» (یۆحەنا ٥: ٢٤).

## ترس لە بێباوەڕی

کەواتە چیمان هەیە کە لێی بترسین؟ وەڵامەکە بریتییە لە بێباوەڕی. بۆ ئەوانەی کە

شوێن عیسا دەکەون، ترسان لە خودا واتە ترسان لەو چاوەڕوانییە کارەساتباری متمانە نەکردن بەو کەسەی کە باجێکی بەهاداری لەو شێوەیەی لەپێناو ئاشتیی ئێمەدا داوە. بە واتایەکی دیکە، یەکێک لەو ڕێگایانەی کە خودا بەکاریدێنێت بۆ ئەوەی بە ئاشتیخوازانە متمانە بە عیسا بکەین بریتییە لە ترسی ئەوەی کە خودا چیمان لێ دەکات ئەگەر بێتو باوەڕ نەهێنین. هۆکاری ئەوەی کە ئێمە لە ترسی بەردەوامدا ناژین، ئەوەیە کە باوەڕمان هەیە. واتە، ئێمە بەهۆی کاری تەواو و کامڵی عیسا و گرنگیدانی مەزنی باوکی ئاسمانییەوە بە ئاسوودەییەوە دەژین. بەڵام لەو کاتانەی کە بێباوەڕیی تووشی وەسوەسەمان دەکات، ترسێکی پیرۆز سەرهەڵدەدات و ئاگادارمان دەکاتەوە کە چەندە کارێکی گێلانەیە ئەگەر بێتو متمانە بەو کەسە نەکەین کە ئێمەی خۆشدەوێت و کوڕەکەی خۆی کردە قوربانی لەپێناو ئەو خۆشییەی کە نیگەرانی و دڵتەنگی لادەبات.

## باوەشکردن بە یەزداندا، ترس لادەبات

ڕووداوێک هاوکاری کردم کە لەوە تێبگەم ئاخۆ ئەم ئەزموونانە چۆن کار دەکەن. کاتێک کوڕە گەورەکەم کە ناوی «کارستن»ە، تەمەنی هەشت ساڵ بوو، ئێمە سەردانی پیاوێکمان کرد کە سەگێکی گەورەی هەبوو. کە درگاکەمان کردەوە، سەگەکە چاوی بڕییە چاوی کوڕەکەم. ئەوە شتێکی ترسناکە بۆ منداڵێکی هەشت ساڵان. بەڵام ئێمە لەوە دڵنیا بووین کە سەگەکە بێ زیانە و حەزی لە منداڵە. دوای چەند خولەکێک، کارستنمان نارد بۆ ئەوەی شتێک لەنێو ئۆتۆمبێلەکە بهێنێت کە ئێمە لەبیرمان کردبوو. کە بەنێو حەوشەکەدا ڕایکرد، سەگەکە بە دەنگی بەرز وەڕی و بەدوای کەوت. لەو کاتەدا خاوەن ماڵەکە سەری کێشایە دەرەوە و گوتی: «باشترە کە بە هێواشی بڕۆیت، سەگەکەمان حەزی لەوە نییە ببینێت کە خەڵکی لە دەستی ڕادەکەن».

هەرچەندە بۆ بەراورد ناشێت، بەڵام دەتوانین بڵێین خودا وەکو ئەو سەگە گەورەیە وایە کە منداڵی خۆشدەوێت، بەڵام حەز ناکات خەڵکی لەدەستی ڕابکەن. ئەگەر متمانە بە خودا بکەین و چێژ لە بوونی وەربگرین و دەستمان لە ملە بەهێزەکەی قایم بکەین، ئەوا بۆمان دەبێت بە هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە خۆزگە دەخوازین لە هاوڕێکانماندا هەبێت. بەڵام ئەگەر بڕیار بدەین کە شتی دیکەمان دەوێت و لەدەستی ڕابکەین، زۆر تووڕە دەبێت. عیسا لە (لۆقا ١٩: ٢٧) زۆر بە ڕوونی باسی ئەمەی کردووە: «دوژمنانیشم، ئەوانەی نەیاندەویست پاشایەتییان بکەم، بیانهێننە ئێرە و لەبەردەمم بیانکوژن». ترسان لە خودا واتە ترسان لە دیمەنی ترسناکی ڕاکردن لە دەست حوکمی پڕ لە بەزەیی و دەسەڵاتدار و تواناداری عیسای پاشا.

## دۆزەخ واتە گوناه بێ ئەندازە شێلگیر و مەترسیدارە

ئەو داوایەی عیسا کە ئێمە لەوە بترسین کە دەتوانێت گیان و جەستەمان لە دۆزەخدا بسووتێنێت، فێرمان دەکات کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە گوناه شێلگیرانە و جدی چاو لێ بکەین. هۆکاری ئەوەی کە زۆر کەس پێی وایە دۆزەخی هەتاهەتایی سزایەکی دادپەروەرانە نییە لەبەرامبەر گوناهەکانماندا، ئەوەیە کە گوناه وەکو خۆی نابینن. وە هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە خودا وەکو خۆی نابینن. عیسا پێمان دەڵێت کە چی بەو کەسانە دەڵێت کە دەچنە دۆزەخ: "قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی بەدکاران» (مەتا ٧: ٢٣). ئەوان بەدکارن، چونکە شەریعەتی خودایان شکاندووە. یەکەم جار دژی خودا گوناهیان کردووە، ئینجا دژی مرۆڤەکان.

بۆیە شێلگیریی گوناه لەوە سەرهەڵدەدات کە گوناه لەبارەی خوداوە دەیڵێت. خودا بێ ئەندازە بەهادار و شایانی ڕێزە. بەڵام گوناه ڕێک پێچەوانەکەیمان پێ دەڵێت. گوناه باسی ئەوە دەکات کە شتی دیکە لە خودا بەهادارتر و چێژبەخشترە. ئەمە هەتا چ ڕادەیەک جدییە؟ جدیبوونی تاوانێک هەتا ڕادەیەک بەپێی شان و شەوکەتی کەسەکە و بێڕێزیکردن بە خزمەتەکەی بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەگەر کەسەکە بێ ئەندازە شیاو و ڕێزدار و جێگەی پەسەند بێت، وە خزمەتێکی بێ ئەندازە ڕێزدار و دەسەڵاتداری هەبێت، ئەوا ڕەتکردنەوەی تاوانێکی زۆر مەترسیدارە و جێگەی قبوڵ نییە. بۆیە ئەو کەسە شایانی ئەوەیە کە سزایەکی هەتاهەتایی بدرێت. توندی وشەکانی عیسا لەبارەی دۆزخەوە زیادەڕەویکردن نییە لەبەرامبەر سووکایەتییەکی بچووکدا، بەڵکو وشەکانی عیسا شایەتی بەهای هەتاهەتایی خودا دەردەخات لەگەڵ ئەو بێڕێزییە زۆرەی کە گوناهی مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن.

## دیاریی بەهاداریی ترس

کەواتە گوێ لە داواکارییە ڕوونەکەی عیسا بگرە و لەو کەسە بترسە کە دەتوانێت گیان و جەستەت لە دۆزەخدا لەناوببات. وەکو بەزەییەکی زۆر لەبەرچاوی بگرە. بەڕاستی زۆر باشە کە عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە و وا دەکات ئاگامان لە تووڕەیی داهاتووی خودا بێت. عیسا نە تەنها ئاگادارمان دەکاتەوە، بەڵکو ڕزگاریشمان دەکات. ئەمە باشترین کاریگەری ترسە: خەبەرمان دەکاتەوە و پێمان دەڵێت کە پێویستمان بە هاوکارییە و بەرەو عیسای ڕزگارمان دەبات. ڕێگە بدە کە ترس ئەو کاریگەرییەی لەسەر تۆ هەبێت و بەرەو عیسا ئاراستەت بکات کە بەو کەسانە دەفەرموێت کە باوەڕیان پێی هەیە: «مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ» (لۆقا ١٢: ٣٢).

# داواکاریی دوازدەیەم

## بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی خودا بپەرستە

«بەڵام کاتێک دێت ئەویش کە ئێستایە خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی باوک دەپەرستن، چونکە باوک داوای ئەم جۆرە خواپەرستانە دەکات. خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی بیپەرستن.» (یۆحەنا ٤: ٢٣- ٢٤)

«ئینجا عیساش پێی فەرموو: ئەی شەیتان لێم دووربکەوە! چونکە نووسراوە: کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت.» (مەتا ٤:١٠)

«ئەم گەلە هەر بە دەم ڕێزم لێ دەگرن، بەڵام دڵیان لێم دوورە. بەخۆڕایی دەمپەرستن، تەنها ڕاسپاردەی مرۆڤانە فێری خەڵک دەکەن.» (مەتا ١٥: ٨- ٩)

«کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.» (مەتا ٦: ٢٤)

هەرکەسێک لەم جیهانەدا شتێک دەپەرستێت. هەموو خەڵکی، لە باوەڕدارترین کەسەوە هەتا دەگاتە سێکیولارترین کەس، شتێکیان بەلاوە زۆر بەهادارە کە ژیانیان لە چواردەوری ئەو شتەدا بنیاد دەنێن. ئەو شتەش دەکرێت خودا بێت و دەکرێت پارە بێت. بەڵام ئەوەی کە دەبێتە هۆی پەرستنمان بریتییە لە هێزی پاڵنەری هەندێک گەنجینەی بەهادار کە دەبنە هۆی پێکهێنانی هەست و خواست و بیروبۆچوون و ڕەفتارمان. لەنێو ئەم ئەزموونی جیهانییەی پەرستندا، عیسا داوامان لێدەکات و دەفەرموێت: «بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی خودا بپەرستن» (یۆحەنا ٤: ٢٤). بە واتایەکی دیکە، ئەزموونی پەرستنت هاوتا بکە لەگەڵ ڕاستیی دەربارەی خودا و ڕێگە بە ڕۆحی پیرۆز بدە کە بەخەبەر بێتەوە و لە ڕێگەی ئەو ڕاستییەوە بجوڵێنرێت.

### کاتێک دێت ئەویش کە ئێستایە

کاتێک کە عیسا ئەمەی فەرموو، قسەی لەگەڵ ژنێک دەکرد کە لە نزیک ناوچەکەی خۆی بوو. عیسا ئەوی خستە ژێر پرسیارەوە کاتێک کە باسی شوێنەکانی پەرستنی سامیرەییەکان و جولەکەکانی کرد. ژنەکە گوتی: «باوباپیرانمان لەم شاخەدا خودایان پەرستووە، بەڵام ئێوە دەڵێن ئۆرشەلیم ئەو شوێنەیە کە پێویستە پەرستنی لێ بکرێت» (یۆحەنا ٤: ٢٠). عیسا وەڵامی دایەوە و سەرنجی لەسەر ناوچەی جوگرافیایی لادا و سەرنجی خستە سەر شتێکی

زۆر سەرنجڕاکێش کە ڕێک لەو شوێنەدا ڕوویدەدا. عیسا فەرمووی: «خانم، باوەڕم پێ بکە، کاتێک دێت ئێوە باوک دەپەرستن، بەڵام نە لەسەر ئەم شاخە و نە لە ئۆرشەلیم... بەڵام کاتێک دێت ئەویش کە ئێستایە خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی باوک دەپەرستن، چونکە باوک داوای ئەم جۆرە خواپەرستانە دەکات» (یۆحەنا ٤: ٢١، ٢٣). ئەوە ئایەتێکی زۆر توند و یەکلاکەرەوەیە - گوتنی ئەوەی کە بڵێی کاتەکە هاتووە کە ئەویش ئێستایە کە پەرستن لە ئۆرشەلیم ئەنجام نادرێت! عیسا مەبەستی چی بوو؟

عیسا بانگەشە سەرسامکەرەکەی کرد و ڕایگەیاند کە ئەو مەسیحی چاوەڕوانکراوی جولەکەکانە. ژنەکەش پێی گوت: «دەزانم مەسیا دێت، کە پێی دەگوترێ مەسیح، کە ئەو هات هەموو شتێکمان پێ ڕادەگەیەنێت» (یۆحەنا ٤: ٢٥). کەواتە کاتێک کە عیسا فەرمووی «کاتە هاتووە و ئێستایە کە چیتر لە ئۆرشەلیم خودا ناپەرستین، مەبەستی ئەوە بوو کە شانشینی مەسیح هاتووە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی پەرستنی خەڵکیدا ڕوودەدات.

## «ئەم پەرستگایە بڕووخێنن، بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە»

هۆکاری گوتنی ئەم وتە بەهادارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عیسا دەیویست خۆی جێگەی پەرستگاکە بگرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەو شوێنەی کە خوداپەرستیان تێدا ئەنجام دەدا - ئەو شوێنەی کە لەمەولا تییدا خودا دەبینن - دەبێتە عیسا، نەک پەرستگای ئۆرشەلیم. عیسا بە چەندین ڕێگای جیاواز ئەم مەبەستەی گەیاندووە. بۆ نموونە، لەنێو پەرستگادا هەستایەوە و فەرمووی «ئەم پەرستگایە بڕووخێنن، بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە» (یۆحەنا ٢: ١٩). ئینجا خەڵکەکە سەرسام بوون و گوتیان: «ئەم پەرستگایە بە چل و شەش ساڵ بنیاد نراوە، تۆ بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنیتەوە» (یۆحەنا ٢: ٢١). بە واتایەکی دیکە، عیسا مەبەستی ئەوە بوو کاتێک کە لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، ئەو دەبێتە «پەرستگا» نوێیەکە - شوێنی نوێی بینینی خودا.

عیسا جارێکی دیکەش شتێکی سەرسامکەری وەکو ئەمەی فەرموو کاتێ کە ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە بۆچی ڕێگە بە قوتابییەکانی دەدات گوڵە گەنم بپروێنن و لە ڕۆژی شەممەدا بیخۆن. عیساش لە وەڵامدا ئاماژەی بە داودی پاشای ئیسرائیل کرد کە نانیماڵی خودای داوەتە پیاوەکانی لەکاتێکدا ئەو نانە جگە لە کاهینەکان کەس بۆی نەبووە بیخوات. عیسا داود و پیاوەکانی بەستەوە بە خۆی و پیاوەکانی، کاتێک کە فەرمووی: «پێتان دەڵێم، کەسێک لێرەیە کە لە پەرستگا مەزنترە» (مەتا ١٢: ٦). بە واتایەکی دیکە، «مەسیحی کوڕی داود لێرەیە، وە خۆی جێگەی پەرستگا دەگرێتەوە».

## نە لەسەر ئەم شاخە و نە لە ئۆرشەلیم، بەڵکو بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی

کەواتە کاتێک کە عیسا بە ژنە سامیرەییەکەی فەرموو: «کاتێک دێت ئەویش کە ئێستایە خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی باوک دەپەرستن»، مەبەستی ئەوە بوو کە ڕێگایەکی تەواوی نوێی پەرستنی خودا لەگەڵ هاتنی مەسیحدا هاتووە. چیتر لایەنی جوگرافیایی لەبەرچاو ناگیردرێت: «ئێوە باوک دەپەرستن، بەڵام نە لەسەر ئەم شاخە و نە لە ئۆرشەلیم». بەڵکو ئەوەی کە وا دەکات لایەنی دەرەکی گرنگ بێت، بریتییە لە لایەنی ڕۆحی دەروونی: «خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی باوک دەپەرستن». ڕاستییە ڕۆحییەکانی «ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی» جێگەی شوێنە دەرەکییەکانی سامیرە و ئۆرشەلیمیان گرتەوە. ئێستا شوێنی پەرستش گرنگ نییە، بەڵام ئەوە گرنگە ئاخۆ بەپێی ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی خودا دەپەرستی، هەروەها ئەوەی کە ئایا ڕۆحت بەتەواوی لەلایەن ئەو ڕۆحەوە بەخەبەر هاتووەتەوە و جوڵاوە یان نە.

## دەبێت هەموو پەرستشتێک لە ڕێگەی عیسا و بۆ عیسا بێت

ڕاستییە نوێیە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئێستا پەرستن لەڕێگەی عیساوە ئەنجام دەدرێت. عیسا پەرستگایە و ئێمە بەهۆیەوە خودا دەبینین. ئەمە ڕاستە چونکە ئەو خوێنی خۆی لەپێناو «لێخۆشبوونی گوناهدا ڕشت» (مەتا ٢٦: ٢٨) و «ژیانی خۆی لەپێناوی کەسانێکی زۆردا کردە قوربانی» (مەرقۆس ١٠: ٤٥)، وە لە ڕێگەی لەخاچدان و هەستانەوەی لەنێو مردووان، ئێمەی لەگەڵ خودا ئاشت کردەوە (یۆحەنا ٣: ١٦، ٣٦). گوناهباران بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بەدروستی خودا بپەرستن ئەگەر بێتو خوێنی عیسا نەیەتە نێوان ئەوان و خوداوە.

هەروەها ئێستا پەرستن لە ڕێگەی عیساوە ڕوودەدات، چونکە ئەو خۆی خودایە. ئەو تەنها نێوانگری پەرستشی نێوان ئێمە و باوکی ئاسمانی نییە؛ عیسا ئەو کەسەیە کە دەبێت بپەرسترێت. عیسا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەرموویەتی کە دەبێت بپەرسترێت. ئەو لە گوناهی خەڵکی خۆشبوو کە تەنها خودا دەتوانێت ئەو کارە بکات (مەرقۆس ٢: ٥- ١١). ئەو پەرستنی لەلایەن قوتابییەکانیەوە قبوڵ کرد (مەتا ١٤: ٣٣؛ ٢٨: ٩). بانگەشەی ئەوەی کرد کە هەمیشە لەگەڵ خودا ژیاوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایک ببێت، من هەم» (یۆحەنا ٨: ٥٨). فەرمووی کە لەگەڵ باوکدا یەکە: «ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە» (یۆحەنا ١٤: ٩). «من و باوک یەکین» (یۆحەنا ١٠: ٣٠). لەبەر ئەوە هەموو کەسێک دەبێت «هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن وەک چۆن ڕێزی باوک دەگرن» (یۆحەنا ٥: ٢٣). هەر بۆیە هەموو ئەوانەی کە لە ڕاستیدا خوداپەرستی دەکەن، دەبێت عیسا بپەرستن و لە ڕێگەی عیساوە پەرستش بکەن. چونکە «ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی» (یۆحەنا ٥: ٢٣).

## پەرستن بە ڕۆحی پیرۆز

دەستەواژەی «بە ڕۆح» واتای چییە؟ (یۆحەنا ٤: ٢٣) دەڵێت: «کاتێک دێت ئەویش کە ئێستایە خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی باوک دەپەرستن، چونکە باوک داوای ئەم جۆرە خواپەرستانە دەکات». هەندێک لە وەرگێڕەکان ئەم ڕۆحە بە ڕۆحی خودا دەزانن. بەڵام من پێم وایە ئەم ڕۆحە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی خۆمان. بەڵام پێدەچێت ئەم دوو وەرگێڕانە جیاوازە، لە بیروهزری عیساوە دوور نەبووبێت. لە (یۆحەنا ٣: ٦)دا، عیسا بە شێوەیەکی زۆر جوان ڕۆحی خودا و ڕۆحی ئێمە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. عیسا دەفەرموێت: «ئەوەی لە ڕۆحی خودا لەدایکبووە، ڕۆحە». بە واتایەکی دیکە، هەتا ڕۆحی پیرۆز لەڕێگەی لەدایکبوونەوەی ژیانێکی نوێ ڕۆحمان نەبوژێنێتەوە، ڕۆحمان ئەوەندە مردوو و ناچالاکە کە تەنانەت بە ڕۆحیش دانانرێت. ئەوەی کە لە ڕۆح لەدایکبووە، ڕۆحێکی زیندووە. کەواتە کاتێک کە عیسا دەفەرموێت باوەڕدارە ڕاستەقینەکان باوکی ئاسمانی «بە ڕۆح» دەپەرستن، مەبەستی ئەوەیە کە پەرستنی ڕاستەقینە لەو ڕۆحانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە ڕێگەی بووژانەوەی ڕۆحی خوداوە زیندوو و چالاک کراون.[a]

ئەم ڕۆحە دەورێکی سەرەکی هەیە لە پەرستندا، بە جۆرێک کە ئەگەر نەبێت، پەرستنەکەت مردووە و سوودی نییە. عیسا دەفەرموێت: «ئەم گەلە هەر بە دەم ڕێزم لێ دەگرن، بەڵام دڵیان لێم دوورە. بەخۆڕایی دەمپەرستن» (مەتا ١٥: ٨- ٩). دڵ و ڕۆحێکی چالاک و زیندوو و پەیوەست بە خودا، زۆر گرنگە. عیسا پەرستنی ڕاستەقینە بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی بەراورد دەکات بە پەرستنی دەرەکی کە تیشک دەخاتە سەر سامیرە و ئۆرشەلیم. ئەوەی کە وا دەکات ئەو پەرستنە ڕاستەقینە بێت، تەنها ئەوە نییە کە مێشکی پەرستنەکە لە ڕاستی عیسا تێدەگات، بەڵکو ئەوەی کە ڕۆحی پەرستنەکەش بەخەبەر دێتەوە و ڕاستییەکەی مێشک کاریگەری دەخاتە سەری. کەسێک کە هیچ هەست و سۆزێکی بەرامبەر خودا نییە و لە ڕێگەی ڕاستیی عیساوە بەخەبەر نەهاتووە، ئەوا بە ڕۆح و ڕاستیی خوداپەرستی ناکات. وە ئەو کەسەی کە هەست و سۆزێکی زۆری هەیە بەڵام لەسەر بۆچوونی هەڵە لەسەر خودا بنیات نراوە، ئەوا بە ڕۆح و ڕاستیی خودا ناپەرستێ. عیسا داوای هەردووکی دەکات: بە ڕۆح و ڕاستی خوداپەرستی بکە.

## تەواوی ژیان پەرستنە

یەکێک لە واتاکانی ئەم پەرستنە ئەوەیە کە بەسەر هەموو ژیاندا جێبەجێ دەبێت، لەگەڵ خزمەتی پەرستنی هاوبەشی باوەڕداران. جەوهەری پەرستن پشت دەبەستێت بە

---

a ئەم چەند دێڕە، لەم پەڕتووکەی دیکەی نووسەرەوە وەرگیراوە:
John Piper, Desiring God: Meditations of a Christian Hedonist, revised and expanded edition .(Sisters, Ore.: Multnomah, 2003), 82

بینینی ڕاستەقینەی مێشکمان و هەست و سۆزی ڕاستەقینەی ڕۆحمان بۆ خودا. ئەمەش واتای ئەوەیە کاتێک کە بەهای خودا لە ڕێگەی گوفتار یان کردارەوە دەردەخەین کە لە ڕۆحێکەوە هەڵدەقوڵێت کە خودای زۆر خۆشدەوێت، ئەوا بە ڕۆح و ڕاستی خودا دەپەرستین. گرنگ نییە لە کوێین، دەکرێت لەسەر ئیش بین یان لە ماڵ یاخود کڵێسا بین. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە ئێمە شکۆی خودا لە عیسادا دەبینین (ڕاستی)، وە لە هەموو شتێکی دیکەمان زیاتر خۆشدەوێت (ڕۆح)، ئینجا زیاد دەکەین کاتێک کە لە هەڵسوکەوتەکانماندا خۆشەویستییەکی قوربانی ئاسا نیشان کەسانی دیکە دەدەین. هەندێک شتی دیکە هەن کە جوانیی خودا زیاتر دەردەخەن. بۆیە، بۆ شوێنکەوتووانی مەسیح، تەواوی ژیان دەبێت لەم جۆرە پەرستنە پێکهاتبێت.

ئەم بابەتە زۆر جوان ڕوون کراوەتەوە لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی کە عیسا لەنێوان پەرستنی خودا و خزمەتکردنی خودا دروستی کردووە. کاتێک شەیتان هەوڵی دا عیسا تووشی وەسوەسە بکات، لە وەڵامدا فەرمووی: «ئەی شەیتان لێم دووربکەوە! چونکە نووسراوە: کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت (تەنها خزمەتی ئەو دەکەیت)» (مەتا ٤: ١٠). بە گشتی خزمەتکردن لەگەڵ پەرستندا دەهات کە نیشانەی خزمەتی دەرەکی ئایینیە لە پەرستگادا. بەڵام ئێستا عیسا پەرستگایە. چۆن «خزمەتی» پەرستن گۆڕانکاری بەسەردا هات؟

## ناتوانیت خزمەتی خودا و پارە بکەیت

لە مەتا (٦: ٢٤)دا وێنەیەکی بچووکی واتای خزمەتکردنی خودا دەبینین. عیسا دەفەرموێت: «کەس ناتوانێت کۆیلایەتی (خزمەتی) دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن». شتە سەرسامکەرەکە لێرەدا ئەوەیە کە خزمەتکردنی خودا بە خزمەتکردنی پارە بەراورد کراوە. بەڵام تۆ چۆن خزمەتی پارە دەکەیت؟ بێگومان یارمەتی پارە نادەیت، هەروەها پێداویستییەکانی پارە دابین ناکەیت. تۆ خزمەتی پارە دەکەیت کاتێک کە ئەوەندەت خۆشدەوێت کە تەواوی ژیانت بۆ سوودوەرگرتن لەو شتانە تەرخان دەکەیت کە پارە دەتوانێت بۆت ئەنجام بدات.

عیساش باسی هەمان شت دەکات کە دێتە سەر خزمەتی پەرستن. ئێمە یارمەتی خودا نادەین یان پێداویستییەکانی دابین ناکەین: «کوڕی مرۆڤ نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت» (مەرقۆس ١٠: ٤٥). ئێمە خزمەتی خودا دەکەین کاتێک کە بە ڕادەیەک خۆشمان دەوێت کە تەواوی ژیانمان بۆ سوودوەرگرتن لەو شتانە دابین دەکەین کە خودا دەتوانێت بۆمان

ئەنجام بدات. وە بە پێچەوانەی پارەوە، ئەوەی کە خودا دەتوانێت بۆمان ئەنجام بدات کە لە هەموو شتێکی دیکە بەهادارترە، ئەوەیە کە دەبێتە هەموو ئەو شتانە بۆمان کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆزگەمان بۆ خواستووە.

## بەهای بێ ئەندازەی خودا لە مەسیحدا

کەواتە، تەواوی ژیان لە خزمەتکردنی خودا پێکهاتووە. واتە، هەموو ژیانمان پێکهاتووە لە ئارەزوومان بۆ زیادکردنی ئەزموونمان لە ئەوپەڕی بەهای خودا لە عیسادا. کەواتە، ئێمە لەو شوێنەدا کۆتایی پێدێنین، کە دەستپێدەکەین. هەموو جیهان، لە باوەڕدارترین کەسەوە هەتا دەگاتە سێکیولارترین کەس، شتێکیان بەلاوە زۆر بەهادارە کە ژیانیان لە چواردەوری ئەو شتەدا بنیاد دەنێن - تەنانەت ئەگەر ئەمە بێمەبەست ڕووبدات. عیسا داوا دەکات کە هەموو کەسێک ژیانی لە دەوری بەهای نەبڕاوەی خودا لە عیسادا بنیات بنێت. سەرنجی ئەو شتە بدە کە دەیپەرستیت. ئینجا داوا لە عیسا بکە کە چاوت بکاتەوە بۆ ئەوەی بەهای بێ ئەندازەی خودا ببینیت و بۆ ئەوەی ڕۆحت بەخەبەر بێنێتەوە تاکو ئەوت لە هەموو کەس و شتێکی دیکە زیاتر خۆش بوێت.

# داواکاریی سێزدەیەم

## هەمیشە نوێژ و نزا بکە و هەرگیز بێهیوا مەبە

«عیسا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە کە پێویستە هەمیشە نوێژ بکەن و ورە بەرنەدەن.» (لۆقا ١٨: ١)

«نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە.» (مەتا ٥: ٤٤)

«تۆ کاتێک نوێژ دەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت دابخە، نوێژ بکە بۆ باوکی نەبینراوت. باوکیشت کە هەموو نهێنییەک دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە.» (مەتا ٦: ٦)

«کاتێک نوێژ دەکەن، وەک بتپەرستان ئەوەندە وشەکان دووبارە مەکەنەوە، چونکە وا دەزانن بە زۆر گوتنیان گوێیان لێ دەگیرێت. لەبەر ئەوە وەک ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێت پێویستیتان بە چییە، پێش ئەوەی داوای لێ بکەن.» (مەتا ٦: ٧- ٨)

«بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن: ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت» (مەتا ٦: ٩)

«داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت.» (مەتا ٩: ٣٨)

«باوک کە لە ئاسمانە، چەند زیاتر ڕۆحی پیرۆز دەداتە ئەوانەی داوای لێ دەکەن.» (لۆقا ١١: ١٣)

«داوا بکەن وەریدەگرن، تاکو خۆشییەکەتان تەواو بێت.» (یۆحەنا ١٦: ٢٤)

«هەرچییەک بە ناوی منەوە داوا بکەن دەیکەم، تاکو باوک لە کوڕەکەدا شکۆدار بێت.» (یۆحەنا ١٤: ١٣)

عیسا دەیەوێت گەلێکی نوێژکەر بنیات بنێت. داواکارییەی ڕوونە و بابەتەکە ئەوەندە گرنگە کە پێمان دەڵێت بۆچی و چۆن و بۆ کێ و چ جۆرێک نوێژ و نزا بکەین. وە لەگەڵ ئەوەی کە پێمان وایە کە کوڕی خودا لەسەرووی ئەوەوەیە کە پێویستی بە نوێژی ئێمە بێت، بەڵام وەکو مرۆڤێکی تەواو نموونەیەکمان بۆ دادەنێت کە لەسەری بڕۆین کاتێک کە بەیانیان بە مەبەستی نوێژکردن زوو لە خەو هەڵدەستێت (مەرقۆس ١: ٣٥). وە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت کە بە تەنها نوێژ بکات (مەتا ١٤: ٢٣) و هەندێ کات تەواوی شەوی لە نوێژکردندا بەسەر دەبات (لۆقا ٦: ١٢)، هەروەها لە کۆتاییدا لەڕێگەی نوێژکردنەوە خۆی بۆ ئازارچەشتنەکەی ئامادە دەکات.

### بۆچی؟ بۆ شکۆی خودا

بۆچی عیسا پێی وابوو کە نوێژکردن بۆ شوێنکەوتووانی گرنگە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە نوێژکردن هاوتەرییە لەگەڵ دوو ئامانجی مەزن کە خودا عیسای بە مەبەستی ئەنجامدانی

نـارده سـەر زەوی: شـکۆی خـودا و خۆشـیی و دڵشـادیی ئێمـە. عیسـا لـە (یۆحەنـا ١٤: ١٣)دا فەرمـووی: «هەرچییـەک بـە نـاوی منـەوە داوا بکـەن دەیکـەم، تاکـو بـاوک لـە کوڕەکـەدا شـکۆدار بێـت». خـودا بەتایبەتـی نوێـژی دانـاوە بـۆ ئـەوەی کامڵـی و تەواویـی خـۆی و پێداویسـتی ئێمـە دەربخـات. نوێژکـردن خـودا شـکۆدار دەکات، چونکـە ئێمـە وەکـو کەسـێکی تینـوو نیشـان دەدات و خـودا وەکـو کانییەکـی سـازگار.

عیسـا شـارەزای سـیپارەی زەبـوورەکان بـووە و (زەبـوورەکان ٥٠: ١٥)ی خوێنـدەوە کـە خـودا وەکـو عیسـا فەرمـان دەدات کـە داوای یارمەتـی بکەیـن و دەریدەخـات کـە ئەمـە دەبێتـە هـۆی شـکۆدارکردنی خـودا: «لـە ڕۆژی تەنگانـەدا نـزام بـۆ بکـە، دەربـازت دەکـەم و شـکۆدارم دەکەیـت». نوێـژ ڕێـگای پەیوەنـدی نێـوان ئێمـە و خودایـە، وە ئـەوەش ڕوونـە کـە ئێمـە هاوکارییـە وەردەگریـن و ئەویـش شـکۆمەندی وەردەگرێـت. عیسـا فەرمـووی کـە هاتـووە بـۆ ئـەوەی باوکـی شـکۆدار بـکات. «مـن لەسـەر زەوی شـکۆدارم کردیـت بـە تەواوکردنـی ئـەو کارەی پێـت دابـووم» (یۆحەنـا ١٧: ٤). بەشـێک لـەو کارەی کـە خـودا بـە عیسـای بەخشـیبوو، ئـەوە بـوو کـە قوتابییەکانـی فێـر نوێژکـردن بـکات، چونکـە کاتێـک بـە نـاوی عیسـا نوێـژ دەکەیـن «بـاوک لـە کوڕەکـەدا شـکۆدار دەبێـت» (یۆحەنـا ١٤: ١٣).

## بۆچی؟ بۆ خۆشی و دڵشادیی ئێمە

هۆکارێکـی دیکـەی هاتنـی عیسـا بـۆ خۆشـی و دڵشـادی ئێمـە بـوو. هەمـوو ئـەوەی کـە عیسـا ڕایگەیانـد و بـڵاوی کـردەوە بـۆ ئـەوە بـوو کـە لەدەسـت بکوژانـی هەتاهەتایی خۆشـی و دڵشـادی ڕزگارمـان بـکات و پڕمـان بـکات لـە تاکـە خۆشـییەک کـە هەتاهەتاییـە و دەمێنێتـەوە - کـەو ئەویـش خۆشـی و دڵشـادییە بەهـۆی خـوداوە. «ئێسـتاش دێمـە لای تـۆ، بـەڵام لـە جیهانـدا باسـی ئەمـە دەکـەم، تاکـو شـادی منیـان بـە تـەواوی لـە خۆیانـدا هەبێـت» (یۆحەنـا ١٧: ١٣). یەکێـک لـە بەربڵاوتریـن فێرکردنەکانـی عیسـا بـۆ خۆشـی و شـادیی ئێمـە بریتـی بـوو لـە فێرکـردن دەربـارەی نوێـژ و نزاکـردن، وە ئامانجەکـەی زۆر ڕوون و ئاشـکرا بـوو: خۆشـی و شـادیی ئێمـە. «هەتـا ئێسـتا بـە نـاوی منـەوە هیچتـان داوا نەکـردووە. داوا بکـەن وەریدەگـرن، تاکـو خۆشـییەکەتان تـەواو بێـت» (یۆحەنـا ١٦: ٢٤). سەرسـامترین شـت دەربـارەی نوێژکـردن، وەکـو عیسـا داوای دەکات، بـۆ ئەوەیـە کـە بەتـەواوی شـکۆی خـودا و خۆشـیی ئێمـە مسـۆگەر بـکات.

ئەمانـە هـۆکاری هاندانـی زۆر گـەورەن بـۆ ئـەوەی کـە گوێڕایەڵیـی داواکارییەکـەی عیسـا بیـن کـە «هەمیشـە ... نوێـژ بکەیـن و ورە بەرنەدەیـن» (لۆقـا ١٨: ١). هـۆکاری دیکـەی هاندانـی بەمانـە زیـاد کـرد، چونکـە حـەز دەکات کـە ئێمـە لـە نوێـژ و نزاکانمانـدا زیاتـر ئومێـدوا بیـن. بـۆ نموونـە دەفەرموێـت: «باوکتـان دەزانێـت پێویسـتیتان بـە چییـە، پێـش ئـەوەی داوای لـێ بکـەن»

(مەتا ٦: ٨). ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە پێویست ناکات وشە و دەستەواژەی خواناسانە بۆ نوێژەکانمان زیاد بکەین بە ئومێدی ئەوەی سەرنجی خودا بۆ لای خۆمان ڕابکێشین. ئەو باوکی ئاسمانییە و گرنگیمان پێ دەدات و هەموو شتێک دەزانێت. ئەو وەڵاممان دەداتەوە. ئینجا عیسا تیشک دەخاتە سەر ئامادەیی خودا بۆ وەڵامدانەوەمان بە بەراوردکردنی بە باوکێکی مرۆڤانە، بەڵام ڕوونی دەکاتەوە کە خودا زۆر لە باوکی مرۆڤانە پەرۆشترە بۆ وەڵامدانەوەمان.

«داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە، چونکە هەرکەسێک داوا بکات، وەردەگرێت. ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لە دەرگا دەدات، لێی دەکرێتەوە. کێ لە ئێوە ئەگەر کوڕەکەی داوای نانی لێ بکات، بەردی دەداتێ؟ یان داوای ماسی لێ بکات، ماری دەداتێ؟ جا ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوکتان لە ئاسمان چەند زیاتر شتی باش دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن!» (مەتا ٧: ٧- ١١).

کەواتە لە وەڵامی ئەوەی کە بۆچی دەبێت نوێژ بکەین، عیسا دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی کە خودا بە پەرۆشە کە گوێ لە نوێژەکانمان بگرێت و وەڵاممان بداتەوە – کە ئەمەش جێگەی سەرسامی نییە، چونکە نوێژ و نزا بۆ ئەوەیە کە شکۆی خودا مەزن نیشان بدات لە کاتێکدا خۆشی و شادی ئێمە مسۆگەر دەکات.

## چۆن؟ بە سادەیی

کەواتە چۆن نوێژ بکەین؟ ئامادەیی خودا بۆ وەڵامدانەوە و زانیاریی تەواوی دەربارەی ئەوەی کە پێویستمانە پێش ئەوەی داوای بکەین، واتای ئەوەیە کە دەبێت بە سادەیی نوێژ بکەین و خۆمان لە دووپاتکردنەوە بپارێزین کە نیشانی دەدات خودا بە وشە بێزارکەر و دووبارەکانی تۆ دەجوولێت. «کاتێک نوێژ دەکەن، وەک بتپەرستان ئەوەندە وشەکان دووبارە مەکەنەوە، چونکە وادەزانن بە زۆر گوتنیان گوێیان لێ دەگیرێت. لەبەر ئەوە وەک ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێت پێویستیتان بە چییە، پێش ئەوەی داوای لێ بکەن» (مەتا ٦: ٧- ٨).

## چۆن؟ بە بەردەوامی

سادەیی واتای ئەوە ناگەیەنێت کە نوێژ و نزا هیچ بەردەوامی و نەزمێکی تێدا پەیڕەو ناکرێت. لەڕاستیدا عیسا داوای لێکردووین کە بەردەوام بین لەسەر نوێژەکانمان، وە ئەگەر پێویست بکات لە کاتێکدا لەپێناوی شکۆمەندی ئەودا هەوڵی ڕاستودروست بوون دەدەین

(لۆقا ١١: ٥- ٨؛ ١٨: ١- ٨). ئامانجەکە ئەوە نییە کە لە کۆتاییدا خودا بهێنینە دەنگ، بەڵکو بریتییە لە کەشفکردن و دەرخستنی دانایی خودا لە ڕێگەی نوێژی پشوودرێژ و لەسەرخۆوە سەبارەت بە شێواز و کاتی وەڵامدانەوەی نوێژەکانت. ئەو بە پەرۆشە کە یارمەتی ڕۆڵەکانی بدات و ناوی خۆی شکۆدار بکات. ئەو لە ئێمە باشتر دەزانێت کە چۆن و کەی وەڵامی نوێژەکانمان بداتەوە. بۆیە بەردەوامبوونمان لە نوێژ و نزا دەریدەخات کە متمانەمان بە خودایە وەکو تاکە ئومێدمان و بەپێی داواکاری و بەردەوامبوون و پایەداریمان لە باشترین کات و بە باشترین شێوە وەڵاممان دەداتەوە.

## چۆن؟ لە ڕێگەی مردنی عیسا و بە ناوی ئەوەوە

ئەو متمانەیەی کە لە نوێژدا هەمانە، بەهۆی چاکە و باشەی عیساوەیە. ئەو تەنها فێری نوێژ و نزای نەکردین، بەڵکو لەپێناو ئێمەدا مرد و هەستایەوە بۆ ئەوەی ڕێگرییە مەحاڵەکانی بەردەم نوێژکردن لاببات: بەبێ مردنی عیسا، گوناهەکانمان نابەخشرێن (مەتا ٢٦: ٢٨) و تووڕەیی خودامان هەر لەسەر دەمێنێت (یۆحەنا ٣: ٣٦). لەو بارودۆخەدا دەکرێت چاوەڕێی هیچ وەڵامێک لە خودا نەکەین. بۆیە، عیسا بناغەی هەموو نوێژ و نزایەکمانە. لەبەر ئەمەیە کە فێرمان دەکات بە ناوی ئەو نوێژ بکەین. «هەرچییەک بە ناوی منەوە داوا بکەن دەیکەم، تاکو باوک لە کوڕەکەدا شکۆدار بێت» (یۆحەنا ١٤: ١٣؛ بەراوردی بکە بە یۆحەنا ١٦: ٢٣- ٢٤). ئەوەی کە لە کۆتایی هەموو نوێژێکدا دەڵێین «بە ناوی عیسای مەسیح» شتێکی باو و کەلتوری نییە، بەڵکو دووپاتکردنەوەی باوەڕمانە بە عیسا وەکو تاکە ئومێدمان بۆ گەیشتن بە خودا.

## چۆن؟ بە باوەڕەوە

ئەمە دەریدەخات کە عیسا بەدڵنیاییەوە دەیەوێت بە باوەڕەوە نوێژ بکەین «هەرچی لە نوێژدا بە باوەڕەوە داوای بکەن، وەریدەگرن» (مەتا ٢١: ٢٢؛ بەراوردی بکە بە مەرقۆس ١١: ٢٤). هەندێ کەس ئایەتی وەکو ئەمەیان هێناوە و کردوویانە بە بیروبۆچوونی ئەرێنی. ئەو کەسانە باوەڕیان وایە کە ئەگەر متانەی تەواومان بە خۆمان هەبێت کە شتێک ڕوودەدات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕوودەدات. بەڵام ئەوە دەبێتە باوەڕ بە باوەڕمان. کاتێک عیسا فێرمان دەکات کە چۆن بە باوەڕ «شاخ بجووڵێنین»، بە تایبەتی دەفەرموێت: «باوەڕتان بە خودا هەبێت» (مەرقۆس ١١: ٢٢). بێگومان کاتی وا هەیە کە خودا پێمان دەڵێت و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەین. لەو کاتەدا دەتوانین متمانەی تەواومان بە خۆمان هەبێت کە ڕێک ئەو شتە دێتە دێ کە ئەو فەرمانی ئەنجامدانی پێ داوین. عیسا لەم بارەوە دەفەرموێت: «هەموو ئەوەی داوای دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن، باوەڕ بکەن

کە وەرتانگرتووە، بۆتان دەبێت» (مەرقۆس ١١: ٢٤). ئەوە خودایە کە ئەنجامی دەدات، وە باوەڕمان پشت بەو و خواستی ئاشکراکراوی دەبەستێت. ئەگەرنا ئێمە دەبینە خودا، وە بەپێی خواستی ئێمە گەردون بەڕێوە دەبات نەک هی خۆی.

عیسا ڕوونی کردووەتەوە کە جۆرێک لە فیلتەر هەیە دەبێت نوێژەکانمان بە ناویدا بڕۆن بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە لەگەڵ ویست و خواستی یەزداندا دەگونجێن. «ئەگەر بە منەوە پەیوەست بن و وتەکانم لە ناختان بچەسپێت، هەرچییەکتان دەوێ داوای بکەن بۆتان دەبێت» (یۆحەنا ١٥: ٧). لێرەدا بەڵێنەکەی عیسا زۆر ڕوونترە لە (مەرقۆس ١١: ٢٤). ئایا عیسا بە دار مێوی خۆمان دەزانین کە هەموو شتێکمان بۆ دەستەبەر دەکات؟ ئایا وشەکانی دڵ و مێشکمان پڕ دەکەن بۆ ئەوەی بزانین چۆن بەپێی دانایی ئەو نوێژ بکەین؟

نوێژکردن بە باوەڕەوە هەمیشە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت دڵنیا بین لەوەی کە ئەو شتەی داوای دەکەین دێتە دی. بەڵام هەمیشە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەهۆی عیساوە ئێمە متمانە بە خودا دەکەین کە گوێی لێمان دەبێت و یارمەتیمان دەدات بەو جۆرەی کە بەلایەوە باشترینە. لەوانەیە ئەمەش واتای ئەوە بدات کە ئەو شتەمان پێ دەبەخشێت کە داوای دەکەین یان شتێکی باشترمان پێ دەدات. ئایا باوکێک بەرد بە منداڵەکەی دەدات ئەگەر داوای نان بکات؟ هەروەها نانێکیشی پێ نادات کە کەڕووی کردبێت. لەوانەیە کێکی پێ بدات. هەندێ کات وەڵامەکانی خودا تووشی سەرسامیمان دەکات. هەندێ کاتی دیکەش لە شروب و دەرمان دەچن نەک خواردن و باوەڕمان تاقی دەکەنەوە کە ئەم دەرمانە ڕێک ئەو شتەیە کە دەمانەوێت.

## چۆن؟ نەک بۆ ستایشی کەسانی دیکە

بەپێی هەموو ئەوەی کە باسمان کرد، دەبێت ئەوە بزانین کە پاداشتی نوێژکردن لە خوداوە دێت، نەک مرۆڤ. بەڵام عیسا نیشانمان دەدات کە دڵی مرۆڤ دەتوانێت کارێکی زۆر جوانی خودایی بە ئاراستەی مرۆڤانەدا ببات و خراپی بکات. ئەو ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت:

«کاتێک نوێژ دەکەن وەک دووڕووان مەبن، چونکە ئەوان حەز دەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بیانبینن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. بەڵام تۆ کاتێک نوێژ دەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت دابخە، نوێژ بکە بۆ باوکی نەبینراوت. باوکیشت کە هەموو نهێنییەک دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە» (مەتا ٦: ٥- ٦).

عیسا ڕقی لە دووڕوویییە – وا خۆت دەربخەیت کە خودات خۆشدەوێت، لە کاتێکدا

ئـەوەی کـە خۆشـدەوێت بریتییـە لـەو ستایشـەی کـە مرۆڤـەکان پێـت دەبەخشـن. عیسـا وشـەی زۆر زبـر و تونـد دژی دووڕووەکان بەکاردێنێـت. بـەم جـۆرە نـاوزەدی کـردن: «ڕۆڵەکانـی دۆزەخ، ڕێنماییـکاری کوێـر، پـڕ لـە چاوچنۆکـی و خۆپەرسـتی، گـۆڕی سـپیکراو» (مەتـا ٢٣: ١٥، ٢٤، ٢٥، ٢٧). داواکارییەکـە هەڵـە هەڵناگرێـت: «» (لۆقـا ١٢: ١). ئامانجـی نوێـژ و ڕۆژوو و سوپاسـگوزاری دەبێـت ئەمـە بێـت (مەتـا ٦: ١- ٤، ١٦- ١٨): ڕێزگرتـن لـە خـودا و خۆشویسـتنی بـەو جـۆرەی کـە هەیـە؛ شـوێن سـتایش و پێزانینـی کەسانی دیکـە مەکـەوە. وە لـە هەمـووی گرنگـتر ئەوەیـە کـە کارێکـی وەکـو نوێـژ کـە بەهۆیـەوە ڕێـز لـە خـودا دەگریـن نابێتـە کارێکـی دووڕووانـەی مرۆڤانـە.

## بۆ کێ؟

عیسـا داوامـان لـێ دەکات کـە نوێـژ بـۆ کـێ بکەیـن؟ بێگومـان بـۆ خۆمـان. نـەک لەبـەر ئـەوەی کـە شـایانی ئەوەیـن، چونکـە نوێـژ و نـزا هیـچ پەیوەندییەکـی بـە شـایانبوونەوە نییـە. ئـەوە هەمـووی بەزەیـی خودایـە. ئێمـە نوێـژ بـۆ خۆمـان دەکەیـن، چونکـە لاوازیـن. ئێمـە بـە ئاسـانی تووشـی گونـاە دەبیـن و بـە مەبەسـتی بـەردەوام بـوون لـە گوێڕایەڵبوونمـان، بەتـەواوی پشـت بـە نیعمـەت دەبەسـتین. عیسـا فەرمـووی کـە بـەم جـۆرە نوێـژ بکەیـن: «مەمانخـەرە تاقیکردنـەوە، بەڵکـو ڕزگارمـان بکـە لـە شـەیتان» (مەتـا ٦: ٩، ١٣). یەکـەم جـار ئـەم نوێـژە بـۆ خۆمانـە، چونکـە زیاتـر لـە هـەر کەسـێکی دیکـە باشـتر هەڵـە و لاوازییەکانـی خۆمـان دەزانیـن. ئینجـا نوێـژە بـۆ شـوێنکەوتووانی دیکـەی مەسـیح و هەمـوو جیهـان.

نابێـت هیـچ کەسـێک لـە نوێـژ و نزاکانمـان بـەدەر بـن. کاتێـک عیسـا پێمـان دەڵێـت کـە لـە نزاکەمانـدا بڵێیـن: «بـا نـاوت پیـرۆز بێـت» (مەتـا ٦: ٩)، مەبەسـتی ئەوەیـە کـە دەبێـت بـەم جۆرە نوێـژ بـۆ هـەر کەسـێک بکەیـن کـە هێشـتا نـاوی خـودای پیـرۆز نەکـردووە. وە دەبێـت نوێـژ بـۆ ئـەم کەسـانەش بکەیـن: «دوژمنەکانتـان خۆشـبوێ، نوێـژ بکـەن بـۆ ئەوانـەی دەتانچەوسـێننەوە» (مەتـا ٥: ٤٤). «ئەوانـەی نەفرەتتـان لێدەکـەن داوای بەرەکەتیـان بـۆ بکـەن، نوێـژ بکـەن بـۆ ئەوانـەی خراپەتـان لەگـەڵ دەکـەن» (لۆقـا ٦: ٢٨). نابێـت هیـچ کەسـێک لـە خۆشەویسـتی ئێمـە بـەدەر بێـت، وە نابێـت هیـچ کەسـێکیش لـە دەرەوەی بازنـەی نوێژەکانـی ئێمـە بێـت.

## چی؟

لـە کۆتاییـدا، عیسـا داوامـان لێدەکات کـە نوێـژ بـۆ چـی بکەیـن؟ دەبێـت داوا لـە بـاوک بکەیـن کـە چیمـان بـۆ ئەنجـام بـدات؟ وەڵامـی پوختـی عیسـا بـۆ ئـەم پرسـیارە، پێـی دەگوترێـت نوێـژی پـەروەردگار (مەتـا ٦: ٩- ١٣).

ئەی باوکمان لە ئاسمان:

١. با ناوت پیرۆز بێت.

٢. با پاشایەتییەکەت بێ،

٣. با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان.

٤. نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ،

٥. لە گوناهەکانمان خۆشبە، وەک چۆن ئێمە لەوانە خۆشدەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن.

٦. مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو لە شەیتان ڕزگارمان بکە.

ئێمە نوێژ بۆ خۆمان و باوەڕدارانی دیکە و هەموو جیهان دەکەین ١) بۆ ئەوەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە ناوی خودامان خۆش بوێت و ڕێزی بگرین. ئەمە یەکەم ئیشی نوێژ و نزایە - نویژ بکەین کە خەڵکی شوێن شکۆی خودا بکەوین. ٢) نوێژ دەکەین کە حوکمی ڕزگارکارانە و پاکی خودا کە ناوی عیسا بڵند دەکات دەست بەسەر ژیانماندا بگرێت و لە کۆتاییدا بۆ هەموو جیهان دەربکەوێت و پەرە بسێنێت. ٣) نوێژ دەکەین کە ویستی خودا بەدی بهێنین، بەو جۆرەی کە فریشتەکان لە ئاسماندا بەدی دێنن - واتە بەبێ دوودڵی و بەوپەڕی گەرموگوڕی و بەتەواوی خواستی بەجێ بگەیەنین. ٤) نوێژ دەکەین کە جەستە و مێشکمان بتوانێت گوێڕایەڵی ژیانی زەمینی دەستەبەر بکات. ٥) نوێژ دەکەین کە خودا لێمان خۆش بێت بەهۆی ئەوەی کە ناتوانین بەو جۆرەی کە پێویستە ڕۆژانە خودا شکۆدار بکەین. بۆیە ڕۆژانە داوا لە خودا دەکەین کە ڕۆژانە ئەو ڕزگارییەمان بۆ دەستەبەر بکات کە عیسا یەک جار و بۆ هەمیشە بۆمانی دەستەبەر کرد کاتێک لەسەر خاچ گیانی لەدەستدا. ٦) نوێژ دەکەین کە خودا لە شەیتان بمانپارێزێت و لە هەموو ئەو تاقیکردنەوە و وەسوەسانە دوورمان بخاتەوە کە دەبێتە هۆی لاوازکردن و شێواندنی شایەتیمان بۆ خودا.

نوێژی پەروەردگار سروشتی سەرسامکەری نوێژمان نیشان دەدات. گرنگییەکی زۆر بەوە دەدات کە لە کاتی نوێژ و نزادا دەبێت ناوی خودا شکۆدار ببێت، شانشینی خودا پەرە بسێنێت و سەربکەوێت و ویستی خودا لەسەر زەوی بێتە دی وەک لە ئاسمان. ئەمەش واتای ئەوەیە کە خودا دەیەوێت نوێژی مرۆڤەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خواستی جیهانی و کۆتایی خۆی بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، عیسا پێمان دەڵێت کە نوێژ بکەین بۆ ئەوەی کرێکاری پێویست هەبن بۆ بڵاوکردنەوەی مزگێنی بە هەموو نەتەوەکان. «داوا لە خاوەنی

دروێنـه بکـەن تاکـو سـەپان بـۆ دروێنەکـەی بنێرێـت» (مەتـا ٩: ٣٨). لـە کاتێـکدا هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە شانشـینی خـودا سـەردەکەوێت. عیسـا فەرمـووی: «لەسـەر ئـەم بـەردە کۆمەڵەی خـۆم بنیـاد دەنێـم کـە دەروازەکانـی دۆزەخ پێـی ناوێرێـت ... ئـەم مزگێنـی پاشـایەتییەش لـە هەمـوو جیهانـدا ڕادەگەیەنرێـت، وەک شـایەتییەک بـۆ هەمـوو نەتـەوەکان، ئینجـا کۆتاییەکـە دێـت» (مەتـا ١٦: ١٨؛ ٢٤: ١٤). هیـچ گومانێـک لـە سـەرکەوتنی یەزدانـدا نییـە. هەروەهـا نوێـژ کاریگـەری لەسـەر دابینکردنـی خودایـی هەیـە.

ئەمـەش دەریدەخـات کـە نوێـژ و نـزا تەنهـا ئەرکێکـی مرۆڤانـە نییـە، بەڵکـو دیاریـی خودایـە. عیسـا ڕۆحـی نوێـژ لـە ناخـی گەلەکەیـدا بەخەبـەر دێنێـت کـە داوای هەمـوو شـتێک دەکات بـە مەبەسـتی بەدیهێنانـی ویسـت و خواسـتی خـودا لـەم جیهانـەدا. نوێـژی شـوێنکەوتووانی عیسـا و ویسـت و خواسـتی خـودا هەرگیـز بـێ وەڵام نامێنێتـەوە و دێتـە دی.

# داواکاریی چواردەیەم

## نیگەرانی پێداویستییەکانی ڕۆژانە مەبە

«خەم بۆ ژیانتان مەخۆن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە؛ هەروەها بۆ جەستەتان کە چی بپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان جەستە لە جلوبەرگ؟» (مەتا ٦: ٢٥)

«خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە.» (مەتا ٦: ٣٤)

«مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ.» (لۆقا ١٢: ٣٢)

پاشای وا هەبووە کە زۆری بەلاوە کاریگەر بووە کە گەلەکەی لە نیگەرانی بەردەوامدا بهێڵێتەوە. ئەگەر خەڵکی نیگەرانی ژیانیان بن و خەمی ژەمی دواتریان بێت، ئەوا ئامادەن فەرمانەکانی پاشا جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خواردنەکەیان لە کۆگای پاشا مسۆگەر بکەن. نیگەرانی لە شوێنی خۆیان ڕایاندەگرێت. ترس وا دەکات شانشین بەهێز و پتەو بێت.

### عیسا بە نیگەرانی شانشینەکەی پتەو و بەهێز ناکات

بەڵام یەکێک لە گەورەترین شتەکان دەربارەی عیسا ئەوەیە کە نایەوێت گەلەکەی نیگەران بن و خەم بخۆن. ئەو لە ڕێگەی پەرەسەندنی نیگەرانییەوە شانشینەکەی جێگیری ناکات. بە پێچەوانەوە، ئامانجی شانشینی[a] عیسا ئەوەیە کە لە نیگەرانی ڕزگارمان بکات. ئەو پێویستی بەوە نییە کە نیگەرانمان بکات و خەممان زیاد بکات بۆ ئەوەی بتوانێت هێز و دەسەڵاتەکەی جێگیر بکات. هێز و دەسەڵاتی عیسا پێشوەخت جێگیر و پتەوە. لە جیگەی ئەوە، لە ڕێگەی دوورخستنەوەی خەم و نیگەرانی لێمان، دەسەڵات و مەزنبوونی نیشان دەدات.

کاتێک عیسا دەفەرموێت نیگەرانی سبەی مەبن، فەرمان دەدات ئەو جۆرە ژیانەمان هەبێت کە هەموو کەسێک خۆزگەی پێ دەخوازێت - ژیانێکی دوور لە خەم و نیگەرانی. واتە مرۆڤەکان یان بارودۆخە هەڕەشەئامێزەکان ناتترسێنێت. بەڵام عیسا چۆن چاوەڕێی ئەوەمان

---

a عیسا ئیدعای پاشابوون دەکات، بەڵام نەک ئەو پاشایەی کە خەڵکی چاوەڕێیان دەکرد. لە (یۆحەنا ١٨: ٣٦) دەفەرموێت: «پاشایەتی من لەم جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە بووایە، خزمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست ڕابەرانی جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە». هەروەها بڕوانە (مەتا ٢٥: ٣١؛ یۆحەنا ١٢: ١٤- ١٥).

لـێ دەکات ئـەم داواکارییـە جێبەجـێ بکەیـن لـە کاتێکـدا هەمـوو شـتەکانی دەوروبەرمـان وا دەکـەن نیگـەران بیـن؟ عیسـا لـە دوو لایەنـەوە یارمەتیـمان دەدات تاکـو دوو بیـن لـە نیگەرانـی و تـرس، یەکەمیـان پەیوەنـدی بـە نیگەرانبوونـەوە هەیـە سـەبارەت بـە شـتە سـەرەتاییەکانی ژیـان، لەوانـە خـواردن، خواردنـەوە، جلوبـەرگ (مەتـا ٦: ٢٥- ٣٤)، ئەوەکـەی دیکـە بریتییـە لـە نیگەرانبـوون لـەو ئـازارەی کـە مرۆڤـەکان دەتوانـن پێـمان بگەیەنـن (مەتـا ١٠: ٢٤- ٣١). لـە دەقـی یەکەمـدا، عیسـا توانـای ئەوەمـان پێدەبەخشـێت کـە بـە خۆشـییەوە بـەردەوام بیـن لەسـەر ژیانمـان لـە کاتێکـدا ناتوانیـن بزانیـن چـۆن پێداویسـتییەکانمان دابیـن دەکرێـن. لـە دەقـی دووەمـدا، کـە لـە بەشـی دواتـردا باسـی دەکـەم، عیسـا هانمـان دەدات کـە بوێرانـە بـەردەوام بیـن لـە بڵاوکردنـەوەی ڕاسـتی لـە کاتێکـدا خەڵکـی هەڕەشـەمان لێدەکـەن.

## نیگەرانییەکانی ژیانی ڕۆژانە

هەمـوو کەسـێک بـە ڕوونـی دەتوانێـت مەبەسـتی عیسـا لـە (مەتـا ٦: ٢٥- ٣٤) ببینێـت. «خـەم مەخـۆن». (ئایەتـی ٢٥): «خـەم بـۆ ژیانتـان مەخـۆن». (ئایەتـی ٣١): «خـەم مەخـۆن بڵێـن، چـی بخۆیـن؟» (ئایەتـی ٣٤): «خەمـی بەیانـی مەخـۆن». بـەڵام ئـەوە بـە نەرێنـی دەربڕینـی ئامانجـی ئـەم دەقەیـە. لـە ئایەتـی ٣٣ ئامـاژە بـە لایەنێکـی ئەرێنـی دراوە: لـە جێگـەی خـەم خـواردن و نیگـەران بـوون، «یەکـەم جـار داوای شانشـینی خـودا بکـە». بـە واتایەکـی دیکـە، کاتێـک بیـر لـە ژیـان، خـۆراک یـان جلوبـەرگ دەکەیتـەوە – خێزانەکـەت، ئیشـەکەت یـان ئەرکەکـەت – لێیـان مەترسـە. لـە جێگـەی ئـەوە، لـەو ساتەدا خـودا بکـە بـە پاشـا و ڕابـەری ئـەو کاروبارانـە. واتـە، بارودۆخەکـە بـە دەسـەڵاتی پاشـایانەی ئـەو دەسـپێریت، وە خواسـتی ڕاستودروسـتانەی بـە دڵنیایی و متمانـەی ئـەوەوە ئەنجـام بـدە کـە کارت بـۆ دەکات و هەمـوو پێداویسـتییەکانت دابیـن دەکات. ئەگـەر باوەڕمـان بـە پاشـابوونی باوکـی ئاسـمانیمان هەبێـت، ئـەوا پێویسـت نـاکات نیگەرانـی هیچ شـتێک بیـن. هەمـوو شـتێکی دیکـەی ئـەم دەقـە، پشـتگیری داواکارییەکـەی عیسـا دەکات.

## ژیان لە خواردن و جەستەش لە جلوبەرگ زیاترە

مـن لانـی کـەم هەشـت هـۆکار دەبینـم کـە عیسـا بـە قوتابییەکانـی دەدات بـۆ ئـەوەی نیگـەران نەبـن و خـەم نەخـۆن. یەکـەم دانـەی لـە ئایەتـی ٢٥ ئامـاژەی پێکـراوە: « خـەم بـۆ ژیانتـان مەخـۆن کـە چـی بخـۆن و چـی بخۆنـەوە؛ هەروەهـا بـۆ جەسـتەتان کـە چـی بپۆشـن». بۆچـی؟ «ژیـان لـە خـواردن گرنگـترە و جەسـتەش لـە جلوبـەرگ؟». ئەمـە واتـای چییـە؟

بۆچـی ئێمـە خەمـی خـواردن و جلوبەرگمانـە؟ چونکـە سـێ شـت لەدەسـت دەدەیـن ئەگـەر خـواردن یـان جلوبەرگـمان نەبێـت. یەکـەم: هەندێـک چێـژ لەدەسـت دەدەیـن، وەکـو دەزانیـن خـواردن تامـی خۆشـە. دووەم: ئەگـەر جلوبەرگـی جـوان و تایبەتمـان لەبـەر نەبێـت، ئـەوا سـتایش

و پێداهەڵدانی مرۆڤەکان لەدەست دەدەین. سێیەم: ئەگەر خواردنمان بە هیچ شێوەیەک نەبێت، ئەوا لە برسان دەمرین، وە ئەگەر جلوبەرگی گەرمیشمان نەبێت، لە سەرما دەیبەستین و دەمرین. کەواتە هۆکاری ئەوەی کە ئێمە گرنگی بە خواردن و جلوبەرگ دەدەین ئەوەیە کە نامانەوێت خۆشی و چێژی جەستەیی یان ستایشی مرۆڤ یان ژیان بەتەواوی لەدەست بدەین.

عیسا لە هەمبەر ئەم ترسەدا دەفەرموێت: ئەگەر بەهۆی ئەم شتانەوە نیگەرانی و خەم دایگرتیت، ئەوا چاوت لەسەر مەزنی و گەورەیی ژیان لاداوە. ژیان تەنها بۆ خۆشی جەستەیی دانەنراوە، بەڵکو بۆ شتێکی مەزنتر دانراوە -چێژیی خودا (لۆقا ١٢: ٢١). ژیان تەنها بۆ پەسەندکردنی مرۆڤەکان دانەنراوە، بەڵکو بۆ شتێکی گەورەتر - پەسەندکردنی خودا (یۆحەنا ٥: ٤٤). وە ژیان تەنانەت تەنها بۆ ئەوە نەدراوە کە لەسەر ئەم زەوییە پەرە بسێنێت، بەڵام بۆ شتێکی گەورەتر - ژیانی هەتاهەتایی لەگەڵ خودا لە ڕۆژی دواییدا (یۆحەنا ٣: ١٦).

نابێت خەمی جلوبەرگ و خۆراکمان بێت، چونکە ئەوانە ناتوانن مەزنترین شتی ژیانمان بۆ دەستەبەر بکەن - خۆشی و چێژیی خودا، داواکردنی چاکەی پڕ لە نیعمەتی ئەو و ئومێدی ژیانی هەتاهەتایی لە خزمەت ئەودا. ئێمە بە ڕادەیەک خەمی خواردن و جلوبەرگ داماندەگرێت، کە چاومان لە ئاست ئامانجە مەزنەکانی ژیانێکی خوداییانە دادەخەین.

## بڕوانە باڵندەکانی ئاسمان

عیسا دووەم هۆکاری خەم نەخواردن و نیگەران نەبوونمان لە (مەتا ٦: ٢٦)دا بۆ ئاشکرا دەکات: «سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن، نە تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە لەوان بەنرختر نین؟». کاتێ کە تماشای باڵندەکان دەکەین، تەمبەڵی نابینین. باڵندە کرم لە خاک دەردێنن و مێرووەکان دەگرن و هێلانەکانیان بە پووش و پەڵاش دروست دەکەن. بەڵام عیسا دەفەرموێت ئەوە خودایە کە خۆراکیان بۆ دابین دەکات. باڵندە بەوپەڕی نیگەرانییەوە هەموو شتێک پاشەکەوت ناکەن، وەکو ئەوەی کە خودا سبەی هەمان شتیان بۆ ناکات. بەردەوام دەبن لەسەر کارەکەیان - وە ئێمەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر کارەکەمان - وەک ئەوەی کە کاتێک سبەی خۆر هەڵدێت، خودا هێشتا هەر خودایە.

## ناتوانیت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆت زیاد بکەیت

سێیەم هۆکاری نیگەران نەبوون و خەم نەخواردن ئەوەیە کە هیچ سوودێکی نییە. «کێ

لـە ئێـوە ئەگـەر خـەم بخـوات، دەتوانێـت یـەک کاتژمێـر لـە تەمەنـی خـۆی زیـاد بـکات؟» (مەتـا ٦: ٢٧). بابەتەکـە زۆر کردەییـە: خـەم خـواردن ناتگەیەنێـت بـە هیـچ شـوێنێک و هیـچ سـوودێکی نییـە. هـەر کێشـەیەک کـە وا دەکات نیگـەران بیت، دەتوانیـت لـەوە دڵنیا بیت کـە خـەم خواردنەکـەت هیـچ لـە کێشـەکە کـەم ناکاتـەوە. تەنهـا ئەوەیـە کـە لـە کاتێکـدا لـە هەوڵـی چارەسـەردای، تووشـی دڵتەنگیـت دەکات. کەواتـە خـەم مەخـۆ، کەڵکـی نییـە.

## سەیری گوڵی سەوسەن بکەن

عیسـا باسـی چـوارەم هـۆکاری نیگـەران نەبوونمـان بـۆ دەکات بـە پشـت بەسـتن بـە گوڵـە سەوسـەن. «بۆچـی خەمـی جلوبەرگتانـە؟ سـەیری گوڵـی سەوسـەن بکـەن چـۆن گەشـە دەکات، نـە خـۆی مانـدوو دەکات و نـە دەڕێسـێت، بـەڵام پێتـان دەڵێـم: تەنانـەت سـلێمانیش لەوپـەڕی شـکۆمەندیدا وەک یەکێـک لەوانـەی نەپۆشـیوە. ئـەی کـەم باوەڕینـە، ئەگـەر خـودا ئـەو گیایـەی کـە ئەمـڕۆ لـە کێڵگەیـە و بەیانـی دەخرێتـە تەنـوورەوە بـەو شـێوەیە بپۆشـێت، ئایـا ئێـوە زیاتـر نیـن هەتـا پۆشـتەتان بـکات!» (مەتـا ٦: ٢٨- ٣٠).

کاتێـک تماشـای سەوسـەن دەکەیـت کـە هیـچ خواسـت یـان حـەز و ئارەزوویەکـی بـۆ ئیـش و کار یـان ڕسـتن و چنیـن نییـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە شـێوەیەکی زۆر جـوان و ڕەنگاوڕەنـگ جلـی پۆشـیوە، عیسـا دەفەرموێـت کـە لانـی کـەم دەبێـت بگەیـت بـەم ئەنجامـە: خـودا حـەز دەکات شـتەکان جـوان بـکات. وە ئەگـەر حـەزی لـەوە بێـت کـە گوڵێـک کـە ئەمـڕۆ هەیـە و سـبەی نییـە ئەوەنـدە جـوان بـکات، ئـەوا بەدڵنیاییـەوە حـەزی لەوەیـە و گرنگـی بـەوە دەدات کـە جلوبەرگـی جـوان و گونجـاو بکاتـە بـەر ڕۆڵەکانـی و پۆشـتەیان بـکات!

لەوانەیـە کەسـێک گلەیـی بـکات و بڵێـت: «خـودا منـی پۆشـتە نەکـردووە!» یـان: «خـودا باوەڕدارانـی لـە زۆر شـوێنی پـڕ لـە ناخۆشـی و نەهامەتـی جیهـان پۆشـتە نەکـردووە». وایـە، ژمارەیەکـی زۆر کـەم لـە بـاوەڕداران وەکـو سـلێمان پۆشـتە و دەوڵەمەنـدن. بـەڵام ئەگـەر ئەوەنـدە پۆشـتە بووینایـە نەماندەتوانـی کارەکەمـان بەجوانـی بکەیـن. عیسـا بـەم جـۆرە باسـی یەحیـای لەئاوهەڵکێشـی کـرد: «ئەوانـەی جلوبەرگـی گرانبەهـا دەپۆشـن و خـۆش ڕادەبوێـرن لـە کۆشـکەکان دەژیـن» - بـەڵام نـەک یەحیـای لەئاوهەڵکێـش! ئـەو کارێکـی مەزنـی لەسـەر شـان بـوو. «جلوبەرگـی یەحیـا لـە مـووی وشـتر بـوو، پشـتێنێکی چەرمیشـی لـە ناوقـەدی دەبەسـت، خواردنیشـی کوللـە و هەنگوینـی کێـوی بـوو» (لۆقـا ٧: ٢٥؛ مەتـا ٣: ٤). «لەنێـو ئەوانـەی لـە ژن لەدایـک بـوون، کـەس لـە یەحیـای لەئاوهەڵکێـش پایەبەرزتـر نییـە، بـەڵام بچووکترینـی ئـەوەی لـە شانشـینی ئاسـمانە لـەو پایەبەرزتـرە» (مەتـا ١١: ١١). ئـەو پۆشـتەبوونەی کـە عیسـا بەڵێنـی داوە، مەبەسـتی ئـەوە نییـە کـە هەمووـمـان جلوبەرگـی گرانبەهامـان لەبـەر دەبێـت، بەڵکـو مەبەسـتی

ئەوەیـە کـە جلوبەرگـی پێویسـتمان دەبێـت. هەتـا ئێسـتا چ قوتابییەکـی عیسـات دیـوە بەپێـی پێویسـت پۆشـتە نەبووبێـت کاتێـک کـە ویسـت و خواسـتی خـودای ئەنجـام دابێـت؟

بـەڵام دەبێـت وریـا بیـن. نابێـت دابینکردنـی کامـڵ و تـەواوی خـودا بەپێـی هەندێـک سـتاندەرد کـە لەژێـر ئاسـتی بانگکـردن و بانگهێشـتی ئەودایـە بپێویـن. عیسـا بانگـمان نـاکات کـە لە کۆشـک و پاڵاسـدا بژیـن، بەڵکـو خاچەکەمـان هەڵبگریـن و بەبـێ گرنگیـدان بـەو باجـەی کـە دەیدەیـن، خەڵکیـمان خـۆش بوێـت. وە کاتێـک وازمـان لـە هەڵگرتنـی خاچەکەمـان هێنـا - بـە پشـتی برینـدارەوە، ئەگـەر ویسـتی لەسـەر بێـت - عەبـای پاشـایانە بـۆ هەمووـمان دەسـتەبەر دەکرێـت. بەڵێنـی ئـەوەی کـە خـودا هەمـوو پێداویسـتییەکانمان دابیـن دەکات، واتـای ئـەوە ناگەیەنێـت کـە دەوڵەمەندمـان دەکات. تەنانـەت بـەو واتایـە نایـەت کـە بـە زیندوویـی دەمانهێڵێتـەوە. «تەنانـەت دایـک و بـاوک و بـرا، خـزم و هاوڕێیانیـش بـە گرتنتـان دەدەن، لێتـان دەکـوژن» (لۆقـا ٢١: ١٦). مانـای ئەوەیـە کـە هەمـوو شـتێکی پێویسـتمان پـێ دەبەخشـێت بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ویسـت و خواسـتی خـودا جێبەجـێ بکەیـن (مەتـا ٦: ٣٣).

## باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە

پێنجـەم و شەشـەم هـۆکاری ئـەوەی کـە بۆچـی شـوێنکەوتووی عیسـا نابێـت نیگـەران بێـت لـە (مەتـا ٦: ٣٢) ئامـاژەی پێکـراوە. نابێـت خەمـی ئەوەمـان بێـت کـە چـی دەخۆیـن و دەخۆینـەوە یـان چـی لەبـەر دەکەیـن، چونکـە (پێنجـەم هـۆکار) «بێبـاوەڕان هـەوڵ بـۆ هەمـوو ئـەم شـتانە دەدەن، باوکـی ئاسمانیشـتان دەزانێـت پێویسـتیتان بـە هەمـوو ئەوانـە هەیـە». نیگەرانبـوون دەربـارەی شـتەکانی ئـەم جیهانـە دەمانهێنێتـە هەمـان ئاسـتی بێباوەڕانـی ئـەم جیهانـەوە. نیشـانی دەدات کـە ئێمـە بەڕاسـتی وەکـو ئـەم جیهانەیـن کاتێـک کـە دێتـە سـەر باسـی ئـەو شـتانەی کـە دڵخۆشـمان دەکـەن. وە عیسـا وای دانـاوە کـە ئێمـە نامانەوێـت بـەو جـۆرە بیـن. هەروەهـا دەریدەخـات کـە باوکـی ئاسـمانی پێداویسـتییەکانی ئێمـە نازانێـت. یـان لەوانەیـە پێـمان وا نەبێـت کـە خـودا وەکـو باوکمانـە و دڵـی پـڕ لـە خۆشەویسـتییە. نیگەرانـی و خـەم و خەفـەت نیشـانی دەدات کـە زۆر لـە جیهـان نزیکیـن و زۆر لـە خـودا دووریـن. کەواتـە خـەم مەخـۆ - جیهـان هیـچ شـتێکی هەتاهەتایـی نییـە کـە پێـت ببەخشـێت، وە باوکـی ئاسـمانیت کـە زۆری خـۆش دەوێـی پێداویسـتییەکانی ئێسـتا و هەتاهەتاییـت دەزانێـت.

## هەموو ئەم شتانەت بۆ زیاد دەبێت

هـۆکاری حەوتـەم بـۆ نیگـەران نەبـوون ئەوەیـە کـە کاتێـک یەکـەم جـار داوای شانشـینی خـودا دەکەیـت، ئـەو کارت بـۆ دەکات و هەمـوو پێداویسـتییەکانت بـۆ دابیـن دەکات. «یەکـەم جـار داوای پاشـایەتییەکەی خـودا و ڕاستودروسـتییەکەی بکـەن، هەمـوو ئەمانەتـان بـۆ دابیـن

دەکرێت» (مەتا ٦: ٣٣). «هەموو ئەمانە» واتای هەموو ئەو شتانە ناگرێتەوە کە پێمان وایە پێویستمانە، بەڵکو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەڕاستی پێویستمانە. وە پێداویستیی ڕاستەقینە بەپێی ئەو بانگهێشتی خودا دیاری دەکرێت کە داوای ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراومان لێ دەکات، نەک ئەوەی کە ئێمە حەزمان لە ئەنجامدانیەتی. خودا «هەموو ئەمانەمان» بۆ دابین دەکات کە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی لە ژیانماندا پێویستمان پێیەتی.

## بەیانی خەمی خۆی دەخوات

کۆتا بابەت ئەمەیە: «خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە» (مەتا ٦: ٣٤). بە واتایەکی دیکە، خودا خۆشی و ناخۆشی هەر ڕۆژێکی دیاری کردووە، وەکو چۆن ئەم گۆرانییە ڕۆحییە سویدییە باسی دەکات، بە تایبەت لە دوو دێڕی کۆتاییدا:

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ساتێکدا،

هێزی پێویست وەردەگرم، بۆ وەستان بەرامبەر ناخۆشییەکانم؛

متمانە بە دیاریی دانایی باوکم دەکەم.

هیچ هۆکارێکم بۆ نیگەرانبوون یان ترس نییە.

ئەوەی کە دڵی بێ ئەندازە میهرەبانە

ڕۆژانە باشترینمان بۆ دابین دەکات –

بە خۆشەویستییەوە، بەشێک لە ئازار و خۆشی،

ڕەنج کێشان بە ئاشتی و حەسانەوە.[a]

کەواتە، کێشەکانی سبەینێ لە شێوەی خەم و نیگەرانیدا مەهێنە ئەمڕۆ. باوەڕت بەوە هەبێت کە خودا سبەینێت هەر خودایە. سبەینێ نیعمەتی پێویست بۆ کێشە و گرفتەکان دەبەخشرێت. ئەو نیعمەتە ئەمڕۆ پێت نابەخشرێت.

مەبەستی سەرەکی هەموو ئەمانە ڕوونە و هەڵە هەڵناگرێت: عیسا نایەوێت شوێنکەوتووانی نیگەران بن و خەم بخۆن. ئەو شانشینەکەی لە ڕێگەی بەخشینی خەم و خەفەت و نیگەرانی بە گەلەکەی پتەو ناکات. بە پێچەوانەوە، بەپێی (مەتا ٦: ٣٣) هەتا زیاتر شانشینەکەی لە ژیانمدا جێگیر بێت، خەم و نیگەرانیمان کەمتر دەبێت.

---

Karolina Wilhelmina Sandell-Berg, Day by Day  a

لەبەر ئەوەی کە عیسا باوەڕی وایە کە هەندێک هۆکار دەبنە هۆی زاڵبوونم بەسەر نیگەرانی و خەم و خەفەتدا، زۆر باش دەبێت ئەگەر ئێمە ئەو هۆکارانەمان لەبیر بێت و بیانکەینە بەشێک لە ژیانی دەروونی و ئێحساسیی خۆمان. باوەڕم وایە کە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت (مەتا ٦: ٢٥- ٣٤) ئەزبەر بکەین. هیچ ڕێگەیەک شک نابەم کە بە هۆیەوە ئەم هەشت ڕاستییە خەم ڕەوێنەرەوەیە بە پارچەی دڵ و مێشکماندا بدورێنم کە وا بکات هەرگیز بیرمان نەچنەوە.

# داواکاریی پازدەیەم

# نیگەرانی هەڕەشەی مرۆڤەکان مەبە

«لە پێناوی مندا دەبردرێنە بەردەم فەرمانڕەوا و پاشایان، وەک شایەتی بۆ ئەوان و بۆ نەتەوەکانیش. کاتێکیش بە گرتنتان دەدەن، نیگەران مەبن لەوەی کە چی بڵێن و چۆن بیڵێن، لەو کاتەدا پێتان دەدرێت چی بڵێن.» (مەتا ١٠: ١٨- ١٩)

«قوتابی لە مامۆستاکەی زیاتر نییە و کۆیلەش لە گەورەکەی زیاتر نییە. بۆ قوتابی بەسە وەک مامۆستاکەی بێت و کۆیلەش وەک گەورەکەی. ئەگەر خاوەن ماڵ بە "بەعلزەبول" ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟ لەبەر ئەوە لێیان مەترسن، چونکە هیچ شتێکی شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت. ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکیدا بیڵێنەوە، ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، بە دەنگی بەرز لە سەربانان ڕایبگەیەنن. لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە دۆزەخدا لەناوبەرێت. ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن.» (مەتا ١٠: ٢٤- ٣١)

تەنانەت ئەگەر هەتا ڕادەیەکیش بەسەر ترسی ئەوەدا زاڵ بین کە هەموو پێداویستییەکانمان دابین ناکرێت (لە بەشی پێشتردا باسی ئەم بابەتەمان کرد)، ئەوا هێشتا ئەو ترسەی دەرووبمان دەمێنێتەوە کە گوتنی ڕاستیی دەکرێت دانانی ژیانمانی بەدواوە بێت. عیسا لە (مەتا ١٠: ٢٤- ٣١) لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستەی کردووە. ئەمە بەتایبەتی بەسەر ئەم سەردەمەدا دەچەسپێت کە یەکترقبوڵکردن حوکم بەسەر هەموو کەسێکدا دەدات جگە لەوانەی کە ئیدعای ئەوە دەکەن کە هەموو کەسێک دەبێت دان بە عیسادا بنێت.

ئامانجی عیسا لە (مەتا ١٠: ٢٤- ٣١) ئەوەیە کە بوێریی ئەوەمان پێ بدات کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو باجەی کە دەیدەین، بە ڕوونی و ئاشکرایی باسی ڕاستیی ئەو بکەین. بابەتی سەرەکی ئەم ئایەتانەش وەکو (مەتا ٦: ٢٥- ٣٤) ڕوونە، چونکە سێ جار فەرمانی داوە کە نەترسین. (ئایەتی ٢٦): «لەبەر ئەوە لێیان مەترسن». (ئایەتی ٢٨): «لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن». (ئایەتی ٣١): «کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن». مەبەستی عیسا ڕوون و ئاشکرایە: نەترسانە بوێر بن. لە چیدا بوێر بن؟

## ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، بە دەنگی بەرز لە سەربانان ڕایبگەیەنن

عیسا بیری لە شتێکی زۆر تایبەت دەکردەوە کە ترس هەڕەشەی لێ دەکات و بە بوێریی هان دەدرێت. لە (مەتا ١٠: ٢٧- ٢٨) دەفەرموێت: «ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکیدا بیڵێنەوە، ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، بە دەنگی بەرز لە سەربانان ڕایبگەیەنن. لەوانە مەترسن ...». بە واتایەکی دیکە، ئەو ترسەی کە عیسا لەم دەقەدا تیشکی دەخاتە سەر بریتییە لە ترسی قسەکردن بە ڕوون (لە ڕووناکیدا) و ئاشکرایی (لە سەربانان)، کاتێ کە ئەو قسەکردنە دەکرێت تووشی کێشەت بکات.

کەواتە ئەمە داواکارییەکە: «لەوە مەترسە کە ئەوەی کە من فێرم کردووی بە ڕوون و ئاشکرایی باسی بکەیت، تەنانەت ئەگەر ژیانیشتی لەپێناو دابنێی». قسەکانی دیکەی عیسا لێرەدا هاندەرن - پێنج هۆکار کە بۆچی دەبێت بوێریی ئەوەمان هەبێت ڕاستیی ڕابگەیەنین.

## ئەوان بە هەمان شێوەی ئێوە، بوختان بۆ ئێوەش هەڵدەبەستن

سەرنجی وشەی «لەبەر ئەوە» بدە لە سەرەتای ئایەتی (مەتا ١٠: ٢٦): «لەبەر ئەوە لێیان مەترسن». بە واتایەکی دیکە، نەترسیی لەو وتەیەی عیساوە هەڵدەقوڵێت - دەفەرموێت: «ئەگەر خاوەن ماڵ بە "بەعلزەبول"ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟» ئەوە چۆن یارمەتیمان دەدات کە نەترس و بوێر بین؟

وتەکەی مەسیح شتێکی لەم بابەتەیە: «ئەوەی کە بەهۆی ڕاستییەوە بە خراپی هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکرێت، ئەزموونێکی چاوەڕوان نەکراو و هەڕەمەکی بێ واتا نییە؛ بەڵکو بەو جۆرە لەگەڵتان دەجوڵێنەوە کە لەگەڵ من جووڵاونەتەوە، کەواتە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە سەربە منن. کەواتە بە ڕوونی دەدوێن و قسە دەکەن، لەو ناو و ناتۆرانە مەترسن کە پێتانی دەڵێن. ئەو ناوانە من و تۆ پێکەوە گرێ دەدەن».

## هیچ شتێکی شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت

دووەم، سەرنجی وشەی «چونکە» بدە لە ناوەڕاستی هەمان ئایەت، واتە ئایەتی ٢٦. «لەبەر ئەوە لێیان مەترسن، چونکە (ئەمە دووەم هۆکاری نەترسانە) هیچ شتێکی شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت». ئەوە چۆن یارمەتیمان دەدات بەسەر ترسدا زاڵ بین و لە کاتی گوتنی ڕاستیدا بوێر بین؟

بە دڵنیابوون دەربارەی ئەوەی کە ئەو ڕاستییەی کە ئێمە دەریدەبڕین، سەردەکەوێت و جێگەی خۆی دەگرێت. لە کۆتاییدا دەسەلمێت. لەوانەیە ئێستا ڕەتی بکەنەوە و بە

شـەیتانی نـاوی ببـەن. لەوانەیـە دەریبکـەن. لەوانەیـە بینێـژن و لـەم جیهانـەی بشـارنەوە و وا دەریبخـەن کـە بوونـی نییـە. بـەڵام عیسـا دەفەرموێـت: «بـەردەوام بـن لەسـەر ڕاسـتی، چونکـە لـە کۆتاییـدا ڕاسـتی ئاشـکرا دەبێـت. هەمـوو ڕاسـتییەک ئاشـکرا دەبێـت. وە ئەوانـەی کـە بـە ڕوون و ئاشـکرایی باسـی ڕاسـتی دەکـەن، سـەردەکەون».

## مەترسن، تەنها بە جەستە دەکوژرێن

سێیەم، عیسـا دەفەرموێـت مەترسـە، چونکـە تەنهـا بـە جەسـتە دەکوژرێـی! «لەوانـە مەترسـن کـە جەسـتە دەکـوژن، بـەڵام ناتوانـن گیـان بکـوژن» (مەتـا ١٠: ٢٨). بـە واتایەکـی دیکـە، خراپترین شـت کـە دوژمنەکـەت بتوانـن دژت ئەنجامـی بـدەن کاتـێ کـە تـۆ ڕاسـتیی ڕادەگەیەنیـت، ئەوەیە کـە جەسـتەت بکـوژن. وە بـەو شـێوەیە گیـان و ڕۆحـت دەسـتی لـێ نادرێـت و بەهـۆی خـوداوە بـۆ هەتاهەتایـە دڵخـۆش و شـاد دەبێـت. بـەڵام ئەگـەر بـەردەوام بێدەنـگ بیت و ڕێچکەی ڕاسـتی بەجـێ بهێڵیـت و حـەزت لـە سـوپاس و ستایشـتی مـرۆڤ بێـت، دەکرێـت گیانـت لەدەسـت بدەیـت. ئەگـەر دەتەوێـت لـە شـتێک بترسیت، ئـەوا لـەوە بترسـە کـە دەکرێـت گیانـت لەدەسـت بدەیـت (بڕوانـە داوکاریـی یازدەیـەم). بـەڵام لـەوە مەترسـە کـە مـرۆڤ دەتوانێـت بەسـەرت بهێنێـت. تاکـە شـتێک کـە دەتوانێـت بیـکات ئەوەیـە کـە ڕۆحـت بنێرێـت بـۆ بەهەشـت. مەترسـە!

## تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە

چـوارەم، لـە ڕاگەیاندنـی ڕاسـتی مەترسـە، بەڵکـو بوێـر بـە و ڕوون و ئاشـکرا قسـە بکـە، چونکـە خـودا بەجوانـی سـەرنجی هەمـوو ئـەو کارانـە دەدات کـە تـۆ ئەنجامـی دەدەیـت. (مەتـا ١٠: ٣٠) لانـی کـەم مەبەسـتی ئەوەیـە. عیسـا دەفەرموێـت: «ئێـوە تەنانـەت مـووی سـەریشـتان هەمـووی ژمێـردراوە». بـە واتایەکـی دیکـە، ئـەو ناخۆشـییەی بەهـۆی دەربڕینـی ڕاسـتییەوە دەیچێژیـت، بەهـۆی ئـەوەوە نییـە کـە خـودا ئـاگای لـە تـۆ نییـە یـان ئاشـنای ئـەو جـۆرە ناخۆشـی و تەنگانەیە نییـە. ئەوەنـدە لێتـەوە نزیکـە کـە دەتوانێـت تاڵـە مووەکانـی سـەرت لـە یەکـتر جـودا بکاتـەوە و یـەک یـەک بیانژمێرێـت. مەترسـە، خـودا نزیکـە. ئـەو تـۆی بـەلاوە گرنگـە و بایەخـت پێدەدات. بـێ ئومێـد مەبـە و بوێـر بـە؛ ڕاسـتیی ڕابگەیەنـە بەبـێ گرنگیـدان بـەو باجـەی کـە دەبێـت بیدەیـت.

## هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی

لـە کۆتاییـدا، مەترسـە چونکـە خـودا ناهێڵێـت بەبـێ خواسـتی پـڕ لـە نیعمەتـی خـۆی هیچـت بەسـەر بێـت. «ئێـوە زۆر لـە چۆلەکـە بەنرخـترن». «هیـچ یەکێکیـان بەبـێ خواسـتی باوکتـان ناکەوێتـە سـەر زەوی» (مەتـا ١٠: ٢٩، ٣١). ئەمـە مەبەسـتی عیسـایە: خـودا هەمـوو کاروبارێکـی

ئـەم جیهانـەی بەدەسـتە، بـە جۆرێـک کـە ئـاگای لـە کەوتنـی چۆڵەکەکانیـش هەیـە. بۆیـە هیـچ ئازارێـک ڕووبـەڕووی تـۆ نابێتـەوە ئەگـەر ویسـت و خواسـتی خـودای لەسـەر نەبێـت. ئـەم متمانەیـە بـۆ مـاوەی چەندیـن سـەدەیە کـە هانـی قوتابییەکانـی عیسـا دەدات. (هێنـری مارتـن)ی مزگێنیـدەر، دەڵێـت: «ئەگـەر خـودا ئیشـی بـۆ مـن لەبەرچـاو گرتبێـت، ئـەوا ناتوانـم بمـرم».[a] ئێمـە نەمریـن هەتـا ئـەو کاتـەی ئـەو ئیشـەی خـودا پێـی بەخشـیوین کۆتایـی پێدێـت.

## کەواتە لە هیچ مرۆڤێک مەترسە

کەواتـە، داواکارییەکـەی عیسـا جێبەجـێ دەکرێـت و هـۆکاری پێویسـتمان لەبەردەسـتە کـە بـە خۆشـی و بوێرییـەوە گوێڕایەڵـی بیـن. نیگەرانـی پێداویسـتییە ئاسـاییەکانی ژیانـت مەبـە، وە لـە هەڕەشـەی مرۆڤـەکان مەترسـە. خـۆت مـەدە دەسـت ڕۆحـی ئـەم جیهانـەوە کـە لـە کاتـی پێشـێلکردنی ڕاسـتیدا قەناعەتـت پێدەهێنێـت داوای بێدەنگـی پـڕ لـە ئاشـتی بکەیـت. عیسـا دەفەرموێـت: «وا مەزانـن کـە هاتـووم تاکـو ئاشـتی بهێنمـە سـەر زەوی. نەهاتـووم بـۆ هێنانـی ئاشـتی، بەڵکـو شمشـێر» (مەتـا ١٠: ٣٤). شمشـێری ئاسـنین نـە، بەڵکـو شمشـێری ڕاسـتی کـە ژیـان بـە هەمـوو ئەوانـە دەدات کـە بـاوەڕ دەهێنـن. بۆیـە ڕاسـتیت خۆشـبوێت، وە ئـەوەی کـە لـە بێدەنگـی و تەنهاییـدا لـە عیسـاوە فێـری دەبێـت، لـە سـەربانان ڕایبگەیێنـە. وە لـە مـرۆڤ مەترسـە.

a Journal and Letters of Henry Martyn (New York: Protestant Episcopal Society for the Promotion of Evangelical Knowledge, 1851), 460. The original English edition of 1837 was published in London and edited by the Rev. S. Wilberforce, M. A., Rector of Brighstone.

# داواکاریی شازدەیەم

## بە شەڕکردن لەگەڵ شانازی و لووتبەرزی، خۆت نزم بکەوە و بێفیز بە

«ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە» (مەتا ٢٣: ١٢)

«باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیگوت: ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە.» (لۆقا ١٨: ١٣)

«خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە ڕۆح هەژارن ،چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.» (مەتا ٥: ٣)

«ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن، حەز دەکەن بە جلی شۆڕەوە بگەڕێن و پێیان خۆشە لە بازاڕدا سڵاویان لێ بکرێت، لە کەنیشتەکان ڕیزی پێشەوە بگرن و لە ڕیزی سەرەوەی میوانداری بن. ماڵی بێوەژن هەڵدەلووشن و بۆ خۆدەرخستن نوێژەکانیان درێژ دەکەنەوە. ئەمانە سزایان گەورەترە.» (لۆقا ٢٠: ٤٦- ٤٧)

«ئێوەش بەم شێوەیە، کاتێک هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرێت دەیکەن، بڵێن: کۆیلەی شایستە نین، ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە.» (لۆقا ١٧: ١٠)

یەکێک لەو هۆکارانەی کە عیسا توندترین و زبرترین وەسفی بۆ دووڕووان هەڵگرتووە (داواکاریی سێزدەیەم) ئەوەیە کە ڕەگ و ڕیشەی دووڕوویی بریتییە لە لووتبەرزی و شانازیکردن. وە ئەوەی کە عیسا بێزی لە شانازی و لووتبەرزی دەبێتەوە بەڵگەی هەمەچشنی بانگهێشتەکەیەتی بۆ بێفیزی و خۆنزمکردنەوە.

### شانازی: سەرپێچی، چۆڵەوانی، خۆشی

پێناسەکردنی شانازی بەخۆوە کردن ئاسان نییە، چونکە بە باشی خۆی دەردەخات و زۆربەی کات لە لووتبەرزی ناچێت. دەتوانین ئەمە بە ڕوونی ببینین ئەگەر بێتو خۆبەگەورەزانین و بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە وەکو دوو شێوەی شانازی بەراورد بکەین.

خۆبەگەورەزانین کاردانەوەی شانازییە لە کاتی سەرکەوتندا. بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە کاردانەوەی شانازییە لە کاتی ئازارچەشتندا. خۆبەگەورەزانین دەڵێت: «من شایانی ڕێز و ستایشم، چونکە قوربانییەکی زۆرم داوە». «بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە دەڵێت: «من شایانی ڕێز و ستایشم، چونکە قوربانییەکی زۆرم داوە». خۆبەگەورەزانین بریتییە لە دەنگی شانازی

لە دڵی کەسی بەهێزدا. بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە دەنگی شانازییە لە دڵی کەسی لاوازدا. خۆبەگەورەزانین لە بەس و کافی دەچێت. بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە لە خۆ قوربانیکردن دەچێت. هۆکاری ئەوەی کە بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە لە شانازیکردن ناچێت، ئەوەیە کە هەژار و دەستکورت دەچێت. بەڵام پێویستییەکە لە ئیگۆیەکی بریندارەوە سەرچاوە دەگرێت، وە ئارەزووەکە ئەوە نییە کە کەسانی دیکە وەکو هەژار بیانبینن، بەڵکو وەکو پاڵەوان. ئەو پێویستییەی کە بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە هەستی پێ دەکات لە هەستی بێ بایەخییەوە نایەت. بەڵکو لە شانازییەکی دوور لە ئیدعاوە سەرچاوە دەگرێت.[a]

عیسا توێکاری بۆ قووڵی شانازیی دەکات. چەندین چین و توێژ و شێوە و دەرکەوتنی ئاشکرا دەکات. لە قووڵایی شانازیدا بارودۆخێکی ئاڵۆزی خۆبەڕێوەبردن، شایستەبوون و چێژوەرگرتن لە گرنگتربوون و بەرزتربوون لە کەسانی دیکە بوونی هەیە. یان بۆ ئەوەی بابەتەکە سەرنجڕاکێشتر بێت، تێکەڵێکی سەرپێچی (دژی خودا وەک ڕابەری ڕاست)، بیابان (هەڵسکەوتێکی باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە بەرامبەرمان بکرێت)، وە خۆشی (لەوەی کە هەست دەکەیت لە سەرووی کەسانی دیکەوەی) لە ئارادایە. لەوانەیە هیچ کام لەمانە ڕوون و ئاشکرا نەبن.

دەکرێت کەسێک بە بێدەنگی یاخی بێت، لە کاتێکدا خۆی لە یاخیبوونی ئاشکرا دەپارێزێت، زۆر سوورە لەسەر بڕیارەکەی خۆی. یان لەوانەیە کەسێک وا دیار بێت کە هەست بە بێبایەخبوون دەکات بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام بە ئاشکرا لۆمەی خۆی دەکات، لە کاتێکدا هەموو ئەو ماوەیە تووڕە و قین لە دڵ بووە کە بۆچی کەسانی دیکە ئەم هەڵسوکەوتەی بە گەورەیی و مەزنی چاو لێ ناکەن. یان کەسێک دەکرێت دڵخۆش بێت بەوەی کە هەست بە گەورەیی دەکات بەرامبەر کەسانی دیکە بە مەبەستی ئەوەی کە کەسانی دیکە ستایشی بکەن کە شانازی بە خۆیەوە ناکات.

## شانازی: شایشتەبوون

عیسا تیشک دەخاتە سەر دەرکەوتنە ئاشکراکانی شانازی کە دەتوانێت ئاماژەیان بۆ بکات. لۆقا پێمان دەڵێت کە بۆچی عیسا نموونەی فەریسییە لووتبەرزەکە و باجگرە بێفیزەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە (بڕوانە داواکاریی بیستەم). «بۆ ئەوانەی دڵنیا بوون کە خۆیان بە بێتاوان دادەنا و خەڵکیان بە سووک سەیر دەکرد، ئەم نموونەیەی هێنایەوە» (لۆقا ١٨: ٩). مەبەستی من ئەمە بوو کاتێ کە باسی بارودۆخ و سروشتی شایستەبوونم کرد - هەست دەکەیت کە

---

a ئەم چەند ڕستەیە لەم پەڕتووکەی دیکەی نووسەرەوە وەرگیراوە:
John Piper, *Desiring God: Meditations of a Christian Hedonist* (Sisters, Ore.: Multnomah, ٢٠٠٣), ٣٠٢.

شایانی ئەوەی خودا شتی باشت پێ ببەخشێت.

ئەم هەستی شایستەبوونە شان بە شانی شانازی بە خۆوە کردنەوە دەڕوات کە پێمان دەڵێت ئێوە لە کەسانی دیکە گەورەتر و لەپێشترن. بۆیە ئەو فەریسییەی کە خۆی بە شایستە دەزانی، دەڵێت: «خودایە سوپاست دەکەم وەک خەڵکی دیکە نیم، کە قۆڵبڕ و خراپەکار و داوێنپیسن، وەک ئەم باجگرەش نیم. هەفتەی دوو جار بەڕۆژوو دەبم، ئەوەی دەستم دەکەوێت دەیەکی دەبەخشم» (لۆقا ١٨: ١١- ١٢). ئەو ڕاستییەی کە سوپاسی خودا دەکات نابێتە هۆی شاردنەوەی ئەو خۆشییەی کە بەهۆی خۆ بەگەورە زانین لە کەسانی دیکەوە دەستی دەکەوێت. جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان خۆشییەکی بێفیزانە لە بوون بە کەسێکی باشتر بە نیعمەتی خودا لەگەڵ خۆشییەکی لووتبەرزانە لەوەی کە بتوانیت خۆت لە کەسانی دیکە بە گەورەتر و باشتر بزانیت. شانازی بە پیرۆزبوونی زیاتر دڵخۆش نابێت، بەڵکو بەوە دڵخۆش دەبێت کە دەتوانێت خۆی لە کەسانی دیکە بە گەورەتر بزانێت.

## ئارەزووی پێداهەڵدان و ستایشکردن

ئەگەر تەنانەت زۆر ئارەزوومان بەلای شایستەبووندا نەجوڵێت، لەوانەیە ئارەزووی هەمان ئەنجام بکەین کە ئەویش پێداهەڵدان و ستایشکردنمانە لە لایەن کەسانی دیکەوە. عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە کە یارمەتی هەژاران نەدەین، یاخودا نوێژ و نزا نەکەین بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بمانبینن. «هۆشیار بن و نەکەن لەبەرچاوی خەڵک چاکە بکەن بۆ ئەوەی بتانبینن، ئەگینا لەلای باوکی ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت» (مەتا ٦: ١). «کاتێک نوێژ دەکەن وەک دووڕووان مەبن، چونکە ئەوان حەز دەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بیانبینن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە» (مەتا ٦: ٥). «کاتێک بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ئەوان خۆیان پەرێشان دەردەخەن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.» (مەتا ٦: ١٦). عیسا بە «دووڕووان» ناویان دەهێنێت، چونکە لە کاتی نوێژ و ڕۆژوودا دەیانەوێت وا دەربکەون کە ڕێزی خودا دەگرن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان داوای ستایشی و ڕێزی خەڵکی دەکەن. ئەمە لایەنێکی شانازییە.

ستایش بە مەبەستی لەخواترسی، تاکە جۆرێکی ستایش نییە کە شانازی تامەزرۆیەتی. هەروەها شانازی تامەزرۆی دەسەڵات و سامانیشە. بۆیە عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «پاشایانی نەتەوەکان دەبنە فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتدارانیش بەسەریانەوە بە "چاکەکار" ناودەبردرێن. بەڵام ئێوە ئاوا مەبن» (لۆقا ٢٢: ٢٥- ٢٦). بە واتایەکی دیکە، حەزتان لە دەسەڵات و سامانی زۆر نەبێت. چێژی گەورەتر و گرنگتربوون لە کەسانی دیکە لە

متمانەیەکی بێفیزانە بە نیعمەتی خودا سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە دڵێکی پڕ لە شانازی و لووتبەرزەوە هەڵدەقوڵێت.

شانازی و لووتبەرزی بە سەدان شێوە خۆی ڕێکدەخات بۆ ئەوەی ستایش و پێداهەڵدانی مرۆڤەکان بەدەست بهێنێت. دەکرێت لە شێوازی دانیشتنت لە کۆبوونەوەیەک، جۆری هەڵسوکەوتت لە بازاڕدا، یان ئەو ناونیشانەی لەبەردەم ناوەکەی خۆت دایدەنێی، خۆی ببینێتەوە. «(فەریسی و مامۆستایانی تەورات) حەز دەکەن لە میوانیدا لەلای سەرەوە و لە کەنیشتەکانیش لە ڕیزی پێشەوە دابنیشن. لە بازاڕیشدا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵک بە ڕابی بانگیان بکەن» (مەتا ٢٣: ٦- ٧). کێشەیەک لێرەدا ئەوە نییە کە باش نییە و خراپە کە بە «ڕابی و مامۆستا» بانگ بکرێی، یان دانیشتن لە ڕیزی پێشەوە هەمیشە خراپ نییە. کێشەیە ئەوەیە کە تۆ حەزت لە چییە و چیت پێ خۆشە – ئەوەی کە پێویستت پێیەتی و ئارەزووی دەکەیت و ڕێزی دەگریت. شانازی و لووتبەرزی لە لایەن ئارەزووی ڕێزگرتن و ستایشی مرۆڤ بەهۆی پلە و ناو و ناوبانگەوە هان دەدرێت.

## شانازی دوور لە خۆشەویستییە

پاشان عیسا نیشانمان دەدات کە شانازی چەندە دوورە لە خۆشەویستییەوە. پێش ئەوەی کە بفەرموێت: «هەموو کردارەکانیان بۆ ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگەکانیان» (مەتا ٢٣: ٥)، فەرمووی: «باری قورس و گران دەپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە هیچ شێوەیەک لە هەڵگرتنی بارەکاندا یارمەتییان بدەن» (مەتا ٢٣: ٤). واتە، وانە و پەندی زۆر بەرزی ڕەفتار و ئاکار دەڵێنەوە، بەڵام بەزەیی یان دانایی کتێبی پیرۆزیان نییە کە لە هەڵگرتنی باری قورس و گراندا یارمەتی خەڵکی بدەن. خۆشەویستییان نییە.

بە دوو هۆکار، ئەمە جێگەی سەرسامی نییە: یەکەم ئەوەیە کە کەسی خۆ بە گەورە زان نایەوێت کەس لەو زیاتر بێت. ئەمە بە واتای لەدەستدانی یەکێک لە هۆکارەکانی خۆ بەگەورە زانین دێت. هۆکارەکەی دیکە ئەوەیە کە شانازی لە شێوازی کارکردنی نیعمەتی خودا تێناگەن کە یارمەتی گوناهباران دەدات لە پیرۆزیدا گەشە بکەن بەبێ ئەوەی کە لووتبەرز بن. دەستی یارمەتی هەڵناهێنن بۆ ئەوەی بە گوناهباری تۆبەکردووی نیشان بدەن کە نیری عیسا گونجاوە و بارەکەی سووکە (مەتا ١١: ٣٠)، چونکە بەلای خۆیانەوە ئاسان و سووک نییە. ئەو ئەرکە ڕەفتاری و ئاکارییەی کە ئەوان هەوڵی بەجێگەیاندنی دەدەن بە قورسی ماوەتەوە بۆ ئەوەی هەستی شایستەیی و شانازیکردن لە دەستکەوتەکانیاندا هەبێت. ئەگەر ئاسان و سووک بێت، ئەوا شانازییان بە چییەوە دەکرد؟

## ئێمە خزمەتکاری ناشایستەین

وەکو دەبینین لە فێرکردنەکانی عیسادا پەیوەندییەکی زۆر نزیک لەنێوان خۆنزمکردنەوە و خزمەتکاربووندا هەیە. بێفیزبوون واتە خزمەتکاربوون. هەمان شت نین، بەڵام بێفیزبوون و خۆنزمکردنەوە وا دەکات بە خۆشییەوە خزمەت بکەیت. قوتابی عیسا لە برسیەتی ڕۆحییەوە هەنگاو دەنێت و بەرەو متمانەی منداڵ ئاسا بە نیعمەتی خودا دەڕوات، ئینجا دەبێتە خاوەنی دڵێکی خزمەتکار ئاسا و دەست دەکات بە خزمەتکردن.

لە وتە بەناوبانگەکانی عیسادا، کە خۆزگە بە هەندێک کەس دەخوازێت، یەکەم دانەی ئەمەیە: «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە ڕۆح هەژارن» (مەتا ٥: ٣). واتە، ئەوانەی کە خۆیان بە شیاو و شایستە نازانن و لە ناخیاندا هیچ شک نابەن. ڕێک پێچەوانەی ئەوانەن کە «بە دڵنیاییەوە خۆیان بە بێتاوان دادەنا و خەڵکیان بە سووک سەیر دەکرد» (لۆقا ١٨: ٩). ئەوان دەزانن لە ناخیاندا خاوەنی هیچ شتێک نین کە بتوانن بیخەنە بەردەم خودا.

ئەو جۆرە کەسانە پێگە و پلەی خزمەتکاری نەشیاو بۆ خۆیان لەبەرچاو دەگرن کە عیسا لە (لۆقا ١٧: ١٠) باسی دەکات: «کاتێک هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرێت دەیکەن، بڵێن: کۆیلەی شایستە نین، ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە». ئەمە وتەیەکی زۆر قووڵ و پڕ واتایە - بەتەواوی ئەوپەڕی کاریگەری شانازی لەناو دەبات. مرۆڤێکی تەواو گوێڕایەڵ دەبێت بڵێت - دەبێتە بەشێک لە گوێڕایەڵبوونی - «من خزمەتکارێکی ناشایستەم». واتە: «ناتخەمە نێو هیچ هەستێکی تەواوی قەرزاربوونەوە بۆ ئەوەی پاداشتم بدەیتەوە». ئەم بیروباوەڕە ڕەگ و ڕیشەی بێفیزبوونە - کە شایانی هیچ شتێکی باش نین لە لایەن خوداوە.

یان ئەگەر وەکو باجگرەکە، بە شێوەیەکی ئەرێنی بیڵێین: هەموو ئەو شتە باشانەی کە لە خوداوە بەدەستی دێنین بەهۆی میهرەبانی و بەزەیی خوداوەیە. ئێمە شایانی نین. «ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە» (لۆقا ١٨: ١٣). «ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان کرابوو» (لۆقا ١٨: ١٤). خۆشی و دڵشادی کەسی بێفیز و خۆ بە کەم زان لە لە شایستەبوون و شایانبوونەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە وەرگرتنی بەزەییەوە.

# داواکاریی حەڤدەیەم

## وەکو منداڵ و خزمەتکار و دڵشکاوێکی بوێر، خۆت نزم بکەوە و بێفیز بە

«ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر نەگۆڕێن و وەک منداڵتان لێنەیەت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە.» (مەتا ١٨: ٣- ٤)

«با پایەبەرز لەنێوتاندا ببێتە بچووک و ئەوەی ڕابەری دەکات وەکو خزمەتکارەکەتان بێت.» (لۆقا ٢٢: ٢٦)

«قوتابی لە مامۆستاکەی زیاتر نییە و کۆیلەش لە گەورەکەی زیاتر نییە. بۆ قوتابی بەسە وەک مامۆستاکەی بێت و کۆیلەش وەک گەورەکەی. ئەگەر خاوەن ماڵ بە "بەعلزەبول" ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟ لەبەر ئەوە لێیان مەترسن، چونکە هیچ شتێکی شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت.» (مەتا ١٠: ٢٤- ٢٦)

کلیلی خۆنزمکردنەوە تەنها هەستکردن بە نەبوونی شایستەبوون نییە (وەکو چۆن لە بەشی پێشتردا باسمان کرد)، بەڵکو هەست کردنە بە ئامادەبوونی نیعمەتی بێ بەرامبەری خودا. بێفیزبوون تەنها وەکو ئەو خزمەتکارە نییە کە دەڵێت: «من خزمەتکارێکی ناشایستەم»؛ بێفیزبوون وەکو ئەو منداڵەشە کە لە باوەشی باوکیدا ئارام دەگرێت و پشوو دەدات. عیسا دەفەرموێت: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر نەگۆڕێن و وەک منداڵتان لێنەیەت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە. بۆیە ئەوەی وەک ئەم منداڵە خۆی نزم بکاتەوە، لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە» (مەتا ١٨: ٣- ٤). ئێمە دەبێت بە هەردوو ڕێگا خۆمان نزم بکەینەوە: وەکو خزمەتکارێکی ناشایستە و منداڵێک کە متمانە بە باوکی دەکات.

سوودی بەراوردکردن بە منداڵ چییە؟ ئەگەر چاومان لەسەر دەقە بنەڕەتییەکە بێت، بابەتەکە زۆتر تیشک دەخاتە سەر سێ دەستەواژە: بێفیزبوون (خۆنزمکردنەوە) و بچووکەکان و باوەڕ.

### بێفیزبوون

عیسا لە (مەتا ١٨: ٤)دا دەفەرموێت: «ئەوەی وەک ئەم منداڵە خۆی نزم بکاتەوە، لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە». وشەی بێفیزبوون لە زمانی یۆنانیدا بە گشتی وەسفی تایبەتمەندییەکی ئەرێنی لە سەردەمی عیسادا ناکات. بە گشتی بە واتای وردبوون، خۆ کەم کردنەوە، شەرمەزاربوون و خۆ سووک کردن دەهات.[a] ئەم وشەیە بەکارهاتووە، چونکە

[a] بۆ وردەکاری زیاتر، بڕوانە ئەمەی خوارەوە:

داواکارییەکی عیسا داواکارییەکی ڕۆمانسی نەبوو، وەکو ئەوەی کە بوون بە منداڵ شیرینە و ئاسانە. داواکارییەکەی عیسا بۆ کەسێکی بەهێز، خاوەن متمانە، زیرەک، ژیر و جڵەوگیر وێرانکار و ڕوخێنەر بوو. عیسا دەیزانی کە منداڵان لە سەردەمی ئەودا مایەی چاولێکەری و نموونە نەبوون. عیسا منداڵی هەڵبژارد، چونکە «بێدەسەڵاتن و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاستیان نزمە».[a] داواکاریی عیسا ئەوەیە کە پەیوەندی خۆشەویستیمان لەگەڵ دەسەڵات، پلەوپایە، خۆپەرستی، ماف و جڵەوگیریدا بپچڕێنین.

## بچووکەکان

عیسا ئەم دەستەواژەیەی لە وەسفی ئەو قوتابییانەدا بەکارهێنا کە وەکو منداڵ وان. دەفەرموێت: «ئەوەی یەکێک لەم بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە تووشی گوناه بکات، باشترە بۆی بەرداشێکی گەورە بە ملیەوە هەڵبواسرێت و نوقومی بنی دەریا بکرێت» (مەتا ١٨: ٦). عیسا باوەڕداران بە «بچووکەکان» ناوزەد دەکات، وە لەبارەی بچووکەکانەوە دەفەرموێت کە باوەڕیان هەیە. هەردوو دەستەواژەکە گرنگە. «بچووکەکان» نیشانی دەدات کە لەبەرچاوی دنیا و جیهانەوە مەزن نین. بەهێز نین، خۆپەرستن نین، بەڵکو ئەوەی کە ئەوان لە کەسانی دیکە جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە باوەڕیان بە عیسا هەیە. واتە، متمانە و باوەڕیان بە خۆیان نییە، بەڵکو متمانەیان بە عیسا هەیە.

## متمانە

پێدەچێت ئەمە سەرەکیترین ئامانجی عیسا بووبێت کاتێک کە بەراوردی نێوان قوتابییەکانی و منداڵ دەکات. دەکرێت منداڵ هەموو جۆرە هەڵەیەکی هەبێت، بەڵام لەنێو خێزانێکی ئاسایی و تەندروستدا، منداڵان متمانە بە باوکیان دەکەن کە گرنگییان بدەنێ. شەوان لەنێو جێگەدا خەویان لێ نازڕێت کاتێک کە بیر لەوە دەکەن ئاخۆ ژەمی دواتریان لە کوێوە دێت. لەنێو عارەبانەکەیاندا ناوچاویان تاڵ ناکەن کە بۆچی ئاسمان ڕەنگی ڕەش بووە. «منداڵ بەپێی پلەوپایە، نزمە ... بەڵام بەپێی غەریزەیان دڵنیاییان هەیە».[b] بەپێی پێوەری

---

Gerhard Friedrich, .Tapeinov~ (tapeinos) in Theological Dictionary of the New Testament, ed Vol. VIII (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1972), 4-9. “[In the Greek and Hellenistic world] men ‘exploit,’ ‘oppress,’ . . . ‘humble,’ ‘put down’ . . . ‘humiliate others by breaking their spirit.’. . . That .man should humble himself is rejected” 4

Ulrich Luz, Matthew 8–20: A Commentary, trans. James E. Crouch, end. Helmut Koester, Her- a minia (Minneapolis: Augsburg Fortress, 2001), 428

Alexander MaClaren, The Gospel According to Matthew: Chapters XVII to XXVII (London: b .Hodder and Stoughton, n.d.), 3

دنیایی، منداڵ نزم و لاوازە. بەڵام خۆشحاڵن، دوورن لە نیگەرانی و دڵنیایی تەواویان هەیە کە هەموو پێداویستییەکانیان دابین دەکرێت. جیهان بڕوانامەی شانازی بە منداڵان نادات. پەڕتووک لەبارەی دەستکەوتەکانیانەوە نانووسن. ئێمە منداڵ ناکەینە لێپرسراوی هیچ شتێک. بەڵام منداڵان بە هیچ کام لەوانە بێزار نابن. ئەوان ڕازین بەوەی کە دایک و باوکیان گرنگییان پێ بدەن.

بێگومان عیسا بانگمان ناکات کە بێ بەرهەم بین یاخود وەکو منداڵ پێنەگەیشتوو بین. ئەوە ئامانجی بەراوردکردنەکە نییە. بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە حەزمان لە بەهێزترتربوون یان زیرەکتربوون یان دەوڵەمەندتربوون لە کەسانی دیکە نەبێت - بۆ ئەوەی خۆشی و شادیمان خۆی لە گەورەتر و گرنگتربوون لە کەسانی دیکە نەبینێتەوە. مەبەستی بەراوردەکە ئەوەیە کە بەلامانەوە ئاسایی بێت ئەگەر جیهان بایەخی بەو شتە نەدا کە عیسا بانگهێشتی کردووین ئەنجامی بدەین. نابێت لەوە بترسین کە جیهان بە گێل یان نزممان بزانێت. بەڵکو دەبێت باوەڕ بە عیسا بکەین بەو جۆرەی کە منداڵ باوەڕی پێ دەکات. دەبێت ئاسایش و واتای خۆمان لە عیسادا ببینینەوە وە هەموو ئەو شتەی کە باوکی ئاسمانی بەهۆی ئەوەوە بۆمان ئەنجام دەدات (داواکاریی چوارەم).

## بێفیزبوون بەرەو ڕۆحی خزمەتکاربوونمان دەبات

عیسا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم هەژاری ڕۆحییە و وەکو منداڵ بیفیزبوونە لەگەڵ متمانەدا بەرەو ڕۆح و ژیانی خزمەتکاربوونمان دەبات. زیاتر لە جارێک قوتابییەکانی عیسا کێشمەکێشی ئەوەیان بوو کە ئاخۆ لە شانشینی ئاسماندا کامەیان مەزنە یان کامەیان دەبێتە مەزنترینی نێوانیان. هەموو جارێ عیسا هەمان وەڵامی دەدانەوە: «ئەگەر یەکێک ویستی یەکەم بێت، با لەدوای هەمووان و خزمەتکاری هەمووان بێت» (مەرقۆس ٩: ٣٥). هەندێ کات مەبەستەکەی زیاتر ڕوون دەکردەوە کاتێک کە منداڵێکی زیاد دەکرد و دەیفەرموو: «ئەوەی بە ناوی منەوە پێشوازی لە یەکێک لەم منداڵانە بکات، پێشوازی لە من دەکات، ئەوەی پێشوازیم لێ بکات، پێشوازی لە من ناکات، بەڵکو لەوەی ناردوومی» (مەرقۆس ٥: ٣٧). بە واتایەکی دیکە، ئەگەر ئامادەیی ئەوەت تێدابێت کە لە باخچەی ساوایان ئیش بکەیت و بە خۆشحاڵییەوە چاودێری منداڵان بکەیت، ئەوا دەبیتە «یەکەم».

تەنانەت عیسا لە کاتی خوانی کۆتاییدا، کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی کۆتا نموونەی خۆشەویستی خزمەتکارانەمان نیشان بدات، قوتابییەکانی ناکۆکی ئەوەیان هەبوو ئاخۆ کامیان گەورەترە - ئەم ئارەزووە زۆر توند لەنێو ئێمەشدا جێگیر بووە. عیسا فەرمووی: «پاشایانی نەتەوەکان دەبنە فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتدارانیش بەسەریانەوە بە "چاکەکار"

ناودەبردرێـن. بـەڵام ئێـوە ئـاوا مەبـن. بەڵکـو بـا پایەبـەرز لەنێوتانـدا ببێتـە بچـووک و ئـەوەی ڕابـەری دەکات وەکـو خزمەتکارەکەتـان بێـت. کـێ پایەبەرزتـرە، ئـەوەی لەسـەر خـوان دانیشـتووە یـان ئـەوەی خزمـەت دەکات؟ بێگومـان ئـەوەی کـە لەسـەر خوان دانیشـتووە. بـەڵام مـن لەنێوتان وەک ئـەوەم کـە خزمـەت دەکات» (لۆقـا ٢٢: ٢٥- ٢٧). عیسـا ڕاسـتەوخۆ ئـارەزووی مەزنبوونـی بـڕی و شـێوازێکی جێگـرەوەی پێشـکەش کردیـن، کـە ئەویـش نزمبوونـەوەی خزمەتکارانەیـە.

## عیسا چۆن خزمەتی کرد و چۆن خزمەت دەکات

خزمەتکـردن واتـای چییـە؟ لـە (مەتـا ٢٠: ٢٦- ٢٨)، عیسـا داواکاری ئـەوەی کـە ئێمـە خزمەتـی کەسـانی دیکـە بکەیـن پەیوەسـت دەکات بـەو خزمەتـی کـە بـە ئێمـەی دەکات و ئـەو شـتەمان نیشـان دەدات کـە بەلایـەوە گرنگـە. «ئـەوەی دەیەوێـت لەنێوتانـدا پایـەی بـەرز بێـت، بـا ببێتـە خزمەتکارتـان و ئـەوەش کـە دەیـەوێ لەنێوتانـدا ببێتـە یەکـەم، بـا ببێتـە بەندەتـان، وەک چـۆن کـوڕی مـرۆڤ کـە نەهاتـووە تاکـو خزمـەت بکرێـت، بەڵکـو خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر». خزمەتکـردن واتـە بـە خۆشەویستییەوە چاکەکردن کـە پێویسـتی بـە پێدانـی باجـە، بـەڵام هـاوکات سـوود و قازانجـی کاتـی و هەتایـی بـۆ کەسـانی دیکـە هەیـە.

جێگـەی سەرسـامییە کـە ئەرکـی خزمەتکارئاسـای عیسـا لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی خزمەتـە زەمینییەکـەی کۆتایـی نایـەت. ئـەو نـە تەنهـا بـە هێـز وشـکۆیەکی زۆرەوە باسـی هاتنـەوەی دەکات (مەرقـۆس ١٣: ٢٦)، بەڵکـو دیسـان ئەرکـی خزمەتکارێکـی جـوان و پایـە نـزم دەگرێتـە ئەسـتۆ: «خۆزگـە بـەو کۆیلانـە دەخوازرێـت کـە گـەورە دێتـەوە دەبینێـت بەخەبـەرن. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، گەورەکـە ناوقـەدی خـۆی دەبەسـتێت و کۆیلـەکان دادەنیشـێنێت، دێـت و خزمەتیـان دەکات» (لۆقا ١٢: ٣٧). عیسـا هەرگیـز واز لـە خزمەتکردنمـان ناهێنێـت. ئایـا ئەمـە وات لێنـاکات کـە خزمەتـی کەسـانی دیکـە بکەیـت لـە کاتێکـدا شـوێنکەوتوی ئـەو کەسـەی کـە خۆشـی دەوێـت و ژیانـی خـۆی لەپێنـاو تـۆدا بەخشـی و هەرگیـز دەسـتبەرداری خزمەتکردنـت نابێـت؟ دڵـی گوناهبارێکـی ڕزگارکـراو کـە شـوێن عیسـا دەکەوێـت هەرگیـز داوا نـاکات و ناڵێـت: «چـۆن دەتوانـم ئەوپـەڕی شـان و شـەوکەوت و ڕێـزم هەبێـت؟» بەڵکـو دەڵێـت: «چـۆن دەتوانـم بـە باشـترین شـێوە یارمەتـی ئـەو کەسـانە بـدەم کـە پێویسـتیان بـە یارمەتییـە، جـا ئیـدی باجەکـەی هـەر چـی بێـت؟»

کاتێـک عیسـا بـەردەوام دەیفەرمـوو: «ئـەوەی خـۆی بـەرز بکاتـەوە نـزم دەکرێتـەوە، ئـەوەش خـۆی نـزم بکاتـەوە بـەرز دەکرێتـەوە» (مەتا ٢٣: ١٢؛ لۆقـا ١٤: ١١؛ ١٨: ١٤)، دژی کـوژەری گـەورەی خزمەتکـردن ئـاگاداری دەکردینـەوە (شـانازی بـە خـۆوە کـردن)، وە بانگـی دەکردیـن کـە شـوێن خزمـەت دروسـتکەری مـەزن بکەویـن (بێفیـزی و پشـت بـە مەسـیح بەسـتن).

## بوێری دڵشکاوانە لەپێناو ڕاستیدا

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی خزمەتکاریی لە ؛٥، سەردەمەدا پێویستە، بریتییە لە بوێری دڵشکاوانە لە ڕاگەیاندنی ڕاستیی خودادا. من باسی ئەمە دەکەم، چونکە ڕۆحی ڕێژەگەرایی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ژینگەیەکی وای دروست کردووە کە گوتنی ڕاستی بە قەناعەت و بیروباوەڕی تەواووە و بانگکردنی کەسانی دیکە بۆ باوەڕ بە کارێکی بێفیزانە نازانرێت.

(جی کەی چێسترتن) لە ساڵی ١٩٠٨ دەیزانی ئەمە ڕوودەدات کە ئەمەی خوارەوەی نووسیوە:

ئەو سزایەی کە ئەمڕۆ دەیچێژین بریتییە لە بێفیزیی لە شوێنی هەڵەدا. بێفیزبوون لەسەر مەحکومبوون گیرساوەتەوە؛ کە هەرگیز نەدەبوا لەوێ بووایە. مرۆڤ دەبێت گومانی لە خۆی هەبێت، بەڵام نەک لە ڕاستی؛ بەڵام ڕێک پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. ئەمڕۆ ئەو شتەی کە مرۆڤ ئیدعای بۆ دەکات، ڕێک ئەو شتەیە کە نابێت ئیدعای بۆ بکات کە ئەویش خۆیەتی. ئەو شتەی کە گومانی لێ دەکات، ڕێک ئەو شتەیە کە نابێت گومانی لێ بکات - بەڵگەی خودایی ... گومانکەری نوێ ئەوەندە بێفیزە کە تەنانەت گومانی لەوەش هەیە ئاخۆ دەتوانێت فێری شتێکی نوێ ببێت ... بێفزییەکی ڕاستەقینەی ئاسایی بۆ سەردەمی ئێمە لە ئارادایە؛ بەڵام وا دیارە کە ئەم بێفیزییە لە کاهینێکی توندڕەوی ماندوو و پەککەوتوو ژەهراویترە ... بێفیزییە کۆنەکە وای کرد کە مرۆڤ گومانی لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی بکات، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر تێبکۆشێت. بەڵام بێفیزییە نوێیەکە وا دەکات مرۆڤ گومانی لە ئامانجەکانی بێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی واز لە هەوڵ و تێکۆشان بهێنێت ... ئێمە خەریکی بەرهەمهێنانی ڕەگەزێکی مرۆڤایەتین کە ئەوەندە بیر و هزریان بێفیزە کە باوەڕیان بە خشتەی جاران (کەڕەت) نییە.[a]

ئەگەر بێفیزی هاوتا نییە لەگەڵ ڕێژەگەرایی ئەمڕۆدا، کەواتە چییە؟ هیوادارم کە ئەم بەشە ئەم پرسیارە ڕوون بکاتەوە و یارمەتیمان بدات کە بزانین چۆن، لەپێناو عیسا و خزمەتی کەسانی دیکە، بوێرانە ئەوە ڕابگەیەنین کە عیسا فێری کردووین. لە دوو بەشی ڕابردوودا، لانی کەم باسی ئەم پێنج خاڵەمان کرد.

## بێفیزی: پێنج هۆکار بۆ ڕاستی دەربڕینی بوێرانە

یەکەم، بێفیزبوون لەگەڵ هەستی گوێڕایەڵبوون بۆ خودا لە عیسادا. «قوتابی لە مامۆستاکەی زیاتر نییە و کۆیلەش لە گەورەکەی زیاتر نییە» (مەتا ١٠: ٢٤). بیروباوەڕی ئێمە لە فیز و شانازیکردن بە خۆوە نەهاتووە، بەڵکو لە ڕێگەی ملکەچبوون بۆ ئەو

a G. K. Chesterton, *Orthodoxy* (Garden City, NY: Doubleday and Co., 1957), 31-32.

کەسەی کە لە ڕێگەی وشەکەیەوە خۆی بۆ دەرخستین و فەرمانی پێکردووین کە وشەکەی ڕابگەیەنین.

دووەم، بێفیزبوون هەست بەوە ناکات کە شایانی هەڵسوکەوتێکی باشتر لەوە بێت کە عیسا بەرامبەری کرا. «بۆ قوتابی بەسە وەک مامۆستاکەی بێت و کۆیلەش وەک گەورەکەی. ئەگەر خاوەن ماڵ بە "بەعلزەبول" ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی» (مەتا ١٠: ٢٥). بۆیە، بێفیزبوون خراپە بە خراپە وەڵام ناداتەوە. ژیانێک نییە لەسەر مافی بەدەستهاتوو بێت، بەڵکو ژیانی پڕ لە قوربانیدانە.

سێیەم، بێفیزی ڕاستی دووپات دەکاتەوە، هێز ناداتە ئیگۆ بۆ ئەوەی جڵەوگیر بێت، یان وزە ناداتە سەرکەوتن لە چەلەحانێدا. وەکو خزمەتێک بۆ مەسیح و خۆشویستنی دوژمنەکان، ڕاستیی دەردەبڕێت. «ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکیدا بیڵێنەوە، ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، بە دەنگی بەرز لە سەربانان ڕایبگەیەنن. لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ جەستە و گیان بە یەکەوە لە دۆزەخدا لەناوبەرێت» (مەتا ١٠: ٢٧- ٢٨).

چوارەم، بێفیزبوون دەزانێت کە هەموو جۆرە زانین و باوەڕ و قسەکردنێت، پشت بە نیعمەتی خودا دەبەستێت. «منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت، چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن» (یۆحەنا ١٥: ٥). ئەمە ڕەفتارێک دێنێتە کایەوە کە نە خۆپەرستانەیە و نە ترسنۆکانەیە.

پێنجەم، بێفیزبوون دەزانێت کە دەکرێت هەڵە بکات و بەو هۆیەوە گرنگی بە ڕەخنە دەدات و لێوەی فێر دەبێت، هەروەها دەزانێت کە خودا چارەسەری کێشەی حوکمدانی مرۆڤ دەکات و بانگمان دەکات کە کەسانی دیکە قایل بکەین. عیسا فەرمووی کە دەبێت کڵێسا ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت کەسانی کەللەڕەق و یاخی ڕاست بکاتەوە (مەتا ١٨: ١٥- ١٧). پێمانی فەرموو کە هەرچەندە ئێمە دەکرێت هەڵە بکەین و پێویستمان بە ڕاستکردنەوە بێت، بەڵام دەبێت بەبێ هیچ شەرمێک بڕۆین و لە هەموو نەتەوەکان قوتابی دروست بکەین، وە پێیان بڵێین هەموو فەرمانەکانی عیسا جێبەجێ بکەن (مەتا ٢٨: ١٩- ٢٠).

بێفیزبوون: دیاریی بەدەستهێنانی هەموو شتێک بە دیاری

کاتێ کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەم بەشە بە بابەتێک لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی داواکاری خۆنزمکردنەوە، دەبینم کە وەڵامەکە تەکنیکێکی نوێ نییە، بەڵکو لەنێو بەشەکانی پێشتردایە؛ (داواکاریی ٢، ٣، ٤، ٥، ٧ و ٨). وەڵامەکە لەنێو هەموو ئەوانەدایە: بێفیزی ڕاستەوخۆ لە کار و کردەوەی ویست و خواستی خۆڕەتکەرەوەدا هەڵناقوڵێت. هۆکارەکەی بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە هەرکە ویست و خواستمان پشتگوێ دەخەین، ئاگامان لە دەستکەوتەکە هەیە و تووشی وەسوەسەی شانازیکردن بەم پشتگوێخستنە دەبین. چۆن دەتوانین خۆمان لەم تەڵەیە بپارێزین؟

لە ناخمانەوە، بێفیزی ڕاستەقینە هەست دەکات کە بێفیزبوون و خۆنزمکردنەوە دیارییەکە لە دەرەوەی دەسترەستیی ئێمە. ئەگەر بێفیزی بەرهەمی دەسترەسییە، ئەوا دەستبەجێ شانازی پێوە دەکەین. بێفیزبوون دیاریی وەرگرتنی هەموو شتێکە وەکو دیاری بە سوپاس و نائاگایانە. پێدەچێت بتوانم بە بابەتێکی کەسی دەربارەی کە چۆن من دژی ئەم جەنگە ڕادەوەستم. لە بەرواری ١٩٨٨/٦/١٢ ئەمەی خوارەوەم لەنێو دەفتەری یادگارییەکەم نووسی. دان بە پێداویستییەکانمدا دەنێم و وەڵامی پرسیاری چۆنیەتی بێفیزبوون دەدەمەوە.

بۆ جڵەوگیرکردن لە خۆشی گرنگی بەخۆدان، ئایا گرنگیدان بە خودا بەسوودترین شێوە نییە؟ نکوڵی لەخۆکردن و خاچدانی لەش گرنگە، بەڵام چەند ئاسان دەبێت دووبارە گرنگی بە خۆم بدەم بەهۆی نکوڵیکردنەوە. چۆن ئەو مەبەستە نهێنیە کە «گرنگی بەخۆدان»ە بشکێنم بێجگە لە بەگەڕخستنی هەموو توانام بۆ دڵخۆشکردنی خۆم بە گرنگیدان بە خودا. خۆشی پەرەستنی مەسیح تەنها چارەسەری کۆتاییە. قووڵترە لە مردنی خۆی. دەبێت قووڵتر بێت لە ناشتنی لەش بۆ دۆزینەوەی ئازادیی ئاوی پەرجووەکە وا دەکات تامی شکۆمەندی خودا بکەین. تەنها لەو پەسەندی بێدەنگی و پڕ لە خۆشییە کۆتایی خۆمان بەدەست دەهێنین.

# داواکاریی هەژدەیەم

## تووڕە مەبە - متمانەت بەوە هەبێت کە خودا هەموو شتێکت بۆ دابین دەکات

«بیستووتانە بە پێشینان گوتراوە: مەکوژن و ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردادان دەبێت. بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی لە خوشکی یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی بە براکەی بڵێ "هیچوپووچ،" دەبێت بدرێتە ئەنجومەنی باڵای جولەکە، ئەوەش بڵێت "گێلە"، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.» (مەتا ٥: ٢١- ٢٢)

دیسان دەبینین کە عیسا داواکارییەکی لێمان هەیە کە بە تەنها ناتوانین ئەنجامی بدەین. هەندێ کات، داواکاریی وەکو خۆشویستن یان هەبوونی باوەڕ، هەوڵ دەدەین کە داواکارییەکانی عیسا لە ڕێگەی پێناسەکردنیان وەکو کارێکی دەرەکی یان بڕیاری ویست و خواستمان، ئەنجام بدەین. پێمان وایە کە ئەم شتانە زیاتر لە هەست و سۆزمان لەژێر دەسەڵاتماندایە. بەڵام کە دێتە سەر باسی تووڕەبوون، عیسا بەتایبەتی ڕێک پێچەوانەی ئەو شتە دەکات کە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەنجامی بدەین ک هەوڵ دەدەین داواکارییەکەیان بکەینە شتێکی دەرەکی. عیسا دەفەرموێت کە کوشتن کە کارێکی دەرەکییە هەڵەیە و خراپە، هەروەها ئەزموونی ناوەکی تووڕەیی کە لەپشت ئەو کوشتنەوەیە هەڵەیە و دروست نییە. کەواتە (لەگەڵ داواکارییەکانی موسادا) عیسا فەرمان دەدات کە کاری دەرەکی کوشتن ئەنجام نەدەین، بەڵام هەنگاوی زیاتر هەڵدێنێ و فەرمان دەدات کە هەست بە تووڕەیی ناوەکی نەکەین کە لەپشت ئەو کوشتنەوەیە.

### کەس بڕیار نادات کە تووڕە بێت

دەتوانین هەست بە قووڵی ئەم بابەتە بکەین ئەگەر چیتر بیر لەوە نەکەینەوە کە کەس بڕیار نادات تووڕە ببێت. بەو جۆرە نییە کە دوای کارێکی زۆر خراپ و ستەمکارانە و نادادپەروانە، بێین و بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ تووڕەیی کاردانەوە و وەڵامێکی باشە یان نە، وە دوای ڕامانێکی ورد و هەڵسەنگاندنی، بڕیار بدەین کە لە ئاستێکی دروست و گونجاودا تووڕە ببین. هیچ کەسێک بەو جۆرە ناژی. تووڕەبوون ڕوودەدات؛ شتێکی ناخودئاگایە. بژاردەیەکی لۆژیکی نییە، ئەزموونێکی پلان بۆ دانەڕێژراوە. شتێک ڕوودەدات و تووڕەیی لە ناخماندا گڕ دەگرێت. ئەوەی کە دەبێتە هۆی هەڵچوونی کاتێ کە هەڵدەچێت، وە بەو هێز و ماوەیەی کە هەڵدەچێت، بریتییە لە کۆکراوەی ئەو خراپەیەی کە دەیبینین و

بارودۆخـی مێشـک و دڵـمان. بـەڵام دەبێـت ئـەوە بزانیـن کـە داواکاریـی عیسـا ئـەوە نییـە کـە بەتـەواوی شـارەزای تووڕەیـی و خۆجڵەوگیرکـردن بیـن، هەرچەنـدە زۆربـەی کات ئـیش و کار پێویسـتی بەوەیـە. داواکاریـی عیسـا ئەوەیـە کـە بارودۆخـمان بگۆڕیـن. فەرمـان دەدات کـە دڵ و مێشـکمان بـە جۆرێـک لـە ڕیشـەوە بگۆڕیـن کـە ڕێگـە بـە هەڵچوونـی تووڕەیـی نـەدات کـە نابێـت هەمانبێـت. بـە چەندین شـێوە باسـی ئـەم گۆڕانکارییـە دەکات: بـۆ نموونـە، لەدایکبوونەوە (داواکاریـی یەکـەم)، تۆبەکـردن (داواکردنـی دووەم) و بـاوەڕ (داواکاریـی چـوارەم).

هـەر بۆیـە، ئـەوەی کـە لـەم بەشـەدا دەربـارەی داواکاریـی تووڕەنەبـوون، ڕیشـەی لـە فێرکردنەکانـی دیکـەی عیسـادا داکوتـاوە. عیسـا حـەزی لـە گۆڕانـکاری دەروونـی و سـۆزداری نییـە. بەڵکـو حـەزی لـە قوتابـی تازەلەدایکبـووە کـە بـاوەڕی بـە کاری ڕزگاریـی هەیـە. خوێنـی خـۆی ڕشـت؛ ئێمـە لێخۆشـبوون تاقـی دەکەینـەوە (مەتـا ٢٦: ٢٨). ئـەو بـاج و بەهـای گوناهـی ئێمـەی دا؛ ئێمـە لەدەسـت حوکمـدان و کـۆت و بەنـدی گونـاە ڕزگارمـان بـووە (مەرقـۆس ١٠: ٤٥؛ یۆحەنـا ٨: ٣٢). عیسـا شانشـینی خـودای هێنـا؛ ئێمـە حوکمـی گۆڕنکاریـی خـودا تاقـی دەکەینـەوە (لۆقـا ١١: ٢٠). ئـەو مێـوە؛ ئێمـە لقەکانـی. بەبـێ ئـەو ئێمـە هیچـمان پـێ ناکرێـت (یۆحەنـا ١٥: ٥). ئەمـە داواکاریـی تووڕەنەبوونیـش لەخـۆ دەگرێـت.

## تووڕەیی چییە؟

وەکـو هەمـوو هەسـتەکانی دیکـە، کـە پێـش وشـەکان بوونیـان هەیـە و سـەربەخۆن لە وشـەکان، پێناسـەکردنی تووڕەیـی کارێکـی ئاسـان نییـە. بـەڵام دەبێـت هـەوڵ بدەیـن، چونکـە ڕوونـە کـە چەندیـن جـۆر ئەزموونمـان هەیـە کـە پێیـان دەگوترێـت تووڕەبـوون، کـە هەندێکیـان گوناهـن و هەندێکـی دیکەیـان گونـاە نیـن. بـۆ نموونـە، لـە (مەرقـۆس ٣: ٥)، عیسـا لـە مامۆسـتایانی ئایینـی تـووڕە بـوو کـە حەزیـان نەدەکـرد عیسـا لـە ڕۆژی شـەممەدا چاکـی بکاتـەوە. «(عیسـا) بـە تووڕەییـەوە ئـاوڕی لێیـان دایـەوە، لەبـەر دڵڕەقییـان خەمبـار بـوو». وە عیسـا بـەردەوام ئامـاژەی بـە تووڕەیـی خـودا کـردووە، ئەوجـا ڕاسـتەوخۆ فەرموویەتـی تووڕەیـی خـودا لـە ڕۆژی حوکمدانـدا (یۆحەنـا ٣: ٣٦؛ لۆقـا ٢١: ٢٣)، یـان ناڕاسـتەوخۆ لـە کاتـی پەنـد و نموونەکانـدا (مەتـا ١٨: ٣٤؛ ٢٢: ٧؛ لۆقـا ١٤: ٢١).

فەرهەنگنامـەی سـتاندەری ئینگلیـزی بـەم شـێوەیە پێناسـەی تووڕەیـی دەکات: «هەسـتێکی بەهێـزی ناخـۆش و پێچەوانـە و دژە». هـۆکاری ئـەوەی کـە «هەسـتێکی بەهێـزی ناخـۆش» پێناسـەیەکی ناتـەواوە، ئەوەیـە کـە ناکرێـت خواردنێکـی بێتامـمان بـەلاوە وەکـو تووڕەییەکـی گڕگرتـوو بێـت، هەرچەنـدە لەوانەیـە زۆر ناخۆشـیش بێـت. ئـەو ناخۆشـییە پێکهاتەیەکـی دیکـەی دەوێـت پێـش ئـەوەی کـە ببێتـە تووڕەیـی. ئەگـەر کەسـێک بـەردەوام خوارنـی ناخۆشـمان

دەرخـوارد بـدات، وە ئەگـەر هەسـت بکەیـن کـە ئەنقەسـت ئـەو کارە دەکات، ئـەوا لەوانەیـە تـووڕە ببیـن. تووڕەیـی کـەم تـا زۆر پەیوەنـدی بـە هەسـتێکی زۆر ناخۆشـەوە هەیـە کـە بـە ئەنقەسـت ڕوودەدات، وە هەسـت دەکەیـن کـە نابێـت ڕووبـدات.

بێگومـان هەنـدێ کات لـە حاڵەتـی دیکەشـدا هەڵدەچیـن و تـووڕە دەبیـن. ئەگـەر پێـمان لـە شـتێک هەڵبکەوێـت، لەوانەیـە ئـاوڕ بدەینـەوە بـە تووڕەییـەوە شـەقێک لـەو شـتە بدەیـن. ئەگەر سـەرمان بـەر درگای کەوانتەرێـک بکەوێـت، ئـەوا لەوانەیـە بـە تووڕەییـەوە و لـە حەژمەتـی ئـازاردا بەتونـدی درگاکـە پێـوە بدەیـن. بـەڵام لـە کاتـی ئاسـایی و دڵخۆشـیدا، ئـەو شـتانە بـە کارێکـی گێلانـە و منداڵانـە دەزانیـن. ئێمـە بەشـێوەیەکی سروشـتی هەسـت بـەوە دەکەیـن کـە وای دادەنێـن ئـەو شـتانە بـە ئەنقەسـت بەسـەر ئێمـەدا هاتـوون.

هــەر لەبــەر ئەمەیــە کــە (جۆناتــان ئێــدواردز)ی گەنــج ســوور بــوو لەســەر ئــەوەی کــە لــە بابەتـی بـێ ڕۆح و گیـان تـووڕە نەبێـت. بڕیـاری پازدەیەمـی جۆناتـان دەڵێـت: «بڕیـارم دا کـە بـە هیـچ شـێوەیەک نابێـت هەسـتی تووڕەیـی بەرامبـەر شـتێک دەرببـڕم کـە ڕۆح و گیانـی نییـە».[a] بۆیـە جیـاوازی نێـوان تووڕەیـی و هەسـتە ناخۆشـەکانی دیکـە ئەوەیـە کـە تووڕەیـی هەسـتێکی ناخـۆش لەگـەڵ شـتێکی بـە ئەنقەسـت لەخـۆ دەگرێـت کـە پێـمان وایـە نابێـت ڕووبـدات.

## تووڕەیی عیسا و تووڕەیی ئێمە

ئەگـەر عیسـا کـە مرۆڤێکـی نموونەیـی و بـێ هاوتـا بـوو، بتوانێـت هەسـتی تووڕەیـی خـۆی دەرببڕێـت، ئـەوا بـە مافـی خۆمـان دەزانیـن کـە بۆچـی لـە (مەتـا ٥: ٢٢) دەفەرموێـت: «ئـەوەی لـە خوشـکی یـان براکـەی تـووڕە بـێ، دەبـێ حوکـم بدرێـت». عیسـا کـە مرۆڤێکـی تـەواو و کامـڵ بـوو، قامچییەکـی لـە گوریـس دروسـت کـرد و مێـزی پارەگۆڕەوەکانـی لـە حەوشـەی پەرسـتگادا سـەرەوژێر کـرد (یۆحەنـا ٢: ١٥؛ مەتـا ٢١: ١٢). لـە کەنیشـتدا هەسـتی بـە تووڕەیـی و دڵتەنگـی کـرد (مەرقـۆس ٣: ٥). فەریسـی و مامۆسـتایانی شـەریعەتی بـە «کوڕانـی دۆزەخ» (مەتـا ٢٣: ١٥)، «گێـل و کوێـر» (مەتـا ٢٣: ١٧) ٢ «گـۆڕی سـپیکراو» (مەتـا ٢٣: ٢٧) نـاوزە کـرد.

مـن لـەو بـاوەڕدا نیـم کـە تەنهـا عیسـا بـۆی هەیـە تـووڕە ببێـت، چونکـە کـوڕی خودایـە. کتێبـی پیـرۆز پێداگـری دەکات و ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە (یۆحەنـا ١٠: ٣٥؛ مەتـا ٥: ١٨) کـە پیاوانـی پیـرۆزی خـودا لـە پەیمانـی کـۆن تووڕەییـان تاقـی کردووەتـەوە (دەرچـوون ٣٢: ١٩؛ سـەرژمێری ١٦: ١٥؛ نەحەمیـا ٥: ٦؛ زەبـوورەکان ٤: ٤). پێـم وایـە کـە چارەسـەر ئەوەیـە کـە دەبێـت بزانیـن چ شـتێک وا دەکات تووڕەیـی بـاش بێـت و چ شـتێک وا دەکات خـراپ بێـت. عیسـا یارمەتیـمان

Jonathan Edwards, Memoirs of Jonathan Edwards, A. M., in The Works of Jonathan Edwards, ed. Edward Hickman, 2 vols. (Edinburgh: Banner of Truth, 1974), I:xxi [a]

دەدات کە باش و خراپەکە بەپێی دەقی (مەتا ٥: ٢٢) و بەپێی فەرمایشتەکانی دیکەی خۆی ئەنجام بدەین. با یەکەم بار باسی فەرمایشتەکانی دیکەی بکەین، ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ دەقی (مەتا ٥: ٢٢).

لانی کەم پێنج هۆکار لە فێرکردنەکانی عیسادا دەبینم کە بڕیار دەدەن ئاخۆ تووڕەبوون ڕێ پێدراوە یان نە. دەکرێت بە پێنج کلیلەوشە وەسفیان بکەین. لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر سیانیان: خۆشەویستی، بەش (بڕ) و پاراستنی خودایی. لە بەشی دواتردا باسی بەزەیی و خزمەتکاربوون دەکەین کە پەیوەندییان بە تووڕەییەوە هەیە.

## خۆشەویستی و تووڕەیی

بۆ ئەوەی تووڕەیی مرۆڤ باش بێت، دەبێت ئەو تووڕەییە لە خۆشەویستییەوە بۆ کەسی بەرامبەر سەرچاوەی گرتبێت. عیسا دەفەرموێت: «دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، ... چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە» (مەتا ٥: ٤٤؛ لۆقا ٦: ٢٧- ٢٨). ئەم فەرمان و داوکارییانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر سروشتی تووڕەبوونمان. هەموویان پێمان دەڵێن کە تووڕەیی ڕێگەپێدراو حەز ناکات سەرزەنشت و لۆمەی ئەو کەسە بکات کە توووڕەمان دەکات. ئەگەر بمانەوێت تووڕەبوونمان باش و ڕێگەپێدراو بێت، ئەوا دەبێت بەپێی گوێڕایەڵی داوکاریی پیرۆزکردن و نوێژکردن و ئەنجامدانی کاری باشە بۆ ئەوانەی کە تووڕەمان دەکەن، بەڕێوە ببرێت.

ئەمە ڕێک پێناسەی تووڕەبوون پێکدێنێت. ئەگەر پێمان وابێت کە تووڕەبوون هەمیشە هەستی تۆڵەکردنەوە و سزادان و دوژمنایەتی لەخۆ دەگرێت، کەواتە تووڕەبوونی باش بوونی نییە. بەڵام خەڵکی خودناس تەنها بەو شێوەیە ئەزموونی تووڕەییان نەکردووە. ئەزموونی تووڕەبوونی خودی عیسا پێمان دەڵێت کە تووڕەبوونی دروست و باش بوونی هەیە. بۆیە دەبێت پێناسەی بکەین بۆ ئەوەی خۆشەویستی بەڕێوەی ببات. بە واتایەکی دیکە، دەبێت وای دابنێین کە بە یارمەتی عیسا دەتوانین لە کەسێک تووڕە بین و هاوکات نوێژی بۆ بکەین، بەرەکەتداری بکەین و کاری باشەی لەگەڵ بکەین. بەشێوەیەکی زۆر توند تووڕە دەبین و هەست بە ناخۆشییەکی زۆر دەکەین بەرامبەر ئەو کارەی کە ئەنجامی داوە، تەنانەت لەو دڵە گەندەڵەش تووڕەین کە سەرچاوەی ئەو کارەیە، بەڵام هاوکات ئارەزووی باشەیان بۆ دەخوازین و نوێژی بۆ دەکەین و کاری بۆ دەکەین. ئەو جۆرە تووڕەیە ناکرێت خراپ بێت.

## بەش (بڕ) و تووڕەیی

عیسا فێرمان دەکات کە وەڵامێکی پیرۆز بۆ خراپە دەبێت لەگەڵ پلەی ئاشکرا و ڕوونی

ئاکاردا بگونجێت. بۆ نموونە، لەم نموونەیەی خوارەوەدا، ئامانجی خودای ڕوون کردەوە کە بۆچی هەندێ کەس لە کەسانی دیکە زیاتر سزا دەدات:

«ئەو کۆیلەیەش کە خواستی گەورەکەی دەزانێت، ئامادە نابێت و بە خواستی ئەو ناکات، زۆری لێ دەدرێت. بەڵام ئەوەی نازانێت و کردەوەکەی شایانی لێدانە، ئەوا کەمی لێ دەدرێ. ئەوەی زۆری دراوەتێ داوای زۆری لێ دەکرێت، ئەوەش زۆری لەلا دانراوە داوای زیاتری لێ دەکرێت» (لۆقا ١٢: ٤٧- ٤٨).

یەکێک لە پەند و ئامۆژگارییەکانی ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە ئەگەر سزادان بەپێی ئاستی خراپە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەوا دەبێت تووڕەییش بەپێی خراپە ئاستی جیاوازی هەبێت.

واتە، تووڕەبوونمان نابێت تەنها بەپێی خۆشەویستیمان بۆ لایەنی بەرامبەر بپێورێت، بەڵکو بەپێی جدیبوونی سووکایەتی و هەڵەکەی. ئەگەر تووڕەییمان بەپێی بڕی سووکایەتییەکە بێت، ئەوا تووڕەییەکی باش و دروست نییە. ئەگەر ئەو کاتە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە نابێت لەوە زیاتر تووڕە بین کە سووکایەتییەکە شایانیەتی. ئێمە هەموومان ئەو جۆرە تووڕەییەمان بینیوە کە زیاتر بووە لە ئاستی سووکایەتی و تاوانەکە. باوکێکی تووڕە کە هەڵدەستێت بە لێدانێکی بێ بەزەییانەی منداڵە سێ ساڵانەکەی، نموونەیەکی زۆر ڕوونە بۆ تووڕەییەک کە بەپێی بڕ و بەش هاتووەتە کایەوە.

کەم دەردەکەوێت کە تووڕەبوونێکی زۆر کەمیش دەکرێت هەڵە بێت. تووڕەنەبوون لە کاتی هەبوونی خراپە و هەڵەدا هەمیشە شتێکی خراپ نییە. عیسا بە ڕوونی پێمان دەفەرموێت کە نابێت لە خوشک و براکانمان تووڕە بین (لانی کەم لە هەندێک بارودۆخ و حاڵەتدا)، کەواتە ئەمە دەریدەخات دەبێت حاڵەتی وا بوونی هەبێت کە تێیدا تووڕەیی شتێکی سروشتی بێت بەڵام هێشتا نابێت تووڕە بین. بە زوویی دەزانین کە چۆن شتی وا دەبێت. بەڵام لە ئێستادا دەتوانین بڵێین کە تووڕەنەبوون هۆکاری خراپیشی هەیە وەکو چۆن هۆکاری باشی هەیە. دەکرێت کەسێک نەزانێت و هەست بەوە نەکات کە گوناه یان تاوانێک چەندە خراپ و جدییە، چۆن سووکایەتییە بە خودا، وە ئەو زیانەی کە دەکرێت بۆ خەڵکی دیکەی هەبێت. تووڕەنەبوون لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا هاوتا نییە لەگەڵ خراپی و جدیبوونی خراپەدا و شتێکی باش نییە. واتە، لەو حاڵەتەدا دەبێت تووڕە ببین.

## پاراستن و چاودێریی خودایی و تووڕەیی

یەکێک لە گەورەترین ئەو ڕاستییانەی کە عیسا فێری کردین بۆ ئەوەی لەدەست گوناهی تووڕەیی ڕزگارمان بێت، بریتییە لە ڕاستی ئەوەی کە خودا هەمیشە دەمانپارێزێت و چاودێریمان دەکات - واتە دەسەڵاتی دانایانە و پڕ لە هێز و توانای خودا لەپێناو چاکە و

باشـەی ڕۆڵەکانـی. هەڵچـوون و ئاسـتی تووڕەییمان دەبێت لـە لایـەن متمانەکـردن بـە خـوداوە بەڕێـوە ببرێـت. خـودا بەسـەر ئـەو خراپەیـەدا حوکـم دەدات کـە تووڕەمـان دەکات و ڕێگـە نـادات هیـچ شـتێک بەسـەرماندا بکەوێـت کـە لـە کۆتاییـدا سـوودی بۆمـان نییـە.

ئـەو تووڕەیـی و هەڵچوونـەی کـە دەکرێـت لەنێـو دڵمانـدا هەڵقوڵێـت لـە کاتـی هەڵسـوکەوتی خـراپ و نادادپەروەرانـە بەرامبەرمـان یـان کاتێـک کەسـێکی خۆشەویسـت و ئازیزمـان زۆر دڵڕەقانـە ئـازار دەدرێـت، شـتێکی زۆر سروشـتی و بەهێـز دەبێـت. کاتێـک کـە ڕووبـەڕووی ئـەم جـۆرە مەترسـییانە دەبینـەوە، عیسـا لەگـەڵ ترسـدا دەدوێـت نـەک تووڕەییـمان. بـەڵام ئاکامەکانـی تووڕەیـی ڕوون و ئاشـکران. عیسـا دەفەرموێـت: «لەوانـە مەترسـن کـە جەسـتە دەکـوژن، بـەڵام ناتوانـن گیـان بکـوژن، بەڵکـو لـەوە بترسـن کـە دەتوانـێ جەسـتە و گیـان بـە یەکـەوە لـە دۆزەخدا لەناوبەرێـت. ئایـا دوو چۆلەکـە بـە فلسـێک نافرۆشرێـت؟ کەچـی هیـچ یەکێکیـان بەبـێ خواسـتی باوکتـان ناکەوێتـە سـەر زەوی. ئێـوە تەنانـەت مـووی سەریشـتان هەمـووی ژمێـردراوە. کەواتـە مەترسـن، ئێـوە زۆر لـە چۆلەکـە بەنرخـترن» (مەتـا ١٠: ٢٨- ٣١).

یەکـەم، مەبەسـتەکە ئەوەیـە کـە وردتریـن شـت لەسـەر ئـەم زەوییـە لـە لایـەن خـوداوە بەڕێـوە دەبردرێـت - هیـچ باڵندەیـەک بەبـێ ویسـتی خـودا ناکەوێتـە سـەر زەوی. وە خاڵـی دووەم ئەوەیـە کـە خـودا نزیکـە، وە بەتـەواوی لەگـەڵ بارودۆخـی ئێمـە تێـدەگات - تەنانـەت مووەکانـی سـەرت ژمێـردراوە. دەرەنجـام: هیـچ شـتێکت بەسـەر نایـەت بەبـێ ویسـت و خواسـتی چاودێـری دانایانـە و خۆشەویسـتی خـودا لەسـەر حاڵـەت و بارودۆخەکانـی ژیانـت. مەترسـە. هەروەهـا بـە جۆرێـک تـووڕە مەبـە کـە دژی ئـەو متمانەیـە بوەسـتێتەوە کـە بـە خـودا هەتـە. پاراسـتن و چاودێـریـی خودایـی دەبێـت شـێوازی ئەزموونکردنـی بارودۆخەکانمـان بگۆڕێـت، ئەگینا

کاتێـک عیسـا باسـی ئـەوەی کـرد کە لـە داهاتـوودا چـی بەسـەر قوتابییەکانیـدا دێـت، فەرمووی: «تەنانـەت دایـک و بـاوک و بـرا، خـزم و هاوڕێیانیـش بـە گرتنتـان دەدەن، لێتـان دەکـوژن. لەبـەر نـاوی مـن هەمـووان ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە. بـەڵام موویێکـی سـەرتان نافەوتێـت» (لۆقـا ٢١: ١٦- ١٨). لێـرەدا دیسـان لـەوە دڵنیـا دەکرێینـەوە کـە ئەگـەر تەنانـەت لەپێنـاو مەسـیحدا بکوژرێیـن، («هەندێکتـان دەکوژرێـن»)، ئـەوا هـەر پارێـزراو دەبیـن - «موویێکـی سـەرتان نافەوتێـت». پاراسـتن و چاودێـریـی خودایـی هەمـوو ئـەو خراپانـە جڵەوگیـر دەکات کـە دژی ئێمە دەوەسـتنەوە بـۆ ئـەوەی ئامانجـە باشـەکانی بێنـە دی. ئەمـە کاریگـەری لەسـەر شـێوازی تووڕەبوونمـان دەبێـت. کارە خراپەکـە ئەنجـام دراوە، بـەڵام قسـەی کۆتایـی لای ئـەو نییـە، وە تەنانـەت لـە کۆتاییـدا ئـەو خراپەیـە خزمەتـی کارە شـاراوەکانی خـودا دەکات. لەوانەیـە تووڕەبـوون هـەر لـە ئـارادا بێـت، بـەڵام تاڵـی و پێـوەدان و دوژمنایەتییەکـەی لەڕێگـەی ئـەم متمانەیـەوە لەنـاو دەچێـت.

## دڵخۆشبوون لە کاتی چەوسانەوەدا

یەکێـک لـە ڕوونتریـن ئـەو نموونانـەی کـە چـۆن چاودێریـی خودایـی زاڵ دەبێـت بەسـەر کاریگەرییەکانـی تووڕەییـدا بریتییـە لـەو فەرمانـەی عیسـا کە دەفەرموێـت لە کاتی چەوسـانەوەی نادادپەروەرانـەدا دڵخـۆش و شـاد بـن. دەفەرموێـت: «خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە کاتێـک خەڵکـی جنێوتـان پێـدەدەن و دەتانچەوسـێننەوە، لەبـەر مـن هەمـوو جـۆرە بوختانێکتـان بـۆ هەڵدەبەسـتن. دڵخـۆش و شـادمان بـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە، چونکـە پێـش ئێـوە پێغەمبەرانیشـیان ئـاوا چەوسـاندووەتەوە» (مەتـا ٥: ١١- ١٢). هەندێـک شـت بـە شـێوەیەکی ئاسـایی زیاتـر لـە هەڵسـوکەوتێکی نادادپەروەرانـەی لـەم شـێوەیە تووڕەترمـان دەکات. ئێمـە نـە تەنهـا بـەم چەوسـانەوەیە ئـازار دەچێژیـن، بـەڵام عیسـا پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە خـراپ و هەڵەیـە. ئـەم هۆکارانـە دەبنـە هـۆی تووڕەبوونمـان.

بـەڵام عیسـا بەتـەواوی ئەزموونـی ئاسـایی تووڕەیـی دەگۆڕێـت. عیسـای مەسـیح لـە جێگـەی ئـەوەی کـە بڵێـت: «هـەوڵ بـدە بەشـێوەیەکی ڕێگەپێـدراو و دروسـت تـووڕە بیـت»، یـان «هـەوڵ بـدە دەسـت بەسـەر تووڕەییتـدا بگریـت»، عیسـا جوانتریـن و خۆشـترین شـت دەفەرموێـت: «دڵخـۆش و شـادمان بـن». ئـەو وشـانەی کـە لـە (لۆقا ٦: ٢٣) بەکارهاتـووە، هـەر زۆر سەرسـوڕهێنەرترە. عیسـا دەفەرموێـت: «لـەو ڕۆژەدا دڵخـۆش بـن و لـە خۆشـیدا هەڵپـەڕن». تووڕەیـی لـە کاتـی چەوسـانەوەدا ناکرێـت لـە لایـەن ئـەم داواکارییـەوە کاری تـێ نەکرێـت. تووڕەیـی و هەڵچوونمـان لەکاتـی هەڵسـوکەوتێکی نادادپەروەرانـەدا ناکرێـت گۆڕانـکاری بەسـەردا نەیـەت ئەگـەر بەهـۆی هەمـان هەڵسـوکەوتەوە دڵخۆشـی و شـادیمان دەربڕیـن.

دڵخۆشـبوون واتـای ئـەوە ناگەیەنێـت کـە ئێمـە ئـەو هەڵسـوکەوت و ئـاکارە نادروسـتەمان بـەلاوە پەسـەندە. هەروەهـا مانـای ئـەوە نییـە کـە ئێمـە چیـتر بـە کارێکـی نەگونجـاو و نادادپـەروەری نازانیـن. وە بـە شـیمانەیەکی زیـاد، دەتوانـم بڵێـم کـە واتـای ئـەوەش ناگەیەنێـک کـە هیـچ تووڕەییـەک لـە ئـارادا نییـە. هەندێـک جـۆری تووڕەبوونـی پیـرۆز دەکرێـت لـەڕووی سـۆزدارییەوە هاوتـای خۆشـی و شـادمانی بێـت. لـە ڕێگـەی فێرکـردن و پەنـد و ئامۆژگارییەکانـی عیسـا دەربـارەی خـودا، دەزانیـن کـە خـودا هـاوکات ئەزموونـی خۆشـی و تووڕەیـی دەکات، چونکـە هـاوکات زۆر بەجوانـی و تـەواوی کاردانـەوەی دەبێـت بەرامبـەر هەمـوو خراپە و باشـەیە.

دەتوانیـن لـە کاتـی چەوسـانەوەدا دڵخـۆش و شـادمان بیـن، چونکـە خـودا چاودێریـمان دەکات و ئـاگای لێمانـە. تاڵێـک مـووت لەنـاو ناچێـت (کاتێـک دەتکـوژن). باڵندەیـەک (یـان لێدانێکـی پـڕ لـە ڕق و کینـە لـە سـەرت) بەبـێ ویسـتی بـاوک ڕوونـادات. چاودێریـی خودایـی ئازارەکانـت بەڕێـوە دەبـات. وە لـە کۆتاییـدا «پاداشـتەکانت لـە ئاسـمان مـەزن دەبێـت». وەڵامـی عیسـا بەرامبـەر ئـەوەی کـە بۆچـی خـۆش و شـادی لـە جێگـەی تووڕەیـی دەتوانێـت دەسـت بەسـەر

ئەزموونـی چەوسـانەوەماندا بگرێـت: «دڵخـۆش و شـادمان بـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە» (مەتـا ٥: ١٢). کەواتـە، تووڕەیـی بـاش و دروسـت بـە بـاوەڕ بـە خودایەیەکی دانـا و بەهێـز و پـڕ لـە بەزەیـی بەڕێـوە دەبردرێـت.

# داواکاریی نۆزدەیەم

## تووڕە مەبە - بەزەیی و لێخۆشبوون لە ئامێز بگرە

«گەورەم، دەبێ چەند جار گەردنی براکەم ئازاد بکەم کە خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟ عیساش پێی فەرموو: من پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار!» (مەتا ١٨: ٢١- ٢٢)

«ئەی دووڕوو، یەکەم جار کاریتەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت.» (مەتا ٧: ٥)

### بەزەیی و تووڕەیی

تەنها دابینکردن و چاودێری خودایی تووڕەیی بەڕێوە نابات کە بەهۆیەوە خودا دڵنیایی گرنگیدانی ئێستا و پاداشتی داهاتوون بۆ مسۆگەر دەکات (وەکو چۆن لە بەشی پێشتردا باسمان کرد)، هەروەها بیرەوەری لە دڵدا شیرینی ئەوەی کە لێخۆشبوونی گوناهەکانمان بەهۆی بەزەییەکی لە ڕادە بەدەر زۆر و فراوانەوە بەدەستهاتووە. عیسا فێرمان دەکات کە ئەگەر لە کاتی ژیانی ڕۆژانەماندا ئاگاداری ئەوە بین کە ئێمە تاوانبارگەرلێکی بەخشراوین (ئێمە تاوانبارین لەبەر ئەو سووکایەتییەی بە شکۆی خودامان کردووە)، ئەوا هێز و دەسەڵاتی تووڕەیی نادادپەروەر لە ژیانماندا دەشکێنرێت و لەناو دەچێت. عیسا ئەمەی ڕوون کردەوە کاتێک کە قوتابییەکانی لێیان پرسی کە ئاخۆ دەبێت چەند جار لە خەڵکی خۆش بن.

قوتابییەکانی عیسا ئاگاداری ئەوەن کە چەندە ناخۆشە کەسێک نەک جارێک بەڵکو چەندین جار خراپەت بەرامبەر بکات. هەندێ شت هەن کە تووڕەترمان دەکەن. بۆیە پەترۆسی قوتابی، بە عیسای گوت: «گەورەم، دەبێ چەند جار گەردنی براکەم ئازاد بکەم کە خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟ عیساش پێی فەرموو: من پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار! (مەتا ١٨: ٢١- ٢٢). ئەم پرسیارە هاوار دەکات و دەڵێت ئاخر چۆن دەبێت کەسێک سەدان جار ئازارت بدات، ئینجا هەر بیبەخشیت؟

عیسا بە نموونە و پەندێک دەربارەی شانشینی ئاسمان وەڵام دەداتەوە کە نیشانی دەدات چۆن شانشینی ئاسمان لە نزیکەوە پەیوەستە بە هێزی بەخشینەوە. عیسا بە پەترۆس و ئەوانەی دیکەی فەرموو کە گوێیان لە دەنگی دەبوو: «لەبەر ئەوە پاشایەتی ئاسمان لە پاشایەک دەچێت ویستی حیساب لەگەڵ خزمەتکارەکانی بکات» (مەتا ١٨: ٢٣). زۆر گرنگە

کـه عیسـا ئـەم نموونەیـە وەکـو بەراوردێـک لەگـەڵ شانشـینی ئاسـمانی نـاوزەدی دەکات. واتـە، سـەرکەوتن بەسـەر تووڕەییـدا لـە ڕێگـەی لێخۆشـبوون و بەخشـینەوە بەشـێکە لـە حوکمڕانـی و شانشـینی خـودا لـە ژیانـی گەلەکەیـدا. لێخۆشـبوون تەنهـا تەکنیکێکـی دەروونـی نییـە بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ پەیوەندییەکانـی مرۆڤـدا، بەڵکـو ئیشـی خودایـە و بەرهەمـی لێخۆشـبوونە کـە عیسـا بـە خوێنـی خـۆی دەسـتەبەری کـردووە (مەتـا ٢٦: ٢٨).

## چۆن ئێمە حەفتا کەرەت حەوت جار لە بەرامبەرەکەمان خۆش بین

یەکێـک لـە پەنـدەکان دەڵێـت کـە پاشـا خزمەتکارێکـی هەبـوو بـڕی دە هـەزار تاڵنـت قـەرزاری پاشـاکەی بـوو (مەتـا ١٨: ٢٤). «زەبەڵاحیـی ئـەم بـڕە لـە ڕێگـەی ئـەو ڕاسـتییەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە خـودی پاشـا هێـرۆدس سـاڵی ٩٠٠ تاڵنتـی وەردەگـرت. وە خاکـی جەلیـل و پەرییـە (خاکـی ئەوبـەری ئـوردون) لـە سـاڵی چـواری پێـش زاییـن ٢٠٠ تاڵنـت باجیـان دابـوو».[a] بۆیـە وا دیـارە کـە ئـەم بـڕە زیادەڕەوییەکـی تێـدا کـراوە یاخـود ئـەم خزمەتـکارە بەرپرسـێکی بـاڵا بـووە و ئەوەنـدە خەڵکـی ناسـیوە کـە بتوانێـت بـە درێژایـی چەندیـن سـاڵ ئـەو هەمـووە پارەیـە لـە خەزێنـەی پاشـا ببـات. هـەر چۆنێـک بێـت، لێـرەدا عیسـا ئامـاژە بـە زۆریـی بـڕی قەرزەکـە دەکات.

پاشـا هەڕەشـەی لـێ کـرد کـە خـۆی و خێزانەکـەی دەفرۆشـێت. «لەبـەر ئـەوە خزمەتکارەکـە لەبەردەمـی چۆکـی دادا و گوتـی: لەسـەرم ڕابوەسـتە، هەمـووت دەدەمـەوە. گـەورەی ئـەو خزمەتـکارە دڵـی پێـی سـووتا، ئـازادی کـرد و لـە قەرزەکـە خۆشـبوو» (مەتـا ١٨: ٢٦- ٢٧). ئەگـەر زۆریـی بـڕی پارەکـە لەبەرچـاو بگریـن، ئـەم لێخۆشـبوونە زۆر دەگمـەن و مەزنـە. ڕێـک مەبەسـتی سـەرەکی عیسـاش ئەوەیـە. عیسـا دەیەوێـت پێمـان بڵێـت کـە گونـاە وەکـو ئـەو پارەیـە زۆرە و لـە ژمـاردن نایـەت. ئێمـە هەرگیـز ناتوانیـن ئـەو قـەرزە بە خـودا بدەینـەوە. هەرگیـز ناتوانین حیسـاب و کتـاب لەگـەڵ خـودا بکەیـن. هیـچ بـڕە تۆبـە و کارێکـی بـاش و داوای بەخشـینێک ناتوانێـت ئـەو قـەرزی ئـەو سـووکایەتییە بداتـەوە کـە ئێمـە بەهـۆی گوناهەکانمانـەوە بـە خودامـان کـردووە.

عیسـا ئامـاژە بـە سوپاسـگوزاری یـان سەرسـامبوونی خزمەتکارەکـە نـاکات، بەڵکـو زۆر بـە سـادەیی ڕووداوێکـی باوەڕپێنەکراومـان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە دوای ئـەوە ڕوودەدات: «ئـەم خزمەتـکارە ڕۆیشـت، خزمەتکارێکـی هـاوکاری خـۆی بینـی کـە سـەد دینـار قـەرزاری بـوو، ملـی گـرت و گوتـی: ئـەوەی بەسـەرتەوەیە بمدەرەوە! خزمەتـکارە هاوکارەکـەی لەبەرپێـی چۆکـی دادا و لێـی پاڕایـەوە: لەسـەرم ڕابوەسـتە، دەتدەمـەوە. بـەڵام ڕازی نەبـوو، چـوو فڕێیدایـە زیندانـەوە، هەتـا قەرزەکـەی بداتـەوە» (مەتـا ١٨: ٢٨- ٣٠). واتـە، ئەزموونـی لێخۆشـبوونی لـە لایـەن پاشـاوە نەبـووە هـۆی گۆڕینـی تووڕەییەکـەی. خزمەتـکارە هاوکارەکـەی گـرت و فڕێـی دایـە زیندانـەوە.

---

Walter Grundman, Das Evangelium Nach Matthäus (Berlin: Evangelische Verlagsanstalt,1968), 423 a

پاشـاکە ئـەو ڕووداوەی بیسـت و تـووڕە بـوو (مافـی تووڕەبوونـی هەبـوو) (مەتـا ١٨: ٣٤). بـە خزمەتکارەکـەی گـوت: «گەورەکـە خزمەتکارەکـەی بانـگ کـرد و پێـی گـوت: خزمەتـکاری بـەدکار، لـە هەمـوو ئـەو قـەرزە خۆشـبووم، چونکـە لێـم پاڕایتـەوە. ئایا نەدەبـوو تـۆش بەزەییت بـە خزمەتـکارە هاوکارەکەتـدا بێتـەوە، هـەروەک چـۆن مـن بەزەییـم پێتـدا هاتـەوە» (مەتـا ١٨: ٣٢- ٣٣). دەرەنجامـی ئـەم پەنـدە ڕێـک تیشـک دەخاتـە سـەر بابەتـی سـەرەکی تووڕەیـی و لێخۆشـبوون. عیسـا دەفەرموێـت: «باوکـی ئاسمانیشـم واتـان لێـدەکات، ئەگـەر هەریەکەتـان لـە دڵـەوە گەردنـی خوشـکی یـان براکـەی ئـازاد نـەکات» (مەتـا ١٨: ٣٥).

مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم پەنـد و نموونەیـە ئەوەیـە کـە خـودا هیـچ لەسـەری فـەرز نییـە لـە کەسـێک خـۆش بێـت کـە ئیدعـای ئـەوە دەکات شـوێنکەوتووی عیسـایە لـە کاتێکـدا دیاریـی لێخۆشـبوونی وەکـو خـۆی وەرنەگرتبێـت کـە بـێ ئەنـدازە بـە نرخـە، سەرسـوڕهێنەرە، شـایانی نین، دڵـمان بێفیـز دەکات و بەزەیـی بەخەبـەر دێنێتـەوە. ئەگـەر بڵێیـن کـە عیسـا لێـمان خۆشـبووە بـەڵام هیـچ تامێکـی ئـەو لێخۆشـبوونە لـە دڵمانـدا بەرامبـەر خەڵکـی نەبێـت، ئـەوا لێخۆشـبوونی خـودا لـە دڵمانـدا نییـە (بـەراوردی بکـە بـە مەتـا ٦: ١٤- ١٥؛ مەرقـۆس ١١: ٢٥).

بیـرت بێـت کـە ئـەم پەنـدە لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئـەوە گوتـراوە کـە یارمەتـی پەتـرۆس بـدات حەفتا کـەرەت حـەوت جـار لـە بەرامبەرەکـەی خـۆش بێـت (مەتـا ١٨: ٢٢). واتـە، بـۆ ئـەوەش گوتـراوە کـە یارمەتیـمان بـدات ڕووبـەڕووی ئـەو تووڕەییـە ببینـەوە بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە دڵمانـدا هەڵدەگیرسـێت کاتێـک کەسـێک بـۆ چەندیـن جـار ئازارمـان دەدات. عیسـا دەفەرموێـت کـە چارەسـەرەکە ئەوەیـە کـە بـەردەم ئاگایـی ئەوەمـان هەبێـت کـە خـوا ئێمـەی لـە قەرزێـک ڕزگار کـردووە کـە لـە هەمـوو ئـەو سـەختی و ناخۆشـییانە زیاتـرە کـە هەتاهەتایـە بەرامبەرمـان ئەنجام دەدرێـت. یـان دەتوانیـن بـەم جـۆرەش بڵێیـن: دەبێـت بـە سەرسـامییەوە ئـاگاداری ئـەوە بیـن کـە تووڕەیـی خـودا بەرامبەرمـان لابـراوە، هەرچەنـدە زیاتـر لـە حەفتـا کـەرەت حـەوت جـار گوناهـمان بەرامبـەری ئەنجـام داوە. کاریگـەری ئـەم ئاگاییـە خۆشـییەکی شـکاو و جـوان و نـەرم و نیانـە. وە ئـەم خۆشـییە دڵشـکاوە تووڕەییەکەمـان بەڕێـوە دەبـات. تاکـە تووڕەییەکـی بـاش ئـەو تووڕەییەیـە کـە ئـەم دڵـە بێفیـزە پێکـی دەهێنێـت.

## «یەکەم جار کاریتەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە»

عیسـا لـە یەکێـک لـە نموونەکانـی دیکەیـدا پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە بەزەیـی بـە جۆرێـک هێناوەتـە ئـاراوە کـە ئەزموونـی تووڕەییـمان بەڕێـوە بـات و دەسـتی بەسـەردا بگرێـت. یەکێـک لـە ڕێگەکانـی خۆنیشـاندانی تووڕەیـی بریتییـە لـە حوکمدانـی کەسـانی دیکە. عیسـا لـەم بارەیـەوە داواکارییەکـی لێـمان هەیـە:

«خەڵکی تاوانبار مەکەن تاکو خودا تاوانبارتان نەکات، چونکە بەو شێوەیەی خەڵک تاوانبار دەکەن خودا تاوانبارتان دەکات، بەو پێوانەیەی ئێوە بۆ خەڵک دەیپێون، خودا بۆتان دەپێوێتەوە. بۆچی سەرنج لە پووشی ناو چاوی براکەت دەدەیت، بەڵام ئاگات لە کاریتەکەی ناو چاوی خۆت نییە؟ یان، چۆن بە براکەت دەڵێی: ڕێم بدە با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم، لەکاتێکدا کاریتەیەک لەناو چاوی خۆتدایە؟ ئەی دووڕوو، یەکەم جار کاریتەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت» (مەتا ٧: ١- ٥).

داواکاریی حوکم نەدان وەکو داواکاریی تووڕەنەبوون ڕوون و ئاشکرایە. «خەڵکی تاوانبار مەکەن تاکو خوا تاوانبارتان نەکات». بەڵام ئەوەی کە لەدوای ئەم داواکارییەوە دێت دەریدەخات کە جۆرێک لە حوکمدان هەیە باشە و جۆرێکی دیکە هەیە پێویست و باشە - وەکو چۆن تووڕەیی باش و خراپمان هەیە. کاتێک عیسا دەفەرموێت: «یەکەم جار کاریتەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت»، عیسا نیشانی دەدات کە پێویستە ئاماژە بە پووشی ناوچاوی براکەت بدەیت. ئەوەی کە ئەم جۆرە حوکمدانە پڕ لە گرنگی و چارەسەر و خۆشەویستییە دەگۆڕێت بۆ ئەو جۆرە حوکمدانەی کە عیسا قەدەغەی دەکات، بریتییە لە نەبوونی کاریتەکەی ناوچاوی خۆت.

ئەمەش وەکو ئەو خزمەتکارە وایە کە ئاگای لە بەخشینی قەرزە کاریتەئاساکەی نەبوو (دە هەزار تاڵنت)، بۆ ئەوەی بتوانێت لە قەرزە پووش ئاساکەی برا خزمەتکارەکەی خۆش بێت (سەد دینار). عیسا وای داناوە کە کاتێک ئێمە کاریتە لە چاوی خۆماندا دەبینین، دەزانین چۆن لایببەین - واتە، دەزانین چۆن لێخۆشبوون و یارمەتی لە عیسای مەسیح وەربگرین. ئەگەر نا، ناتوانین پووش لە چاوی برا و خوشکەکانمان دەربهێنین کە نەشتەرگەرییەکی زۆر هەستیارە. ئەگەر کاریتە چاوتدا بێت، ئەوا ناتوانیت نەشتگەرییەکی پر لە خۆشەویستی و هەستیار بۆ چاوی بەرامبەرەکەت ئەنجام بدەیت.

کەواتە، مەبەستی وشەکانی عیسا دەربارەی حوکمدان ئەوەیە کە نیشانمان بدات چۆن دەتوانین تووڕەیی حوکمدان بشکێنین. بە دڵێکی شکاو دەتوانین بیشکێنین. ئێمە ئاگامان لەوەیە کە چەندە گوناهبارین و دەزانین کە تەنها بەزەیی عیسا دەتوانێت لە ڕێگەی لێخۆشبوون و چاکبوونەوەوە کاریتەکە لە چاومان دەربهێنێت. ئەم وریایی و ئاگادارییە حوکمدانێکی تووڕە دەگۆڕێت بۆ پشوودرێژی و ڕاستکردنەوەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و هەستیار. تووڕەبوونی ڕێگەپێدراو لەوانەیە بمێنێتەوە چونکە دڵخۆش نین کە پووشی ناوچاو ئازاری ئەو کەسانە دەدات کە خۆشمان دەوێن. بەڵام ئەو تووڕەییە، تووڕەیی حوکمدان نییە. تووڕەیی باش ئەزموونی خۆشەویستی بەڕێوەی دەبات.

## خزمەتکاریی و تووڕەیی

ئێمە نە تەنها ئەو کاتانە تووڕە دەبین کە بەردەوام ئازار دەدرێین، بەڵکو ئەو کاتەش کە کەسانی دیکە پێمان دەڵێن چی بکەین و چی نەکەین، بە تایبەتی ئەگەر نەمانەوێت ئەو کارە ئەنجام بدەین. ئەم جۆرە تووڕەییە بە گشتی لەو جۆرە شانازییەدا ڕەگی داکوتاوە کە هەست بە هیچ ئەرکێک یان خۆشییەک لە خزمەتکاربووندا ناکات. بەڵام هەموو ئەوەی کە عیسا لەبارەی خزمەتکردنی کەسانی دیکەوە دەیڵێت وا دەکات بە جۆرێکی دیکە خزمەتکاربوون تاقی بکەینەوە (بەراوردی بکە بە داواکاریی حەڤدەیەم). یەکێک لە مەرجەکانی بوون بە قوتابیی عیسا ئەوەیە کە ئامادەیی ئەوەت تێدا بێت نکۆڵی لە خۆت بکەیت و خاچەکەت هەڵبگریت. «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت» (مەتا ١٦: ٢٤).

عیسا لەپێناو کەسانی دیکەدا چووە سەر خاچ. ئێستا بانگمان دەکات کە لەگەڵ ئەو بڕۆین، وە ئەگەر پێویست بکات لەپێناو کەسانی دیکەدا بمرین. ئەم ئامادەیی ئازارچەشتنە وەکو بەشێک لە شوێنکەوتنی عیسا وا دەکات ڕۆحی خزمەتکاریی بڵند ببێتەوە کە لە کاتی داوکاری و فەرماندا تووڕە نابێت. عیسا دەستەواژەیەکی زۆر جوانی لە وەسفی ئەمەدا بەکارهێنا: «بەندەی هەمووتان». «ئەوەش کە دەیەوێ لەنێوتاندا ببێتە یەکەم، با ببێتە بەندەی هەمووتان، چونکە کوڕی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر» (مەرقۆس ١٠: ٤٤- ٤٥).

عیسا مەبەستی ئەوە نییە کە شوێنکەوتنی ئەو کارێکی دژوار و ناخۆشە. «ئەم شتانەم پێ گوتن تاکو خۆشیی منتان تێدابێت و خۆشیتان پڕ و تەواو بێت» (یۆحەنا ١٥: ١١). مارتن لوتەر ڕۆحی خۆشیی «خزمەتکاری» مەسیحی چەشتبوو، کاتێک لە ساڵی ١٥٢٠ دەڵێت: «تاکی باوەڕدار ئازادترین کەسە و سەربە هیچ کەسێک نییە؛ تاکی باوەڕدار بە ئەرکترین خزمەتکارە و سەربە هەموو کەسێکە».[a] ئێمە خاوەنی خۆمان نین؛ بەڵکو هی مەسیحین. هەر فەرمانێکمان پێ بدات، جێبەجێی دەکەین - نەوەک پێمان بڵێت: «بۆچی بە "پەروەردگارم، پەروەردگارم!" ناوم دەبەیت، کەچی ئەوەی دەیفەرمووم کاری پێ ناکەیت؟» (لۆقا ٦: ٤٦).

ئەم ڕۆحی ملکەچییە ئەزموونی تووڕەیی دەگۆڕێت. وەکو «بەندەی هەمووان» ئەو ئەزموون و حاڵەتە دەروونییەی کە دەمانبێت کاتێک پێویستە لەسەرمان ئەو کارانە بکەین کە پلان و بەرنامەمان بۆی دانەناوە، هەمان شت نابێت ئەگەر بێتو گەورەی هەمووان بین. لەپێناو عیسادا، خزمەتکار دڵشادە کاتێ کە خزمەتی کەسانی دیکە دەکات. لەگەڵ گەورەکەیدا دەڵێت: «خواردنی من ئەوەیە خواستی ئەوە ئەنجام بدەم کە ناردوومی و

a Martin Luther, “The Freedom of a Christian,” in Three Treatises Philadelphia: Fortress, 1960), 277

کارەکەی تەواو بکەم» (یۆحەنا ٤: ٣٤). ئێمە بۆ خزمەتکردن نێردراوین. تووڕەیی باش ئەو ڕازیبوونە بەڕێوەی دەبات کە عیسا لە کاتی خزمەتیکردنی کەسانی دیکەدا دەیبەخشێت، تەنانەت ئەگەر شایانیشی نەبن.

## عیسا ڕێگە بە چ جۆرە تووڕەییەک نادات

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەو جۆرە تووڕەییەی کە عیسا قەدەغەی کردووە. «بیستووتانە بە پێشینان گوتراوە: [مەکوژن] و "ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردادان دەبێت." بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی لە خوشکی یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی بە براکەی بڵێ "هیچوپووچ،" دەبێت بدرێتە ئەنجومەنی باڵای جولەکە، ئەوەش بڵێت "گێلە"، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە» (مەتا ٥: ٢١- ٢٢). بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوەی کە بینیمان، دەتوانین بڵێین کە ئەو تووڕەییەی عیسا قەدەغەی دەکات، بریتییە لەو تووڕەییەی کە بەرەو کوشتنمان دەبات. واتە، بە سەختی فەرمانی خۆ دوورخستنەوە لە کوشتن دەدات. عیسا ڕوونی دەکاتەوە کە نە تەنها کاری کوشتنەکە، بەڵکو ئەو هەستەی کە لە پشت ئەو کارەوە خۆی حەشار داوە پێویستی بە حوکمدانە. بە جۆرێکی دیکە، هەموو جۆرە تووڕەییەک قەدەغە ناکات، بەڵکو ئەوانەی کە بەرەو کوشتنی بەرامبەرەکەت دەبەن.

عیسا لە ڕێگەی دوو ڕوونکردنەوەی دواترەوە، زیاتر تیشک دەخاتە سەر هۆکاری قەدەغەبوونەکە: «ئەوەی لە خوشکی یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی بە براکەی بڵێ "هیچوپووچ،" دەبێت بدرێتە ئەنجومەنی باڵای جولەکە، ئەوەش بڵێت "گێلە"، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە» (مەتا ٥: ٢٢). ئەمانە ئاماژە بە کاری دەرەکی دەکەن، نەک تەنها تووڕەیی ناخ و دەروون. بۆیە ئەو جۆرە تووڕەییە دەردەخەن کە عیسا مەبەستیەتی. ئەو جۆرە تووڕەییەی کە عیسا قەدەغەی دەکات، بریتییە لە هەستێکی توند و تاڵ و ناخۆش کە سووکایەتی و دوژمنایەتی و ڕق لەخۆ دەگرێت و خۆی لە کوشتن و ناوناتی ئازاربەخشدا دەبینێتەوە. هەموو جۆرە تووڕەییەکی لەو بابەتە قەدەغەیە. بەڵام بەپێی ئەو ئایەتە، دەتوانم بڵێم کە عیسا دژی هەموو جۆرە تووڕەییەک نییە، بەڵام تووڕەیی خۆی (مەرقۆس ٣: ٥). هەموو فێرکردنەکانی دیکەی عیسا یارمەتیمان دەدەن لە جیاکردنەوەی تووڕەیی دروست و نادروست، بەتایبەتی ئەو فێرکردنانەی کە ئێمە باسمان کردن لەژێر ناونیشانەکانی خۆشەویستی، بەش و چاودێریی خودایی، بەزەیی و خزمەتکاربوون.

## مێو سەرچاوەی دامرکانەوەی هێزی تووڕەییە

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە باسمان کردن، داواکاریی تووڕەنەبوون، داواکارییەکی توند و سەختە. ڕووبەڕوومان دەکاتەوە لەگەڵ مەحاڵبوونی خۆڕزگارکردن. ئەم داواکارییەی عیسا

شـتێک نییـە کـە بتوانیـن بـە هێـز و توانـای خۆمـان ئەنجامـی بدەیـن. تووڕەبـوون بـژاردە نییـە، بەڵکـو بەرهەمـی لقـی ژیانمانـە. ئێسـتا پرسـیارەکە ئەمەیـە: ئایـا سـەربە چ مێوێکیـن؟ وە بەرهەمی کـێ دەگریـن؟ کەواتـە داواکاریـی عیسـا بـۆ تووڕەنەبوونمـان، هـاوکات داواکاریـی ئەوەیـە کـە وەکـو مێـوی خۆمـان پێـوەی پەیوەسـت بیـن. «منـم مێوەکـە و ئێـوەش لقەکانـن. ئـەوەی بـە منـەوە پەیوەسـت بێـت و منیـش بـەوەوە، ئـەوا بەرهەمـی زۆر دەگرێـت، چونکـە بەبـێ مـن ناتوانـن هیـچ شـتێک بکـەن» (یۆحەنـا ١٥: ٥).

# داواکاریی بیستەم

## ویست و خواستی باوکم جێبەجێ بکە کە لە ئاسمانە - بە متمانەکردن بە عیسا بێگوناه دەبیت

«نەک هەرکەسێک پێم بڵێت: "پەروەردگارم، پەروەردگارم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی خواستی باوکم ئەنجام دەدات کە لە ئاسمانە.» (مەتا ٧: ٢١)

«عیسا وەڵامی دایەوە: «بۆچی لەبارەی چاکەوە پرسیارم لێ دەکەیت؟ تەنها یەکێک چاکە. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو ژیانەوە، ڕاسپاردەکان بەجێبگەیەنە.» (مەتا ١٩: ١٧)

«بەڵام باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیگوت: "ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە." «پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان کرابوو، پێچەوانەی ئەوی دیکە، چونکە ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.»» (لوقا ١٨: ١٣- ١٤)

### پەیڕەوکردنی یاسا و شەریعەت، بەس نییە

پیاوێکی دەوڵەمەند لە عیسای پرسی: «مامۆستای باش، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم؟» (مەرقۆس ١٠: ١٧). عیسا بە دوو هەنگاو وەڵامی دایەوە: یەکەم، فەرمووی: «ڕاسپاردەکان دەزانیت: [مەکوژە، داوێنپیسی مەکە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، قۆڵبڕی مەکە، ڕێزی دایک و باوکت بگرە.]»» (مەرقۆس ١٠: ١٩). واتە، ژیانی هەتاهەتایی بە جێبەجێکردنی شەریعەتەوە بەستەوە. «ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو ژیانەوە، ڕاسپاردەکان بەجێبگەیەنە» (مەتا ١٩: ١٧).

پیاوەکە لە وەڵامدا گوتی: «مامۆستا، لە مێردمنداڵییەوە هەموو ئەمانەم پاراستووە» (مەرقۆس ١٠: ٢٠). ئایا ئەم قسەیەی ڕاستە؟ لەوانەیە هەتا ڕادەیەک ڕاستی کردبێت. پێدەچێت کارێکی ئەنجام نەدابێت کە دژی شەریعەت و یاسای خودا بووبێت. بەڵام ئەدی ناخ و دڵی؟ عیسا لە شوێنێکی دیکەدا فەرمووی: «ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە» (مەتا ٥: ٢٠؛ بڕوانە داواکاریی ٢٥- ٢٧). کێشەی ئەم شەریعەتپارێزانە ئەوەیە کە چاویان تەنها لەسەر کاروبارەی دەرەکییە: «قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاک دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چاوچنۆکی و بەڕەڵایی» (مەتا ٢٣: ٢٥). ئایا ئەمە بەسەر ئەو پیاوە دەوڵەمەندەدا جێبەجێ دەبێت؟

هەنگاوی دووەم لە وەڵامی عیسا بۆ پرسیارەکەی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە، کێشەیەکی زۆر جدی لە دڵیدا ئاشکرا دەکات. عیسا فەرمووی: «شتێکت کەمە، بڕۆ هەرچیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بیدە بە هەژاران، بەمە گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت، ئینجا وەرە دوام بکەوە» (مەرقۆس ١٠: ٢١). بەڕاستی شتێکی سەرسوڕهێنەرە. عیسا فەرمووی کە ئەو کەسە شتێکی کەمە. لەوانەیە ئەگەر ئەو شتەی هەبووایە، کامڵ و تەواو دەبوو. لەڕاستیدا مەتا بەو شێوەیە وتەکانی عیسا تۆمار کردووە: «ئەگەر دەتەوێت کامڵ و تەواو بیت، بڕۆ هەرچیت هەیە بیفرۆشە و بیدە هەژاران، ئیتر گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت و وەرە دوام بکەوە» (مەتا ١٩: ٢١). کەواتە، ئەو کامڵ و تەواو نییە و بەتەواوی یاسا و شەریعەتی خودای نەپاراستووە. وە هەر بۆیە ژیانی هەتاهەتایی بەدەست ناهێنێت مەگەر ئەوەی کە ئەم شتە ئەنجام بدات.

## «شتێکت کەمە»

ئەم شتە چییە؟ لەڕاستیدا لە سێ شت دەچێت: بڕۆ هەرچیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بیدە بە هەژاران، وەرە دوام بکەوە. چۆن ئەم سێ داواکارییە، یەک داواکارییە؟ لەوانەیە بتوانین ئەم داواکارییانە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: «لە جێگەی پەیوەستبوونت بە پارە و سامانەوە، دەبێت بە منەوە پەیوەست بیت». وەکو ئەوە وایە کە کابرا پارەیەکی زۆری بەدەستەوەیە و لەوێ ڕاوەستاوە و عیسا دەفەرموێت: «شتێک کەمە؛ دەستم بگرە». بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت دەستی عیسا بگرێت، دەبێت واز لە پارەکە بهێنێت بەربێتەوە. ئەو یەک شتە ئەوە نییە کە لە دەستی بەردەبێتەوە، بەڵام ئەوەیە کە بەدەستییەوە دەگرێت، کە ئەویش دەستی عیسایە.

کاتێک کەسێک عیسا لە پارە زیاتر خۆش دەوێت، ئەوا هەژاران هەمیشە سوودمەند دەبن. لەبەر ئەوەیە کە عیسا ئاماژە بە هەژاران دەکات. بەڵام ئەوەی کە عیسا دەیەوێت بیڵێت ئەمەیە: «تۆ شتێکت کەمە. تۆ منت کەمە. واز لە خۆشویستنی پارە بهێنە؛ منت خۆش بێت لە جێگەی پارە. تۆ دەتەوێت ژیانی هەتاهەتایی وەربگریت. دەتەوێت بچیتە نێو شانشینی ئاسمانەوە. من گەنجینەی ئاسمانم. ئەگەر دەتەوێت گەنجینەت لە ئاسمان هەبێت، دەبێت منت هەبێت. ئەگەر ئیستا پارەت لە من خۆشتر بوێت، ئەوا ناتوانیت بێیتە ئاسمان کە من گەنجینەکەیم. بەڵام ئەگەر ئێستا منت لە پارە زیاتر خۆش بوێت، گەنجینەت لە ئاسمان دەبێت. من لەوێ دەبم. ئەگەر بە منەوە پەیوەست بیت، ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دێنیت. ئەگەر دەتەوێت کامڵ و تەواو بیت - کە تاکە ڕێگەی چوونە نێو شانشینی خودایە - شوێن من بکەوە».

## کامڵبوون لە ڕێگەی عیساوە

ئەمە وانەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئێمە. عیسا شەریعەتی خودا ڕەت ناکاتەوە. نافەرموێت کە جێبەجێکردنی فەرمان و ڕاسپاردەکانی خودا گرنگ نییە. بەڵکو دەفەرموێت: «ئەگەر تەنها پشت بە ڕاسپاردە و فەرمانەکان ببەستیت، ژیانی هەتاهەتایی و جاویدانی بەدەست ناهێنیت. هەمیشە شتێکت کەم دەبێت». پێوەری شەریعەت بریتییە لە کامڵی و تەواویی. «ئێوە کامڵ و تەواو بن، هەروەک باوکی ئاسمانیتان کامڵ و تەواوە» (مەتا ٥: ٤٨). بێگومان ئەو پێوەرە دانابەزێنێت. لە جێگەی ئەوە لە هەموو جیهانی داوا دەکات. ئێنجا لە ڕێگەی پەیوەستبوون بە خۆیەوە تەواوی و کامڵیمان بۆ دەستەبەر دەکات. «ئەگەر دەتەوێت کامڵ بیت ... وەرە و شوێن من بکەوە». عیسا تاکە ڕێگای گوێڕایەڵی تەواوە. وە ژیانی جاویدانی پێویستی بە گوێڕایەڵی تەواوە.

پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە: چۆن عیسا ڕێگایە بۆ تەواوی و کامڵبوون؟ یەکێک لە وەڵامە مێژووییەکان ئەوەیە کە عیسا خۆی کامڵ و تەواوییەکەیە. واتە کاتێک بە باوەڕ پەیوەست بووین پێیەوە، خودا بەهۆی عیساوە ئێمە بە کامڵ و تەواو هەژمارد کرد، هەر چەندە ئێمە لە خۆماندا کامڵ نین. وەڵامێکی دیکەی مێژوویی ئەوەیە کە عیسا لە ڕێگەی هێز و تواناکەیەوە کە لە دەروونی ئێمەدایە، دەمانگۆڕێت بۆ ئەوەی وەکو ئەو خۆشەویستی دەرببڕین و بە ئاراستەی تەواوی و کامڵبوون هەنگاو بنێین، کە لە کۆتاییدا لە ئاسمان بەدەستی دێنین. من وای بۆ دەچم کە عیسا هۆکاری باشمان پێ دەدات کە باوەڕ بە دروستی و ڕاستیی هەردوو وەڵامەکە بکەین.

عیسا دەفەرموێت کە هاتووە بۆ ئەوەی «ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر» (مەرقۆس ١٠: ٤٥). وە خوێنی «لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناە بەخشین دەڕژێت» (مەتا ٢٦: ٢٨)، وە باوەڕهێنان پێی، ژیانی هەتاهەتایی بە گوناهبارانی ناشایستە دەبەخشێت (یۆحەنا ٣: ١٤- ١٥). هەموو ئەم شتانە واتای ئەوە دەگەیەنن کە ژیان و مردنی  عیسا تاکە ئومێدی ڕزگابوونمان لە تووڕەیی خودا (یۆحەنا ٣: ٣٦) و بەدەستهێنانی ئاسمان. عیسا لەبارەی مامۆستایانی شەریعەتەوە فەرمووی: «کەس لە ئێوە بە قسەی تەورات ناکات» (یۆحەنا ٧ :١٩). هەروەها زۆر بە ڕوونی بە قوتابییەکانی بە خراپ ناوزەد دەکات. «ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوکتان لە ئاسمان چەند زیاتر شتی باش دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن « (مەتا ٧: ١١). واتە، هەموو کەسێک لەژێر تووڕەیی خودا کەسانێکی گوناهباران و بەپێی گوێڕایەڵییان هیچ ئومێدێکیان بۆ ژیانی هەتاهەتایی نییە. عیسا هات بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

عیسا لە ڕێگەی سڕینەوەی تووڕەیی خوداوە ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد. لە ڕێگەی

بەرگەگرتنی سزایەک کە ئێمە شایانی بووین، ئەو تووڕەییەی سڕییەوە و ئەو باج و قەرزەی دا کە ئێمە هەرگیز نەماندەتوانی بیدەین. (بڕوانە داواکاریی یازدەیەم). هەر بۆیە، بەهۆی ڕژانی خوێنی عیساوە، هەموو گوناهەکانمان سڕدرانەوە و خودا چیتر بە گوناهبار و ناتەواو چاومان لێ ناکات. ئێمەش ئەمە بە قەرزاری پەیوەستبوونمان لەگەڵ مەسیح دەزانین.

## «ئەم پیاوە بەبێ گوناە گەڕایەوە ماڵەوە»

بەڵام عیسا فێرمان دەکات کە کامڵی و تەواویی ئێمە زیاتر لە نەبوونی تاوان لەخۆ دەگرێت. عیسا نموونەی فەریسی و باجگرێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەردووکیان بە مەبەستی نوێژ و نزاکردن ڕوویان لە پەرستگا کرد. ئەم دوو دەستەیە نوێنەرایەتی دوو گروپی جیاوازی خەڵک دەکەن؛ گروپی ڕاستودروستەکان (فەریسییەکان) لەگەڵ گروپی گوناهبارەکان (ئەو جولەکانەی کە باجگر بوون و سازشیان لە خۆیان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن وەکو باجگر ئیش بۆ ڕۆمانییەکان بکەن و بە مەبەستی دەوڵەمەندبوونەوەی خۆیان قۆڵی گەلەکی خۆیان دەبڕی).

فەریسییەکە ئاماژەی بە جێبەجێکردن و گوێڕایەڵبوونی بۆ یاسا و شەریعەت کرد: «وەک خەڵکی دیکە نیم، کە قۆڵبڕ و خراپەکار و داوێنپیسن، وەک ئەم باجگرەش نیم. هەفتەی دوو جار بەڕۆژوو دەبم، ئەوەی دەستم دەکەوێت دەیەکی دەبەخشم» (لۆقا ١٨: ١١- ١٢). بەڵام عیسا دەیگێڕێتەوە کە باجگرەکە «لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیگوت: ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە. پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان کرابوو، پێچەوانەی ئەوی دیکە» (لۆقا ١٨: ١٣- ١٤).

لێرەدا وشەی «بێتاوان» گرنگییەکی زۆری هەیە. مەبەستی سەرەکی ئەو نموونەیە لەخۆ دەگرێت. لۆقا بەم جۆرە ئەم نموونەیە دەناسێنێت: «(عیسا) بۆ ئەوانەی کە بە دڵنیاییەوە خۆیان بە بێتاوان دادەنا و خەڵکیان بە سووک سەیر دەکرد، ئەم نموونەیەی هێنایەوە» (لۆقا ١٨: ٩). کەواتە ئەم نموونەیە باسی ئەو پرسیارە دەکات کە چۆن لەبەردەم خودا بێتاوان بین.

وشەی «بێتاوان» و «ڕاستودروست» لە زمانی یۆنانیدا لە یەک چاوگەوە هاتوون. لە شێوەی دەمی فەرماندا، ئەمە واتاکەیەتی: «ڕاگەیاندنی بێتاوانبوون، بەو جۆرەی کە دادوەر لە دادگادا ئەنجامی دەدات. دادوەر تۆمەتبارەکە ڕاستودروست ناکات، بەڵکو دانی پێدا دەنێت و ڕایدەگەیەنێت کە ڕاستودروستە. (لۆقا ٧: ٢٩) بەم جۆرە ئەو وشەیەی بەکارهێناوە: «هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو، تەنانەت باجگرانیش دانیان بە دادپەروەری

(بێتاوانبـوون) خـودا نـا، چونکـە بـە دەسـتی یەحیـا لـە ئـاو هەڵکێـشرا بـوون». بێتاوانکردنـی خـودا بـە واتـای ئـەوە نایـەت کـە خودایـان بێتـاوان یـان ڕاستودروسـت کـردووە، بەڵکـو واتـای ئەوەیـە کـە ڕاستودروسـتبوونی خودایـان ڕاگەیانـدووە. ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە خـودا لـە (لۆقـا ١٨: ١٤) بەرامبـەر باجگرەکـە دەیـکات: «ئەمـە گەڕایـەوە ماڵـی خـۆی بێتـاوان کرابـوو» - واتـە، خـودا بێتاوانبوونـی ئـەم پیـاوەی ڕاگەیانـدووە.

کەواتـە، نموونەکـەی عیسـا زۆر بـە ڕوونـی بـەراورد لەنێـوان ئـەو کەسـانەدا دەکات کـە «بەدڵنیاییـەوە خۆیـان بـە بێتـاوان دەزانـن» (لەبەر پاراسـتنی فەرمان و ڕاسپاردەکانی شـەریعەت) لەگـەڵ ئەوانـەی کـە ئومێدیـان بـە ڕاستودروسـتی خۆیـان نییـە و پشـت لـە خۆیـان دەکـەن و ڕوو لـە بەزەیـی خـودا دەکـەن بـۆ ئەوەی بـە ڕاستودروسـت ناویـان بهێنێـت هەرچەنده ڕاستودروسـت نیـن. سـەرنجی ئـەوە بـدەن کـە لـەم نموونەیـەدا ئەوانـەی کـە «بەدڵنیاییـەوە خۆیـان بـە بێتـاوان دەزانـن» تەنانـەت ئامادەیـی ئەوەیـان تێدایـە کـە گەورەیـی و شـکۆمەندییەکە بـە خـودا بـدەن کـە توانـای ڕاستودروسـتبوونی تێـدا دروسـت کـردوون: «خودایـە سوپاسـت دەکـەم کـە وەک خەڵکـی دیکـە نیـم» (لۆقـا ١٨: ١١). بـەڵام ئـەو قسـەیە هیـچ سـوودی نییـە. ڕاستودروسـتیی خۆمـان، تەنانـەت ئەگـەر نیعمەتـی خـوداش هۆکارەکـەی بێـت، بناغەیەکـی پێویسـت نییـە بـۆ بەرگریکـردن لەبـەردەم ئامادەیـی پیرۆزیـی خـودا.

## پیاوی دەوڵەمەند بۆ ڕاستودروستییەکەی پێویستی بە عیسایە

عیسـا بـەوردی باسـی ئـەوە نـاکات کـە چـۆن گوێڕایەڵـی و مردنەکـەی بناغـەی بێتاوانبـوون دادەمەزرێنێـت، بـەڵام هـۆکاری باشـمان هەیـە کـە پێـمان وابێـت ڕاگەیاندنـی ڕاستودروسـتیی خـودا دراوە بـەو گوناهبارانـەی کـە عیسـا بـە تاکـە ئومێـدی خۆیـان دەزانن کـە جێگەی پەسـەندی خـودا بـن. عیسـا بـە پیـاوە دەوڵەمەندەکـەی فەرمـوو: «پاراسـتنی شـەریعەت ناتگەیەنێـت بـە ئاسـمان. تـۆ کامـڵ و تـەواو نیـت. تـۆ شـتێکت کەمـە. شـوێن مـن بکـەوە». ئـەو پیـاوە عیسـای کـەم بـوو. ئەگـەر ڕاگەیاندنـی ڕاستودروسـتبوون، هـەر چەنـدە ئـەو پیـاوە ڕاستودروسـت نەبـوو، تاکـە ئومێدیـی بووبێـت، (وەکـو چـۆن نموونـەی باجگرەکـە ڕوونـی دەکاتـەوە)، ئـەوا عێسـا تاکـە بناغـەی ئـەو ڕاگەیاندنەیـە. لەبـەر ئـەوە دەبێـت دەسـتبەرداری پارەکـەی بێـت و شـوێن عیسـا بکەوێـت.

کەواتـە، دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو کامڵییـەی کـە پیـاوە دەوڵەمەندەکـە نەیبـوو، لـە عیسـادا دەیدۆزێتـەوە. خـودا ئـەو پیـاوە بـە تـەواو و کامـڵ دەزانێـت ئەگـەر چیـتر پشـت بـە پـارە و سـامانەکەی نەبەسـتێت و لـە بەرامبـەردا پشـت بـە عیسـا ببەسـتێت. ئەمـە یەکـەم وەڵامـی مێژووییـە بـۆ پرسـیاری «چـۆن عیسـا ڕێـگای بەدەسـتهێنانی تـەواو و کامڵبوونـە؟» لەبـەر ئـەوەی

ئێمـە لەگـەڵ عیسـادا پەیوەندیـمان هەیـە، بـە تـەواو و کامـڵ دادەنرێیـن، هـەر چەنـدە هێشـتا گوناهباریـن. ئـەوە واتـای بێتاوانبوونـە. ئێمـە لـە بەشـی دواتـردا باسـی وەڵامـی دووەم دەکەیـن، کـە ئەویـش بریتییـە لـەوەی کـە عیسـا بـە ئامادەبـوون و هێـز و توانـای لـە دەروونمانـدا دەمانگۆڕێـت، بـۆ ئـەوەی وەکـو ئـەو کەسـانی دیکەمـان خـۆش بوێـت و بـە ئاراسـتەی کامڵبـوون و تەواوبـوون هەنـگاو بنێیـن.

# داواکاریی بیست و یەکەم

## ویست و خواستی باوک جێبەجێ بکە کە لە ئاسمانە - لە ڕێگەی متمانەکردن بە عیسا دەگۆڕدرێی

«ئەوەی بە خواستی خودا بکات، خوشک و برا و دایکمە.» (مەرقۆس ٣: ٣٥)

«ئەویش فەرمووی: «بەڵکو خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە گوێ لە پەیامی خودا دەگرن و کاری پێدەکەن.» (لۆقا ١١: ٢٨)

«نەک هەرکەسێک پێم بڵێت: "پەروەردگارم، پەروەردگارم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی خواستی باوکم ئەنجام دەدات کە لە ئاسمانە.» (مەتا ٧: ٢١)

لە بەشی پێشتردا بینیمان ئەو پیاوەی کە دەیویست ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنێت «شتێکی کەم بوو». ئەگەر بیویستبا کامڵ و تەواو بێت، ئەوا پێویستی بە عیسا دەبوو (مەتا ١٩: ٢١). لە ڕێگەی عیساوە دەتوانیت تەواو و کامڵبوون بەدەست بهێنیت. بەڵام چۆن؟ بەشی پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە: لە ڕێگەی بوون بە بنەمای کامڵبوونمان لەبەردەم خودا کاتێ کە متمانە و باوەڕی پێ دەکەین. ئێستا ڕوو لە وەڵامێکی ڕاستی دیکە دەکەین: عیسا لە ڕێگەی هێز و ئامادەبوونی لە دەروونی ئێمەدا، دەمانگۆڕێت بۆ ئەوەی بتوانین وەکو ئەو کەسانی دیکەمان خۆش بوێت و بە ئاراستەی کامڵبوون هەنگاو بنێین.

### پێویستمان بە گوێڕایەڵی ڕاستەقینە و کردەیی هەیە

وەڵامی بەشەکەی پێشتر بەس نییە بۆ ئەو فەرمایشتەی عیسا کە سەبارەت بە شێوازی ئەنجامدانی ویست و خواستی خودا ئاماژەی پێ کردووە. عیسا دەفەرموێت کە ئەنجامدانی خواستی خوا زۆر پێویستە بۆ چوونمان بۆ نێو شانشینی ئاسمان. «نەک هەرکەسێک پێم بڵێت: "پەروەردگارم، پەروەردگارم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی خواستی باوکم ئەنجام دەدات کە لە ئاسمانە» (مەتا ٧: ٢١). دەفەرموێت کە لە ڕۆژی دواییدا خەڵکی ڕەت دەکاتەوە و پێیان دەڵێت: «لێم دوور بکەونەوە، ئەی بەدکاران» (مەتا ٧: ٢٣). دەفەرموێت کە خەڵکی تۆ هەتاهەتاییە ئازار دەچێژن چونکە باوەڕدارانی دیکەیان خۆش نەویستووە. «هەرچییەکتان بۆ یەکێک لەم بچووکانە نەکردووە، بۆ منتان نەکردووە» (مەتا ٢٥: ٤٥- ٤٦).

گومـان لـەوەدا نییـە کـە عیسـا گوێڕایەڵـی ڕاسـتەقینە و کردەیـی بـۆ ئەنجامدانـی ویسـت و ئیرادەی خـودا بـە مەرجـی کۆتـا ڕزگاریـی زانیـوە. «ئـەوەی بـە خواسـتی خـودا بـکات، خوشـک و بـرا و دایکمـە» (مەرقـۆس ٣: ٣٥). کەواتـە دووەم وەڵامـی مێژوویـی بـۆ پرسـیاری عیسـا چـۆن ڕێـگای گەیشـتنە بـە تـەواو و کامڵبـوون؟ ئەوەیـە کـە عیسـا توانـای گـۆڕانکاریـی پـێ بەخشـیوین. ئەگـەر دەمانگـۆڕێـت بـۆ ئـەوەی بتوانیـن وەکـو ئـەو خۆشەویسـتی دەربـبڕیـن و بـەو هۆیـەوە بـەرەو ئـەو تـەواو و کامڵییـە هەنـگاو بنێیـن کـە لـە کۆتاییـدا لـە ئاسـمان بەدەسـتی دێنیـن.

مـن وا دەڵێـم چونکـە عیسـا هیـچ ئاماژەیـەک بـەوە نـاکات کـە ئێمـە بتوانیـن لـەم کاتـەدا کامـڵ و تـەواو بیـن. ئـەو فێرمـان دەکات کـە نوێـژی پـەروەردگار بڵێینـەوە، وە لەگـەڵ ئـەوەدا داواکاری «نانـی ڕۆژانەمـان ئەمـڕۆش بـدەرێ» دەخاتـە پـاڵ داواکاری «لـە گوناهەکانمـان خـۆش بـە، وەکـو چـۆن ئێمـە لەوانـە خـۆش دەبیـن کـە خراپەمـان بەرامبـەر دەکـەن» (مەتـا ٦: ١١- ١٢). واتـە، وەکـو چـۆن ڕۆژانـە داوای نـان دەکەیـن، دەبێـت داوای لێخۆشـبوونیش بکەیـن. لەبـەر ئـەوە، عیسـا پێـی وایـە کـە لـەم زەمانـەدا ڕۆژانـە پێویسـتمان بـە لێخۆشـبوونە.

هـەر لەبـەر ئەمەیـە کـە دەڵێـم عیسـا دەمانگـۆڕێـت بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی وەکـو ئـەو کەسـانی دیکەمـان خـۆش بوێـت و بـە ئاراسـتەی کامڵبـوون هەنـگاو بنێیـن کـە لـە کۆتاییـدا لـە ئاسـمان بەدەسـتی دێنیـن. بـەڵام لەگـەڵ ئەویـە کـە کامڵبوونـی تـەواوی کردەیـی لـە ئاسـماندا بەدەسـت دێـت، بـەڵام عیسـا ئێسـتا دەمانگـۆڕێـت، وە ئـەم گۆڕانکارییەمـان بـۆ کۆتـا ڕزگاریـی پێویسـتە. بـەڵام ئـەو شـێوازەی کـە هەڵسـوکەوتی نوێمـان پێویسـتە، جیـاوازە لـەو شـێوازەی کـە متمانەکـردن بـە عیسـا بـۆ کامڵبوونمـان پێویسـتە. متمانەکـردن بـە عیسـا پەیوەسـتمان دەکات پێـوەی. ئینجـا لەبـەر ئـەو کاری قوربانییـەی عیسـا ئەنجامـی داوە، خـودا بـە ڕاستودروسـتمان دەزانێـت، تەنهـا پێـش ئـەوەی کـە هەڵسـوکەوتمان گـۆڕانـکاری بەسـەردا بێـت. ئـەو باجگـرە کـە هـاواری کـرد و گوتـی: «ئـەی خودایـە بەزەییـت بـە منـی گوناهبـاردا بێتـەوە» (لۆقـا ١٨: ١٣)، بوێـری ئـەوەی نەبـوو کـە وەکـو بنەمـای بێتاوانبوونـی ئامـاژە بـە هەڵسـوکەتی ڕاستودروسـتی خـۆی بـدات. پشـتی لـە خـۆی کـرد و داوای بەزەیـی کـرد. پێـش ئـەوەی کـە هەڵسـوکەوت و ئـاکاری بگـۆڕێـت، خـودا بە ڕاستودروسـت نـاوزەدی کـرد. کەواتـە، بـۆ ئـەوەی کـە بتوانیـت لەگـەڵ عیسـا پەیوەندیـت هەبێـت، دەبێـت متمانـەی پـێ بکەیـت، چونکـە عیسـا بناغـەی بێتاوانبوونمانـە. بـەڵام هەڵسـوکەوتی نـوێ و گـۆڕاو پێویسـتە وەکـو بەرهـەم و بەڵگـەی ئـەم پەیوەندییـە لەگـەڵ عیسـادا.

## هەموو دارێکی باش بەرهەمی باش دەگرێت

لـە داواکاریـی حەوتەمـدا بینیـمان کـە پەیوەسـتبوون لەگـەڵ عیسـا لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە ژیانێکی نوێـی پـڕ لـە خۆشەویسـتی لـێ دەکەوێتـەوە. ئەمـە ئـەو بەرهەمەیـە کە عیسـا دروسـتی دەکات لە

کاتێکدا ئیشمان لەسەر دەکات: «منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت، چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن» (یۆحەنا ١٥: ٥). لە شوێنێکی دیکەدا، عیسا ڕوونی دەکاتەوە کە «داری باش» - واتە بوون بە کەسێک کە بە ڕاستی باوەڕت بەو هەبێت - بەرهەمی باش دەگرێت: «هەموو دارێکی باش بەری باش دەدات، داری خراپیش بەری خراپ» (مەتا ٧: ١٧).

بەرهەمەکە وا لە دارەکە ناکات باش بێت، بەڵکو دارەکە وا دەکات بەرهەمەکە باش بێت. کاری باش پەیوەستمان ناکات بە عیساوە، بەڵکو متمانەکردن بە عیسا پەیوەندیمان لەگەڵ عیسا بۆ دروست دەکات. ئەم پەیوەستبوونە وا دەکات خودا کامڵبوون و تەواوبوونی ئێمە ڕابگەیەنێت، وە هەمان ئەم پەیوەستبوونە توانای دروستکردنی بەرهەمی باشمان پێ دەبەخشێت. هۆکاری ئەویە کە عیسا دەفەرموێت: «هەر دارێک بەری باش نەدات دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر» (مەتا ٧: ١٩)، ئەوە نییە کە بەرهەم بنەمای قبوڵکردنمانە لەلایەن خوداوە - باجگرەکە هیچ بەرهەمێکی بۆ پێشکەشکردن نەبوو - بەڵکو نەبوونی بەرهەم نیشانی دەدات کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ عیسا نییە.

کەواتە، کاتێک عیسا داوامان لێ دەکات خواستی باوکی بەجێبهێنین کە لە ئاسمانە، مەبەستی لە دوو شتە: یەکەم: «باوەڕتان بە من هەبێت وەکو تاکە ئومێدی ڕاستودروستبوون کە هی خۆتان نییە. ئەم کامڵی و تەواوییە بناغەی قبوڵکردنتە لەگەڵ خودا و بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی». لەبەر ئەمەیە کاتێ کە خەڵکی لێیان پرسی: «چی بکەین تاکو کارەکانی خودا بکەین؟ عیسا وەڵامی دانەوە: «کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی» (یۆحەنا ٦: ٢٨- ٢٩). باوەڕهێنان بە عیسا یەکەم و سەرەکیترین لایەنی ویست و خواستی خودایە بۆ ئێمە. دووەم: «هەمان ئەو باوەڕەی کە بە مەبەستی بێتاوانبوون ئێوە بە منەوە دەبەستێتەوە وەکو چۆن لقەمیو پشت بە دار مێو دەبەستێت، ئێوەش بە هەمان شێوە بەرهەمی خۆشەویستی دەگرن کە شەریعەت و یاسای خودا بە هەڵسوکەوتێکی ڕاستەقینە و زیندووەوە جێبەجێ دەکات».

## ئایا ویست و خواستی ئەمڕۆی خودا لە شەریعەتی پەیمانی کۆندا نیشان دراوە؟

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو پیاوە دەوڵەمەندەی کە هات بۆ لای عیسا و لێی پرسی: «مامۆستای باش، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم» (مەرقۆس ١٠: ١٧)، چۆن پاراستنی شەریعەت لەنێو وەڵامەکەی عیسادا جێی دەبێتەوە؟ یەکەم وەڵامی عیسا بۆ ئەو پیاوە ئەمە بوو: «بۆچی لەبارەی چاکەوە پرسیارم لێ دەکەیت؟ تەنها یەکێک چاکە. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو ژیانەوە، ڕاسپاردەکان بەجێبگەیەنە» (مەتا ١٩: ١٧).

بینیمان کە هەر چەندە پاراستنی شەریعەت و ڕاسپاردەکان هەرگیز ڕاستودروستییەکی ئەوەندە باش دابین ناکات کە بتوانی ببیتە جێگەی پەسەندی خودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ویستی خودا زۆر گرنگ و سەرەکییە. ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا خواستی ئەمڕۆی خودا لە شەریعەتی پەیمانی کۆندا نیشان دراوە؟ ئەگەر تەنها بڵێین بەڵێ، ئەو بە لاڕێدا دەڕۆین. وە ئەگەر بڵێین نەخێر، دیسان بە لاڕێدا دەڕۆین. بەڵکو دەبێت شتێکی لەم بابەتە بڵێین: بەڵێ، شەریعەت بەنێو سوزگی هەموو گۆڕنکارییەکاندا تێپەڕیوە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ڕوویداوە، کە ئامانج و جێبەجێکەری شەریعەتە.

عیسا دەفەرموێت: «ئەم قسانەم بۆ کردن کاتێک لەگەڵتان بووم: پێویستە هەموو ئەوانەی لە تەوراتی موسا و پێغەمبەران و زەبووردا دەربارەی من نووسراون بێنە دی» (لۆقا ٢٤: ٤٤). شەریعەت و نووسراوی پێغەمبەران بەرەو عیسامان دەبەن. بۆیە جێگەی سەرسامی نییە، کاتێ کە عیسا هات هەموویان جێبەجێ بوون و گۆڕدران. عیسا بەوریایی و ڕێزەوە لەبارەی ئەم گۆڕانکارییەوە دەدوێت و دەفەرموێت: «وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پێغەمبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان. ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، هەتا هەمووی دێتە دی» (مەتا ٥: ١٧- ١٨).

سڕینەوەی شەریعەت ئامانج و خواستی عیسا نییە، بەڵکو تەواوکردنی شەریعەت کاری عیسایە. وە کاتێک شەریعەت بەهۆی عیساوە تەواو و کامڵ دەبێت، بەکارهێنانی بنەڕەتی بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕدرێت. سەردەمێکی نوێ سەریهەڵداوە و شوێنکەوتووانی عیسا جیاواز لە ئیسرائیل چاو لە شەریعەت و یاسا دەکەن. لەبەر ئەوەیە عیسا دەفەرموێت: «تەورات و پەیامی پێغەمبەران هەتا هاتنی یەحیا ڕاگەیەنران، لەو کاتە بەولاوە مزگێنی پاشایەتی خودا دەدرێت و هەموو کەسێک تێدەکۆشێت بچێتە ناوی» (لۆقا ١٦: ١٦).

## چۆن ئەزموونکردنی شەریعەت لەگەڵ هاتنی عیسادا دەگۆڕدێت

ئەمە دیمەنێکی سادەیە لەو گۆڕانکارییەی کە لە ئەزموونکردنی شەریعەت ڕوویدا لەو کاتەوەی کە عیسا هاتووەتە سەر زەوی.

یەکەم، کاتێک عیسا فەرمووی: «هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت گڵاوی بکات» (مەرقۆس ٧: ١٨)، هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕێوڕەسمی پاکبوونەوەی ئایینی پووچەڵ کردەوە. مەرقۆس ئەم سەرنجە سادەیەی لەم بارەیەوە نووسیوە: «بەمەش ڕایگەیاند کە هەموو خواردنێک پاکە» (مەرقۆس ٧: ١٩). «عیسا تەنها بە دەسەڵات خودی خۆی

پێوەرەکانی ڕێوڕەسمی پاکبوونەوەی دارشت کە زۆرێک لە یاساکانی موسای لەخۆ دەگرت».[a] لە ئێستا بەولاوە «هاوڵاتییان ئازادن» (مەتا ١٧: ٢٧)، وە بە لەبەرچاوگرتنی خۆشەویستی، بڕیار دەدەین شتێک بخۆین یان نەخۆین.

دووەم، من خۆشەویستی وەکو دووەم پێوەری سەرەکی هەڵسوکەوتمان ئاماژەی پێ دەدەم، چونکە چونکە دووەم شتە کە عیسا دەربارەی گۆڕینی ئەزموونکردنی شەریعەت ئەنجامی دا: عیسا فەرمووی کە هەموو شتێک لە خۆشەویستیدا کورت دەبێتەوە. «لە هەر شتێکدا هەمان ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران» (مەتا ٧: ١٢). بە گوتنی ئەمە، عیسا لە فەرمان و شەریعەت دوورمان دەخاتەوە و بەرەو پەیوەندیمان لەگەڵ خۆی دەبات کە خۆشەویستی بەرهەمەکەیەتی و شەریعەت تەواو دەکات (بڕوانە داواکاریی سی و دووەم).

سێیەم، عیسا باسی نموونەیەک دەکات دەربارەی خاوەن ڕەزێک کە چەند ڕەزەوانێک ئیشیان لە زەوییەکەیدا دەکرد، بەڵام بەرهەمی زەوییەکەیان نەدەدایێ. بەردەوام خزمەتکاری دەنارد بۆ لایان، بەڵام ئەوان لێیان دەدان و دەیانناردنەوە. لە کۆتاییدا کوڕەکەی نارد، بەڵام ئەوان کوڕەکەیان کوشت. هەموو ئەوانەی پەیوەندی خودا لەگەڵ گەلی ئیسرائیلدا نیشان دەدات. زۆربەیان بەرهەمی پەرستن و گوێڕایەڵییان بە خودا نەدەدا، وە لە کۆتاییدا کوڕی خودایان کوشت (مەتا ٢١: ٣٣- ٤١). عیسا لە گوێگرەکانی پرسی کە خاوەن ڕەز دەبێت چی بکات؟ گوتیان «ئەو خراپەکارانە بە خراپی لەناودەبات و ڕەزەکەش دەداتە دەست ڕەزەوانانی دیکە، ئەوانەی لە وەرزی خۆی بەرهەمی دەدەنێ» (مەتا ٢١: ٤١). عیسا ئەم وەڵامە دروستەی بە ڕێگایەکی زۆر کارەستبار بەسەر گوێگرە جولەکەکانیدا جێبەجێ کرد، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە شەریعەتدا نیشان دا.

عیسا فەرمووی: «لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: شانشینی خوداتان لێ دەسەنرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەک کە بەرهەم دەدات» (مەتا ٢١: ٤٣). واتە، خودا تیشک دەخاتە سەر ڕزگارکردنی گەلانی ناجولەکە لە جێگەی جولەکەکان (بڕوانە داواکاریی پەنجایەمین). گەلی خودا چیتر لە ڕێگەی ڕەگەز یان سیستەمی ئایینیی پاشا و کاهین و دادوەر و هەموو ئەو یاسا مەدەنی و ئایینییەوە کە ئەو سیستەمەیان ڕاگرتووە، ناناسرێن. خەڵکی بەپێی باوەڕیان بە عیسا و بەرهەمی خۆشەویستییەوە دەناسرێن.

ئاکامەکانی ئەم گۆڕانکارییە گەورەن. چیتر خودا نایەوێت ناوی ئەو لە کاتی تۆڵەوەرگرتنەوە کە لەسانی خراپەکار بەکاربێت، وەکو حاڵەتی داگیرکردنی کەنعان (دواوتار ٩: ٣- ٦). چیتر گەلی خودا (شوێنکەوتووانی مەسیح) ئەوانە ناکوژن کە کفر دەکەن و سووکایەتی بە خودا

a George Ladd, *The Presence of the Future* (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1974), 285.

دەکەن (لێڤییەکان ٢٤: ١٤) یان داوێنپیسان (لێڤییەکان ٢٠: ١٠)، یاخود جادوگەر (دەرچوون ٢٢: ١٨)، شایەتی درۆ (دواوتار ١٩: ١٦، ١٩)، ئەوانەی کە سەرپێچی دایک و باوکیان دەکەن (دەرچوون ٢١: ١٥، ١٧). ئەو جۆرە فەرمانانەی شەریعەت لەگەڵ حکومەتێکی ئایینی و مەدەنی گەلێکی دیاریکراو تێکەڵ بوون کە چیتر بەسەر گەلی خودادا جێبەجێ نابێت کە هیچ ناسنامەیەکی ئایینی یان ڕەگەزیی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەموو گروپێکی ئایینی و ڕەگەزیی جیاواز لە هەموو جیهاندا دەگرێتەوە (مەتا ٢٨: ١٩).

چوارەم، تەواوی سیستەمی ئایینی کە کاهین و پەرستگا و قوربانییەکان لەخۆ دەگرن بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و لەگەڵ هاتنی عیسادا کۆتاییان دێت. لە داواکاریی دوازدەیەمدا بینیمان کە عیسا لە ڕێگەی مردن و هەستانەوەیەوە، شوێنی پەرستگا و قوربانییەکانی گوناهی بۆ ئێمە گرتەوە. هەر بۆیە، ئەو یاسایانەی کە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە چۆن کەسێک لەگەڵ خودا ئاشت دەبێتەوە لە ڕێگەی ئەو سیستەمەوە کامڵ بوو و لەگەڵ مردن و هەستانەوەی عیسادا کۆتایی هات.

## باوەڕ بە کوڕەکەی بکەن و بەرهەمی خۆشەویستی بگرن

بۆم دەردەکەوێت کە کاتێک عیسا داوامان لێدەکات ویستی باوکی جێبەجێ بکەین و داواکارییەکانی بپارێزین، ئەو داواکارییەیە کە دەبێت ئەو کارە بکەین کە عیسا بە پیاوە دەوڵەمەندەکەی فەرموو کاتێک کە سەبارەت بە بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی لە عیسای پرسی. داواکاریی دەستبەجێی عیسا ئەوەیە کە ئێمە واز لە خۆشویستنی پارە بهێنین و وەکو تاکە ئومێد و هیوای بەدەستهێنانی ئەو تاکە شتەی کە نیمانە کە بریتییە لە ڕاستودروستی کامڵ و تەواو، ئەومان خۆش بوێت. بەڵێ دەبێت داواکارییەکان جێبەجێ بکەین، بەڵام تەنها ئەو کاتەی کە دەزانین ئاخۆ لەگەڵ هاتنی عیسادا هاتوونەتە دی یان نە. بە شێوەیەکی کردەیی، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بۆ ڕێنمایی پشت بە خودی عیسا ببەستین کە لە ژیان و مردن و فێرکردنەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. دەبێت پشت بە هێز و توانای عیسا ببەستین، بەو جۆرەی کە لق پشت بە دارمێو دەبەستێت. بەم شێوەیە، مەسیح نەک موسا، شکۆدار دەبێت بەهۆی بەدەستهێنان و ئەنجامدانی پەیمانی نوێ.

بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خوداییەدا (مەرقۆس ١٠: ٢٧)، لەم ژیانەدا ڕاستودروستییەکەمان تەواو و کامڵ نییە وە بەس نییە بۆ ئەوەی لەبەردەم خودا بێتاوان بین. کەواتە داواکاریی عیسا بۆ ئەنجامدانی ویست و خواستی باوکی و پاراستنی فەرمان و ڕاسپاردەکانیشی داواکارین بۆ ئەوەی کە گوێڕایەڵیمان بکەینە بنەمای قبوڵکردنمان لەلای خودا. گۆڕاکاریمان بەرهەمی یەکبوونمانە لەگەڵ عیسا. بەهۆی ئەو یەکبوونەوە، خودا

قبوڵـمان دەکات. وە ئـەو یەکبوونـە لـە ڕێگـەی باوەڕکـردن بـە عیسـاوە دێتـە دی. بەرهـەم و میوە ڕاسـتیی ئـەو یەکبوونـە و ڕاسـتەقینەبوونی باوەڕمـان نیشـان دەدات. ویسـتی خـودا ئەوەیـە کـە بـاوەڕ بـە کوڕەکـەی بکەیـن و چێـژ لـە یەکبوونمـان لەگەڵـی وەربگریـن، وە بحەسـێینەوە لـەوەی کـە خـودا کامڵبـوون و قبوڵکردنـی ئێمـەی ڕاگەیانـدووە، وە لـەوەش کـە بەرهەمـی خۆشەویسـتی دەگریـن.

# داواکاریی بیست و دووەم

## کۆشش بکە بەنێو دەرگا تەنگەکەدا بچیتە ژوورەوە، چونکە ژیان هەمووی جەنگ و شەڕە

«یەکێـک پێـی گـوت: گـەورەم، ئایا کەمـن ئەوانـەی ڕزگاریـان دەبێـت؟» ئەویـش پێـی فەرموون: کۆشـش بکـەن تاکـو لـە دەرگای تەنگـەوە بچنـە ژوورەوە، چونکـە، پێتـان دەڵێـم، زۆر کـەس هەوڵـدەدەن بچنـە ژوورەوە و ناتوانـن» (لۆقـا ١٣: ٢٣- ٢٤)

عیسـا فێرمـان دەکات کـە ژیـان جەنگـە. کاتێـک فەرمـووی: «کۆشـش بکـەن تاکـو لـە دەرگای تەنـگ بچنـە ژوورەوە» (لۆقـا ١٣: ٢٤)، وشـە یۆنانییـە بنەڕەتییەکـە کـە لـە بەرامبـەر «کۆشـش»ی کوریـدا بەکارهاتـووە بریتییـە لـە (ئاگۆنیزەسـتە) کـە دەکاتـە (agonize) لـە زمانـی ئینگیلیزیـدا و بـە واتـای زەحمەتـی و ململانـێ و هەوڵـدان دێـت. بـەڵام گرنگتریـن ڕاسـتی دەربـارەی وشـەی «کۆشـش» ئەوەیـە کـە جارێکـی دیکـە عیسـا لـە (یۆحەنـا ١٨: ٣٦) هەمـان وشـە بەکاردێنێـت کاتـێ کـە دەفەرموێـت ئەگـەر شانشـینەکەی سـەربە ئـەم جیهانـە بووایـە، ئـەوا قوتابییەکانـی دەجەنـگان. «پاشـایەتی مـن لـەم جیهانـە نییـە. ئەگـەر پاشـایەتی مـن لـەم جیهانـە بووایـە، ئـەوا خزمەتکارانـم **دەجەنـگان** تاکـو نەدرێمـە دەسـت ڕابەرانـی جولەکـە». کەواتـە دەسـتەواژەی (هەوڵـدەدەن بچنـە ژوورەوە) لـە (لۆقـا ١٣: ٢٤) واتـە چوونـەژوورەوە جەنگـە.

### کۆشش کردن بۆ چوونە ژوورەوەی چی؟

چوونـەژوورەوەی چـی؟ پاشـایەتی خـودا. ڕاسـتیی ئەمـە وەڵامـە لـەم دەقـەی خـوارەوەدا ڕوونـە. دوای ئـەوەی کـە عیسـا دەفەرموێـت دەبێـت کۆشـش بکەیـن تاکـو لـە دەرگای تەنگـەوە بڕۆینـە ژوورەوە، ئامـاژە بـە گـەورەی ماڵەکـە دەکات کـە دێـت و دەرگاکـە دادەخـات، بـۆ ئـەوەی کەسـی دیکـە نەچێتـە ژوورەوە (لۆقـا ١٣: ٢٥). ئەوانـەی کـە لـە دەرەوە ماونەتـەوە، لـە دەرگا دەدەن و دەڵێـن: «گـەورەم، لێمـان بکـەوە! وەڵام دەداتـەوە: مـن ناتانناسـم و نازانـم ئێـوە خەڵکـی کوێـن. ئەوسـا دەڵێـن: لەگەڵـت خواردمـان و خواردمانـەوە و لـە شـەقامەکانمان فێـرت کردیـن. ئینجـا دەڵێـت: مـن ناتانناسـم و نازانـم ئێـوە خەڵکـی کوێـن. ئـەی هەمـوو بـەدکاران، لێـم دوور بکەونـەوە!» (لۆقـا ١٣: ٢٥- ٢٧).

ئینجـا عیسـا ئـەم وێنەیـە بەسـەر بارودۆخـی ڕاستەقینەی هەندێـک لەوانـەدا جێبەجـێ دەکات کـە لـە شانشـینی خـودا دوور دەخرێنـەوە، لـە کاتێکـدا ناجولەکـەکان لـە هەمـوو شـوێنێکی ئـەم جیهانـەوە دێـن و لـە شانشـینی خـودا لەسـەر مێـزی نانخـواردن دادەنیشـن. «کاتێـک

دەبینن ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و هەموو پێغەمبەران لە شانشینی خودان، بەڵام ئێوە دەرکراون، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت. خەڵکی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوورەوە دێن و لە شانشینی خودا لەسەر خوان دادەنیشن» (لۆقا ١٣: ٢٨- ٢٩).

کەواتە ئەو دەرگا تەنگەی کە دەبێت کۆشش بکەین بۆ ئەوەی لێوەی بڕۆینە ژوورەوە، بریتییە لە دەرگای شانشینی خودا. «گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت (لە دەرەوەی شانشینی خودا)» (لۆقا ١٣: ٢٨). ئەمە یەکێک لە ڕێگاکانی وەسفکردنی دۆزەخ لە لایەن خوداوە «فڕێیان دەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە. جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت» (مەتا ١٣: ٥٠). ئەگەر بەنێو دەرگای تەنگەوە نەڕۆیت، ئەوا لەناودەچیت. «لە دەرگای تەنگەوە بچنە ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایە پانە و ئەو ڕێگایە بەرینە کە بەرەو **لەناوچوون** دەچێت و زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە» (مەتا ٧: ١٣). واتە، ئەوەی کە لەبەردەستماندایە کاتێک عیسا فەرمان دەدات و دەفەرموێت «کۆشش بکەن بچنە ژوورەوە»، بریتییە لە بەهەشت و دۆزەخ. ئەوە کێشەیەکی زۆر جدییە.

## گەورەترین هەڕەشە و مەترسی بریتییە لە گوناهی ڕۆژانەی خۆمان

بەڵام عیسا دەیەوێت دژی چ شتێک کۆشش بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەنێو دەرگا تەنگەکەدا بڕۆینە ژوورەوە؟ ڕێگری و لەمپەرەکان کامانەن؟ ئەگەر ژیان جەنگە، کێ دوژمنەکەیە؟ لە کۆششی ئێمەدا، ئامانجمان زیان گەیاندن بە هیچ کەسێک نییە. عیسا بە ڕوونی پێمان دەڵێت کە دەبێت تەنانەت دوژمنەکانیشمان خۆش بوێت و چاکە لەگەڵ ئەوانەدا بکەین کە ڕقیان لێمانە (لۆقا ٦: ٢٧). تەنها لەبەر ئەویە کە دەڵێین ژیان جەنگە، واتای ئەوە نییە کە دژی خەڵکی بجەنگین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە دژی گوناه بجەنگین، بەتایبەتی گوناهی خۆمان. لەڕاستیدا ئەوە گوناهی خۆمانە کە ڕێگە نادات بڕۆینە نێو شانشینەکەوە، نەک گوناهی کەسانی دیکە. گوناه و هەڵەی کەسانی دیکە ئازارمان دەدات، تەنانەت دەمانکوژێت، بەڵام نابێتە ڕێگر لەبەردەم چوونمان بۆ نێو شانشینی خودا. گوناهی خۆمان گەورەترین هەڕەشە و مەترسییە لەبەردەم چوونمان بۆ نێو شانشینی خودا. بەڵام وەسوەسەی گوناهکردن بە چەندین شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات.

عیسا داوامان لێدەکات کە وریا و هوشیار بین. فرمانی «ئاگادار بن، ئێشک بگرن، وریا بن» یەکێکە لە فرمانە هەرە باوەکان. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئاگادار و چاوکراوە و وریا بین، ئەگەرنا وەسوەسەی ژیان بیروهزرمان بەلاڕێدا دەبات و گوناە بەسەرماندا زاڵ دەبێت و وێرانمان دەکات. عیسا لە باخی گەتسیمانی بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئێشک بگرن و نوێژ بکەن، تاکو نەکەونە ناو تاقیکردنەوەوە. ڕۆح چالاکە بەڵام جەستە لاوازە»

(مەرقۆس ١٤: ٣٨). ئـەم داواکارییـە بـۆ هەتاهەتایـە دەبێـت جێبەجـێ بکرێـت و بایەخـی پـێ بدەیـن. وەسوەسـە و تاقیکردنـەوە زۆر زۆر و فراوانـە، عیسـا بـە شـتێکی بچـووک و ئاسـایی چـاوی لـێ نـاکات. بۆیـە دەبێـت ئێشـک بگریـن و ئـاگادار بیـن.

مـن دەڵێـم ئـەم داواکارییـە بـۆ هەتاهەتایـە گرنگـە، چونکـە عیسـا دەفەرموێـت کـە ڕۆژانـی پێـش گەڕانـەوەی عیسـا ڕۆژانێکـی ئاسایی دەبێـت. دەفەرموێـت وەکـو ڕۆژانـی پێـش لافاوەکـەی نـوح کـە هـات و هەمـوو شـتێکی لەگـەڵ خـۆی بـرد، ژیـان ئاسـایی و سروشـتی دێتـە پێـش چـاو و کـەس گومانـی هیـچ شـتێک نـاکات. واتـە، خەڵکـی ئێشـک ناگـرن و ئـاگاداری هیـچ نیـن. ژیـان زۆر ئاسـایی دێتـە پێـش چـاو، بۆیـە خەڵکـی ئاگایـان لـە هیـچ نییـە. «وەک چـۆن لـە ڕۆژانـی پێـش لافاوەکـە دەیانخـوارد و دەیانخـواردەوە، ژنیـان دەهێنـا و مێردیـان دەکـرد، هەتـا ئـەو ڕۆژەی نـوح چـووە نـاو کەشـتییەکە، کـەس نەیدەزانـی چـی ڕوودەدات، هەتـا لافاوەکـە هـات و هەمـووی بـرد. هاتنـەوەی کـوڕی مرۆڤیـش ئـاوا دەبێـت. لەبـەر ئـەوە ئێشـک بگـرن، چونکـە نازانـن لـە چ ڕۆژێکـدا مەسـیحی خـاوەن شـکۆتان دێتـەوە» (مەتـا ٢٤: ٣٨- ٣٩). هیـچ شـتێک لـە خـواردن و خواردنـەوە پێکهێنانـی ژیانـی هاوسـەرگیری ئاسـاییتر نییـە. مەبەسـتی سـەرەکی لێـرەدا ئەوەیـە کـە دەبێـت هەمیشـە ویـار و ئـاگادار بیـن، نـە تەنهـا ئـەو کاتـەی کـە هەسـت بـە مەترسـی دەکەیـن. ئەوانـە هەمیشـە مەترسـیدارن. وەسوەسـەی وێرانکـەری بێبـاوەڕی و گونـاه هەمـوو ڕۆژێـک و لـە ژیانـی ئاساییدا بوونیـان هەیـە. کۆشـش کـردن بـۆ تێپەڕبـوون بەنێـو درگای تەنگـدا داواکارییەکـی ڕۆژانـە و هەتاهەتاییـە.

## ئازار و چێژ دەتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم چوونە ژوورەوەمان بەنێو دەرگای تەنگدا

داواکاریـی عیسـا دەربـارەی کۆششـکردن لایەنێکـی زۆر لەخـۆ دەگرێـت. بەشـە خۆشـەکانی ژیـان و بەشـە ناخۆشـەکانی ژیـان کـە زیانـی بـۆ ڕۆح و دەروون هەیـە. عیسـا لـە نموونـەی چـوار جـۆر زەوییەکـەدا، دەربـارەی هـەردوو لایەنەکـە ئاگادارمـان دەکاتـەوە. لایەنـی خـۆش و ناخۆشـی ژیـان هەڕەشـەی لەناوبردنـی کاری پـڕ لـە بـاوەڕی وشـەی خـودا لـە ژیانمانـدا دەکات. کاتێـک وشـەی خـودا دەکەوێتـە سـەر بەردەڵانەکـە، دەڕوێـت و پاشـان وشـک دەبێـت و دەمرێـت. ئەمـە مەبەسـتی لـەو کەسـانەیە کـە وشـەکە دەبیسـتن پاشـان «تووشـی تەنگانـە و چەوسـانەوە دەبـن، یەکسـەر دەکـەون» (مەتـا ١٣: ٢١). ناتوانـن بەنێـو دەرگا تەنگەکـەدا بـڕۆن.

کاتێـک وشـەکە دەکەوێتـە نێـو زەوییەکـی دڕکاوی، دەڕوێن، بـەڵام دواتر دەمرن. ئەمە مەبەسـتی لـەو کەسـانەیە کـە وشـەی خـودا دەبیسـتن، بـەڵام «بـە خەفـەت و سـامان و خۆشـییەکانی ژیـان دەخنکێـن» (لۆقـا ٨: ١٤). ئەوانیـش ناتوانـن بەنێـو دەرگای تەنگـەوە بـڕۆن. کەسـێک بەهـۆی ئـازارەوە دەکەوێـت (چەوسانەوە و ناخۆشـی ژیـان)، کەسـێکی دیکـە بەهـۆی خۆشـی و چێـژەوە

دەکەوێـت (دەوڵەمەنـدی و خۆشـیی ژیـان). «کۆشـش کـردن» بابەتێکـی هەمەلایەنەیـە. لـەم ژیانـەدا شـوێنێک نییـە کـە جەنگـی تێـدا نەبێـت.

لەوانەیـە بەلامانـەوە سـەیر بێـت کـە داواکاریـی عیسـا سـەبارەت بـە کۆشـش کـردن کـە بـە واتـای ئاگاداربـوون و وریابوونیـش دێـت، زۆرتـر بەسـەر خۆشـی و چێژەکانـی ژیانـدا جێبەجـێ دەبێـت نـەک ناخۆشـی و ئـازار و سـەختی. هەنـدێ کـەس بەهـۆی ئـازار و ناخۆشـییەوە لـە خـودا دوور دەکەونـەوە، بـەڵام زۆربەمـان بەهـۆی خۆشـی و چێـژەوە لـە خـودا دوور دەکەوینـەوە. زۆر بـە دەگمـەن ڕێدەکەوێـت خۆشـی و چێـژ پێـت بڵێـت کـە پێویسـتت بـە خودایـە؛ ئـازار زۆربـەی کات وشیارت دەکاتـەوە و پێـت دەڵێـت کـە پێویسـتت بـە خودایـە. بۆیـە عیسـا زۆرتـر بەلایـەوە گرنگـە کە زیاتـر لـە سـەختی و ناخۆشـی، مەترسـی و هەڕەشـەی خۆشـگوزەرانی و چێژمـان بـۆ ڕوون بکاتـەوە.

## مەترسییەکانی پێداهەڵدان و خۆشی دنیایی

یەکێـک لـە هـۆکارە بنەڕەتییەکانـی دوورکەوتنـەوە لـە شانشـینی خـودا بریتییـە لـە پێداهەڵدانـی مرۆڤـەکان. عیسـا لـە (لۆقـا ٢٠: ٤٦)دا دەفەرموێـت: «ئـاگاداری مامۆسـتایانی تـەورات بـن، حـەز دەکـەن بـە جلـی شـۆڕەوە بگەڕێـن و پێیـان خۆشـە لـە بـازاڕدا سـڵاویان لـێ بکرێـت، لـە کەنیشـتەکان ڕێـزی پێشـەوە بگـرن و لـە میوانیشـدا لای سـەرەوە». «ئـاگادار بـن» لێـرەدا واتـە سـەرنج بـدەن و وریـا بـن. لێـرەدا عیسـا ئاگادارمـان دەکاتـەوە کـە خۆمـان لـەو کەسـانە بـەدوور بگریـن کـە لەپێنـاو پێداهەڵدانـی کەسـانی دیکـەدا دەژیـن. «هۆشـیار بـن و نەکـەن لەبەرچـاوی خەڵـک چاکـە بکـەن بـۆ ئـەوەی بتانبینـن، ئەگینـا لـەلای باوکـی ئاسمانیتان پاداشـتتان نابێـت» (مەتـا ٦: ١). بێگومـان هەسـتێکی خۆشـمان هەیـە کـە خەڵکـی باسـی چاکـە و باشـەی ئێمـە دەکـەن کـە لەوانەیـە ئـەوە شـتێکی خـراپ نەبێـت، بـەڵام مەترسـیدارە. کاتـی ئەوەیـە کـە ئـاگادار و وریـا بیـن. «قوڕبەسـەرتان کاتێـک هەمـوو خەڵـک ستایشـتان دەکات، چونکـە باوباپیرانیـان ئاوایـان بـۆ پێغەمبـەرە درۆزنـەکان کـردووە «(لۆقـا ٦: ٢٦).

لەمـە ڕوونتـر بریتییـە لـە فێـڵ و فریـوی خۆشـی و چێـژی دنیایـی. عیسـا تیشـک دەخاتـە سـەر کحـول و کاریگەرییـە زیانبەخشـەکان کـە لەسـەر مێشـک و جەسـتەمان هەیەتـی. عیسـا دەفەرموێـت: «ئـاگاداری خۆتـان بـن، نـەوەک دڵتـان لەسـەر ڕابـواردن و سەرخۆشـی و خـەم و خەفەتـی ژیـان بێـت و ئـەو ڕۆژە لەنـاکاو وەک تەڵـە بەسـەرتاندا بـدات» (لۆقـا ٢١: ٣٤). حـەب و خـواردن و کاری ئەوهـا هـەن کـە دڵمان لەسـەر ڕێ لادەدەن. وا دەکـەن دڵمان خـاو ببنـەوە. ئەمـە ڕێـک پێچەوانـەی کۆششـکردن و ئاگاداربوونـە. ئەگـەر سـەرقاڵی ڕابـواردن و سەرخۆشـی بیـن و حـەب و کحـول بەکاربهێنیـن و بـەو هۆیـەوە ئـاگاداری و وریابوونمـان خـاو بکەینـەوە، ئـەوا ناتوانیـن بەنێـو دەرگای تەسـکدا بڕۆیـن.

## پارە هەڕەشەیەکی کاتییە بۆ تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگدا

ئەو مەترسییەی کە عیسا زۆر جار ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە هەڕەشەی پارە و پوڵ. مەترسییەکی کاتییە. بەهەشت و دۆزەخ پشت بە هاوسەنگی وریابوونمان بەرامبەر فێڵ و تەڵەکەی پارە دەبەستێت. عیسا بە وشەکانی هەتا توانی ئەم بابەتەی ڕوون کردەوە: «ئاسانترە وشترێک بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە» (مەرقۆس ١٠: ٢٥). کێشەکە چوونە نێو شانشینی خودایە. تیکۆشان لەپێناو پارە و پوڵدا بریتی نییە لە تێکۆشانێک کە بەرەو دەرگا تەسکەکەت ببات.

چەندین جار عیسا ئاگاداری کردووینەتەوە کە وریای پارە و ماڵ و سامان بین. «لەسەر زەوی سامان بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە» (مەتا ٦: ١٩). «ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن» (مەتا ٦: ٢٤). «جا خەم مەخۆن بڵێن، چی بخۆین؟ یان چی بخۆینەوە؟ یان "چی لەبەر بکەین؟» (مەتا ٦: ٣١). «بەڵام خەمی ژیان و فریوخواردنی دەوڵەمەندی و ئارەزووی شتەکانی دیکە دێنە ناوەوە و پەیامەکە دەخنکێنن» (مەرقۆس ٤: ١٩). «ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بە خێر ببەخشن» (لۆقا ١٢: ٣٣). «سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت» (مەتا ٦: ٢١). «هەر یەکێکتان ئەگەر واز لە هەموو شتێک نەهێنێت کە هەیەتی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من» (لۆقا ١٤: ٣٣). «بەڵام قوڕبەسەرتان ئەی دەوڵەمەندان، چونکە خۆشگوزەرانی خۆتان لێرە وەرگرتووە» (لۆقا ٦: ٢٤). «ئینجا چاوی بۆ قوتابییەکانی هەڵبڕی و فەرمووی: خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە، ئەی هەژاران، چونکە شانشینی خودا بۆ ئێوەیە» (لۆقا ٦: ٢٠). «بە خەڵکەکەی فەرموو: ئاگادار بن و خۆتان لە هەموو جۆرە چاوچنۆکییەک بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە» (لۆقا ١٢: ١٥).

## چاوی تەندروست یارمەتیمان دەدات تێبکۆشین بۆ ئەوەی بەنێو دەرگا تەسکەکەدا بڕۆین

وا دیارە کە تێکۆشان لەپێناو چوونە نێو شانشینی خودا لە ڕێگەی دەرگا تەنگەکەوە بریتییە لە شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ پارە. دەبێت لێرەدا ڕاوەستین، چونکە عیسا ڕاوەستا. گرنگییەکی زۆر بە چاومان دەدات کاتێک کە دێینە سەر بایەخدان بە ژیان. ئەم بابەتە لە دەقێکی سەرسوڕهێنەردا دەبینین: عیسا لە (مەتا ٦: ٢٢- ٢٣)دا دەفەرموێت: «

چاو چرای جەستەیە، ئەگەر چاوت ساغ بێت، ئەوا جەستەت هەمووی ڕووناکییە، بەڵام ئەگەر چاوت ساغ نەبێت، ئەوا هەموو جەستەت تاریک دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێ تاریکی چۆن بێت!» واتە، ئەگەر چاو باش بێت، ئەوا هەموو جەستە پڕ دەبێت لە ڕووناکی. بەڵام ئەگەر چاو خراپ بێت، ئەوا هەموو جەستە پڕ دەبێت لە تاریکی. بە واتایەکی دیکە، ئەوەی تۆ چۆن ڕاستیی

دەبینیت، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئاخۆ تۆ لەنێو تاریکیت یان ڕووناکی.

ئاساییە ئەگەر ئێستا بپرسیت و بڵێی ئاخۆ ئەوە چ پەیوەندییەکی بە پارەوە هەیە؟ پێش هەموو شتێک، سەرنجی ئەوە بدەن کە ئەم وتانەی عیسا دابەش بووە بەسەر دانانی ماڵ و سامان لە ئاسمان (٦: ١٩- ٢١) لەگەڵ ئاگاداربوونی ئەوەی کە تۆ ناتوانیت هاوکات خزمەتی پارە و خودا بکەیت (٦: ٢٤). بۆچی ئەم وتەیە کە باسی چاوی باش و خراپ دەکات دابەش بووە بەسەر دوو فێرکردن دەربارەی پارە؟ پێم وایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو شتەی وا دەکات چاو باش بێت، بریتییە لەوەی کە چۆن خودا دەبینێت کاتێک پارە دێتە بەر باس. ئەمە کێشەی هەردوو لایەنی ئەم وتەیەی عیسایە. لە (مەتا ٦: ١٩- ٢١) دا کێشەکە ئەمەیە: دەبێت چاوت لەسەر پاداشتی ئاسمان بێت، نەک زەمین. بە کورتی: چاوت لەسەر خودا بێت، نەک پارە. لە (مەتا ٦: ٢٤) پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دەتوانیت خزمەتی دوو گەورە بکەیت. وەڵام: ناتوانیت هاوکات خزمەتی خودا و پارەش بکەیت.

ئەمە وەسفی دوولایەنەی ڕووناکییە! ئەگەر لە ئاسمان سامان بۆ خۆت کۆ بکەیتەوە نەک زەوی، ئەوا بەنێو ڕووناکیدا دەڕۆی. ئەگەر خزمەتی خودا بکەیت، نەک پارە، ئەوا بەنێو ڕووناکیدا دەڕۆی. لەنێو ئەم دوو وەسفەی ڕووناکیدا، عیسا دەفەرموێت کە چاو چرای جەستەیە و چاوی باش ڕووناکییەکی دێنێتە کایەوە. کەواتە، چاوی باش کامەیە کە ڕووناکییەکی زۆر بەرهەم دێنێت و چاوی خراپ کامەیە کە لەنێو تاریکیدا دەمانهێڵێتەوە؟

## چاوی باش چییە؟

لە (مەتا ٢٠: ١٥) بیرۆکەیەکمان دەست دەکەوێت. عیسا لەوێدا دەفەرموێت کە ئەو کرێکارەی یەک کاتژمێر ئیشی کردووە بە هەمان ئەندازەی ئەو کەسە پارەی پێ دەدرێت کە تەواوی ڕۆژ کاری کردووە، چونکە خاوەن کارەکە بە بەزەییە و دڵفراوانە. هەروەها، پێش دەستبەکاربوونیان، هەموویان بە کرێکەیان ڕازی بوون. ئەوانەی کە تەواوی ڕۆژ کاریان کردبوو، بۆڵەبۆڵیان کرد کە بۆچی ئەو کەسەی یەک کاتژمێر کاری کردووە ئەو هەمووە پارەیەی پێ دراوە. عیسا لێرەشدا بە هەمان شێوەی (مەتا ٦: ٢٣) وەڵام دەداتەوە: «چاوت خراپە چونکە من باشم؟» (وەرگێڕانی وشە بە وشە).

خراپی چاویان لە چیدا بوو؟ خراپییەکەی ئەوە بوو کە بەزەیی خاوەنکارەکەیان بە شتێکی جوان نەدەبینی. بەڵکو بە ناشرینیان دەبینی. ڕاستی و حەقیقەت وەکو خۆی چاو لێ ناکەن. چاوێکیان نییە کە بتوانن بەزەیی لە پارە و پوڵ بەنرختر ببینن.

ئێستا ئەو تێگەیشتنەی سەبارەت بە «چاوی خراپ» هەمانە بەسەر (مەتا ٦: ٢٣)دا جێبەجێی بکە و بزانین جیاوازی چییە لە نێوا ئەمە و چاوی باشدا. چاوی باش دەبێت

چی بێت کە پڕمان دەکات لە ڕووناکی؟ چاوێک دەبێت کە دەستکراوەیی خاوەنکارەکە گرنگتر و بایەخدارتر دەزانێت لە پارە. واتە، چاوی باش خودا و ڕێگاکانی زۆر بە بایەخەوە چاو لێدەکات نەک پارە و ماڵ و سامان. چاوی باش شتەکان بەو جۆرە دەبینێت کە هەیە. خودا بەڕاستی لە هەموو ئەو شتانە بەهادارترە کە پارە کە دەتوانێت بیکڕێت.

تۆ خاوەنی چاوی باشیت ئەگەر چاوت لەسەر خودا بێت و حەز بکەیت دیاریی هەبوونی پەیوەندیت لەگەڵ ئەو پەرە پێ بدەیت - واتە، کۆکردنەوەی ماڵ و سامان لە ئاسمان. خاوەنی چاوی باشیت ئەگەر بێتو تماشای پارە و خودا بکەیت و خودا بە زۆر بەهادارتر و گرنگتر ببینیت. بە واتایەکی دیکە، «چاوی باش» چاوێکی بەهادار و دانایە، چاوێکە کە چاک و خراپ لە یەکتر جودا دەکاتەوە، چاوێکە دەزانێت دەبێت ڕێز لە چی بگرێت. تەنها ڕاستیی دەربارەی خودا و پارە نابینێت. تەنها ڕاست و هەڵە لەبەرچاو ناگرێت. بەڵکو جوانی و ناشرینی دەبینێت؛ هەست بە بەها و بێ بایەخیی دەکات؛ دەزانێت چ شتێک پەسەندە و چ شتێک ناپەسەند. بینینی چاوی باش بێلایەن نییە. کاتێک خودا دەبینێت، خودا جوان و پەسەند دەبینێت.

لەبەر ئەوەیە کە چاوی باش بەرەو ڕێگای ڕووناکیمان دەبات: سامان لە ئاسمان کۆ دەکاتەوە و خزمەتی خودا دەکات نەک پارە. چاوی باش چاوێکی یەک لایەنەیە. یەک گەنجینەی هەیە، کە ئەویش خودایە. کاتێک ئەوە لە ژیانتدا ڕوودەدات، تۆ پڕیت لە ڕووناکی. وە ئەمە زۆر گرنگە کە عیسا لە (لۆقا ١١: ٣٥)دا دەفەرموێت: «ئاگادار بە ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە نەبێت بە تاریکی». واتە، ئاگادار بن. ئاسایی و خاو و کەمتەرخەم مەبن. تێبکۆشن، ململانێ بکەن، لەپێناو پاراستنی چاوتان بە باشی، بجەنگن. ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەوەی خودا بەهادار و پەسەند بینینی ئەنجامی بدە، نەک پارە.

لە بەشی دواتردا بەردەوام دەبین لە دەرخستنی ڕاسپاردەی عیسا دەربارەی تێکۆشان لەپێناو چوونە نیو دەرگای تەنگ. دەبینین کە چۆن داوامان لێدەکات ئاگادار و وریای مامۆستا و مەسیحی درۆزن و کتوپڕی گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی بین. ئینجا دێینە سەر پرسیاری ئەوەی کە چۆن داواکاریی ئاگاداربوون لەگەڵ ئەو داوکارییەی دەگونجێت کە دەفەرموێت لەنێو مندا پشوو بدەن. چۆن ڕژدبوونی وریابوون لەگەڵ شیرینبوونی چاودێریکردنی عیسادا دەگونجێت؟

# داواکاریی بیست و سێیەم

## کۆشش بکە بەنێو دەرگا تەنگەکەدا بچیتە ژوورەوە، چونکە عیسا پەیمانی نوێ دێنێتە دی

«لە دەرگای تەنگەوە بچنە ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایە پانە و ئەو ڕێگایە بەرینە کە بەرەو لەناوچوون دەچێت و زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.» (مەتا ٧: ١٣- ١٤).

«بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، کە لە پێناوی ئێوە دەڕژێت.» (لۆقا ٢٢: ٢٠).

ئاگاداریی عیسا سەبارەت بە وریابوون - «تێبکۆش بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆنە ژوورەوە» - بەهۆی ئەو هەمووە مەترسییەوەیە کە هەڕەشەن بۆ سەر گیان و دەروونمان. یەکێک لەو شتانەی کە عیسا بەردەوام لەسەر زاریدا بوو، بریتی بوو لە «ئاگادار بە! وریا بە!» لە بەشی پێشتردا بینیمان کە پێویستە ئاگاداری مەترسیی ئازار و چێژ بین: هەڵخەڵەتاندنی پارە، پێداهەڵدانی مرۆڤ، فێڵ و تەڵەکەی ڕابواردن و خۆشیی دنیایی. ئێستا دێینە سەر مەترسی پێغەمبەر و مەسیحی درۆزن وە مەترسی نۆستالژیای ئەو ڕۆژانەی کە باجی قوتابیبوونی مەسیح زۆر نەبوو. ئینجا دێینە سەر پرسیارێکی گرنگ: ئایا ئاگاداربوون و ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایە بۆ تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگدا لەگەڵ بانگهێشتە شیرینەکەی عیسا بۆ هاتن بۆ لای ئەو و پشوودان‌دا دەگونجێت؟

### مەترسیی مامۆستا و مەسیحی درۆزن

عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە مامۆستا و تەنانەت مەسیحی درۆزینیش زۆر دەبن و سەرهەڵدەدەن. لەڕاستیدا، یەکەم ئاگاداری کە پێمان دەدات دوای گوتنی «تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت» بریتییە لەمە: «ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی دڕندەن. بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە. ئایا ترێ لە دڕک دەکرێتەوە یان هەنجیر لە چقڵ» (مەتا ٧: ١٥- ١٦). ئەمە ئاگادارییەکی سادە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ژیان و مردنەوە: «چەند مەسیحێکی درۆزن و پێغەمبەرانی درۆزن دەردەکەون، نیشانە و پەرجوو دەکەن، تاکو ئەگەر بکرێ تەنانەت ئەوانەی هەڵبژێردراون هەڵبخەڵەتێنن. بەڵام ئاگاداربن، ئەوا پێشوەخت هەموو شتێکم پێ گوتن» (مەرقۆس ١٣: ٢٢- ٢٣). وریا بن! چاو کراوە بن! ئاگادار بن! تێبکۆشن بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆنە ژوورەوە.

عیسا پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو دەرگایەی بەرەو ژیانت دەبات تەسکە. هەموو ئیدعا و بانگەشەیەک بەنێو ئەو دەرگا تەسکی شانشینی یەزداندا تێپەڕ نابێت. چەندین مەسیحی درۆزن سەرهەڵدەدەن. لێرەدا مەسیح واتە، مەسیحی جولەکە - ئەوەی کە هەموو بەڵێنەکانی خودا دێنێتە دی و شانشینی خودا دێنێت و لەسەر تەختی پاشایەتی داود دادەنیشێت و حوکمی هەموو جیهان دەکات. تەنها یەک مەسیح بوونی هەیە، ئەوانەی دیکە دەچنە چوارچێوەی «مەسیحی درۆزن»ەوە. عیسا تاکە مەسیحی ڕاستەقینەیە. بۆیە، دەرگاکە وەکو باوەڕکردن بە مەسیح تەنگە، کە تاکە مەسیح و پاشای پاشایانە.

لە ئۆفیسەکەم لەگەڵ شوێنکەوتووانی مەسیحێکی دیکە دانیشتبووم و بەڵێنیان دا کە ڕوو بکەنە تاکە مەسیحی ڕاستەقینە کە عیسای مەسیحە. گوتیان کە مەسیح لەم ڕۆژگارەدا هاتووە و گەلێکی تایبەت بە خۆی کۆ کردووەتەوە. منیش (لۆقا ١٧: ٢٤)م بۆ خوێندنەوە بۆ ئەوەی پێیان نیشان بدەم کە عیسا فەرموویەتی کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر زەوی هەموو جیهان دەزانن بۆ ئەوەی هەرکەسێک پێشوەخت ئیدعای مەسیحبوونی کردووە بە درۆ بکەوێتەوە: «وەک ئەو بروسکەیەی لە لایەکەوە لەژێر ئاسماندا بروسکە دەدات لایەکی دیکە لەژێر ئاسماندا ڕووناک دەکاتەوە، کوڕی مرۆڤیش لە ڕۆژی خۆیدا بەو شێوەیە دەبێت». گوتیان بۆ ئەوەی کە بتوانم لە واتای شاراوەی ئەم ئایەتە تێبگەم، پێویستە کتێبێکم بخوێنمەوە کە ڕابەرەکەیان نووسیویەتی، ئەویش ئەو «مەسیح»ە بوو کە ئەوان باوەڕیان پێی بوو. کاتێک کە ڕۆیشتن، لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەمەوە تەماشام دەکردن و نوێژم بۆ دەکرد لە کاتێکدا بەرەو گەراجی ئۆتۆمبێلەکان دەڕۆیشتن. سوپاسی خودام کرد کە خودا یارمەتی دام وریا و ئاگادار بم. عیسا فەرمووی کە ئەمە ڕوودەدات، وە کاتێک ڕوویدا یارمەتی دام کە ئاگادار بم. ئەم جۆرە وریاییە بەشێکە لەوەی کە بە واتای «تێبکۆشن بۆ ئەوەی بەنێو دەرگای تەسکدا بڕۆن» دێت.

## تۆ نازانیت کەی پەروەردگار دێت

ئەوەی کە وا دەکات داواکاریی عیسا سەبارەت بە وریابوون و تێکۆشان بکاتە شتێکی نائاسایی زەروورىی ئەو ئاگادارییەیە کە گەڕانەوەی دووەمی بە لای هەموومانەوە نەزانراوە. «لەبەر ئەوە ئێشک بگرن، چونکە نازانن لە چ ڕۆژێکدا مەسیحی خاوەن شکۆتان دێتەوە. ئێشک بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن» (مەتا ٢٤: ٤٢؛ ٢٥: ١٣). کاتێ کە عیسا پێمان دەڵێت ئاگادار بن و ئێشک بگرن لەبەر ئەوەیە کە ئێمە کاتی گەڕانەوەی نازانین، بێگومان مەبەستی ئەوە نییە کە نەخەوین و تەماشای پەنجەرەکانی ماڵەکەمان بکەین. ئێمە ئەمە دەزانین چونکە فەرمانی «ئێشک بگرن» لوتکەی چیرۆکی دە پاکیزەکەیە، کە پێنجیان دانا بوون و پێنجەکەی دیکەش گێل، بەڵام هەموویان خەویان لێ کەوتبوو. داناکان دڵنیا بوون

لەوەی کە زەیتی پێویست لەنێو چراکانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی کاتێک کە زاوا دێت، بڕۆنە دەرەوە و پێشوازی لێ بکەن. ئەوە ئیشی ئەوان بوو. عیسا دەفەرموێت کە هەر دەکەیان ماندوو بوون و خەویان لێ کەوت (مەتا ٢٥: ٥). بێگومان عیسا ڕەخنە لە پێنج کچە داناکەش ناگرێت کە خەویان لێ کەوتووە.

کاتێک کە زاوا لە نیوەشەودا دەرکەوت (کە بە واتای گەڕانەوەی عیسا دێت بۆ سەر زەوی لە کاتێکی نادیاردا)، عیسا دەفەرموێت: «ئەوانەی ئامادە بوون لەگەڵی چوونە ژوورەوە بۆ زەماوەندەکە و دەرگا داخرا» (مەتا ٢٥: ١٠). کچە گێلەکان دەبوا بڕۆیشتبان زەیتیان پەیدا کردبا، چونکە خۆیان ئامادە نەکردبوو. کاتێ کە گەڕانەوە، هاواریان کرد و گوتیان: «گەورەم، گەورەم! دەرگامان لێ بکەرەوە!» (مەتا ٢٥: ١١). بەڵام زاواکە (لێرەدا مەبەست لە عیسایە) وەڵامی دایەوە: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، من ناتانناسم» (مەتا ٢٥: ١٢). ئەو وانەیەی کە عیسا دەیەوێت لێرەدا فێرمان بکات، ئەمەیە: «ئێشک بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن» (مەتا ٢٥: ١٣). بەڵام هەر دە کچەکە خەوتبوون، بە کچە داناکانیشەوە. بەمەدا دەزانین کە کاتێک عیسا دەفەرموێت «ئاگادار بن!» مەبەستی ئەوە نییە کە خەو و خۆراک لە خۆمان حەرام بکەین و چاومان لەسەر پەنجەرەکانمان بێت.

عیسا مەبەستی ئەوەیە کە ئاگاداری ژیانت بە. ئاگاداری فەرمانەکانی زاوا (عیسا) بە. کچە داناکان خواست و ویستی گەورەکەیان جێبەجێ کردبوو: چراکانیان بەتەواوی ئامادە کردبوو. خەوتن شتێکی ئاسایی بوو، چونکە کارەکانیان پێشوەخت ئەنجام دابوو. بۆیە ڕێگایەک بۆ وەسفکردنی «تێبکۆشن بۆ ئەوەی بەنێو دەرگای تەسکدا بڕۆن» ئەمەیە: بانگهێشتەکەت جێبەجێ بکە. تێبکۆشە داواکاری خودا جێبەجێ بکەیت. خۆشحاڵ دەبیت ئەگەر عیسا بێت و ببینێت کە دڵسۆزانە خەریکی دەرخستنی شکۆمەندیی ئەوی. «ئەو سەرکارە دڵسۆز و ژیرە کێیە کە گەورەکەی دەیکاتە چاودێری کۆیلەکانی تاکو لە کاتی خۆیدا بەشە خۆراکیان بداتێ؟» (لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٣). تێکۆشان بۆ تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەسکدا ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە دڵسۆزانە ئەو کارە ئەنجام بدەین کە عیسا پێی سپاردووین. وەکو چۆن لە یەکێک لە نموونەکانیدا دەفەرموێت: «هەتا دێمەوە بازرگانی بکەن» (لۆقا ١٩: ١٣). بە هەموو هێز و تواناتەوە داواکارییەکەی ئەنجام بدە.

## بەرگەگرتن و مەترسیی نۆستالژیا

یەکێک لەو وەسوەسە سەرەکییانەی کە وا دەکات نەتوانین داواکاریی عیسا جێبەجێ بکەین، ئەوەیە کە لە جەنگدا نیگەرانی داماندەگرێت و تەماشای ڕابردوو دەکەین و بۆمان دەردەکەوێت کە پێش ئەوەی شوێن عیسا بکەوین، ژیان زۆر ئاسانتر بوو. تێبکۆشە کە

بەنێـو دەرگای تەنگـدا بـڕۆی واتـە، لەپێنـاو بەرگەگرتنـدا بجەنگـە. گەرموگوڕیـی زۆرێـک لـە باوەڕدارانـی مەسـیح سارد دەبێتـەوە و دوور دەکەونـەوە. عیسـا دەفەرموێـت: «لەبـەر زۆربوونـی خراپـە، خۆشەویسـتی زۆر کـەس سـارد دەبێتـەوە. بـەڵام ئـەوەی تاکـو کۆتایـی دانبەخۆیـدا بگرێـت، ڕزگاری دەبێـت» (مەتـا ٢٤: ١٢- ١٣). واتـە، یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە وا دەکـەن دەرگای شانشـینی خـودا تەنـگ بێـت، ئەوەیـە کـە تێکۆشـان بـۆ چوونـە ژوورەوە دەبێـت هەتـا کۆتایـی بـەردەوام بێـت.

بۆیـە، عیسـا لـە بەرامبـەر نۆسـتالژیای ڕۆژانـی پێشـتری پـڕ لـە ڕابـواردن ئاگادارمـان دەکاتـەوە. دەفەرموێـت کـە فشـاری ڕۆژانـی کۆتایـی ئـەم زەمانـە وا دەکات کـە خەڵکـی ئـاوڕ بدەنـەوە و هەوڵـی گەڕانـەوە بـدەن. بۆیـە زۆر بـە سـادەیی، ئاگادارمـان دەکاتـەوە و دەفەرموێـت: «ژنەکـەی لوتتـان بەبیـر بێتـەوە» (لۆقـا ١٧: ٣٢). ئەمـە باسـی ژنێـک دەکات لـە پەیمانـی کۆنـدا کـە سـەدۆمی نیشـتمانی بەجێدەهێڵێـت، چونکـە خـودا بەهـۆی گوناهـی خەڵکـەوە شـارەکەی وێـران دەکـرد. بەداخـەوە، ئەویـش وەکـو زۆرێـک لەوانـەی کـە خۆیـان بـە بـاوەڕدار دەزانـن و ڕێـگای کۆنـی گونـاە بەجێدەهێڵـن، ئـاوڕ لـە دواوە دەداتـەوە. «ژنـی لـوت سـەیری دواوەی کـرد، جـا بـووە سـتوونێکی خـوێ» (پەیدابـوون ١٩: ٢٦). خـودا دڵێکـی بتپەرسـتی لـە ژنەکـەدا بینـی کاتێـک کـە ئـاوڕی دایـەوە و ڕوانییـە سـەدۆم. ئـەوە خۆشەویسـتیی ڕاسـتەقینەی بـوو، نـەک خـودا. تێکۆشـان بـۆ چوونەنێـو دەرگای تەسـک واتـە گرنگیـدان و جێبەجێکردنـی داواکارییەکانـی عیسـا: «هەرکەسـێک دەسـت لەسـەر گاسـن دابنێـت و ئـاوڕ لـە دواوە بداتـەوە، بەکەڵکـی شانشـینی خـودا نایـەت» (لۆقـا ٩: ٦٢).

## چۆن تێکۆشان بۆ تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگدا پەیوەندی هەیە بە پشوودان لە مەسیحدا؟

دەبێـت ئێسـتا ئـەم پرسـیارە بکەیـن: ئایـا ئـەم هەمـوو ئاگادارییـە و تێکۆشـانە بـۆ تێپەڕبـوون بەنێـو دەرگای تەنگـدا لەگـەڵ بانگهێشـتە شـیرینەکانی عیسـا دەگونجێـت کـە دەفەرموێـت وەرن و بەهـۆی منـەوە بحەسـێنەوە و پشـوو بـدەن؟ ئەگـەر ئـەم تێکۆشـان و وریابوونـە شـێوازێکی ناخـۆش و بێزارکـەری ژیانـە، لەبیـرت بێـت کـە عیسـا سەرزەنشـتی مامۆسـتایانی تەوراتـی کـرد کـە بـاری خەڵکـی بـە شـەریعەتی مەحـاڵ قـورس دەکـەن لەکاتێکـدا خۆیـان یارمەتییـان نـادەن: «قوڕبەسـەر ئێـوەی تەوراتناسـیش، بارێـک دەخەنـە سـەر شـانی خەڵکی کـە هەڵگرتنـی زەحمەتە، بـەڵام خۆتـان پەنجەیەکیـش لـە بارەکـە نـادەن» (لۆقـا ١١: ٤٦). وە لـە هەمـووی گرنگتر، ئـەوەت لەبیـر بێـت کـە چـۆن عیسـا بانگهێشـتی خەڵکـی کـرد: «وەرن بـۆ لام ئـەی هەمـوو مانـدووان و بارگرانـەکان، مـن دەتانحەسـێنمەوە. نیـری مـن بخەنـە سـەر خۆتـان و لـە منـەوە فێربـن، چونکـە دڵنـەرم و بێفیـزم، حەسـانەوەش بـۆ دەروونتـان دەدۆزنـەوە، چونکـە نیرەکـەم گونجـاوە و بـارم سـووکە» (مەتـا ١١: ٢٨- ٣٠).

ئـەوەی کـە وا دەکات داواکاریـی عیسـا بـۆ تێکۆشـان و وریابـوون قـورس بـکات، ئـەو گریمانەیـە کـە ئێمـە بـە تەنهایـن و کـەس یارمەتیـمان نـادات. ئێمـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی پێـمان وایـە کـە ئەگـەر عیسـا فەرمانـمان پـێ بـکات کـە کارێـک ئەنجـام بدەیـن و ئـەو کارە مەرجـی چوونـە نێـو شانشـینی خـودا و بەدەسـتهێنانی ژیانـی هەتاهەتایـی بێـت، ئـەوا عیسـا خـۆی دەکشـێتەوە و دەڕوانێتـە ئێمـە ئاخـۆ دەتوانیـن ئەنجامـی بدەیـن یـان نـە. سروشـتی ئێمـە بـە جۆرێکـە کـە پێمان وا نییـە ئەگـەر عیسـا فەرمانـی شـتێک بـکات، ئـەوا توانـای ئەنجامدانیـمان پـێ دەبەخشـێت.

## عیسا هات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خوێنی جەستەیەوە پەیمانی نوێ بەدیبهێنێت

بـەڵام عیسـا دەیزانـی کـە هاتـووە بـۆ ئـەوەی «پەیمانـی نـوێ» جێبەجـێ بـکات کـە یەرمیـای پێغەمبـەر بەڵێنـی دابـوو. عیسـا لـە کۆتایـی ژیانیـدا و لـە کاتـی خوانـی ئێـوارەدا، جامێکـی گرتـە دەسـت کـە بـە واتـای خوێنـی خـۆی دێـت، پاشـان فەرمـووی: «ئـەم جامـە پەیمانـی نوێیـە بـە خوێنـی مـن، کـە لـە پێنـاوی ئێـوە دەڕژێـت» (لۆقـا ٢٢: ٢٠).

ئـەوەی کـە نـوێ بـوو لەبـارەی «پەیمانـی نـوێ»وە، ئـەوە بـوو کـە فەرمانەکانـی خـودا تەنهـا لەسـەر تەختـە بـەرد نانوسرێنـەوە (دەرچـوون ٢٤: ١٢)، وەکـو پەیمانەکـەی موسـا، بەڵکـو لەسـەر دڵـی گەلـی خـودا دەنووسرێـن. خـودا لـە ڕێگـەی یەرمیـاوە بەڵێنـی دا و فەرمـووی: «ئەوەتـا سـەردەمێک دێـت، پەیمانێکـی نـوێ لەگـەڵ بنەماڵـەی ئیسرائیـل و بنەماڵـەی یەهـودا دەبەسـتم. نـەک وەکـو ئـەو پەیمانـەی لەگـەڵ باوباپیرانیانـدا بەسـتم، ئـەو ڕۆژەی دەسـتی ئەوانـم گـرت بـۆ ئـەوەی لـە خاکـی میـسر دەریانبهێنـم، چونکـە ئـەوان پەیمانەکـەی منیـان شـکاند، هەرچەنـدە مـن مێـردی ئـەوان بـووم. ئـەوە فەرمایشـتی یەزدانـە. یـەزدان دەفەرموێـت: ئەمـە ئـەو پەیمانەیـە کـە لـەدوای ئـەو ڕۆژانـە لەگـەڵ بنەماڵـەی ئیسرائیلـدا دەیبەسـتم، فێرکردنەکـەم دەخەمـە نـاو بیرکردنەوەیـان و لەسـەر دڵیـان دەینووسـم. مـن دەبـم بـە خـودای ئـەوان و ئەوانیـش دەبـن بـە گەلـی مـن» (یەرمیـا ٣١: ٣١- ٣٣).

عیسـا هـات بـۆ ئـەوەی ئـەم پەیمانـی نوێیـە دابمەزرێنێـت لـە ڕێگـەی ژیـان و مـردن و هەسـتانەوەی لەنێـو مـردووان و پاشـان ناردنـی ڕۆحـی پیـرۆز بـۆ یارمەتیدانـی بـاوەڕداران. حزقیێلـی پێغەمبـەر دەڵێـت لـە ڕێگـەی بەخشینی ڕۆحـی خـودا بـە گەلـی خـودا و نوێبوونـەوەی ڕۆحـی خۆیـان، پەیمانـی نـوێ گوێڕایەڵبـوون بـۆ خـودا مسـۆگەر دەکات. یـەزدان لـە ڕێگـەی حزقیێلـەوە دەفەرموێـت: «ڕۆحـی خـۆم دەخەمـە ناوتانـەوە، واتـان لـێ دەکـەم کـە ڕێـگای فەرزەکانـم پەیـڕەو بکـەن و حوکمەکانـم بەجێبهێنـن و کاریـان پـێ بکـەن. یـەک دڵیـان دەدەمـێ، ڕۆحێکـی تـازە دەخەمـە ناویانـەوە. ئـەو دڵـە بەردینەیـان لـێ دەکەمـەوە و دڵێکـی گۆشـتینیان دەدەمـێ، بـۆ ئـەوەی ڕێگای فەرزەکانـم پەیـڕەو بکـەن و حوکمەکانـم بپارێـزن و کاری پـێ بکـەن،

بن بە گەلی من و منیش دەبم بە خودای ئەوان» (حزقیێل ٣٦: ٢٧؛ ١١: ١٩- ٢٠). ویست و خواستی خودا ئەوە بوو کە فەرمانیان پێ بدات و توانای جێبەجێکردنی فەرمانەکەشیان پێ بدات. ئەوە پەیمانی نوێیە.

عیسا لە ڕێگەی ڕشتنی خوێنیەوە ئەم پەیمانەی نوێیەی بۆ هەموو ئەوانە دەستەبەر کرد کە باوەڕ و متمانەی پێ دەکەن. پاشان بەپێی لێخۆشبوونی گوناهەکانیان کە بۆ گەلەکەی دابین کرد (مەتا ٢٦: ٢٨)، عیسا بەڵێنی ڕۆحی پیرۆزی پێدان. عیسا دەفەرموێت:

«داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە. جا کاتێک یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات. ئەو شکۆدارم دەکات، چونکە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنێت کە لە منەوە وەریدەگرێت» (یۆحەنا ١٤: ١٦؛ ١٥: ٢٦؛ ١٦: ١٤).

بەبێ مەسیح، هەوڵ و تێکۆشانەکەمان بەفیڕۆ دەچێت

عیسا لە ڕێگەی مردن و ناردنی ڕۆحی پیرۆزەوە، پەیمانی نوێی جێبەجێ کرد کە بەڵێنی دابوو بەو کەسانەی کە متمانە و باوەڕی پێ دەکەن. وە گرنگترین شتی ئەو پەیمانە ئەوەیە کە گوناهەکانمان بەخشراون و ڕۆحی خودامان پێ دراوە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات فەرمانەکانی عیسا جێبەجێ بکەین، بەتایبەت تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگدا. واتە، کاتێک کە عیسا فەرمان دەدات تێبکۆشین بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆین، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە دەستەوەستان دەبێت بەرامبەرمان و تەماشامان دەکات. وەکو چۆن (مارتن لوتەر) لە هۆنراوە ڕۆحییە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت:

ئایا متمانەمان بە هێزی خۆمان هەبوو، تێکۆشانەکەمان بەفیڕۆ دەڕوات؛

ئایا پیاوە ڕاستودروستەکە لەگەڵ ئێمە نەبوو، ئەو پیاوەی کە خودا هەڵیبژاردبوو:

ئایا دەتەوێت بزایت ئەو کەسە کێیە؟

عیسای مەسیح، بەڵێ ئەو؛

پەروەردگاری سوپاسالار، کە ناوی پیرۆزی بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، وە جەنگەکە دەباتەوە.[a]

ئێمە لە هەوڵ و تێکۆشانمان بە تەنها نین. فەرمانی تێکۆشان بریتییە لە فەرمانی ئەزموونکردنی تێکۆشانی بەهێز و توانای خودا لە جێگەی ئێمە بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەڵێنی پەیمانی نوێ کە توانای ئەوەمان پێ دەبەخشێت بەپێی فەرمانی ئەو بجوڵێینەوە

a Martin Luther, "A Mighty Fortress Is Our God."

(حزقییێل ٣٦: ٢٧). ئێمە لە بەشی دواتردا زۆر ڕوونتر و باشتر ئەمە دەبینین، کە باسی ئامادەبوونی شانشینی خودا و ئامادەبوونی ژیانی هەتاهەتایی و ڕێگای بەدەستهێنانی ئومێد و خۆشی و ئاشتی لە کاتێکدا تێدەکۆشین بەنێو دەرگای تەنگدا تێبپەڕین.

# داواکاریی بیست و چوارەم

## کۆشش بکە بەنێو دەرگا تەنگەکەدا بچیتە ژوورەوە، چونکە تۆ پێشوەخت لەنێو دەسەڵاتی شانشیندای

«ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێک شانشینی خودا قبوڵ نەکات، هەرگیز ناچێتە ناویەوە.» (مەرقۆس ١٠ :١٥)

داواکاریی تێکۆشان بۆ چوونە ژوورەوە بەنێو دەرگای تەنگدا دەبێت لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا ببیسترێت کە خودا پێشوەخت کارێکی کردووە کە ئەو هەوڵ و تێکۆشانە پڕ بێت لە ئومێد و دڵنیایی. ئێمە بە ترسی ئەوەوە ناژین کە ناچینە نێو شانشینەوە، بەڵکو دڵنیاین لەوەی کە نە تەنها دەچینە نێو شانشینەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا بەدڵنیاییەوە ئێمە پێشوەخت لەنێو شانشینی یەزداندایین. لەوانەیە ئەمە دژوێژ دەربکەوێت: تێبکۆشە بچینە نێو شانشینەوە، چونکە تۆ پێشوەخت لەوێی. بەڵام ئەمە بەتەواوی دروستە بۆ هەمو وئەوانەی کە باوەڕ و متمانەیان بە عیسا هەیە.

### نهێنیی شانشینی خودا: لێرەیە

لە چەقی پەیامی عیسادا ئەو ئیدعایە هەیە کە شانشینی خودا و ژیانی هەتاهەتایی ئەزموونی ئێستا و بەڵێنی داهاتووە. واتە، کاتێک عیسا داوا دەکات کە تێبکۆشین بۆ ئەوەی بەنێو دەرگای تەسکدا بڕۆین، لەڕاستیدا باسی ئەزموونی خۆشیی کۆتایی و پەیوەندیی کامڵ و تەواوی نێوان مرۆڤ و خودا دەکات کاتێک کە لە داهاتوودا شانشینی خودا بەتەواوی دێتە دی. هەوڵ بدە بچیتە نێو شانشینەوە.

بەڵام «نهێنیی شانشین» (مەرقۆس ٤: ١١) کە عێسا بۆ قوتابییەکانی ئاشکرا کرد ئەوە بوو کە لە خزمەتەکەیدا شانشینی خودا پێشوەخت هاتووە، وە ئەوەی کە شوێنکەوتووانی ئێستا دەڕۆنە نێوی و ئەزموونی هێزەکەی دەکەن تەنانەت پێش کامڵبوونی. بۆ نموونە، عیسا دەفەرموێت: «ئەگەر من بە پەنجەی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتووەتە سەرتان. پاشایەتی خودا لە نێوتاندایە» (لۆقا ١١: ٢٠؛ ١٧: ٢١). لە کار و خزمەتی عیسادا کە لە داهاتوودا کامڵ و تەواو دەبێت، نزیک بووەتەوە و دەسەڵاتەکەی بووەتە هۆی ڕزگارکردنی خەڵکی لە کۆت و بەندی شەیتان و گوناە.

ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ شوێنکەوتووانی عیسا، تێکۆشانمان بۆ «تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگدا» لە ڕێگەی هێزی شاشینەوە ئەنجام دراوە کە وەکو دیارییەکی بێ

بەرامبەر وەرمانگرتووە. با بزانین عیسا چۆن باسی ئەمەی کردووە: «ئەوەی وەک منداڵێک شانشینی خودا قبوڵ نەکات، هەرگیز ناچێتە ناویەوە» (مەرقۆس ١٠: ١٥). ئێمە ئێستا لە ڕێگەی باوەڕەوە وەکو دیارییەک وەریدەگرین و دەسەڵاتەکەی تاقی دەکەینەوە. بەم هێزی شانشینە ڕێگا سەختەکان دەبڕین و بەنێو دەرگای تەنگدا تێپەڕ دەبین. جێگەی سەرسامییە کە لەناو شانشینی خوداوە هەوڵی چوونە ژوورەوە دەدەین. هێزی ئێستای شانشین لێرەیە، وە لە ڕێگەی باوەڕەوە چووینەتە نێو ئەو هێزەوە. تەواو و کامڵبوونی شانشین کە سەرکەوتنی بەسەر مردن و نەخۆشی و تەواوی گوناهەکان بەدواوە دێت، هێشتا داهاتووە و هێشتا ماومانە بگەینە ئەوێ.

## ئێستا ژیانی هەتاهەتایی هی ئێمەیە

پەیوەندیی لەنێوا داهاتوو و ئێستا نە تەنها بەسەر بابەتی شانشینی یەزداندا جێبەجێ دەبێت، بەڵکو بە سەر ژیانی هەتاهەتاییشدا جێبەجێ دەبێت. لە لایەکەوە عیسا وەکو میراتێکی داهاتوو باسی ژیانی هەتاهەتایی دەکات: «هەرکەسێکیش لەبەر ناوی من، ماڵ، برا، خوشک، دایک، باوک، ژن، منداڵ یان کێڵگەی بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە وەردەگرێتەوە و ژیانی هەتاهەتاییش بە میرات وەردەگرێت» (مەتا ١٩: ٢٩؛ بەراوردی بکە لەگەڵ مەتا ٢٥: ٤٦). بەڵام لە لایەکی دیکەوە فێرمان دەکات کە باوەڕهێنان بەو واتە هەبوونی ژیانی هەتاهەتایی لە کاتی ئێستادا: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە» (یۆحەنا ٥: ٢٤؛ بەراوردی بکە بە مەتا ٣: ٣٦). ئەگەر متمانە بە عیسا بکەین، ئێستا ژیانی جاویدانیمان دەبێت، بەڵام لە داهاتوودا بە تەواویی ئەزموونی دەکەین.

هەبوونی ژیان و شانشین بوێرییمان تێدا دروست ناکات بەڵکو خۆشی و شادیمان پێ دەبەخشێت

فێرکردنی عیسا دەربارەی ئەم ڕاستییە - ئەوەی کە چوونە نێو شانشینی خودا و بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی ئەزموونی ئێستا و ئومێدیی داهاتوون - خۆی لە ئەگەر و کەمتەرخەمیدا دەرناخات. بیروباوەڕێک دروست ناکات کە دەڵێت: «من پێشوەخت ڕزگارم بووە؛ گرنگ نییە کە چۆن دەژیم. پێویست ناکات وریار و ئاگادار بم. پێویست ناکات تێبکۆشم بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆم». کەسێک کە ژیانی هەتاهەتایی بەدەستهێناوە و هێزی شانشینی خودا تێیدا کار دەکات، هەرگیز بەو جۆرە بیر ناکاتەوە. لە جێگەی ئەوە، ئەم ڕاستییە لە تێکۆشانێکی پڕ لە خۆشیدا خۆی دەردەخات.

بۆ هەندێک کەس تێکۆشان لە ڕێگایەکی خۆشی ژیان ناچێت. لە کۆڵ و بار دەچێت. بەڵام شوێنکەوتووانی عیسا بەو جۆرە ئەزموونی ناکەن. بێگومان هەڵگرتنی خاچ و پشتگوێخستنی خۆمان و بوون بە «کۆیلەی هەمووان» (مەرقۆس ١٠: ٤٤)، زۆربەی کات بەئازار و سەختە. بەڵام نابێتە مایەی فشار بۆت. لە هەموو جوڵەیەکدا خۆشی و شادی هەیە. ئەمە ئامانجی داواکاریی دەیەم بوو: «دڵخۆش بە و لە خۆشیدا هەڵپەڕە» (لۆقا ٦: ٢٣). لەڕاستیدا ئەوەی کە وا دەکات توانای ئەوەمان هەبێت کە تێبکۆشین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆینە نێو شانشینی تەواو و کامڵی خودا ئەوەی کە ئێستا دڵخۆشین بەوەی کە ژیانی هەتاهەتاییمان هەیە و لەنێو شانشینی خوداین و دڵنیایی لەوەی کە گوناهمان بەخشراوە و چێژ لە پەیوەندیمان لەگەڵ عیسا وەردەگرین. ئەوە ئامانجی ئەو نموونە بچووکەیە کە لە (مەتا ١٣: ٤٤) باس کراوە: «شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. کەسێک دەیدۆزێتەوە و دیسان دەیشارێتەوە، ئینجا لە خۆشییان دەچێت و هەرچیی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت». خۆشی و شادی هۆکاری هاندانە بۆ فرۆشتنی هەموو شتێک - بۆ تێکۆشان بۆ تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگدا.

ئەوە وێنەیەکی ڕوونە لەوەی کە چۆن ئەنجامدانی کارێکی سەخت و هەتا ڕادەیەک پڕ لە فشار - فرۆشتی هەموو شتێک - بەهۆی خۆشی و شادییەوە ئەنجام دەدرێت. «لە خۆشییان دەچێت و هەرچی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت». ئێمە ئەم نووسراوەیەمان لەسەر هەموو تێکۆشانەکانمان هەیە لە کاتێکدا شوێن عیسا دەکەوین: ئێمە دژی هەموو ئەو وەسوەو فێڵانەی شەیتان دەوەستینەوە کە هەوڵی وێرانبوونی گیان و دەروونمان دەدات لە ڕێگەی تەڵەکەی چێژی دنیایی یان ئازاری هەڵخەڵەتێنەر». ئێمە وەکو ئەو کەسانە دەجەنگین کە دەبێت بجەنگن و سەربکەون. تێکۆشان گرنگە و پێویستە، وە دەرەنجامەکەی بۆ مەڕی مەسیح ڕوونە. «مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و ئەوانیش بەدوام دەکەون، ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت» (یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨).

## یارمەتیدانی ترسنۆکەکان

داواکاریی عیسا کە «تێبکۆشین بۆ ئەوەی بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆین» بابەتێکی گشتگیرە. هەستێکی بەپەلەبوون دەدات بە هەموو داواکارییەکانی دیکەی. ئاماژە بە دەستەیەکی تایبەت لە فەرمانەکانی ناکات، بەڵکو هەمووی دەگرێتەوە. داواکارییەکەی ئەوەیە کە هەموو فەرمانەکانی بە جدی وەربگرین. داوامان لێ دەکات کە هەمیشە، ڕۆژانە، سات لەدوای سات ئاگاداری بیروبۆچوون و هەست و کردارەکانمان بین. بۆیە، دەبێت هۆی کێشە بۆ ئەو

باوەڕدارانـەی کـە ترسـنۆکن. هەوڵـم داوە کـە هەمومـان بوێـر بیـن. لەوانەیـە بـە شـێوەیەکی کردەیـی بەسـوود بێـت کـە ئـەم بەشـە بـە لیسـتێکی کـورت لـە ڕێگاکانـی بەدەسـتهێنانی ئومێـد و خۆشـی لـە کاتـی تێکۆشـان بـۆ تێپەڕبـوون بەنێـو دەرگای تەنگـدا، کۆتایـی پـێ بهێنـم.

## جەنگەکە ئەوەیە تامی ئەو شتە بکەین کە هەمانە، نەک ئەوە بەدەستبهێنین کە نیمانە

یەکـەم جـار ئـەوەت لەبیـر بێـت کـە جەنگـی ئێمـە ئەوەیـە کـە عیسـا وەکـو گرنگتریـن شـتی ژیانـت ببینیـت. عیسـا داوامـان لـێ نـاکات کـە بـۆ زێـر و زیـو بجەنگیـن. شـوێنکەوتنی عیسـا لـە ئەنجامـی دۆزینـەوەی گەنجینەیەکـی شـاراوەی نێـو کێڵگەیەکـەوە ڕوودەدات - بەهادارتریـن گەنجینـە. ئینجـا لـە خۆشـیدا، «واز لـە کەلوپـەل و خـزم و کـەس و کار و ژیانمـان دێنیـن» بـۆ ئـەوەی بەتـەواوی چێـژ لـەو گەنجینەیـە وەربگریـن. تێکۆشـان بـۆ تێپەڕبـوون بەنێـو دەرگای تەنگـدا بـە ئەنـدازەی دانانـی عیسـا لەسـەرووی هەمـوو شـتێکی دیکـەوە سـەختە.

جەنگەکـە ئـەوە نییـە کـە ئێمـە ئـەو کارە بکەیـن کـە نامانەوێـت، بەڵکـو ویسـتنی ئـەو شـتەی کـە بەدڵنیاییـەوە شـایانی ویسـتنە. جەنگەکـە ئـەوە نییـە کـە ململانێیکـەی پـڕ لـە فشـار بکەیـن تاکـو حەسـانەوەی خـودا بەدەسـتبهێنین، بەڵکـو جەنگەکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ململانێیەکـی خۆشـە بـۆ پشـوودان لـەو ئاشـتییەی کـە عیسـا بـە خۆڕایـی دەیبەخشـێت. «وەرن بـۆ لام ئـەی هەمـوو مانـدووان و بارگرانـەکان، مـن دەتانحەسـێنمەوە. نیـری مـن بخەنـە سـەر خۆتـان و لـە منـەوە فێربـن، چونکـە دڵنـەرم و بێفیـزم، حەسـانەوەش بـۆ دەروونتـان دەدۆزنـەوە، چونکـە نیرەکـەم گونجـاوە و بـارم سـووکە» (مەتـا ١١: ٢٨- ٣٠). جێبەجێکردنـی داواکارییەکانـی عیسـا بـەو ڕادەیـە سـەختە کـە دەسـتگرتن بـە بەڵێنەکانـی و خۆشویسـتنی ئامادەبوونـی سـەختە.

## عیسا بەڵێنمان پێدەدات کە لە ئەنجامدانی کاری مەحاڵدا یارمەتیمان دەدات

دووەم، ئـەوەت لەبیـر بێـت کـە عیسـا بەڵێنـی داوە یارمەتیـمان بـدات بـۆ ئـەوەی بتوانیـن گوێڕایەڵـی فەرمانەکـەی بیـن. «منـم مێوەکـە و ئێـوەش لقەکانـن. ئـەوەی بـە منـەوە پەیوەسـت بێـت و منیـش بـەوەوە، ئـەوا بەرهەمـی زۆر دەگرێـت، چونکـە بەبـێ مـن ناتوانـن هیـچ شـتێک بکـەن» (یۆحەنـا ١٥: ٥؛ بـەراوردی بکـە بـە داوکاریـی حەوتـەم). بەڵێنـی داوە کـە هەتـا کۆتایـی زەمـان لەگەڵـمان دەبێـت (مەتـا ٢٨: ٢٠). کاتێـک گەڕایـەوە بـۆ ئاسـمان، بەڵێنـی دا کـە وەکـو هەتیـو بەجێـمان ناهێڵێـت و دێـت بـۆ لامـان و یارمەتیـمان دەدات (یۆحەنـا ١٤: ١٦- ١٨). ئـەو دەزانێـت کـە داواکارییەکانـی مەحاڵـن، بـەڵام دواتـر بەڵێنـی یارمەتییەکـی زۆر دەدات: «لـەلای مـرۆڤ مەحاڵـە، بـەڵام لـەلای خـودا نـا، چونکـە لـەلای خـودا هەمـوو شـتێک دەبێـت» (مەرقـۆس ١٠: ٢٧). هـەوڵ مـەدە کـە لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی عیسـادا تێبکۆشـیت. بەڵکـو بیـر لـەوە بکـەوە کـە یارمەتیـی ئـەو تێبکۆشـیت.

## لێخۆشبوون و بێتاوانبوون لە بنەوەی تێکۆشانی ئێمەوەن

سێیەم، ئەوەت لەبیر بێت کە لێخۆشبوونی گوناهەکان و بێتاوانبوون بە باوەڕ لە بنەوەی تێکۆشانی ئێمەوەن. (بڕوانە داواکاریی بیستەم). ئێمە لەپێناویاندا تێناکۆشین. ئێمە هەوڵ دەدەین و تێدەکۆشین چونکە هەمانن. عیسا لە (مەتا ٢٦: ٢٨) لێخۆشبووغان پێ دەبەخشێت («ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین دەڕژێت») وە لە (لۆقا ١٨: ١٣- ١٤) بێتاوانبووغان پێ دەبەخشێت («باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیگوت: "ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە. پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان کرابوو»). پێوەری تێکۆشان و هەوڵداغان وەکو کەسانێکی لێخۆشبوو و ڕاستودروست لەبەردەم خودا بریتییە لە هۆکاری تێکۆشان و هەوڵداغان، نەک ئامانجی تێکۆشاغان. ئێمە دەبێت تێبکۆشین کە بەنێو دەرگای تەنگدا تێپەڕین، چونکە ئەوە نیشانەی ئەو کەسەیە کە سەربە مەسیحە. ئەگەر هەوڵ نەدەین، ئەوا نیشانەی سەربە مەسیح بوون وەرناگرین. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە تێکۆشان پەیوەندیی دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕاستە، واتە پەیوەدنیی پارێزراو دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تێکۆشانێکی پڕ لە خۆشی و شادی.

## تەواوی و کامڵبوون چاوەڕێی سەردەمی داهاتووە

چوارەم، ئەوەت لەبیر نەچێت کە تەواوی و کامڵبوون لە سەردەمی داهاتوودا بەدیدێت. ئێمە ئێستا هیوای ئەوە دەخوازین کە دوور بین لە هەموو جۆرە هەست و بیروبۆچوون و کارێکی گوناهبارانەوە. چاوەڕوانی و ئەو سەختییە بەشێک لە تێکۆشان و هەوڵدانەکەمان. بەڵام بەتەواوی بێ هیوا دەبین و لەناودەچین ئەگەر بێتو کامڵی و تەواوبوون لەم ژیانەدا مەرجی پێشوەختی تێپەڕبوون بەنێو دەرگا تەسکەکەدا بێت. بەڵام پێویستمان بە جۆرێک تەواویی دەبێت. لە داواکاریی بیستەمدا بینیمان («ئەگەر دەتەوێت کامڵ و تەواو بیت، بڕۆ هەرچیت هەیە بیفرۆشە» مەتا ١٩: ٢١)، بەڵام هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بەدەستی بهێنێت. تەنها عیسا دەتوانێت هەموو ڕاستودروستییەک بەدیبهێنێت (مەتا ٣: ١٥). لەبەر ئەوەیە کە داوامان لێدەکات نوێژ بکەین، نەک تەنها جارێک، بەڵکو هەموو ڕۆژێک، «لە گوناهەکاغان خۆشبە» (مەتا ٦: ١٢). عیسا بە ئاشکرا بە قوتابییەکانی (ئەوانە نە کە بە خۆیان دەڵێن قوتابی، بەڵکو ئەوانەی کە قوتابییەکی چەسپا و باوەڕ پتەون) دەڵێت «خراپەکار» - «ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان» (مەتا ٧: ١١). کەواتە با بەوە دڵخۆش و ئومێدوار بین کە نیشانەی شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی مەسیح هێشتا بریتی نییە لە تەواوی و کامڵی، بەڵکو بریتییە لە جەنگێکی سەخت و توند لەگەڵ گوناهدا. ئێمە شکست دەخۆین بەڵام کۆڵ نادەین. ئێمە پێمان هەڵدەکەوێت بەڵام بەرەو بێباوەڕیی ناڕۆین.

## عیسا نوێژمان بۆ دەکات کە باوەڕمان لەدەست نەدەین

پێنجەم، بیرت بێت کە هۆکاری ئەوەی کە ئێمە باوەڕمان لەدەست نەداوە و وێران نەبووین ئەوەیە کە عیسا نە تەنها لە ڕێگەی ئامادەبوون و ڕۆحیەوە یارمەتیمان دەدات، بەڵکو نوێژ و نزاشمان بۆ دەکات. عیسا بە پەترۆسی فەرموو کە دوای ماوەیەکی کەم سێ جار نکۆڵی لە ناسینی دەکات: «من نوێژم بۆ کردیت تاکو باوەڕت لەدەست نەدەیت. تۆش کە دەگەڕێیتەوە برایانت بەهێز بکە» (لۆقا ٢٢: ٣٢). عیسا دەیزانی کە پەترۆس گوناه دەکات، وە دەزانێت کە دەگەڕێتەوە و پشت لە گوناهەکەی دەکات. عیسا فەرمووی: «کاتێک کە دەگەڕێیتەوە» نەک «ئەگەر گەڕایتەوە». عیسا دەسەڵاتە هەرەبەتواناکەی بۆ ڕێگریکردن لە گوناهەکەی پەترۆس بەکارنەهێنا، بەڵام بەکاریهێنا بۆ ئەوەی باوەڕەکەی لەدەست نەدات. هیچ هۆکارێک نییە کە پێمان وابێت عیسا وازی لە نوێژکردن بۆ کەسە ئازیزەکانی هێناوە. خودا وەڵامی کوڕەکەی دەداتەوە کاتێک کە نوێژ دەکات «» (یۆحەنا ١٧: ١١).

## ئێمە تێدەکۆشین و هەوڵ دەدەین بچینە نێو ماڵ باوکی ئاسمانییەوە

شەشەم، پلەوپایەت وەکو ڕۆڵەی ڕاستەقینەی خودا بیر نەچێت. عیسا قوتابییەکانی فێر کرد کە خودا بناسن و وەکو باوکی ئاسمانییان لە ئاسمان متمانەیان پێی هەبێت. پێش ئەوەی کە عیسا بێتە سەر زەوی، گەلی ئیسرائیل خودایان وەکو باوکی گەل دەزانی، بەڵام ئەوەی کە خودا بەتایبەتی بە باوکی خۆیان بزانن، شتێکی نائاسایی و دەگمەن بوو. بەڵام عیسا ئەم بابەتەکەی کردە ناوەند و چەقی فێرکردنەکانی و چەندین جار دووپاتی کردەوە. دەرەنجامەکە بەم جۆرەیە: خودا بەتایبەتی تۆی خۆشدەوێت و تۆ بە ڕۆڵەی خۆی دەزانێت و گرنگی و بایەخت پێ دەدات. پشتی پێ ببەستە.

ئەمە هەموو کەسێکی نەگرتەوە. بۆ نموونە، عیسا بە هەندێک کەسی فەرموو: «» (یۆحەنا ٨: ٤٢، ٤٤). ئەمە بۆ شوێنکەوتووانی عیسا زۆر گرنگە: ئەگەر خودا بە باوکی خۆمان بزانین، ئەوا عیسامان خۆشدەوێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە بوون بە ڕۆڵەی خودا، پێویستی بە هەبوونی سروشتێکی نوێیە. بەڵگەی هەبوونی ئەم سروشتە نوێیەش، بریتییە لە خۆشویستنی عیسا. بۆیە، خۆشویستن نیشانەیەکی دڵنیاکەرەوەیە کە دەیسەلمێنێت ئێمە ڕۆڵەی خوداین.

وە ئەگەر پێشوەخت ڕۆڵەی خودا بین، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە تێکۆشانمان بۆ تێپەڕبوون بەنێو دەرگای تەنگی ماڵی باوکمان سەردەگرێت. ئەو وا دەکات کە ئێمە سەربکەوین. ئەو ئێستا باوکمانە. ئەو چاوەڕێی ئەوە ناکات کە ئێمە بەپێی پێویست هەوڵ بدەین و تێبکۆشین بۆ ئەوەی ببینە ڕۆڵەی ئەو. ئەو چالاکانە یارمەتیمان دەدات کە بمانگەیەنێتە ماڵی هەتاهەتاییمان. بۆ نموونە، کاتێک کە تاقی دەکرێینەوە بۆ ئەوەی

ئاخۆ مزگێنی دەدەین یان نە، کە دەبێت بیدەین، عیسا دەفەرموێت کە نیگەران نەبین: «» (مەتا ١٠: ٢٠). عیسا دەفەرموێت کە هیچ چۆلەیەک بەبێ ویستی باوکت ناکەوێتە سەر زەوی. «» (مەتا ١٠: ٢٩، ٣١). ئەوە ڕۆحی متمانە و دڵنیاییە کە لە بوون بە ڕۆڵەی خوداوە سەرچاوە دەگرێت.

## ناوت لە ئاسماندا نوسراوە

حەوتەم، بیرت بێت کە لە کاتێکدا تێدەکۆشیت بۆ ئەوەی بەنێو دەرگای تەنگدا بڕۆی، ناوت لە ئاسماندا تۆمار کراوە. عیسا دەفەرموێت: «» (لۆقا ١٠: ٢٠). ئەگەر ناوی هەموو کەسێک لە ئاسماندا تۆمار کرابێت، ئەوا هیچ هۆکارێک بۆ دڵخۆشی و شادی لە ئارادا نییە، بەڵام زۆر کەس بەرەو وێرانبوون دەڕۆن، نەک دەرگای تەنگ. «» (مەتا ٧: ١٣). هەموو ناوێک لەوێ تۆمار نەکراوە. تۆمارکردنی ناوت لە ئاسمان واتە خودا لە دەستی خراپە ڕزگارتدەکات و دەتباتە نێو شانشینەکەی. عیسا لەنێو یەکێک لە پەڕتووکەکان ئەمەی خوێندبووەوە و زۆر بە باشی دەیزانی، «» (دانیال ١٢: ١).

## تۆ لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراویت و دراویت بە عیسا

هەشتەم، بیرت نەچێت کە عیسا قوتابیگەلێک کۆ ناکاتەوە کە باوک نەیانناسێت. یەکەم جار خودا ئەوانەی دەناسی کە سەربە ئەون و لەنێو پەڕتووکەکەیدا تۆماری کردوون. ئێستا باوک دەیاندات بە کوڕەکەی بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات. «» (یۆحەنا ٦: ٣٧). شوێنکەوتووانی عیسا یەکەم جار هی خودا بوون و دواتر دران بە عیسا (یۆحەنا ١٧: ٩). ئەگەر کەسێک باوەڕ بە عیسا بهێنێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پێشوەخت باوک ناسیویەتی و دواتر داویەتی بە عیسا. لەبەر ئەوەیە کە عیسا فەرمووی: «» (یۆحەنا ٦: ٦٥). کاتێک کە دێن بۆ لای عیسا، عیسا باوکی ئاسمانییان پێ دەناسێنێت، وە باوکی ئاسمانی ڕێگە نادات باوەڕیان لەدەست بدەن. «» (یۆحەنا ١٧: ٦). «» (یۆحەنا ١٠: ٢٩). کاتێک کە لەبیرت دەبێت و دڵخۆش دەبیت بەوەی کە تۆ ڕۆڵەی خودای، تێکۆشان و هەوڵدانەکانت نابنە مایەی فشار و بارگرنی بۆت.

## عیسا لە ڕێگەی خۆشی و دڵشادیی خۆیەوە هەوڵ و تێکۆشانەکەمان جێگیر و پایەدار دەکات

نۆیەم، بیرت بێت کە بەهۆی خوداوە دڵخۆشبوون ڕێگایەکی سەرەکییە کە عیسا بەهۆیەوە توانامان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی لەپێناو چوونەژوورەوە بەنێو دەرگای تەسکدا تێبکۆشین. یەکەم، عیسا دەفەرموێت: «منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت، چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن» (یۆحەنا ١٥: ٥). پاشان دەفەرموێت: «ئەم شتانەم پێ گوتن تاکو خۆشیی منتان تێدابێت

و خۆشـیتان پـڕ و تـەواو بێـت» (یۆحەنـا ١٥: ١١). واتـە، عیسـا لـە ڕێگـەی بەخشـینی خۆشـیی خۆیـەوە توانامـان پێدەبەخشـێت تاکـو سـەرکەوتووانە بەنێـو دەرگای تەسـکدا تێبپەڕیـن. ئینجـا عیسـا درێـژە بـە قسـەکانی دەدات و دەفەرموێـت: «کەسـیش ئـەو خۆشـییەتان لـێ ناسـتێنێ» (یۆحەنـا ١٦: ٢٢). ئـەم خۆشـییە بەهـۆی عیسـاوەیە و هەمـوو ئـەو شـتەی کـە خـودا بەهـۆی عیسـاوە بۆمـان ئەنجـام دەدات، وا دەکات هەتاهەتایـە بتوانیـن لەپێنـاو تێپەڕبـوون بەنێـو دەرگای تەسـکدا تێبکۆشـین.

## تێکۆشانەکەمان بەفیڕۆ ناڕوات

وریایـی و ئاگاداربـوون نیشـانەی شـوێنکەوتووانی عیسـایە. ئـەوان دەزانـن کـە «ئـەو دەرگایـە پانـە و ئـەو ڕێگایـە بەرینـە کـە بـەرەو لەناوچـوون دەچێـت» (مەتـا ٧: ١٣). ئـەوان سـەبارەت بـە ژیـان ڕژدن. دۆزەخ و بەهەشـت لەبەردەسـتمانە. بۆیـە، زۆر دڵخـۆش و شـادن. کـوڕی خـودا ئەوانـەی لەدەسـت تـاوان و هێـزی گونـاە ڕزگار کـردووە و ئێسـتا ڕۆڵـەی خـودان. ناویـان لـە ئاسـمان تۆمـار کـراوە. ئـەوان ڕۆحـی ڕاسـتییان وەرگرتـووە کـە یارمەتیـدەرە. عیسـا بەڵێنـی داوە کـە هەتاهەتایـە لەگەڵیـان دەبێـت. ئـەوان دەزانـن کـە عیسـا نوێـژ و نزایـان بـۆ دەکات. دڵخۆشـن کـە بەهـۆی عیسـاوە لەبـەردەم خـودا ڕاستودروسـتن. ئـەوان شانشـینی خودایـان بەدەسـتهێناوە. ئێسـتا ژیانـی هەتاهەتاییـان هەیـە. وە سەرسـامن بـەوەی کـە کـەس ناتوانێـت لەنێـو دەسـتی خـودا بیانڕفێنێـت. بەهـۆی ئـەم خۆشـییەوە جـۆش و خرۆشـی ئەوەیـان هەیـە کـە تێبکۆشـن تاکـو بەنێـو دەرگای تەسـکدا بـڕۆن. وە لـە کۆتاییـدا دڵنیـان لـەوەی کـە تێکۆشـانەکەیان بەفیـڕۆ نـاڕوات.

# داواکاریی بیست و پێنجەم

## دەبێت لە فەریسییەکان ڕاستودروستر بیت، چونکە ئەوان دووڕووو و ناشرین بوون

«ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە.» (مەتا ٥: ٢٠)

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە ئێوە لە گۆڕی سپیکراو دەچن، کە بە ڕواڵەت جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو پیسییەک. ئێوەش ئاوان، بە ڕواڵەت لەلای خەڵک ڕاستودروستن، بەڵام ناختان پڕە لە دووڕوویی و خراپە.» (مەتا ٢٣: ٢٧- ٢٨)

«چونکە لە ناوەوە، لە دڵی مرۆڤەوە، بیری خراپ دەردەچێت: بەدڕەوشتی، دزی، کوشتن، داوێنپیسی، چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەڕەڵایی، چاوپیسی، کفر، لووتبەرزی، گێلی. هەموو ئەم خراپانە لە ناخی مرۆڤەوە دەردەچن و گڵاوی دەکەن.» (مەرقۆس ٧: ٢١- ٢٣)

«خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.» (مەتا ٥: ٨)

عیسا فەرمووی کە ناتوانین بچینە نێو شانشینی ئاسمانەوە ئەگەر ڕاستودروستیمان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت (مەتا ٥: ٢٠). لەوانەیە کەسێک ئەم ئایەتە بەو واتایە لێکبداتەوە کە دەبێت فەریسییەکان لە فەریسیبوون بخەین. فەریسییەکان قوتابییەکی زۆر چالاکی شەریعەتی موسا بوون و جێبەجێکارێکی توندی وردەکارییەکانی شەریعەت بوون. بەپێی دابونەریت نزیکەی ٢٤٦ فەرمانی ئەرێنی شەریعەتمان هەبوو (پێنج پەڕتووکی یەکەمی کتێبی پیرۆز)، لەگەڵ ٣٦٥ بابەتی قەدەغەکراو. تێگەیشتنێکی دروست لەمانە و بەوردی جێبەجێکردنیان، ئیشی فەریسییەکان بوو. کەواتە، عیسا لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە لە فەریسییەکان ڕژدتر بین و زیاتر لەوان پشت بەم یاسا و شەریعەتانە ببەستین؟

### (جۆن ستۆت) وەڵامی ئەم پرسیارەمان بۆ دەداتەوە:

دەتوانین بڵێین کە باوەڕدارانی مەسیح توانیویانە ٢٤٠ فەرمان جێبەجێ بکەن، لە کاتێکدا باشترین کەسی فەریسی نەیانتوانیوە لەسەرووی ٢٣٠ فەرمانەوە جێبەجێ بکات. ڕاستودروستیی باوەڕداری مەسیح زۆر لە هی فەریسیی زیاترە، چونکە لە دڵەوە ڕاستودروستبوون قووڵترە ... ڕاستودروستییەک کە جێگەی ڕەزامەندی خودایە بریتییە لە

ڕاستودروستییەکی دەروونـی بیـر و خواسـت و ویسـت. چونکـە «یـەزدان تەماشـای دڵ دەکات».[a]

ئەمـە وەڵامـە دروسـتەکەیە. بـەڵام بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بـە ڕوونـی ببینیـن، دەبێـت بزانیـن کـە عیسـا چـی بینیـن کاتێـک تەماشـای ڕاستودروسـتی مامۆسـتایانی تـەورات و فەریسـییەکانی کـرد. بێگومـان ئـەوە وێنەیەکـی جـوان نییـە.

## عیسا و فەریسییەکان: تووڕەیی و داواکاری

هیـچ دەسـتە و کۆمەڵەیـەک وەکـو فەریسـییەکان تووڕەیـی و ئازاریـان لـە دڵی عیسـادا بەخەبەر نەهێنـاوە. (مەتـا ٢٣) توندتریـن بەشـی هـەر چـوار ئینجیلەکەیـە کـە بریتییـە لـە ڕەخنەیەکـی بـەردەوام لـە فەریسـییەکان. لـە کاتێکـدا بـە دەنگدانـەوەی ئـازاری دڵـی عیسـا کۆتایـی دێـت: «ئـەی ئۆرشـەلیم، ئـەی ئۆرشـەلیم، بکـوژی پێغەمبـەران و بەردبارانکـەری ئەوانـەی بـۆت نێـردران، چەنـد جـار ویسـتم منداڵەکانـت کۆبکەمـەوە، هـەروەک چـۆن مریشـک جوجەڵەکانـی لەژێـر باڵیـدا کۆدەکاتـەوە، بـەڵام نەتانویسـت» (مەتـا ٢٣: ٣٧). وە ئـەم چاوەڕوانییـە بـۆ فەریسـییەکان لـە نموونـەی کـوڕە دەسـتبڵاوەکە و هەڵسـوکەوتی بـرا گەورەکـە نیشـان دراوە. ئـەو بـرا گەورەیـە فەریسـییەکان و مامۆسـتایانی تـەورات دەگرێتـەوە کـە عیسـایان تۆمەتبـار کـرد بـەوەی کـە لەگـەڵ تاوانبارانـدا نـان دەخـوات. «فەریسـی و مامۆسـتایانی تـەورات بۆڵەبۆڵیـان دەکـرد: «ئەمـە پێشـوازی لـە گوناهبـاران دەکات و نانیـان لەگـەڵ دەخـوات»» (لۆقـا ١٥: ٢).

عیسـا نموونـەی کـوڕە دەسـتبڵاوەکەی لـە وەڵامـی ئـەم ڕەخنەیـەدا بـاس کـرد. مەبەسـتی نموونەکـە ئـەوە بـوو کـە خوارنـی نـان لەگـەڵ گوناهبـاران نیشـانەی ئـەوە نییـە کـە خـودا لەگـەڵ گوناهباراندایـە، بەڵکـو واتـای ئەوەیـە کـە خـودا دەسـتی گوناهبـاران دەگرێـت و ڕزگاریـان دەکات. بـەڵام لـە کۆتایـی نموونەکـەدا، عیسـا باوەشـی بـۆ فەریسـییەکان کـردەوە. عیسـا وا باسـی باوکـی دوو کوڕەکـە دەکات (کـە لێـرەدا مەبەسـت لێـی خودایـە) کـە دێتـە دەرەوە و داوا لـە کوڕە گـەورە خۆپەرستەکەی دەکات کـە بەشـداری لـە ئاهەنگـی گەڕانـەوەی بـرا ونبووەکەیـدا بـکات. واتـە، ئـەو نموونەیـە داواکارییەکـی پـڕ لـە بەزەییـە بـۆ فەریسـییەکان بـۆ ئـەوەی بەشـداری لـە ئاهەنگـی نیعمەتـی ژیـان و ئـەرک و خزمەتـی عیسـادا بکـەن.

بـەڵام کـوڕە گەورەکـە دەسـتبەرداری پلـەی خزمەتـکاری تورەی خۆپەرسـت ناهێنێت و بەشـداری لـە پلـەی پـڕ لـە خۆشـی و شـادیی کوڕبوونـدا نـاکات: «ئەوەتـا ئـەو هەمـوو سـاڵە کۆیلایەتیت بـۆ دەکـەم و هەرگیـز لـە فەرمانـت دەرنەچـووم، تەنانـەت کاریلەیەکـت نەدامـێ تاکـو لەگـەڵ

[a] John R. W. Stott, The Message of the Sermon on the Mount (Leicester, England: Inter-Varsity, 1978), 75
پەیامی ئەوەی کە خودا تەماشای دڵ دەکات لە (یەکەم ساموئێل ١٦: ٧؛ لۆقا ١٦: ١٥) وەرگیراوە.

هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم» (لۆقا ١٥: ٢٩). کوڕە گەورەکە خۆی بە خزمەتکارێکی شیاو دەزانێت، نەک کوڕێکی خۆشەویست و ئازیز. قسەکانی کۆتایی باوکی ئەم کوڕە پڕە لەو ئازارەی کە عیسا بەرامبەر فەریسییەکان هەستی پێ دەکرد: «کوڕم تۆ هەمیشە لەگەڵ منیت، هەرچیم هەیە هی تۆیە.[a] بەڵام پێویستە دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و زیدوو بووەتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە» (لۆقا ١٥: ٣١). بەو جۆرەی کە دیارە، برا گەورەکە کارە گونجاوەکە ئەنجام نادات. بەزەیی خۆشناوێت. دەیەوێت بەپێی کار و کردەوەی خۆیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، نەک بەزەیی باوکی. ئەم نموونەیە کۆتایی نایەت و بەردەوامە. ئەو فەریسییانەی کە گوێیان دەگرت، دەبێت گوێیان لە بانگهێشتێک بێت. عیسا پێشوازییان لێدەکات کە بێنە نێو ئاهەنگی نیعمەت و ڕزگارییەوە ئەگەر حوکمدانە خۆپەرستانەکەیان وەلاوە بنێن و لە بەزەییدا دڵخۆش بن.

بەڵام ئەوەندەی کە ئێمە دەیزانین، ژمارەیەکی زۆر کەم لە فەریسییەکان ئەو هەنگاوەیان نا. بەو جۆرەی کە دیارە، نیقۆدیمۆس ئەو کارەی کرد. ئەو کەسێکی فەریسی بوو و بە کۆمەڵێک پرسیارەوە نیوەشەو هات بۆ لای عیسا. عیسا فەرمووی: «» (یۆحەنا ٣: ٣). دەبینین کە لەدوای مردنی عیسا، هەنگاوێکی زۆر مەترسیداری نا، چونکە «ڕابەرێکی جولەکە بوو» (یۆحەنا ٣: ١). سێ لیتر بۆن و بەرامی هێنا بۆ ئەوەی جەستەی عیسای پێ چەور بکات و ڕێزی بگرێت (یۆحەنا ١٩: ٣٩). وە لەگەڵ یوسفی ڕامەدا ڕێوڕەسمێکی ناشتنی ڕێکوپێکیان بۆ عیسا ئەنجام دا. کتێبی پیرۆز باسی ئەوە ناکات کە نیقۆدیمۆس بووەتە شوێنکەوتووی عیسا، بەڵام یوسف بە قوتابی ناوزەد کرا (مەتا ٢٧: ٥٧). بەڵام زەحمەتە کە بتوانێت فەریسییەک بهێنێتە پێش چاوی خۆت کارێکی لەو شێوەیە بکات، ئەگەر بێتو

a نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە فەریسییەکان ڕزگاریان بووە. دەزانین کە عیسا چاوەڕێی ئەوە دەکات کە لە شانشینی خودا دەربکرێت ئەگەر بێتو تۆبە نەکەن. عیسا لە (مەتا ٨: ١١- ١٢)دا دەفەرموێ «پێتان دەڵێم کە خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دێن و لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب لە شانشینی ئاسماندا لەسەر خوان دادەنیشن. بەڵام ڕۆڵەکانی شانشین فڕێدەدرێنە تاریکی دەرەوە، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت». بەڵکو عیسا مەبەستی ئەوەیە کە ناسیاوەکانی کە لێرەدا مەبەست لێی جولەکەکانە (لێرەدا لە لایەن فەریسییەکان و برا گەورەکەوە نیشان دراوە)، شانازی و پلەیەکی زۆر مەزن و نائاساییان هەبوو. خودا شەریعەت و پەیمان و بەڵێنەکانی پێدابوون و بە جەستە وەکو مەسیحی جولەکە هاتە سەر زەوی. شانشینی خوا بە شێوەیەکی سروشتی و بە میرات هی جولەکەکان بوو. بەڵام ئەرک و خزمەتی عیسا نیشانی دا کە زۆر کەس خودای ئیسرائیلی خۆشناوێت و سەلماندیان کە شایانی وەرگرتنی ئەو میراتە نین. هەتا ئەو کاتەی کە کوڕە گەورەکە پێداگری لەسەر ئەوە بکاتەوە کە نایەوێت کوڕێکی دڵخۆش بێت بەڵکو دەیەوێت خزمەتکارێکی تووڕە بێت، ناتوانێت بەرەکەتی ئەو شتە وەربگرێت کە لە ماڵی باوکیدا دەگوزەرا. ئەمە واتای ئەو وتە مەترسیدارەیە کە عیسا لە (مەتا ٢١: ٤٣)دا فەرمووی: «لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: شانشینی خوداتان لێ دەسەنرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەک کە بەرهەم دەدات».

بەڕاستی باوەڕ و متمانەی بە عیسا نەبوویێت. بەڵام بێگومان ئەوە دەگمەنە. بە گشتی فەریسییەکان هەتا کۆتایی لە دژایەتیکردنی عیسا ڕانەوەستان.

## ئەوەی کە فەریسییەکان دەیانویست: شانازی، پارە، سێکس

ئەو وێنەیەی کە عیسا بۆ فەریسییەکانی لەبەرچاو گرتووە، مەترسیدار و ناشرینە. کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە دڵیان لە خوداوە دوورە. لە (مەتا ١٥: ٧- ٨) عیسا بە فەریسییەکان دەفەرموێت: «سەبارەت بە ئێوە ئیشایای پێغەمبەر پێشبینییەکی باشی کردووە کە فەرموویەتی: ئەم گەلە هەر بە دەم ڕێزم لێ دەگرن، بەڵام دڵیان لێم دوورە». دڵیان لەلای خودا نەبوو، بەڵکو لەلای پارە و شانازی و سێکسەوە بوو.

دوای ئەوەی کە عیسا لە (لۆقا ١٦: ١- ٩) نموونەیەکی سەبارەت بە شێوازی دروست بەکارهێنانی پارە هێنایەوە، فەریسییەکان گاڵتەیان پێ کرد. لۆقا باسی ئەوە دەکات کە هۆکاری ئەو گاڵتەکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان پارەیان خۆشدەویست (لۆقا ١٦: ١٤). پاشان عیسا دەفەرموێت: «ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن، ...ماڵی بێوەژن هەڵدەلووشن» (لۆقا ٢٠: ٤٦- ٤٧). واتە، یاسا دادەنێن و دابونەریت دەپارێزن کە دەبێتە هۆی ئەوەی گرنگیدان بە پەرستگا جێگەی بایەخدان بە هەژاران بگرێتەوە، تەنانەت دایک و باوکی خۆت (مەرقۆس ٧: ٩- ١٣). وە کاتێک عیسا وەسفی ئەوەی کرد کە لەنێو دڵی فەریسییەکاندایە، فەرمووی: «پڕە لە چاوچنۆکی و بەڕەڵایی» (مەتا ٢٣: ٢٥). لەگەڵ ئەوەی کە زۆر خواناس و دیندار دەردەکەوتن، بەڵام پارەیان خۆشدەویست نەک خودا.

هەروەها حەزیان لە پێداهەڵدان و ستایشکردنیان لەلایەن کەسانی دیکەوە بوو. ئەو پاداشتەی کە لە بەرامبەر کارەکانیدا دەیانویست وەریبگرن، بریتی نەبوو لە چێژیی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خودەا، بەڵکو پەسەندی و خۆشویستنیان لە لایەن کەسانی دیکەوە. عیسا دەفەرموێت: «هەموو کردارەکانیان بۆ ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگەکانیان. حەز دەکەن لە میوانیدا لەلای سەرەوە و لە کەنیشتەکانیش لە ڕیزی پێشەوە دابنیشن، لە بازاڕیشدا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵک بە ڕابی بانگیان بکەن» (مەتا ٢٣: ٥- ٧). ئەم پەیوەندی خۆشەویستییە لەگەڵ پێداهەڵدان و ستایشی خەڵک وای کردبوو کە نەتوانن لە قوڵایی دڵیانەوە باوەڕ بە قوربانییەکی مەسیح بهێنن. بۆیە عیسا پێیان دەفەرموێت: «چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن ئەگەر شکۆمەندی لە یەکتری وەربگرن و داوای ئەو شکۆمەندییە نەکەن کە لە تاکە خوداوەیە؟» (یۆحەنا ٥: ٤٤). وەکو پاداشت دڵیان بەرەو خودا ڕانەدەکێشرا، بەڵکو شوێن ستایشی خەڵکی کەوتبوون.

وەکو زۆربەی ئەو کەسانەی کە شوێن خۆشەویستی پارە و ستایشی کەسانی دیکە دەکەون،

فەریسییەکانیش زۆر جار تووشی کاری بەدڕەوشتی دەبوون. عیسا بە «نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس» ناوزەدیان دەکات. «هەندێک مامۆستای تەورات و فەریسی وەڵامیان دایەوە و گوتیان: مامۆستا، دەمانەوێ نیشانەیەکت لێ ببینین. کەچی وەڵامی دانەوە: نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس داوای نیشانە دەکات، بەڵام نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونسی پێغەمبەر» (مەتا ١٢: ٣٨- ٣٩). لە داواکاریی نۆیەمدا باسی ئەوەم کرد کە هەتا ڕادەیەک ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ داوێنپیسی ڕۆحی گەلی ئیسرائیل کە نایانەوێت عیسا وەکو هاوسەری ڕاستەقینە قبوڵ بکەن. بەڵام سروشتییە کە وای لێکبدەینەوە کە وشەی «داوێنپیس» ئەوە دەگەیەنێت کە «هاوسەرە» جێگرەوەکان کە تەنها پارە و ستایشی کەسانی دیکە ناگرێتەوە، بەڵکو کردەوەی بەدڕەوشتیش دەگرێتەوە. کاتێک دڵێک بەتەواوی بەهۆی شکۆی خوداوە دڵخۆش نییە، ئەوا زۆربەی کات بەهۆی هێزی و پارە و ستایشی مرۆڤەوە بەلاڕێدا دەچێت.

## دووڕوویی: عەبای جێبەجێکردنی وردی شەریعەت

ئەوەی کە وای کردووە ئەم داوێنپیسییە بەلای عیساوە زۆر ناپەسند و ناشرین بێت ئەوەیە کە هەمووی لەژێر جلوبەرگی پاکی ئایینییەوە ئەنجام دەدرێت. ئەمە جەوهەری ئەو شتە بوو کە پێی دەگوت دووڕوویی. «قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاک دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چاوچنۆکی و بەڕەڵایی» (مەتا ٢٣: ٢٥). پاککردنەوەی دەرەوەی جام و قاپ واتە بەکارهێنانی شەریعەتی خودا بۆ داپۆشینی ڕەتکردنەوەی خودا. ئەمە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە عیسای تووڕە دەکرد. «قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە ئێوە لە گۆڕی سپیکراو دەچن، کە بە ڕواڵەت جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو پیسییەک. ئێوەش ئاوان، بە ڕواڵەت لەلای خەڵک ڕاستودروستن، بەڵام ناختان پڕە لە دووڕوویی و خراپە» (مەتا ٢٣: ٢٧- ٢٨). عیسا ئەم وشە توندانەی لە وەسفی دڵی فەریسییەکاندا بەکارهێناوە: چاوچنۆک، بەڕەڵا، ئێسقانی مردوو، ناپاک، دووڕوو، بەدکار. هەموو ئەو شتانە بە عەبای شەریعەت داپۆشرابوون.

بەڵام ئەم بابەتە خراپتری بەسەر دێت. لە بەشی دواتردا، تەماشای هەندێک هەڵسوکەوتی دوور لە خۆشەویستی دەکەین کە گەندەڵی دەروونی بەرهەمی دەهێنێت. دەبێت لە ئێستادا ڕوون بێت کە ڕاستودروستیی فەریسییەکان لەگەڵ خودا ناگونجێت. دەبێت ڕاستودروستییەکمان هەبێت کە زیاتر بێت لەوەی کە لە فەریسییەکاندا دەیبینین.

# داواکاریی بیست و شەشەم

## دەبێت لە فەریسییەکان ڕاستودروستر بیت، ناو پەرداخەکەش پاک بکەوە

« وریابن، ئاگاداری هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان بن.» (مەتا ١٦: ٦)

«ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە شلەمەنی لە مێشوولە دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!» (مەتا ٢٣: ٢٤)

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاک دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چاوچنۆکی و بەڕەڵایی.

ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاک بکەرەوە، تاکو دەرەوەشی پاک بێتەوە. « (مەتا ٢٣: ٢٥- ٢٦)

«باری قورس و گران دەپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە هیچ شێوەیەک لە هەڵگرتنی بارەکاندا یارمەتییان بدەن.» (مەتا ٢٣: ٤)

عیسا بە شێوەیەکی زۆر ترسناک و خراپ وەسفی حاڵەت و بارودۆخی دڵی فەریسییەکان دەکات، بەو جۆرەی کە لە بەشی پێشتردا خوێندمان: چاوچنۆک، بەڕەڵا، ئێسقانی مردوو، ناپاک، دووڕوو، بەدکار. جێگەی سەرسامی نییە کە کاتێک ئەم جۆرە دڵە خۆی دەپارێزێت و لە ڕێگەی بە ڕواڵەت خۆ بە «ڕاستودروست» نیشاندان، پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات، تیشک دەخاتە سەر لایەنە لاوەکییەکانی ڕاستودروستی.

### کوێر لە لایەنی ڕۆحییەوە

پێدانی دەیەک ئاسانترە لە خۆشویستنی دادپەروەری و بەزەیی و دڵسۆزی. «قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەیەکی پونگ و شویت و زیرە دەدەن بەڵام ڕاسپاردە گرنگەکانی تەورات وەکو دادپەروەری و بەزەیی و دڵسۆزیتان پشتگوێ خستووە» (مەتا ٢٣: ٢٣). ئەوان لە ئاست بابەتی ڕۆحییەوە کوێر بوون: «ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە شلەمەنی لە مێشوولە دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!» (مەتا ٢٣: ٢٤). وە ئەوەی کە بابەتەکە زۆر خراپتر دەکات، ئەوەیە کە کاتێک کوێژ دەبێتە ڕابەر، هەمووان ئازار دەچێژن، بگرە وێران دەبن. «ئەوانە کوێرن و ڕێنمایی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر کوێر ڕێنمایی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە چاڵەوە» (مەتا ١٥: ١٤).

واتە، کوێریی ڕۆحی و مردنەکەیان خۆکوژی و مردنی لێ دەکەوێتەوە. خۆیان و کەسانی

دیکەش وێران دەکەن. عیسا دەفەرموێت: «» (لۆقا ١١: ٤٤). لەو سەردەمەدا هەرکەسێک دەستی لە مردوو بدابا، بە گڵاو و پیس دەزانرا. لە دووفاقی خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی کە فەریسییەکان ئەو هەمووە ڕێوڕەسمەیان پەیڕەو دەکرد بۆ ئەوەی پاک بن، بەڵام سەلماندیان کە نە تەنها خۆیان مردوون، بەڵکو بە مردنەکەیان زیانیان بۆ کەسانی دیکەش هەیە.

## بارودۆخی مەرگهێنەری داواکاری بێبەزەیی

هەروەها گوێیان نەدەدا و هیچیان بەلاوە گرنگ نەبوو. وەکو زۆربەی حاڵەتی دووڕووە خۆپەرستەکان، فەریسییەکان بە شێوەیەکی بێبەزەییانە لەگەڵ خەڵکدا دەجوڵانەوە سەرەڕای ئەوەی کە داواکاری زۆریان هەبوو. «باری قورس و گران دەپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە هیچ شێوەیەک لە هەڵگرتنی بارەکاندا یارمەتییان بدەن» (مەتا ٢٣: ٤). واتە، بە دڵڕەقییەوە یاسا و شەریعەتیان جێبەجێ دەکرد. بە پێچەوانەی عیساوە، کە نیرەکەی گونجاوە و باری سوکە (مەتا ١١: ٢٨- ٣٠)، چونکە ئەو شتە دەبەخشێت کە داوای دەکات،[a] بەڵام ئەوان داوا دەکەن و هیچ یارمەتییەک پێشکەش ناکەن. بەو شێوەیە، فەریسییەکان نە تەنها خۆیان لەناو دەبن، بەڵکو لەگەڵ خۆیان کەسانی دیکەش لەناو دەبەن. «قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرگای شانشینی ئاسمان بە ڕووی خەڵکدا دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی کە دەیانەوێ، بچنە ژوورەوە» (مەتا ٢٣: ١٣).

بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی ترسناک و مەرگهێنەرە. کەسانی دووڕوو کە بەرەو دۆزەخ دەڕۆن، هەوڵ دەدەن کەسانی دیکەش لەگەڵ خۆیان ببەن. عیسا کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ونبووان و کەسانی بێدەسەڵات هەبوو، تووڕەی خۆی بەرامبەر نوێنەرانی دۆزەخ دەردەبڕێت: «قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! دەریا و وشکانی دەگەڕێن تاکو یەکێک بکەنە جولەکە، کە بووە جولەکە، ئەوسا دوو ئەوەندەی خۆتان دەیکەنە کوڕی دۆزەخ» (مەتا ٢٣: ١٥). عیسا لێرەدا هونەری ڕەوانبێژی لێکچواندن بەکاردەهێنێت. ئەوان ڕۆڵەی دۆزەخن، چونکە شەیتان باوکیان نەک خودا. عیسا پێی فەرموون: «عیسا پێی فەرموون: ئەگەر خودا باوکتان بووایە، منتان خۆشدەویست، چونکە لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی. بۆچی لە قسەکانم تێناگەن؟ چونکە ئێوە ناتوانن گوێ لە وشەکانم بگرن. ئێوە لە ئیبلیسی باوکتانن، دەتانەوێت ئارەزووەکانی باوکتان جێبەجێ بکەن. ئەو لە سەرەتاوە بکوژ بووە، لە ڕاستیدا نەچەسپاوە، چونکە ڕاستی لە ئەودا نییە. کاتێک درۆ دەکات، بە زمانی خۆی قسە دەکات،

[a] بڕوانە (داواکاری ٧، ٢١، ٢٣، ٢٤).

چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە» (یۆحەنا ٨: ٤٢- ٤٤). واتە، دڵیان بەپێی ویست و خواست و داواکارییەکانی شەیتان دەجوڵێتەوە.

فەریسییەکان هەوڵ دەدەن ئەم هەڵسەنگاندنە خوار بکەنەوە لە ڕێگەی گۆڕانی مەیدانەکە و تۆمەتبارکردنی عیسا بە ئیشکردن بۆ شەیتان. فەریسییەکان دەڵێن: «ئەمە ڕۆحی پیس دەرناکات، مەگەر بە بەعلزەبولی شای ڕۆحە پیسەکان نەبێت» (مەتا ١٢: ٢٤). بەڵام عیسا ڕوونی کردەوە کە ئەرک و خزمەتە لەناوبەرەکەی شەیتان ناکرێت بە هاوکاریکردنی شەیتان ڕوون بکرێتەوە: «ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات، ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، کەواتە چۆن شانشینەکەی خۆی ڕادەگرێت؟» (مەتا ١٢: ٢٦). نەخێر ڕاستییەکە ئەمەیە: ئەوە فەریسییەکانن کە بێچووی مارن و ناتوانن قسەی باش بکەن چونکە خراپن. «ئەی بێچووە ماران، کە ئێوە خراپ بن، چۆن دەتوانن بە چاکە بدوێن؟ دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت» (مەتا ١٢: ٣٤).

## ناوەوە خاوێن بکەوە، بۆ ئەوەی دەرەوەش خاوێن دەربکەوێت

ئەمە جەوهەری کێشەکەیانە: دڵیان خراپ و ڕەقە (مەرقۆس ٣: ٥؛ ١٠: ٥). هەموو هەوڵ و تێکۆشانە ئایینی و ئاکارییەکانیان لە پاککردنەوەی ڕووی دەرەوەیان و چاودێریکردنی ئەو شتانەی کە دەیخۆن سەرف کرا، نەک ئەوەی کە چی لە دڵیانەوە دێتە دەرەوە. زۆر گرنگ بوو بۆ قوتابییەکان کە عیسا بۆی ڕوون کردنەوە کە فەریسییەکان ئەمەیان بە پێچەوانەوە وەرگرتووە. بۆیە بەتایبەتی بۆی ڕوون کردنەوە و فەرمووی: «ئایا نازانن هەرچی دەچێتە ناو دەم دەڕواتە ناو سک و پاشان دەچێتە دەرەوەی جەستە؟ بەڵام ئەوەی لە دەمەوە دێتە دەرەوە، لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەبێتە هۆی گڵاوبوونی مرۆڤ، چونکە بیری خراپ لە دڵەوە دەردەچێت، کوشتن، داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ، کفرکردن. ئەمانە مرۆڤ گڵاو دەکەن. بەڵام نانخواردن بەبێ دەست شوشتن مرۆڤ گڵاو ناکات» (مەتا ١٥: ١٧- ٢٠).

فەریسییەکان گێلانە دەجوڵانەوە - وەکو ئەوەی ئەو خودایەی کە ڕووی دەرەوەی دروست کردووە، زیاتر گرنگی بە دەروون و ڕووی ناوەوە نادات. «گێلینە، ئایا ئەوەی دەرەوەی دروستکردووە ناوەوەشی دروستنەکردووە؟» (لۆقا ١١: ٤٠). ئینجا بەوپەڕی ڕوونییەوە پێی فەرموون کە پێویستە چی بکەن: «ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاک بکەرەوە، تاکو دەرەوەشی پاک بێتەوە» (مەتا ٢٣: ٢٦). لە شوێنی دیکەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و کاریگەرتر ئەم بابەتەی ڕوون کردەوە: «ئێوە ئەوەی هەتانە بیدەنە هەژاران، ئیتر هەموو شتێک بۆتان پاک دەبێت» (لۆقا ١١: ٤١).

بەپێچەوانـەی ئـەم ئامۆژگارییـەوە، فەریسـییەکان هـاوکاری هەژارانیـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە بیانبینـن (مەتـا ٢٣: ٥). واتـە، بـە دڵ ئـەو کارەیـان نەدەکـرد. کاتێـک هـاوکاری کەسـانی دەسـتکورت و هەژارانیـان دەکـرد، بـە خۆشەویسـتییەوە ئـەو کارەیـان دەکـرد. بەلایانەوە گرنـگ نەبـوو ئاخـۆ هـەژاران دەبنـە ڕۆڵـەی دۆزەخ یـان ئاسـمان. تەنهـا دەیانویسـت بەهـۆی کارەکانیانـەوە سـتایش بکرێـن. چارەسـەری عیسـا بـۆ ئـەم کارە بریتییـە لـە «یەکـەم جـار نـاو جـام پـاک بکـەرەوە، تاکـو دەرەوەشـی پـاک ببێتـەوە» (مەتـا ٢٣: ٢٦). یەکـەم جـار گۆڕانکاریـی دەروونـی ڕوودەدات. دواتـر لـە ئەنجامـدا، ڕووی دەرەوەش پـاک دەبێتـەوە. عیسـا گرنگـی بـە هەڵسـوکەوت و ئـاکار دەدات، بـەڵام تەنهـا ئـەوە بـەس نییـە.

لەبـەر ئەمەیـە کـە مزگێنیـی کۆمەڵایەتـی لـەلای عیسـا بایەخێکـی ئەوتـۆی نییـە. «کاری بـاش ئەنجـام بـدە» پەیامـی سـەرەکی عیسـا نییـە. بێگومـان ئەگـەر بمانەوێـت کارێـک ببێتـە هـۆی دڵخۆشـکردن خـودا و گوێڕایەڵیکـردن لـە عیسـا، دەبێـت پێـش هەمـوو شـتێک نـاوەوەی جامەکـە پـاک بکەینـەوە. ئینجـا وشـەی «تاکـو» نیشـانی دەدات کـە تاکـە ئاکارێکـی دەرەکـی کـە بـەلای عیسـاوە گرنگـە، ئـەو کردارەیـە کـە بەهـۆی دڵێکـی گـۆڕاوەوە ڕوودەدات. ڕووی دەرەوە گرنگـە، بـەڵام دەبێـت بەرهەمـی نـاوەوە بێـت.

## (جۆن ستۆت) ڕاستی دەکرد

ئێسـتا دەبێـت بزانیـن هەتـا چ ڕادەیـەک جـۆن سـتۆت، کـە لەسـەرەتای بەشـەکەی پێشـتردا باسـی وتەکەیـمان کـرد، ڕاسـت دەکات. عیسـا مەبەسـتی چـی بـوو کاتێـک فەرمـووی: «ئەگـەر ڕاستودروسـتیتان لـە مامۆسـتایانی تـەورات و فەریسـییەکان زیاتـر نەبێـت، هەرگیـز ناچنـە نـاو شانشـینی ئاسـمانەوە» (مەتـا ٥: ٢٠). سـتۆت لـە وەڵامـدا دەڵێـت: «ڕاستودروسـتیی بـاوەڕداری مەسـیح زۆر لـە هـی فەریسـیی زیاتـرە، چونکـە لـە دڵـەوە ڕاستودروسـتبوون قووڵـترە ... ڕاستودروسـتییەک کـە جێگـەی ڕەزامەنـدی خودایـە بریتییـە لـە ڕاستودروسـتییەکی دەروونـی بیـر و خواسـت و ویسـت. چونکـە «یـەزدان تماشـای دڵ دەکات». بێگومـان سـتۆت بـاوەڕی بـەوە هەیـە کـە ئـەم ڕاستودروسـتییە ڕاسـتەقینەیە لـە ژیانـدا کاریگـەری ڕوون و دەرەکـی دەبێـت. بـەڵام شـتە یەکلاییکەرەوەکـە بریتییـە لـە ڕاستودروسـتیی دڵ.

## زیادکردنی ڕاستودروستیی ناشرین کارێکی ئاسانە

بەپێـی ئـەوەی کـە هەتـا ئێسـتا خوێندوومانـە، ئەمـە ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە عیسـا مەبەسـتی بـوو. ئـەو وێنەیەکـی کـە عیسـا بـۆ ڕاستودروسـتی فەریسـییەکان لەبەرچـاوی گرتبـوو، زۆر ناشرین بـوو. بـەڵام لەوانەیـە بـەلای ئێمـەوە ئـەو ڕاستودروسـتییە کارێکـی ئاسـانە و هیـچ سـەختییەکی تێـدا نییـە. ئەمـە دەکرێـت ڕاسـت و هەڵـە بێـت. لـەو لایەنـەوە ڕاسـتە کـە عیسـا دەفەرموێـت:

«نیرەکەم گونجاوە و بارم سووکە» (مەتا ١١: ٣٠). عیسا نەیویست لە ڕیزی ئەو کەسانە بێت کە «بارێک دەخەنە سەر شانی خەڵکی کە هەڵگرتنی زەحمەتە، بەڵام خۆتان پەنجەیەکیش لە بارەکە نادەن» (لۆقا ١١: ٤٦). بۆیە، ڕاستە کە ئەگەر پێمان وابێت ئەو ڕاستودروستییەی عیسا داوای دەکات ئاسانە و بارەکە سوکە.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، وەکو چۆن لە داواکاری هەژدەیەمدا بینیمان، ئاسان نییە و سەختە. لەڕاستیدا، نەک تەنها سەختە، بەڵکو مەحاڵە. کاتێک پیاوە دەوڵەمەندەکە لە عیسا دوور کەوتەوە و بە ڕێی فەریسییەکاندا ڕۆیشت، چونکە پارە و سامانەکەی خۆشدەویست، عیسا باسی ئەوەی کرد کە پاککردنەوەی ناو جام و خۆشنەویستنی پارە چەندە سەختە: «لەلای مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا نا، چونکە لەلای خودا هەموو شتێک دەبێت» (مەرقۆس ١٠: ٢٧). مەبەستی ئەوە بوو، کە ئەم پیاوە خۆی ناتوانێت دڵی بگۆڕێت. ئەو پارەی لە عیسا زیاتر خۆشدەویست. پێویستە ئەو ئاکارەی بگۆڕدرێت. ئەمە ئەو ڕاستودروستییەیە کە فەریسییەکان نییانە.

ئەو ڕاستودروستییەی کە لە هی فەریسییەکان زیاترە، ئەو دڵە نوێیە دەگرێتەوە کە متمانەی بە عیسایە و ئەوی زیاتر لە پارە و ستایش و سێکس و هەموو شتێکی دیکەی ئەم جیهانە خۆش دەوێت. کەواتە، خۆشویستنی بەهاداترین شت، لە لایەکەوە ئاسانترین شتە – بۆ نموونە وەکو فەرمانی چێژوەرگرتن لە خواردنی دڵخوازت. بەڵام کاتێک دڵمان بەم جۆرە عیسای خۆشناوێت، گۆڕینی خۆمان لە دەرەوەی دەسەڵاتمانەوەیە.

## شەش دژیەک ئەو ڕاستودروستییە نیشان دەدات کە لە سەرووی هی فەریسییەکانەوەیە

دوای ئەوەی کە عیسا لە (مەتا ٥: ٢٠) باسی ئەوە دەکات کە ڕاستودروستیی ئێمە دەبێت لە هی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر بێت، بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو بەشە لە وتاری سەر چیا بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە لە کاتێکدا ڕاستودروستیی ڕاستەقینە هەڵسوکەوت و ئاکاری پڕ لە خۆشەویستی دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەروونی و ناوەکییە. ئەمەش بەتایبەتی لەبەر ئەوەیە کە ئەوەی کە لە دەروونداییە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئاخۆ ئاکار و کردارت لەبەردەم خودا بایەخی هەیە یان نە. وە لەبەر ئەوەی جەوهەری باشی هەڵسوکەوت و ئاکار بریتییە لە نیەتی دەروونی، نەک جوڵەی ماسولکە یان کاریگەرییە دەرەکییەکان. هەموو ئەوەی کە عیسا دەربارەی دووڕوویی فەریسییەکان فەرمووی دەمانگەیەنێتە ئەم دەرەنجامە.

عیسا لە (مەتا ٥) پێداگری لەسەر ئەمە دەکات. شەش نموونەمان پێدەدات سەبارەت بەوەی کە چۆن خوێندنەوەی دەرەکی شەریعەت دەبێت هانی دەروون بدات هەتا ئەو کاتەی کە

داواکاریی خودا دڵ دەبڕێت و کار دەکاتە سەر هەست و سۆزە قووڵەکانی دڵ. هەندێ جار ئەم شەش داواکارییە دەگوترێت «دژیەکەکان» چونکە عیسا بە فەرمانەکانی دژی شێوازی بەکارهێنانی شەریعەت و پێگەی خودی شەریعەت بوو لە لایەن فەریسییەکانەوە.

## لە مەکوژە بۆ تووڕە مەبە

یەکەم جار عیسا ئاماژە بە فەرمانی مەکوژە دەکات. عیسا کە تەنها کرداریی دەرەکی بەلاوە گرنگ نییە، فەرمان دەدات کە تووڕە نەبین و دەڵێت کە تووڕەیی، تەنانەت بەبێ پەرچەکرداری دەرەکی، وەکو کوشتن وایە (مەتا ٥: ٢١- ٢٦). کەواتە دەبینین کە ئەو ڕاستودروستییەی لە هی فەریسییەکان زیاترە لەڕاستیدا بریتییە لە گۆڕانی دەرەکی کە لە کاتی هەڵەدا تووڕە نابێت. بڕوانە (داواکاریی ١٨، ١٩).

## لە داوێنپیسی مەکە بۆ بە چاوی هەوەسەوە بۆ کەس مەڕوانە

دووەم، عیسا ئاماژە بە فەرمانی داوێنپیسی مەکە دەکات و کە تەنها کرداریی دەرەکی بەلاوە گرنگ نییە، فەرمان دەدات کە تەنانەت نابێت بە چاوی هەوەسەوە بڕوانینە کەسانی دیکە. «ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە» (مەتا ٥: ٢٨). کەواتە، نیشانی دەدات ئەو ڕاستودروستییەی کە لە هی فەریسییەکان زیاترە لە بنەڕەتدا گۆڕانکاریی دەروونییە کە بەسەر کۆت و بەندی دڵدا زاڵ دەبێت بۆ بنەبڕکردنی ئارەزووی جنسیی ناشەرعی. ئەو ڕاستودروستییەی کە عیسا داوای دەکات تەنها کار و کردەوە ناگرێتەوە، بەڵکو پاکیی دڵ دەگرێتەوە کە لەپشت پاکی دەرەکییەوەیە.

## لە جودابوونەوە بۆ دڵسۆزبوون

سێیەم، عیسا ئاماژە بە فەرمانی جودابوونەوە لە پەیمانی کۆن دەکات و باشی شتێکی زۆر بەرزتر دەکات کە ئەویش جودانەبوونەوەیە لە هاوسەرەکانمان. «ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێک بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات» (مەتا ٥: ٣٢). ئەو ڕاستودروستییەی کە لە سەرووی هی فەریسییەکانە بریتییە لە توانای نوێی دۆزینەوەی وەڵام بۆ کێشەکانی ژیانیان، کە بە جودابوونەوە کۆتایی نایەت کە چارەسەرێکی دەرەکییە، بەڵکو بە گۆڕینی دڵ کۆتایی دێت.

## لە جێبەجێکردنی سوێندەوە بۆ ڕاستگۆییەکی سادە

چوارەم، عیسا ئاماژە بەو فەرمانە دەکات کە «سوێندەکانت بۆ یەزدان بەرەسەر»

(مەتا ٥: ٣٣). بەڵام عیسا ئەمە تێپەڕ دەکات باشی شتێکی زۆر گرنگتر و قووڵتر دەکات. داوامان لێدەکات کە دڵمان دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت بە جۆرێک کە پێویستی بە پشتڕاستکردنەوەی دەرەکی وەکو سوێند نەبێت بۆ ئەوەی پشتیوانی لە بەڵێ و نەخێرە سادەکەمان بکات. ئەو ڕاستودروستییەی کە لە سەرووی هی مامۆستایانی شەریعەت و فەریسییەکانەوەیە بریتییە لە پەیوەستبوونی دەروونی بۆ ڕاستگۆیی تەواو کە وا دەکات «سوێند دەخۆم ...» ببێتە شتێکی زیادە.

## لە تۆڵەکردنەوە بۆ ڕازیبوونی پڕ لە خۆشەویستی

پێنجەم، عیسا ئەم وتەیەی پەیمانی کۆن دەهێنێتەوە کە دەڵێت «چاو بە چاو، ددان بە ددان»، ئینجا لە بەرامبەردا، شەش داواکاریمان پێشکەش دەکات: «بەربەرەکانێی خراپەکار مەکەن، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە، ئەوەی ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، چاکەتەکەشتی بدەرێ. ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ. ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزی لێکردیت پشتی تێمەکە» (مەتا ٥: ٣٩- ٤٢). هەموو ئەمانە هەڵسوکەوت و ڕەفتارن، تەنها حاڵەتی دەروونی نین.

بۆیە، نابێت بڵێین کە ئەو ڕاستودروستییەی لە هی مامۆستایانی شەریعەت و فەریسییەکان زیاترە تەنها دەروونییە. بێگومان پشوودرێژییەکی زۆر و بەخشندەیی و خۆشەویستی لەخۆ دەگرێت. بەڵام ناکرێت ئەو ڕاستییەش لەدەست بدەین کە ئەم شەش داواکارییە بەتەواوی پێچەوانەی خۆپەرستیی سروشتی مرۆڤانەیە کە بەبێ گۆڕانکاریی دەروونی ناتوانین ئەنجامیان بدەین کە وا دەکات ڕازیبوون و ئارامیمان لە شتێکدا بێت کە ئەم جیهانە پێمان نابەخشێت کە ئەویش عیسای مەسیحە.

لە خۆشەویستییەکی سنووردارەوە بۆ خۆشویستنی دوژمنەکانمان

لە کۆتاییدا، عیسا وتەیەکی پەیمانی کۆن (لێڤییەکان ١٩: ١٨)، دەهێنێتەوە کە دەڵێت: «بیستووتانە گوتراوە: نزیکەکەت خۆشبوێت، "ڕقت لە دوژمنت بێتەوە» (مەتا ٥: ٤٣). ئینجا پێچەوانەی ئەم وتەیە دەدوێت و دەفەرموێت: «من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە» (مەتا ٥: ٤٤). خۆشەویستی لە خزمەتی قوربانی ئاسادا ئاشکرا دەبێت. بەڵام خۆشەویستی یەکەم جار دەرناکەوێت، بەڵکو گۆڕانکاریی دڵ دەردەکەوێت.

ئەمە لەو داواکارییەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێت: «نوێژ بۆ ئەوانە بکەن کە دەتانچەوسێننەوە». نوێژ و نزا واتە هەر بەڕاستی هیوای سەلامەت و باشییان بۆ بخوازین.

ئێمە نوێژ بۆ ڕزگاری و خۆشی هەتاهەتاییان دەکەین و ئەوەی کە ڕزگاریی پڕ لە بەزەیی خودا لە ژیانیاندا ئەنجام بدرێت. ئەمە ڕوونادات ئەگەر بێتو تەنها پەیوەستبوونێکی وشک لەگەڵ ڕێزگرتنێکی دەرەکی بەرامبەر دوژمنەکانمان هەبێت. ئەگەر بەڕاستی نوێژیان بۆ بکەین، ئەوا دەبێت دڵمان بەتەواوی لە خۆپەرستییەوە بگۆڕێت بۆ متمانەی تەواو بە عیسا. ئەم گۆڕانکارییە، لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەی کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو ڕاستودروستییەیە کە لە هی مامۆستایانی شەریعەت و فەریسییەکان زیاترە.

لە بەشی دواتردا، دێینە سەر جەنگی پاکی و خۆشەویستی دەروونی کە فەریسییەکان نەیانبوو. بە ڕادەی بڕینەوەی دەست و دەرهێنانی چاو توند و سەختە. هەروەها دەبینین کە ئەو ئارامی و ئاسایشەی کە چێژی لێ وەردەگرین، تەنها پەیوەست نییە بە نیشاندانی دڵێکی جیاواز لە هی فەریسییەکان، بەڵام پەیوەستە بە شوێن و پێگەمان لە لێخۆشبوون، قبوڵکردن، خۆشەویستی و ژیانی هەتاهەتایی خودا.

# داواکاریی بیست و حەوتەم

## دەبێت لە فەریسییەکان ڕاستودروستر بیت، چونکە هەموو دارێکی باش بەرهەمی باش دەگرێت

«خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.» (مەتا ٥: ٨)

«بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە. ئەگەر چاوی ڕاستت تووشی گوناهی کردیت، دەریبهێنە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت فڕێبدرێتە ناو دۆزەخ. ئەگەر دەستی ڕاستت تووشی گوناهی کردیت، بیبڕەوە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت بچێتە دۆزەخەوە.» (مەتا ٥: ٢٨- ٣٠)

«بەم شێوەیە هەموو دارێکی باش بەری باش دەدات، داری خراپیش بەری خراپ.» (مەتا ٧: ١٧)

هەڵەی فەریسییەکان لەوەدا بوو کە تیشکیان دەخستە سەر پاککردنەوەی دەرەوەی جام و پاکیی دڵیان پشتگوێ خستبوو. لەم بەشەدا باسی ئەو جەنگەی پاکیەتی دەکەین کە لە سەرووی فەریسییەکانەوەیە. هەموو هەر جەنگێکی دیکە، پرسیاری سەرکەوتن لە دوورەوە دیارە. ئایا ئێمە ئەم جەنگە دەبەینەوە؟ لە کۆتاییدا سەرنجمان دەخەینە سەر دڵیاییمان بە لێخۆشبوونی خودا، قبوڵکردن، خۆشەویستی و ژیان.

### پاکیی دڵ: خۆشویستنی یەک شت

کاتێک عیسا لە (مەتا ٥: ٨) دەڵێت: «خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن»، باسی ئەو ڕاستودروستییە دەکات زیاترە لە هی فەریسی و مامۆستایانی شەریعەت. هەمان وشە، واتە «پاک» لە وەسفی ئەو شتەدا بەکاردێنێت کە فەریسییەکان پێویستییان پێیەتی: «ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاک بکەرەوە، تاکو دەرەوەشی پاک بێتەوە» (مەتا ٢٣: ٢٦). ئەو ناپاکییەی کە عیسا زۆر بەلایەوە گرنگە بریتییە لە متمانە نەکردن و خۆشنەویستی خودا. دڵ بۆ خودا دروست کراوە – متمانە کردن و خۆشویستنی خودا. ناپاکبوون هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە جێگەی خودا دەگرنەوە یان ئاستی باوەڕ بە خودا و خۆشەویستیمان بەرامبەری کەم دەکاتەوە.

«سۆرێن کییەگارد» کتێبێکی بە ناوی «پاکیی دڵ دەبێت یەک خواستی هەبێت» نووسیوە.[a] ئەو ناونیشانە لە جەوهەری پاکبوونەوە نزیکە. من تەنها وشەی «خواست» دەگۆڕم بۆ «خۆشویستن». خواست دەکرێت بە ئاسانی وا تێبگەین کە بە واتای کاری گیان و دەروون دژی حەز و ئارەزووە ڕاستەقینەکانمان دێت. بەڵام ئەگەر ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێت کە بەو جۆرە لە خودا بڕوانین، ئەوە پاکیی دڵ نییە. پاکبوون دەگاتە ئاستی ئەوەی کە خودا بەتەواوی لە عیسادا ڕێزی دەگیرێت و خۆشدەویسترێت. ئەمە ئەو شتەیە کە فەریسییەکان نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، وە ئەمە ئەو شتەیە کە ڕاستودروستییەکی زۆر ئەنجامی دەدات.

گۆڕینی دڵ کە خۆشویستنێکی نوێی عیسا دروست دەکات، دیاریی خودایە و ئەو کاتە ئەزموونی دەکەین کە دڵی چاوەکانمان کراوەن بۆ ئەوەی کە زیاتر لە هەر ڕاستییەکی دیکە خۆشمان بوێت و ڕێزی بگرین. عیسا وەکو لەدایکبوونەوەی نوێ ئاماژە بەو گۆڕانکارییە دەکات (داواکاریی یەکەم)، یان تۆبەکردن (داواکاریی دووەم). دڵێکی نوێ بەدەستبهێنە. دووبارە لەدایکببەوە. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لەم فەرمانەدا دەیبینین کە پێکهاتووە لە بەدەستهێنانی ڕاستودروستی یان پاکبوونێک کە لە هی مامۆستایانی تەورات و فەرسییەکان زیاترە. ئەم داواکارییە زۆرتر بۆ لەدایکبوونەوەی نوێیە.

ئەم گۆڕانکارییە دەروونییە، دیارییە. خودا داوای دەکات و هەر خودی خۆی دەیبەخشێت. عیسا دەفەرموێت: «با بۆ کوێ بیەوێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت. هەرکەسێکیش لە ڕۆحی پیرۆز لەدایک بووە ئاوایە» (یۆحەنا ٣: ٨). عیسا فەرمان دەدات. ڕۆحی ئازاد و چاوەڕواننەکراو دیارییەکەمان پێدەبەخشێت. بەرپرسیاریەتی ئێمە بریتییە لە بینینی عیسا و قبوڵکردنی بەو جۆرەی کە هەیە.

## جەنگی مان و نەمان لەپێناوی پاکیی دڵدا

ئەوەی لە فێرکردن و پەیامەکانی عیساوە ڕوونە ئەوەیە کە پاراستن و پەرەپێدانی دیاریی پاکبوون و ڕاستودروستییەک کە هی فەریسییەکان زیاتر بێت، جەنگێکی مان و نەمانە. ئێمە نادیار و ناچالاک نین. عیسا هێزێکی یەکلاییکەرەوە و گرنگی پێ بەخشیوین. لە (یۆحەنا ١٥: ٥)دا دەفەرموێت: «بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن». بەڵام لە ڕێگەی هێرشی بەردەوام و سەخت بۆ سەر گوناهەکانی خۆمان، دەتوانین ئەو هێزەی عیسا وەبگرین. عیسا فەرمووی: «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە برسی و تینوون بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن» (مەتا ٥: ٦). برسیەتی و تینوویتی شتێکی بەردەوامن و هەرگیز ناوەستن

(Søren Kierkegaard, Purity of Heart Is to Will One Thing (San Francisco: Harper Perennial, 1956 a

و هێـمای ژیانـن. بێگومـان ئـەوەی لـە دەسـتمان بێـت بـۆ نەهێشـتنی تینوویّتـی و برسـیێتی دەیکەیـن. عیسـا بـەو جـۆرە فێرمـان دەکات کـە شـوێن پاکبـوون بکەویـن.

بـۆ نموونـە، کاتێـک دەمانەوێـت دژی هەوەسـی دەروونـی بوەسـتینەوە، عیسـا فەرمـان دەدات کـە ئـەوەی لـە تواناماندایـە بـۆ لەناوبردنـی پێویسـتە ئەنجامـی بدەیـن، چونکـە گیانمـان لـە مەترسـیدایە.

«ئەگـەر چـاوی ڕاسـتت تووشـی گوناهـی کردیـت، دەریبهێنـە و فڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت فڕێبدرێتـە نـاو دۆزەخ. ئەگـەر دەسـتی ڕاسـتت تووشـی گوناهـی کردیـت، بیبـڕەوە و فڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت بچێتـە دۆزەخـەوە.» (مەتـا ٥: ٢٩- ٣٠)

لەوانەیـە عیسـا مەبەسـتی ئـەوە بێـت کاتێـک دەفەرمووێـت: «لـە ڕۆژانـی یەحیـای لەئاوهەڵکێشـەوە هەتـا ئێسـتا شانشـینی ئاسـمان بـە هێـز تێدەکۆشـێت، تێکۆشـەرانیش دەسـتی پێوەدەگـرن» (مەتـا ١١: ١٢). دەسـتگرتن بـە شانشـینەوە لەوانەیـە یەکێـک بێـت لـە ڕێگاکانـی وەرگێڕانـی ئـەو وتەیـەی کـە عیسـا دەربـارەی شـەڕکردن دژی هـەوەس فەرمـووی: چـاوت دەربهێنـە و دەسـتت ببـڕەوە - ئـەوەی کـە پێویسـتە ئەنجامـی بـدە - بـۆ بـە میـرات وەرگرتنـی شانشـینەکە و نەڕۆیشـتن بـۆ دۆزەخ. شانشـین بـە هێـزەوە وەربگـرە - هێـز دژی گوناهەکانـت، نـەک دژی خـودا. جەنگـی ڕاستودروسـتی لەنێـو دڵمانـدا، جەنگێکـی زۆر سـەخت و بەهێـزە.

## بابەتی توندیی دەرهێنانی چاوی ڕاست

لـەم جەنگـەدا، سـەرنجی سـێ شـت بـدە. یەکـەم چـاو یەکـەم ئەندامـە کـە هێرشـی دەکرێتـە سـەر. «ئەگـەر چـاوی ڕاسـتت تووشـی گوناهـی کردیـت، دەریبهێنـە و فڕێـی بـدە». هـەر چەنـدە بابەتەکـە گوناهـی هـەوەس و جنسـییە، بـەڵام نافەرموێـت: «ئەندامـی زاوزێـت ببـڕە بـۆ ئـەوەی خـۆت لـەو کارە دوور بخەیتـەوە». بەڵکـو دەفەرموێت:»چـاوت دەربهێنـە بـۆ ئـەوەی لـە ئارەزووەکـە دوور بکەویتـەوە». جەنگەکـە لەپێنـاو پاکـی دڵـە پێـش پاکـی نێـو جێگـەی خـەو. بەبـێ پاکیـی دڵ، هەمـوو شـتێکی نێـو جێگـەی خـەون ناپاکـە.

دووەم، سـەرنجی ئـەوە بـدە کـە عیسـا دەفەرموێـت چـاوی ڕاسـتت دەربهێنـە. گرنگـی ئـەم کارە لەوەدایـە کـە چـاوی چـەپ دەهێڵێتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە هەمـان ئەنـدازەی پێشـتر خـۆی لـە هەوەس بپارێزێـت. بۆیـە، مەبەسـتی عیسـا ئـەوە نییـە کـە دەرهێنانی چاوی ڕاسـت هەموو شـتێک چارەسـەر دەکات و پێویسـتە ئـەو کارە بکەیـت. مەبەسـتەکە ئـەوەش نییـە کـە ئـارەزووی دەروونـی بـە بڕینـی دەرەکـی جڵەوگیـر دەکرێـت. مەبەسـتەکە ئەوەیـە کـە مەترسییەکان چەنـدە زۆرن. بۆیـە دەبێـت ئـەوەی کـە لـە تواناماندایـە بـۆ شـکاندنی کـۆت و بەنـدی ئـارەزووە گوناهبارەکانمـان ئەنجامـی

بدەیـن. بەڕاستی جێگـەی سەرسامییە کـە خەڵـک چەنـدە بـە ئاسایی ڕووبـەڕووی گوناهەکانیـان دەبنـەوە. عیسـا داواکارییەکـی پێچەوانـەی هەیـە. دەرهێنانـی چـاو و بڕینـەوەی دەسـت چەنـدە زەروورییـە، بـە هەمـان شێوە لەپێنـاو بەدەستهێنانی دڵێکـی پاکـدا بجەنگـە.

سـێیەم، سـەرنجی ئـەوە بـدە کـە هەڕەشـەی سـەرەکی کامەیـە: دۆزەخ. «بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت فڕێبدرێتـە نـاو دۆزەخ». زۆرێـک لـە بـاوەڕداران کـە ئـەو ڕاسـتییەیان زۆر بـەلاوە پەسـەندە کـە بێتاوانبـوون نیعمەتـی خودایـە و تەنهـا لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە بەدەسـت دێـت - کـە منیـش ئـەو ڕاسـتییەم خۆشـدەوێت و بـاوەڕم وایـە، عیسـای مەسـیحیش هەمـان شـتمان پـێ دەڵێـت (داواکاریـی بیسـتەم)، پێیـان زەحمەتـە کـە ئـەم هەڕەشـانەی عیسـا بەجـدی وەربگـرن. بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەک ناتوانیـن خۆمانـی لـێ بپارێزیـن. لـە ئینجیلەکانـدا بـە ڕوونـی بـاس کـراون و جـوان دەریدەخـەن کـە ئەگـەر ئـەم جەنگـە کـە لەپێنـاو پاکبوونـە پشـتگوێ بخەیـن، ئـەوا لەناودەچیـن.

ئەزموونی دڵنیایی پشت بە شوێن و سەلماندن دەبەستێت

عیسـا دەفەرموێـت کـە ئەگـەر ڕاستودروسـتییەکمان نەبێـت کـە لـە هـی فەریسـییەکان و مامۆسـتایانی تـەورات زیاتـر بێـت، ئـەوا ناڕۆینـە نێـو شانشـینی ئاسمانەوە (مەتـا ٥: ٢٠). هەمـوو ئـەوەی کـە لـەم بەشـەدا خوێندمـان، دەریدەخـات کـە عیسـا لێـرەدا بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بیـر لـە ڕاستودروسـتی خـۆی ناکاتـەوە کـە پەیوەسـتە بـە ئێمـەوە. بەڵکـو بیـر لـە جۆرێـک لـە گۆڕانـکاری دەروونـی و جێبەجێکردنـی جەسـتەیی دەکاتـەوە کـە لـە شـەش داواکارییەکـی عیسـا لـە (مەتـا ٥: ٢١- ٤٨)دا هاتـووە.

کەواتـە چـۆن بەهـۆی مەسـیحەوە چێـژ لـە ئاسـایش و ئارامـی وەردەگریـن کـە داواکارییەکانـی گۆڕانکاریـی ڕاسـتەقینەی دڵ و ڕەفتـاری ڕاستودروسـتی ڕاسـتەقینە لەخـۆ دەگرێـت؟ بەتایبـەت لـە داواکاریـی بیسـت و چوارەمـدا هەوڵـم دا وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەمـەوە. بێگومـان بـە درێژایـی هەمـوو کتێبەکـە هـەوڵ دەدەم وەڵامـی بدەمـەوە. بۆیـە، بـە کورتەیەکـی دیکـە، کۆتایـی بـەم بەشـە دەهێنـم. هەسـتی ئاسـایش و ئاسوودەیی - دڵنیایـی ئـەوەی کـە لـە کۆتایـی زەمانـەدا دەڕۆینـە نێـو شانشـینی خـودا - پشـت دەبەسـتێت بـە شـوێن و پێگەمـان لـە چاکـەی هەتاهەتایـی خـودا، هەروەهـا پشـت بـە هەڵسـوکەوت و ئـاکاری خۆشـمان دەبەسـتێت تاکـو بیسـەلمێنین کـە بەڕاسـتی لـەو شـوێنەین.

مەبەسـت لـە «شـوێن و پێگەمـان لـە چاکـەی هەتاهەتایـی خـودا» ئەوەیـە کـە لانـی کـەم شـەش ڕاسـتی گرنـگ و شـکۆدار دەربـارەی ئـەو کەسـانە هەیـە کـە متمانـە و باوەڕیـان بـە عیسـای مەسـیح هەیـە. ١) پێـش ئـەوەی کـە سـەربە عیسـا بیـن، سـەربە خودایـن (یۆحەنـا ١٧:

٦)، واتـە، چاکـەی خودامـان لەسـەر بـوو، پێـش ئـەوەی کـە هیـچ جـۆرە ڕاستودروسـتییەکمان هەبێـت. ٢) ناومـان لـە ئاسـمان نـووسراوە لەنێـو ئـەو هاوڵاتییانـەی کـە خـودا دەیانبـات بـۆ ئـەوێ (لۆقـا ١٠: ٢٠). ٣) ئێمـە بێتـاوان کراویـن - ڕاستودروسـت کراویـن - لـە ڕێگـەی بـاوەڕ بـە بەزەیـی بێبەرامبـەری خـودا بەهـۆی مەسـیحەوە (لۆقـا ١٨: ١٤). عیسـا پێـی ڕاگەیاندوویـن کـە نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەک پشـت بـە ڕاستودروسـتی خۆمـان ببەسـتین وەکـو بنەمـا و پێـوەری پێگـە و شـوێنمان لـە باشـە و چاکـەی خـودا. لۆقـا پێـمان دەڵێـت کـە پەنـد و نموونەکـەی عیسـا دەربـارەی فەریسـییەکە و باجگرەکـە بـۆ ئـەو کەسانە بـوو کـە «متمانەیـان بـە خۆیانـە و پێیـان وایـە کـە ڕاستودروسـتن و هـاوکات سـوکایەتی بـە کەسـانی دیکـە دەکـەن» (لۆقـا ١٨: ٩). ٤) ئێمـە لـە چنگـی هەمـوو ئـەو دژمنانـە کڕاوینەتـەوە کـە گیـان و دەروونمـان وێـران دەکـەن (مەرقـۆس ٢٦: ٢٨). ٥) لـە ڕێگـەی خوێنـی عیسـای مەسـیحەوە هەمـوو گوناهەکانمـان بەخـشراوە (مەتـا ٢٦: ٢٨). ٦) ئێمـە ئێسـتا خاوەنـی ژیانـی ڕۆحـی هەتاهەتاییـن (یۆحەنـا ٥: ٢٤).

ئـەو شـوێن و پێگـەی ئێمەیـە. تـەواو و کامـڵ و بێخەوشـە. ناتوانیـن لەمـەی کـە هەیـن هەڵبژێردراوتـر، بێگوناهـتر، یـان هەتاهەتاییـتر بیـن. ئـەوەش بـەردی یەکلاییکـەرەوەی ئاسـایش و دڵنیایـی ئێمەیـە.

## نیشاندان و دەرخستنی شوێن و پێگەمان

مەبەسـتم لـە نیشـاندان ئەوەیـە کـە شـێوازی ژیانمـان شـوێن و پێگەمـان دەربخـات. ئـەوە پێگەمـان دروسـت نـاکات، خـودا لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە، شـوێن و پێگەمـان پێدەبەخشـێت. بـەڵام بـە جۆرێـک ئـەو پێگەیـەی پـێ بەخشـیوین کـە بەجوانـی لەگـەڵ نیشـاندان و دەرخسـتنی لـە جیهانـدا بگونجێـت. ئەمـە ئـەو ڕاستودروسـتییەیە کـە زیاتـرە لـە هـی مامۆسـتایانی شـەریعەت و فەریسـییەکان. ئەمـە شـتێکی زەرووریيـە، نـەک بـژاردە. واتـە، عیسـا وای لێکدەداتـەوە کـە ئەگـەر شـوێن و پێگەمـان لـە باشـە و چاکـەی خـودا نیشـان نەدەیـن، ئـەوا لەڕاسـتیدا ئـەو پێگەیـە بوونـی نییـە. عیسـا دەفەرموێـت کـە ئـەم نیشـاندان و دەرکەوتنـە بـۆ کۆتـا ڕزگاریـی (ڕۆیشـتن بـۆ بەهەشـت) زەرووری و پێویسـتە، چونکـە خـودا دەیەوێـت کـە شـکۆمەند بێـت بەهـۆی نیعمەتـی دامەزراندنـی شـوێن و پێگەمـان لـە چاکـە و باشـەی هەتاهەتایـی ئـەودا و بـۆ نیعمەتـی دابینکردنـی ئـەو هاوکارییـەی کـە پێویستمانە بـۆ نیشـاندانی ئـەم پێگەیـە لـە ڕێگـەی هەڵسـوکەوت وئاکارمانـەوە. ئەوانـەی کـە بەهـۆی بـاوەڕەوە چاکـە و باشـەی هەتاهەتایـی خودایـان هەیـە، هەمـوو ئـەو شـتانە پێویسـتانەیان دەبێـت کـە پێویسـتیانە بـۆ نیشـاندان و دەرخسـتنی شـوێن و پێگەیـان لـەم ژیانـەدا.

دڵنیایـی ئـەوەی کـە خـودا بەتـەواوی توانـا دەداتـە نیشـاندان و دەرکەوتنـی ئێمـە، پشـت بـە

چەند ڕاستییەک دەبەستێت. ١) عیسا بەڵێن دەدات کە هیچ شتێک ناتوانێت لەنێو ئەو دەستی ئەو بمانڕفێنێت (یۆحەنا ١٠: ٢٨- ٢٩). ٢). بەڵێن دەدات کە یارمەتیدەرێک دێت و لەم جەنگەدا بە تەنها بەجێمان ناهێڵێت (یۆحەنا ١٤: ١٦، ٢٦؛ ١٥: ٢٦). ٣) عیسا بەڵێن دەدات کە هەتا کۆتایی زەمانە لەگەڵمان دەبێت (مەتا ٢٨: ٢٠). ٤) عیسا نوێژ دەکات کە باوەڕمان لەدەست نەدەین و باوک بمانپارێزێت (لۆقا ٢٢: ٣٢؛ یۆحەنا ١٧: ١١، ١٥). ٥) عیسا دەزانێت کە ئێمە کامڵ و تەواو نین و بەو هۆیەوە چارەسەری بۆمان دەستەبەر کردووە (مەتا ٦: ١٢). ٦) عیسا فێری کردین کە ئەوەی بەلای ئێمەوە مەحاڵە، بۆ خودا ئاسانە (مەتا ١٦: ٢٦). ٧) ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە ئەوەیە کە بیسەلمێنین ئەم ژیانە خودا پێی بەخشوین، نەک ئەوەی کە هەوڵی تەواوی و کامڵبوون و بێگەردبوون بدەین. ئەم ڕاستیيانە و ڕاستیگەلی دیکە، دڵنیایی ئەوەمان دەدەنێ کە کاری خودا لە ژیانماندا دەرکەوتن و نیشاندانێک پڕ لە نیعمەت دێنێتە کایەوە کە لە ڕۆژی دواییدا پێویستمانە.

## هەموو دارێکی باش بەرهەمی باش دەگرێت

ئەو وێنەیەی کە عیسا بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیی نیشاندان و دەرکەوتن بەکاریهێنا، بریتییە لە وێنەی دار و بەرهەمەکەی: «بەم شێوەیە هەموو دارێکی باش بەری باش دەدات، داری خراپیش بەری خراپ. داری چاک ناتوانێت بەری خراپ بدات و داری خراپیش ناتوانێت بەری باش بدات. هەر دارێک بەری باش نەدات دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر» (مەتا ٧: ١٧- ١٩). کاتێک کە دەفەرموێت «داری چاک ناتوانێت بەری خراپ بدات»، مەبەستی ئەوە نییە کە هیچ کام لە شوێنکەوتووانی هەرگیز گوناه ناکەن. ئەگەر بڕوانینە ئەو وشە یۆنانییەی کە بۆ «گرتنی بەری باش» بەکارهاتووە، دەمی ڕانەبردووی بەردەوامە، واتە بەردەوام بەری باش دەگرن. کەواتە عیسا دەفەرموێت: «داری باش ناتوانێت بەری خراپ بگرێت». بە واتایەکی دیکە، داری خراپ لەبەر چەند جارێک بەرهەمی خراپ نابڕدرێتەوە، بەڵکو ئەو کاتە دەبڕدرێتەوە کە ئەوەندە بەری خراپ دەگرێت کە ئیدی بە هیچ شێوەیەک ئاسەواری بەری باشی پێوە نابینرێت. ئەوەی کە خودا لە ڕۆژی حوکمداندا داوای دەکات، تەواوی و کامڵیی ئێمە نییە، بەڵکو هەبوونی بەرهەمی پێویست بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دارەکە ژیانی تێدایە - لە حاڵەتی ئێمە، ژیانی خودایی دەگرێتەوە.

«پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە» (مەتا ٥: ٢٠). نوێژ دەکەم کە خودا یارمەتیمان بدات تاکو تەنها متمانە بە عیسا بکەین بۆ ئاسایشی پێگەمان لە چاکە و باشەی هەتاهەتایی یەزداندا و بۆ ئەو یارمەتییەی کە بەڵێنی داوە دڵمان بگۆڕێت و وا بکات کارەکانمان پڕ لە خۆشەویستی بێت.

# داواکاریی بیست و هەشتەم

## دوژمنەکانت خۆشبوێت - بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنوێنییان بکە

«بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە.» (مەتا ٥: ٤٤)

««بەڵام ئەی گوێگران پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە، ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن داوای بەرەکەتیان بۆ بکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن.» (لۆقا ٦: ٢٧- ٢٨)

«ئەگەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆشدەوێت کە خۆشیان دەوێن. ئەگەر باش بن لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵتان باشن، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش هەمان شت دەکەن. ئەگەر قەرز بدەنە ئەوانەی کە بەو هیوایەن لێیان وەربگرنەوە، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش قەرز دەدەنە گوناهباران تاکو ئەوەندە وەربگرنەوە.» (لۆقا ٦: ٣٢- ٣٤)

«بە ڕاستیی خۆت پیرۆزیان بکە، وشەی تۆ ڕاستییە.» (یۆحەنا ١٧: ١٧)

ئەو داواکارییەی عیسا کە دەفەرموێت دوژمنەکانتان خۆش بوێت، بە بەزەیی بن، ئاشتی پارێز بن و بەخشندە بن، ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە کەسانێک هەن خۆشویستنیان کارێکی ئاسان نییە. ئەم داواکارییە بە چەندین شێوازی دیاریکراو ئاراستەمان کراوە، چونکە خەڵکی بە چەندین ڕێگای جیاواز خۆشویستنیان کارێکی زەحمەتە. عیسا بە هەندێک کەس دەڵێت «دوژمن»، واتە ئەو کەسانە دژی ئێمەن. دەیانەوێت شکست و کەوتنی ئێمە ببینن. بەڵام عیسا دەفەرموێت ئەو کەسانەتان خۆش بوێت (مەتا ٥: ٤٤؛ لۆقا ٦: ٢٧، ٣٥). لەوانەیە کەسانی دیکە بەم شێویە دوژمنمان نەبن، بەڵام لەوانەیە کەسایەتی و هەڵسوکەوت و بارودۆخیان وایان لێ بکات سەرنجڕاکێش نەبن یان بگرە بەلامانەوە زۆر قێزەون دەربکەون. عیسا دەفەرموێت لەگەڵیان بە بەزەیی بن (مەتا ٥: ٧؛ ١٨: ٣٣؛ لۆقا ١٠: ٣٧). هەڵسوکەوت و ئاکارت بەپێی ئەوە لێک مەدەوە کە ئاخۆ شایانی چین یان سەرنجڕاکێشن یان نە، بەڵکو بەپێی بنەمای بەزەیی بڕیار بدە. کەسانی دیکە دەکرێت خزم و هاوڕێ و کەسوکارمان بن کە بەهۆی کارێکی ئێمەوە بە شێوەیەکی نەشیاو هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن - جا ئیدی ڕاست بێت یان هەڵە - وە بەو هۆیەوە ئێستا پەیوەندیمان سارد بووەتەوە یاخود بەتەواوی پچڕاوە. بەڵام ئەوەتا عیسا دەفەرموێت تێبکۆشە و هەوڵ بدە لەگەڵیان ئاشت

ببیتەوە (مەتا ٥: ٢٣- ٢٦). لەوانەیە کەسانی دیکە کێشەیان لەگەڵ تۆ نەبێت یان هەبێت، بەڵام تۆ کێشەت لەگەڵیان هەیە. عیسا دەفەرموێت، لێیان خۆش بە (مەتا ٦: ١٤- ١٥). ڕێگە مەدە تەمبەڵی، لووتبەرزی و تووڕەیی لە کاری بێفیزیی لێخۆشبوون، ئاشتیپارێزیی و ئاشتبوونەوە دوورت بخاتەوە.

## هەبوونی دوژمن لەوانەیە بە واتای ئەوە بێت کە پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ عیسا هەیە

داواکارییەکەی عیسا ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە دوژمنمان دەبێت و هەموویان لەگەڵمان ئاشت نابنەوە، جا هەر چەندە هەوڵ بدەین. نیشانی دەدات کە هەبوونی دوژمن هەمیشە شتێکی خراپ نییە، بەڵکو دەکرێت واتای ئەوە بێت کە ئێمە لە عیسا نزیکین. بۆ نموونە، عیسا خۆزگەی بەو کەسانە خواست کە لەپێناو ناوی ئەودا دەچەوسێنرێنەوە: «خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن» (مەتا ٥: ١١). واتە، هەبوونی دوژمن شتێکی چاوەڕوانکراوە: «بۆ قوتابی بەسە وەک مامۆستاکەی بێت و کۆیلەش وەک گەورەکەی. ئەگەر خاوەن ماڵ بە "بەعلزەبول"ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟ ... ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە» (مەتا ١٠: ٢٥؛ یۆحەنا ١٥: ٢٠).

لەڕاستیدا، عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەگەر چەوسانەوە لە ئارادا نەبێت، ئەوا لەوانەیە واتای ئەوە بێت کە ئێمە لە مامۆستای درۆزن دەچین نەک عیسا: «قوڕبەسەرتان کاتێک هەموو خەڵک ستایشتان دەکات، چونکە باوباپیرانیان ئاوایان بۆ پێغەمبەرە درۆزنەکان کردووە» (لۆقا ٦: ٢٦). دوژمنایەتی و ناخۆشی لەنێوان جیهان و شوێنکەوتووانی عیسادا، لەو ڕاستییەدا خۆی حەشار داوە کە جیهان عیسای ڕەتکردەوە (یۆحەنا ١٨: ٣٧)، وە ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە گۆڕینی کەسێکدا دروستی دەکات: «ئەگەر ئێوە هی جیهان بوونایە، ئەوا جیهان وەکو هی خۆی خۆشی دەویستن. ئێستا ئێوە هی جیهان نین بەڵام من لە جیهانەوە هەڵمبژاردوون، لەبەر ئەوە جیهان ڕقی لێتانە» (یۆحەنا ١٥: ١٩؛ بەراوردی بکە بە یۆحەنا ١٧: ١٤). بۆیە نابێت پێمان وابێت کە ئەگەر دوژمنمان هەبێت، ئەوا واتای ئەوەیە کە کارێکی هەڵەمان ئەنجام داوە. لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت، بەڵام دەبێت بە مەبەستی دۆزینەوەی خراپە دڵمان بپشکنین و دواتر تۆبە بکەین، بەڵام عیسا بە ڕوونی فەرمووی کە قوتابیی دڵسۆز دوژمنی دەبێت، بۆیە چاوەڕێی هەبوونی دوژمن بکە.

## ئەوانەت خۆش بوێت کە دەکوژن و سوکایەتی دەکەن

بەڕاستی جێگەی سەرنجە کە عیسا سەرنجمان بەلای چەوسانەوەی توند و سوکایەتی قورسدا ڕادەکێشێت وەکو جۆرێک لە دوژمنایەتی کە دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە. ئێمە

پێمان وایە کە عیسا تەنها ڕووبەڕووی دژمنیایەتییە قورسەکان دەبێتەوە و ئەوەکانی دیکە خۆیان چارەسەر دەبن. بەڵام ڕوونە کە پێمان گوتراوە تەنها ئەو کاتە خۆشەویستی دەرنەبڕین کە ژیانمان لە مەترسیدایە، بەڵکو ئەو کاتەش بەرامبەرەکەمان خۆش بوێت کە لووتبەرزی و شانازیمان بەهۆی شتی بچووکەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. سەرنجی ئاست و مەودای ئەو دوژمنایەتییە بدە کە عیسا ئاماژەی پێ کردووە.

«دەبێت ئەوانەمان خۆش بوێت کە دەمانچەوسێننەوە» (مەتا ٥: ٤٤)، «ڕقیان لێمانە» (لۆقا ٦: ٢٧)، «سوکایەتیمان پێ دەکەن و ئازارمان دەدەن (لۆقا ٦: ٢٨)، زلەمان لێدەدەن و جلوبەرگەکانمان دەبەن (لۆقا ٦: ٢٩). ئەم هەڵسوکەوتانە بە گشتی ئازاربەخشن بەلامانەوە، جا ئیدی ئازارەکە جەستەیی بێت یان سۆزداری، یاخود هەردووکیان، وە لەوانەیە ببێتە هۆی کوشتنمان (مەتا ١٠: ٢١؛ لۆقا ١١: ٤٩). دەبێت بە خۆشەویستییەوە وەڵامی هەموو ئەوانە بدەینەوە. بەڵام لەگەڵ هەبوونی ئەم دوژمنایەتییە پڕ لە ئازارەدا، شتی بچووکیش دەکرێت بێزارمان بکەن. بۆ نموونە، عیسا دەفەرموێت: «ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ ... ئەگەر باش بن لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵتان باشن، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش هەمان شت دەکەن» (مەتا ٥: ٤٧؛ لۆقا ٦: ٣٣). لێرەدا عیسا باسی کاری بچووکی وەکو سڵاوکردن و کاری پڕ لە بەزەیی دەکات، بەڵام کێشەکە ئەمەیە: ئایا چەندە ئامادەین سڵاو لە کەسێکی بێگانە بکەین یاخود کارێکی باشی بۆ بکەین، لە کاتێکدا ئەو هیچی بۆ ئێمە نەکردووە؟ ئازاریان نەداوین و هیچ ڕق و کینەیەکیان بەرامبەرمان دەرنەبڕیوە. تەنها سەرقاڵی کاری خۆیانن و ئێمەیان بەلاوە گرنگ نییە. لەوانەیە ئێمە ئەوە بە سوکایەتی تێبگەین. یان لەوانەیە هەست بە هیچ نەکەین. عیسا فەرمان پێدەکات کە خۆشمان بوێن. تەنها ئەو کەسانەت خۆش نەوێت کە دەتناسن و کاری باشت بۆ ئەنجام دەدەن. ئەوانەت خۆش بوێت کە دەتچەوسێننەوە، ئەو کەسەت خۆش بوێت کە بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات دەڵێی ئاخۆ تۆ بوونت نییە.

هەموو ئەمانە، دوو پرسیاری سادەمان لەلا گەڵاڵە دەکەن. یەکەم، ئەمە چ جۆرە خۆشەویستییەکە؟ چۆنە؟ چەندە لە ئێمە لەخۆ دەگرێت؟ دووەم، لە کوێوە دێت؟ چۆن لە دڵماندا سەرهەڵدەدات، چۆن بەپێی تێپەڕبوونی کات دەمێنێتەوە و دەردەکەوێت لە کاتێکدا زۆر سروشتییە ئەگەر بڵێین «لێرەدا خۆشەویستی پێویست نییە، وە بگرە لێرەدا خۆشەویستی مەحاڵە»؟ یەکەم جار با باسی ئەوە بکەین کە ئەمە چ جۆرە خۆشەویستییەکە.

## خۆشەویستی ڕاستیی کتێبی پیرۆز دەپارێزێت

یەکەم وەڵام بۆ پرسیاری ئەوەی کە ئەم خۆشەویستییە چی لەخۆ دەگرێت، ئەوەندە

ڕوونـە کـە لەوانەیـە نەتوانیـن ببینیـن. کاتێـک کـە فەرمانمـان پێـدەکات دوژمانەکانمـان خۆشـبوێت، لەڕاسـتیدا دژی هەڵـە بەکارهێنانێکـی کتێبـی پیـرۆز دەوەسـتێتەوە و ئـەو هەڵەیـە ڕاسـت دەکاتـەوە. «بیسـتووتانە گوتـراوە: [نزیکەکـەت خۆشـبوێت،] "ڕقـت لـە دوژمنـت بێتـەوە." بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم: دوژمنەکانتـان خۆشـبوێ، نوێـژ بکـەن بـۆ ئەوانـەی دەتانچەوسـێننەوە» (مەتـا ٥: ٤٣- ٤٤). لـە فەرمانێکـی پـڕ لـە خۆشەویسـتییەوە، بـە ڕاسـتکردنەوەی لێکدانەوەیەکـی هەڵـە و مەترسـیداری کتێبـی پیـرۆز خۆشەویسـتی خۆیـمان بـۆ دەردەخـات.

نـووسراوی پیـرۆزی جولەکـەکان کـە عیسـا لەگـەڵ کەسـانی سـەردەمی خۆیـدا خسـتیە بـەر بـاس، ناڵێـت «دەبێـت ڕقـت لـە دوژمنەکـەت بێـت». ئـەوان دەڵێـن: «تۆڵـە مەسـتێنەوە و قیـن لـە دڵ مەبـە بەرامبـەر کـوڕی گەلەکـەت، بەڵکـو نزیکەکـەت وەک خـۆت خۆشـبوێت. مـن یەزدانـم» (لێڤییـەکان ١٩: ١٨). هەندێـک کـەس ئەمەیـان وەکـو «گەلـی خـۆت» و «دراوسـێکەت» لێکداوەتـەوە و گەیشـتوونەتە ئـەو قەناعەتـەی کـە ئـەم فەرمانـی خۆشویسـتنە تەنهـا نزیکەکانمان دەگرێتـەوە، واتـە ئەوانـەی کـە وەکـو خۆمـان وان. یەکـەم فەرمانـی خۆشەویسـتیی عیسـا، لـە ڕێگـەی نموونـەی پێدانـی فەرمانەکـەوە، خۆشەویسـتییەکەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە: نیشـانمان دەدات کـە خۆشەویسـتی لێکدانـەوەی هەڵـەی وشـەی خـودا ڕەت دەکاتـەوە و ڕاسـتیمان دەخاتە بەردەسـت.

## ڕاستی ڕەگ و ڕیشەی خۆشەویستییە

مـن یەکـەم جـار نموونـەی خۆشەویسـتیمان عیسـام بـاس کـرد، نـەک تەنها لەبـەر ئـەوەی کـە یەکـەم کاری پـڕ لـە خۆشەویسـتی وتەکانـی عیسـایە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەش کـە لـە سـەردەمی ئێمـەدا خۆشەویسـتی زۆربـەی کات لەگـەڵ بەرگریکـردن لـە ڕاسـتیی بـەراورد دەکرێـت. بـەڵام ئەمـە ئـەو شـتە نییـە کـە عیسـا نیشـانی دا. نـە لێـرە و نـە لـە هیـچ شـوێنێکی دیکـە. ئەگـەر کەسـێک بـە عیسـای بگوتبـا: «خۆشەویسـتی یەکـمان دەخـات و فێرکردنـی ئایینـی جودامـان دەکاتـەوە»، ئـەوا عیسـا تماشـای ناوچەوانـی دەکـرد و دەیفەرمـوو: «فێرکردنـی ڕاسـت ڕەگ و ڕیشـەی خۆشەویسـتییە. بۆیـە هەرکەسـێک دژی بوەسـتێتەوە، لەڕاسـتیدا ڕیشـەی یەکبـوون لەنـاو دەبـات».

عیسـا هەرگیـز لەبـەر خۆشەویسـتی دژی ڕاسـتی نەوەسـتایەوە. فەرمـووی کـە ئـەو خـۆی ڕاسـتیی بەرجەسـتەبووە: «مـن ڕێـگا و ڕاسـتی و ژیانـم» (یۆحەنـا ١٤: ٦). کاتێـک ئامـاژەی بـە خـۆی دەکـرد، عیسـا فەرمـووی: «ئـەوەی لـە خۆیـەوە بدوێـت، داوای شـکۆی خـۆی دەکات، بـەڵام ئـەوەی داوای شـکۆی ئـەوە بـکات کـە ناردوویەتـی، ئەمـە ڕاسـتگۆیە و فڕوفێڵـی تێـدا نییـە» (یۆحەنـا ٧: ١٨). لـە کۆتایـی ژیانـی عیسـادا، ئـەوەی کـە بـووە هـۆی هاندانـی پرسـیارە پـڕ لـە

گونامەکەی پیلاتۆس «ڕاستیی چییە؟» (یۆحەنا ١٨: ٣٨)، بریتی بوو لە ڕاگەیاندنە ڕوونەکەی عیسا دەربارەی هۆکاری هاتنی بۆ ئەم جیهانە: «بۆ ئەمە لەدایک بووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە جیهان، تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم. هەرکەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت» (یۆحەنا ١٨: ٣٧). تەنانەت ئەوانەی کە دژی بوون بینییان کە عیسا چۆن بۆچوونیان پشتگوێ دەخات و چەندە گرنگی و بایەخ بە ڕاستیی دەدات. «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت، گوێ بە کەس نادەیت» (مەرقۆس ١٢: ١٤). وە کاتێک عیسا جیهان بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای باوک بۆ ئاسمان، ئەو ڕۆحەی کە لە جێگەی خۆی دەینێرێت، بە «ڕۆحی ڕاستی» ناوزەد دەکرێت. «جا کاتێک یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات» (یۆحەنا ١٥: ٢٦).

هەر بۆیە، عیسا بە پێچەوانەی کەسانی دیکەوە کە سازشێکی زۆر لەپێناو بەدەستهێنانی شوێنکەوتوودا دەکەن، ئەو ڕێک پێچەوانەکەی کرد. بێباوەڕی و گومان لە گوێگرەکانیدا دووپاتی کردەوە کە پێویستییان بە گۆڕانکارییەکی قووڵ هەیە، نەک لە ڕاستییەکەدا. «هەرکەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت» (یۆحەنا ١٨: ٣٧). «ئەوەی لە خوداوەیە، گوێ لە پەیامی خودا دەگرێت. بۆیە ئێوە گوێ ناگرن، چونکە لە خوداوە نین» (یۆحەنا ٨: ٤٧). «کاتێک من ڕاستی دەڵێم ئێوە باوەڕم پێ ناکەن» (یۆحەنا ٨: ٤٥). بە واتایەکی دیکە، کاتێک کە ڕاستی ئەو کارە ناکات کە تۆ دەتەوێت – واتە کاتێک ئیشی خۆی ناکات – تۆ واز لە ڕاستیی ناهێنیت و پشتگوێی ناخەیت. عیسا کەسێکی پراگماتیست نییە کاتێک کە دێتە سەر خۆشویستنی خەڵک بە ڕاستی. تۆ ڕاستی ڕابگەیەنە، وە ئەگەر ئیشی خۆی نەکرد، ئەوا بیر لە گۆڕینی ڕاستی ناکەیتەوە. تۆ نوێژ دەکەیت کە گوێگرەکانت لە ڕێگەی ڕاستییەوە بەخەبەر بێن و بگۆڕدرێن. «ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات» (یۆحەنا ٨: ٣٢). «بە ڕاستیی خۆت پیرۆزیان بکە، وشەی تۆ ڕاستییە» (یۆحەنا ١٧: ١٧).

کاتێک عیسا نوێژ دەکات کە خەڵکی «بەڕاستیی پیرۆز بن»، لەڕاستیدا ڕەگ و ڕیشەی خۆشەویستی دەردەخات. بەو جۆرەی کە عیسا باسی پیرۆزبوون دەکات، پێویستی بەوەیە کە کەسێکی پڕ لە خۆشەویستی بێت. نوێژمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی خۆشەویستی و بەزەیی و ئاشتی و لێخۆشبووغان هەبێت. نوێژەکەی عیسا کە فەرمووی: «پیرۆزیان بکە»، هەموو ئەوانەی تێدایە. وە هەموو ئەم شتانە بەهۆی ڕاستییەوە ڕوویدا، کە جیاواز نییە لە ڕاستی. هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی خۆشەویستی لەبەرامبەر ڕاستیدا، وەکو دوورخستنەوە میوە لەبەرامبەر ڕەگ و ڕیشەدا وایە. یان وەکو دوورخستنەوەی مۆم لەبەرامبەر ئاگرە. هەروەها وەکو دوورخستنەوەی بناغە لە ژووری نووستنی نهۆمی دووەمی ماڵێک وایە.

ئەگەر بناغەکە بڕوخێت، تەواوی ماڵەکە دەڕوخێت و لەگەڵیدا ژووری نووستنەکەش وێران دەبێت. خۆشەویستی لەڕێگەی ڕاستییەوە دەژی و لە ڕێگەی ڕاستییەوە گڕ دەگرێت و لەسەر ڕاستی دەوەستێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە یەکەم کاری پڕ لە خۆشەویستی عیسا لە کاتی فەرماندان بە دەربڕینی خۆشەویستی بریتییە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەتێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز.

## بەکارهێنانی ڕاستییەکی دوور لە خۆشەویستی

بێگومان دەکرێت و ڕێی تێدەچێت کە ڕاستییەکی بەتاڵ لە خۆشەویستی دەرببڕین. بۆ نموونە، کاتێک کە یەکێک لە لادێکانی سامیرە عیسایان قبوڵ نەکرد چونکە «بەرەو ئۆرشەلیم دەچوو» (لۆقا ٩: ٥٣)، یاقوب و یۆحەنا دەیانزانی کە ئەمە وەڵامێکی ڕاستی سوکایەتی ئامێزە. ئەمە سووکایەتیکردن بوو بە ڕاستیی دەربارەی عیسای مەسیح. بۆیە قوتابییەکان وەکو بەرگریکردن لە ڕاستی، پێیان گوت: «گەورەم، دەتەوێ داوا بکەین لە ئاسمانەوە ئاگر بێتە خوارەوە و لەناویان ببات؟» (لۆقا ٩: ٥٤). «بەڵام عیسا ئاوڕی دایەوە و سەرزەنشتی کردن» (لۆقا ٩: ٥٥).

بەڵام چارەسەری ئەو وەڵامە دوور لە خۆشەویستییە مانەوە نەبوو لە لادێکەدا و دواتر گۆڕینی ڕاستییەکە نەبوو بۆ ئەوەی کاردانەوەیەکی باشتر بەدەست بهێنن. بە سامیرەییەکانی نەفەرموو: «فێرکردن دابەشمان دەکات، خۆشەویستی یەکمان دەخات، کەواتە با جیاوازی بیروبۆچوونمان وەلاوە بنێین و پەیوەندییەکەی گەرموگوڕمان هەبێت». نەخێر، چارەسەرەکە بریتی بوو لە بەجێهێشتنی ئەو گوندە و «ئینجا چوونە گوندێکی دیکە» (لۆقا ٩: ٥٦). هێشتا زۆر کەس هەن کە دەبێت بە ڕاستییەکەمان خۆشەویستیمان بۆیان دەربخەین. لە هەر شوێنێک بۆمان بکرێت، بە خۆشەویستییەوە ڕاستیی ڕادەگەیەنین، وە لەگەڵ ئەو کەسانەدا توندوتیژ نابین کە ڕەتمان دەکەنەوە. بەڵام ڕاستیی نابێت بگۆڕدرێت. ڕاستی ڕیشەی ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستییە، مۆمی ئاگری خۆشەویستییە، وە بناغەی هێز و توانای خۆشەویستییە. کاتێک عیسای فەرمانی کرد کە دوژمنەکانمان خۆش بوێت لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەو لێکدانەوەیەی کە دەڵێت: «نزیکەکەت خۆشبوێت و ڕقت لە دوژمنەکانت بێت»، لەڕاستیدا بە خۆشەویستییەوە نیشانمان دەدات کە ڕاستکردنەوەی لێکدانەوەی هەڵەی کتێبی پیرۆز یەکێک لە ڕێگە سەرەکی و گرنگەکانی خۆشویستنی دوژمنەکانمان.

## ئاڵنگاری تەواو و موتڵەقی کەسی خۆشویستراو

دووەم دەرەنجامی ڕوونی وشەکانی عیسا بۆ واتای خۆشەویستی ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک بە دوژمن ناوزەد بکەیت، ئەوا کارێکی داماڵراو لە خۆشەویستی نییە و لە ڕقەوە

سەرچاوە ناگرێت. ئێمە لە سەردەمێکی زۆر هەستیاری سۆزداریدا دەژین. خەڵکی بە ئاسانی دڵیان دەڕەنجێت و ڕەخنەگرتن بە ئازاردان و دڵڕەجاندن لێک دەدەنەوە. لەڕاستیدا، ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە سووکایەتی سۆزداری یان برینداربوون زۆربەی کات دەبێتە مەرجی بڕیاردارن لەسەر دەربڕینی خۆشەویستی. ئەگەر کەسێک بڵێت کە بە قسەکانی تۆ دڵی ڕەنجاوە، ئەوا زۆر کەس وای لێکدەداتەوە کە تۆ بە خۆشەویستییەوە هەڵسوکەوتت نەکردووە. بە واتایەکی دیکە، خۆشەویست بەپێی تایبەتمەندی هەڵسوکەوت و نیەت پێناسە ناکرێت، بەڵکو بەپێی کاردانەوەی نابابەتییانەی کەسانی دیکە. لەم حاڵەتەدا، ئەو کەسەی کە هەستی بریندار بووە، خاوەنی دەسەڵاتی تەواو و موتڵەقە. ئەگەر بێتو بڵێت ئازارت داوە، ئەوا بە هیچ شێوەیەک ڕێی تێ ناچێت کە بە خۆشەویستییەوە هەڵسوکەوتت کردبێت و تۆ تاوانباریت. عیسا ڕێگە نادات ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بەبێ ئاڵنگار کۆتایی پێ بێت.

خۆشەویستی بەپێی کاردانەوە و وەڵامی کەسی خۆشویستراو پێناسە ناکرێت. دەکرێت کەسێک بەتەواوی خۆشەویستی بۆ دەرببڕدرێت، دڵی بڕەنجێنرێت، تووڕە و بێ هەست بکرێت، بەبێ ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک لە جوانی و بەهای ئەو کارە خۆشەویستییە کەم بکرێتەوە کە بووەتە هۆی ئازاردانی. ئێمە ئەم بابەتە زۆر بە ڕوونی لە مردنی عیساوە دەزانین، کە گەورەترین کاری پڕ لە خۆشەویستییە، چونکە کاردانەوەکان مەودای هەست و سۆز (یۆحەنا ١٩: ٢٧) هەتا تووڕەیی و هەڵچوون لەخۆ دەگرێت (مەتا ٢٧: ٤١- ٤٢). ئەو خەڵکەی کە وێران و بریندار و تووڕە و بەدبین بوون بەرامبەر مردنی عیسا، ئەو ڕاستییەی نەگۆڕی کە کاری قوربانی ئاسای عیسا کارێکی پڕ لە خۆشەویستی بوو.

ئەم ڕاستییە لە ڕێگەی شێوازی ژیانی عیساوە نیشان دراوە. بە جۆرێک خۆشەویستی دەردەبڕی کە زۆربەی کات وەکو خۆشەویستی هەستی پێ نەدەکرا. هەرگیز هیچ کەسێکم نەناسیوە یان لە مێژوودا هەتا ئێستا کەس نەبووە کە بە ئەندازەی عیسا ڕاستەوخۆ و ڕێک و ڕاست لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بجوڵێتەوە. قەرزاری ژیانم لەگەڵ ئینجیلی عیسای مەسیحم کە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا ئاگاداری ئەوە بووم کە لەم سەردەمەدا هەست و سۆزم چەندە هەستیار و ناسکە. ئەگەر عیسا بەو جۆرە قسەمان لەگەڵ بکات کە لە سەردەمی خۆیدا قسەی دەکرد، ئەوا بەردەوام دڵمان دەڕەنجێت و هەستمان بریندار دەبێت. ئەمەش لە شێوازی قسەکردنی عیسا لەگەڵ قوتابییەکان و ڕکابەرەکانیدا دەردەکەوێت. لە سەردەمی عیساشدا، خەڵکی دڵیان لە قسەکانی عیسا ڕەنجا و بە سووکایەتییان دەزانی. «ئینجا قوتابییەکان هاتنە پێش و لێیان پرسی: «دەزانی کاتێک فەریسییەکان گوێیان لە قسەکە بوو بێزار بوون؟» (مەتا ١٥: ١٢). وەڵامی عیسا بۆ ئەو زانیارییە کورت و ئاماژەدار بوو: «هەر

ڕووەکێک باوکی ئاسمانیم نەیچاندبێت، هەڵدەکەنرێت. وازیان لێ بهێنن، ئەوانە کوێرن و ڕێنمایی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر کوێر ڕێنمایی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە چاڵەوە» (مەتا ١٥: ١٣- ١٤). بە واتایەکی دیکە، «ئەوانە ڕووەکێکن کە بەرهەمی ڕۆحییان نییە، چونکە خودا نەیچاندوون. ئەوان کارەکەی من بە خۆشەویستی نابینن، چونکە کوێرن، نەک لەبەر ئەوەیە کە من کەسێکی خۆشەویست نیم. ئەمانە و کۆمەڵێکی شتی دیکە کە عیسا بە جۆرێک بە هاوڕێ و دوژمنەکانی فەرمووە کە پاشەکشێمان پێ دەکات و وا لە زۆرێکمان دەکات کە بەزەییمان بۆ خۆماندا بێتەوە.

مەبەستی ئەم بابەتە ئەوەیە کە خۆشەویستیی ڕاستەقینە بەپێی هەستی کەسیی ئەو کەسە پێناسە ناکرێت کە خۆشەویستی بۆ دەربڕدراوە. عیسا وشەی «دوژمن» بەکاردێنێت. لەوانەیە ئەم وشەیە بەلای زۆر کەسەوە جێگەی پەسەند نەبێت و ببێتە هۆی بێزاربوونیان بە تایبەت کاتێک کە بە وتەی وەکو «ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟» (مەتا ٥: ٤٧) مەبەستەکەی خۆی تەواو ڕوون دەکاتەوە. بێگومان عیسا لە ئەگەر ئەوە ناترسێت کە نەوەک ڕەخنەی لێ بگرن و بڵێن کە لە کاتی قسەکردندا بەپێی پێویست ئاگادار نییە و جیاوازی نێوان دوژمنی ڕاستەقینە و ناسیاوی بێزارکەر ناکات. وا دیارە عیسا چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکات کە ڕووبەڕووی دەستەواژەی وەکو «دژمن» ببینەوە کاتێ کە لەگەڵ وشەی ناسک و جوانی وەکو «ناسیاو» تێکەڵ دەکرێت.

## خۆشەویستی لە کاریگەرییەکانی خۆی بێ ئاگا نییە و پشتگوێیان ناخات

مەبەستم ئەوە نییە کە خۆشەویستی ئاگای لەو وشانەیە کە بەرکاریدێنێت یان ئەو کاریگەرییەی کە ئەو وشانە لەسەر کەسانی دیکە هەیانە. خۆشەویستی گرنگی بە بەرەکەتدارکردنی کەسانی خۆشویستراو دەدات. ئارەزووی ئەوە دەکات کە ئەو کەسە لە ئازار و خەم ڕزگار بکات و ئێستا و بۆ هەتاهەتایە بیهێنێتە نێو ئەزموونێکی قووڵتری خۆشیی بەهۆی خوداوە. بەڵام من لێرەدا تیشک دەخەمە سەر لایەنێکی دیکەی کێشەکە کە وا دیارە لە دنیای دەروونناسی ئێمەدا شتێکی نائاساییە و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت. دەمەوێت سەرنجتان بەلای ئەو خاڵەوە ڕابکێشم کە هەست نەکردن بە خۆشەویستی جیاوازە لە خۆشنەویستراو. عیسا لە ڕێگەی ژیانی خۆیەوە بابەتیبوونی خۆشەویستیمان نیشان دەدات. ژیانی عیسا هۆکاری هاندەر و کرداری ڕاستەقینەی لەپشتە. وە کاتێک کە خۆشەویستی دەردەبڕێت، کاردانەوەی کەسی خۆشویستراو هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێت.

ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ ئەو کەسەی کە خۆشەویستی دەردەبڕێت، چونکە ئەوە بەو واتایە دێت کە خودا خودایە و کەسی خۆشویستراو خودا نییە. حوکمی ئەو کەسەی کە

خۆشویستراوە و بریندار کراوە، تەواو و موتڵەق نییە: دەکرێت ڕاست بێت و دەکرێت هەڵەش بێت. بەڵام موتڵەق و تەواو نییە. خودا موتڵەقە. ئێمە دەبێت لە ڕۆژی دواییدا بڕۆینە بەردەم خودا. وە تەنها ئەو دەزانێت لەنێو دڵماندا چی دەگوزەرێت. ئەوەی کە گرنگە دەربارەی خۆشەویستیمان کاتێك لەبەردەم خودا ڕادەوەستین، ئەوە نییە کە خەڵکی چۆن لەبارەیەوە بیریان کردووەتەوە، بەڵکو ئەوە گرنگە ئاخۆ ڕاستەقینە بووە یان نە. ئەوەی کە هەندێک کەس حەزی لە شێوازی دەربڕینی خۆشەویستی ئێمە نەبێت، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. زۆر کەس لە کۆتاییدا دانیان بە خۆشەویستی عیسادا نەنا – وە بگرە هەتا ئێستاش زۆر کەس هەن دانی پێدا نانێن. ئەوەی کە گرنگە بێتاوانبوونمان نییە لەبەردەم مرۆڤ، بەڵکو ئەوە گرنگە کە خودا دڵمان چۆنە و خۆشەویستی ڕاستەقینە (مەرج نییە بێگەرد و تەواو بێت) دەربڕین. وە تەنها خودا دەتوانێت لە کۆتاییدا حوکممان بدات (لۆقا ١٦: ١٥).

# داواکاریی بیست و نۆیەم

## دوژمنەکانت خۆشبوێت - نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن

«دوژمنەکانتان خۆش بوێت، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسیننەوە.» (مەتا ٥: ٤٤)

«نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن.» (لۆقا ٦: ٢٨)

«باوکە لێیان خۆش بە، چونکە نازانن چی دەکەن.» (لۆقا ٢٣: ٣٤)

پێش ئەوەی کە بڕۆینە سەر داواکاریی نوێژکردن بۆ ئەوانەی کە دەمانچەوسێننەوە و خراپەمان بەرامبەر دەکەن، پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی دیکە لە داواکارییەکەی عیسا هەڵێنجێنین، کە ئەویش ئەوەیە کە خۆشەویستی ڕقی لەو خراپەیە کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئازیزان و خۆشەویستانمان.

### خۆشەویستی ڕقی لەو خراپەیە کە مرۆڤەکان لەناو دەبات

ناتوانیت کە بڵێین باشی کەسی خۆشویستراومان دەوێت و کەمتەرخەم بین بەرامبەر ئەوەی کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی. فەرمانی عیسا کە باسی خۆشویستنی دوژمنەکانمان دەکات، دەریدەخات کە خۆشەویستی دەبێت ڕقی لە خراپە بێت کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەسی خۆشویستراو. ئەگەر جیهانێک هەبووایە کە هیچ خراپەیەکی تێدا نەبووایە کە ببێتە هۆی ئازادانی خەڵک و سوکایەتیکردن بە عیسا، ئەوا ئەوکاتە تەنها خۆشەویستی بوونی دەبوو، نەک ڕق. ئەو کاتە هیچ شتێک لە ئارادا نەدەبوو کە ڕقمان لێی بێت. بەڵام لەم جیهانەی ئێمەدا پێویستە کە نە تەنها خۆشەویستی و ڕقمان دەرببڕین، بەڵکو دەبێت خۆشەویستییەکەمان ڕقیش لەخۆ بگرێت.

### ... لەسەر ڕقلێبوونەوە لە خراپە

پێدەچێت ئەمە باشترین شوێن بێت کە بیروبۆچوونی خۆم دەربارەی ئەو جۆرە ڕقە دەرببڕم کە عیسا لە زەبوورەکاندا خوێندییەوە کە تێیاندا ڕقی خودا بۆ دوژمنەکانی نیشان دراوە و داوای نەفرەتی خودایی لەسەریان دەکرێت. ئەم زەبوورانە لەخۆ دەگرێت: زەبوورەکان ٥: ١٠؛ ١٠: ١٥؛ ٢٨: ٤؛ ٣١: ١٧- ١٨؛ ٣٥: ٤- ٦؛ ٤٠: ١٤- ١٥؛ ٥٨ :٦- ١١؛ ٦٩: ٢٢- ٢٨؛ ١٠٩: ٦- ١٥؛ ١٣٩: ١٩- ٢٢؛ ١٤٠: ٩- ١٠. (زەبوورەکان ١٣٩: ١٩- ٢٢) دەڵێت: «خودایە، خۆزگە بەدکارەکانت دەکوشت! ئەی خوێنڕێژەکان، لێم دووربکەونەوە! ئەوانەی بە خراپە باست دەکەن،سکاڵاکاران بەبێ هۆ لێت هەستاون! ئەی یەزدان، ئایا ڕقم لەوانە نەبێت کە ڕقیان

لە تۆیە؟ ئایا ڤیزم لەوانە نەبێتەوە کە لە دژی تۆ دەوەستن؟ بە تەواوی ڕقم لێیانە،بوون بە دوژمنم».

ئێمە دەزانین کە عیسا ئاگاداری ئەم جۆرە زەبوورانە بووە کە نە تەنها ڕەخنەی لێ نەگرتوون، بەڵکو وەکو دەقی پڕ لە دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز ئەم دەقانەی بەکارهێناوە. لانی کەم پێدەچێت یەکێک لە توندترین ئەو دەقانە (زەبوورەکان ٦٩)، جێگەی پەسەندی عیسا بووبێت کە عیسا لە سروشتی مرۆڤانەیدا ڕێنمایی و هاندان و پەند و وانەی لێ وەرگرتووە. (یۆحەنا ١٥: ٢٥) کە بریتییە لە (زەبوورەکان ٦٩: ٤) دەڵێت: «بەبێ هۆ ڕقیان لێم بووەوە». (یۆحەنا ٢: ١٧) کە بریتییە لە (زەبوورەکان ٦٩: ٩) دەڵێت: «دڵگەرمی بۆماڵەکەت دەمسووتێنێت». (مەتا ٢٧: ٣٤) کە دەکاتە (زەبوورەکان ٦٩: ٢١) دەڵێت: «شەرابی تێکەڵ بە تاڵاویان دایە عیسا تاکو بیخواتەوە». (زەبووری ٦٩: ٢٤) نوێژ دەکات و دەڵێت: «هەڵچوونی خۆتیان پێدا هەڵبڕێژە، با ئاگری تووڕەییت بیانگاتێ».

سەرنج بدە کە لە هەندێک لەم زەبوورانەدا بۆ ماوەیەکی زۆر هەوڵ دراوە کە خۆشەویستی بۆ دوژمن دەربڕدرێت. «بەرامبەر بە چاکە خراپەم دەدەنەوە، گیانم بە بێکەسی جێدەهێڵن. بەڵام کاتێک ئەوان نەخۆش دەکەوتن، جلوبەرگی گوشم دەپۆشی،...» (زەبوورەکان ٣٥: ١٢- ١٣). «لە جیاتی خۆشەویستییەکەم دژایەتیم دەکەن،بەڵام من نوێژم کردووە. لە پاداشتی چاکە خراپەم لەگەڵ دەکەن، ڕقیش لە پاداشتی خۆشەویستیم» (١٠٩: ٤- ٥). هەر چەندە دەرنەبڕدراوە و نیشان نەدراوە، بەڵام پێدەچێت ئەم بابەتە بۆ زۆربەی زەبوورەکان ڕاست بێت. بە ڕوونی خراپە دژی خۆشەویستی وەستاوەتەوە.

سەرنجی ئەوەش بدە کە هەندێ کات ڕق بۆ ئاماژەکردن بە ئاکاری نادروست بەکارهاتووە، نەک ڕق و کینەی کەسیی. ئەمە وەکو ئەو وتەیە نییە کە دەڵێت «ڕقت لە گوناهەکە بێت و کەسەکەت خۆش بوێت» (بێگومان ئەمە وتەیەکی جوانە، بەڵام ئەمە بەس نییە). جۆرێک ڕق هەیە بەرامبەر گوناهبار (کە بە ئاکاری گەندەڵ و دوژمنی خودا چاو لێ دەکرێت) کە لەوانەیە لەگەڵ بەزەیی و تەنانەت ئارەزووی ڕزگاربوونیدا بگونجێت. ڕقەکە بریتییە لە ئاکاری نادروست و مەبەستی لەناوبردن و وێرانکردن نییە. ئەگەر بە نموونەی خواردن ڕوونی بکەینەوە، لەوانەیە باشتر لەم بابەتە تێبگەین. لەوانەیە ڕقت لە سپێناخ بێت (بەهۆی تامەکەیەوە)، لە کاتێکدا دان بە بەها خۆراکییەکەیدا دەنێی و دەڵێی کە سوودی هەیە. کەواتە، دەکرێت ڕقت لە کەسێک بێت چونکە کەسێکی دڵ پڕ لە قینە (با بڵێین بکوژە و منداڵ ئازار دەدات) لە کاتێکدا ئامادەییت ئەوەت تێدایە لەپێناو ڕزگاربوونیدا ژیانی خۆت دابنێی. ئەو ڕقەی کە عیسا لێی قەدەغە کردووین، ئەو جۆرە ڕقەیە کە دەیەوێت مرۆڤەکان وێران بکات.

بـەڵام لەوانەیـە حاڵەتـی وا بێتـە پێـش کـە خراپەکارییەکـە ئەوەنـدە تونـد و زۆر بێـت و بـە ڕادەیـەک ڕقـی لـە خـودا بێـت کـە بـۆ ڕزگاربـوون درەنـگ بێـت؛ بـەو هۆیـەوە هیـچ نەمابێتـەوە جگـە لـە خراپـە و حوکمدانێکـی بـێ دەرمـان و چارەسـەر. بـۆ نموونـە عیسـا باسـی گوناهـی نەبەخشراو دەکات (مەتا ١٢: ٣٢). بـە فەریسـییەکان دەفەرموێـت کـە بـە ڕوونی هێڵی سـووریان بەزانـدووە و گەڕانەوەیـان بـۆ نییـە: «وازیـان لـێ بهێنـن، ئەوانـە کوێـرن و ڕێنمایـی کوێـرەکان دەکـەن. ئەگـەر کوێـر ڕێنمایـی کوێـر بـکات، هەردووکیـان دەکەونـە چاڵـەوە» (مەتـا ١٥: ١٤). «وازیـان لـێ بهێنـن» دەسـتەواژەیەکی شـوومە و واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە چارەنووسـێکی خـراپ چاوەڕێیـان دەکات. (کرێـگ کینـەر) ئـەم دەقـە بـە (مەتـا ٧: ٦) بـەراورد دەکات: «مرواریشـتان فڕێمەدەنـە بەردەمـی بـەراز».[a] وا دیـارە کـە عیسـا بەردەوامـی دەدات لەسـەر ئـەوەی کـە زەبـوورەکان پێداگری لەسـەر دەکات، کـە ئەویـش ئەوەیـە کـە ڕۆژێـک دێـت ڕقێکـی زۆری بەردەوامـی ئەوتـۆ بەرامبـەر خـودا دەردەبڕدرێـت کـە دەبێـت ڕێگـە بـە وێرانبوونـی ئـەو کەسـە بدرێـت و بـە نەفـرەت بکرێـت. عیسـا بەجوانـی باسـی ئـەوەی کـردووە کـە لـە کۆتایـی زەمانـەدا ئەمـە ڕوودەدات. «بەوانـەی لـەلای چەپیـەوەن دەفەرمـوێ: "لێـم دوور بکەونـەوە! ئـەی ئەوانـەی کـە نەفرەتتـان لێکـراوە بـەرەو ئاگـری هەتاهەتایـی، ئـەوەی بـۆ ئیبلیـس و فریشـتەکانی ئامـادە کـراوە» (مەتـا ٢٥: ٤١).

بـە پشـت بەسـتن بـە هەمـوو ئەمانـە و ئـەو ڕاسـتییەی کـە عیسـا پشتڕاسـتی دەکاتـەوە کـە زەبـوورەکان وشـەی خودایـە (مەتـا ٢٢: ٤٣؛ یۆحەنـا ١٠: ٣٥)، دەگەمـە ئـەو ئەنجامـەی کـە عیسـا سـەرنجی ئـەوەی داوە کـە زەبوورنـووس لەژێـر ڕێنمایـی ڕۆحـی پیـرۆزدا دەدوێـت و پێشـبینی مەسـیح و دادوەر دەکات کـە مافـی ئـەوەی هەیـە دوژمنانـی خـودا مەحکـوم بـکات. ئەمـە تۆڵەکردنەوەیەکـی کەسـیی نییـە، بەڵکـو پێشـبینییە بـۆ ئـەو شـتەی کـە لـە کۆتایـی زەمانـەدا ڕوودەدات کاتێـک خـودا هەمـوو دوژمنـە تۆبەنەکـردووەکان فـڕێ دەداتـە دۆزەخـەوە (لۆقـا ١٢: ٥؛ مەتـا ٢٢: ١٣؛ ٢٥: ٣٠). زۆر بـاش دەبێـت ئەگـەر ئـەو هەڵسـەنگاندنەی کۆتایـی بـۆ خـودا بەجێبهێڵیـن و ئـاگاداری گەندەڵـی و بێتوانایـی خۆمـان بیـن. لـە کاتێـکدا گوناهـی وا هەیـە کـە لێخۆشـبوونی بـۆ نییـە، بـەڵام پێمان گوتـراوە کـە دوژمنەکانمـان خـۆش بوێـت و نوێـژ بـۆ ئەوانـە بکەیـن کـە دەمانچەوسـێننەوە، وە بـە چاکـە وەڵامـی خراپـە بدەینـەوە (وەکـو چـۆن داود لـە زەبـوورەکان ٣٥: ١٢- ١٣؛ ١٠٩: ٤- ٥ کـردی). ئەمـە ئیشـی ئێمەیـە بـە بـاوەڕ. بـا لەبـەردەم خـودا بلەرزیـن و بـاوەڕ و متمانـەی پـێ بکەیـن، نـەوەک شکسـت بهێنیـن و خۆمـان لەوبـەری نەفرەتەکـەدا ببینینـەوە.

بـۆ تێگەیشـتن لـەو ڕاسـتییەی کـە لـەم جیهانـەدا پێویسـتە خۆشەویسـتییەکەمان ڕقیش لەخـۆ

a Craig Keener, A Commentary on the Gospel of Matthew (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 19 99), p. 413.

بگرێـت، سـەرنجی عیسـا بـدە کـە لـە (یۆحەنـا ٥: ٢٩)دا دەفەرموێـت لـە کۆتایـی زەمانـەدا کاتێـک مـردووان زینـدوو دەکرێنـەوە و هەمـوو خەڵکـی هەڵدەسـتنەوە، «». ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە خراپـە لـە جیهاندایـە کـە دەبێتـە هـۆی وێرانکـردن و لەوناوچوونـی خۆشەویسـتان و ئازیزانمـان. خۆشەویسـتی چ هەسـتێکی بەرامبـەر ئـەو خراپەیـە دەبێـت؟ مەبەسـتی مـن ئەوەیـە کـە خۆشەویسـتی ڕقـی لـە خراپەیـە. ئێمـە ڕقمـان لـە حوکمیـی خـودا نییـە، چونکـە دادپەروەرانـە و ژیرانەیـە. بـەڵام ڕقیـمان لـەو خراپەیەیـە کـە وا دەکات کەسـێک دژی خـودا بوەسـتێتەوە و حوکمـی خـودا تاقـی بکاتـەوە.

## هیچ خراپەیەک لە ئارادا نییە کە تەنها زیان بە تۆ بگەیەنێت

لەوانەیـە کەسـێک بڵێـت مـن دەبێـت ڕقـم لـە خراپەیەک بێـت کە زیانـی بـۆ بەرامبەرەکـەم هەیە، نـەک ئـەوەی کـە زیانـی بـۆ خـۆم هەیـە. واتـە، بەلاتـەوە ئاسـایی دەبێـت ئەگـەر کارێکـی خـراپ بکـەم کـە تەنهـا زیانـی بـۆ خـۆم هەیـە. بـەڵام عیسـا دەفەرموێـت کـە هەڵسـوکەوت و ئاکارێکـی لـەو شـێوەیە بوونـی نییـە. بۆچـی نییـە؟ چونکـە هـەر کارێـک کـە مـن دەیکـەم کاریگـەری دەبێـت لەسـەر دڵخۆشـبوونم بـە عیسـا و توانـام بـۆ نیشـاندانی عیسـا وەکـو کەسـێکی بەهـادار و بەنـرخ. لەڕاسـتیدا ئێمـە بـۆ ئـەوە دروسـت کراویـن (مەتـا ٥: ١٦؛ ١٠: ٣٢). ئێمـە بـۆ ئـەوە دروسـتکراوین کە بەهـا و نرخـی عیسـا بـۆ کەسـانی دیکـە دەربخەیـن، بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بـەو هۆیـەوە بـە ئـاگا بێنـەوە و چێـژی لـێ وەربگـرن و بـۆ هەتاهەتایـە کاردانەوەیـان بەرامبـەری هەبێـت. ئەمـە باشـترین شـتە کـە دەتوانیـن بۆیـان ئەنجـام بدەیـن. بـەم جـۆرە خۆشەویسـتی خۆمانیـان بـۆ دەردەخەیـن. بـەڵام ئەگـەر کارێـک بـە خۆمـان بکەیـن کـە ببێتـە هـۆی زیانگەیانـدن بـەو دڵخۆشـییەی کـە بەهـۆی عیسـاوە هەمانـە و زیـان بـە شـێوازی نیشـاندانی عیسـا بـۆ کەسـانی دیکـە بگەیەنێـت (وە ئـەوە جەوهـەری خراپەیـە - وا دەکات چیـتر بـە عیسـا دڵخـۆش نەبیـن و نەتوانیـن نـرخ و بەهـای نیشـان بدەیـن)، ئینجـا وا دەکات نەتوانیـن ئـەو شـتەیان نیشـان بدەیـن کـە خـودا دروسـتی کردوویـن بـۆ ئـەوەی نیشـانی بدەیـن کـە ئەویـش بریتییـە لـە بەهـا و نرخـی عیسـای مەسـیح. ئـەوە ڕێـک پێچەوانـەی خۆشەویسـتییە. بۆیـە، خۆشەویسـتی دەبێـت ڕقـی لـە خراپـە بێـت، جـا ئیـدی ئـەو خراپەیـە لـە لایـەن ئـەو کەسـەوە بێـت کـە خۆشەویسـتی بـۆ دەربـڕدراوە و مەترسـی بـۆ سـەر خـۆی هەیـە، یاخـود ئـەو خراپەیـەی کـە مـن بەسـەر خـۆم و ئـەودا دەیهێنـم.

مـن باسـی پەیوەنـدی نێوانخۆشەویسـتی و ڕقـم کـرد بـۆ ئـەوەی لـە خەونـی ناسـکی قسـە پـڕ لـە خۆشەویسـتییەکان بەخەبـەر بێنـەوە. بـە تایبەتـی لـەم سـەردەمەدا کەسـانێک هـەن کـە جیهانبینییەکەیـان بـە ڕادەیـەک ڕێژەییـە و کەسـایەتییان بـە ڕادەیـەک لـە ڕووی ئاکارییـەوە شـل و شـێواو و ناجێگیـرە کـە تەنانـەت ڕێزبەندییەکیـان بـۆ خراپـە نییـە، نـەوەک بنـە مایـەی دڵڕەجاندنـی بۆچوونـە جیاوازەکانـی خەڵکـی. عیسـا دەفەرموێـت: قبوڵکردنی هەمـوو بۆچوونەکان

پێچەوانەی خۆشەویستییە. چاوپۆشی دەكات لەوەی كە دەبێتە هۆی وێرانی و خراپەكاری. ناتوانین ڕاستگۆیانە وشەكانی عیسا بخوێنینەوە و بگەینە ئەو ئەنجامەی كە بوونی خراپەی پشتگوێ خستووە كە دەبێتە هۆی وێرانبوون، هەروەها باشەی پشتگوێ خستووە كە دەبێتە هۆی خۆشیی هەتاهەتایی. بۆیە، كەمكردنەوە یان پشتگوێخستنی بوونی خراپە، لە جێگەی ئەوەی كە ڕقت لێی بێت، دەبێتە هۆی بەشداریكردنت لە وێرانبوونی مرۆڤەكاندا. ئەمە ئەو جۆرە خۆشەویستییە نییە كە عیسا داوای دەكات.

## «نوێژ بكەن بۆ ئەوانەی كە دەتانچەوسێننەوە»

عیسا چەند نموونەی ئەو جۆرە هەڵسوكەوت و ئاكارەی هێناوەتەوە كە خۆشویستنی دوژمنەكانمان لەخۆ دەگرێت. یەكەم داواكاری خۆشویستنی دوژمنەكانمان لە وتاری سەر چیادایە كە عیسا دەفەرموێت: «دوژمنەكانتان خۆش بوێت، نوێژ بكەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسیننەوە» (مەتا ٥: ٤٤). وە «نوێژ بكەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەكەن» (لۆقا ٦: ٢٨). ئەوە زۆر گرنگە چونكە پێمان دەڵێت كە عیسا چۆن لە خۆشەویستی ڕوانیوە. یەكەم، پێمان دەڵێت كە خۆشەویستی بەڕاستی چاكەی دوژمنەكەی دەوێت. ئەمە لە ڕێگەی داواكارییەكی دیكەوە پشڕاست كراوەتەوە: «ئەوانەی نەفرەتتان لێدەكەن داوای بەرەكەتیان بۆ بكەن» (لۆقا ٦: ٢٨). داواكردنی بەرەكەت واتە ئارەزووی باشە و چاكەی كەسێك بكەیت. بۆ نموونە، عیسا بەرەكەتە گەورەكەی (سەرژمێری ٦: ٢٤- ٢٦)ی دەزانی: «با یەزدان بەرەكەتدارت بكات و بتپارێزێت. با ڕووی یەزدان بەسەرتدا بدرەوشێتەوە و لەگەڵت میهرەبان بێت. با یەزدان ئاوڕت لێ بداتەوە و ئاشتیت پێ ببەخشێت». عیسا دەفەرموێت ئەمە كارە بۆ دوژمنەكەت بكە. دوژمنەكەت پێویستی بە ڕووناكی خودایە تاكو بەسەریدا بدرەوشێتەوە و دڵی بتوێنێتەوە.

كەواتە لەم فەرمانەوە دیارە كە خۆشەویستی تەنها هەڵسوكەوتێكی ئاسایی نییە. بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، بریتییە لە ئەنجامدانی كاری باش و دروست لەگەڵ دوژمندا، بەڵام تەنها ئەوە نییە. بەڵكو حەز و ئارەزووی دڵیش لەخۆ دەگرێت. من ئەمە لەسەر ئەو ئەگەرە دادەنێم كە كاتێک نوێژ بۆ دوژمنەكانمان دەكەین، ئێمە لە دڵمانەوە داوای بەرەكەتی خودا دەكەین. عیسا نوێژی دووڕووانەی بەلاوە پەسەند نییە. عیسا داوامان لێ ناكات بۆ خۆدەرخستن نوێژ بكەین. عیسا داوای نوێژی ڕاستەقینەمان لێ دەكات، كە ئەویش ئارەزووی خودایی بۆ چاكەی دوژمنەكانمان. خۆشەویستی دەیەوێت كە دوژمنەكەی باشترین شت تاقی بكاتەوە بۆ خودا بۆی لەبەرچاو گرتووە. ئەنجامدانی كارە باشە بەس نییە. دڵمان دەبێت ئومێدی باشترین شت بۆ دوژمنەكەی بخوازێت و ئەوەی پێی بكرێت بۆ چاكەی دوژمنەكەی ئەنجامی بدات.

## چۆن نوێژ بۆ دوژمنەکانمان بکەین

داواکاریـی نوێژکـردن بـۆ دوژمنەکانمـان پێـمان دەڵێـت کـە دەبێـت باشـترین شـتمان بـۆ دوژمنەکانمـان بوێـت. عیسـا لـەدوای چـوارده ئایـەت لـە وتـاری سـەر چیـادا، دەفەرموێـت کـە بـەم جـۆره نوێـژ بکەیـن:

«ئـەی باوکـمان لـە ئاسـمان، بـا نـاوت پیـرۆز بێـت، بـا پاشـایەتییەکەت بـێ بـا خواسـتت لەسـەر زەوی پەیـڕەو بکرێـت وەک لـە ئاسـمان. نانـی ڕۆژانەمـان ئەمـڕۆش بـدەرێ. لـە گوناهەکانمـان خۆشـبە، وەک چـۆن ئێمـە لەوانـە خۆشـدەبین کـە خراپەمـان بەرامبـەر دەکـەن. مەمانخـەرە تاقیکردنـەوە، بەڵکـو لـە شـەیتان ڕزگارمـان بکـە، چونکـە هەتاهەتایـە پاشـایەتی و هێـز و شـکۆ هـی تۆیـە. ئامیـن.» (مەتـا ٦: ٩- ١٣)

ناگونجێـت و ناکرێـت وا بیـر بکەینـەوە کـە نوێـژی پـڕ لـە خۆشەویسـتی بـۆ دوژمنەکانمـان دەبێـت داوای شـتێک بـکات کـە لـەو شـتانەی کـە بـۆ خۆمانـی داوا دەکەیـن کەمـترە. بۆیـە وای بـۆ دەچـم کـە ئـەم نوێژەیـە کـە دەبێـت بـۆ دوژمنەکانمانـی بکەیـن.

- ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە دەبێـت داوا لـە خـودا بکەیـن یەکـەم جـار دوژمنەکانمـان نـاوی خـودا پیـرۆز بکـەن، بـۆ ئـەوەی خـودا لەسـەرووی هەمـوو شـتێکی دیکـەوە دابنێـن و ڕێـزی بگـرن و خۆشـیان بوێـت بـە جۆرێـک کـە لەگـەڵ بەهـا و مەزنیـی یەزدانـدا بگونجێـت.
- دەبێـت نوێـژ بکەیـن کـە دوژمنەکانمـان بێنـە ژێـر دەسـەڵاتی شانشـینی خـودا و خـودا دەسـەڵاتی پاشـایەتەی خـۆی بەکاربهێنێـت بـۆ ئـەوەی دژمنەکانمـان بکاتـە موڵکـی خـۆی.
- دەبێـت نوێـژ بکەیـن کـە دوژمنەکانمـان حەزیـان لـە ئەنجامدانـی خواسـت و ویسـتی خـودا بێـت بـەو جـۆرەی کـە فریشـەکان لـە بەهەشـتدا بەوپـەڕی هێـز و توانـای خۆیـان دەیکـەن کـە نیەتێکـی پـاک و خۆشـییەکی زۆریـان تێدایـە.
- نوێـژ دەکەیـن کـە خـودا هەمـوو پێداویسـتییەکانی دوژمنەکانمـان پـڕ بکاتـەوە کـە خـۆراک، جلوبـەرگ، پەنـاگا، پـەروەردە، تەندروسـتی و گواسـتنەوە و هتد لەخـۆ دەگرێت تاکـو بتوانـن داواکاری خـودا لـە ژیانیانـدا جێبەجـێ بکـەن. دەبێـت ئـەم شـتەمان بـۆ ئـەوان بوێـت، ڕێـک بـەو جـۆرەی کـە بـۆ خۆمانمـان دەوێـت.
- دەبێـت نوێـژ بکەیـن کـە گوناهـی دوژمنەکانمـان ببەخشرێـن و ئەوانیـش لـە کەسـانی دیکـە خـۆش بـن و دڵێکـی فـراوان و بەخشـندەیان هەبێـت.

- وە لـە کۆتاییـدا دەبێـت نوێـژ بکەیـن کـە خـودا لـە تاقیکردنـەوە و هێـزی وێرانـکاری شـەیتان بیانپارێزێـت.

## ئەمە ئەو شتەیە کە خۆشەویستی نوێژی دەربارە دەکات.

بەڕاسـتی جێگـەی داخـە کـە پێـمان وابێـت خۆشەویسـتی داماڵـراو و بـەدەرە لـە خـودا. تەنانەت هەندێـک لـە بـاوەڕداران بـە هەڵـەدا چـوون و پێیـان وایـە کـە دەتوانیـت کەسێک خۆشـبوێت بەبـێ ئـەوەی کـە ئـارەزووی ئـەوە بخوازیـت و نوێـژ بـۆ ئـەوەی بکەیـت کـە خـودا لـە دڵـی دوژمنەکانیانـدا مـەزن و شـکۆدار بێـت. ئـەوەی کـە لـەم بارەیـەوە زۆر جێگـەی داخـە ئەوەیـە کـە ئـەم بیروبۆچوونـە نـە تەنهـا شـوێن و پێگـەی خـودا لەنێـو دڵـی باوەڕدارانـدا کـەم دەکاتـەوە، بەڵکـو دەکرێـت واتـای ئـەوەش بگەیەنێـت کـە دەکرێت خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە بوونـی هەبێت لـە شـوێنێکدا کـە تـۆ بەلاتـەوە گرنـگ نییـە کەسێک بـۆ هەتاهەتایـە لەنـاو دەچێـت، هەتـا ئـەو کاتـەی کـە لـە سـەر زەوی خۆشـی دەگوزەرێنێـت. ڕاسـتە لەوانەیـە خۆشەویسـتی و نوێژەکانمـان نەبنـە هـۆکاری ئـەوەی کـە دوژمنەکانمـان بـاوەڕ بـە مەسیح بهێنـن و نـاوی خـودا لەنێـو دڵیانـدا شـکۆدار بکـەن، بـەڵام خۆشەویسـتی ئامانجـی قوربانیدانەکەمانـە نـەک سـەرکەوتنی قوربانییەکـە. لەوانەیـە لـەوەدا سـەرکەوتوو بیـن و لەوانەیـە سـەرکەوتووش نەبیـن، بـەڵام دڵێـک کـە ئامانجـی ئـەوە نەبێـت کـە بەهـۆی عیسـای مەسـیحەوە دژومنەکانـی بـۆ هەتاهەتایـە دڵخـۆش بـن، ئـەوا ئـەو خۆشەویسـتییە زۆر و فراوانـەی نییـە کـە عیسـا داوای دەکات، لەڕاسـتیدا جێگرەوەیەکـی بەرتەسـک و نەگونجـاوە، جـا ئیـدی گرنـگ نییـە کـە چەنـدە کار بـاش و داهێنەرانـە و جـوان بـۆ چاکـە و باشـە زەمینـی دوژمنەکـەی دەکات. خۆشەویسـتی نوێـژ بـۆ دوژمنەکانمـان دەکات بـە هەمـان ئامانـج و تامەزرۆیـی نوێـژی پـەروەردگارەوە.

## «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن»

گرنگتریـن و باشـترین نموونـە کـە وا دەکات نوێـژ بـۆ دژمنەکانمـان بکەیـن، بریتییـە لـە نوێژەکەی عیسـای مەسـیح لەسـەر خـاچ. لـەدوای ڕاسـتییە ئاسـایی و سـادەکەی (لۆقـا ٢٣: ٣٣) «لەگـەڵ تاوانبـارەکان لـە خاچیـان دا»، عیسـا نوێـژی کـرد و فەرمـووی: «باوکـە، لێیـان خۆشـبە، چونکـە نازانـن چـی دەکـەن» (لۆقـا ٢٣: ٣٤). ئـەم نوێـژە سـێ کار ئەنجـام دەدات کـە دەیسـەلمێنێت عیسـا بـە دڵ دوژمنەکانـی خۆشویسـتووە: نوێـژ و لێخۆشـبوون و بەزەیـی. عیسـا بـەردەوام داوای لـە قوتابییەکانـی کـردووە کـە دوژمنەکانیـان خـۆش بوێـت.

کاتێـک پەتـرۆس پرسـیاری لێکـرد و گوتـی: «گـەورەم، دەبـێ چەنـد جـار گەردنـی براکـەم ئـازاد بکـەم کـە خراپـەم لەگـەڵ دەکات؟ تاکـو حـەوت جـار؟ عیسـاش پێـی فەرمـوو: مـن پێـت ناڵێـم حـەوت جـار، بەڵکـو حەفتـا کـەڕەت حـەوت جـار!» (مەتـا ١٨: ٢١- ٢٢). واتـە «پەتـرۆس سـنوور

دامەنێ. با بەزەیی دڵت وەکو بەزەیی من بەرامبەر تۆ ناکۆتا بێت». «بە بەزیی بن، وەکو چۆن باوکتان بە بەزەییە» (لۆقا ٦: ٣٦). کاتێک تاوان و دڵڕەجانی ڕاستەقینە لە ئارادا بێت، پێویستمان بە بەزەیی و لێۆخشبوونە. وای دابنێ دوژمنەکە کارێکی زۆر خراپی دژت ئەنجام داوە و شایانی ئەوەی کە قەرەبوو بکرێیتەوە، لەو کاتەدایە کە بەزەیی و لێخۆشبوون دەبێتە بابەتێکی گرنگ و زەرووری. بەزەیی دەڵێت: «باشتر لەوەی کە شایانیت، هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەم». وە لێخۆشبوون دەڵێت: «ئامادەیی ئەوەمان تێدایە کە خراپەکەت لەسەر حیساب نەکەم. دەمەوێت ئاشت ببینەوە».

## ئەگەر نازانن خەریکی چین، بۆچی پێویستیان بە لێخۆشبوونە؟

نوێژەکەی عیسا ئەم واتایەی هەیە، هەر چەندە لە سەرەتادا وا دەرناکەوێت. عیسا دەفەرموێت: «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن». بە واتایەکی دیکە، عیسا دەفەرموێت: «باوکە، لەوانە خۆشبە کە دەمکوژن، چونکە نازانم چی دەکەن». پرسیارەکە لێرەدایە: بۆچی دەبێت لە کەسێک خۆش بین کە نازانێت خەریکی چییە؟ مەگەر نابێت بڵێین: «باوکە، لەبەر ئەویە کە نازانن خەریکی چین، تاوانبار نین و پێویستیان بە لێخۆشبوون نییە؟» ئایا بابەتەکە یان - یاخود نییە؟ یان ئەوەتا دەزانیت چی دەکەیت و پێویستت بە لێخۆشبوونە، یاخود نازانیت خەریکی چیت و پێویستت بە لێخۆشبوون نییە؟ بۆچی عیسا باسی نەزانی ئەو خەڵکە دەکات و پاشان داوا لە خودا دەکات لێیان خۆش بێت؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەوان تاوانبارن بەهۆی نەزانینی ئەو کارەی کە دەیکەن. لێخۆشبوون تەنها بۆ کەسانی تاوانبارە. کەس ناتوانێت لە کەسێکی بێتاوان خۆش بێت. کەواتە کاتێک عیسا دەفەرموێت «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن»، مەبەستی ئەوەیە کە «دەبێت بزانن خەریکی چین. وە تاوانبارن بەهۆی نەزانینی ئەو کارەی کە دەیکەن». بە واتایەکی دیکە، بەڵگەیەکی زۆری ڕاستییان لەبەردەستە کە تاکە ڕوونکردنەوەی نەزانییەکەیان ئەوەیە کە نایانەوێت ڕاستیی ببینن. ئەو کەسانە سەرسەخت و کەللەڕەق بوون و تاوانی کوێربوونیان هەبوو. لەبەر ئەوەی پێویستیان بە لێخۆشبوونە.

جولەکە و ناجولەکەکان کوڕی خودا دەکوژن، کە مەسیحی ئیسرائیلە و بێتاوانترین خۆشەویسترین کەسە کە هەتا ئێستا زەوی بە خۆیەوە بینیویەتی، بەڵام نەیاندەزانی کە کێ دەکوژن. لەبەر ئەم نەزانییە، تاوانبارن و پێویستیان بە لێخۆشبوونە. مایەی سەرسامییە کە عیسا نوێژیان بۆ دەکات کە باوکی ئاسمانی چاویان بکاتەوە و یارمەتییان بدات گوناهەکەیان ببین و تۆبە بکەن بۆ ئەوەی لێخۆشبوون وەربگرن. ئەمە جوانیی ئەم نوێژەی عیسایە:

هـاوکات تـاوان دەردەخـات و داوای لێخۆشـبوون دەکات. یارمەتیـمان دەدات کـە دوژمنەکانمـان خـۆش بوێـت لـە ڕێگـەی وەبیرهێنانـەوەی ئـەوەی کـە دوژمنەکانمـان تاوانبـارن و نابێـت ئەمـە ڕێگـر بێـت لەبـەردەم خۆشەویسـتی و بەزەیـی و لێخۆشـبوونمان. لـە هەمـووی گرنگـتر، یارمەتیمان دەدات چونکـە دەانیـن کـە عیسـا لەپێنـاو ئێمـەدا ئـازاری چەشـت و نوێـژی بـۆ ئێمـە کـرد. بانـگ کراویـن کـە دوژمنەکانمـان خـۆش بوێـت و لێیـان خـۆش بیـن، چونکـە کاتێـک کـە دوژمنـی خـودا بوویـن، خـودا خۆشـی ویسـتین و لێـمان خـۆش بـوو.

# داواکاریی سییەم

## دوژمنەکانت خۆشبوێت - چاکە بکە لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێت دەبێتەوە، ببەخشە بەوانەی داوات لێدەکەن

« ئینجا پەترۆس هات و پێی گوت: گەورەم، دەبێ چەند جار گەردنی براکەم ئازاد بکەم کە خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟ عیساش پێی فەرموو: من پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار!.» (مەتا ١٨: ٢١- ٢٢)

« بەڵام ئەی گوێگران پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە (لۆقا ٦: ٢٧)

«ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟» (مەتا ٥: ٤٧)

بەشەکەی پێشوومان بە قسەکردن لەسەر نوێژ لە چوارچێوەی خۆشەویستی بۆ دوژمنەکانمان داخست. ئەوەش لە داواکارییەکەی عیسادا ئاشکرا بوو: دوژمنەکانتان خۆشبوێت و نوێژ بۆ ئەوانە بکەن کە دەتانچەوسێننەوە» (مەتا ٥: ٤٤). ئێمە نوێژەکەی عیسامان بۆ دوژمنەکانی وەک نموونەیەک وەرگرت. ئەو سەرنجی لەسەر لێخۆشبوون بوو: "باوکە، لێیان خۆش بە» ) لۆقا ٢٣: ٣٤).

ڕوون و ئاشکرایە کە لێخۆشبوون و ئاشتبوونەوە نزیکە لە ژیانی عیسا و پەیامەکەی. بۆیە لێرەدا پێویستە ئێمە زیاتر لەم داواکارییانەدا قوڵ بینەوە، دواتر سەرنج دەدەینە چەندین بابەتی جیاوازی دیکەی خۆشەویستنی دوژمن) سڵاو کردن لەوانەی کە لە دەرەوەی گروپی ئێمەن، چاکەکردن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێمانە، خستنەڕووی ڕوومەتەکەی تر، وە بەخشین بەوەی کە داوا دەکات. لە کۆتاییدا تیشک دەخەینە سەر ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ هەموو ئەم فەرمانانە، وەک بەخشینی هاوکاری بەو کەسەی کە داوا دەکات، تاکە ڕێگای دەرکەوتنی خۆشەویستییە یاخود ڕێگای دیکەش هەیە.

### لێخۆشبوون پێچەوانەی نامۆبوون نییە

لێخۆشبوون لە دڵەوە - نەک تەنها بە دەم – لەلایەن عیساوە داوا کراوە بۆ شوێنکەوتووەکانی: «باوکی ئاسمانیشم واتان لێدەکات، ئەگەر هەریەکەتان لە دڵەوە گەردنی خوشکی یان براکەی ئازاد نەکات» (مەتا ١٨: ٣٥). پێچەوانەی لێخۆشبوون نامۆبوون نییە، پێچەوانەکەی

هەڵگرتنی ڕق و کینەیە. هۆکاری ئەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە لەوانەیە دڵێکی بەخشندەت هەبێت و ئامادەیی ئەوەت هەبێت کە هەڵە ئازاربەخشەکە نەمێنێت و بڕوات، بەڵام ئەو کەسەی کە هەڵەی کردووە بەرامبەرت، نەیەوێت داوای لێبوردن بکات یان تەنانەت هەست بەوە بکات کە هەڵەیەکی ئەنجام داوە. لەبەر ئەوە، هەرچەندە تۆ ئامادەی لە بەرامبەرەکەت خۆش بیت، بەڵام پەیوەندییەکە چاک نەبێتەوە. ئێمە ئەمە دەزانین، چونکە عیسا بەردەوام لێخۆشبوون و خۆشەویستی پێ بەخشیوین، بەڵام هەمووان لەگەڵیدا ئاشت نەبوونەوە. بۆیە پێچەوانەی بەخشین هەڵگرتنی ڕق و کینەیە، نەک نەهێشتنی نامۆیی. ئێمە بەرپرسیارین لەوەی دەیکەین، نەک ئەوەی کەسانی دیکە دەیکەن. ئێمە لە دڵی خۆمان بەرپرسیارین، نەک هی ئەوان.

بەڵام عیسا ئەوە ئاشکرا دەکات کە هەوڵدان بۆ ئاشتبوونەوە کارێکی بەبایەخ و گرنگە. ئێمە پێویستە هەموو هەوڵێکی گونجاو بدەین بۆ ئاشتکردنەوەی ئەوانەی بە قسەکانمان یان کارەکانمان زویرمان کردوون و دڵمان ڕەنجاندوون. دەڵێم هەموو هەوڵە گونجاوەکان، چونکە هەموو زویربوون و دڵڕەنجانێک لەسەر حەق نییە. ئەگەر عیسا هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئەو هەموو فەریسی و مامۆستایانەی شەریعەتە بدابا کە تووڕە بوون لێی، ئەوا لە ژیانیدا جگە لەوە هیچی دیکەی پێ ئەنجام نەدەدرا. دەبێت لە کاتی خوێندنەوەی داواکاریی عیسا بۆ ئاشتبوونەوە، ئەم بابەتەمان لەبیر نەچێت. عیسا فەرمووی: «لەبەر ئەوە ئەگەر قوربانیت بۆ قوربانگا هێنا و لەوێ بیرت کەوتەوە کە خوشکت یان برات شتێکی بەسەرتەوە هەیە، لەوێ لەبەردەم قوربانگا قوربانییەکەت بەجێبهێڵە و بڕۆ یەکەم جار خوشکت یان برات ئاشت بکەرەوە، ئینجا وەرە و قوربانییەکەت بکە» (مەتا ٥: ٢٣- ٢٤). من ئەم بەشەی ئایەتەکە کە دەڵێت «ئەگەر خوشکت یان برات شتێکی بەسەرتەوە هەیە» بەم جۆرە وەردەگرم «ئەگەر خوشکت یان برات شتێکی دروست و یاسایی بەسەرتەوە هەیە».

هەمیشە کەسێک شتێکی دژی عیسا هەبوو. هیچ کاتێک نەبووە کە کەسێک بەهۆی خزمەتە ئاشکراکەیەوە دڵی نەڕەنجێت و زویر نەبێت. ئەگەر بهاتبا پێش پەرستش و ستایشەکەی سەرقاڵی ئاشتبوونەوەی ئەو هەمووە کەسەی بدابا کە بە جۆرێک دڵیان لێی ڕەنجابوو، ئەوا هەرگیز نەیدەتوانی خوداپەرستیی بکات. ئەم حاڵەتە شوێنکەوتووانی عیساش بەدرێژایی مێژوو دەگرێتەوە. هەمیشە ڕکابەری ئاشت نەبووەوەیان هەبووە. لەڕاستیدا عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت کە شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی ئەو نین «کاتێک هەموو خەڵک ستایشتان دەکات» (لۆقا ٦: ٢٦). بەڵکو لە جێگەی ئەوە «خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی لەبەر کوڕی مرۆڤ ڕقیان لێتان دەبێتەوە وجیاتان دەکەنەوە و جنێوتان پێدەدەن وبە بەدکار ناوتان دەبەن» (لۆقا ٦: ٢٢).

## ئاشت نەبوونەوە مەترسی دەخاتە سەر گیان و دەروون

مەبەستی (مەتا ٥: ٢٣- ٢٤) ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک بەهۆی کارێک کە ئێمە کردوومانە، هۆکارێکی گونجاو و دروستی بۆ دڵڕەنجان و دڵتەنگ بوون هەیە، ئەوا دەبێت خێرا لەگەڵی ئاشت ببینەوە. گرنگی ئەم بابەتەش لە وشەی (لەبەر ئەوە) دەردەکەوێت کە لە سەرەتای ئایەتی (٢٣)دا هاتووە: « لەبەر ئەوە ئەگەر قوربانیت بۆ قوربانگا هێنا و لەوێ بیرت کەوتەوە کە خوشکت یان برات شتێکی لەسەرت هەیە،

ئەم ئامرازی پەیوەندییانە واتای ئەوەیە کە عیسا شتێکی فەرموو کە وای لە داواکارییەکەی ئایەتی (٢٣- ٢٤) کرد ببێتە شتێکی خێرا و پێویست. عیسا ئەمەی فەرموو: «بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی لە خوشکی یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی بە براکەی دەڵێ هیچ و پووچ، دەبێ بدرێتە سەنهەدرین، ئەوەش دەڵێت ”گێلە، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە» (مەتا ٥: ٢٢). واتە، سووکایەتیکردنی بە براکەت دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ سەر گیان و دەروونت.

«لەبەر ئەوە ...» ئایەتی (٢٣- ٢٤)ی بەدوادا دێت. ئەگەر سووکایەتی و دڵڕەنجانی خوشک و براکەمان، مەترسی بۆ سەر گیان و دروونمان دروست دەکات – ئەگەر مەترسی دوورخستنەوەی هەتاهەتاییمان لەگەڵ خودا بۆ دروست دەکات، بەو جۆرەی کە ئایەتی (٢٢) دەیلێت (بە ئاماژەکردن بە دۆزەخ)، ئەوا ناتوانین لەگەڵ هەبوونی شتێکی لەم شێوەیە لە دەروونماندا دڵخۆش و شاد بین و لەسەر خوداپەرستیی خۆمان بەردەوام بین. عیسا دەفەرموێت کە خێرا و بەپەلە پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین! ئەگەر دڵڕەنجانی خوشک و براکانمان پەیوەندی نێوان ئێمە و خودا دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا خودا پەرستن و ستایشمان لێ قبوڵ ناکات لە کاتێکدا ڕق و کینەی کەسێک لە دڵماندایە.

بەڵام لە ئایەتی (٢٣- ٢٤) عیسا ڕێک مەبەستی ئەوە نەبوو. بەتایبەتی تیشک ناخاتە سەر تووڕەیی، بەڵکو ئەو پەیوەندییەی کە بەهۆی گوناهمانەوە پچڕاوە و نەماوە. بەدڵنیاییەوە (مەتا ٥: ٢١- ٢٢) تیشک دەخاتە سەر تووڕەیی و سووکایەتی و دڵڕەنجان. وە هاتنی وشەی «لەبەر ئەوە» لە سەرەتای ئایەتی (٢٣)دا، نیشانی دەدات کە ئەم تووڕەییە هێشتا لە پشت ئەو شتەیە کە عیسا دەیەوێت بیلێت. بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی کە عیسا دەیفەرموێت لە تووڕەیی یان سووکایەتیی کەسیی ئێمە تێدەپەڕێت و دەڕواتە سەر ئەو پەیوەندییەی کە بەهۆی تووڕەییەکەمانەوە پچڕاوە و شکێنراوە. داواکارییەکە ئەمەیە: «لەوێ لەبەردەم قوربانگا قوربانییەکەت بەجێبهێڵە و بڕۆ یەکەم جار خوشکت یان برات ئاشت بکەرەوە، ئینجا وەرە و قوربانییەکەت بکە» (مەتا ٥: ٢٤). عیسا وای لێکداوەتەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی وەلاوەنانی تووڕەییەکەت. بەڵام ئامانجی سەرەکی بریتییە لە هەنگاوەکانی قسەکردن لەگەڵ خوشک

یـان براکـەت کـە دڵیـان ڕەنجـاوە. ئەمـەش دانپێدانانـی گونـاە و داوای لێخۆشـبوون دەگرێتـەوە کـە یەکێکـە لـە سـەختترین ئـەو شـتانەی کـە مرۆڤێکـی گوناهبـار و لووتبـەرز بتوانێـت ئەنجامـی بـدات. بـەڵام کاتێـک کـە ئـەو کارە دەکرێـت، دەرگاکانـی ئاسـمان دەکرێـت بـۆ ئـەوەی خۆشـترین پەرسـتن و سـتایش تاقـی بکەیتـەوە.

## خۆشەویستی سڵاو لەو کەسانەدا دەکات کە سەربە گروپ و دەستەی ئێمە نین

خۆشویسـتنی دوژمنەکانمـان ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کـە خۆشویسـتنیان کارێکـی ئاسـان نییـە، جـا ئیـدی دوژمنێکـی بێگانـە بێـت یـان هاوسـەرێکی تـووڕە. بۆیـە، ڕێگاکانـی دەربڕینـی خۆشەویسـتی بـە ڕادەیـەک جیـاوازن کـە لـە لایەکـەوە دەکرێـت خۆقوربانیکـردن بگرێتـەوە و لـە لایەکـی دیکـەوە، دەکرێـت تەنهـا سـڵاوێکی ئاسـایی بێـت. بەڕاسـتی سەرسـامکەرە کـە عیسـا لـە بابەتـی خۆشویسـتنی دوژمنـدا، شـتێکی ئاسـایی وەکـو ئەمـە دەفەرموێـت: «ئەگـەر سـڵاوتان تەنهـا لـە ناسـیاوەکانتان کـرد، چـی زیاترتـان کـردووە؟ ئایـا بتپەرسـتانیش ئەمـە ناکـەن؟» (مەتـا ٥: ٤٧). لەوانەیـە ئـەو کەسـانەی کـە تیشـک دەخەنـە سـەر ئازاریـی سەرتاسـەری و نادادپەروەریـی نێودەوڵەتـی، ئـەم بابەتەیـان زۆر بـەلاوە بابەتێکـی کەسـیی بێـت و بایەخێکـی ئەوتـۆی پـێ نـەدەن. سـڵاوکردن؟ ئایـا لـەم جیهانـەدا بەڕاسـتی گرنگـە کـە لەسـەر شـەقام سـڵاو لـە کـێ دەکەیـن؟ عیسـا دەزانێـت کـە بارودۆخـی دڵـمان تەنهـا بـە پێشـوازیکردن لـە حاڵەتـە جیهانییـەکان ئاشـکرا نابێـت، بەڵکـو بـەو میهرەبانـی و خۆشـڕووییەی کـە ڕۆژانـە نیشـانی دەدەین دەردەکەوێـت. عیسـا بـەردەوام هەوڵـی گۆڕینـی دڵـمان دەدات، نـەک تەنهـا گۆڕینـی ئەجێنـدا و بەرنامـە کۆمەڵایەتییەکانمـان.

## «چاکە بکە لەگەڵ ئەوانەی کە ڕقیان لێت دەبێتەوە»

بـەڵام گۆڕینـی دڵـمان خـۆی لـە گۆڕینێکـی گرنگـی ئەجێنـدا و بەرنامـە کۆمەڵایەتییەکانمـان دەبینێتـەوە. یەکێـک لـە نموونەکانـی خۆشویسـتنی دوژمنەکانمـان کـە عیسـا پێـمان دەدات بریتییـە لـە بەزەیـی ڕۆژانـەی خـودا لەسـەر جیهانێکـی یاخـی و سەرکێشـدا: «ئـەو خـۆری خـۆی بەسـەر چـاک و خراپـدا هەڵدێنێـت و بـاران بەسـەر پیاوچـاک و زۆرداریشـدا دەبارێنێـت» (مەتـا ٥: ٤٥). خـۆر و بـاران دوو شـتی سـەرەکین کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئێمـەی ئێمەوەیـە و بـۆ گەشـەکردنی دەخـڵ و دان و بەرهەمـی زەوی پێویسـتە. عیسـا دەفەرموێـت کـە خـودا هـاوکاری دوژمنەکانـی دەکات و خـۆراک و ئاویـان بـۆ دابیـن دەکات. چاوەڕێـی ئـەوە نـاکات کـە تۆبـە بکـەن. بەزەییـان نیشـان دەدات. بۆیـە، خۆشویسـتنی دوژمنەکانمـان واتـە هـاوکاری و یارمەتیـی کردەیـی لـە شـتە ئاسـاییەکانی ژیانـدا. خـودا تیشـکی خـۆر و بـاران بـە دوژمنەکانـی دەدات. تـۆ خـۆراک و ئـاو بـە دوژمنەکانـت دەدەیـت. ئەمـە و زۆر کاری کردەیـی دیکـە لـەم ڕسـتە بچووکـەدا

خۆیـان حەشـار داوە: «چاکـە بکـە». «چاکـە بکـە لەگـەڵ ئەوانـەی کـە ڕقیـان لێـت دەبێتـەوە» (لۆقـا ٦: ٢٧، بـەراوردی بکـە لەگـەڵ ٣٣، ٣٥).

## کاری چاکە لە ڕێگەی چاکبوونەوە و شیفادانەوە

یەکێـک لـەو داواکارییانـەی کـە باسـی ئەنجامدانـی کاری باشـەی لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا دەکـرد و لـە کاتـی خزمەتـی دوازدە قوتابییەکـە لەگـەڵ عیسـای مەسـیحدا تیشـکی خراوەتە سـەر، بریتییـە لـە چـاک کردنـەوە و شـیفادان. لـە پشـت ئـەم فەرمانـەوە دەسـەڵاتی چاککردنـەوەی عیسـا هەیـە. خزمەتـی شـیفادان و چاککردنـەوە خزمەتێکـی گـەورە و گرنگـی کار و خزمەتیـی عیسـا بـوو کـە هاتنـی شانشـینی خـودای دەردەخسـت. بۆیـە جاڕدانـی شانشـین و چاکبوونـەوە هاوشـانی یەکـتر بـوون: «عیسـا بـە هەمـوو جەلیلـدا دەگـەڕا، لـە کەنیشـتەکانیان خەڵکـی فێـر دەکـرد و مزگێنـی پاشـایەتییەکەی ڕادەگەیانـد، هەرچـی نەخۆشـی و نەسـاغی نێـو خەڵـک هەبـوو چاکـی دەکردنـەوە» (مەتـا ٤: ٢٣).

هەروەهـا خزمەتـی چاکبوونـەوە یەکێـک بـوو بەڵگەکانـی مەسـیحبوونی عیسـا. کاتێـک یەحیـای لەئاوهەڵکێـش لـە زیندانـی هێرۆدسـدا بـوو، لەبـەر ئـەوەی گومانـی لـە مەسـیحبوونی عیسـا کـرد، هەندێـک لـە قوتابییەکانـی خـۆی بـۆ لای عیسـا نـارد و لێیـان پرسـی: «ئایـا تـۆی ئـەوەی کـە دێـت، یـان چاوەڕێـی یەکێکـی دیکـە بکەیـن؟ عیسـاش لـە وەڵامـدا پێـی فەرمـوون: بـڕۆن، ئـەوەی دەیبیسـتن و دەیبینـن بـە یەحیـای ڕابگەیەنـن: کوێـر دەبینێـت، شـەل دەڕوات، گەڕوگـول پـاک دەبێتـەوە، کـەڕ دەبیسـتێت، مـردوو هەڵدەسـتێتەوە و هـەژار مزگێنـی پێـدەدرێ. خۆزگـە دەخـوازرێ بـەوەی گومانـم لـێ نـاکات» (مەتـا ١١: ٣- ٦؛ هەروەهـا بڕوانـە مەتـا ٩: ٦).

ئـەو پەرجووانـەی کـە عیسـا ئەنجامـی دا بـۆ ئـەوە بـوون کـە بیسـەلمێنن عیسـا مەسـیحەکەیە و کـوڕی خودایـە. «ئـەو کارانـەی بـە نـاوی باوکمـەوە دەیکـەم، شـایەتیم بـۆ دەدەن» (یۆحەنـا ١٠: ٢٥). بۆیـە عیسـا بەهـۆی کارەکانیـەوە داوای لـە خەڵکـی کـرد کـە بـاوەڕی پـێ بهێنـن: «ئەگـەر ئـەو کارانـە بکـەم، هەرچەنـدە باوەڕیشـم پـێ ناکـەن، بـاوەڕ بـەو کارانـە بکـەن، تاکـو بزانـن و تێبگـەن کـە بـاوک لـە مندایـە و منیـش لـە باوکـدام.... بـاوەڕم پـێ بکـەن کـە مـن لـە باوکـدام و باوکیـش لـە مندایـە، ئەگـەر نـا بەهـۆی کارەکان خۆیانـەوە بـاوەڕ بکـەن» (یۆحەنـا ١٠: ٣٨؛ ١٤: ١١).

## دەسەڵاتی عیسا و فەرمانی چاککردنەوە و شیفادان

لەگـەڵ ئـەوەی کـە پەرجووەکانـی عیسـا شـایەتییەکی تایبەتیـان بـۆ پەیوەندییـە بێهاوتاکـەی لەگـەڵ بـاوک و دەسـەڵاتە بێوێنەکـەی دەدا، هەندێـک لـە دەسـەڵاتەکەی بـە قوتابییەکانـی بەخشـی. ئـەوە بـوو بـە بناغـەی فەرمانـی شـیفادان و چاککردنـەوەی خەڵـک: «ئینجـا عیسـا

دوازدە قوتابییەکـەی بانگکـرد، دەسـەڵاتی پێـدان تاکـو ڕۆحـی پیـس دەربکـەن و هەرچـی نەخۆشـی و نەسـاغی هەبـوو چـاک بکەنـەوە» (مەتـا ١٠: ١). عیسـا کـە ئـەم دەسـەڵاتەی پـێ بەخشـیبوون، فەرمانـی پێـدان کـە شـێوازی خزمەتەکـەی ئـەو پـەرە پێبـدەن: «کاتێـک دەچـن، ئـەم پەیامـە ڕابگەیەنـن: پاشـایەتی ئاسـمان نزیـک بووەتـەوە. نەخـۆش چـاک بکەنـەوە، مـردوو زینـدوو بکەنـەوە، گەڕوگـول پـاک بکەنـەوە، ڕۆحـی پیـس دەربکـەن» (مەتـا ١٠: ٧- ٨).

تەنهـا دوازدە قوتابییەکـە ئەمەیـان نەکـرد، بەڵکـو حەفتـا و دوو نێردراوەکـەش هەمـان کاریـان کـرد. «پـاش ئەمـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ حەفتـا و دوو کەسـی دیکـەی دەستنیشـان کـرد، لەپێـش خـۆی دوو دوو ناردنـی بـۆ هـەر شـار و جێگایـەک کـە بەتەمابـوو بـۆی بچێـت» (لۆقـا ١٠: ١). فەرمانەکـەی بـۆ ئـەوان بریتـی بـوو لەمـە: «ئـەو نەخۆشـانەی تێیدایـە چاکیـان بکەنـەوە و پێیـان بڵێـن: پاشـایەتی خـودا لێتـان نزیـک بووەتـەوە» (لۆقـا ١٠: ٩).

## چۆن دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانی چاککردنەوە بین؟

لەمـەوە ئـەو پرسـیارە دێتـە ئـاراوە کـە بەرپرسـیاریەتی ئێمـە لەمڕۆدا چییـە بـۆ بەردەوامبـوون بـە خزمەتـی شـیفادان و چاککردنـەوەی عیسـا کـە شـایەتی هاتنـی شانشـینی خـودا لـە ژیانـی و ئیـش و کارەکانیـدا بـوو؟ کەسـانێک دەڵێـن بەدڵنیاییـەوە دەبێـت ئەمـڕۆ درێـژە بـەم خزمەتـەی عیسـا پـێ بدەیـن، مزگێنـی بدەیـن و وەکـو عیسـا بـە پەرجـوو خەڵـک چـاک بکەینـەوە. هەندێکی دیکـە دەڵێـن ئـەو جـۆرە بەهـرە و دەسـەڵاتە پەرجووئاسـایە لەگـەڵ نەمانـی نێردراوانـی عیسـا و بـاوەڕداره سـەرەتاییەکاندا کۆتاییـان پێهاتـووە.

بۆچوونـی کەسـیی مـن لـە ناوەنـدی هـەردوو بۆچوونەکەدایـە. پێـم وایـە کۆمەڵـەی یەکـەم دەبێـت لەگـەڵ مەرجەکانـی ئـەو ئـەرک و ڕۆڵـەدا ڕێـک بکـەون کـە چاکبوونـەوەی پەرجووئاسـا هەیبـوو لـە شـایەتیدان و دەرخسـتنی بێهاتابوونـی عیسـا و ئیـش و کارە ناوازەکانـی. واتـە، وا دیـارە کـە خزمەتـی مەزنیـی چاککردنـەوە و شـیفادانی پەرجووئاسـا کـە عیسـا و هەندێـک لـە شـوێنکەوتووە سـەرەتاییەکان ئەنجامیـان دەدا، بەشـێک بـوو لـە کارە سەرووسروشـت و نائاسـاییەکانی تایبـەت بـە بەرجەسـتەبوونی کـوڕی خـودا. بەردەوامـی و تـەواو و کامڵبوونـی ئـەو شـتەی کـە عیسـا بەهۆیـەوە خەڵکـی چـاک دەکـردەوە لـە مێـژووی مرۆڤـدا نموونـەی نەبـووە. هەمـوو خزمەتێکـی پەرجووئاسـای چاککردنـەوە لـەدوای کارەکانـی سـەردەمی عیسـا زۆر کەمـتر و بچووکـترە لـەوەی کـە عیسـا کردوویەتـی. پێموانییـە کـە ئەمـە پەیوەنـدی بـە بـاوەڕی لاوازمانـەوە بێـت، بەڵکـو پەیوەنـدی هەیـە بـە بێهاوتابوونـی عیسـا و ئـەو ڕۆژگارە گرنگـەی کـە ئـەوی تێـدا بـووە. ئـەوەی کـە عیسـا لـە چاکبوونـەوە و زیندووکردنـەوەی مردووانـدا ئەنجامـی دا بـۆ دەرخسـتن و نیشـاندانی ئـەو جـۆرە شـیفا و چاکبوونەوەیـە بـوو کـە لـەو دنیـادا ڕوودەدات.

لـە لایەکـی دیکـەوە، ئەمـڕۆ هیـچ هۆکارێـک بـۆ ڕەتکردنـەوەی ئـەوە نابینـم کـە هەندێـک شـیفا و چاککردنـەوەی پەرجووئاسـا دەبێـت لەگـەڵ خزمەتـی مزگێنیدانـدا بێـت. دڵنیـام هەمیشـە ڕا و بۆچوونـی جیـاواز لەسـەر ئـەوە دەکرێـت کـە ئـەم خزمەتـە دەبێـت چەنـدە گرنگـی پـێ بدرێـت. باشـترین شـت کـە بتوانـم بیڵێـم ئەوەیـە کـە هـەردوو ڕاسـتییەکە بـەرز بنرخێنـم کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە شـیفادانی پەرجووئاسـا وەکـو شـایەتییەک بـۆ بەزەیـی و هێـزی خـودا، لەگـەڵ سـەنتەربوونی وشـەی خـودا لـە ڕزگارکردنـی گوناهبـاران و دەسـەڵاتداربوونی خـودا لـە چاکبوونـەوەی مرۆڤەکانـدا بـەو جـۆرەی کـە خـۆی حـەز دەکات. هـەر بۆیـە، ئەمـڕۆ گوێڕایەڵبوون بـۆ عیسـا بـۆ هەندێـک دەسـتە واتـە گەڕانـەوە بۆ چـەق و سـەنتەربوونی وشـەی خـودا، هەروەها بـۆ گروپەکانـی دیکـەش ئاشـکراکردنی ئـازادی و هێـزی پـڕ لـە بەزەیـی خـودا لـە چاکبوونـەوە و شـیفادانـدا.

## ئەنجامدانی کاری چاکە لە کاتێکدا ڕقیان لێت دەبێتەوە

پەرجووەکانـی عیسـا هەمیشـە ڕزگاربـوون بـە بـاوەڕی لـێ نەکەوتووەتـەوە. هەندێـک هەبـوون کـە زۆرتـر دەسـەڵاتەکەیان بـەلاوە گرنـگ بـوو نـەک خـودی خـۆی. تەنانـەت لـە سـەرەتادا خـودی براکانـی عیسـا زیاتـر کەوتبوونـە داوی خۆشەویسـتی ئـەو ناوبانـگ و بایەخـەی کـە خەڵکـی بـە عیسـایان دەدا، نـەک ئـەو جوانییـە ڕۆحییـەی کـە لـە ڕێگـەی پەرجووەکانیـەوە دەردەکـەوت. هەوڵیـان دا کـە عیسـا بەهـۆی پەرجووەکانیـەوە لـە ئۆرشـەلیمدا زیاتـر دەربکەوێـت: «هیـچ کەسـێک بـە نهێنـی شـتێک نـاکات ئەگـەر بیەوێـت ئاشـکرابێت. ئەگـەر ئـەم شـتانە دەکەیـت، خـۆت پیشـانی جیهـان بـدە». ئینجـا یۆحەنـا دەڵێـت: «براکانـی وایـان پـێ گـوت، چونکـە تەنانـەت ئەوانیـش باوەڕیـان پێـی نەدەکـرد» (یۆحەنـا ٧: ٤- ٥). وە کەسـێک دەبێـت بـە دڵتەنگییـەوە بیـر لـەو ڕاسـتییە سەرسـامکەرە بکاتـەوە کـە بـە شـیمانەیەکی زۆر یەهـودای ئەسـخەریوتی لەگـەڵ نێردراوانـی دیکـەدا بـە پەرجـوو خەڵکـی چـاک کردووەتـەوە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا ناپاکـی بەرامبـەر عیسـا کـرد.

بۆیـە، تەنانـەت خزمەتـی چاککردنـەوە و شـیفادانیش دەکرێـت بچێتـە ئـەم فەرمانـەوە: «چاکـە لەگـەڵ ئەوانـەدا بکـەن کـە ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە». دەبێت بۆ سـاتێک ڕاوەسـتین و ڕێگـە بدەین ئەمـە بەجوانـی لـە مێشـکماندا ڕۆ بچێـت. ڕق وشـەیەکی زۆر تونـد و بەهێـزە. بیـر لـەوە بکـەوە کـە چـۆن دەبێـت و چ هەسـتێکت دەبێـت ئەگـەر کەسـێک ڕقـی لێـت ببێتـەوە. وە دواتـر بیـر لـە مەزنیـی ئەنجامدانـی کاری باشـە لەگـەڵ کەسـێکدا بکـەوە کـە ڕقـی لێتـە. عیسـا بەدڵنیاییـەوە دەیزانـی کـە ڕق لێبوونـەوە چۆنـە و چ هەسـتێکی هەیـە (لۆقـا ١٩: ١٤؛ یۆحەنـا ٧: ٧؛ ١٥: ١٨، ٢٤-٢٥)، وە لەپێنـاو هەمـوو ئـەو دوژمنانەیـدا ژیانـی خـۆی بەخشـی کـە خۆشەویسـتییەکەی ئـەو وەردەگـرن. کاتێـک عیسـا فەرمـووی: «کـەس خۆشەویسـتیی لەمـە گەورەتـری نییـە کـە یەکێـک ژیانـی خـۆی بـۆ دۆسـتەکانی دابنێـت» (یۆحەنـا ١٥: ١٣)، ئـەو خۆشەویسـتییە زۆرەکـەی بەپێـی

ئـەو ڕاسـتییە نەپێـوا کـە دەیەوێـت لەپێنـاو هاوڕێکانیـدا بمرێـت، بەڵکـو بەپێـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە خەریکـە دەمرێـت و بەبـێ بەرامبـەر ئـەو کارە دەکات. مەبەسـتی لـە «دۆسـت» ئەوەیـە کـە ئامانجـی مردنەکـەی لەپێنـاو نەهێشـتنی تووڕەیـی و حوکمـی خـودا (یۆحەنـا ٣: ١٤- ١٥، ٣٦) و لێخۆشـبوونی گوناهـەکان (مەتـا ٢٦: ٢٨)، تەنهـا لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە ئەزمـوون دەکرێـت کـە ئێسـتا دوژمنـی ئـەون بـەڵام واز لـە دوژنایەتییەکەیـان دێنـن و دەبنـە دۆسـت و ئاشـنا و هاوڕێـی.

عیسـا بـە ڕوونـی باسـی ئـەوەی کـردووە کـە وەکـو چـۆن خەڵـک ڕقیـان لـەو بـووە، زۆر کـەس ڕقـی لـە ئێمـەش دەبێتـەوە ئەگـەر بێتـو شـوێن عیسـا بکەویـن. «لەبـەر نـاوی مـن هەمـووان ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە» (مەتـا ١٠: ٢٢). وە ئەمـە زۆر سـەخت و بەئازارتـر دەبێـت چونکـە هەنـدێ کات ئـەو ڕقـە لەلایـەن هاوڕێکانـی پێشـترەوە دەبێـت: «زۆر کـەس واز لـە باوەڕەکەیـان دەهێنـن و یەکـتری بـە گرتـن دەدەن و ڕقیـان لـە یەکـتری دەبێتـەوە» (مەتـا ٢٤: ١٠). بیـر لـەو هەسـت و سـۆزانە بکـەوە کـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە دڵتـەوە هەڵدەقوڵـن کاتێـک کەسـێک بەڕاسـتی ڕقـی لێـت دەبێتـەوە و درۆت بەدەمـەوە دەکات و دەیەوێـت ئـازارت بـدات. هەندێکـمان بەڕادەیـەک هەسـتی و سـۆزی مافەکانمـان دەسـتمان بەسـەردا دەگـرن کـە دەمانەوێـت دەسـتبەجێ تۆڵەیـان لـێ بکەینـەوە. عیسـا داوای گۆڕینـی دڵـمان لـێ دەکات. لەوانەیـە تووڕەییەکـی یاسـایی و دروسـتت دژی خراپـە هەبێـت، بـەڵام دڵ دەبێـت باشـەی دڵـی بوێـت و کاری بـاش ئەنجـام بـدات. لەوانەیـە خۆشەویسـتیمان وا لـە دڵ بـکات کـە تۆبـە بـکات، یاخـود وا بـکات لەنێـو خـاک و خۆڵـدا پـان بکرێتـەوە (وەکـو خۆشەویسـتییەکەی عیسـا). بـەڵام ئـەوە ئیشـی ئێمـە نییـە. عیسـا دەفەرموێـت: «لەگـەڵ ئـەو کەسـانە کاری چاکـە بکـەن کـە ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە».

## ڕوومەتەکەی دیکەتیان بۆ شل بکە و ببەخشە بەوەی کە داوا دەکات

« ئەگـەر یەکێـک لـە ڕوومەتـت بـدات، لایەکـەی دیکەشـی بـۆ شـل بکـە. ئەگـەر یەکێـک چاکەتەکـەت ببـات، لاریـت نەبێـت بـۆ کراسەکەشـت. هەرکەسـێک داوای شـتێکی لێکردیـت بیـدەرێ. ئـەوەش کـە شـتێکت لـێ دەبـات لێـی داوا مەکـەوە» (لۆقـا ٦: ٢٩- ٣٠). ئـەو ئاڵنگارییەی کـە مـن هەسـتی پـێ دەکـەم لـە کاتێکـدا ڕووبـەڕووی ئـەم داواکارییـە توندانـە دەبمـەوە ئەوەیـە کـە چـۆن ڕێگـە بـدەم کاریگـەری تەواویـان لەسـەر دڵ و ژیانـم هەبێـت و هـاوکات لـەوە توندتـر وەریـان نەگـرم کـە عیسـا مەبەسـتیەتی. ترسـی مـن ئەوەیـە کـە ئەگـەر هـەر سـنوورێک بـۆ ئـەم فەرمانانـە دابنێـن، لـەو هێـزەی کـە مەبەسـتیەتی بیگەیەنێـت، کـەم دەکەمـەوە. لـە لایەکـی دیکـەوە، دیسـان هێزەکەیـان لەدەسـت دەدەن ئەگـەر بێتـو لـە شـتێکی ناواقعـی بچـن و خەڵکـی بەسـەریاندان تێبپـەڕن و نەتوانـن پەیوەسـتیان بکـەن بـە ژیانـی خۆیانـەوە. بۆیـە بـەدوای ڕێگـەی ناوەنـدا دەگەڕێـم و هـەوڵ دەدەم کـە عیسـا ئـەم نموونانـەی خۆشەویسـتی بـە شـتێکی تـەواو و

یەکلاکەرەوە نابینێت، هەروەها ئەوەندەش بێ بایەخ چاویان لێ ناکات کە تەنانەت لەگەڵ ئاکار و ڕەفتاری چینی ناوەندا نەگونجێت.

## «کرێکار شایانی کرێی خۆیەتی»

چەندین هۆکاری پەیوەست بە یەکتر هەن کە بۆچی باوەڕم وایە عیسا دەیەوێت ئێمە ئەم فەرمانانە وەکو نموونەی ئەو شتانە ببینین کە خۆشەویستی زۆربەی کات ئەنجامی دەدات، نەک ئەوەی هەمیشە و بەردەوام ئەنجامی دەدات. پێش هەموو شتێک، داواکاریی ڕازیبوون بە هەموو داواکانی کەسی بەرامبەر و تەنانەت بەخشینی زیاتر لەوەی کە داوا دەکرێت، وا دیارە بنەمای دادپەروەری لە ڕێکخستنی ئابووری تێک دەدات کە خودی عیسا پەسەندی کردووە. لە لایەکەوە عیسا دەفەرموێت: «هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ (ئەم وشەیە تایبەت نییە بە سواڵکردن، بەڵکو شتێکی گشتییە). ئەوەش کە شتێکت لێ دەبات لێی داوا مەکەوە» (لۆقا ٦: ٣٠). بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەوەی بەلاوە پەسەندە کە کرێکار مافی خۆی وەربگرێت نەک ئەوەی کە خۆی داوای دەکات (مەتا ٢٠: ٩- ١٤).

عیسا بنەمای ئابووری بەلاوە پەسەندە، «کرێکار شایانی کرێی خۆیەتی» (لۆقا ١٠: ٧)، کە وا دیارە مەبەستی ئەوەیە خاوەنکار لە پێدانی کرێی کرێکاردا سنووردار نییە و بەڕێوەبەریش لە پێدانی مافی فەرمانبەردا سنووردار نییە. ئەو سیستەم و بنەما ئابوورەی کە عیسا پشتگیری لێ دەکات هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر بێتو فەرمانبەر یان بەڕێوەبەر ئەم فەرمانەی عیسا جێبەجێ بکەن کە دەفەرموێت «ئەوەی کە داوای دەکات پێی ببەخشە»، وەکو پشتڕاستکردنەوە و ڕێگەدان بەو داواکارییەی کە کەسی بەرامبەر (لە گوێڕایەڵیی بۆ عیسا) بەبێ هیچ قەرەبوویەک دەبێت ببەخشێت. بەڵام عیسا لەبارەی کار و خزمەتەکەیان بە قوتابییەکانی فەرموو: «بەخۆڕایی وەرتانگرتووە، بەخۆڕاییش بیدەن» (مەتا ١٠: ٨). کەواتە لە لایەکەوە ئەو دەقانەمان هەیە کە داوای نەهێشتنی قەرەبووکردنەوە دەکاتەوە («هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ»)، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەو دەقانەشمان هەیە کە پێداگری لەسەر نەزمی و ڕێکخستنی ئابووری دەکەنەوە کە لەسەر بنەمای قەرەبووی دادپەروەرانە دامەزراوە – تەنانەت لە کار و خزمەتیشدا: «کرێکار شایانی کرێی خۆیەتی» (لۆقا ١٠: ٧). بۆیە، وا دیارە کە ئەو داوایەی عیسا کە دەڵێت «هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت، بیدەرێ» داواکارییەکی جیهانی و تەواو نییە و هەموو بارودۆخێک ناگرێتەوە، بەڵام یەکێک لەو ڕێگا بەردەوامانەی کە خۆشەویستی بەهۆیەوە کار دەکات.

## کاتێک ئەنجامدانی کاری باش دەستی بەخشینی نییە

هۆکارێکی دیکە کە دەیسەلمێنێت ئەم داواکارییانە بەسەر هەموو بارودۆخێکدا جێبەجێ

نابێت، ئەوەیە کە دوو داواکارییەکە - کاری باش لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەنجام بدە کە ڕقیان لێتە و هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت، بیدەرێ» - لەوانەیە هەمیشە بەرەو هەمان هەڵسوکەوت و ئاکارمان نەبات. لەوانەیە پلان و بەرنامەی ئەنجامدانی کارێکی باشمان بۆ کەسێک هەبێت کە لەڕاستیدا بەخشینی هەموو ئەو شتانە لەخۆ نەگرێت کە خۆی داوای دەکات. یان لەوانەیە ئەوەی کە دەیەوێت پێی دەبەخشین، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە کە کاری باشی لەگەڵ دەکەین. ئەمە لە بەرنامە چاکسازییەکاندا بە ڕوونی دەردەکەون کاتێک کەسێك دەیەوێت واز لە خواردنەوەی کحول بهێنێت. پلانەکە ئەوەیە کە ئەو کەسە بۆ ماوەی شەش مانگ نابێت تامی کحول بکات. ئەگەر کەسی نەخۆش (کەسی کحولی) داوای پارە بکات بۆ ئەوەی بڕوات کحول بکڕێت، بە خۆشەویستییەوە پێی دەڵێین کە لە ئێستادا ئەمە کارێکی باش نییە.

عیسا هەمیشە هەموو شتێکی بەو کەسانە نەبەخشی کە داوایان دەکرد. یەکێک لەو نموونانە ئەو کاتە بوو کە سەرۆک کاهین و پیران لێیان پرسی: «ئەمانە بە چ دەسەڵاتێک دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟» عیسا ڕاستیی ئەوانی تاقی کردەوە، بەڵام ئەوان لە تاقیکردنەوەکەدا شکستیان خوارد. عیسا پێی فەرموون: «منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم» (مەتا ٢١: ٢٣، ٢٧). ئەمەش واتە «ئەنجامدانی کاری باش» هەمیشە یەکسان نییە بە بەخشینی ئەو شتەی کە بەرامبەرەکەت داوای دەکات.

## کاتێک بەربژێرەکانی خۆشەویستی، ململانێی یەکتر دەکەن

سێیەم خاڵ کە دەیسەلمێنێت ئەم داواکارییانە بۆ هەموو بارودۆخێک نابێت ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە بەربژێرگەلێکمان هەیە کە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستیی ئێمە ململانێی یەکتر دەکەن. واتە، ئەوەی کە بەلای کەسێکەوە خۆشەویستییە، بۆ کەسێکی دیکە خۆشەویستی نییە. بۆ نموونە، ئەگەر دوو کەس هاوکات داوای یەک شتت لێ بکەن؟ ئەی ئەگەر سواڵکەرێک داوای ئەو پارەیە بکات کە کۆت کردووەتەوە بۆ ئەوەی بیدەیت کە کرێی خانووی کەسێکی هەژار؟ یان کاتێک دزێک داوای سویچی ئۆتۆمبێلەکەت لێدەکات کاتێک کە منداڵەکەت لەدواوەی دانیشتووە؟ زۆربەی کات، ئەگەر کات و پارەمان بە کەسێک ببەخشین، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانین بە کەسێکی دیکەی ببەخشین. بۆیە، هیچ بژاردەیەکمان نییە جگە لەوەی کە ڕێسایەکی دیاریکراو پەیڕەو بکەین نەک ئەوەی کە تەنها ببەخشین و تەواو، بۆ ئەوەی بتوانین بڕیار لەسەر باشترین ڕێگەی بەخشین بدەین. بۆیە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو داواکارییەی کە عیسا کە دەڵێت هەرکەسێک داوای هەرشتێکی لێ کردیت، پێی ببەخشە، بەسەر هەموو بارودۆخ و حاڵەتێکدا جێبەجێ نابێت. فەرمانی خۆشەویستی کە عیسا ڕوونی دەکاتەوە وەکو شێوازی ڕێنمایی چۆنیەتی جێبەجێکردنیان بەکار دێت.

ئاساییە کە هەندێک لە شیکەرەوان و شرۆڤەکاران بڵێن ئەم فەرمانانە زیادەڕەوییان تێدا کراوە - زیادەڕەوی زارەکی. بەڵام من لێیان دەپرسم ئاخۆ زیادەڕەوییەکە لە جۆری ئەو کارەدایە کە عیسا داوای ئەنجامدانی دەکات، یان لە ڕێژەی زۆری ئەنجامدانی؟ بۆچوونی من ئەوەیە کە دووەم دانەیان ڕاستە. واتە، نامەوێت ئەوە پشتگوێ بخەم کە هەریەک لەم فەرمانانە کە دەبێت ڕێک وەکو خۆی جێبەجێ بکرێن. بەڵکو، باوەڕم وایە کە ئەوەی کە زیادەڕەویی تێدا کراوە بریتییە لەوەی کە ئەم هەڵسوکەوتانە تاکە ڕێگەن کە خۆشەویستی وەکو کاردانەوەیەک بۆ ئەو بارودۆخانە کە باسمان کردن، کار دەکەن. پێم وایە کە خودی عیسا لە ڕێگەی هەندێک ئاماژەوە باسی ئەوەی کردووە کە مەبەستی ئەوە نییە. کاتی وایە کە ئەنجامدانی کاری باشە بۆ کەسێک ئەوە ناگرێتەوە کە هەرشتێکی حەز لێبوو بیدەیتێ.

کەواتە، ئەم فەرمانە توندانە واتایان چییە؟ دەبێت لەبەرامبەر ئەو فەرمانانەدا چ کاردانەوەیەک بنوێنین؟ ئەگەر ڕێک بەو جۆرەی کە باس کراون، نەجوڵێینەوە، کەواتە دەبێت چی بکەین؟ لە بەشی دواتردا باسی ئەم بابەتانە دەکەین، لەگەڵ ئەوەی کە چۆن دەتوانین خۆشەویستییەکی لەو شێوەیە دەرببڕین؟

# داواکاریی سی و یەکەم

## دوژمنەکانت خۆشبوێت تاکو نیشانی بدەیت کە ڕۆڵەی خودایت

«ئەگەر یەکێک لە ڕوومەتت بدات، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە. ئەگەر یەکێک چاکەتەکەت ببات، لاریت نەبێت بۆ کراسەکەشت. هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەش کە شتێکت لێ دەبات لێی داوا مەکەوە.» (لۆقا ٦: ٢٩- ٣٠)

«بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت.» (مەتا ٥: ٤٤- ٤٥)

« بە بەزەیی بن، وەک چۆن باوکتان بە بەزەییە.» (لۆقا ٦: ٣٦)

«ئێوە دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن و قەرز بدەن، چاوەڕێی وەرگرتنەوەش مەکەن، بەمە پاداشتتان گەورە دەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز، چونکە ئەو لەگەڵ بەدنمەک و بەدکاران نەرم و نیانە.» (لۆقا ٦: ٣٥)

لە کۆتایی بەشەکەی پێشتردا، لەگەڵ ئەم داواکارییە سەختەی عیسادا لە ململانێدا بووین: «ئەگەر یەکێک لە ڕوومەتت بدات، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە. ئەگەر یەکێک چاکەتەکەت ببات، لاریت نەبێت بۆ کراسەکەشت. هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەش کە شتێکت لێ دەبات لێی داوا مەکەوە» (لۆقا ٦: ٢٩- ٣٠). گومان کە عیسا مەبەستی ئەوە نییە کە ئەمانە تاکە ڕێگای دەربڕینی خۆشەویستین. لەم بەشەدا باسی داواکارییەکی ئەرێنی دەکەین و پاشان دەڕۆینە سەر ئەو پرسیارەی کە چۆن دەتوانین بەو جۆرە خۆشەویستی دەرببڕین؟

### عیسا گەنجینە و ئاسوودەیی و شکۆمەندیمانە

لە داواکارییەکی سەختی وەکو (لۆقا ٦: ٢٩- ٣٠)دا عیسا چاوەڕێی چیمان لێ دەکات؟ ناتوانم خۆم لەوە بدزمەوە کە لە پشت و لەنێو ئەم داواکارییانەدا، داواکاری خۆ ئازادکردن لە خۆشەویستی پارە و پێویستی ئاسوودەیی زەمینی و شکۆمەندی دەبینرێت. شلکردنی ڕوومەتەکەی دیکە سووکایەتییەکی ئاشکرای نەگونجاوە، پارەدان بە کەسێک بەبێ ئەوەی کە چاوەڕێی وەرگرتنەوە بکەیت و تەرخانکردنی کات بۆ هەڵگرتنی دوو ئەوەندەی ئەو

بـارەی کـە داوات لێکـراوە[a] - هەمـوو ئەمانـە دەریدەخـەن کـە گەنجینـە و ئاسـوودەیی و شـکۆمەندی تـۆ لـە ئاسـمانە نـەک زەوی. عیسـا بەتـەواوی بووەتـە مایـەی دڵخۆشـی و ئارامیـت. ئەگـەر وا نەبێـت، ئـەوا دڵـت پـڕ دەبێـت لـە تووڕەیـی و ڕق و کینـە لـە کاتێکـدا چاکـە لەگـەڵ کەسێک دەکەیـت و هـاوکات ئـازار و ناخۆشـی دەچێژیـت. بۆیـە لـە هەمـوو ئـەم داواکارییانـەدا دەگەمـە ئـەو ئەنجامـەی کـە عیسـا داوای گۆڕینـی دڵـمان لـێ دەکات بـۆ ئـەوەی ڕوو لـە عیسـا و پاداشـتەکەی بکەیـن، لـە جێگـەی ئـەوەی کـە ئـەم جیهانـە دەیبەخشـێت.

بـەڵام دەبێتـە هەڵـە ئەگـەر تەنهـا تیشـک بخەینـە سـەر ئـەوەی کـە عیسـا بانگـمان دەکات دڵـمان بگـۆڕیـن و گرنگـی بـە ئـەو بدەیـن لـە جێگـەی پـارە و ئاسـوودەیی و شـکۆمەندی. هەروەهـا داوامـان لـێ دەکات کـە کاری بـاش لەگـەڵ دوژمنەکانمـان بکەیـن و دەبێـت بەڕاسـتی بمانەوێـت ئـەم کارە باشـە ئەنجـام بدرێـت. ئەمـە زۆر بـە ڕوونـی لـەو داواکارییـەدا دەبینیـن کـە دەفەرموێـت دەبێـت نوێـژ بـۆ دوژمنەکانمـان بکەیـن و بەرەکەتداریـان بکەیـن (مەتـا ٥: ٤٤؛ لۆقـا ٦: ٢٨). ئـەو باشـییە ڕاستەقینەیەی کـە دەبێـت سـەرنجی بخەینـە سـەر، ئەگـەر بمانەوێـت بەڕاسـتی خۆشەویسـتیمان بـۆ دوژمنەکانمـان بسـەلمێنین، ئەوەیـە کـە هەمـوو داواکارییەکانـی نوێـژی پەروەردگاریـان بـۆ جێبەجـێ بکەیـن. لـە قووڵایـی دڵمانـەوە ئارەزووکردنـی هەمـوو ئـەم شـتانە بـۆ دوژمنەکانمـان و بەخشـینی ژیانمـان لەپێنـاوی جێبەجێکردنـی ئـەو داواکارییانـەدا بـە واتـای خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە دێـت.

## ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ درۆزنێکی شارەزا

وەسـفێکی دیکـە سـەبارەت بـە چۆنیەتـی ئـەو خۆشەویسـتییە دەخەمـە ڕوو. مـن بـاوەڕم وایـە کـە لەگـەڵ ئـەو هەمـووە ئاڵۆزییـەی کـە ژیـان لەگـەڵ خۆیـدا هێناویەتـی و بـەو هۆیـەوە دەتوانیـن بـە ئاسـانی بیانـوو بـۆ سـەرپێچیکردنی ئـەو فەرمانانـە بهێنینـەوە، دەبێـت بگەڕێینـەوە سـەر گوێڕایەڵیـی تـەواو کاتێـک کـە دڵنیـا نیـن لـەوەی کـە خۆشەویسـت یـداوای چیـمان لـێ دەکات. بـۆ نموونـە، ئایـا دەبێـت پـارە بـەو کەسـانە بـدەم کـە هـەژارن و لەسـەر شـەقام داوای پـارەم لـێ دەکـەن؟ چـۆن دەتوانـم چاکـە لەگـەڵ ئەوانـەدا بکـەم کـە داوای پـارەم لـێ دەکـەن؟ پێناچێـت عیسـا وەکـو مـن بەلایـەوە گرنـگ بووبێـت کـە خەڵکـی بـۆ قازانجـی خۆیـان بەکارتبهێنـن (مەتـا ٥: ٤٠- ٤٢). مـن زۆربـەی کات بـە درۆکـردن تێـک دەچـم و تـووڕە دەبـم. ئـەم تووڕەییـە وا دەکات کـە بیانـووم هەبێـت تاکـو یارمەتـی بەرامبەرەکـەم نـەدەم. بـەڵام پێـم وا نییـە کـە ئەمـە ڕۆحـی عیسـا بێـت.

---

a (مەتا ٥: ٤١): «ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ برۆ». «کاتێک دەهاتنە دەرەوە پیاوێکی کورێنییان بینی ناوی شیمۆن بوو، ناچاریان کرد خاچەکەی ئەو هەڵبگرێت» (مەتا ٢٧: ٣٢).
Craig S. Keener, Commentary on the Gospel of Matthew (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1999), 199

من باوەڕم وایە کە ڕۆحی عیسا یەکەم جار تەنانەت بەرامبەر درۆزنێکی شارەزاش سۆز و میهرەبانی دەنوێنێت. پاشان حەز دەکات کە لە ڕێگەی هەواڵی خۆشی ئەوەی کە عیسا هات بۆ ئەم جیهانە بۆ ئەوەی درۆزنەکان ڕزگار بکات، بچێتە نێو ژیانی ئەو درۆزنەوە. ئینجا هەوڵ دەدات، ئەگەر داواکارییەکانی دیکەی خۆشەویستی ڕێگە بدات، زیاتر لە کەسەکە نزیک بێتەوە و ئەگەر بکرێت، پێکەوە نان بخۆن و قسە بکەن. ئەگەر ئەوە نەکرێت، خۆشەویستی ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە بێبەرامبەر ببەخشێت تەنانەت ئەگەر بزانێت بەرامبەرەکەی فێڵی لێ دەکات و پێویستی بە پارە نییە. وە لەوانەیە کاتی وا ڕووبدات کە خۆشەویستی بە نەخێر وەڵام بداتەوە - بۆ نموونە، ئەگەر کەسەکە چەندین جار بگەڕێتەوە و سەلماندبێتی کە درۆزنە و بەردەوام پەیوەندییەکی پڕ لە خۆشەویستی ڕەت بکاتەوە. بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە کاتێک ئەم شتانە تەواو ڕوون نین، بەلای منەوە وا دەردەکەوێت کە ڕۆحی عیسا داوای بەخشینی ئازادانە دەکات.

## چۆن دەتوانین بەو جۆرە خۆشەویستی دەرببڕین؟

کۆتا پرسیار کە لەبارەی داواکاریی عیسا بۆ خۆشویستنی دوژمنەکانمان دەپرسم، ئەمەیە: چۆن دەتوانین کارێکی لەو شێوەیە بکەین؟ هێزی خۆشویستنی لەم جۆرە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بیری لێ بکەوە کە چەندە جوان و خۆشە کە خۆشەویستییەکی لەم شێوەیە لە جیهاندا ببینیت! زۆر سەرسامکەرە کە کەسێک خۆشەویستییەکی لەم شێوەیەی هەبێت. بینینی ئەم جۆرە خۆشەویستییە هەتا ڕادەیەکی زۆر دەگمەنە. ئەمە دەبێت هانمان بدات لە هەموو جۆرە لووتبەرزییەک دابماڵرێین و داوای بەخشینی هێز بکەین تاکو بتوانین بەو شێوەیە بین. ئەگەر وەڵامەکانمان بەپێی بازنەی دەقی ئەوەی کە لە (مەتا ٥: ٣٨- ٤٨؛ لۆقا ٦: ٢٧- ٣٦) هاتووە، سنووردار بکەین، ئەوا سێ وەڵامی تێکەڵمان دەست دەکەوێت.

## لەنێو پاراستن و هاوکاری باوکی ئاسمانیمان

یەکەم دانە لەو بەڵێنەدا دەبینین کە ئەگەر دوژمنەکانمان خۆش بوێت، دەبینە ڕۆڵەی خودا: «دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت» (مەتا ٥: ٤٤- ٤٥). لەوانەیە هەندێک کەس وا لەم دەقە تێبگەن کە پێش ئەوەی بتوانین ببینە ڕۆڵەی خودا، دەبێت دوژمنەکانمان خۆش بوێت. بەڵام من پێم وایە کە دەکرێت ئەم واتایەشی هەبێت: دوژمنەکانت خۆش بوێت و بەو هۆیەوە بیسەلمێنە کە کێیت، کە بریتییە لە ڕۆڵەی خودا. واتە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو کارەی کە باوکی ئاسمانیت ئەنجامی دەدات، نیشانی بدە کە ڕۆڵەی خودای. ئەگەر تۆ

موڵکی خودای، ئەوا خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەوت تێدایە، وە ئەو کارە ئەنجام دەدەیت کە ئەو ئەنجامی دەدات. خودا دوژمنەکانی خۆش دەوێت، کە شەیتان و نادادپەروەرییە، باران و خۆر بۆ دەنێرێت لە جێگەی دەستبەجێ حوکمدانیان (مەتا ٥: ٤٥).

چەندین هۆکار هەن کە دەیسەلمێنن عیسا نافەرموێت تۆ ڕۆڵەی خودا نیت هەتا ئەو کاتەی دەیسەلمێنیت دوژمنەکەت خۆشدەوێت، بەڵکو دەفەرموێت بە خۆشویستنی دوژمنەکانت نیشانی بدە کە ڕۆڵەی خودای. یەکەم دانە لە بڕگەی دواتر و ئایەتە هاوتاکەی لە لۆقا. لە (مەتا ٥: ٤٨) عیسا دەفەرموێت: «بۆیە ئێوە کامڵ و تەواو بن، هەروەک باوکی ئاسمانیتان کامڵ و تەواوە» (مەتا ٥: ٤٨). وە لە (لۆقا ٦: ٣٦)دا دەفەرموێت: «بە بەزەیی بن، وەک چۆن باوکتان بە بەزەییە» (لۆقا ٦: ٣٦). ئەم دوو ئایەتە دەڵێن کە قوتابییەکانی عیسا بۆ دەربڕین و نیشاندانی خۆشەویستی تەواو و کامڵ بانگ کراون، چونکە ئەوان ڕۆڵەی خودان، نەک لەبەر ئەوەی کە ببن بە ڕۆڵەی خودا.

پشتڕاستکردنەوەی ئەم تێگەیشتنەلە (مەتا ٥: ٤٥) («تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە» = «تاکو بیسەلمێنن کە ڕۆڵەی باوکتانن»)، هەندێک دەقی هاوتای دیکە هەن کە هەمان وشەیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە، عیسا لە (یۆحەنا ١٥: ٨)دا دەفەرموێت: «باوکم بەمە شکۆدار دەبێت، کە بەرهەمی زۆر بهێنن، بەم شێوەیە دەبنە قوتابی من». دەستەواژەی «بەم شێوەیە» لە دەقی یۆنانیدا هەمان دەستەواژەیە کە لە (مەتا ٥: ٤٥)دا بەکارهاتووە. عیسا دەفەرموێت کە قوتابییەکان دەتوانن بەرهەم بدەن، چونکە پێشوەخت قوتابین - واتە، لقی مێوەکەن کە عیسای مەسیحە (یۆحەنا ١٥: ٥) - وە ئێستا لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو کارەی کە لقەکان دەبێت بیکەن، دەیسەلمێنن کە قوتابین، کە ئەویش بریتییە لە بەخشینی بەرهەم. هەروەها بڕوانە (یۆحەنا ٨: ٣١).

بەڵگەیەکی دیکە دەربارەی ئەوە کە ڕۆڵەبوونی ئێمە سەلمێنراوە لە جێگەی ئەوەی کە لە ڕێگەی خۆشویستنی دوژمنەکانمانەوە دروست بکرێت، لە بەشەکانی سەرەتای (مەتا ٥) دا هاتووە، کە تێیدا عیسا دەفەرموێت: «با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە» (مەتا ٥: ١٦). سەرنجی دوو شت بدە: یەکەم ئەوەی کە عیسا قسە لەگەڵ قوتابییەکانی دەکات و خودا وەکو باوکی ئاسمانییان ناوزە دەکات. عیسا نافەرموێت: «تاکو ببێتە باوکتان»، بەڵکو فەرمووی: «ئەو باوکتانە». دووەم، سەرنجی ئەوە بدە کە کاتێک خەڵکی کاری باشی قوتابییەکان دەبینن (وەکو خۆشویستنی دوژمنەکانیان)، ستایشی باوکیان دەکەن. بۆچی؟ چونکە باوکیان لە دەروونیاندایە و هاوکارییان دەکات و توانای ئەنجامدانی کاری باشیان پێ دەدات. ئەگەر کارە باشەکە ئەنجام بدەن تاکو بتوانن ببنە ڕۆڵەی باوکیان، جیهان کارە باشەکەیان

دەبینێت و ئەوان شکۆدار دەکەن. بۆیە عیسا دەفەرموێت کە نە تەنها خودا پێشوەخت باوکی قوتابییەکانە پێش ئەوەی کە کاری باش ئەنجام بدەن، بەڵکو بە کردار ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەتوانن ئەو کارە باشانە ئەنجام بدەن. ئەو ڕووناکەی کە لەواندا دەدرەوشێتەوە، ئەو ڕووناکیی خۆشەویستیی باوکە کە لە دەروونیاندایە.

کەواتە، کاتێک عیسا دەفەرموێت: «دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە»، مەبەستی ئەوە نییە کە خۆشویستنی دوژمنەکانمان مافی ئەوەمان پێ دەدات کە ببینە ڕۆڵەی خوددا. تۆ خۆت ناتوانیت ئاست و پلەوپایەی ڕۆڵەبوون وەربگریت. دەتوانیت وەکو ڕۆڵە لەدایک بیت. دەتوانیت وەکو ڕۆڵە قبوڵ بکرێیت. ناتوانیت بە هەوڵ و تەقەلا ڕێگەی بوون بە ڕۆڵە بدۆزیتەوە. عیسا دەیەوێت بڵێت کە خۆشویستنی دوژمنەکانمان نیشانی دەدات کە خودا پێشوەخت بووەتە باوکمان، وە تاکە هۆکاری ئەوەی کە دەتوانین دوژمنەکانمان خۆش بوێت ئەوەیە کە ئەو خۆشی دەوێین و یەکەم جار پێداویستییەکانی ئێمەی دابین کردووە.

هەربۆیە، یەکەم وەڵامی بۆ ئەوەی کە چۆن دەتوانین دوژمنەکانمان خۆش بوێت ئەوەیە کە بوون بە ڕۆڵەی خودا ئێمەی لە خەم و نیگەرانی دوور خستووەتەوە. لەوە ناترسین کە گەنجینە و ئاسایش و شکۆمان بەهۆی مامەڵەی خراپی دوژمنەکانمان یان نەمانی ماڵ و سامانی زەمینی لەکەدار بن و نەمێنن. ئەمە ئامانجی (مەتا ٦: ٣١- ٣٢)ە کە دەڵێت: «جا خەم مەخۆن بڵێن، "چی بخۆین؟" یان "چی بخۆینەوە؟" یان "چی لەبەر بکەین؟" چونکە بێباوەڕان هەوڵ بۆ هەموو ئەم شتانە دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە» (مەتا ٦: ٣١- ٣٢). بە هەمان شێوە، ئەمە ئامانجی (مەتا ١٠: ٢٩- ٣١) یشە کە دەڵێت:»ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن» (مەتا ١٠: ٢٩- ٣١). زانیاری زۆر و فراوان و گرنگیدانی زۆری باوکی ئاسمانی هەرەدانامان، لەو مەترسیی و لەدەستدانە دەمانپارێزێت کە خۆشویستنی دوژمن داوای دەکات.

## «پاداشتت مەزن دەبێت»

عیسا بەڵێنی پاداشتی مەزنمان پێدەدات ئەگەر دوژمنەکانمان خۆش بوێت، ئەو پاداشتە لەم دنیا نابێت، بەڵکو لەو دنیا دەبێت. «دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن و قەرز بدەن، چاوەڕێی وەرگرتنەوەش مەکەن، بەمە پاداشتتان گەورە دەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز» (لۆقا ٦: ٣٥). من دەڵێم کە ئەم دوو سەرچاوەی هێز و توانایە پەیوەستن

بـە یەکـترەوە، چونکـە «پاداشـتی گـەورە» پەیوەنـدی هەیـە بـە «دەبنـە ڕۆڵـەی خـودا»وە. واتـە، کاتێـک لـە ڕێگـەی خۆشویسـتنی دوژمنەکانتـەوە دەیسـەلمێنیت کـە ڕۆڵـەی خـودای، میراتـت وەکـو ڕۆڵـە پارێـزراو و مسـۆگەرە. منـداڵان دەبنـە میراتگـری دایـک و باوکیـان، وە میراتگـری خـودا میراتگـری هەمـوو شـتێکە. «خۆزگـە دەخوازرێـت بـە دڵنەرمـەکان، چونکـە زەوییـان بـە میراتیـی بـۆ دەمێنێتـەوە» (مەتـا ٥: ٥).

هـۆکاری ئـەوەی کـە دەڵێـم پاداشـتەکە لە ئاسـمان دەبێـت نـەک زەوی، ئەوەیە کە پێـش هەموو شـتێک خۆشویسـتنی دوژمنەکانمـان لەوانەیـە پێویسـتنی بـە بەخشـینی ژیانمـان بێـت (لۆقـا ٢١: ١٦). عیسـا دەفەرموێـت کـە خۆشـی و شـادیمان لـە کاتـی چەوسـانەوە و سـەختیدا پەیوەسـتە بـە پاداشـتمان لـە ئاسـمان: «خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە کاتێـک خەڵکـی جنێوتـان پێـدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبـەر مـن هەمـوو جـۆرە بوختانێکتـان بـۆ هەڵدەبەسـتن. دڵخـۆش و شـادمان بـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە» (مەتـا ٥: ١١- ١٢). ئـەو خۆشـییەی کـە لـە ناوەڕاسـتی چەوسـانەوە و سـەختیدا دەمانهێڵێتـەوە، لـە کاتێکـدا هـەوڵ دەدەیـن دوژمنەکانمـان خـۆش بوێـت، تەنهـا پشـت بـە شـتە دنیاییـەکان نابەسـتێت، بەڵکـو پشـت بـەوە دەبەسـتێت کـە لـەو دنیـا خـودا وەکـو بـاوک چیـمان بـۆ دەکات، وە عیسـا وەکـو پاشـا چیـمان بـۆ دەکات. بڕوانـە (لۆقا ١٤: ١٤).

## وەکو چۆن بێبەرامبەر بەزەییت وەگرتووە، بە هەمان شێوەش ببەخشە

ڕاسـتیی سـێیەم کـە وا دەکات دوژمنەکانمـان خـۆش بوێـت پەیوەسـتە بـە دوو ڕاسـتییەکەی دیکـەوە لـە (لۆقـا ٦: ٣٦): «بـە بەزەیـی بـن، وەک چـۆن باوکتـان بـە بەزەییـە». مەبەسـتی سـەرەکی لێـرەدا تەنهـا ئـەوە نییـە کـە خـودا کـە پێشـوەخت باوکمانـە، وە میراتەکـەی لـە کاتـی چەوسـانەوەدا دەبێتـە مایـەی ڕاگرتـن و پایەداربوونـی خۆشـی و شـادیمان، بەڵکـو ئـەوەی کـە بەزەیـی خـودا پێشـوەخت لـە ڕێگـەی عیسـای کوڕیـەوە نیشـان ئێمـە دراوە. ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە ئـەو خۆشەویسـتییەی کـە بانـگ کراویـن بـۆ ئـەوەی نیشـانی بدەیـن، تەنهـا بەزەیـی خـودا نـاکات بـە نموونـە، بەڵکـو لـە ئەزموونـی ڕزگاریـی بەزەیـی خـودا ڕیشـەی داکووتـاوە. عیسـا بـەم جـۆرە باسـی دەکات: «بەخۆڕایـی وەرتانگرتـووە، بەخۆڕاییـش بیـدەن» (مەتـا ١٠: ٨).

واتـە، بەهـۆی عیسـاوە، خـودا بەبـێ بەرامبـەر لـە گوناهەکانـم خـۆش بـووە. «گونەکانـت بەخـشران ... بـاوەڕت ڕزگاری کردیـت. بـڕۆ بـە سـەلامەت» (لۆقـا ٧: ٤٨، ٥٠). عیسـا دەفەرموێـت کـە ئـەم لێخۆشـبوونە لـە ڕێگـەی خوێنـی خۆیـەوە بۆمـان دەسـتەبەر کـراوە (مەتـا ٢٦: ٢٨). ئێمـە شـایانی نەبوویـن وە نەماندەتوانـی بـە هـەوڵ و ماندووبوونـی خۆمـان بەدەسـتبهێنین. ئێمـە بـە بـاوەڕ بەدەسـتمان هێنـاوە. عیسـا هـات بـۆ ئـەوەی «خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت

بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر» (مەرقۆس ١٠: ٤٥). عیسا نەهات بۆ ئەوەی بانگی ڕاستودروستان بکات، بەڵکو گوناهباران (لۆقا ٥: ٣٢). بۆیە هەواڵە مەزنەکە ئەوەیە کە باجگران و لەشفرۆشان پێش ڕابەرانی ئایینی و مامۆستایانی تەوراتەوە دەڕۆنە نێو شانشینی خوداوە (مەتا ٢١: ٣١). ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئێمە پلەی قوتابی عیسامان هەیە کە گوناهەکانمان بەخشراوە، هەروەها هاوڵاتی شانشینی عیساین، وە لە ڕێگەی باوەڕەوە ڕۆڵەی خوداین، نەک لە ڕێگەی یەکەم جار خۆشویستنی دوژمنەکانمانەوە.

ئێستا کە هەموو ئەم شتانەمان بەبێ بەرامبەر وەرگرتووە - بەبێ ئەوەی کە کڕیبێتمان، یان بە ڕەنجی شانی خۆمان بەدەستمان هێنابێت یاخود شایانی بین - ئێمە بانگ کراوین کە بەبێ بەرامبەر خۆشەویستیی خودامان وەرگرتووە کاتێک کە دوژمنی خودا بووین، ئێستا کاتی ئەوەیە کە بە خۆڕایی خۆشەویستی بۆ دوژمنەکانت دەرببڕیت.

## داواکاریی سی و دووەم

# نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و نووسراوی پێغەمبەران

«مامۆستا، گرنگترین ڕاسپاردەی تەورات چییە؟ عیسا پێی فەرموو: «[بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ.] ئەمە گرنگترین و یەکەم ڕاسپاردەیە. دووەمیشیان وەک ئەو وایە: [نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت.] جا هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن.» (مەتا ٢٢: ٣٦- ٤٠)

«کەواتە لە هەر شتێکدا هەمان ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران.» (مەتا ٧: ١٢)

سەرنجی ڕاسپاردەی دووەم - «نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت» (مەتا ٢٢: ٣٩) - لەسەر ئەوە نییە کە ئاخۆ وەرگری خۆشەویستی دوژمنتە یان دۆست، بەڵکو لەسەر ئەوەیە ئاخۆ خۆشەویستی باشی دراوسێیەکەی دەوێت بەو جۆرەی کە هی خۆی دەوێت. بەها و گرنگیی ئەم ڕاسپاردەیە بەو دوو شتە سەرسامکەرەوە بەندە کە بەسەر ئەملاو ئەولایەوە گرێ دراوە. لە لایەکەوە ئەوە گرنگترین فەرمانی نێو کتێبی پیرۆزە کە وشەی خودایە - «بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ». لە لایەکی دیکەوە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە هەموو شتێک[a] کە لە تەورات و نووسراوی پێغەمبەراندا نووسراوە، لەم دوو ڕاسپاردەیەدا پوخت دەبێتەوە. ئێمە لەگەڵ پلەی بەراوردی باڵای بێوێنەدا ڕووبەڕووین - ئەم دوو ڕاسپاردەیە کە گەورەترین و گرنگترین ڕاسپاردەی نێو هەموو کتێبی پیرۆزن، وە تەواوی وشەی خودا لەماندا پوخت دەبێتەوە. لێرەدا دەبێت وەکو ڕێزێک سەرمان نەوی بکەین و پێڵاوەکانی پێمان دابکەنین. چەند دەقێکی دیکەی کتێبی پیرۆز هەن کە گەورەترن لەمە.

### فەرمانێکی سەرسوڕهێنەر و مەزن

فەرمانی دووەم بەلای منەوە فەرمانێکی زۆر مەزنە. وا هەست دەکەم کە داوای ئەوەم لێدەکات کە پێستی جەستەم هەمووی لێ بکەمەوە و بیدەم بە دەور کەسێکی دیکەدا بۆ ئەوەی وا هەست بکەم کە من ئەو کەسەی دیکەم؛ وە هەموو ئەو حەز و ئارەزووەی کە بۆ سەلامەتی، تەندروستی، سەرکەوتن و دڵخۆشی خۆم هەمە، ئێستا بەرامبەر ئەو کەسە

a (مەتا ٢٢: ٤٠) «هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن».

هەستی پێ دەکەم، وەک ئەوەی کە ئەو من بێت. بەڕاستی فەرمانێکی سەرسامکەرە. ئەگەر بەڕاستی ئەمە مەبەستی ئەو ئایەتە بێت، ئەوا دەبێت شتێکی لەڕادەبەدەر بەهێز، بگۆڕ، بنیادنەر و سەرسوڕهێنەر لە گیان و دەروونماندا ڕووبدات؛ شتێکی نائاسایی و سەرووسروشتی دەبێت ڕووبدات. شتێک کە زۆر لە سەرووی دەسەڵاتی منێکی خۆپەرست، خۆویست، لووتبەرز، خۆبەگەورەزان و گوناهبارەوەیە و هەرگیز بە تەنها ناتوانم ئەنجامی بدەم.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فەرمانە مەزنە، ئەو ڕاستییەش سەرهەڵدەدات کە تەنها ئەو فەرمانە دەتوانێت لە سەرووی ئەمەوە بێت کە دەڵێت دەبێت خودات بە تەواوی بوونتەوە خۆش بوێت. من بەشێکی تەواوم بۆ ئەو داواکارییە تەرخان کردووە (بڕوانە داواکاریی نۆزدەیەم). بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی فەرمانی دووەمیش، ئەو فەرمانە فراوانە هەیە کە دەڵێت هەموو تەورات و پەیامی پێغەمبەران لەمەدا پوخت دەبێتەوە کاتێک کە پەیوەستی دەکەین بە داواکاریی یەکەمەوە. «هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن» (مەتا ٢٢: ٤٠). دەستەواژەی «تەورات و پێغەمبەران» مەبەستی لە تەواوی پەیمانی کۆنە، وەک چۆن لە (لۆقا ٢٤: ٢٧)دا دەیبینین: «دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی دەربارەی خۆی بوو لە هەموو نووسراوە پیرۆزەکاندا، هەر لە تەوراتی موساوە هەتا هەموو پەڕتووکەکانی پێغەمبەران».

ئەمە وتەیەکی زۆر جوانە. لێرەدا کوڕی خودا بەوپەڕی هێز و دەسەڵاتەوە شتێکی زۆر گرنگمان دەربارەی سەرەتا و شێوەی تەواوی پلانەکە و وشەی خودا پێ دەڵێت. یەکەم، سەرنجی ئەو ڕاستییە ڕوونە بدە کە عیسا ئەمەی فەرموو. پێویستی نەدەکرد ئەوە بفەرموێت. ئەو تەوراتناسەی کە عیسای پەلکێشی ئەم گفتوگۆیە کرد، داوای ئەم وتەیەی لێ نەکرد (مەتا ٢٢: ٣٦). عیسا سنووری تێپەڕاند («گرنگترین ڕاسپاردەی تەورات چییە؟») و زیاتر لەوەی فەرموو کە داوای لێ کرابوو. وا دیارە کە دەیەوێت ئەوەندەی کە بکرێت تیشک بخاتە سەر بەها و گرنگی ئەم ڕاسپاردانە. عیسا فەرمووی کە ڕاسپاردەی ئەوەی کە خودات خۆش بوێت مەزنترین و گرنگترین ڕاسپاردەیە. وە فەرمووی کە ڕاسپاردەی «نزیکەکەت وەکو خۆت خۆش بوێت، «وەک ئەو وایە» (مەتا ٢٢: ٣٩). ئێمە مەزنترین و گرنگترین فەرمانی خودامان هەیە کە بە تەواوی مرۆڤەکانی بەخشیوە کە ئەویش بریتییە لە (خودات خۆش بوێت)؛ وە دواتر لە گرنگیدا دووەم فەرمانمان هەیە کە ئەویش وەکو مەزنترین فەرمانەکە وایە (نزیکەکەت وەکو خۆت خۆش بوێت).

بەڵام عیسا بەوەوە ناوەستێت. دەیەوێت بەڕاستی لە گرنگی ئەم دوو ڕاسپاردەیە سەرسام بین. دەیەوێت بوەستین و بیر بکەینەوە. بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر وتەکەی و دەفەرموێت: «جا هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن». هەروەها هەموو شتێکی دیکە لە کتێبی پیرۆز لەم دوو فەرمانەوە سەرچاوە دەگرن.

## هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن

ئەمە واتای چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنجەرەکەیمان بەڕووی ئاسماندا بۆ دەکاتەوە. ئێمە ئەمە دەبینین ئەگەر وتەکەی عیسا لێرەدا لە (مەتا ٢٢: ٤٠) بەراورد بکەین بەوەی کە لە (مەتا ٧: ١٢) فەرمووی. ئەم ئایەتە بە «یاسای زێڕین» ناسراوە. لەو بازنەی دەقەدا، عیسا دەفەرموێت کە خودا هەموو شتێکی باشمان پێ دەدات ئەگەر داوا بکەین و بگەڕێین و لە دەرگا بدەین، چونکە ئەو خودایەکی پڕ لە خۆشەویستییە. ئینجا لە (مەتا ٧: ١٢)دا دەفەرموێت: «کەواتە لە هەر شتێکدا هەمان ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران».

سەرنجی ئەوە بدەن کە عیسا لێرەدا بە هەمان شێوەی (مەتا ٢٢: ٤٠) ئاماژە بە تەورات و پەیامی پێغەمبەران دەکات. دەفەرموێت ئەگەر ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆ خۆتان بکرێت، ئەوا «ئەمە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەرانە». لە (مەتا ٢٢: ٤٠) دەفەرموێت: «هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن». سەرنجی ئەوە بدەن کە ڕاسپاردەی یەکەم - خودات بە هەموو بوونتەوە خۆش بوێت - لە (مەتا ٧: ١٢) دا ئاماژەی پێ نەکراوە. لەوێدا عیسا بە سادەیی دەفەرموێت ئەگەر ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێت خۆ خۆتان بکرێت «تەورات و پێغەمبەرانە».

## ئایا عیسا پەیمانی کۆنی لە دەرەوەی خودا پوخت کردووەتەوە؟

لێرەدا دەبێت وریا و چاوکراوە بین. هەندێ کەس بەدرێژایی چەندین سەدەی ڕابردوو هەوڵیان داوە وتەی وەکو «یاسای زێڕین» بهێنن و بڵێن کە عیسا مامۆستایەکی ڕەوشت و ئاکار بەرز بووە و ئەوەی کە باسی دەکات هیچ پەیوەندییەکی بە خودا یان هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خودا نییە. ئەوان دەڵێن: «وەکو دەبینن، عیسا دەتوانێت تەواوی پەیمانی کۆن، تەورات و پەیامی پێغەمبەران، بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی خودا لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا کورت بکاتەوە».

من دەڵێم کە دەبێت لێرەدا وریا بین، چونکە بیرکردنەوەیەکی لەو چەشنە نە تەنها ئەو وتە مەزنانەی عیسا پشتگوێ دەخات کە لە شوێنی دیکەدا دەربارەی خودا فەرموویەتی، وە ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی کە دەربارەی خۆیەوە فەرمووی کە لە خوداوە دێت و ژیانێکی خۆی وەکو قوربانی لەپێناو زۆر کەسدا دادەنێت (مەرقۆس ١٠: ٤٥)، بەڵکو بازنەی دەقیش پشتگوێ دەخات. ئایەتی دوازدە بە وشەی «کەواتە» دەست پێدەکات. «کەواتە لە هەر شتێکدا هەمان ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت». ئەمە دەریدەخات کە یاسای زێڕین پشت بەوە دەبەستێت کە پێشتر هاتووە - لە پەیوەندیمان

بە خودا وەکو باوک کە خۆشی دەوێین و وەڵامی نوێژەکانمان دەداتەوە و شتی باشمان پێ دەبەخشێت کاتێک داوای لێ دەکەین (مەتا ٧: ٧- ١١).

ئایەتی پێشتر، (مەتا ٧: ١١)، دەڵێت: «جا ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوکتان لە ئاسمان چەند زیاتر شتی باش دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن! بۆیە ... (یاسا زێڕینەکە)». ئەم پەیوەندییە لۆژیکییە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە خودا لە دەستەبەریی خودایی خۆیەوە پشتگیری لەم یاسا زێڕینە دەکات. خۆشەویستییەکەی بۆ ئێمە - وە متمانە و خۆشەویستی پڕ لە نوێژ بەرامبەر ئەو - بریتییە لە سەرچاوەی هێزن بۆ ژیانی یاسای زێڕین. بۆیە، ناکرێت عیسا بکەینە مامۆستایەکی ئاکار و ڕەوشت بەرز. ئەو لێرەیە و هەمیشە چاوی لەسەر خودایە.

## خۆشویستنی خودا لە خۆشویستنی کەسانی دیکەدا دەردەکەوێت

بەڵام هێشتا عیسا دەفەرموێت کە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵک بەو جۆرەی کە دەتەوێت خەڵکی هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکەن، پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەرانە. لێرەدا نافەرموێت کە دوو ڕاسپاردە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەرانە، بەڵکو تەنها یەک ڕاسپاردە. ئەمە زۆر لە (مەتا ٢٢: ٤٠) جیاوازە کە دەڵێت تەورات و پەیامی پێغەمبەران لەو دوو ڕاسپاردەیەدا پوخت دەبێتەوە.

بۆچی عیسا بەم جۆرە دەفەرموێت؟ پێم وایە کە مەبەستی ئەوەیە کاتێک دەبینێت خەڵکی بەو جۆرە خۆشەویستی دەردەبڕن (یاسای زێڕین جێبەجێ دەکەن)، ئەوەی کە دەیبینێت بریتییە لە دەرکەوتنی ئاشکرای ئامانجی تەورات و پەیامی پێغەمبەران. ئەم هەڵسوکەوتە لەنێو خەڵکیدا بە ئاشکرا و کردەیی دەریدەخات کە پەیمانی کۆن باسی چی دەکات. لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ئامانجەوە، شەریعەت و پەیامی پێغەمبەران دێنێتە دی. بەڵام خۆشویستنی خودا، شاراوە و نادیارە. گەرموگوڕییەکی ناوەکی گیان و دەروونە. بەڵام لە کاتی خۆشویستنی کەسانی دیکەدا دەردەکەوێت. کەواتە، خۆشویستنی کەسانی دیکە، دەرخستنێکی دەرەکی و دەربڕینێکی ئاشکرا، و نیشاندانێکی کردەییە، وە بۆیە خۆشویستنی خودایە و جێبەجێکردنی ئەو شتەیە کە تەوراتی پێکهێناوە.

کەواتە، ڕێی تێ دەچێت و دەگونجێت کە ڕاسپاردەی دووەم (نزیکەکەت خۆش بوێت) ئامانجی ئاشکرای تەواوی وشەی خودایە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە خۆشویستنی خودا لێرەدا نییە، یان خۆشویستنی کەمتر گرنگە؛ بەڵکو خۆشویستنی خودا لە ڕێگەی خۆشویستنی ئاشکرا و کردەیی و قوربانی ئاسای کەسانی دیکەوە دەردەکەوێت، نیشان دەدرێت و تەواو و کامڵ دەبێت. پێم وایە لەبەر ئەوەیە کە ڕاسپاردەی دووەم لێرەدا بە تەنها هاتووە وەکو

نیشاندانی پێناسەی شەریعەت و پەیامی پێغەمبەران - «... چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران». خۆشویستنی نزیکەکەمان سەربەخۆ و جیاواز لە خۆشویستنی خودا، پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران نییە، بەڵکو خۆشویستنی نزیکەکەمان پەیوەستە بە خۆشویستنی خودا، وە لە ئەنجامی ئەم خۆشەویستییەدا، ئەمە ئەو شتەیە کە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران ئامانجیانە.

## چۆن تەورات و پەیامی پێغەمبەران پشت بە بە خۆشەویستی دەبەستن؟

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ (مەتا ٢٢: ٣٧- ٤٠). لێرەدا عیسا باسی خۆشویستنی خودا و خۆشویستنی نزیکەکەت دەکات؛ وە بە تایبەتی لە ئایەتی چلدا دەفەرموێت: «هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن». بۆچی وا دەفەرموێت؟ بە ڕای من دەیەوێت شتێکی جیاواز بەڵام نەک پێچەوانە لە (مەتا ٧: ١٢) بفەرموێت. لێرەدا نافەرموێت کە ئەم دوو ڕاسپاردەیە پوختەی شەریعەت و پەیامی پێغەمبەرانن، بەڵکو دەفەرموێت تەورات و پەیامی پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن. «هەموو تەورات و پەیامی پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن».

ئێمە لێرەدا پەنجەرەکە بەڕووی ئاسماندا دەکەینەوە، بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد. لێرەدا عیسا دەفەرموێت کە شەریعەت و پەیامی پێغەمبەران وەکو بەرد لە دەوری ملی شۆڕ بوونەتەوە (مەتا ١٨: ٦)، یان بەدەوری پیاوێک لەسەر خاچ شۆڕ بووەتەوە (لۆقا ٢٣: ٣٩). بە چییەوە شۆڕ دەبنەوە؟ بە خۆشەویستییەوە. ئەمە پێچەوانەی ئاراستەی ئەو شتەیە کە عیسا لە (مەتا ٧: ١٢)دا فەرمووی. لەوێدا عیسا دەفەرموێت کە تەورات و پەیامی پێغەمبەران بەرەو خۆشەویستیمان دەبەن و لە خۆشەویستیدا دەردەکەون. بەڵام لێرەدا لە (مەتا ٢٢: ٤٠) عیسا لێرەدا پێچەوانەی ئاراستەی ئەوە دەفەرموێت: خۆشەویستی بەرەو تەورات و پەیامی پێغەمبەرانمان دەبەن و لەواندا دەردەکەون. تەورات و پەیامی پێغەمبەران پشت دەبەستێت بە شتێکی پێش خۆیان، کە ئەویش گەرموگوڕیی خودایە کە ئەم جیهانە، ئەم مێژووەی مرۆڤەکان، ببێتە جیهانێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ خودا و بەرامبەر یەکتر.

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە باشتر ببینین، بە وێنە ڕوونی دەکەمەوە. مێژووی پلانی ڕزگاری خودا وەکو تۆمارێکی پێچراوە بهێنە پێش چاوی خۆت هەر لە سەرەتای بەدیهێنانەوە هەتا کۆتایی. ئەمە تەورات و پەیامی پێغەمبەرانە (وە پەیمانی نوێ). چیرۆکی کارەکانی خودا و مەبەست و ئامانجەکانی لە مێژوودا لەنێو ئەم تۆمارە پێچراوەیەدا هاتووە، لەگەڵ فەرمان و بەڵێنەکانیدا. (مەتا ٧: ١٢) پێمان دەڵێت کە کاتێک گەلی خودا دراوسێکانیان وەکو خۆیان خۆش دەوێت، ئامانج و مەبەستی ئەم تۆمارە پێچراوەیە جێبەجێ کراوە و تەواو بووە.

ئامانجەکەی بە ڕوونی دەرخراوە و وە بە شێوەیەکی کردەیی نیشان دراوە «تاکو (خەڵک) کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە.» (مەتا ٥: ١٦). کەواتە، تۆمارەکە بەرەو خۆشەویستیمان دەبات. خۆشەویستی لەو تۆمارەوە سەرچاوە دەگرێت.

## پەنجەرەی ڕوو بە ئاسمان

بەڵام دواتر عیسا ڕوانگەیەکی زۆر تایبەت و نایابمان پێ دەبەخشێت. پەنجەرەیەکمان بەڕووی ئاسماندا بۆ دەکاتەوە. بۆ ساتێک لە مێژوو و جیهان داماندەبڕێت لە دوورەوە تۆمارە پێچراوەکەمان نیشان دەدات. ئێستا دەتوانین هەموی ببینین - تەورات و پەیامی پێغەمبەران، پەیمانی نوێ، چیرۆکی ڕزگاریی مرۆڤ، ئامانج و کارەکانی خودا لە مێژوودا. وە دەتوانین ئەوە ببینین کە تۆمارەکە بە دوو زنجیری زێڕینەوە بەستراوەتەوە، هەر یەکەیان بە دەستەیەکی تۆمارەکەوە قایم کراوە. ئینجا عیسا سەرنجمان دەخاتە سەر ئاسمان، دەبینین کە زنجیرەکە بەرەو ئاسمان دەڕوات و لە چاومان ون دەبێت. ئینجا ئێمە دەبات بۆ ئاسمان و بەشی سەرەوەی زنجیرەکەمان نیشان دەدات. ئەو زنجیرانە بە تەختی پاشایی خوداوە پەیوەستن. یەکێک لە زنجیرەکان بە لای ڕاستی تەختەکەوە قایم کراوە کە ئەم وشانەی لەسەر هەڵکەنراوە: «بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ». وە ئەوەکەی دیکە بە لای چەپی تەختەکەوە بەستراوەتەوە کە ئەم وشانەی لەسەر هەڵکەنراوە: «نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت».

عیسا ڕوو لە ئێمە دەکات و دەفەرموێت: «تەواوی تۆمارە پێچراوەکە، تەواوی تەورات و پەیامی پێغەمبەران، پەیمانی نوێ، چیرۆکی ڕزگاریی مرۆڤ، ئامانج و کارەکانی باوکی ئاسمانیم، پشت بە دوو ئامانجی مەزنی خودا دەبەستێت: « بەدیهێنراوەکان دەبێت خودایان خۆش بوێت، وە یەکتریان خۆش بوێت بەو جۆرەی کە خۆیان خۆش دەوێت». پێم وایە زیادەڕەویم نەکردووە کە دەڵێم تەواو بەدیهێنراوان و تەواوی کاری ڕزگاری، بە کاری مەسیحیشەوە وەکو ڕزگارکەرێکی ئازارچەشتوو، مردوو و پاشان هەستاوە، وە تەواوی مێژوو، لەسەر ئەم دوو ئامانجە مەزنە بەندن: مرۆڤەکان بە هەموو دڵیانەوە خودایان خۆش بوێت، وە لەو خۆشەویستییەوە بەرامبەر خودا خۆشەویستی بەرامبەر یەکتر سەرهەڵدەدات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆشەویستی سەرەتا (مەتا ٢٢: ٤٠) و ئامانجی (مەتا ٧: ١٢) تەورات و پەیامی پێغەمبەرانە. سەرەتا و کۆتایی ئەوەیە کە بۆچی خودا کتێبی پیرۆزی پێ بەخشیوین. لە لایەکەوە سەری کانیاوە و لە لایەکەی دیکەوە زەریای بێ کەناراوە لەو سەری ڕووبارەی مێژووی ڕزگارییەوە - وشەی خودا بەڵێنی ئەوەی داوە و یادی دەکاتەوە. بێگومان ئامانج و مەبەستی خودا ئەوەیە کە ئەم فەرمانە بەوپەڕی ڕژدی و گرنگییەوە

وەربگرین. لەم بازنەی دەقەدا، داناییانە دەبێت کە پێمان وانەبێت خۆشەویستی تەواومان یتووە، یان پێشوەخت خۆشەویستی بەپێی پێویست ناوەند و چەقی ژیانمانی پێکهێناوە. عیسا دەفەرموێت: تەواوی کتێبی پیرۆز، تەواوی پلانی خودا بۆ مێژوو پشت بەم دوو ئامانجە مەزنەی خودا دەبەستێت: بەدیهێنراوەکان دەبێت خودایان خۆش بوێت، وە یەکتریان خۆش بوێت بەو جۆرەی کە خۆیان خۆش دەوێت.

# داواکاریی سی و سێیەم

## خۆت چەندە خۆش دەوێت، نزیکەکەشت بە هەمان ئەندازە خۆش بێت

«... وەک خۆت ...» (مەتا ٢٢: ٣٩).

لـەم بەشـەدا، زیاتـر و باشـتر تەماشـای فەرمانەکـە دەکەیـن، بـە تایبـەت ئـەو دەسـتەواژە وێرانکـەرەی کـە دەڵێـت «وەک خـۆت». «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت» فەرمانێکـی زۆر تونـد و سـەختە. مەبەسـتم لـە سـەخت ئەوەیـە کـە ڕەگ و ڕیشـەی گونـاه و تاوانباربـوون دەبڕێـت، دەریدەخـات و بـە نیعمەتـی خـودا بنەبـڕی دەکات.

ڕیشەی گوناه: ئارەزووی دڵخۆش بوون بەبێ خودا

ڕەگ و ڕیشـەی گوناهباربوونمـان بریتییـە لـە ئـارەزووی دڵخۆشـبوونمان بەبـێ خـودا و بەبـێ دڵخۆشـبوونی کەسـانی دیکـە بەهـۆی خـوداوە. دەمەوێـت ئەمـە بەجوانـی بخوێنینـەوە. بـا جارێکـی دیکـە بیڵێمـەوە: ڕەگ و ڕیشـەی گوناهباربوونمـان بریتییـە لـە ئـارەزووی دڵخۆشـبوونمان بەبـێ خـودا و بەبـێ ئـەوەی کـە بەلامانـەوە گرنـگ بێـت ئاخـۆ ئـەوان خۆشـحاڵی و شـادی هەتاهەتاییـان بەهـۆی خـوداوە پەیـدا دەکـەن یـان نـە. هەمـوو گوناهێـک لـە ئـارەزووی دڵخۆشبوون بەبێ شـکۆی خـودا و بەبـێ ویسـتنی چاکـە بـۆ کەسـانی دیکـە سـەرچاوە دەگرێـت. داواکارییەکـەی عیسـا ڕیشـەی ئەمـە دەبڕێـت، ئاشـکرای دەکات و بنەبـڕی دەکات.

شـانازی یەکێکـی دیکەیـە لـە ناوەکانـی ئەم ڕەگ و ڕیشـەیە. شـانازی ئـەو بۆچوونە پێشـوەختەیە کـە پێـمان وایـە دەتوانیـن دڵخـۆش بیـن بەبـێ ئـەوەی کـە پشـت بـە خـودا ببەسـتین وەکـو سـەرچاوەی دڵخۆشـیمان و بەبـێ گرنگیـدان بـە کەسـانی دیکـە ئاخـۆ دڵخۆشـی و شـادییان بەهـۆی خـوداوە دەدۆزنـەوە یـان نـە. شـانازی ئارەزووێکـی گەنـدەڵ و پیسـە بـۆ دڵخۆشـبوون. بـە دوو شـت گەنـدەڵ کـراوە: ١) نامانەوێـت خـودا وەکـو تاکـە سـەرچاوە و کانیـاوی دڵخۆشـی ڕاستەقینە و هەتاهەتایی ببینیـن. ٢) نامانەوێـت خەڵکـی وەکـو ئێمـە بەهـۆی خـوداوە دڵخـۆش بـن، سـەرەڕای زانینـی ئـەوەی کـە خـودا لـە سـەرەتادا مرۆڤـی بـەو مەبەسـتە دروسـت کـردووە. ئەگـەر ئـارەزووی دڵخۆشـبوون بهێنیـت و خـودا وەکـو سـەرچاوەی دڵخۆشـییەکەت لـێ دابـبڕیـت وە ئـەو خەڵکەشـی لـێ دابـبڕیـت کـە ئومێـد دەخوازیـت دڵخۆشـییەکەت بەهـۆی خـوداوە لەگەڵیـان بـەش بکەیـت، ئـەوا ئـەوەی کـە دەمێنێتـەوە بریتییـە لـە مەکینـەی شـانازی. شـانازی واتـە گـەڕان بـەدوای دڵخۆشـیدا لـە هەمـوو شـوێنێک جگـە لـە شـکۆی خـودا و باشـیی کەسـانی دیکـە لەپێنـاو خـودادا. ئەمـە ڕیشـەی هەمـوو گەناهێکـە.

## «وەک خۆت» واتای چییە؟

عیسا دەفەرموێت: «نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێت». بەو فەرمانە، ئاماژە بە ڕیشەی گوناهباریمان دەکات. چۆن؟ عیسا دەیەوێت بڵێت: «بە خەسڵەتێکی مرۆڤانەوە دەست پێ دەکەم کە لە کاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵتدایە و قووڵە و پێناسەی تۆ دەکات، ئەوەش بریتییە لە خۆشەویستیت بەرامبەر خۆت. عیسا دەفەرموێت کە فەرمانەکەم ئەمەیە: «نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێت». بێگومان تۆ خۆت خۆش دەوێت. ئەمە بەخشراوە. من فەرمانت پێ ناکەم کە خۆت خۆش بوێت، بەڵکو دەزانم کە خۆت خۆش دەوێت. هەموومان ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین کە خۆمان بپارێزین و ئاگامان لە خۆمان بێت. دەمانەوێت دڵخۆش و شاد بین. دەمانەوێت بژین و بە ڕەزامەندییەوە بژین. خواردنمان دەوێت. جلوبەرگمان دەوێت. شوێنی ژیانمان دەوێت. دەمانەوێت بەرامبەر توندوتیژی پارێزراو بین. چالاکی واتادار و خۆشمان دەوێت بۆ ئەوەی ڕۆژەکانی ژیانمانی پێ پڕ بکەینەوە. دەمانەوێت هەندێک هاوڕێی باشمان هەبێت و کاتێکی خۆشیان لەگەڵ بەسەر ببەین. دەمانەوێت بە جۆرێک ژیانمان سوودبەخش بێت. بەمانە دەگوترێت خۆ خۆشویستن. خۆ خۆشویستن ئارەزوویێکی قووڵە بۆ بنەبڕکردنی ئازار و زیادکردنی دڵخۆشی و شادی. عیسا بەو وشانە دەست پێ دەکات کە دەفەرموێت «... وەک خۆت».

هەموو کەسێک، ئەم خەسڵەتەی هەیە. ئەمە هۆکاری پاڵنەری کارەکانمانە. تەنانەت خۆکوژی بەهۆی گەڕان بەدوای بنەمای خۆ خۆشویستندا ئەنجام دەدرێت.[a] لە ناوەڕاستی هەستی ئەوپەڕی بێ واتایی و بێ ئومێدی و سڕبوونی خەمۆکیدا، گیانمان دەڵێت: «لەمە خراپتر بوونی نییە. تەنانەت ئەگەر نەزانم بەهۆی مەرگەوە چیم دەست دەکەوێت، لانی کەم دەزانم لە دەست چی ڕادەکەم». کەواتە خۆکوژی بریتییە لە ڕاکردن لەدەست بەرگەنەگرتن. خۆکوژی ڕێنماییەکی هەڵەی خۆ خۆشویستنە.

عیسا بە بەخشین و باشیی خۆ خۆشویستنەوە دەست پێدەکات

ئێستا عیسا دەفەرموێت: «من بەم خۆ خۆشویستنەوە دەست پێدەکەم. من ئەمە لەبارەی تۆوە دەزانم. هیچ کەسێک لەمە بەدەر نییە. پێویست ناکات فێری بیت، چونکە خەسڵەتی

a (بڵەیز پاسکاڵ) کە بیرکاریزان و فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە دەڵێت: «هەموو مرۆڤەکان وێڵن بەدوای دڵخۆشی و شایدا. هیچ مرۆڤێک لە دەرەوەی ئەمەوە نییە. هەر ڕێگایەک بەکار بهێنن، گرنگ نییە، چونکە ئامانجیان لە کۆتاییدا هەمان شتە. هەندێک کەس لەپێناوی بەدەستهێنانی دڵخۆشی و شادیدا دەڕۆن بۆ جەنگ، هەندێکی دیکە خۆیان لە جەنگ دەپارێزن؛ بەڵام هەردوولا خاوەنی هەمان حەز و ئارەزوون، تەنها ڕوانگەیان جیاوازە. ئەمە هۆکاری پاڵنەری هەموو کارێکی هەموو مرۆڤێکە، تەنانەت ئەوانەش کە خۆکوژی دەکەن.
*Pensées* (New York: E. P. Dutton, 1958), 113, Thought #425

مرۆڤـە. باوکـی ئاسـمانیمان دروسـتی کـردووە. ئـەم خەسـڵەتە لەڕاسـتیدا باشـە». حەزکـردن لـە خـواردن شـتێکی خـراپ نییـە. ئـەوەی کـە لـە زسـتاندا بتەوێـت خـۆت لـە سـەرما بپارێزیـت و گەرمـات بێـت، شـتێکی خـراپ نییـە. ئەگـەر بتەوێـت لـە خراپـە دوور بیـت، هەڵـە نییـە. لـە کاتـی دەرد و نەخۆشـییەکی بەربـڵاودا، بتەوێـت تەندروسـت بیـت، شـتێکی خـراپ نییـە. بتەوێـت خەڵکـی خۆشـیان بوێـی، هەڵـە نییـە. ئەگـەر بتەوێـت کاریگەریـت هەبێـت و ژیانـت سـوودبەخش بێـت، گونـاە نییـە. ئەمـە خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی مـرۆڤ بـوو پێـش یەکـەم گونـاە، وە لەڕاسـتیدا ئـەم شـتانە خـراپ نیـن.

ئەگـەر ئـەم شـتانە لـە ژیانتـدا بوونەتـە شـتێکی خـراپ، ئـەوا لـە کاتـی بیسـتن و وەڵامدانـەوەی ڕاسـپاردەکەی مەسـیحدا دەردەکەوێـت و ڕوون دەبێتـەوە. عیسـا دەفەرموێـت: «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت». واتـە، وەکـو چـۆن لـە کاتـی برسـیەتیدا، ئـارەزووی نـان دەکەیـت، دەبێـت هەمـان ئـارەزووت بـۆ دراوسـێکەت هەبێـت کاتێـک کـە برسـییەتی. وەکـو چـۆن دەتەوێـت جلوبەرگـی جـوان لەبـەر بکەیـت، دەبێـت هەمـان شـتت بـۆ دراوسـێکەت بوێـت. وەک چـۆن هـەوڵ دەدەیـت شـوێنێکی ئـارام بـۆ خـۆت دابیـن بکەیـت، دەبێـت هەوڵـی دابینکردنـی شـوێنێکی ئارامیـش بـۆ نزیکەکـەت بدەیـت. بـەو جـۆرەی کـە دەتەوێـت خـۆت لـە توندوتیـژی و کێشـە بپارێزیـت، دەبێـت هەوڵـی پاراسـتنی نزیکەکەشـت بدەیـت. وەک چـۆن دەتەوێـت هاوڕێـی باشـت هەبێـت، دەبێـت هەوڵـی پەیداکردنـی هـاوڕێ بـۆ نزیکەکەشـت بدەیـت. بـەو جـۆرەی کـە دەتەوێـت ژیانـی خـۆت بەسـوود و بـاش بێـت، دەبێـت بتەوێـت ژیانی نزیکەکەشـت بـەو جـۆرە بێـت. کـە دەتەوێـت نمـرەی بـەرز بهێنیـت، بـە هەمـان شـێوە هـاوکاری نزیکەکـەت بکـە تاکـو نمـرەی بـەرز بهێنێـت. وەک چـۆن حـەز دەکەیـت لـە شـوێنێکی نوێـدا پێشـوازیت لـێ بکرێـت، تـۆش پێشـوازی لـە نزیکەکـەت بکـە. لەگـەڵ خەڵکـدا بـەو جـۆرە هەڵسـوکەت بکـە کـە دەتەوێـت خەڵـک لەگەڵـت هەڵسـوکەوت بکـەن.

## خۆپەرستیت دەبێتە پێوانەی لەخۆبووردەیی

واتـە، خۆپەرسـتیت بکـە بـە پێوانـەی لەخۆبووردەییـت. کاتێـک عیسـا دەفەرموێـت: «نزیکەکەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت»، وشـەی «وەک» وشـەیەکی زۆر گرنـگ و بەهـادارە: «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت». «وەک» وشـەیەکی زۆر گرنگـە. واتـای ئەوەیـە ئەگـەر گەرموگوڕیـت هەیـە لـە گـەڕان بـەدوای شـادی و دڵخۆشـی خۆتـدا، ئـەوا هەمـان شـت بـۆ نزیکەکەشـت بکـە. ئەگـەر لـە گـەڕان بـەدوای ڵخۆشـی خۆتـدا داهێنەریـت، ئـەوا بـە هەمـان شـێوە بـە کـە دێتـە سـەر دڵخۆشـی نزیکەکەشـت. ئەگـەر بـەردەوام و پایەداریـت لـە گـەڕان بـەدوای شـادیی خۆتـدا، ئـەوا بـۆ نزیکەکەشـت بـە هەمـان شـێوە بـە.

بـە واتایەکـی دیکـە، عیسـا تەنهـا نالێـت کـە چیت بۆ خـۆت دەوێـت، بـۆ نزیکەکەشـت بتەوێت، بەڵکـو دەڵێـت کـە بـە هەمـان شـێوەی خۆیانیشـت بوێـت - بـە هەمـان گەرموگـوڕی و وزە و داهێنـان و کۆڵنەدانـەوە. وە بـە هەمـان ژیـان و مردنـەوە کاتێـک ڕووبـەڕووی مەترسـی دەبیتەوە. خۆپەرستیت بکـە بـە پێوانـەی لەخۆبووردەییـت. پێوانـەی گـەڕان بـەدوای خۆشـبەختی کەسـانی دیکـەدا وە ئـەوەی کـە دەبێـت چـۆن بێـت، بکـە بـە پێوانـەی گـەڕان بـەدوای خۆشـبەختی خۆتدا. چـۆن بـەدوای باشـەی خۆتـدا دەگەڕێـی؟ بـە هەمـان شـێوە بـەدوای باشـەی نزیکەکەتـدا بگـەڕێ.

ئەمـە بابەتێکـی هەڕەشـەئامێز و قورسـە، چونکـە دەسـتبەجێ وا هەسـت دەکەیـن کـە ئەگـەر بێتـو عیسـا بـە ڕژدی وەربگریـن، ئـەوا نـە تەنهـا دەبێـت کەسـانی دیکەمـان وەکـو خۆمـان خـۆش بوێـت، بەڵکـو دەبێـت ئەوانمـان لـە جێگـەی خۆمـان خـۆش بوێـت. هەسـت دەکەیـت بـەم جۆرەیـە. لـەوە دەترسـین کـە ئەگـەر لەمـەدا شـوێن عیسـا بکەویـن و بەڕاسـتی خۆمـان بـۆ دڵخۆشـکردنی کەسـانی دیکـە تەرخـان بکەیـن، ئـەوا دڵخۆشـی و شـادی خۆمـان پشـتگوێ دەخرێـت. هەمیشـە دەبێـت لـە ڕێگـەی تەرخانکردنـی کات و وزە و دەستپێشـخەرییەوە چـاوم لەسـەر نزیکەکـەم بێـت. بۆیـە فەرمانـی خۆشویسـتینی نزیکەکـەم وەکـو خـۆم لەڕاسـتیدا هەسـت دەکەیـت هەڕەشـە و مەترسـییە بـۆ سـەر خۆشویسـتنی خـۆم. چـۆن شـتی وا دەبێـت؟ ئەگـەر بـە شـێوەکی سروشـتی ئـارەزووی گـەڕان بـەدوای خۆشـحاڵی خۆمـان لـە کاتـی لەدایکبوونمانـەوە لەگەڵـمان بێـت، وە ئەگـەر ئەمـە شـتێکی خـراپ نەبێـت و بـاش بێـت، چـۆن دەتوانیـن دەسـتبەرداری بیـن و تەنهـا چاومـان لەسـەر دڵخۆشـی و شـادی کەسـانی دیکـە بێـت لەسـەر حیسـابی خۆمـان.

## چۆن فەرمانی یەکەم دەبێتە هۆی ڕاگرتنی فەرمانی دووەم

پێـم وایـە ئـەوە ڕێـک ئـەو مەترسییەیە کـە عیسـا دەیەوێـت هەسـتی پـێ بکەیـن، هەتـا ئـەو کاتـەی کـە درک بـەوە دەکەیـن ئەمـە - ڕێـک ئەمـە - بۆچـی ڕاسـپاردەی یەکـەم ڕاسـپاردەی یەکەمـە. ئـەوە ڕاسـپاردەی یەکەمـە کـە وا دەکات ڕاسـپاردەی دووەم ئەنجـام بدرێـت وە مەترسـی ئـەو بۆچوونـە لادەبـات کـە ڕاسـپاردەی دووەم لەناوبـەری خۆشـحاڵی و شـادیی خۆمانـە. یەکـەم ڕاسپاردە ئەمەیـە: «بـە هەمـوو دڵ و بـە هەمـوو گیـان و لـە هەمـوو بیرتانـەوە یەزدانـی پەروەردگارتـان خۆشـبوێ». ڕاسپاردەی یەکـەم بنەمـای ڕاسپاردەی دووەمـە. ڕاسپاردەی دووەمیـش نیشـاندەری ئاشـکرای یەکەمـە. کـە واتـای ئەمەیـە: پێـش ئـەوەی کـە خۆپەرستییت بکەیتـە پێوانـەی لەخۆبووردەییـت، خـودا بکـە بـە جێگـەی سـەرنجی خۆپەرستییەکەت. ئەمـە مەبەسـتی ڕاسـپاردەی یەکەمـە.

«بـە هەمـوو دڵتـەوە یەزدانـت خـۆش بوێـت» واتـە: ڕازیبوونێکـی ئەوەنـدە قـووڵ لـە خـودادا

بـدۆزەوە کـە تـەواوی دڵـت داپۆشـێت. «بـە هەمـو گیانتـەوە یەزدانـت خـۆش بوێـت» واتـە: واتایەکـی ئەوەنـدە قـووڵ و بەرفـراوان لـە خـودادا بـدۆزەوە کـە هەمـوو کونـج و گۆشـە ئازاربەخشـەکانی گیانـت بگرێتـەوە. «بەهـۆی بیرتـەوە یەزدانـت خـۆش بوێـت» واتـە: ئەوپـەڕی زانیـاری و بەرچاوڕوونـی و دانایـی لـە خـودادا بـدۆزەوە کـە دەبێتـە هـۆی ڕێنماییکـردن و ڕازیکردنـی هەمـوو ئـەوەی کـە خـودا بـۆ مێشـک و هـزری مـرۆڤ لەبەرچـاوی گرتـووە.

بـە واتایەکـی دیکـە، هەمـوو خـۆ خۆشویسـتنەکەت بێنـە - تـەواوی خۆشـی، ئومێـد، ئـارەزوو، خۆشەویسـتی، ئاسـوودەیی، ڕازیبـوون و گرنگـی - و سـەرنجت بخـە سـەر خـودا، هەتا ئـەو کاتەی کـە دڵ و گیـان و مێشـک ڕازی دەکات. ئـەو کاتـە بـۆت دەردەکەوێـت کـە ئەمـە پشتگوێخسـتن و هەڵوەشـانەوەی خۆشویسـتنی خـۆت نییـە. ئەمـە ڕازیبـوون و گۆڕینـی خـۆ خۆشویسـتنە. خـۆ خۆشویسـتن بریتییـە لـە ئـارەزووی ژیـان و ڕازیبـوون لـە جێگـەی نیگەرانبـوون و مـردن. خـودا دەفەرموێـت: «وەرن بـۆ لام، ئەوپـەڕی خۆشـی و شـادیت پـێ دەدەم. دڵ و گیـان و بیـرت بـە شـکۆمەندی خـۆم ڕازی دەکـەم». ئەمـە یەکـەم و گرنگتریـن ڕاسـپاردەیە.

وە لەگـەڵ ئـەو دۆزینـەوە و کەشـفە گرنگـەدا - ئـەوەی کـە خـودا کانیـاوی هەتاهەتایـی خۆشـی و دڵشـادیی ئێمەیـە - شـێوازی خۆشەویسـتیمان بەرامبـەر کەسـانی دیکـە بـۆ هەتاهەتایە دەگۆڕدرێـت. کاتێـک عیسـا دەفەرموێـت «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت»، ئێمـە ناڵێیـن «بەڕاسـتی ئەمـە مەترسـیدارە. ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە خـۆ خۆشویسـتنم مەحاڵـە بەهـۆی ئـەو هەمـووە بایەخـەی کـە دەبێـت بـە دراوسـێکەمی بـدەم. هەرگیـز ناتوانـم ئەمـە بکـەم». لـە جێگـەی ئـەوە، دەڵێیـن: «بەڵـێ، خـۆم خـۆش دەوێـت. حـەزم لـە خۆشـی، شـادی، ئومێـد، ئـارەزوو، خۆشەویسـتی، ئاسـوودەیی و ڕازیبوونـە. بـەڵام خـودا بانگـی کـردووم - بێگومـان فەرمانـی پـێ کـردووم - یەکـەم جـار بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم شـتانە ڕوو لـەو بکـەم. فەرمانـی پـێ کـردووم کـە خۆشەویسـتیم بەرامبـەر ئـەو ببێتـە شـکڵ و شـێوەی خۆشەویسـتیم بەرامبـەر خـۆم». واتـە، هەمـوو ئـەو حـەز و ئارەزووانـەی کـە دەبنـە هـۆی ڕازیبوونـی مـن (خـۆ خۆشویسـتن) ئاراسـتەی ئـەو دەکـەم و ڕازیبـوون لـەودا دەدۆزمـەوە. ئێسـتا خـۆ خۆشویسـتنم ئەمەیـە. بریتییـە لـە خۆشویسـتنم بـۆ خـودا. بوونەتـە یـەک. ئێسـتا گەڕانـم بـەدوای دڵخۆشـیدا، بریتییـە لـە گەڕانـم بـەدوای یەزدانـدا. وە ئەوەشـمان لـە عیسـادا دۆزیوەتـەوە.

## خۆ خۆشویستن کە لە خۆشویستنی خودادا دێتە دی، دەبێتە پێوانەی خۆشویستنی نزیکەکەت

کەواتـە عیسـا لـە دووەم ڕاسـپاردەدا داوای چیمـان لـێ دەکات (نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت)؟ داوامـان لێـدەکات کـە خـۆ خۆشویسـتنمان، کـە ئێسـتا لـە خۆشەویسـتنی خـودادا تـەواو و کامـڵ بـووە، ببێتـە پێـوەر و ناوەڕۆکـی خۆشویسـتنی نزیکەکەمـان. یاخـود دەتوانیـن بڵێـن کـە

فەرمانمان پێدەکات گەڕان بەدوای خۆشی و شادی خۆمان کە لەگەڵ لەدایکبوونماندایە، کە ئێستا گۆڕاوە بۆ گەڕان بەدوای خودادا، هەڵدەقوڵێت و پەلدەهاوێت بۆ نزیکەکەمان. بۆ نموونە:

- ئەگەر حەز دەکەیت بەرەکەت و ئازادیی خودا لە ڕێگەی دابینکردنی خواردن و کرێی خانوو و جلوبەرگ ببینیت، ئەوا هەوڵ بدە کە مەزنی و زۆریی ئەم بەرەکەتە خودابییە نیشان کەسانی دیکە بدەیت کە بەهۆی دڵفراوانی و دەستکراوەییەوە لە خودادا دۆزیوتەتەوە. ڕێگە بدە تەواوی و کامڵی خۆ خۆشویستنت لە خۆشویستنی خودا سەرڕێژ ببێت و خۆشویستنی نزیکەکەتی لێ بکەوێتەوە. یان بگرە باشتر: گەڕان بەدوای ئەو خودایەی کە تەواوکەری خۆ خۆشویستنتە، لە ڕێگەی خۆشویستنی نزیکەکەتەوە سەرڕێژ دەبێت و خۆشویستنی نزیکەکەتی لێ دەکەوێتەوە.
- ئەگەر دەتەوێت زیاتر چێژ لە بەزەیی خودا وەربگریت لە ڕێگەی ئەو دڵدانەوەیەی لە کاتی خەمی و خەفەتدا پێت دەبەخشێت، ئەوا هەوڵ بدە کە بە دڵدانەوەی کەسانی دیکە لە کاتی خەم و خەفەتدا بەزەیی زیاتری خودایان نیشان بدەیت.
- ئەگەر دەتەوێت زیاتر تامی دانایی خودا بکەیت لە ڕێگەی ئەو ڕاوێژەی لە کاتی هەبوونی پەیوەندی پڕ لە فشار و کێشەدا پێت دەبەخشێت، ئەوا دانایی خودا لە کاتی پەیوەندییە پڕ لە فشار و ناخۆشەکاندا نیشانی کەسانی دیکە بدە.
- ئەگەر حەز دەکەیت لە کاتی پشووداندا باشیی زیاتری خودا ببینیت، ئەوا ئەو باشییە نیشان کەسانی دیکە بدە لە ڕێگەی یارمەتیدانیان بە مەبەستی هەبوونی کاتی حەسانەوەی پڕ لە خۆشی و شادی.
- ئەگەر دەتەوێت نیعمەتی زیاتری ڕزگاریی خودا لە ژیانتدا ببینیت، ئەوا ئەو نیعمەتە بگەیەنە بە کەسانی دیکە کە پێویستیان بەو نیعمەتە ڕزگارییە هەیە.
- ئەگەر دەتەوێت زیاتر چێژ لە قووڵی پەیوەندی خودا وەربگریت لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، ئەوا ئەو هاوڕێیەتییە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا نیشان کەسە تەنها و بێ کەسەکان بدە.

لە ڕێگەی هەموو ئەوانەوە خۆشویستنی نزیکەکەت نابێتە هەڕەشە بۆ سەر خۆ خۆشویستنت، چونکە خۆ خۆشویستن بووەتە خۆشویستنی خودا و کاتێک خۆشویستنی خودا دەڕژێتە نێو ژیانی کەسانی دیکەوە نابێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی و لەناوبردن و ماندووبوونی تۆ.

# داواکاریی سی و چوارەم

## نزیکەکەت وەکو خۆت و بەو جۆرەی کە عیسا خۆشی دەویی، خۆشبوێت

«بەڵام ویستی پاکانە بۆ خۆی بکات، بە عیسای گوت: «نزیکەکەم کێیە؟» (لۆقا ١٠: ٢٩)

«لە هەر شتێکدا هەمان ئەو کارە بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران.» (مەتا ٧: ١٢)

«من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ. بەمە هەموو خەڵک دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت.» (یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٤٥)

پێم وا نییە لە بەشەکانی پێشتردا توانیبێتمان هەموو ئاڵۆزی و ناڕوونییەکانی ژیانی پڕ لە خۆشەویستیمان چارەسەر کردبێت. سەبارەت بە کات و سەرچاوەی سنووورداری ئێمە، بۆچوون و ڕوانگەی جیاواز لە ئارادا هەن. سەختە بەلامانەوە ئاخۆ چی هەڵبژێرین و دەستبەرداری چی بین. لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی کە چ شتێک بۆ کەسێکی دیکە باشە. بێگومان مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو ئەوانە سادە دەبن.

فەرمانی ڕیشەیی و دەستبەرکردن و دابیکردنی ڕیشەیی

مەبەستم ئەمەیە: خۆشویستنی خوا لە کاتی خۆشی و ئازار و ئاڵۆزی و دووڵیی ئەوەی کە خۆشویستنی نزیکەکەمان دەبێت چۆن بێت، پایەدار و جێگیرمان دەکات. کاتێک قوربانییەکە مەزنە، ئەوەمان لەبیر دەبێت کە نیعمەتی خودامان بەسە. کاتێک ڕێگەی خۆشەویستنی ڕوون و ئاشکرا نەبوو، بە خۆشی و خۆشەویستییەوە ئەوەمان لەبیر دەبێت کە نیعمەتی خودامان بەسە. کاتێك جیهان لەسەر ڕێگەی ڕاست لاماندەدات و بۆ ماوەیەکی کاتی ڕوو دەکەینە خۆپەرستی، ئەوەمان لەبیر دەبێت کە تەنها خودا دەتوانێت گیان و دەروونمان ڕازی بکات، وە تۆبە دەکەین و بەزەیی و پشوودرێژییەکەیمان زیاتر خۆش دەوێت.

ئەوە فەرمانێکی ڕیشەیی و گرنگە. خۆی دەگەیەنێتە ڕیشەی گوناە کە پێی دەگوترێت شانازی - ئارەزووی دڵخۆشبوون (خۆ خۆشویستن) بە دوو شت گەندەڵ و پیس دەکرێت: ١) نامانەوێت خودا وەکو تاکە سەرچاوە و کانیاوی دڵخۆشی ڕاستەقینە و هەتاهەتایی ببینین. ٢) نامانەوێت خەڵکی وەکو ئێمە بەهۆی خوداوە دڵخۆش بن، سەرەڕای زانینی ئەوەی کە خودا لە سەرەتادا مرۆڤی بەو مەبەستە دروست کردووە. بەڵام ئەمە ڕێک ئەو گەندەڵی خۆ خۆشویستنەیە کە عیسا لەم دوو فەرمانەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لە یەکەم

فەرماندا تیشک دەخاتە سەر دڵخۆشبوون بەهۆی خوداوە؛ تەنها و تەنها خودا. لە دووەم فەرماندا، جیهانێکی تەواو لە خۆشیی و دڵشادی بەهۆی خوداوە دەکاتەوە و دەفەرموێت مرۆڤەکان لە هەر شوێنێک بن، بۆ ئەوە دروست کراون کە خۆشی و شادیت بەهۆی خوداوە وەربگرن و پەرەی پێ بدەن. بۆیە وەک چۆن خۆت خۆشدەوێت، بە هەمان شێوە کەسانی دیکەشت خۆش بوێت. بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بەخشینی ئەوە بدە کە بەهۆی خوداوە دەستت کەوتووە.

## ئاگاداری: واتای «نزیکەکەت» بەرتەسک مەکەوە

پێش ئەوەی کە فەرمانی نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت بەجێبهێڵین، دەبێت گوێمان لەو ئاگادارییە بێت کە عیسا پێی داوین. عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت کاتێك گوێمان لە فەرمانی «نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت» دەبێت، نابێت خۆشنەویستنەکەمان بەوە بەرتەسک بکەینەوە کە نزیکەکەمان کێیە. عیسا ئەم ئاگادارییەی بە نموونەی سامیرەییە باشەکە ڕوون کردەوە.

«تەوراتناسێک هەستا بۆ ئەوەی عیسا تاقی بکاتەوە و گوتی: «مامۆستا چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم؟» ئەویش پێی فەرموو: «لە تەوراتدا چی نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟» وەڵامی دایەوە: «[بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو توانا و هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگاری خۆتان خۆشبوێت،] هەروەها [نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت.]» عیسا پێی فەرموو: «وەڵامەکەت ڕاستە، ئەمە بکە، ژیانی هەتاهەتایی بەدەستدەهێنیت.» بەڵام ویستی پاکانە بۆ خۆی بکات، بە عیسای گوت: «نزیکەکەم کێیە؟»» (لۆقا ١٠: ٢٥- ٢٩).

لە هەموو ئەو بابەتانەی کە دەکرێت لەم نموونەیەوە هەڵێنجێنرێت، من تەنها تیشک دەخەمە سەر یەکیان. عیسا بە نموونەیەک وەڵامی ئەو تەوراتناسەی دایەوە کە دەیویست پاکانە بۆ خۆی بکات کە وەڵامی پرسیارەکەی ئەوی نەدایەوە بەڵکو پرسیارەکەی گۆڕی. عیسا پرسیارەکەی لە «چ جۆرە کەسێک نزیکی منە» گۆڕی بۆ «من چ جۆرە کەسێکم؟» پرسیارەکەی لە «چ جۆرە کەسانێک شیاوی خۆشەویستی منن» گۆڕی بۆ «چۆن ببنە ئەو کەسەی کە بەزەییەکەی بۆ هەموو کەسێکە بەبێ جیاوازی؟»

عیسا دووڕوویی تەوراتناسەکەی ئاشکرا کرد ل ڕێگەی نیشاندانی ئەوەی کە ئەو پێشوەخت وەڵامەکەی دەزانی و تەنها هەوڵی دەدا عیسا بخاتە تەڵەوە (لۆقا ١٠: ٢٥). ئێستا تەوراتناسەکە دەزانێت کە نیەت و ویست و خواستی ئاشکرا بووە و دەبێت دان بە هەڵەکەیدا بنێت یاخود دووڕووییەکەی داپۆشێت. ئەو بڕیاری دا داپۆشێت – یان

با ناوێکی دیکەی لێ بنێین؛ بڕیاری دا «بیانوو بهێنێتەوە» (لۆقا ١٠: ٢٩). وەک بڵێی بەم شێوەیە بیانووەکەی هێنایەوە: «دەزانی چییە عیسا، ئاسان نییە بزانیت نزیکەکەت کێیە. ژیان ئاڵۆزە. دەبێت چ جۆرە کەسانێکمان خۆش بوێت؟ کێ شایانی ئەوەیە لە فەرمانی «نزیکەکەت خۆش بوێت» ببێتە نزیکم؟ هەموو نەتەوەیەک؟ هەموو جۆرە چینێک؟ هەردوو ڕەگەز؟ هەموو تەمەنێک؟ دوورخراوەکان؟ گوناهباران؟»

## عیسا وەڵامی پرسیارێک ناداتەوە

عیسا چۆن وەڵام دەداتەوە؟ حەزی لەم پرسیارە نییە - ئەوەی کە مرۆڤەکان بەسەر چین و گروپی جیاوازدا دابەش بکەیت و پێت وابێت هەندێکیان شایانی خۆشەویستیی ئێمە هەن و هەندێکی دیکەیان شایانی نین. عیسا وەڵامی پرسیاری «نزیکەکەم کێیە؟» ناداتەوە. لە بەرامبەر نموونەیەک دێنێتەوە کە پرسیارەکە دەگۆڕێت. لەنێوان ئەریحا و ئۆرشەلیمدا کەسێک دەکەوێتە دەستی جەردە و پیاوخراپەوە. (لۆقا ١٠: ٣٠) دەڵێت: «ڕووتیان کردەوە و برینداریان کرد، ئینجا بە نیوەمردوویی بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن». کاهینێک و لێڤییەک (دیندارترین کەس) بەو ڕێگەیەدا تێپەڕین و خۆیان لە کەسە بریندارەکە بوارد و لەو بەرەوە تێپەڕی (لۆقا ١٠: ٣١، ٣٢). ئینجا سامیرەییەک هات، کە تەنانەت جولەکە نەبوو، وە بابەتی گرنگ سەبارەت بەم پیاوە ئەوەیە کە لە کۆتایی (لۆقا ١٠: ٣٣)دا هاتووە دەڵێت: «دڵی پێی سووتا».

بینیت چۆن سەرنجی بابەتەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات؟ پرسیاری ئەوەی کە چ جۆرە کەسێک دەمرێت، چیتر لەنێو چیرۆکەکەدا نییە. ئێستا تەواوی سەرنجەکە لەسەر ئەو جۆرە کەسانەیە کە کابرا بریندارەکە بەجێدێڵن. دوو کەسی یەکەم دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون. سامیرەییەکە کەسێکی جیاواز بوو. کەواتە، لە کۆتاییدا عیسا چ جۆرە پرسیارێک دەکات؟ ئایا ئەم پرسیارەی کرد: «ئایا کەسە بریندارەکە، دراوسێ و نزیکە؟» نەخێر. ئەوە پرسیارەکەی عیسا نەبوو. عیسا لە تەوراتناسەکەی پرسی: «کام لەم سێ کەسە بە نزیک دەزانیت بۆ ئەو پیاوەی کە کەوتە دەست جەردەکان. تەوراتناسەکە گوتی: ئەوەی بەزەیی پێیدا هاتەوە. عیساش پێی فەرموو: تۆش بڕۆ و بەو شێوەیە بکە. (لۆقا ١٠: ٣٦- ٣٧). عیسا وەڵامی پرسیارەکەی ناداتەوە کە گوتی: «نزیکەکەم کێیە؟» لە جێگەی ئەوە، فەرمووی بڕۆ و ببە بە مرۆڤێکی نوێ. بڕۆ و دڵێکی پڕ لە بەزەیی پەیدا بکە.

## مردنی عیسا: کڕین و نموونە

عیسا ڕێک لەپێناوی ئەوەدا گیانی سپارد. ئەمە بەڵێنەکەی پەیمانی نوێیە لە (حزقیێل ٣٦: ٢٦): «دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان

لـێ دەکەمـەوە و دڵێکـی گۆشـتینتان دەدەمـێ». وە عیسـا لـە کۆتـا شـێودا فەرمـووی: «ئـەم جامـە پەیمانـی نوێیـە بـە خوێنـی مـن، کـە لـە پێنـاوی ئێـوە دەڕژێـت» (لۆقا ٢٢: ٢٠). ئەوانـەی کـە لەگـەڵ عیسـا هەتـا شـوێنی لەخاچـدان دەڕۆن، دەبینـن کـە عیسـا بـە خوێنـی خـۆی باجـی بەخشـینی دڵـە نوێکەیـان دەدات.

ئەمـەش دەمانگەیەنێـت بـە کۆتـا خاڵـی ئـەم بەشـە: پەیوەنـدی نێـوان ئـەو فەرمانـەی عیسـا کـە دەفەرموێـت نزیکەکەمـان وەکـو خۆمـان خـۆش بوێـت لەگـەڵ ئـەو فەرمانـەی دیکـە کـە دەفەرموێـت یەکترمـان خـۆش بوێـت وەکـو چـۆن ئـەو خۆشـی ویسـتووین. مردنـی عیسـا هـەم بـە ئەسـتۆگرتنی گونـاه بـوو و هـەم بەخشـینی ڕێنمایـی بـوو. ئـەوە مردنێکـە کـە لـە گونـاه خـۆش دەبێـت و مردنێکـە کـە خۆشەویسـتی دەکاتـە نموونـە. مردنەکـەی عیسـا کڕینـەوەی ژیـان یئێمەیـە لـە لەناوچـوون و بـوون بـە نموونەیـە بـۆ ژیانـی خۆشویسـتن. مـن بـەم سـەرنجەوە ئـەم بەشـە تـەواو دەکـەم بەهـۆی ئـەو ناکۆکییـەی کـە لەنێـوان ئـەم فەرمانـەدا هەیـە: نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت» و «ڕاسـپاردەیەکی نـوێ».

عیسـا لـە (یۆحەنـا ١٣: ٣٤- ٣٥)دا دەفەرموێـت: «مـن ڕاسـپاردەیەکی نوێتـان دەدەمـێ: یەکتریتان خۆشـبوێ. وەک خۆشمویسـتن، ئێـوەش بـەو جـۆرە یەکتریتـان خۆشـبوێ. بەمـە هەمـوو خەڵـک دەزانـن کـە قوتابـی منـن، ئەگـەر خۆشەویسـتیتان بـۆ یەکـتری هەبێـت» (بڕوانـە یۆحەنـا ١٥: ١٢). کاتێـک عیسـا فەرمـووی: «کـەس خۆشەویسـتی لەمـە گەورەتـری نییـە کـە یەکێـک ژیانـی خـۆی بـۆ دۆسـتەکانی دابنێـت» (یۆحەنـا ١٥: ١٣)، لەڕاسـتیدا پەیوەنـدی لەنێـوان خۆشەویسـتی و مردنەکەیـدا دروسـت دەکات. بۆیـە گرنگـە کـە پەیوەنـدی نێـوان مردنـی عیسـا و جێبەجێکردنـی فەرمانـی «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت» ببینـن. لـە لایەکـی دیکـەوە، مردنـی عیسـا دەبێتـە نموونـە بـۆ شـێوازی دەربڕینـی خۆشەویسـتنی بەرامبـەر کەسـانی دیکـە، وە مردنـی عیسـا ئـەو گۆڕانکارییەکـی بـۆ دەسـتەبەر کردیـن کـە توانـای خۆشویسـتنمان پـێ دەبەخشـێت.[a] لـە بەشـەکانی پێشـتردا باسـی کاری کڕینـەوەی عیسـامان کـرد (بڕوانـە داواکاریـی دەیـەم و بیسـت و سـێیەم). لێـرەدا دەبێـت بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە چـۆن نموونـەی خۆشەویسـتیی عیسـا پەیوەنـدی هەیـە بـە فەرمانـی «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بوێـت».

عیسـا ئـەو ڕاسـپاردەی کـە دەڵێـت «کەسـانی دیکەتـان خـۆش بوێـت وەک چـۆن مـن خۆشـم ویسـتن» بـە ڕاسـپاردەیەکی نـوێ نـاوزە دەکات (یۆحەنـا ١٣: ٣٤). بـەڵام ڕاسـپاردەی «نزیکەکـەت

---

a بڕوانـە داواکاری ٢٠، ٢١، ٢٧ بـۆ پەیوەنـدی نێـوان ئـەو گۆڕانکارییـەی کـە مردنـی عیسـا بـۆی دەسـتەبەر کردیـن لەگـەڵ ئـەو پێگـە یـان ڕاستودروسـتییەی کـە بـۆی دەسـتەبەر کردیـن. بابەتـی سـەرەکی ئـەو بەشـانە ئەوەیـە کـە عیسـا بنەمـای «پێگەمانـە» لـە ڕەزامەنـدی خـودادا کـە دەبێتـە بنەمـا و ئومێـدی نیشـاندانی ئـەو ڕەزامەندییـە لـە ڕێگـەی دڵ و ژیانێکـی گۆڕدراوەوە.

وەک خـۆت خـۆش بویـت» فەرمانێکـی کۆنـە کـە لـە (لێڤییـەکان ١٩: ١٨)ەوە وەرگیـراوە. ئایا ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە ڕسـپاردەی خۆشویسـتنی نزیکەکەمـان وەک خۆمـان بەسـەر چـووە و ئێستا ڕاسپاردەیەکی نوێـمان هەیـە کـە بریتییـە لـە کەسـانی دیکەتـان خـۆش بویـت وەک چـۆن مـن خۆشـم ویسـتن؟ پێـم وا نەبێـت.

ئـەوەی کـە نوێیـە ئەوەیـە کـە ئێمـە هەرگیـز خۆشەویسـتیی پەیمانـی کۆنمـان نەدیـوە کـە بەتـەواوی و کامڵـی لـە ڕێگـەی کـوڕی خـوداوە نیشـان بدرێـت. پێـش عیسـای مەسـیح، هیـچ کەسـێک نەیتوانیـوە بەبـێ مـەرج بڵێـت: «کەسـانی دیکـەت خـۆش بویـت بـەو جـۆرەی کـە مـن خۆشـم دەویـی». نـەک تەنهـا ئـەوە، وا دیـارە ئـەو نوێیەتییـە پەیوەنـدی هەیـە بـە ئامانجـی عیسـا بـۆ هەبوونـی گەلێکـی نـوێ کـە لـە جیهانـدا بـەوەدا جیـا دەکرێنـەوە کـە وەفـادار دەبـن بەرامبەر ئـەو و باوکـی ئاسـمانی و بـە خۆشەویسـتییەوە لەگـەڵ یەکـتر دەجوڵێنـەوە. بۆیـە دەفەرموێـت: «بەمـە هەمـوو خەڵـک دەزانـن کـە قوتابـی منـن، ئەگـەر خۆشەویسـتیتان بـۆ یەکـتری هەبێـت» (یۆحەنـا ١٣: ٣٥). «خۆشەویسـتنی کەسـانی دیکـە بـەو جـۆرەی کـە مـن خۆشـم ویسـتن بریتییـە لـە نیشـانەی جیاکـەرەوەی ئـەو گەلـە نوێیـەی کـە هـی منـن و کۆیـان دەکەمـەوە».

## عیسا بە خۆشویستنی تەواو و کامڵی خۆی، ئێمەی بەتەواوی و کامڵی خۆشویست

بـەڵام کـرۆک و ناوەڕۆکـی خۆشەویسـتی - ئـەوەی کـە پێشـتر لەم بەشـەدا باسـمان کـرد - جیاواز نییـە لـەوەی کـە عیسـا لێـرەدا داوای دەکات. کاتێـک عیسـا لەپێنـاو ئێمـەدا گیانـی سـپارد، ئێمـەی وەکـو خـۆی خـۆش دەویسـت. ئـەو بەتـەواوی و کامڵـی فەرمانـی «نزیکەکـەت وەک خـۆت خـۆش بویـت»ی جێبەجـێ کـرد. عیسـا بەتـەواوی خـۆی خـۆش دەویسـت، بۆیـە بـە ئارەزوویەکـی پیـرۆزی تـەواوەوە دەیویسـت دڵخـۆش و شـاد بێـت. واتـە، دڵخۆشـی هەتاهەتایـی خـۆی لـە هەبوونـی پەیوەنـدی لەگـەڵ باوکـی ئاسـمانی و بـوون بـە یـەک لەگـەڵ باوکیـدا دۆزییـەوە (یۆحەنـا ١٠: ٣٠). کاتێـک ژیانـی خـۆی لەپێنـاو ئێمـەدا بەخشـی، ئـەو ئـارەزووەی ڕەت نەکـردەوە کـە دەیەوێـت بـۆ هەتاهەتاییـە بەهـۆی خـودا دڵخـۆش و شـاد بێـت؛ بـە ڕوونـی دەریخسـت و داوای کـرد.

کاتێـک عیسـا گیانـی خـۆی سـپارد، هەمـوو شـتێکی پێویسـتی بـۆ ئێمـەی گوناهبـار دەسـتەبەر کـرد بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەهـۆی خـوداوە دڵخـۆش و شـاد بیـن. لەبـەر ئـەوەی کـە دڵخۆشـیمان بەهـۆی خـوداوە دەبێـت هـۆی دەرخسـتنی بەهـا و گرنگیـی خـودا، ئەمـە ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە عیسـا بـۆ هەتاهەتاییـە بەهۆیـەوە دڵخـۆش بـوو. بۆیـە، کاتێـک عیسـا گیانـی سـپارد بـۆ ئـەوەی ئێمـە بەهـۆی خـوداوە شـاد و دڵخـۆش بیـن، لەڕاسـتیدا مـرد بـۆ ئـەوەی کـە ئەوپـەڕی خۆشـی خـۆی لـە شـکۆی خـودادا بپارێزێـت و دەربخـات. شـکۆمەندییەکە لـەو خۆشـییەدا ڕەنـگ دەداتـەوە کـە بەهـۆی خـوداوە هەمانـە و بـە خوێنـی عیسـا دەسـتەبەر کـراوە. هـەر بۆیـە،

خۆشەویستیی عیسا نیشاندان و تەواوکردنێکی تەواویی فەرمانی «نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێت»ە.

هەر بۆیە ئەگەر بفەرموێت «خودات خۆشبوێت و نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت، چونکە تەورات و پەیامی پێغەمبەران بەمانەوە بەندن»، یاخود بفەرموێت «یەکتریان خۆشبوێت وەک چۆن من خۆشمویستوون تاکو هەموو کەسێک بزانێت کە ئێوە قوتابی منن»، لە بنەڕەتدا هەمان فەرمان دەدات، کە فەرمانێکی ڕیشەیی و گرنگە. دەبێت ئەو گەرموگوڕییەی کە بۆ دڵخۆشی و شادی خۆمان هەمانە، بکەینە پێوانەی دڵگەرمیمان بۆ باشی کەسانی دیکە. وە دەبێت پێوانەی ئازارچەشتن و دڵخۆشیی کامڵ و تەواوی عیسا بەهۆی خوداوە بکەین پێوەر و ستاندەر بۆ قوتابیدان و سەرنجی ئەو خۆشییەی کە بۆ خۆمان و کەسانی دیکەی داوا دەکەین.

# داواکاریی سی و پێنجەم

## لە ڕێگەی بەخشینی قوربانی ئاسا و دڵفراوانییەوە، لە ئاسمان گەنجینە کۆ بکەوە

«لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ لێی دەدەن، دز دەیبڕێت و دەیدزێت. بەڵکو گەنجینە بۆخۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ لێی نادەن، دزیش نایبڕێت و نایدزێت، چونکە گەنجینەکەت لە کوێ بێت دڵیشت لەوێ دەبێت.» (مەتا ٦: ١٩- ٢١)

«بە خۆڕایی وەرتان گرتووە و بە خۆڕاییش بیدەن.» (مەتا ١٠: ٨)

«ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. ئەگەر لە سامانی ئەم دنیایە دەستپاک نەبن، کێ سامانی ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟ ئەگەر لە شتی خەڵکی دەستپاک نەبن، کێ شتی خۆیتان دەداتێ؟» (لۆقا ١٦: ١٠- ١٢)

لەسەر زەوی چەندە بەخشندە و دڵفراوان بیت، خۆشی و شادیت لە ئاسماندا ئەوەندە زیاد دەبێت. لەبەر ئەوەی عیسا خۆشمانی دەوێت و بانگێشتمان دەکات بۆ ئەوەی خۆشی و شادیمان لە ئاسماندا زیاد بکات، داوای ئازاد بوومان دەکات لە خۆشویستنی پارە و داوای بەخشندەییەکی زۆرمان لێ دەکات. بە تایبەتی بەرامبەر هەژاران.

### قوربانیدان پێوانەی قەبارەی دیارییەکەیە

هۆکاری ئەوەی کە دەڵێم «چەندە بەخشندە و دڵفراوان بیت»، لەبەر ئەو وتەیەی عیسایە کە لە بارەی بەخشینی بێوەژنەکەوە فەرمووی:

«عیسا بەرامبەر گەنجینە دانیشت و سەیری کرد چۆن خەڵکی پارەیان دەخەنە ناو گەنجینەکەوە، زۆرێک لە دەوڵەمەندەکان پارەی زۆریان دادەنا. بێوەژنێکی هەژار هات و دوو فلسی دانا کە نیو عانەیە. قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون : ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم بێوەژنە هەژارە، لە هەموو ئەوانەی دیکە پارەی زیاتری خستە ناو گەنجینەکە، چونکە هەموو لە زیادەی خۆیان بەخشیان، بەڵام ئەم بێوەژنە، سەرەڕای هەژارییەکەی هەموو بژێویەکەی بەخشی» (مەرقۆس ١٢: ٤١- ٤٤).

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە نرخ و بەهای دیاری بە گەورەییەکەی پێوانە ناکرێت، بەڵکو بە قوربانی پێوانە دەکرێت. عیسا فەرمووی کە ئەو بێوەژنە لە هەمووان زیاتری بەخشیوە.

بڕێکـی زیاتـری نەبەخشـیوە، بەڵکـو قوربانییەکـی زیاتـری داوە. هـۆکاری ئەمـە ئەوەیـە کـە قوربانیـدان پێوانەیەکـی باشـترە بـۆ زانینـی ئـەوەی چـی لـە دڵتایـە. ئەگـەر دەوڵەمەندیـت و زۆر دەبەخشـیت، بـەڵام هێشـتا زۆرت پێـماوە، بۆیـە دڵـت ئارامـە لـەوەی کـە ماوتـە. بـەڵام، ئەگـەر لەپێنـاو عیسـادا ببەخشـیت و کەمـت پـێ بمێنێـت، ئـەوا دڵـت کەمـتر ئـارام دەبێـت لـەوەی کـە ماوتـە. ئـەم دڵـە بـە هیـوای بەهەشـتەوە ئـارام دەبێـت. بـە شـیمانەیەکی زۆر ئـەو کاتـە پشـت بـە عیسـا دەبەسـتیت نـەک پـارە و مـاڵ و سـامان.

## بۆ سەرنجێکی ئاوا گەورە لەسەر پارە و ماڵ و سامانمان؟

مایـەی سەرسـامییە کـە عیسـا چەنـدە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە چـۆن پـارە بەکاربهێنیـن. (ڕانـدی ئاڵکـۆرن) بـڕوای وایـە کـە ‹لە سـەدا پـازدەی هەموو وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا پەیوەنـدی بـەم بابەتـەوە هەیـە، کـە زیاتـرە لـە وانـە و فێرکردنەکانـی لەسـەر بەهەشـت و جەهەنـەم».[a] سـەرنجی نمونەیـەک لـە وتـە و فەرمایشـتەکانی عیسـا بـدە دەربـارەی پـارە و کێشـەکانی پەیوەسـت بـە شـێوازی ژیانـەوە:

«شـتێکت کەمـە، بـڕۆ چیـت هەیـە هەمـووی بفرۆشـە و بیدە بـە هـەژاران، بەمـە گەنجینەیەکت لـە ئاسـماندا دەبێـت، ئینجـا وەرە و دوام بکـەوە.» (مەرقۆس ١٠: ٢١)

«ئینجـا چـاوی بـۆ قوتابییەکانـی هەڵبـڕی و فەرمـووی :خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە، ئـەی هـەژاران، چونکـە شانشـینی خـودا بـۆ ئێوەیـە.» (لۆقـا ٦: ٢٠)

«بـەڵام قوڕبەسـەرتان ئـەی دەوڵەمەنـدان، چونکـە خۆشـگوزەرانی خۆتـان لێـرە وەرگرتـووە.» (لۆقـا ٦: ٢٤)

«بـەم شـێوەیە، ئەگـەر هـەر یەکێکتـان واز لـە هەمـوو شـتێک نەهێنێـت کـە هەیەتـی، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن.» (لۆقـا ١٤: ٣٣)

«ئاسـانترە کـە وشـترێک بـە کونـی دەرزیەکـەوە بچێـت لـەوەی دەوڵەمەندێـک بچێتـە نـاو شانشـینی خـوداوە.» (لۆقـا ١٨: ٢٥)

«بـە خەڵکەکـەی فەرمـوو: ئاگاداربـن و خۆتـان لـە هەمـوو چاوچنۆکییـەک بپارێـزن، چونکـە ژیانـی مـرۆڤ بـە زۆری سـامانەکەی نییـە.» (لۆقـا ١٢: ١٥)

---

a Randy Alcorn, The Treasure Principle (Sisters, Ore.: Multnomah, 2001), 8.

من بەتایبەتی پێشنیاری ئەم نامیلکەیە دەکەم وەک ڕێگایەک بۆ یارمەتیدانی خەڵک کە بزانن عیسا بانگیان دەکات کە بەبێ پشت بەستن بە پارە بژین.

«بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستی و دروستیەکەی بکەن. هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.» (مەتا ٦: ٣٣)

«ئەوە هەتانە بیفرۆشن و بە خێر بیبەخشن، بۆخۆتان جزدانێک دابین بکەن کە نەفەوتێت، گەنجینەیەک لە ئاسمان کە لەبن نایەت، لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە و نە مۆرانە لێی دەدات.» (لۆقا ١٢: ٣٣)

«بەڵام زەکا ڕاوەستا و بە مەسیحی خاوەن شکۆی گوت: گەورەم، ئەوەتا نیوەی سامانەکەم دەدەمە هەژاران و ئەگەر بە هەر شێوەیەک فێڵم لە کەسێک کردبێت، چوارقاتی دەدەمەوە. عیساش پێی فەرموو: ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەم ماڵە هات، لەبەر ئەوەی ئەویش کوڕی ئیبراهیمە.» (لۆقا ١٩: ٨- ٩)

«شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. یەکێک دۆزییەوە و شاردییەوە، لە خۆشیان دەچێت و هەرچی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت.» (مەتا ١٣: ٤٤)

«ئینجا عیسا ... بێوەژنێکی هەژاریشی بینی دوو فلسی خستە ناوی. ئینجا فەرمووی: ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم بێوەژنە هەژارە لە هەموویان زیاتری دانا.» (لۆقا ٢١: ١- ٣)

«بەڵام خودا پێی فەرموو: ئەی گێلە، هەر ئەمشەو گیانت دەردەچێت. باشە ئەوەی کۆت کردۆتەوە بۆ کێ دەبێت؟ (٢١)بە هەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی گەنجینە بۆخۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام لەلای خودا دەوڵەمەند نییە.» (لۆقا ١٢: ٢٠- ٢١)

عیساش پێی فەرموو: ڕێوی کونی هەیە و باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام کوڕی مرۆڤ جێیەکی نییە سەری لێ دابنێت. بە یەکێکی دیکەی فەرموو دوام بکەوە. ئەمەیان گوتی: گەورەم ڕێگەم بدە یەکەم جار بچم باوکم بنێژم.» (لۆقا ٩: ٥٨- ٥٩)

بۆچی عیسا ئاوا بە تایبەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چی لە پارەکانمان دەکەین؟ هۆکاری ئەمە، وەک ئاشکرایە، ئەم یاسا سادە و بنەڕەتییەیە کە عیسا دایڕشت: «گەنجینەکەت لە کوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت» (مەتا ٦: ٢١؛ لۆقا ١٢: ٣٤). واتە، هۆکاری ئەوەی کە پارە زۆر گرنگە ئەوەیە کە چۆن بەکاری دەهێنین دەریدەخات دڵمان لەکوێیە. «دڵمان لە کوێیە» واتە، چی دەپەرستین. کاتێک دڵ شوێن شتێک دەکەوێت، بە نرخی دەکات، گرنگی پێ دەدات. بەهاداری دەکات. ئەمە واتای پەرستنە.

## ناتوانیت کۆیلایەتی دوو گەورە بکەیت

دەتوانیت لە ئاگادارکردنەوەکەی عیسادا ببینیت کە «کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە

بـكات، چونکـه ڕقـی لـه یەکێکیـان دەبێتـەوە و ئـەوەی دیکـەی خۆشـدەوێت، یـان دەسـت بـە یەکێکیانـەوە دەگرێـت و ئـەوەی دیکـە پشـتگوێ دەخـات. ئێـوەش ناتوانـن کۆیلـەی خـودا و پـارە بـن» (مەتـا ٦: ٢٤). وشـەی»کۆیلە» لێـرەدا نامۆیـە. ئەمـە زیاتـر پەیوەنـدی بـە پەرستنەوە هەیـە تاکـو کۆیلایەتـی. عیسـا فەرمـووی: ناتوانـن کۆیلـەی خـودا و پـارە بـن». ئێمـە چـۆن کۆیلایەتـی پـارە دەکەیـن؟

وەڵامەکـە خزمەتکـردن و کۆیلەیـی کـردن نییـە بـۆ پـارە. یـان یارمەتـی پـارە بدەیـن و پێداویسـتیەکانی پـارە دابیـن بکەیـن. بەڵکـو وەڵەمەکـە پێچەوانـەی ئەوانەیـە. کۆیلایەتـی بـۆ پـارە واتـە چاوەڕێـی پـارە بکەیـت یارمەتیت بـدات و خزمەتـت بـکات و پێداویسـتیەکانت بـۆ دابیـن بـکات. کۆیلایەتـی بـۆ پـارە واتـە بەرنامەدانـان و خەیاڵکـردن و پلاندانـان و هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی خۆمـان بخەینـە بارودۆخێکـەوە کـە خۆمـان لـە سـەروەت و سـامان پـڕ بکەیـن و خۆشـی و شـادی خۆمـان بدەینـە دەسـت پـارە. پـارە بەخشـەر و سوودبەخشـی پەیوەنـدی کۆیلـە و گەورەکەیەتـی. تـۆ هیـچ شـتێک بـۆ پـارە ناکەیـت. تـۆ چاوەڕێـی پـارە دەکەیـت شـتت بـۆ بـکات.

ئێسـتا عیسـا دەفەرموێـت: «ناتوانـن کۆیلـەی خـودا و پـارە بـن». پێدەچێـت «کۆیلـە» هەمـان واتـای هەبێـت لـەم دوو پەیوەندییـەدا. کەواتـە ئەوەی عیسـا دەیڵێـت ئەوەیە کە ئێمـە کۆیلایەتی بـۆ خـودا بکەیـن نـەک بـە شـێوەیەک کـە یارمەتـی خـوا دەدەیـن، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە ئێمـە دەبێـت یارمەتـی لـە خـودا وەربگریـن و خـودا یارمەتیدەرمـان بێـت، سـەرچاوەی بەخشـین و گەنجینـەی ئێمـە بێـت. خزمەتکردنـی خـودا واتـە بەرنامـە دابنێیـن و خەیـاڵ بکەیـن و پـلان دابنێیـن کـە خۆمـان بخەینـە بارودۆخێکـەوە کـە خۆشـی و شـادیمان لـە بەڵێنەکانـی خـوداوە بێـت. کەواتـە خـودا، بەخشـەر و سوودبەخشـی ئـەم پەیوەنـدی کۆیلـە و گەورەیـە، نـەک پـارە. ئێـوە پێداویسـتیەکانی خـودا دابیـن ناکـەن (هیـچ پێداویسـتیەکی نییـە!). بەڵکـو داوا لـە خـوا دەکـەن کـە پێداویسـتیەکانتان بـۆ دابیـن بـکات.

هـۆکاری ئـەوەی کـە پـارە زۆر گرنگـە بـۆ عیسـا ئەوەیـە کـە لـە هەمـوو کەلتـور و تەمەنێکـدا وەکـو جێگـرەوەی خـودا چـاو لێدەکرێـت کـە گەنجینـەی دڵمانـە، وە بـەو هۆیـەوە دەبێتـە سـەرچاوەی پەرسـتنمان. ئـەوە مەترسـی دەخاتـە سـەر ئەوەی کـە نەتوانیـن گوێڕایەڵی ڕاسـپاردەی یەکـەم و دەیەمـی موسـا بیـن: «هیـچ کەسـێکتان خـودای دیکـەی بێجگـە لـە مـن نەبێـت» (دەرچـوون ٢٠: ٣) وە «چـاو مەبڕنـە شـتی خەڵـک» (دەرچـوون ٢٠: ١٧). پـارە نیشـانەی هەمـوو ئـەو کەلوپـەل و ئارامـی و چێـژ و خۆشـییەیە کـە دەتوانێـت دەسـتەبەری بـکات. لەبـەر ئـەوە، نیشـانەی جێگرەوەیەکـی گەورەیـە بـۆ خـودا لـە دڵمانـدا. لەبـەر ئەمـە چۆنیەتـی بەکارهێنانـی پارەکانمـان زۆر گرنگـە بـۆ عیسـا.

**لووتبەرزیی لە بەهەشت جیامان دەکاتەوە، قوربانیدان خۆشی و شادی بەهەشت زیاتر دەکات**

با بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەکی کە لە یەکەم برگەی ئەم بەشەدا باسم کرد: لەسەر زەوی چەندە بەخشندە بیت و قوربانی بدەیت، خۆشی و شادیت لە بەهەشتدا ئەوەندە زیاد دەبێت. لێرەدا دوو شت گوتراوە. یەکیان ئەوەیە کە ڕۆحێکی لەخۆبایی لە بەهەشت دوورمان دەخاتەوە. وە ئەوەکەی دیکەیان ئەوەیە کە پلە هەیە لە دیاری و خەڵاتدا، یان پلە هەیە لە خۆشی و شادی لە بەهەشتدا کە پەیوەستە بەوەی کە چەند دەبەخشین و قوربانی دەدەین لەسەر زەوی. ئەم دوو بابەتە شایەنی باس و گفتوگۆن. لە بەشی دواتردا، یەک لەدوای یەک باسیان دەکەم و وتە و فەرمایشتەکانی عیسا وەکو بەڵگە دەهێنمەوە.

# داواکاریی سی و شەشەم

## گەنجینە لە ئاسمان بۆ خۆت کۆ بکەوە و خۆشیت لە مەسیحدا زیاد بکە

«چەند گرانە بۆ دەوڵەمەندان بچنە ناو شانشینی خوداوە! چونکە ئاسان ترە وشترێک بە کونی دەرزییەکەوە بچێت، لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە.» (لۆقا ١٨: ٢٤- ٢٥)

«ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەسپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. ئەگەر لە سامانی جیهان دەستپاک نەبن، کێ سامانی ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟ ئەگەر لە شتی خەڵکی دەستپاک نەبن، کێ شتی خۆیتان دەداتێ؟» (لۆقا ١٦: ١٠- ١٢)

وەک بینیمان لە بەشەکانی پێشوودا دوو شت گوترا، کە هەوڵ دەدەم لەم بەشەدا لە فێرکردنەکانی عیساوە یارمەتی وەرگرم. یەکەم، ئەوەی کە ئەگەر هەبوونی ڕۆحێکی لووتبەرز، لە بەهەشت دوورمان دەخاتەوە. دووەم، پلەی دیاری و خەڵات، یان پلەی خۆشی و شادی لە بەهەشتدا، کە پەیوەستە بەوەی لەسەر زەوی چەند بەخشندە و دڵفراوان بووین.

یەکەم، عیسا چەندین جار ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕۆحی لووتبەرز لە بەهەشت دوورمان دەخاتەوە. ئەمەش پێنج نموونە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستییە.

### گەنجە دەوڵەمەندەکە و ژیانی هەتاهەتایی

یەکەم، کاتێک گەنجە دەوڵەمەندەکە پرسیاری لە عیسا کرد کە چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی جاویدانی بەدەستبهێنم، عیسا وەڵامی دایەوە: «چیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بەسەر هەژاران دابەشی بکە، لە ئاسماندا گەنجینەیەکت دەبێت. ئینجا وەرە دوام بکەوە» (لۆقا ١٨: ٢٢). وەک دیارە ژیانی هەتاهەتایی بەندە بەوەی کە لە خۆشویستنی پارە ئازاد بین و بەرامبەر هەژاران بەخشندە بین. بێگومان عیسا ئەمە دەفەرموێت، وەکو چۆن دەبینین کە ئەو پیاوە «زۆر دەوڵەمەندە» (لۆقا ١٨: ٢٣) بە بیستنی ئەمە زۆر خەمناک بوو. عیسا فەرمووی: «چەند گرانە بۆ دەوڵەمەندان بچنە ناو شانشینی خوداوە. چونکە ئاسانترە وشترێک بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە» (لۆقا ١٨: ٢٤- ٢٥).

وەک ئەوەی پێشبینی دەکەین، قوتابییەکانی سەرسام بوون بە قسەکەی عیسا و پرسییان: «کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟» (لۆقا ١٨: ٢٦). ئەوان ئەوە دەبینن کە «بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی» و «چوونە ناو شانشینی خودا» ئاماژەیە بۆ «ڕزگاربوون». عیسا مەبەستی ئەوە نییە کە «ڕزگاربوون مەحاڵە بۆ ئەم لووتبەرزییە»، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە

کـە «ئـەوەی لای خەڵکـی مەحاڵـە، لای خـودا دەبێـت» (لۆقـا ١٨: ٢٧). بـە واتایەکـی دیکـە، تەنهـا خـودا دەتوانێـت ئـەم لووتبەرزییـە بگۆڕێـت کـە دووری دەخاتـەوە لـە بەهەشـت. بـەڵام ئـەوە ئاشـکرایە کـە خۆشەویسـتی ئـەم پیـاوە بـۆ پـارە لـە بەهەشـت دووری دەخاتـەوە: «بـە دڵتەنگییـەوە ڕۆیشـت، چونکـە سـامانێکی زۆری هەبـوو» (مەرقـۆس ١٠: ٢٢) ( بـۆ ئـەوەی بزانیـت ئەمـە چـۆن پەیوەنـدی هەیـە بـە بێتاوانبـوون لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە، بڕوانـە داواکاریـی بیسـتەم).

## پیاوە دەوڵەمەند و هەژارەکە و دوو چارەنووسی جیاواز

نموونـەی دووەم چیرۆکـی پیـاوە دەوڵەمەنـد و هەژارەکەیـە کـە لەبـەر دەرگاکەیـدا کەوتبـوو. عیسـا فەرمـووی: «پیاوێـک دەوڵەمەنـد بـوو، جلـی ئەرخەوانـی و کەتانـی لەبـەر دەکـرد و هەمـوو ڕۆژێکـی بـە خۆشـی ڕادەبـوارد. هەژارێکیـش نـاوی لەعـازر بـوو، لەبـەر دەرگاکـەی کەوتبـوو، بریـن لێـی دابـوو» (لۆقـا ١٦: ١٩- ٢٠). هەژارەکـە تەنهـا پارچـە نانێکـی دەویسـت لـە خوانـی دەوڵەمەندەکـە. ئـەوەی کـە دەیبینیـن ئەوەیـە کـە پیـاوە دەوڵەمەندەکـە بـێ ئـاگا بـوو یـان ڕقـی لـە هەژارەکـە دەبـووەوە کـە لەبـەر دەرگاکەیـدا کەوتبـوو. دواتـر قوتابییەکانـی عیسـا چیرۆکـی مـردن و ژیانـی دوای مردنیـان گێڕایـەوە: «ئیـتر هەژارەکـە مـرد و فریشـتە بـۆ باوەشـی ئیبراهیـم هەڵیـان گـرت. دەوڵەمەندەکـەش مـرد و نێـژرا. لـە جیهانـی مـردووان سـەری هەڵبـڕی و ئـازاری دەچێشـت، لـە دوورەوە ئیبراهیمـی بینـی و لەعـازری لـە بـاوەش بـوو» (لۆقـا ١٨: ٢٢- ٢٣). واتـە، عیسـا دەفەرموێـت کـە لووتبـەرزی و کەمتەرخەمـی ئـەم دەوڵەمەنـدە بـەرەو دۆزەخـی بـرد.

## دەرنەبڕینی خۆشەویستی و حوکمی کۆتایی

سـێیەم، هەروەهــا، لــە (مەتــا ٢٥: ٣١- ٤٦)دا عیســا ئاگادارمــان دەکاتــەوە کــە هەندێــک لەوانـەی کـە لەگـەڵ عیسـادان، کـە پێداویسـتیەکانی هەژارانیـان پشـتگوێ خسـتووە، ڕووبـەڕووی «سـزای تاهەتایـی» دەبنـەوە. کاتێـک کـە پاشـا (کـە لـەم چیرۆکـەدا مەبەسـتی عیسـایە) ئـەم ڕسـتە تۆقێنـەرە دەفەرموێـت بـۆ ئەوانـەی لەگەڵیـدان و لووتبـەرزن، ئـەوان دەڵێـن: «گـەورەم، کـەی تۆمـان بـە برسـێتی یـان تینـوو یـان نامـۆ یـان ڕووت یـان نەخـۆش یـان زیندانـی بینیـوە و خزمەتمـان نەکردوویـت؟ ئەویـش وەڵامیـان دەداتـەوە: ڕاسـتیتان پێدەڵێـم، هەرچییەکتـان بـۆ یەکێـک لـەم بچووکانـە نەکـردووە، بـۆ منیشـتان نەکـردووە. ئەوانـە بـۆ سـزای تاهەتایـی دەچـن بــەڵام ڕاستودروســتان بــۆ ژیانــی تاهەتایــی» (مەتــا ٢٥: ٤٤- ٤٦). واتــە، ڕۆحــی لووتبــەرز لــە بەهەشــت دوورمــان دەخاتــەوە.

## دەوڵەمەندە بێ مێشکەکە کە گیانی لەدەست دەدات

چـوارەم، دووبـارە عیسـا چیرۆکێکـی دیکەمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە لەبـارەی دەوڵەمەندێکـی بـێ

مێشک. کێڵگەکانی پیاوەکە گەشە دەکەن، وە زیاتر لەوەی دەست دەکەوێت کە دەتوانێت بەکاریبهێنێت. لە جیاتی ئەوەی بە بەخشندەیی بیر بکاتەوە، دەڵێت: «وا دەکەم، ئەمبارەکانم تێک دەدەم و گەورەتری دەکەم، لەوێدا هەموو دانەوێڵە و ماڵەکەم کۆدەکەمەوە. بە خۆشم دەڵێم: ئەی گیانم، ئەوەتا ماڵێکی زۆرت هەڵگرتووە، بۆ چەندین ساڵ، بحەسێوە و بخۆ و بخۆوە و دڵشاد بە» (لۆقا ١٢: ١٨- ١٩). بۆ ئەم بڕیاردانە لووتبەرزییە عیسا دەفەرموێت کە خودا بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: «ئەی گێلە هەر ئەمشەو گیانت دەردەچێت. باشە و ئەوەی ئامادەت کردووە، بۆ کێ دەبێت؟» (لۆقا ١٢: ٢٠). بە واتایەکی دیکە، ڕۆحە لووتبەرزەکەی بووە هۆی لەدەستدانی گیانی.

## چۆن سامانێکی ڕاستەقینە و هەتاهەتایی لەدەست بدەین

پێنجەم، ئەمە کۆتا نمونەیە لەسەر ئەوەی چۆن ڕۆحێکی لووتبەرز لە بەهەشت دوورمان دەخاتەوە. لە دوای چیرۆکی سەرکارە ناپاکەکە (لۆقا ١٦: ١- ٩)، عیسا ئەم دەرئەنجامانە ئاشکرا دەکات:

«ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. ئەگەر لە سامانی جیهانی دەستپاک نەبن، کێ سامانی ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟ ئەگەر لە شتی خەڵکی دەستپاک نەبن، کێ شتی خۆیتان دەداتێ؟» (لۆقا ١٦: ١٠- ١٢).

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە «سامانی ڕاستەقینە» و «ئەوەی کە هی تۆیە» ئاماژەیە بۆ گەنجینەی ئاسمان – خۆشی و شادیی سەرمەدی داهاتوو کە بێ دابڕان هاوەڵیی عیسا دەکەین. لەبەر ئەوە، عیسا دەفەرموێت کە ئێمە «سامانی ڕاستەقینە» بە دەست ناهێنین ئەگەر دڵسۆز نەبین لەوەی کە پێمان دراوە کە بەکاریبهێنین لەم جیهانە پڕ لە گوناهە و شکستخواردووەدا. ئەو ئاماژە بۆ پارە و ماڵ و سامانەکانمان دەکات - واتە، سەرچاوە ماددییەکان کە لێرە لەبەردەستماندان. ئەگەر ئێمە چاوچنۆک بین لە جیاتی ئەوەی بە سامانەکەمان پێشەنگی خەڵک بین بۆ بانگکردنیان بۆ باوەڕ (لۆقا ١٦: ٩)، ئەوا ناچینە بەهەشتەوە، کە سامانی ڕاستەقینە هاوەڵی کردن و هەبوونی پەیوەندییە لەگەڵ عیسا.

## هۆکاری پەسەندبوونمان لەگەڵ خودا

ئەمە یەکێکە لە دەرەنجامەکانی ئەو شتەی کە لە یەکەم ڕستەی ئەم بەشەدا گوتم: ڕۆحێکی لووتبەرز بەتەواوی لە بەهەشت دوورمان دەخاتەوە. هیوادارم کە هەتا ئێستا ئاشکرا بووبێت لەم پەڕتووکەدا کە من باوەڕم وا نییە ڕۆحێکی بەخشندە و دڵفراوان هۆکاری پەسەندبوونمانە لەگەڵ خودا. کاتێک عیسا دەفەرموێت ڕۆحێکی لووتبەرز لە بەهەشت

دوورمـان دەخاتـەوە، مەبەسـتی ئـەوە نییـە کـە خـودا سـەیرمان دەکات تاکـو ببینێـت ئاخـۆ ئێمـە خۆمـان پیشـان دەدەیـن کـە بەخشـندە و دڵفراوانیـن پێـش ئـەوەی پەسـەندمان بـکات بـۆ نـاو ژیانـی هەتاهەتایـی. پێـش ئـەوەی بەخشـندە بیـن، خـودا لـە ڕێـگای باوەڕمـان بـە عیسـا، چاکـەی خۆیـمان بەسـەردا دەبارێنێـت (یوحەنـا ٣: ١٦). ئـەو دەمانبـات بـۆ نـاو خێزانەکـەی وەک منداڵـی خـۆی (یوحەنـا ١: ١٢). بـە ڕاستودروسـت لەبەرچاومـان دەگرێـت (لۆقـا ١٨: ١٤). لـە گوناهەکانمان خۆشـدەبێت (مەتـا ٢٦: ٢٨). ژیانـی جاویدانیـمان پـێ دەبەخشـێت (یوحەنـا ٥: ٢٤). لـەم ژیانـەدا هیـچ کام لەمانـە بەدەسـت نەهاتـوون پێـش ئـەوەی زاڵ بیـن بەسـەر ڕۆحـە لووبەرزەکەمانـدا، بەڵکـو پێچەوانەکـەی ڕاسـتە. ئێمـە هەسـت بـە ڕۆحـە لەخۆباییەکەمـان دەکەیـن و بـێ هیـوا دەبیـن لـە زاڵبـوون بەسـەریدا و وەک تاکـە هیوامـان ڕوو لـە عیسـا دەکەیـن. لـەم ئاوڕدانـەوەدا بـۆ عیسـا، ئێمـە بـێ گونـاە کراویـن، بەخشراویـن، قبوڵکراویـن، لەژێـر چاودێـری ئـەودا بـۆ هەمیشـە پارێزراویـن (یوحەنـا ١٠: ٢٨- ٣٠). ئێسـتا ئێمـە لەسـەر ئـەم بنچینەیـە پێشـدەکەوین بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ڕۆحـە لووتبەرزەکەمانـدا.

## قوربانیدانی گەورەتری خۆشەویستی خۆشی و شادی گەورەتر لە بەهەشتدا بەدوای خۆیدا دێنێت

ئـەو بابەتـە پـڕ لـە کێشـەیەی کـە لـە بەشـی پێشـتردا سـەریهەڵدا و لـە یەکـەم بڕگـەی ئـەم بەشەشـدا بـاس کـرا ئـەوەی کـە ئاسـتی زاڵبوونـمان بەسـەر لووتبەرزییەکەمانـدا، بڕیـار دەدات لەسـەر پلـەی دیارییەکەمـان یـان خۆشـی و شـادیمان لـە ئاسـمان. لەسـەر زەوی چەندە بەخشـندە و دڵفـراوان بـن، خۆشـی و شـادیتان لـە بەهەشـتدا زیاتـر دەبێـت. یەکـەم نیشـانەی ئـەوەی کـە عیسـا مەبەسـتی ئـەوە بـوو، لـە چیرۆکـی دە میناکـە ( نزیکـەی کرێـی سـێ مانگـی کرێکارێـک)دا هاتـووە. عیسـا هاتنەکـەی بـۆ سـەر زەوی بـەراورد کـرد بـە پیاوێکـی خانـەدان کـە بـۆ وڵاتێکـی دوور ڕۆیشـت تاکـو پاشـایەتییەک بـۆ خـۆی وەربگرێـت و بێتـەوە، وە دە لـە خزمەتکارەکانـی (مەبەسـتی شـوێنکەوتەکانییەتی) بانـگ کـرد و هـەر یەکـەو مینایەکیـان پـێ دەدات. دەڵێـت: «تاکـو دێمـەوە بازرگانـی بکـەن» (لۆقـا ١٩: ١٣). مـن ئـەم بازرگانییـە بـە یەکێکـی دیکـە لـە جۆرەکانـی خۆشەویسـتی فـراوان دادەنێـم کـە عیسـا چەندیـن جـار فەرمانمـان پێـدەکات.

کاتێـک پاشـا دەگەڕێتـەوە، خزمەتکارەکانـی بانـگ دەکات بـۆ ئـەوەی بزانێـت کـە چیـان لـە میناکان کـردووە. یەکەمیـان هـات و گوتـی کـە دە مینـای قازانـج کـردووە لـە میناکـەی. دووەم گوتـی کـە پێنـج مینـای قازانـج کـردووە. سـێیەم هیچـی قازانـج نەکـردووە. عیسـا بـە یەکـەم دەفەرموێـت: «ئافەریـن کۆیلـەی چـاک، ببـە بـە فەرمانـڕەوای دە شـار». وە بـە دووەم دەفەرموێـت: «تـۆش بەسـەر پێنـج شـاران بـە» لۆقـا ١٩: ١٧، ١٩). مـن ئـەم دوو دیارییـە جیاوازە وەک دوو نمونـە وەردەگـرم بـۆ ئاماژەکـردن بـە هەمەچەشـنی دیارییەکانـی بەهەشـت. مەبەسـتی

مـن لێرەدا دەقاودەق ئـەوە نییـە کـە بەڵێنـی فەرمانڕەوایـی شـارەکان وەربگـرن. مەبەسـتی مـن لێـرەدا زۆر بـە سـادەیی ئاماژەیـە بـۆ جیـاوازی دیارییـەکان لـە پاشـاییەکەدا.

## بەو پێوانەیەی دەیپێون بۆتان دەپێورێتەوە

ئاماژەیەکـی دیکـە کـە دەیسـەلمێنت عیسـا بـەم جـۆرە لـە بەهەشـت دەڕوانێـت، ئەوەیـە کـە لـە (لۆقـا ٦: ٣٧- ٣٨) باسـی دەکات: «حوکـم مـەدەن، بـۆ ئـەوەی خـودا حوکمتـان نـەدات. خەڵکـی تاوانبـار مەکـەن، بـۆ ئـەوەی خـودا تاوانبارتـان نـەکات. ببەخشـن، خـودا دەتانبەخشـێت. ببەخشـن، پێتـان دەبەخشرێـت، پێوانەیەکـی چاکـی پەسـتێنراوی هەژێـنراوی لێڕژاوتـان دەخرێتـە بـاوەش، چونکـە بـەو پێوانەیـەی ئێـوە بـۆ خەڵـک دەیپێـون، خـودا بۆتـان دەپێوێتـەوە». عیسـا مەبەسـتی چییـە لـەوەی کـە دەفەرموێـت: «بـەو پێوانەیـەی ئێـوە بـۆ خەڵـک دەیپێـون، خـودا بۆتـان دەپێوێتـەوە؟»

سـەرەتا، ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە پێشـتر بینیـمان، ڕۆحێکـی لووتبـەرز هەمـوو پیرۆزیـمان لـێ دەدزێـت: «ببەخشـن، پێتـان دەبەخشرێـت.» لێرەدا بـە تایبەتـی باسـی پەیوەنـدی مرۆڤـەکان نـاکات. باسـی لێپرسـینەوەی کۆتایـی لەگـەڵ خـودا دەکات. کـە لـە بازنـە و هەڵوێسـتی دەقـی حوکمـدان و بڕیـاردان و لێخۆشـبوونە. هەروەهـا لـە بابەتی بەڵێنـە فراوانەکەیدا ئـەوە دەگەیەنێت کـە دیارییەکانمـان «پەسـتێنراوی هەژێنـدراوی لێـڕژاو» دەبێـت. وێنـەی نیعمەتـی لەڕادەبـەدەر و فراوانـی خودایـە. ئەگـەر ببەخشـین، ئـەوا خـودا دیارییەکـی زۆرمـان پـێ دەبەخشـێت. ئەگـەر نەبەخشـین، ئـەوا حوکـم دەدرێیـن بـە دڵـە لووتبـەرز و ناتـەواو و ڕزگارنەبووەکـەی خۆمـان.

ئـەی چـی بەسـەر ئـەو «پێوانەیـە»دا دێـت کـە لـە کاتـی بەخشـیندا بەکاریدێنیـن؟ «بـەو پێوانەیـەی دەیپێـون بۆتـان دەپێورێتـەوە». لێرەوە بیرۆکـەی ئـەوەم بـۆ هـات کـە لـە بەهەشـتدا جیـاوازی هەیـە لـە دیارییەکانـدا بـە پێوانەکـردن کـە پەیوەسـتە بـە بەخشـینی قوربانـی ئاسـا و دڵفراوانـی سـەر زەوی. وای دەبینـم کـە (ئـاڕ. سـی. ئێـچ. لێنسـکی) بەرچاوڕوونییەکـی زۆری لـەم بـارەوە هەبێـت کـە دەڵێـت:

> عیسـا ئـەم پێوانەکردنـە ڕوون دەکاتـەوە بـە دانانـی پێوەرێـک لەسـەر ئـەوەی کـە بەخـشراوە: «بـە چ پێوانەیـەک بپێـون، لـە بەرامبـەردا هـەر بـەو پێوانەیـە دەپێورێـن». فەرمانـە یۆنانییەکـە «ئانتریمێترێترێسـێتای»[a] بـە واتـای گەڕانـەوە و بەرامبـەر دێـت. بـە واتایەکـی دیکـە، ئێمـە بـە بەخشـین پێوانەیـەک دروسـت دەکەیـن کـە دەدرێتـەوە بـە خۆمـان. پێوانەکـەی خۆمـان بەکاردێـت بـۆ پێوانەکردنـەوەی خۆمـان. ئێمە بـە بەکارهێنانی ئـەو پێوانەیـە ئـەوە ڕادەگەیەنیـن کـە دەمانەوێـت خـودا لـە کۆتاییـدا بـەکاری بهێنێـت

---

a ἀντιμετρηθήσεται

بـۆ خۆمـان.... ئـەوە پێوانەکەیـە کـە دەیبەیـن بـۆ خـودا، وە تاکـە کارێـک کـە دەیـکات بریتییـە لـە سـەرڕێژکردنی. هەتـا ڕژانـدن پـڕی دەکات. («پەسـتێنراوی هەژێنـدراوی لێـڕژاو»).... بـەم شـێوەیە، ئەوانـەی کـە هیـچ نـادەن زۆر کەمـتر وەردەگـرن، وە ئەوانـەی کـە بـە درێژایـی ژیانیـان دەبەخشـن بڕێکـی زۆر بەدەسـت دەهێنـن. ئەمـە دادپـەروەری و نیعمەتـە.[a]

گریمانـەی ئـەوە دەکـەم کـە مەبەسـت لـە «دادپـەروەری» توندوتیـژی نییـە، هەرچەنـدە تەنانـەت باشـترینی بەخشـندەییمان ناتـەواوە و شـایەنی هیـچ نییـە لەلایـەن خـوداوە. مـن وای دادەنێـم کـە مەبەسـتی گونجانـدن و دروسـت بـووە، بـۆ ئـەوەی گونجاندنێـک هەبێـت لـە نێـوان بەخشـینەکەی ئێمـە و بەخشـینەکەی خـودا بـۆ ئێمـە. بەخشـینێک بـە ناچـاری نـا، بەڵکـو بەخشـینێکی ڕاسـتەقینە. بۆیـە هەمـان پێوانـە بەکاردەهێنێـت، بـەڵام پـڕی دەکات و دەیڕژێنێتـە نـاوی زیاتـر لـەوەی کـە ئێمـە کردوومانـە بـۆ هەرکەسـێک.

مەبەسـتەکە ئەوەیـە کـە لێـرەدا جیـاوازی هەیـە لـە پـڕی و تـەواوی ئـەو خۆشـی و شـادییەدا کـە هـەر یەکێـکمان لـە بەهەشـتدا چێـژی لـێ وەردەگریـن. هـەر یەکێـکمان لـە بەهەشـت پـڕ دەبێـت، چونکـە لـەوێ هیـچ دوودڵـی و بێزاربوونێـک لـە ئـارادا نییـە. بـەڵام پڕیـی هەمـووەمان وەک یـەک نابێـت، لەبـەر ئـەو پێوانەیـەی کـە بەکارمـان هێنـاوە بـۆ پیرۆزکردنـی کەسانی دیکـە لەسـەر زەوی، وە خـودا ئـەوە بەکاردەهێنێـت بـۆ پیرۆزکردنمـان لـە بەهەشـت، وە جیـاوازی هەیـە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکـە. لەبـەر ئـەوە، دووبـارەی دەکەمـەوە، لەسـەر زەوی چەنـدە بەخشـندە و دڵفـراوان بیـن، لـە بەهەشـتیش ئەوەنـدە خۆشـی و شـادیمان زیاتـر دەبێـت.

## «لە ئاسماندا گەنجینە بۆخۆتان کۆبکەنەوە»

لەبـەر ئەمـە، مـن واتـای فەرمایشـتەکەی عیسـا کـە دەفەرموێـت: «گەنجینـە لـە ئاسـمان بۆخۆتـان کۆبکەنـەوە» (مەتـا ٦: ٢٠)، بـەم جـۆرە لێـک دەدەمـەوە: ئەوپـەڕی هەوڵـی خـۆت بـدە کـە پێوانـی دڵفراوانـی و بەخشـندەییەکەت زیـاد بکەیـت. بـە ڕوونـی ئەمـە مەبەسـتی عیسـایە لـە (لۆقـا ١٢: ٣٣)، «ئـەوەی هەتانـە بیفرۆشـن و بـە خێـر ببیەخشـن، بـۆ خۆتـان جزدانێـک دابیـن بکـەن کـە نەفەوتێـت، سـامان لـە ئاسـمان کـە لەبـن نایـەت، لـەوێ نـە دز لێـی نزیـک دەبێتـەوە و نـە مۆرانـە لێـی دەدات». بـە واتایەکـی دیکـە، ئێـوە «جزدانێـک کـە نەفەوتێـت» دەدەن بـە خۆتـان، وە لەگـەڵ «سـامانێک لـە ئاسـمان»، کـە «بـە خێـر دەیبەخشـن». (جزدانێـک و سـامانێک کـە نەفەوتێـن) لێکچواندنـە بـۆ دیاریـی بەهەشـت - لـە بەهەشـت بـە پێـی ئاسـتی پڕیـی پێوانەکـە شـادی و خۆشـیمان پـێ دەبەخشرێـت. پێوانەکـە بـە فەرمانێکـی گرنـگ سـنووردار کراوە،

---

a R. C. H. Lenski, The Interpretation of St. Luke's Gospel (Minneapolis: Augsburg, 1946), 374-375

«بە خێر ببیەخشن.» ئێمە لە ئاسمان گەنجینە کۆ دەکەینەوە نەک لێرە لەسەر زەوی، بە بەکارهێنانی سامانەکانمان بە بەخشندەیی و دڵفراوانییەوە - واتە بە خۆشەویستییەوە.

ئێمە لە بەشەکەی دواتردا دەبینین کە ئەم جۆرە بەخشندەیی و قوربانیدانە دڵفراوانییە، پێشتر و ئێستاش لە باشیی خودادا ڕەگی داکوتاوە بۆ ئێمە لە پێشتر و ئێستاش کە بەخشندەین بەرامبەر کەسانی دیکە. ئێمە دەتوانین بەخشندە بین و خۆشەویستی دەربڕین، چونکە ئەو پێشوەخت ئازادانە پێی بەخشیوین و بەڵێنی پێداوین کە بە بەخشندەیی و بە درێژایی ژیان پێداویستیەکانمان بۆ دابین بکات (مەتا ٦: ٣٣؛ ٧: ٧- ١٢؛ لۆقا ١٢: ٣٢).

# داواکاریی سی و حەوتەم

## گەنجینە لە ئاسمان بۆ خۆت کۆ بکەوە - «باوکت خۆشحاڵە کە شانشینەکەت بداتێ»

«مەترسە ئەی مێگەلی بچوک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ. ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بە خێر ببەخشن، بۆ خۆتان جزدانێک کە نەفەوتێت و گەنجینەیەک لە ئاسمان کە لە بن نەیەت دروست بکەن، لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە و نە مۆرانە لێی دەدات. چونکە گەنجینەکەتان لە کوێ بێت، دڵیشتان لەوێ دەبێت» (لۆقا ١٢: ٣٢- ٣٤).

پێش ئەوەی تەماشای سەرچاوەی بەخشندەییەکەمان بکەین لە باشی خودا، هەرکاتێک باسی هۆکاری پاڵنەری دیاری دەکرێت پرسیارێک دێتە ئاراوە. من یەکەمجار سەیرێکی ئەو پرسیارە دەکەم، دواتر باشیی خودا لە پشت هەموو بەخشینەکانمانەوەیە.

### بۆچی ئەمە شانازییەکی چاوەڕانکراو نییە؟

بۆچی ئەم هاندانە بۆ بەخشین - بۆ زیادکرانی خۆشیمان لە ئاسمان - بەخشینەکەمان لە خۆشەویستییەوە ناگۆڕێت بە شانازییەکی چاوەڕوانکراو؟ هۆکارەکە ئەوەیە کە ئامانج لە هەموو بەخشینەکانمان بریتییە لە یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتی ئێمەیە (جا دوژمن بێت یان خزم و ئاشنا)، بۆ زیاتر نیشاندانی جوانیی عیسا و بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕابکێشین لەگەڵمان بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی ئاسمانی. هیچ شوێنکەوتووێکی ڕاستەقینەی عیسا نایەوێت بە تەنها بەهۆی عیساوە خۆشی و شادی ببینێت. ئەمە ئەو عیسایە نییە کە بوونی هەیە. ئەو ژیا و مرد بۆ ئەوەی ببێت بە «قوربانی بۆ زۆرێک» (مەرقۆس ١٠: ٤٥). ئەو خۆشییەی دەمانەوێت بۆ خۆمانی زیادی بکەین، خۆشییەکی هاوبەشە. بەخشندەیی و دڵفراوانی قەبارەی خۆشیمان لە بەهەشت زیاتر دەکات، نەک قەبارەی دڵمان بەرامبەر کەسانی دیکە. ئەوە دەکەین بە ئامانج کە ئەوان خۆشی ئێمە بەش بکەن و ئێمەش خۆشی ئەوان، بۆیە خۆشی و شادی هەردوولا زیاتر دەبێت، چونکە دابەش کراوە.

یان هاوکێشەکە پێچەوانە بکەینەوە: ئەوە چ جۆرە خۆشەویستییەکە ئەگەر لە کاتی بەخشیندا نەمانەوێت خۆشییەکانیان لەگەڵدا بەش بکەین؟ بەخشینێکی بێ خۆشەویستی واتای ئەوەیە کە ئەو دیارییەی کە دەیبەخشیت هیچ بەهایەکی نییە. ئەگەر هیچ گەرموگوڕییەکم بۆ چێژوەرگرتن لەو شتە نەبێت کە دەمەوێت ببەخشم، کەواتە چۆن

دیارییەکـەم بەهـا و ڕێـزی دەبێـت؟ پێـم وایـە کـە هەنێـک کـەس خۆیـان هەڵخەڵەتانـدووە چونکـە وا دەزانـن خۆشەویسـتی ئەوەیـە کـە ببەخشـین بـە هەژارێـک، بەبـێ گرنگیـدان بـە خۆشـی و شـادیی هەتاهەتایـی هەژارەکـە. واتـە، وا دەزانـن تەنهـا بەخشـین بەبـێ ئـەوەی مەبەسـتی گۆڕینـی ئەوانمـان هەبێـت، بـۆ ئـەوەی عیسـا ببێـت بـە گەنجینەیـان، کارێکـی پـڕ لـە خۆشەویسـتییە. بـەڵام لەڕاسـتیدا وا نییـە. ئەگـەر ئێمـە کەمتەرخـەم بیـن بەرامبـەر ئـەوەی کـە ئاخـۆ ئـەو بەخشـینەمان ڕێنیشـاندەرێک دەبێـت بـۆ ئـەوەی لایەنـی سـوودمەند مەسـیحی خۆشـبوێت یـان نـە، کەواتـە ئێمـە بەپێـی خۆشەویسـتی ناجوڵێینـەوە. مەبەسـتم ئـەوە نییـە کـە دەبێـت سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنیـن بـۆ ئـەوەی بەخشـینەکەمان ببێـت بـە خۆشەویسـتی. لەوانەیـە نەگەیـن بـە ئامانجەکەمـان. لەوانەیـە لەگـەڵ قبوڵکردنـی بەخشـینەکەمان، عیسـا قبـوڵ نەکـەن. بـەڵام ناکرێـت بەهـۆی ئـەوەوە خۆشـمان نەوێـن. ئەگـەر خۆشـی هەتاهەتاییـان لەگـەڵ عیسـادا نەکەینـە ئامانـج بۆیـان، کەواتـە ئـەوە ڕێگەیەکـی خۆشەویسـتی نییـە بـۆ بەخشـین.

## بەخشینی قوربانی ئاسا دەریدەخات کە ئێمە کۆت و بەندی کەلوپەل و ئامراز نین

ئـەو بەخشـینەی لـە مێشـکی عیسـادایە بەخشـینێکی هەمەجـۆری شـیاوە بـۆ پیرۆزکردنـی کەسانی دیکـە بـەوەی کـە هەمانـە و دەیکەیـن و دەیڵێیـن. داواکاریـی عیسـا ئەوەیـە کـە ئـەوەی هەمانـە بەکاریبهێنیـن بـۆ پیرۆزکردنـی کەسـانی دیکـە. دەکرێـت پـارە بێـت (مەتـا ٩: ٢١)، یـان شـیفادان (مەتـا ١٩: ٨)، یاخـود پەرداخێـک ئـاوی سـارد (مەرقـۆس ٩: ٤١)، هەروەهـا دەکرێت کات و ڕەنجکێشـان وەک سـامرییە باشـەکە (لۆقـا ١٠: ٣٤- ٣٥)، یـان بـە ماڵەکـەت و میواننـەوازی (لۆقـا ١٤: ١٣- ١٤). ئامانجـی فەرمانەکـەی عیسـا ئەوەیـە لـە بنەڕەتـەوە ئـازاد بیـن لـە خۆشویسـتنی پـارە و ئـەوەی پێـی دەکڕدرێـت، وە ئـازاد بیـن لـە ترسـی لەدەسـتدانی سـەلامەتی و ئاسـوودەیی.

پـارە بـە تـرس یـان بـە چاوچنۆکـی کۆیلەمـان دەکات. ئێمـە چاوچنۆکیـن و شـتی زیاترمـان دەوێـت و دەترسـین ئـەوەی هەمانـە لەدەسـتی بدەیـن. عیسـا دەیەوێـت ئێمـە ئـازاد بیـن. بەخشـینی قوربانـی ئاسـا بەڵگەیـە بـۆ ئازادبوونمـان لـەو بتانـەی کـە پـارە پێمـان دەبەخشـێت. هەروەهـا بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کـە دەسـتمان کـردووە بـە خۆشویسـتنی کەسـانی دیکـە بـەو شـێوەیەی کـە پێویسـتە؛ واتـە، بـە ئاشـکرا سـەرنج دەخەینـە سـەر خۆشـی و شـادی کەسـانی دیکـە، نـەک تەنهـا هەوەسـە شـاراوەکان کـە لەنـاو جیهانێکـی بچـووک لـە لووتبەرزیـدا بۆگـەن دەبێـت و لەنـاو دەچێـت.

دەتوانیـن ئـەوە ببینیـن کـە عیسـا چـۆن دەڕوانێتـە ئازابوونمـان بـە پەیوەسـتکردنی بەڵێنـی بەخشـینی خـودا لەگـەڵ فەرمانـی بەخشـینی قوربانـی ئاسـا. ئەمـەش پەیوەسـتکردنەکە: «مەترسـە ئـەی مێگەلـی بچـووک، چونکـە باوکتـان خۆشـحاڵە شانشـینەکەتان بداتـێ. ئـەوەی

هەتانە بیفرۆشن و بەخێر ببەخشن» (لۆقا ١٢: ٣٢- ٣٣). بە دڵنیاییەوە عیسا دەیەوێت لەوە تێبگەین کە وشەی» **بۆیە**» هەیە لەنێوان بەڵێنەکە و فەرمانەکە: «مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ. **بۆیە**، ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بە خێر ببەخشن».

(لۆقا ١٢: ٣٢) کلیلێکە بۆ سەرەتای ئازادبوونمان لە کۆیلایەتی ترسناکی سامانەکانمان. ئەوە بۆمبێکە کە دەتوانێت ئەو ماڵەی کە تیایدا دەژین و لە کانزا دروستمان کردووە، وێرانی بکات. (لۆقا ١٢: ٣٢) وتەیەکی بەهێزە لە عیساوە دەربارەی سروشتی خودا. دەربارەی ئەوەی خودا چ جۆرە دڵێکی هەیە - چ شتێک خودا دلخۆش دەکات، نەک تەنها ئەوەی کە چی هەیە و چی دەکات. بەدڵنیایەوە لەبارەی ئەوەوەیە کە خودا حەز دەکات چی بکات، چی پێخۆشە بیکات. «مەترسە ئەی مێگەلی بچووک چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ». ئەمانە ئەو وشانەن کە ئازادمان دەکەن وا یارمەتیمان دەدەن کە سامانەکانمان بفرۆشین و بە دڵفراوانی و قوربانی ئاساوە ببەخشین.

## باشیی خودا سەرچاوەی بەخشینەکەمانە

سەرنجی هەموو بەشێکی ناوازەی ئەم ئایەتە پڕ میهرەبانییە بدە: «باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ». بە واتایەکی دیکە، خودا بەم شێوە بەخشندەییە هەڵسوکەوت ناکات تاوەکو خواست و نیەتێکی خراپ بشارێتەوە. وشەی «خۆشحاڵە» بە تەواوی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو لە دڵی خۆیدا ناڵێت، « هەتا ماوەیەک پێویستە بەخشندە بم هەرچەندە ناشمەوێت وابم، چونکە ئەوەی بەڕاستی دەمەوێت بیکەم حوکمدانە بەسەر گوناهبارانـدا».

واتای دەقەکەی عیسا حاشاهەڵنەگرە: خودا لێرەدا بە ئازادی هەڵسوکەوت دەکات. ئەو لەژێر سنورێکدا نییە کە ئەوە بکات کە نایەوێت. کاتێک کە شانشینەکەی دەدات بە مێگەلەکەی، ئەو بەپەڕی خۆشحاڵیەوە هەڵسوکەوت دەکات. ئەمە واتای ئەم دەقەیە: شادی خودا، ئارەزووی ئەو، هیوا، ویست، خواست، شادی و خۆشحاڵی ئەوە کە شانشینەکەی بدات بە مێگەلەکەی.

دواتر بیر لە دەستەواژەی «باوکتان» بکەوە.» «مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ.» عیسا نافەرموێت: «ئەوە خۆشحاڵی خاوەنکارەکەتانە کە مووچەکەتان بداتێ». ئەو نافەرموێت: «ئەوە خۆشحاڵی گەورەکەتانە کە نیشتەجێتان بکات». تەنانەت نافەرموێت: «ئەوە خۆشحاڵی پاشاکەتانە کە شانشینەکەتان پێ ببەخشێت». هەموو وشەیەکی لەم ئایەتەدا بەتایبەتی بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە

زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەی کە خودا خراپ لەگەڵمان دەجوڵێتەوە. بۆیە عیسا خودای بە «باوکمان» ناوزەد کرد.

## خودا باشترین باوکە، تەنانەت زۆر باشتر لەو باوکە زەمینییەی کە هەتبووە!

بێگومان هەموومان باوکێکی خوداناس و باشمان نەبووە. بۆیە لەوانەیە وشەی»باوک» پڕ نەبێت لە ئاشتی و ئاسوودەیی بەو شێوەیەی عیسا مەبەستیەتی. کەواتە ڕێگە بدەن کە وشەی «باوک» بە دوو واتا لێک بدەمەوە کە عیسا ئاماژەی پێداوە.

یەکەم، ئەگەر پاشا باوکمان بێت، کەواتە ئێمە میراتگری شانشینەکەیین. کەواتە ئاساییە کە وەریبگرین - ئەوە میراتی خۆمانە. (مەتا ٢٥: ٣٤) دەڵێت: لە کۆتا ڕۆژدا عیسای پاشا دەفەرموێت: «وەرن، ئەی ئەوانەی باوکم بەرەکەتی پێدان، ببنە میراتگری ئەو شانشینە کە لە سەرەتای دامەزراندنی جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە». پێش دروستبوونی جیهان، خودا شانشینێکی ئامادەکردبوو بۆ ڕۆڵەکانی. بەپێی مافی میراتگری، موڵکی خۆیانە. وە خودا ناڕازی نییە لەوەی کە ڕۆڵەکانی بێن بۆ میراتگری خۆیان. خودا دڵخۆشە کە شانشینەکەیان پێ ببەخشێت.

دووەم، ئەگەر پاشا باوکمان بێت، ئەوا پێویست ناکات باج بدەین. لە (مەتا ١٧: ٢٥)، پەترۆس پرسیار بوو بۆی کە ئایا قوتابییەکان دەبێت باجی پەرستگا بدەن یان نە. عیسا فەرمووی: «ڕات چییە شیمۆن؟ پاشایانی زەوی سەرانە و باج لە کێ وەردەگرن؟ لە ڕۆڵەکانی خۆیان یان بیانی؟» وە کاتێک کە پەترۆس گوتی «لە بیانی» عیسا فەرمووی: «کەواتە ڕۆڵەکان ئازادن». عیسا باج لە ڕۆڵەکانی وەرناگرێت. ئەوانەی کە لە دەرەوەی کۆشکەکەن هەست بە قورسیی یاسا دەکەن، نەک ڕۆڵەکانی ناو کۆشکەکە. ڕۆڵەکان ئازادن! باوکایەتی خودا واتە ئازادی.

لیستی دەرەنجامی واتای ئەوەی کە خودا باوکمانە، دەکرێت بەردەوام بێت. وە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی کە زاڵ بین بەسەر ترسی ئەوەی کە خودا ئیرەیی بە میهرەبانییەکەی بەرامبەر ئێمە دەبات. ئەو ئیرەییمان پێ نابات، بەڵکو بە پەرۆشە و خۆشحاڵە کە بە ڕۆڵەکانی ببەخشێت. ئەو باوکی ئێمەیە، وە ئێمە کە خراپین بزانین چۆن شتی باش ببەخشین بە ڕۆڵەکانمان، چەند زیاتر باوکمان لە ئاسمان شانشین دەبەخشێت بەوانەی داوای دەکەن (مەتا ٧: ٧- ١١).

## دڵفراوانی و بەخشندەیی و گرنگپێدانی خودا

دواتر سەرنج بدە وشەی «بداتێ». «باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ». عیسا

نافەرموێت شانشینەکەتان پێ دەفرۆشم. نافەرموێت ئاڵوگۆڕی شانشینەکەتان لەگەڵ دەکەم. بەڵکو دەفەرموێت باوکتان خۆشحاڵە کە شانشینەکەتان بداتێ. خودا کانیاوی شاخێکە، نەک حەوزێکی ئاو. ئەو هەمیشە پڕە. خۆشحاڵە بەوەی سەرڕێژ بێت. بەخشینی بەردەوام، سروشتی کانیاوی هەتاهەتایی ژیانە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە خودا پێویستی بە کۆمەڵە دۆلکەیەک یان پەمپ نییە. عیسا داوا لە تینووەکان دەکات، نەک ئاوهەڵگرەکان. شوێنکەوتنی عیسا واتە هیواداربین و گیانی تینوومان بە خۆشەویستییە نایابەکەی ڕازی بکەین.

شانشینەکەتان دەداتێ! ناتوانرێت بکڕدرێت یان ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت یان بە هەرشێوەیەک بێت بەدەستبهێنرێت. تەنها یەک ڕێگە هەیە بۆ بەدەستهێنانی، وە ئاسانترین ڕێگەیە، ڕێگەی (لۆقا ١٨: ١٧): «ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێک شانشینی خودا پەسەند نەکات، هەرگیز ناچێتەوە ناویەوە.» باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ. بڕوانە (لۆقا ٨: ١٠).

دواتر سەرنجی وشەی «مێگەل» بدە. «مەترسە ئەی مێگەلی بچوک، باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ». عیسا هونەری ڕەوانبێژی خوازە (مێتافۆر) بەکاردێنێت. خودا باوکی ئێمەیە. وە لەبەر ئەوەی کە شانشینەکەمان پێ دەدات، کەواتە پێویستە پاشا بێت. وە چونکە ئێمە مێگەلی ئەوین، کەواتە پێویستە شوان بێت. عیسا لە هەوڵدایە کە هەموو وشەیەکی گونجاو بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی بەکاربهێنێت: خودا ئەو جۆرە خودایە نییە کە ناڕازی بێت لەوەی کە ڕۆڵەکانی بەرەکەتدار دەکات.

کاتێک بە «مێگەلەکەی» یان بە «مەڕەکەی» بانگمان دەکات، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە عیسا فەرمووی شوانی باش ژیانی بۆ مەڕەکانی دادەنێت. ئایا ئەو بە دڵێکی ناڕازی یان لەژێر فشاردا ئەمە دەکات؟ نەخێر. «کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم» (یۆحەنا ١٠: ١٨). باوک ناڕازی نییە لە دیاریی کوڕەکەی، وە کوڕەکەی ناڕازی نییە لە دیاریی ژیانی. شوانەکە خۆشحاڵە کە شانشینەکەی بدات بە مێگەلەکەی.

دواتر بیر لە وشەی «بچوک» بکەوە. «مەترسە ئەی مێگەلی بچوک، باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ». بۆچی دەفەرموێت «مێگەلی بچوک»؟ لێرەدا دوو مەبەستی هەیە. یەکەم، مەبەستی لە گرنگیپێدان و خۆشەویستییە. کاتێک خێزانەکەم لە مەترسیدان، ئەگەر پێیان بڵێم: «مەترسە، خێزانە بچوکەکە»، مەبەستم ئەوەی کە دەزانم لە مەترسیدان و بچوک و لاوازن، بەڵام هەموو هێز و توانام بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی بتانپارێزم، چونکە ئێوە بەنرخن بۆ من. کەواتە «مێگەلی بچوک» واتای خۆشەویستی و گرنگیپێدان هەڵدەگرێت.

هەروەها ئەوە دەنوێنێت کە باشیی خودا پەیوەست نییە بە مەزنیی ئێمەوە. ئێمە مێگەلی

بچوکین، بچوک لە قەبارەدا، بچوک لە هێزدا، بچوک لە داناییدا، بچوک لە ڕاستودروستیدا، بچوک لە خۆشەویستیدا. ئەگەر باشیی خودا پەیوەست بێت بە مەزنیی ئێمەوە، ئەوا ئێمە لە کێشەیەکی گەورەدا دەبین. بەڵام ئەمە مەبەستەکەیە: پەیوەست نییە بە مەزنیی ئێمەوە. کەواتە، ئێمە لە کێشەدا نین. «مەترسە ئەی مێگەلی بچوک، باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ».

## دیاریی یاسای مەزنیی خودا لە جێگەی ئێمە

لە کۆتاییدا، سەرنجی وشەی «شانشین» بدە. لەوانەیە کەمێک ئەو هەستەمان لامابێت کە خودا ناڕازییە یان دژ بە ئێمەیە. لەوانەیە کەسێک بڵێت: «باشە، خودا باوکی ئێمەیە نەک گەورەی ئێمە؛ ئەو خۆشحاڵە کە ببەخشێت لە جیاتی ئەوەی بفرۆشێت؛ ئەو بەو شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکات کە شوانێکی باش ڕەفتار لەگەڵ مێگەلەکەی دەکات؛ خۆشەویستی و بەزەیی هەیە بۆ ئێمەی بچوک. بەڵام لە دوای هەموو ئەمانە، ئایا بەڕاستی بەڵێنی داوە پێمان ببەخشێت؟»

بەڵێنی پێمان نەداوە پارەمان پێ ببەخشێت. لە ڕاستیدا دەفەرموێت: «چونکە ئاسانترە وشترێک بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە» (لۆقا ١٨: ٢٥). ئەو بەڵێنی ناو و ناوبانگ لە ناو خەڵکدا نادات، بەڵکو دەفەرموێت: «خۆزگە دەخوازرێ بە ئێوە کاتێ خەڵک ڕقی لێتان دەبێتەوە و کاتێ جیاتان دەکەنەوە، جنێوتان پێ دەدەن و بە بەدکار ناوتان دەبەن، لەبەر کوڕی مرۆڤ!» (لۆقا ٦: ٢٢). تەنانەت بەڵێنی پاراستنی نەداوە لەم ژیانەدا. لە جیاتی ئەوە دەفەرموێت: «تەنانەت دایک و باوک و برا، خزم و هاوڕێیانیش بە گرتنتان دەدەن، لێتان دەکوژن. لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە» (لۆقا ٢١: ١٦- ١٧).

ئەو بەڵێنی داوە چی بە مێگەلە بچوکەکەی ببەخشێت - بۆ ئەوەی یەکجار و بۆ هەمیشە بیسەلمێنێت کە تەنها مایەی خۆشحاڵی ئەو نییە کە ببەخشێت، بەڵکو خۆشحاڵی ئەوە کە زۆر ببەخشێت؟ ئەو بەڵێنی داوە کە شانشینی خودامان پێ ببەخشێت. وە بەخشینی یاسایی مەزنیی خودا چ واتایەکی هەیە؟

بە واتایەکی سادە و ساکار، یاسا و دەسەڵاتیی مەزنیی پاشای گەردوون بۆ هەمیشە لە جێگەی مێگەلە بچوکەکەی خودا لە کاردا دەبێت. کێ دەتوانێت باسی ئەوە بکات کە چۆن دەبێت کاتێک ئەو وتەیەی عیسا دێتە دی کە لە خوانی کۆتاییدا فەرمووی: «منیش شانشینییەکەتان بۆ دادەنێم، وەک باوکم بۆی داناوم، تاکو لە شانشینەکەمدا لەسەر خوانەکەم بخۆن و بخۆنەوە» (لۆقا ٢٢: ٢٩- ٣٠)؟

عیسا دەزانێت کە مێگەلەکەی خودا لە ململانێدایە لەگەڵ ترسی ئەوەی کە ئەو شتانە بفرۆشین کە پێویستمان پێیان نییە و بە شێوەیەکی قوربانی ئاسا و بە دڵفراوانییەوە بیبەخشین بە هەژاران. وە دەزانێت کە یەکێک لەو ترسانە ئەو ترسەیە کە خودا ئەو جۆرە خودایەیە کە بە تەواوی تووڕەیە و لە هەموو شتێک زیاتر بە حوکمدان بەسەر گوناهکاران خۆشحاڵە و تەنها لە چاوچێوەی ئەرکەکەی چاکە دەکات، نەک لەبەر ئەوەی کە بەخشین خۆشحاڵ و دڵشادی دەکات. لەبەر ئەوە عیسای پەروەردگار لە (لۆقا ١٢: ٣٢) لە هەوڵدایە لەم ترسە ئازادمان بکات بە گوتنی ڕاستیی خودا پێمان. هەموو ئەو وشانەی کە هەڵبژاردوون بۆ ئازادکردنمان لە خۆشویستنی پارە و ڕازیکردنمان بەو بەڵێنانەی خودا پێمانی داوە و بەهۆی عیسا دێتە دی بۆمان. هەموو وشەیەک گرنگە و بەهای خۆی هەیە. هەمیشە بە هێواشی بیخوێنەوە.

مەترسە،

ئەی مێگەلی

بچوک،

چونکە باوکتان

خۆشحاڵە

شانشینەکەتان

بداتێ!

## سادەیی و بەخشندەیی (ویڵیەم کاری)

ئەم بەڵێنە چ جۆرە ژیانێك بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە بەڕاستی باوەڕ دەکەن؟ من ئەم بەشە بە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ژیانی (ویڵیەم کاری) مزگێنیدەر کۆتایی پێ دەهێنم. لە تشرینی یەکەمی ١٧٩٥، ویڵیەم لە هیندستان کۆمەڵێک نامەی لە وڵاتەکەی خۆی، بەریتانیا بەدەست گەشت. یەکێک لە نامەکان ڕەخنەی ئەوە لێگرتبوو کە گوایە سەرقاڵی کاری بازرگانییە، لە جیاتی ئەوەی هەموو کاتەکەی بۆ ئەرکی مزگێنیدان تەرخان بکات. ویڵیەم دڵی شکا و بەم تۆمەتە تووڕە بوو. ئەگەر ئیشی نەکردبا، ڕەنگە خۆی و خێزانەکەی لە برسا بمردبان، هەروەها ئەو هاوکاری و یارمەتییەی کە لە بەریتانیاوە بەدەستی دەگەیشت زۆر هێواش و کەم و پچڕپچڕ بوو و درەنگ دەگەیشتە دەستی. وە بەم وشانە وەڵامی ئەو نامەیەی دایەوە کە باسی ژیانێک دەکات کە من نوێژ دەکەم و لە خودا دەپاڕێمەوە کە من و تۆش هەمانبێت:

ئەمە بابەتێکی جێگیر و یەکلاییکەرەوەیە بۆ من کە ئەگەر هەڵسوکەوتەکانم نەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەوا شایانی بەرگریکردن نین ... تەنها ئەمە دەڵێم، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە خێزانەکەم هاوکارییەکی کەمیان پێ دەدرێت، بەڵام هەموو داهاتەکەم، بگرە هەندێک مانگ زۆر زیاتر لە داهاتەکەم بۆ مەبەستی مژدە و مزگێنیدان خەرج دەبێت، بۆ یارمەتیدانی کەسەکان بۆ هاوکارییان لە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز، نوسینی پەڕتووک و نامیلکە، قوتابخانەی تایبەت بە کتێبی پیرۆز، وە بابەتی دیکەی لەو شێوەیە ... من ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی نیشانی بدەم کە خۆشویستنی پارە هانم نادات ئەوە بکەم کە تاوانبار کراوم پێی. من بەڕاستی هەژارم، وا باشترە کە هەمیشە هەر بەو شێوەیە بم هەتا ئەو کاتەی کە ئینجیل بە زمانی بەنگالی و هیندی بڵاوەبێتەوە و چیتر خەڵکی لە فێرکردن و ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆزدا کەموکورتییان نەبێت.[a]

ئەمە ئەو جۆرە تەرخانکردنە قوربانی ئاسا و فراوانەیە بۆ شانشینی عیسا کە عیسا مەبەستی بوو کاتێک داوای کرد و فەرمووی: «گەنجینە بۆ خۆتان کۆ بکەنەوە لە ئاسمان».

a Mary Drewery, *William Carey: A Biography* (Grand Rapids, Mich.: Zondervan ,١٩٨٤), ٩١

# داواکاریی سی و هەشتەم

## سوێند مەخۆ - تامی ڕاستیی بکە و ڕاستیی بڵێ

«مەترسە دیسان بیستووتانە کە بە پێشینان گوتراوە: «سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ یەزدان بەرەسەر.» بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، لەبەر ئەوەی تەختی خودایە، نە بە زەوی، لەبەرئەوەی تەختە پێیەتی، نە بە ئۆرشەلیم، لەبەر ئەوەی شاری پاشای پایەبەرزە. سوێند بە سەری خۆت مەخۆ، چونکە ناتوانیت تاڵێکی سپی یان ڕەش بکەیت. بە قسەتان: «بەڵێ» بۆ «بەڵێ» و «نەخێر» بۆ «نەخێر» بێت، لەمە بترازێت لە شەیتانەوەیە.» (مەتا ٥: ٣٣- ٣٧)

عیسا فێرمان دەکات کە ڕاستیی بەنرخ و بەهادارە. ئێمە هەموومان هاوڕاین لەسەر ئەوە، کاتێک کە درۆمان لەگەڵ دەکرێت. باشترین پرۆفیسۆری ڕێژەگەرا لە زانکۆ، کە گاڵتە بە ڕاستییەکان دەکات لە ناو پۆلدا، تووڕە دەبێت ئەگەر هەڵەیەک لە پسوڵەی کارەباکەیدا ڕوویدابێت و بەو هۆیەوە پارەیەکی زۆری بۆ هاتبێتەوە. پەیوەندی بە کۆمپانیاوە دەکات و سکاڵاکەی دەگەیێنێتە لایەنی پەیوەندیدار. پێی وانییە پێکەنیناوی بێت ئەگەر لە کۆتاییدا بەم شێوەیە وەڵامی بدەنەوە: «لە دید و ڕوانگەی تۆوە هەڵەیە، نەک لە دید و ڕوانگەی ئێمەوە».

### بۆ کەسانی ئاسایی، ڕاستی بەنرخە

ڕاستی بەنرخە. ئایا منداڵەکە دەرزییە ونبووەکەی قوت دا یان نا؟ ئایا ئەم ئاوە شیاوە بۆ خواردنەوە یان نا؟ ئایا تۆ هاوڕێیت یان سیخوڕ؟ ئایا بەڵێنی ئەم هاوسەرگیرییە دەبەیتە سەر کە بریتییە لە خۆشویستن و ڕێزگرن لێم، یان تەنها ئامانجت پارە و سێکسە؟ ئایا بەنزینی پێویستمان پێیە بۆ ئەم فڕۆکەیە بۆ ئەوەی بگەیین بە شوێنی مەبەستمان یان باشترە بگەڕێینەوە؟ ئایا ئەم نەشتەرگەرییە خراپتر یان باشترم دەکات؟ ئایا ئەو کەسە بێچارەیەی پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد، گوتی کۆڵانی یازدەیەم یان شەقامی یازدەیەم؟

ئەوانەی گاڵتە بە چەمکی ڕاستی دەکەن، کەسانێکی دەسەڵاتدارن کە لەو کاتەدا پێویستیان بە ڕاستییەکە نییە بۆ ژیانیان. دیکتاتۆرەکان گوێ بە ڕاستی نادەن، چونکە هێزیان هەیە کە بۆ ماوەیەکی کورت لە مێژوودا ئەو ڕاستییە دروست بکەن کە خۆیان دەیانەوێت. پرۆفیسۆرەکان لەوانەیە ڕاستییەکەیان بەلاوە گرنگ نەبێت لە پۆلدا، چونکە هێز و توانایان هەیە و پارێزراون بۆ ئەوەی قوتابییەکان سەرقاڵ بکەن بە یاری زانکۆییەوە

و بەبێ ئـەوەی کـە ناچـار بکرێـن ئـەو گەمژەییـە شـەو لەگـەڵ خۆیـان بنـەوە بـۆ ماڵـەوە و بەسـەر خۆیانـدا جێبەجێـی بکـەن. بـەڵام بـۆ زۆربـەی جیهـان، ڕاسـتی گرنگـە. وە بـاش دەزانـن. لـە کۆتاییـدا گرنگـە. ژیانیـان بەنـدە بـە ڕاسـتییەوە.

## «هاتووم تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم»

عیسـا ڕاسـتیی خۆشدەویسـت و ڕقـی لـە هەڵخەڵەتانـدن بـوو. نۆیـەم ڕاسـپاردەی پشتڕاسـت کـردەوە: «شـایەتی درۆ مـەدە» (مەرقـۆس ١٠: ١٩). ئـاگاداری کردینـەوە و فەرمـووی کـە «هەڵخەڵەتانـدن» لـە دڵـەوە دێتـە دەرەوە و کەسـەکە قێـزەون دەکات (مەرقـۆس ٧: ٢١- ٢٢). بـە ڕای عیسـا دووڕوویـی ئایینـی شـێوەیەکی درۆی دۆزەخییـە (مەتـا ٢٣: ١٥). فەرمـووی ئەوانـەی خوداناسـی بەکاردێنـن بـۆ شـاردنەوەی خراپەکانیـان، ڕۆڵـەی شـەیتانن. «ئێـوە لـە ئیبلیسـی باوکتانـن، دەتانەوێـت بـە ئارەزووەکانـی باوکتـان بکـەن. ئـەو لـە سـەرەتاوە بکـوژ بـووە، لـە ڕاسـتیدا نەچەسـپاوە، چونکـە ڕاسـتی لـە ئـەودا نییـە. کاتێـک درۆ دەکات، بـە زمانـی خـۆی قسـە دەکات، چونکـە درۆزنـەوە و باوکـی درۆیـە» (یۆحەنـا ٨: ٤٤). ڕیشـەی درۆکـردن دەگەڕێتـەوە بـۆ شـەیتان، وە ئەوانـەی کـە لـە گوتنـی ڕاسـتیی هەڵدەگەڕێنـەوە، بەشـداری هێـزی شـەیتان دەکـەن.

دژی ئەمـە، عیسـا هـات و ڕاسـتی خـودا و مـرۆڤ و ڕزگاری و چـی ڕاسـتە و چـی هەڵـە ئاشـکرا کـرد بـۆ جیهـان. لـە کۆتایـی ئـەرک و خزمەتەکەیـدا، کاتێـک ژیانـی لـە مەترسیدا بـوو، بـە پیلاتۆسـی فەرمـوو: «تـۆ دەڵێـی کـە مـن پاشـام، بـۆ ئەمـە لـە دایکبـووم و بـۆ ئەمـە هاتوومەتـە جیهـان، تاکـو شـایەتی بـۆ ڕاسـتی بـدەم . هەرکەسـێک لـە ڕاسـتییەوە بێـت گـوێ لـە دەنگـم دەگرێـت» (یۆحەنـا ١٨: ٣٧). وەک زۆرێـک لـە گاڵتەجاڕەکانـی ئـەم سـەردەمە، پیلاتـۆس وەڵامـی دایـەوە: «ڕاسـتی چییـە؟» وە پشـتی لـە عیسـا کارد و ڕۆیشـت، بەبـێ ئـەوەی چاوەڕێـی وەڵام بێـت.

## «منم ڕاستی»

بـەڵام ئێمـە ئـەو وەڵامـە دەزانیـن کـە پیلاتـۆس وەریدەگـرت. عیسـا ئـەوەی فەرمـوو کـە پێشـتر فەرموویێتـی: «منـم ڕێـگا و ڕاسـتی ژیـان» (یۆحەنـا ١٤: ٦). عیسـا خـۆی، بەتـەواوی بوونیـەوە، ئـەوەی کـە دەیـکات و ئـەوەی کـە دەیفەرموێـت پێوانەیـە بـۆ ڕاسـتی و دروسـتی و جوانـی. کاتێـک وتـار دەدات، هیـچ درۆ و فڕوفێڵێکـی نییـە. وە لەبـارەی خۆیـەوە فەرموویەتـی: «ئـەوەی لـە خۆیـەوە بدوێـت، داوای شـکۆی خـۆی دەکات، بـەڵام ئـەوەی داوای شـکۆی ئـەوە بـکات کـە ناردوویەتـی، ئەمـە ڕاسـتگۆیە و فڕوفێڵـی تێـدا نییـە» (یۆحەنـا ٧: ١٨). لەبـەر ئـەوە، کاتێـک ئەوانـەی دیکـە باوەڕیـان بـەوە نەکـرد کـە فەرمـووی، هەوڵـی نـەدا پەیامەکـە بگۆڕێـت بـۆ ئـەوەی خەڵکێکـی زیاتـر گوێـی لـێ بگـرن. ئەگـەر ڕاسـتییەکە بەبـێ باوەڕییـەوە بیسـترا، ئـەوا

کێشەکە پەیوەندی بە دڵە بێ باوەڕەکەوە هەیە، نەک ڕاستییەکە. «هەر بۆیە، کاتێک من ڕاستی دەڵێم ئێوە باوەڕم پێ ناکەن!» (یۆحەنا ٨: ٤٥). عیسا دەفەرموێت کە خەڵک لە ڕاستیی دوور دەکەونەوە نەک لەبەرئەوەی پێیان وایە کە هەڵەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تاریکییەکەیان خۆشویست (یۆحەنا ٣: ١٩).

کاتێک عیسا زەوی بەجێهێشت، بەڵێنی دا کە یارمەتیدەرێک بنێرێت. بە «ڕۆحی ڕاستی ناوی برد». «جا کاتێک یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات» (یۆحەنا ١٥: ٢٦). ڕۆحی ڕاستی یارمەتیمان دەدات کە ڕاستییەکە بزانین و بە ڕاستییەکە بگۆڕدرێین. بۆیە عیسا پێش ڕۆیشتنی نوێژی دەکات و داوا لە باوک دەکات کە ڕاستیی لە ژیانماندا کاریگەریی دروست بکات: « بە ڕاستیی خۆت پیرۆزیان بکە، وشەی تۆ ڕاستییە» (یۆحەنا ١٧: ١٧). کەواتە دەتوانین ببینین کە ڕاستی چەندە زۆر گرنگە بۆ عیسا، وە خراپە چەندە وێرانکەرە و هاندەرە بۆ فڕوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن و قسەی تەڵەکەبازانە.

## گەمژەیی بە پەنجە ئومێدواربوون و بە دڵ ئومێدواربوون

بۆیە سەیر نییە کە عیسا لە وتاری سەر چیادا بابەتێکی گرنگی ڕۆژانەی پشتگوێ خست بۆ ئەوەی خۆی لە گوتنی ڕاستی و پاراستنی بەڵێن بەدوور بگرێت. کاتێک بەڵێنێک نابرێتە سەر، دەبێت بە درۆ. وە هەر کاتێک سوێند خوار کە بەڵێنێک ببرێتە سەر، بەڵام دواتر ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئێمە پێی دەڵێین سوێندی درۆ. کاتێک کە منداڵ بووم، گاڵتەمان دەکرد و دەمانگوت ئەگەر لە کاتی بەڵێنداندا بە پەنجەکانت ئومێد بخوازیت (دوو پەنجەت بخەیتە سەر یەک، لە شێوەی خاچ)، ئەوا پێویست ناکات بەڵێنەکە ببەیتە سەر. هەروەها کاتێک هەرزەکار بووین ڕێگای خۆمان هەبوو بۆ پێداگریکردن لە قسە ناڕاستەکانمان، دەمانگوت: «بە دڵ ئومێد دەخوازم (وەکو پەنجەکانم، دڵم دەخەمە سەر یەک) و هیوا دەخوازم کە بمرم». ئەوەی کە مەبەستمان بوو، ئەمە بوو: «لە دڵمەوە قسە دەکەم، نەک تەنها بە دەم، ئەگەر ئەوەی دەیڵێم وا نەبوو، ئەوا با بمرم».

عیسا بە هیچ کام لەمانە دڵخۆش نەبوو، نە بە ئومێدخواستن بە پەنجەمان تاکو لە جێبەجێکردنی بەڵێنێک هەڵبێین، نە بە ئومێدخواستنی دڵمان بۆ ئەوەی بەڵێنێکمان پشتڕاست بکەینەوە. عیسا دەفەرموێت:

«دیسان بیستووتانە کە بە پێشینان گوتراوە: «سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ یەزدان بەرەسەر.» بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، لەبەر ئەوەی تەختی خودایە، نە بە زەوی، لەبەرئەوەی تەختە پێیەتی، نە بە ئۆرشەلیم، لەبەر

ئـەوەی شـاری پاشـای پایەبـەرزە. سـوێند بـە سـەری خـۆت مەخـۆ، چونکـە ناتوانیـت تاڵێکـی سـپی یـان ڕەش بکەیـت. بـە قسـەتان: «بەڵـێ» بـۆ «بەڵـێ» و «نەخێـر» بـۆ «نەخێـر» بێـت، لەمـە بترازێـت لـە شـەیتانەوەیە» (مەتـا ٥: ٣٣- ٣٧).

عیسـا لێـرەدا داوای دوو شـت دەکات: یەکـەم، داوا دەکات کـە فێـڵ و تەڵەکـەی زارەکـی بەکارنەهێنیـن بـۆ خۆشـاردنەوە و هەڵاتـن لـە بەجێهێنانـی بەڵێنێـک. دووەم، داوامـان لێـدەکات کـە ئەوەنـدە ڕاسـتگۆ بیـن پێویسـت بـە سـوێندخواردن نـەکات.

## خۆشاردنەوە و هەڵاتنی هونەری لە بەجێهێنانی بەڵێن

وشـەی فێـڵ و تەڵەکـەی زارەکـی کـە عیسـا ئامـاژەی پێکـرد، پەیوەنـدی هەیـە بـە ئاسـمان و زەوی و ئۆرشـەلیم و سـەرەوە. بـە ئاشـکرا هەندێـک کـەس وا دەزانـن کـە ئەگـەر سـوێندەکەیان ڕاسـتەوخۆ شـایەتی نەبێـت بـۆ خـودا، ئـەوا ناچـار نیـن لـە بەجێهێنانـی. بۆیـە ئەگـەر گوتیـان: «سـوێند دەخـۆم بـە ئاسـمان» یـان « سـوێند دەخـۆم بـە زەوی» یـان «سـوێند دەخـۆم بـە ئۆرشـەلیم» یـان «سـوێند دەخـۆم بـە سـەرم»، ئـەوا دەتوانـن بەڵێنەکەیـان بشـکێنن چونکـە نەیانگوتـوە، «سـوێند دەخـۆم بـە خـودا». ئـەم بیرسا (لۆژیـک) تەڵەکەبـازە هەندێـک جار ئەمە دەڵێـت: «ئاسـمان و زەوی و ئۆرشـەلیم و سـەرم ناتوانـن تۆڵـەم لێبکەنـەوە ئەگـەر بەڵێنەکـەم بشـکێنم، تەنهـا خـودا دەتوانێـت. بـەڵام خـۆ مـن نـاوی خـودام نەهێنـاوە کـە بیکـەم بـە شـایەتی بـۆ قسـەکەم و بەرپرسـیار بـم بەرامبـەری، بۆیـە کێشـەیەکم نییـە».

عیسـا ئـەو جـۆرە فیـڵ و تەڵەکـە زارەکییـە ڕەت دەکاتـەوە. عیسـا ڕوونـی کـردەوە کـە هەمـوو ئـەو شـتانەی سـوێندی پـێ دەخۆیـت، بـە هـەر شـێوەیەک بێـت خـودای لـە پشـتەوەیە. ئاسـمان تەختـی شانشـینەکەیەتی. زەوی تەختـە پێیەتـی. ئۆرشـەلیم شـاری ئـەوە. وە سـەرت لەژێـر دەسـەڵاتی ئەودایـە، نـەک دەسـەڵاتی تـۆ، چونکـە تەنهـا لەژێـر دەسـەڵاتی ئـەودا قـژ ڕەنگـی دەگۆڕێـت. لەبـەر ئـەوە، کێشـەی تـۆ ئەوەیـە کـە خـودا و ڕاسـتی بچـووک دەبینیـت. هەروەهـا وا دەزانیـت کـە ڕاسـتی بـێ بایەخـە و دەتوانیـت بـۆ حەزەکانـی خـۆت بەکاریبهێنیـت. دواتـر پێـت وایـە کـە خـودا لـە سـووچێکدا دانیشـتووە و چاوەڕێـی ڕاسـتگۆیی تۆیـە بەڵکـو نـاوی خـودا بهێنێـت. لـەم دوو شـتەدا تـۆ هەڵـەی. ڕاسـتی زۆر لـەوە گرنگـترە کـە تـۆ بتوانیـت بیـری لێبکەیتـەوە، وە خـودا لـە پشـت هەمـوو گەردیلەکـی ئـەم جیهانەوەیـە و هەمیشـە چاوەڕێیـە کـە دروسـتکراوەکانی ڕاسـتگۆ بـن.

خۆشاردنەوە و هەڵاتن لە ڕاستی بە بچوک نیشاندانی خودا

عیسـا ئـەم خـۆ شـاردنەوە و هەڵاتنـە سـتراتیژییە لـە فەرسـییەکاندا دەبینیـت کـە لـە (مەتـا ٢٣: ١٦- ٢٢)دا هاتـووە. تووڕەبوونەکـەی لـە جێـی خۆیەتـی:

«قوڕبەسەتان ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە دەڵێن: «ئەوەی سوێند بە پەرستگا بخوات، هیچ نییە. بەڵام ئەوەی سوێند بە زێڕی پەرستگا بخوات، ئەوا پابەندە». ئەی گێل و کوێرینە، کامیان گرنگترە، زێڕەکە یان پەرستگا کە زێڕەکە پیرۆز دەکات؟ هەروەها ئێوە دەڵێن: «ئەوەی سوێند بە قوربانگا بخوات، هیچ نییە. بەڵام ئەوەی سوێند بە قوربانییەکەی سەری بخوات، ئەوا پابەندە.» ئەی کوێرینە کامیان گرنگترە، قوربانی یان قوربانگا کە قوربانییەکە پیرۆز دەکات؟ بۆیە ئەوەی سوێند بە قوربانگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە هەموو ئەوەش کە لەسەریەتی. ئەوەی سوێند بە پەرستگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە ئەوەش کە تێیدا نیشتەجێیە. ئەوەی سوێند بە ئاسمان دەخوات، ئەوا سوێند بە تەختی خودا دەخوات و بەوەش لەسەری دانیشتووە.»

بەڕاستی سەرسامکەرە کە فەریسییەکان نەک تەنها خۆ شاردنەوە و هەڵاتنێکی لەم جۆرە بەکاردەهێنن، بەڵکو کەسانی دیکە فێری کاری لەو جۆرە دەکەن. عیسا دەفەرموێت کە ڕابەرە کوێرەکان دەڵێن «ئەوەی سوێند بە پەرستگا بخوات، هیچ نییە». ڕەنگە ئەمە وتەیەکی ڕاستەوخۆ نەبێت، بەڵکو کۆتاییەک بێت بۆ قسەکەی ئەوان. وە لەبەر ئەم هۆکارەش، عیسا تووڕە بوو لەسەر ئەوەی کە خودا و ڕاستیان بچووک کردووەتەوە. ئاڵتون خراوەتە سەروو پەرستگای خوداوە. قوربانییەکان خراونەتە سەروو قوربانگەی خودا. ئاسمان خراوەتە سەروو خودا کە لەوێ دەژی. هەموو ئەم خۆشاردنەوە و هەڵاتنانە ئەو ڕاستییە پشتگوێ دەخەن کە ئاسمان و قوربانگا و پەرستگا پیرۆزییەکەیان لە خوداوە وەردەگرن. بەڵام ئەمە بۆ ئەو کەسانە بچوکە کە دەچەمێنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک کە بە درۆ و بوختان ئاشتی دروست بکەن.

عیسا داوای چ گۆڕانێکی کرد بۆ ئەم خۆ شاردنەوە و هەڵاتنە هەمەجۆرە لە ڕاستیەکان بۆ ژیانمان؟ بۆ وەڵامی ئەوە، دەڕۆین بۆ بەشی دواتر.

# داواکاریی سی و نۆیەم

## سوێند مەخۆ - با قسەکەت تەنها بە «بەڵێ» یان «نەخێر» بێت

«سوێند بە سەری خۆت مەخۆ، چونکە ناتوانیت تاڵێکی سپی یان ڕەش بکەیت. قسەتان: «بەڵێ» بۆ «بەڵێ» بێت و «نەخێر» بۆ نەخێر» بێت، لەمە بترازێت لە شەیتانەوەیە.» (مەتا ٥: ٣٦- ٣٧)

بەڵام عیسا بێدەنگ بوو. سەرۆکی کاهینانیش پێی گوت: «سوێندت دەدەم بە خودای زیندوو، پێمان بڵێ ئەگەر تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودا.» (مەتا ٢٦: ٦٣- ٦٤)

### پێوەرێکی نوێ بۆ ڕاستگۆیی

عیسا دژ بەو شێوازە دروستکراو و بێسوودانەی خەڵک بۆ خۆ شاردنەوە لە ڕاستییەکە بەکاردێنین (ئەوانەی لە بەشەکەی پێشوو باسمان کرد)، دەفەرموێت: «بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن. . . . با قسەتان: «بەڵێ» بۆ «بەڵێ» و «نەخێر» بۆ «نەخێر» بێت، لەمە بترازێت لە شەیتانەوەیە (مەتا ٥: ٣٤، ٣٧). بە واتایەکی دیکە، عیسا دەڕواتە سەرووی پێوەری پەیمانی کۆن بۆ بەجێهێنانی سوێندەکان و باسی سوێند نەخواردن دەکات. وا دیارە کە هۆکارەکەی پەیوەستە بە هاتنی شانشینەکەی خودا (لۆقا ١١: ٢٠؛ ١٧: ٢١) و ئامادەبوونی خودی پاشا (مەتا ٢١: ١٥- ١٦) و ناردنی ڕۆحی پیرۆز (یۆحەنا ١٥: ٢٦) و هاتنە کایەی پەیمانی نوێ (لۆقا ٢٢: ٢٠، بڕوانە داواکاری بیست و سێ)، پێوەری ڕاستگۆیی پێویستە بەرز بکرێنەوە و سازشکردن لەگەڵ خراپە لە جیهاندا پێویستە کەم بکرێتەوە.

عیسا جەخت دەکاتەوە و دەفەرموێت: «هەرگیز سوێند مەخۆن . . . لەمە بترازێت (بەڵێ، بەڵێ و نەخێر، نەخێر) لە شەیتانەوەیە». شەیتان لە دڵی مرۆڤدا درۆ و فێڵی دروست کردووە. عیسا فەرمووی کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ «باوکی درۆ» (یۆحەنا ٨: ٤٤)، و هێز لە بەردەوامی خراپی دڵی مرۆڤ وەردەگرێت. لەبەر ئەوە، ڕاستی هەمیشە لە مەترسیدایە. بەڵام ژیان بەبێ ڕاستی لە کۆمەڵگادا ناتوانێت بەردەوام بێت. پێویستە هەندێک متمانە هەبێت لە هاوسەرگیری، ئیش و کار، قوتابخانە، حکومەت، ڕێکەوتن و پەیماننامەکان، هەتا دەگاتە هاوڕێ و ئازیزانمان. لەبەر ئەوە، شەیتان درۆ و بوختان و فێڵ لە دڵی مرۆڤدا بڵاو دەکاتەوە و کۆمەڵگا بە ئامرازێك سنووردار کراوە کە پێی دەڵێن سوێندەکان.

## ئێمە چاوەڕێی سوێندین ئەوەمان بۆ بکات کە خۆشەویستی نایکات بۆمان

ئـەو شـەیتانەی کـە متمانـەی نەهێشـت، لـە بنەڕەتـەوە لووتبـەرز و دڵ ڕەشـە. ئێمـە ڕاستییەکە دەشـێوێنین بـۆ ئـەوەی ئـەوە بەدەسـتبهێنین کـە دەمانەوێـت، تەنانـەت ئەگـەر ببێتـە هـۆی ئازاردانـی کەسـانی دیکـە. کـە واتـای ئەوەیـە، بـۆ ئـەوەی ڕاسـتی جێگیـر بێـت، پێویسـتە خۆشەویسـتی جێگیـر بێـت. ئەگـەر لووتبـەرز و کینـەدار نەبووینایـە بەرامبـەر کەسـانی دیکـە، ئـەوا قسـەکانمان نەدەشـکاند و درۆمـان نەدەکـرد و ڕەفتـاری درۆینەمـان نەدەکـرد. ڕاسـتی جێگیر دەبـوو.

بـەڵام خۆشەویسـتی جێگیـر نییـە لـە جیهانـدا، وە سـوێند هەسـتاوە بـە ئەنجامدانـی ئـەو کارەی کـە خۆشەویسـتی دەبێـت بیـکات. سـوێند لـە ناچاریـدا و لـە ڕێگـەی دڵڕەقییـەوە هاتووەتـە بەرهـەم. لەبـەر ئـەوەی خۆشەویسـتی دەرنابڕیـن، ڕاسـتیی وشـەکانمان پشتڕاسـت دەکەینـەوە و سـوێند دەخۆیـن تاکـو خەڵـک باوەڕمـان پـێ بکـەن کـە مەبەسـتمان ئەوەیـە کـە دەیڵێیـن. ئێمـە خۆمـان ڕووبـەڕووی ترسـی خـودا دەکەینـەوە کاتێـک کـە قسـەکانمان دەشـکێنین. بـە واتـای ئـەوە دێـت کـە ئێمـە دیـد و ڕوانگـەی خۆمـان بەکاردەهێنیـن بـۆ پێوانەکردنـی ڕاسـتگۆیی خۆمـان. ئێمـە نامانەوێـت خـودا لێـمان بـدات و بمانخاتـە سـەر زەوی. ئـەم بیرکردنـەوە کەسییە بـۆ هەمـوو خەڵکـی بـاس دەکەیـن (تەنانـەت ئەگـەر بـاوەڕ بـە خـودا نەکـەن). ئـەم جـۆرە سـوێندخواردنە قورسـایی مسـۆگەرکردنی ڕاسـتگۆییمان دەردەخـات.

عیسـا دەفەرموێـت: «مـن بانگتـان دەکـەم بـۆ پلەیەکـی دیکـەی ڕاسـتگۆیی. بانگتـان دەکـەم بـۆ شـایەتیدان بـۆ هاتنـە نـاو شانشـینەکە و ئـەو جـۆرە ڕاستییەی کـە هێناومـە بـۆ نـاو جیهـان. بەڵـێ، تـۆ هێشـتا لـە نـاو ئـەو جیهانـە وێرانـەدا دەژیـت، کـە درۆ و فێڵـی تیایـە. لەوانەیـە سـوێندخواردن پێویسـت بێـت بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە لەبـارەی هێـزی ڕزگارکردنـی منـەوە نازانـن. لەوانەیـە ئـەوان هێشـتا یارمەتـی کۆمەڵگایەکـی وێـران بـدەن کـە بەیەکـەوە بخنکێـن. ئـەوان جۆرێکـن لـە بەنـداو بەرامبـەر ڕووبـاری درۆی مـرۆڤ.»[a]

## عیسا بە سادەیی فەرمووی: «تۆ خۆت وا دەڵێیت»

عیسـا دەفەرموێـت: «بـەڵام سـەبارەت بـە تـۆ - تۆیـەک کـە مـن دەناسـی و شـوێنم دەکەویـت و بەخشراویـت و لـە لایـەن منـەوە گۆڕاویـت - بـا بەڵـێ و نەخێـرت بـە ئەنـدازەی سـوێندخواردن بایـەخ و قورسـایی هەبێـت. بـا ڕاسـتگۆییتان گومانـی تێـدا نەبێـت. تەماشـای چـاوی نوسـەری

a ئەم بڕگەیە لەمەوە وەرگیراوە:
Adolf Schlatter, Erläuterungen zum Neuen Testament, Das Evangelium nach Matthäus, Erster Band (Stuttgart: Calwer Vereinsbuchhandlung, 1928), 76

دادگا بکە کاتێک پێت دەڵێت، «ئایا سوێند دەخۆیت کە ڕاستی بڵێیت، ڕاستیی تەواو، تەنها ڕاستی و هیچی دیکە، خودا یارمەتیت بدات،» وە بڵێ «من ڕاستییەکە دەڵێم». کاتێک سەرۆک کاهین شەوێک پێش مردنی عیسا، لە ماڵەکەی خۆیدا سوێندی دا، سەرۆک کاهین گوتی: «سوێندت دەدەم بە خودای زیندوو، پێمان بڵێ، ئەگەر تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودا» (مەتا ٢٦: ٦٣). بە واتایەکی دیکە، داوای ئەوەی کرد کە عیسا داوا لە خودا بکات شایەتی بدات بە سوێندێک کە ئەوی بە مەسیح هەڵبژاردووە.

عیسا خۆی بەدەستەوە نادات. وەڵامی دایەوە بەپێی فەرمانەکەی لە (مەتا ٥: ٣٧)، «تۆ خۆت وا دەڵێیت». ئەمە «بەڵێ»ی سادەی عیسایە: «تۆ خۆت وا دەڵێت، وە ڕاست دەکەیت» (مەتا ٢٦:٦٤؛ بڕوانە مەرقۆس ١٤:٦٢). پێویستی بە هیچ سوێندێک نەبوو. «سەرۆکی کاهینان جلەکانی خۆی دادڕی و گوتی: کفری کرد! ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت هەیە؟ ئەوەتا گوێتان لە کفرەکە بوو» (مەتا ٢٦: ٦٥).

## دەکرێت شوێنکەوتووەکانی عیسا هەرگیز سوێند بخۆن؟

هەر چەندە خاڵی سەرەکی عیسا لە داواکارییە بنەڕەتییەکەی دەربارەی سوێندەکان بۆ ئەوەیە کە خەڵک بە تەواوی ڕاستودروست و ڕاستگۆ بن، بەڵام هێشتا پێویستە ئەم پرسیارە بکەین، دەکرێت شوێنکەوتووەکانی عیسا هەرگیز سوێند بخۆن؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە دەکرێت بە شێوەیەکی دیکە ئەم پرسیارە بکەین. عیسا نەک تەنها فەرمووی: «هەرگیز سوێند مەخۆن» (مەتا ٥: ٣٤). هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا فەرمووی: «با قسەتان: بەڵێ بۆ بەڵێ و نەخێر بۆ نەخێر بێت» یان بە کورتی «با قسەتان بەڵێ، بەڵێ بێت و نەخێر، نەخێر بێت» (مەتا ٥: ٣٧). کەواتە دەکرێت ئەم پرسیارە بەم شێوەیە بکرێت: دەکرێت شوێنکەوتووەکانی عیسا هەرگیز بەڵێن بدەن یان وەڵامی پرسیارێک بدەنەوە یان شتێک پشتڕاست بکەنەوە بە وشەیەک جگە لە «بەڵێ» و «نەخێر»؟

هۆکاری ئەوەی کە سەرنجدان لە پرسیاری دووەم یارمەتیمان دەدات ئەوەیە کە هەندێک بابەتی تایبەت لە کار و خزمەتی عیسادا هەیە کە ئاگادارمان دەکاتەوە کە شوێنکەوتوانی عیسا نابێت هیچ وشەیەک جگە لە «بەڵێ» و «نەخێر» زیاد بکەن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستگۆیی وتاردەرەکە. ئەو دەستەواژەی کە عیسا زۆرترین کات بەکاریدەهێنێت، «ڕاستی» یان ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم». زیاتر لە پەنجا جار عیسا لە ئینجیلەکاندا دەفەرموێت: «ڕاستیتان پێ دەڵێم» یان «بەڕاستی پێتان دەڵێم». وە تەنانەت زیاتر لە بیست و پێنج جار دەستەواژەیەکی بەهێزتر بەکاردەهێنێت «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم».

(دی. ئەی. کارسن) لەبارەی دەستەواژەکەوە دەڵێت، «عیسا ئەم دەستەواژەیە لە کاتی

پشتڕاستکردنەوەی وتەیەکیدا بەکاردەهێنێت و دڵنیا دەکاتەوە کە جێی متمانەیە و گرنگە».[a] ئەگەر کەسێک بوونی هەبووبێت لە جیهاندا کە ڕاستگۆییەکەی داوای زیادکردنی وشە نەکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستگۆییەکەی، ئەوا ئەو کەسە عیسایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کردی. ئاشکرایە کە پشتڕاستکردنەوەی وشەکان پەیوەست نییە بە کەمی ڕاستگۆیی وتاردەرەکەوە، بەڵکو لە هاندانێکی خۆشەویستییەوە کە گوێگرەکان پێویستە وریا بکرێنەوە بە ڕاستگۆیی تەواوەوە بەوەی کە دەیڵێت، چونکە لەوانەیە نەزانن کە وتاردەرەکە چەندە باوەڕپێکراوە.

ئەمە وچانێکم پێدەدات، لەبەر ئەوە، دوودڵم لەوەی کە بڵێم کە شوێنکەوتووێکی عیسا دەبێت بە چەشنێک ڕاستگۆ بێت کە هیچ بارودۆخێک نەیەتە ئاراوە کە خۆشەویستی لەبەر گوێگرەکان داوای هەندێک پشتڕاستکردنەوە نەکات. لەگەڵ ئەمەشدا عیسا دەیزانی خودا، کە جەوهەر و کرۆکی ڕاستییە، هەندێک جار بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی سوێندی بەکارهێناوە. ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە جێی متمانە نییە، بۆ ئەوە بوو کە بە هاندانێکی زیاتر یارمەتیمان بدات کە باوەڕ بکەین (بڕوانە لۆقا ١: ٧٣؛ پەیدابوون ٢٢: ١٦). وەک دەردەکەوێت، عیسا تیشک دەخاتە سەر ڕاستی تەواو و ڕاستگۆیی، بەڵام بە دڵناییەوە نایەوێت مەرج دابنێت بۆ ئەو وشانەی کە ڕاستگۆیی ئاشکرا دەکەن.

## هەندێک سوێند لەوانەیە ڕێگەپێدراو بن

با بگەڕێینەوە بۆ قەدەغەکردنی تەواوەتی «هەرگیز سوێند مەخۆن،» دەکرێت ئێمە لەم بیروڕایانەدا ئەوەمان بۆ دەربکەوێت کە لەم قەدەغە کردنەدا حاڵەتی تایبەت و شاز هەیە؟ من پێموایە کە دەبێت کراوە بین بۆ ئەو ئەگەرانەی کە دەکرێت سوێندخواردن (وەک، «من خودا دەکەم بە شایەتی کە ئەوەی دەیڵێم ڕاستە») ڕێگایەک بێت بۆ پیشاندانی خۆشەویستی بۆ کەسێک کە ئێمە ناناسێت (یان متمانەی پێمان نەبێت) و هەڵسوکەوتە کەلتورییەکان وای لێبکات متمانەمان پێبکات ئەگەر ئەم جۆرە وشانە بەکاربهێنین. بە واتایەکی دیکە، قەدەغەکردنی تەواوەتی عیسا پەیوەستە بە ناشیرینکردنی سوێندەکان کە ئاماژەی پێکراوە لە (مەتا ٥: ٣٥- ٣٦ و ٢٣: ١٦- ٢٢)، وە ئەو بنەمایەی کە بەسەر هەموو کات و کلتورێکەوەیە داوا دەکات کە ئێمە پڕبین لە ڕاستودروستی و ڕاستگۆیی.

## ئاگاداربە لە بەجێنەهێنانی تەواوی فەرمانە توندەکەی عیسا سەبارەت بە ڕاستی

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سوێندێک یان وشەیەکی هاوشێوە بەکارناهێنین بۆ زیادکردنی متمانە لە کەم متمانەییەکەماندا، بەڵکو تەنها بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە کە قسە نارێکەکەمان قبوڵ بکەن. بەڵام تەنانەت کە ئەمەش دەنوسم هەست دەکەم کە بەشێک

---

a D. A. Carson, *The Gospel According to John* (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1991), 162.

لـه قسـەکانی عیسـا دەبـڕم. عیسـا بەڕاسـتی ئێمـەی بـەرز دەکـردەوە بـۆ پلەیەکـی بەرزتـر لـە «سـوێندەکانت مەشـکێنە، بەڵکـو سـوێندەکانت بـۆ یـەزدان بـەرە سـەر» (مەتـا ٥: ٣٣). ئامانجـی ئـەو گەورەتـر بـوو لـە «بەڵێنەکانتـان بپارێـزن». بانگهێشـتێک هەیـە کـە زۆر لەسـەرووی سـوێندەکانەوەیە.

حـەز و ئـارەزووی نوێـی ئێمـە پێویسـتە بـەم شـێوەیە بێـت: پێویسـت نـاکات سـوێند بخـۆم. پێویسـتە بـە دەگمـەن سـوێند بخـۆم. سـوێندێک بـە گشـتی شـتێک واتـای ئەوەیـە کـە متمانـەم بـە قسـەکەی خـۆم نییـە و لەوانەیـە ببێتـە هـۆی بێڕێزیکـردن بـە عیسـا. شـکۆیەک لـە شـکۆکانی عیسـا ئەوەیـە کـە ئـازادی کـردووم لـەوەی پێویسـتیم بـە درۆ بێـت وە ئـازادی کـردووم لـەوەی پێویسـت بـکات بیسـەلمێنم کـە درۆ ناکـەم.

شـوێنکەوتووانی عیسـا نـەک تەنهـا ڕاسـتگۆن، بەڵکـو بـەرەو ڕێگایـەک هەنـگاو دەنێـن کـە بەرگریکـردن دژی ئـەوەی کـە خەڵکـی بـە درۆزنیـان بزانـن، پێویسـت نییـە. لەبـەر ئـەوە، ئـەوان شـێواز و ڕێـگای هاوبەشـی کەلتـوری دەدۆزنـەوە بـۆ ڕاگەیاندنـی پاشـایەتی مەسـیح. لـە کۆتاییـدا ئامانجـی عیسـا ئەوەیـە کـە بـە ڕێـگا و ڕاسـتی و ژیـان بناسرێـت. عیسـا داوا دەکات کـە بـە جۆرێـک بژیـن و قسـە بکەیـن کـە ئـەو شـکۆیە بناسرێـت.

# داواکاریی چلەم

## ئەوەی کە خودا بە یەکی گەیاندووە با هیچ مرۆڤێک جودای نەکاتەوە، چونکە هاوسەرگیری ڕەنگدانەوەی پەیمانی خودایە لەگەڵ ئێمە

«وەڵامی دانەوە: «ئەی نەتان خوێندۆتەوە، ئەوەی لە سەرەتاوە بەدیهێناوە (بە نێر و مێ بەدیهێنان)؟ هەروەها فەرمووی: بۆیە پیاو دایک و باوکی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەک جەستە.) کەواتە چیتر دوو نین بەڵکو یەک جەستەن. بۆیە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە.» (مەتا ١٩: ٤- ٦)

«مێردی تۆ دروستکەری تۆیە، ناوی یەزدانی سوپاسالارە.» (ئیشیا ٥٤: ٥)

عیسا داوا دەکات لە هاوسەران کە دڵسۆز بن لە هاوسەرگیرییەکەیاندا. بە کارێکی ئاسانی لەبەرچاو ناگرێت، بەڵام فێرمان دەکات کە شتێکی مەزنە چونکە هاوسەرگیری کاری خودا خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ڕاستیەکی نوێ لە «یەک جەستە» بنیاد دەنێت کە مرۆڤ هەست و تێگەشتنی تێدا دەست دەکەوێت و یەکێتی بوونی خودا و خەڵکەکەی دەناسێنێت بە جیهان. هاوسەرگیری لەوە پیرۆزترە کە زۆربەی خەڵک بیری لێدەکەنەوە، چونکە دروستکراوێکی بێهاوتای خوادایە، وێنەیەکی شانۆییە لە پەیوەندی خودا لەگەڵ خەڵکەکەی، وە پیشاندانێکە لە شکۆی خودا. دژی هەموو کەمبوونەوەی سەرنجەکان لەسەر هاوسەرگیری لەم ڕۆژانەی ئێستاماندا، پەیامی عیسا ئەوەیە کە هاوسەرگیری کارێکی مەزنی خودایە و ڕێککەوتنێکی پیرۆزە کە تەنها بە مردن دەشکێت.

### هاوسەرگیری: ئاوێنەی پەیمانی خودا لەگەڵ گەلەکەی

عیسا شارەزاییەکی باشی لە کتێبی پیرۆزی جولەکەکان هەبوو و دەیزانی کە بەڵێنەکانی کتێبی پیرۆز لە ڕێگەی ئەو و کارەکانیەوە دێنە دی (مەتا ٥: ١٧- ١٨). ئەمە ئەو ئاگادارکردنەوەش لەخۆ دەگرێت کە خودا فەرمووی دەربارەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ خەڵکەکەی کاتێک بە هاوسەرگیری ناساندی. بۆ نموونە، خودا فەرمووی، «مێردی تۆ دروستکەری تۆیە، ناوی یەزدانی سوپاسالارە» (ئیشایا ٥٤: ٥). وە «لەو ڕۆژەدا دەبێت، پێم دەڵێیت (مێردەکەم) و چیتر پێم ناڵێیت: (گەورەم). . . . بۆ هەتاهەتایە بۆ خۆم نیشانت دەکەم و بە ڕاستودروستی و دادوەری، بە خۆشەویستی نەگۆڕ و بەزەیی بۆ خۆمت نیشان دەکەم. بە دڵسۆزییەوە بۆ خۆم نیشانت دەکەم و دان بە یەزداندا دەنێیت» (هۆشەع ٢: ١٦، ١٩- ٢٠). وە «دیسان بەلاتدا تێپەڕیم و تۆم بینی، ئەوەتا تەمەنی دڵداریتە. ئینجا دامێنی

کراسەکەم بەسەرتدا دا و ڕووتی تۆم داپۆشی و سوێندم بۆت خوارد و پەیمانم لەگەڵتدا بەست، لەبەرئەوە تۆ بوویتە هی من: ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە» (حزقیێل ١٦: ٨). وە «بەڵام وەک چۆن ژن ناپاکی لە هاوسەری خۆی دەکات، ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئاوا ناپاکیتان لێکردم، ئەوە فەرمایشتی یەزدانە» (یەرمیا ٣: ٢٠).

بەهۆی هەبوونی ئەم ئایەت و دەقە پیرۆزانە، عیسا لە سەرەتاوە دەیبینی هاوسەرگیری کە خودا دروستی کردووە بە واتای پیشاندانی پەیوەندی نێوان خودا و گەلەکەی دێت. عیسا (پەیدابوون ٢: ٢٢)ی خوێندەوە، «لەبەر ئەوە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەک جەستە». کاتێک خودا ئەمەی فەرموو - وە عیسا بەتایبەتی فەرمووی کە خودا ئەمەی فەرمووە، نەک تەنها موسا کە نوسەری سیپارەی پەیدابوونە (مەتا ١٩: ٤- ٥) - ئەوەی لەبەرچاو گرتبوو (وەک چۆن هەموو شتێکی لەبەرچاوە) کە خەڵکەکەی بە بووک و خۆی بە زاوا ناو دەبات. لەبەر ئەوە، ڕێککەوتنی ژن و پیاوێک بێهاوتایانە دروستکراوی خودایە بە لەبەرچاوگرتنی پیشاندانی پەیوەندی نێوان خۆی و گەلەکەی.

## خودا هەموو یەکبوونێکی هاوسەرگیری بۆ شکۆداری ناوی خۆی دروست دەکات

عیسا بەتایبەتی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە هاوسەرگیری دروستکراوێکی خودایە. ئەو ئێمەی بەجێنەهێشت تاکو ئەمەی بۆ ئاشکرا بێت، وە دروستکراوی یەکەم هاوسەگیری نێوان ئادەم و حەوای سنووردار نەکردووە. عیسا دەفەرموێت: «لەبەر ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە» (مەتا ١٩: ٦). خودا، دروستکەرە یەکلاییکەرەکەی پەیماننامەی هاوسەرگیرییە، نەک مرۆڤ. واتە هەر هاوسەرگیرییەک بەم شێوەیە لەلایەن خوداوە دروستکراوە، چونکە پێمان دەڵێت «جیای نەکەنەوە،» وە تاکە هاوسەرگیری کە دەتوانین بنبڕانە جیای بکەینەوە ئەو هاوسەرگیرییەیە کە تیایداین. بۆیە ئەم هاوسەرگرییە (ئەم هاوسەرگیرییە هاوبەشە، نەک تەنها بیرۆکەی هاوسەرگیرییەکە یان یاسای گشتی هاوسەرگیرییەکە یان یەکەم هاوسەرگیری)، کاری خودایە. خودا لەم یەکبوونەی پیاو و ژنەکە کار دەکات. ئەم دووانە یەک جەستەن بە پێی کاری خودا، نەک بە هەڵبژاردنی خۆیان.

وە کاتێک کە خودا یەکبوونی «یەک جەستە»ی نێوان ئەم پیاوە و ژنەی دروست کرد، لەڕاستیدا لێکچوونێکە بۆ ڕێککەوتنی خودا لەگەڵ ئیسرائیل. هاوسەرگیرییەکەیان پەیوەندی نێوان خودا و گەلەکەی پیشان دەدات. خودا بە هاوسەرگیری، جیهان پڕ دەکات لە شایەتی بۆ پەیوەندی نێوان خۆی و گەلەکەی. ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە تەڵاقدان و دووبارە هاوسەرگیری بابەتێکی زۆر ڕژد و جدییە. ئەوە لەبارەی پەیوەندی خودا وگەلەکەیەوە

درۆ دەکـەن. خـودا هەرگیـز هاوسـەرەکەی تـەڵاق نـەداوە و هاوسـەرگیری لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا نەکـردووە. جیابوونـەوە و ئـازاری زۆر هەبـووە، بـەڵام هەمیشـە پاراسـتویەتی. پێغەمبـەر هۆشـەع شـایەتییە بـۆ خۆشەویسـتی بـێ ئەنـدازەی خـودا بـۆ هاوسـەرە کەلەڕەقەکـەی. خـودا هەرگیـز هاوسـەرەکەی پشـتگوێ ناخـات. وە کاتێـک کـە پێویسـتە هاوسـەرەکەی دوور بخاتـەوە لەبـەر ناپاکیـی بتپەرسـتی، لـە کاتێکـی گونجـاودا دەیهێنێتـەوە. دەبێت هاوسـەرگیری ئەمە نیشـان بـدات: پەیمانـی بەهێـز و دڵفراوانـی خـودا بەرامبـەر گەلەکـەی، کـە لێـرەدا بـە هاوسـەرەکەی شـوبهێنراوە.

مەبەسـت لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە شـکۆدارکردنی خودایـە. لـە (یەرمیـا ١٣: ١١) خـودا دەفەرموێـت: «وەک چـۆن پشـتێن لـە پشـتی مـرۆڤ دەبەسـترێت، ئـاوا هەمـوو بنەماڵـەی ئیسرائیـل و هەمـوو بنەماڵـەی یەهـودام لـە پشـتی خـۆم بەسـت، هەتـا ببنـە گەلـی مـن و نـاو شـانازی و شـکۆمەندی، ئـەوە فەرمایشـتی یەزدانـە». خـودا بـە ئـازادی ئیسرائیلـی هەڵبـژارد و هاوسـەرگیری لەگـەڵ کـرد کـە بتوانـن شـکۆی خـودا پیشـان بـدەن. لەبـەر ئـەوە، هاوسـەرگیری کاری خودایـە، پیشـاندانی بەڵێنـی خۆشەویسـتی و پیشـاندانی شـکۆی خودایـە.

## بەڵام ئەی بۆچی موسا ڕێگە بە تەڵاق و جودابوونەوە دەدات؟

ئێسـتا باشـتر لـەوە تێدەگەیـن کـە بۆچـی داواکارییەکـەی عیسـا کـە بریتـی بـوو لـە دڵسـۆزی و وەفاداربـوون لـە ژیانـی هاوسـەرگیریدا، فەریسـییەکانی سەرسـام کـرد. زۆریـان بـەلاوە سـەیر بـوو کـە عیسـا بـەو ڕادەیـە قەدەغـەی دەکات. بۆیـە بـە پرسـیارێکەوە هاتـن بـۆ لای: «ئایـا دروسـتە مێـرد لەبـەر هـەر هۆیـەک بێـت ژنەکـەی تـەڵاق بـدات؟» عیسـا وەڵامـی دانـەوە بـەڵام نـەک بـە ئاماژەکـردن بـە یاسـا و شـەریعەتی موسـا، بەڵکـو بـە ئاماژەکـردن چیرۆکـی بەدیهێنـان لـە شـەریعەتی موسـادا. بـە واتایەکـی دیکـە، ئـەو دەیەوێـت واتـای هاوسـەرگیری بـە شـێوەیەکی بنەڕەتییانـە دەربخـات، نـەک بـەو شـێوەیەی کـە هاوسـەرگیری بـە یاسـا بـە ڕەچاوگرتنـی گونـاە بەڕێـوە دەبرێـت.

عیسـا دەفەرموێـت: «ئایـا نەتانخوێندووەتـەوە، ئەوەی لـە سـەرەتاوە بەدیهێنـاوە (بـە نێـر و مـێ بەدیهێنـان)؟ هەروەهـا فەرمـووی: (لەبـەر ئـەوە پیـاو دایـک و باوکـی خـۆی جێدەهێڵێـت و بـە ژنەکەیـەوە دەنووسـێت، ئیـتر هەردووکیـان دەبنـە یـەک جەسـتە.) کەواتـە چیـتر دوو نیـن بەڵکـو یـەک جەسـتەن. لەبـەر ئـەوە ئـەوەی خـودا بـە یەکـتری گەیانـدووە، بـا مـرۆڤ جیـای نەکاتـەوە» (مەتـا ١٩: ٤- ٦). کەواتـە وەڵامـی پرسـیارەکەی ئـەوان ئەمەیـە: خـودا هاوسـەرگیری بـۆ هەتاهەتایی دروسـت کـردووە، بۆیـە بـە جۆرێـک مەجولێـوە کـە ئـەو یەکبوونـە دەکرێـت بشـکێنرێت.

ئێسـتا فەریسـییەکان وا دەزانـن کـە عیسـایان بـە تەڵـەوە کـردووە. وا دەردەکەوێـت کـە عیسـا پێچەوانـەی یاسـاکانی موسـا وەسـتاوەتەوە. بۆیـە پرسـیاری لـێ دەکـەن: «ئـەی بۆچـی موسـا

فەرمانی داوە تەڵاقنامە بدرێت و تەڵاق بکەوێت؟» (مەتا ١٩: ٧). واتە، ئەوان دەبیستن کە لە ڕوونکردنەوەکەیدا عیسا دەفەرموێت ڕێککەوتنی هاوسەرگیری نابێت هەرگیز بشکێنرێت. بەڵام ئەوان بەو شێوەیە لە موسا تێنەگەشتبوون. بۆیە دەپرسن بۆچی موسا تەڵاقنامەی داناوە ئەگەر تۆ دەڵێیت نابێت ئەو بەڵێننامەیە بشکێنرێت؟

عیسا وەڵامیان دەداتەوە: «لەبەر دڵرەقیتان موسا ڕێی پێدان ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وا نەبوو» (مەتا ١٩: ٨). بۆیە عیسا هەڵدەستێت بە پشتگیریکردنی موسا و دەفەرموێت کە بەڵێننامەی هاوسەرگیری لە سەرەتاوە بەم شێوەیە نەبوو کە بتوانرێت بشکێنرێت، وە ئێستا لەناو ئەو شانشینەی کە دەیهێنێتە سەر زەوی، ئەم مەبەستە بنەڕەتییە دووبارە دەرکەوتەوە و دووبارە سەلمێنرا. بە واتایەکی دیکە، عیسا پێوەری شوێنکەوتووەکانی دەخاتە سەروو یاساکانی موسا. بەم شێوەیە دایدەنێت: «بەڵام پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات» (مەتا ١٩: ٩).

## وێرانکاریی تەڵاقدان

ئێستا ئێمە لە خاڵێکداین کە پێویستە ئەم پرسیارە چارەسەر بکەین، ئایا عیسا ڕێگەی بە شوێنکەوتووەکانی دا کە جودا ببنەوە و دووبارە هاوسەرگیری بکەن؟ ئایا لە هیچ بارودۆخێکدا سزای بۆ ئەمە داناوە؟ ئەمڕۆ هیچ بیروڕایەک نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەنێوان شوێنکەوتووەکانی. من دەمەوێت بە ئاشکرا لە سەرەتاوە بڵێم کە ئاگادارم زۆر کەسی لە من لەخواترستر هەن کە بۆچوونی جیاواتریان هەیە لەوەی کە من لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم. من ناڵێم کە وەڵامی کۆتایی دەبینم و دەیڵێم، ناشڵێم کە وا نییە، نوێژ دەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی، ئەگەر هەڵە بم. ئەوەی کە ئێستا ئاماژەی پێ دەکەم هەوڵدانێکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە بۆچی عیسا شکاندنی ڕێککەوتنی هاوسەرگیری تەنها بە مردن داناوە و بەو هۆیەوە ڕێگە نادات کەسێک هاوسەرگیری بکات لە کاتێکدا هاوسەرەکەی هێشتا زیندووە.

من دەزانم کە بە تەنها گوتنی ئەوە هەستێکی ڕووخێنەر بۆ هەندێک کەس دروست دەکات، ئازارێک دەکولێنێتەوە کە نەیاندەویست ڕووبدات. جیابوونەوە ئازاربەخشە. وە هەندێک کات زیاتر ئازاربەخشە لە مردنی هاوسەرێک. هەندێک جار بەڕێکردنی چەندەها ساڵە، وە ژیان و ڕێکخستنی چەندەها ساڵە. هەڵچوونی ژیان ناپێورێت. هەستی لەدەستدان و تاوان و ترس دەکرێت ئازاری گیان بدات. وەک زەبوورنووس، شەو لەدوای شەو هاوسەرێک بە گریانەوە خەوی لێ دەکەوت (زەبوورەکان ٦: ٦). جودابوونەوە دەبێت هۆی

پەکخستنی ئیش و کار. خەڵک بە هەستێکی نەزانراوەوە پەشیمان دەبنەوە و دەکشێنەوە. تەنیایی دەکرێت پەرێشانکەر بێت. هەستی داهاتوویەکی ڕووخاو دەکرێت لەناوی ببات. مشتومڕی دادگا خەمباری تاکەکەسی زیاد دەکات.

وە زۆر جار شوێنێکی ئازاربەخشە بۆ منداڵان. وە دایک و باوک چەندەها جار هیوادارن کە ڕۆژێک ئازارەکان هاوسەرگیرییەکەی ئەوان تێک نەدات و لەناوی نەبات. فشاری چاودێریکردن و یارمەتی دارایی برینەکە قووڵتر دەکاتەوە. وە دواتر مافی سەردانکردنی سەیر و دەستکرد، دەکرێت تراژدییەکە بۆ دەیان ساڵ درێژ بکاتەوە.

لەبەر ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە، ئەو کەسانەی دڵێکی هەستیاریان هەیە، لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەگرین کە دڵتەنگ و دەگرین. هەوڵ دەدەن ئازارەکە زیاتر نەکەن. وە هەندێک کات ئەم گرنگیپێدانە چارەسەرکردنەکە دەشێوێنێت. خەڵک وا دەزانن کە گرنگیپێدانی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو ڕووبەڕووبوونەودا ناگونجێت - وە نەرمونیانی و خۆشەویستی عیسا و توندی فەرمانەکەی ناکرێت هەردووکیان خۆشەویستی بن. بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕاست نییە.

## ئاڵنگاری خۆشەویستن بە پێی کتێبی پیرۆز

عیسا کەسێکی بێ ئەندازە میهرەبان بوو. بەڵام فێرکردنەکانی دەربارەی تەڵاق و دووبارە هاوسەرگیری توونـد بوو: «ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە». لەڕاستیدا، فەرمانەکەی مەسیح کە توندی و خۆشەویستی تێدا بەدی دەکرێت جۆرێکە لە خەمخۆری و دڵسۆزی، چونکە بڕیارێکی هەڵە وەک ئازاری دروونی بەئازارە بۆ کەسێک. دانە بە دانەی ئەمانە ڕاستن، وە بۆ کڵێسا و کۆمەڵگاش ڕاستە. هەست و سۆز سازش دەکات بۆ پیرۆزیی ژیانی هاوسەرگیری دەکات کە دەبێتە هۆی لاوازیی ڕێککەوتنی هاوسەرگیری. بێگومان بۆ ماوەیەکی کەم لە خۆشەویستی دەچێت، بەڵام بۆ دەیان ساڵ وێرانی بەداوە دەبێت. پاراستنی چوارچێوەی پتەوی ژیانی هاوسەرگیری بە پێوەرێکی بەرز، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سەخت و ناخۆش دەردەکەوێت، بەڵام دە هەزار پیرۆزی بەرهەم دێنێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە بەداخەوە لە گرنگی و بایەخەکەی تێناگەن.

ئاڵنگارە مەزنەکە بۆ شوێنکەوتووەکانی عیسا لەبارەی تەڵاق و دووبارە هاوسەرگیرییەوە، ئەوەیە کە بەپێی کتێبی پیرۆز بەرامبەرەکەیان خۆش بوێت. ئاڵنگارە مەزنەکە ئەوەیە کە فرمێسکی پڕ لە سۆز و میهرەبانی تێکەڵ بکرێن لەگەڵ توندی خۆشەویستی گوێڕایەڵانە. ئەمە بە تەنها مەسیح شکۆدار دەکات و سەلامەتی ڕۆحمان و هێزی هاوسەرگرییەکە و کڵێساکەی کە عیسا بنیادی نا، دەپارێزێت.

عیسا لە (مەتا ١٩: ٣- ٩؛ مەرقۆس ١٢: ٢- ١٢) پاساوی جیابوونەوەی فەریسییەکانی لە

(دواوتــار ٢٤) ڕەت کــردەوە و دووبــارە مەبەســتی خــودای هێنایــە ئــاراوە کــە ئــەوەی خــودا بــە یەکــتری گەیانــدووە بــا مــرۆڤ جیــای نەکاتــەوە. عیســا فەرمــووی کــە چارەســەرەکەی موســا دەربــارەی تــەڵاق، لەبــەر دڵرەقــی مرۆڤــەکان بــووە و دەریخســت کــە ئــەو هاتــووە بــۆ ئــەوەی لــەم بــارەوە شــتێک بــکات. ئامانجــی عیســا ئــەوە بــوو کــە پێــوەر و ســتاندەری شــوێنکەوتووەکانی شــتێکی بەرزتــر بێــت لــە یاســا و شــەریعەتی موســا.

چەندە بەرزتر؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەمەوێت لە بەشی داهاتوودا وەڵامی بدەمەوە.

# داواکاریی چل و یەکەم

## ئەوەی کە خودا بە یەکی گەیاندووە، با هیچ مرۆڤێک جودای نەکاتەوە، چونکە ئەوەی کە جودا دەبێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەکات، داوێنپیسی دەکات

«ئـەوەی ژنەکـەی تـەڵاق بـدات و یەکێکـی دیکـە بهێنێـت، ئـەوا داوێنپیسـی بەرامبـەری دەکات. ئەگـەر ژن مێردەکـەی تـەڵاق بـدات و مێـرد بـە یەکێکـی دیکـە بـکات، ئـەوا داوێنپیسـی دەکات.» (مەرقـۆس ١٠: ١١- ١٢)

«ئـەوەی ژنەکـەی تـەڵاق بـدات و یەکێکـی دیکـە بهێنێـت، ئـەوەش کـە تەڵاقدراوێـک دەهێنێـت داوێنپیسـی دەکات.» (لۆقـا ١٦: ١٨)

«دیسـان گوتـراوە: «ئـەوەی ژنەکـەی تـەڵاق بـدات، بـا تەڵاقنامـەی بداتـە دەسـت»، بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم: ئـەوەی بەبـێ هـۆی داوێنپیسـی ژنەکـەی خـۆی تـەڵاق بـدات، وای لێـدەکات داوێنپیسـی بـکات. ئـەوەی تەڵاقدراوێـک بهێنێـت، ئـەوا داوێنپیسـی دەکات.» (مەتـا ٥: ٣١- ٣٢)

«بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم: ئـەوەی بەبـێ هـۆی داوێنپیسـی ژنەکـەی خـۆی تـەڵاق بـدات و یەکێکـی دیکـە بهێنێـت، ئـەوا داوێنپیسـی دەکات.» (مەتـا ١٩: ٩)

عیسا پێوەرێکـی بەرزتـری بـۆ هاوسـەرگیری دانـا، زیاتـر لـە موسـا و مامۆسـتایانی جولـەی ئـەو سـەردەمە. عیسـا پشـتگیری لـە تـەڵاق و جودابوونـەوە نـاکات کـە لـە (دواوتـار ٢٤) ئامـاژەی پێکـراوە. عیسـا فەرمـووی کـە بەهـۆی دڵڕەقـی دڵـی مرۆڤـەوە بـووە (مەتـا ١٩: ٨) و ئاشـکرای کـرد کـە بـۆ گۆڕینـی ئـەوە لێرەیـە. لـەم بەشـەدا ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن ڕوونـی بکەینـەوە کـە عیسـا چەنـد پێـوەر و سـتاندەرێکی بـەرزی دانـاوە بـۆ هاوسـەرگیرییەکی پـاک و دڵسـۆز.

### بەڵگەکانی موسا کە جیابوونەوە ڕێککەوتنی خودای لەناونەبردووە

گومانـم هەیـە ئەگـەر عیسـا پێـوەری زیاتـری نەبینیێـت بـۆ هاوسـەرگیری، نـەک تەنهـا بەسـەر چیرۆکـی بەدیهێنـان لـە (پەیدابـوون ٢: ٢٤)دا جێبەجـێ دەبێـت، بەڵکـو بەسـەر (دواوتـار ٢٤: ١- ٤)دا جێبەجـێ دەبێـت، کـە دەریدەخـات پەیوەنـدی یـەک جەسـتەبوون کـە لەلایـەن هاوسـەرگیرییەوە بنیـات نـراوە، بـە تـەواوی لەلایـەن جیابوونـەوەوە یـان تەنانـەت بـە دووبـارە هاوسـەرگیری کـردن پوچـەڵ ناکرێتـەوە. سـەرنجی ئـەوە بـدە کـە موسـا نوسـیویەتی:

«ئەگـەر پیاوێـک ژنێکـی هێنـا و پەسـەند نەبـوو لەبەرچـاوی، چونکـە بـێ ئابڕووییەکـی تێـدا

بینی و تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی، لەماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، ئەویش کە لە ماڵەکەی چووە دەرەوە، بووە ژنی پیاوێکی دیکە، جا ئەگەر پیاوەکەی دووەم ڕقی لێی بووەوە و تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی و لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، یان ئەگەر پیاوەکەی دووەم کە هێنابووی مرد، ئەوا مێردەکەی یەکەمی کە تەڵاقی دابوو ناتوانێت بیهێنێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ژنی دوای ئەوەی گڵاو بووە. ئەوە شتێکی قێزەونە لەلای یەزدان، جا گوناه مەهێنە سەر ئەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارت بە میرات دەتداتێ» (دواوتار ٢٤: ١- ٤).

شتە تایبەتەکانی ئەم چوار ئایەتە ئەوەیە کە لە کاتێکدا ئێمە بە گشتی هاوسەرگیری بە هەند وەرناگرین، ئەو ژنەی کە جودا دەبێتەوە، «گڵاو» دەبێت بە دووبارە هاوسەرگیری کردن (ئایەتی چوار). لەبەر ئەوە، لەوانەیە ئەوە باش بووبێت کە فەریسییەکان پرسیاریان لە عیسا کرد کە ئایا تەڵاقدان یاساییە، عیسا ئەو پرسیارە نەرێیانەی نەک تەنها بە ئاگادارکردنەوەی بنەڕەتی خودا کە لە (پەیدابوون ١: ٢٧ و ٢: ٢٤) وەڵامی دانەوە، بەڵکو بە ڕوونکردنەوەی (دواوتار ٢٤: ٤) وەڵامی دانەوە، دووبارە هاوسەرگیریکردن دوای تەڵاقدان (کاتێک ڕێگەپێدراوە)، کەسەکەش «گڵاو» دەکات. بە واتایەکی دیکە، بەڵگە هەبوو لە نوسینەکانی  موسا کە ڕێگەپێدانی جیابوونەوە لەبەر دڵڕەقی مرۆڤ بووە و تەڵاقدان و دووبارە هاوسەرگیریکردنی وەک ڕێگەیەک بۆ شکۆدارکردنی خودا دانەناوە.

قەدەغەکردنەکەی موسا بۆ گەڕانەوەی ژن بۆ لای مێردی یەکەمی تەنانەت دوای مردنی مێردی دووەمی (چونکە «قێزەونە،» ئایەتی چوارەم)، دەڵێت کە ئەمڕۆ نابێت هاوسەرگیری دووەم تێکبدرێت لەبەر گەڕانەوە بۆ یەکەم دانە. دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە، بەڵام بۆ ئێستا دەڵێم کە تەنانەت ئەگە هاوسەرگیری دووەم و سێیەم سەرکەوتوو نەبێت، نابێت تێکبدرێت، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە شتێکی نموونەیی نییە، بەڵام هێشتا بە بەزەیی خودا پیرۆز دەکرێت. لەبەر چاو خودا ئەوە باشترە لەجیاتی ئەوەی زیاتر ڕێککەوتن بشکێنن.

## قەدەغەکردنەکان بەبێ حاڵەتی جیاواز و تایبەت

عیسا دوو جار لە ئینجیلەکاندا بەبێ حاڵەتی جیاواز و تایبەت باسی قەدەغەکردنی جیابوونەوە دەکات کە دەرەنجامەکەی دووبارە هاوسەرگیریکردنە. لە (لۆقا ١٦: ١٨) دەفەرموێت، «ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، داوێنپیسی دەکات. ئەوەش کە تەڵاقدراوێک دەهێنێت داوێنپیسی دەکات». لێرەدا وەک دیارە عیسا باسی دووبارە هاوسەرگیری دەکات لە دوای داوێنپیسی جیابوونەوە. ئەمانە وتەی بەهێزن. بە

ئاشـکرا، هـۆکاری ئـەوەی کـە هاوسـەرگیری دووەم پێـی دەگوترێـت داوێنپیسـی ئەوەیـە کـە هێشـتا یەکـەم هاوسـەر دەیەوێـت هاوسـەرگیرییەکە بـەردەوام و یاسـایی بێـت. بۆیـە عیسـا هەڵدەسـتێت بـە وەسـتان دژی کولتـوری جولەکەکانـی ئـەو کاتـە کـە جیابوونـەوە مافـی دووبـارە هاوسـەرگیرییان پـێ دەدان.

(لۆقـا ١٦: ١٨) بەڵگەیەکـی دیکـە لەخـۆ دەگرێـت: لـە نیـوەی دووەمـی ئایەتەکـەدا («ئـەوەش کـە تەڵاقدراوێـک دەهێنێـت داوێنپیسـی دەکات»)، نـەک تەنهـا ئـەوە پیشـان دەدات کـە پیـاو دوای تەڵاقـدان هاوسـەرگیری بکاتـەوە تـاوان دەکات، بەڵکـو هـەر پیاوێـک هاوسـەرگیری لەگـەڵ تەڵاقدراوێکـدا بـکات داوێنپیسـی دەکات. ئەمـە لێـرەدا زیاتـر ئاشـکرایە چونکـە وا دادەنرێـت کـە ژنەکـە لـە جیابوونەوەکـەدا بێتـاوان بێـت، وە لەبـەر ئـەوەی مێردەکـەی تەڵاقـی داوە و دووبـارە هاوسـەرگیری کردووەتـەوە، داوێنپیسـی کـردووە. پێدەچێـت ئەمـە لەبـەر ئـەوە بێـت کـە هیـچ مافێکـی تەڵاقدانـی نەبـووە. واتـە، ژنەکـە هیچـی نەکـردووە تاکـو تەڵاقدانەکـە یاسـایی بـکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەر پیاوێـک هاوسـەرگیری لەگـەڵ ژنێکـی تەڵاقـدراودا بـکات، عیسـا دەفەرموێـت، «داوێنپیسـی ئەنجامـداوە».

ئەمـە وتەیەکـی سـەختە. عیسـا قسـە لەسـەر ئـەو ژنـە دەکات کـە لەلایـەن پیاوەکەیـەوە جێهێڵـراوە بـۆ ئـەوەی پیاوەکـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا بـکات، بـۆ ئـەوەی پیـرۆزی هاوسـەرگیری ژنەکـە و بەڵێنـەکان و سروشـتی ڕێککەوتنـی هاوسـەرگیرییەکە بـە دووبـارە هاوسـەرگیرینەکردنی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا دەربخـات. وە لەبـەر ئـەوەی لـە ئایەتەکـەدا ئامـاژە بـە هیـچ حاڵەتێکـی شـاز و تایبـەت نەکـراوە، وە لەبـەر ئـەوەی عیسـا بـە ئاشـکرا کەلتـوری بـاوی کۆمەڵگـە لەبـارەی جیابوونەوە، بـە مافـی دووبـارە هاوسەرگیریکردنیشـەوە، ڕەت دەکاتەوە، یەکـەم خوێنەرانـی مـژدەی لۆقـا بەلایانـەوە سـەخت بـووە کـە دەبینـن هیـچ حاڵەتێکـی تایبـەت و شـاز لـە ئـارادا نییـە لەسـەر ئـەو بنچینەیـەی کـە عیسـا ڕازی بێـت بـە کەلتـوری جیابوونـەوە.

نموونەکـەی دیکـە لـە ڕەتکردنەوەکـەی عیسـا دەربـارەی نەشـیاویی دووبـارە هاوسـەرگیریکردنەوە لـە (مەرقـۆس ١٠: ١١- ١٢)دا هاتـووە. عیسـا دەفەرموێـت: «ئـەوەی ژنەکـەی تـەڵاق بـدات و یەکێکـی دیکـە بهێنێـت، ئـەوا داوێنپیسـی بەرامبـەری دەکات. ئەگـەر ژن مێردەکـەی تـەڵاق بـدات و مێـرد بـە یەکێکـی دیکـە بـکات، ئـەوا داوێنپیسـی بەرامبـەری دەکات». ئـەم دوو ئایەتـە نیـوەی یەکەمـی (لۆقـا ١٦: ١٨) دووبـارە دەکەنـەوە. بـەڵام زیاتـر دەڕوات و دەڵێـت کـە نـەک تەنهـا پیاوێـک ژنەکـەی تـەڵاق بـدات، بەڵکـو ژنێکیـش ئەگـەر تـەڵاق وەربگرێـت و دووبـارە هاوسـەرگیری بـکات، داوێنپیسـی ئەنجامـداوە. وە وەک لـە (لۆقـا ١٦: ١٨)دا هەیـە، باسـی هیـچ حاڵەتێکـی تایبـەت و شـاز نەکـراوە بـۆ ئـەم یاسـایە.

ئـەوەی کـە هەمانـە دوو قەدەغەکردنـی ئاشـکرای تـەواوە دەربـارەی دووبـارە هاوسـەرگیری

کردن دوای تەڵاق لە (لۆقا ١٦: ١٨) و (مەرقۆس ١٠: ١١- ١٢)، چونکە عیسا دووەم هاوسەرگیری بە داوێنپیسی دەبینێت، تەنانەت ئەگەر تۆ لایەنە بێتاوانەکەش بیت لەم جیابوونەوەیەدا. وە ئێمە دەقێکی بەهێزمان هەیە لە (مەتا ١٩: ٦) و (مەرقۆس ١٠: ٩) کە خودا ژن و مێردی بە یەک گەیاندووە، بۆیە نابێت هیچ کەسێک جیایان بکاتەوە.

## ئایا لە (مەتا ٥: ٣٢) ڕێگە بە جودابوونەوە دراوە؟

بەڵام ئەوەی کە زیاتر جێی باسە ئەوەیە کە لە (مەتا ٥: ٣٢ و ١٩: ٩)دا هەیە، لەوە دەچێت حاڵەتێکی تایبەت و شاز هەبێت لە یاسای دووبارە هاوسەرگیری کردن لە دوای تەڵاقدان. لە (مەتا ٥: ٣٢) عیسا دەفەرموێت: «ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، وای لێ دەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێک بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات». وە دووبارە لە (مەتا ١٩: ٩) دەفەرموێت: «ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات». ئەم ئایەتانە بە گشتی وا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت کە عیسا ڕازی بووە بە جیابوونەوە و دووبارە هاوسەرگیری کاتێک «داوێنپیسی» ڕووبدات لەلایەن یەکێک لە هاوسەرەکانەوە. ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەم دەقە تایبەت و شازە لەوانەی دیکە؟

بەپێی وشەکانی (مەتا ٥: ٣٢: «... وای لێ دەکات داوێنپیسی بکات»)، عیسا دەفەرموێت کە لە زۆربەی بارودۆخەکانی ئەم کەلتورەدا ژنێک کە لەلایەن مێردەکەیەوە بەجێدەهێڵدرێت، ناچار دەکرێت هاوسەرگیری دووەم ئەنجام بدات. لەگەڵ ئەم فشارانە لەسەر ژنە تەڵاقدراوەکەدا بۆ دووبارە هاوسەرگیری، عیسا هێشتا دووەم هاوسەرگیری ڕەتدەکاتەوە. هەروەها وشەکانی ئەوە دەردەخەن کە دووبارە هاوسەرگیریکردنی ژنێک کە بەجێهێڵدراوە داوێنپیسییە: «ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، وای لێ دەکات (ژنە بێتاوانەکە کە داوێنپیسی نەکردووە) داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێک بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات». ئەمە واتای ئەوەیە کە دووبارە هاوسەرگیریکردن هەڵەیە، نەک تەنها کاتێک کەسەکە تاوانبارە لە دۆخی جیابوونەوەدا، بەڵکو ئەگەر بێتاوانیش بێت. بە واتایەکی دیکە، دژایەتی عیسا بۆ دووبارە هاوسەرگیریکردن لەوە دەچێت پەیوەست بێت بە بەڵێنە نەشکێنراوەکەی هاوسەرگیری، نەک بارودۆخی جیابوونەوەکە.

کەواتە (مەتا ٥: ٣٢) فێرمان ناکات کە دووبارە هاوسەرگیری لە هەندێک حاڵەتدا یاساییە. بەڵکو، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دووبارە هاوسەرگیریکردن دوای جیابوونەوە داوێنپیسییە، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە بە بێتاوانی جیابوونەتەوە، وە پیاوێک کە ژنەکەی تەڵاق دەدات تاوانبارە بە دووبارە هاوسەرگیریکردنی ژنەکەی، وە ئەگەر پیاوێک هاوسەرگیری لەگەڵ

ژنێکـدا بـکات کـە تەڵاقـدراوە، تەنانـەت بێتاوانیـش بێـت، داوێنپیسـی دەکات. بۆیـە کۆتـا نیمچەڕسـتەی ئایەتەکـە دەڵێـت: «ئـەوەش تەڵاقدراوێـک بهێنێـت، ئـەوا داوێنپیسـی دەکات». پێـش ئـەوەی بڵێیـن کـە باسـی واتـای ئـەو حاڵەتـە جیـاواز و شـازە بکەیـن، بـا ئـەم نوسـینە هاوبەشـەی (مەتـا ١٩: ٩) بخەینـە بـەردەم خۆمـان.

## نیمچەڕستە تایبەت و شازەکەی (مەتا ١٩: ٩)

ئـەو شـوێنەی دیکـە کـە وا دیـارە عیسـا «نیمچەڕسـتەیەکی تایبـەت و شـاز» ئاشـکرا دەکات بـۆ قەدەغەکردنـی تەڵاقـدان و دووبـارە هاوسـەرگیری، (مەتـا ١٩: ٩)یـە، «بـەڵام پێتـان دەڵێـم: ئـەوەی بەبـێ هـۆی داوێنپیسـی ژنەکـەی خـۆی تـەڵاق بـدات و یەکێکـی دیکـە بهێنێـت، ئـەوا داوێنپیسـی دەکات». ئایـا ئـەم جیاوازییـە واتـای ئەوەیـە کـە لـە هەندێـک بارودۆخـدا کەسـێک هاوسـەرگیری کردبێـت، ئـازادە لـە دووبـارە هاوسـەرگیریکردن دوای جیابوونـەوە؟ ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە زۆربـەی ڕاڤـەکاران و شـارازایانی کتێبـی پیـرۆز بیـری لێدەکەنـەوە. ئەوەنـدەی کـە مـن لـە داواکارییەکـەی عیسـا تێگەیشـتبێتم، عیسـا مەبەسـتی ئـەوە نییـە. بـاش دەبێـت کـە باسـی چۆنیەتـی هەبوونـی ئـەو بیروڕایـەم بکـەم.

هەمیشـە وام دەزانـی کـە داوێنپیسـی و بەجێهێشـتن دوو سـەرچاوەی یاسـایی بـوون بـۆ جیابوونـەوە و دووبـارە هاوسـەرگیریکردن. ئەمـە ئـەو هەوایـە بـوو کـە هەناسـەم دەدا تێیـدا، وە پشتڕاسـتکردنەوەیەکی ئەمـەم بینـی لـە مەرجـە تایبـەت و شـازەکەی (مەتـا ١٩: ٩)، هەرچەنـدە ئێسـتا دەبینـم کـە تـەواوی بەشـەکانی دیکـەی پەیمانـی نـوێ، بـەرەو ئاراسـتەیەکی پێچەوانـە هەنـگاوی نـاوە. بـەڵام گەیشـتمە حاڵـەت و بارودۆخێـک کـە ئـەم گریمانەیـە کـەم کـەم ورد و خـاش بـوو.

مـن لـە سـەرەتادا لـە کێشـەدا بـووم بۆچـی بابەتـە یەکلاییکەرەوەکـەی عیسـا بـۆ تەڵاقـدان و دووبـارە هاوسـەرگیری لـە (مەرقـۆس ١٠: ١١- ١٢) و (لۆقـا ١٦: ١٨)، لـە مەتـادا ئامـاژەی پـێ نەکـراوە، ئەگـەر بەڕاسـتی نیمچەڕسـتە تایبەتەکـەی کردنـەوەی دەرگایـەک بێـت بـۆ جیابوونـەوە و دووبـارە هاوسـەرگیریکردن. بێـزار ببـووم لـە گریمانـە و بیروڕاکانـی نوسـەرەکان، کـە گوایـە مەتـا بـە سـادەیی شـتێک ئاشـکرا دەکات کـە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ گوێگرانـی عیسـا یـان خوێنەرانـی (مەرقـۆس ١٠) و (لۆقـا ١٦) تێگەیشـتوون.

ئایـا بەڕاسـتی پێیـان وابـووە کـە ڕوونکردنەوەیەکـی یەکلاییکـەرەوە و تـەواو جیـاوازی و حاڵەتـی تایبـەت لەخـۆ دەگرێـت؟ بەڕاسـتی کـەم کـەم خەریکبـوو گومانـم بـۆ دروسـت دەبـوو. بۆیـە حـەزم دەکـرد کـە بزانـم کـە ئاخـۆ مەرجـە تایبـەت و شـازەکەی مەتـا، مەرقـۆس و لۆقا پشتڕاسـت دەکاتـەوە یـان نـە، نـەک بـە پێچەوانـەوە.

دووەم شت کە بێزاری دەکردم پرسیارەکە بوو، بۆچی مەتا وشەی یۆنانی «پۆرنێیا» (کە بە واتای «بەدڕەوشتی سێکسی» دێت) بەکاردەهێنێت لە جیاتی وشەی «مۆیچێیا» (کە بە واتای «داوێنپیسی» دێت)؟ «بەدڕەوشتی سێکسی» لە هاوسەرگیریدا بە گشتی واتە داوێنپیسی. بەڵام ئەو وشەیەی مەتا بەکاریدەهێنێت، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی عیسایە کە بە گشتی واتە داوێنپیسی یان ناپاکی سێکسی بەبێ ئاماژەکردن بە ناپاکی لە هاوسەرگیریدا. بەو جۆرەی کە دیارە، زۆربەی ڕاڤەکاران و شارەزایانی کتێبی پیرۆز دیسان پێیان وایە کە کە «پۆرنێیا» لەم بازنەی دەقەدا ئاماژەیە بۆ داوێنپیسی. ئەو پرسیارەی سەری لێ تێکدابووم ئەوە بوو کە بۆچی مەتا وشەی «مۆیچێیا» بەکارناهێنێت بۆ داوێنپیسی، ئەگەر بەڕاستی ئەوە مەبەستەکەیەتی.

دواتر سەرنجی شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشم دا. تاکە شوێنێکی دیکە جگە لە (مەتا ٥: ٣٢ و ١٩: ٩) کە مەتا وشەی «پۆرنێیا»ی بەکارهێناوە، بریتییە لە (مەتا ١٩: ١٥) کە لەگەڵ «مۆیچێیا»دا بەکارهاتووە. لەبەر ئەوە، بەڵگەی سەرەکی بازنەی دەق بۆ بەکارهێنانی لە مەتادا ئەوەیە کە مەتا وشەی «پۆرنێیا» جیاواز لە داوێنپیسی بەکارهێناوە. دەکرێت بە واتای ئەوە بێت کە تێگەشتنی مەتا لە فێرکردنەکانی عیسا، وا بێت کە وشەی «پۆرنێیا» بە گشتی زیاتر واتای هەبێت بۆ زیناکردن یان داوێنپیسی بەبێ ئاماژەکردن بە ناپاکی هاوسەرگیری، واتە داوێنپیسی؟

لە گەڕانەکانم بەڵگەیەکی دیکەم دۆزییەوە کاتێک سەرنجم دا وشەی «پۆرنێیا» لە (یۆحەنا ٨: ٤١) بەکارهاتووە، لەو شوێنەی کە ڕابەرانی جولەکە ناڕاستەخۆ عیسا تاوانبار دەکەن بەوەی کە بە «پۆرنێیا» لەدایکبووە. بە واتایەکی دیکە، لەبەر ئەوەی ئەوە قبوڵ ناکەن کە عیسا لەدایکبووی پاکیزەیەکە، تاوانباری دەکەن بەوەی کە مریەمی دایکی زینای ئەنجام داوە و عیسا دەرەنجامەکەیەتی. بە پێی ئەو دۆزینەوەیەی یۆحەنا بۆ وشەی «پۆڕنێیا»، گەڕامەوە بۆ چیرۆکی لەدایکبوونی عیسا کە لە (مەتا ١: ١٨- ٢٠)دا تۆمار کراوە.

## گرنگیی نیمچەڕستەی تایبەت و شاز لە مارەبڕینەکەی مریەم بۆ یوسف

لەم ئایەتانەدا مریەم و یوسف وەک ژن و مێرد ئاماژەیان پێکراوە، لە کاتێکدا مارەبڕاوی یەکتر بوون. لە ڕاستیدا هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مێرد و ژن کە بە سادەیی بە واتای پیاو و ئافرەت دێت لە یۆنانیدا، وە هۆکارێکی دیکە، مارەبڕینی ئەو کاتە لە مارەبڕینی ئێستا گرنگتر بووە. لە (مەتا ١: ١٩)دا، یوسف بە دوای چارەسەرێک بۆ جیابوونەوە لە مریەم دەگەڕێت، هەرچەندە تەنها دەستگیران بوون نەک هاوسەر. وشەی جیابوونەوە (ئاپۆلسای)، هەمان وشەیە کە لە (مەتا ٥: ٣٢ و ١٩: ٩) بەکارهاتووە. بەڵام لە هەمووی

گرنگتر، مەتا دەڵێت کە یوسف پیاوچاک بووە و بڕیاری داوە لە مریەم جودا ببێتەوە، کە بە ئەنجامدانی زیناکاری (پۆرنێیا) تۆمەتبار کرابوو. بە واتایەکی دیکە، بە پێی مەتا ئەم تەڵاقدانە ڕێگەپێدراو بوو.

تەنها مەتا چیرۆکی یوسفی لە بارودۆخێکی دژواردا گێڕایەوە کە ڕووبەرووی ئەوە بووەتەوە کە ئایا هاوسەرگیری لەگەڵ مارەبڕاوەکەی بکات یان نە، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەرەتادا پێی وابوو کە مریەم داوێنپیسی ئەنجام داوە. لە چارەسەرکردنی ئەم دژوارییەدا، مەتا یوسفی بە «پیاوچاک» ناوزەد کردووە کە بڕیارێکی لەم شێوەیەی داوە. کە ئەمە واتە، مەتا وەک شوێنکەوتوویکی عیسا، ئەم جیابوونەوەیە بە هەڵە دانانێت. وە ئەمە ڕێگری لە یوسف (یان مریەم) نەکردووە بۆ دووبارە ئەنجامدانی هاوسەرگیری.

لەبەر ئەوەی تەنها مەتا باسی ئەم چیرۆکەی کردووە و ئەم پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە، تاکە نوسەری ئینجیلە کە هەست بکات پێویستە قەدەغەکردنەکەی عیسا بۆ جیابوونەوە و دووبارە هاوسەرگیری، کە بارودۆخەکەی یوسف و مریەم ناگرێتە خۆ، ڕوون بکاتەوە. ئەمە ئەوەیە کە بیری لێدەکەمەوە دەربارەی نیمچەڕستە شاز و تایبەتەکە. مەتا باسی عیسا دەکات کە دەفەرموێت: «ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات (بە دڵنیاییەوە باسی بارودۆخی نێوان مارەبڕاوەکان ناکات لەبارەی زیناکردن «پۆرنێیا») و یەکێکی دیکە بهێنێت، داوێنپیسی دەکات».

وەڵامێکی گشتی کە لە (مەتا ١٩: ٣- ٩) و (مەتا ٥: ٣١- ٣٢)دا عیسا وەڵامی دەداتەوە بۆ هاوسەرگیرییە، نەک مارەبڕین. مەبەست ئەوەیە کە ئەم بابەتە لە بازنەی دەقی هاوسەرگیریدا بایەخی نییە، جگە لە زیناکردن و داوێنپیسی. وەڵامی من ئەوەیە کە بێ بایەخییە بەتایبەت خاڵی مەبەستی نیمچەڕستەی تایبەت و شازەکەیە. بێ بایەخی ئەم بابەتە پەیوەستە بەوەی کە چۆن دەیبیستیت. پێم وا نییە لە بێ مەبەست بچێت ئەگەر بەو شێوەیە بیبیستیت کە لە (مەتا ٥: ٣٢)دا پێشنیارم کردووە. کە بەم شێوەیەیە: «بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات (بە دڵنیاییەوە جگە لە هۆکاری زیناکردن «پۆرنێیا» لە کاتی مارەییدا)، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات». بەم شێوەیە عیسا ڕوونی دەکاتەوە کە نزیک بوو یوسفی باوکی بڕیاری جیابوونەوە لە مریەم بدات لەبەر «پۆرنێیا»، کە نارەوا نەدەبوو، بەڵکو ڕەوا دەبوو. ئەمە ئەو بارودۆخەیە کە مەرجە تایبەت و شازەکەی لێ جیا دەکاتەوە.

ئەم لێکدانەوەی نیمچەڕستە تایبەت و شازانە، چەند خاڵێکی بەسوودیان هەیە:

- ناهێڵێت ئینجیلی مەتا بەو شێوەیە دەربکەوێت کە هاوڕا نییە لەگەڵ مەرقۆس و لۆقا.

- ئـەوە ڕوون دەكاتـەوە كـە بۆچـی لـە مەرجـە نائاسـاییەكەی مەتـا وشـەی «پۆرنێیـا» بەكارهاتـووە لـە جیاتـی «مۆیچێیـا.»
- وشـەكەی مەتـا «پۆرنێیـا» (بـۆ زیناكـردن) لـە «مۆیچێیـا» (بـۆ داوێنپیسـی) جیـا دەكاتەوە لـە (مەتـا ١٥: ١٩).
- لەگـەڵ مـەودای فراوانـی دەقەكـەی مەتـادا دەگونجێـت سـەبارەت بـە تێڕامانەكـەی یوسـف بـۆ جیابوونـەوە لـە مریـەم (مەتـا ١: ١٩).

ئـەو شـتانە چیـن كـە پێـوەر و سـتاندەرێكی بـەرزی هاوسـەرگیری دەیگرێتـە خـۆ؟ بـۆ وەڵامـی ئەمـە، دەڕۆیـن بـۆ بەشـی دواتـر.

# داواکاریی چل و دووەم

## ئەوەی کە خودا بە یەکی گەیاندووە، با هیچ مرۆڤێک جودای نەکاتەوە، یەک پیاو، یەک ژن، بە نیعمەت هەتا مردن

«قوتابیەکانی پێیان گوت: «ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وابێت، باشترە ژن نەهێنێت!»

بەڵام پێی فەرموون: «هەموو خەڵکی ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن، تەنها ئەوانەی پێیان دراوە. چونکە خەساو هەن زگماکن، خەساویش هەن مرۆڤ خەساندویانن، خەساویش هەن لە پێناوی شانشینی ئاسمان خۆیان خەساندوە. کێ دەتوانێت پەسەندی بکات، با پەسەندی بکات.» (مەتا ١٩: ١٠- ١٢)

### ئەگەر کێشەکە ئاوایە، باشتر نییە هاوسەرگیری نەکرێت؟

جێگەی سەرسامیی نییە کە کاتێک عیسا فێرکردنەکەی لەسەر هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە (مەتا ١٩: ٣- ٩) تەواو کرد، قوتابییەکانی سەریان سوڕمابوو لەوەی کە پێوەر و ستاندەری عیسا چەند ڕێک و توندە. بۆیە گوتیان: «ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وا بێت، باشترە ژن نەهێنێت» (مەتا ١٩: ١٠). ئەم وەڵامدانەوەیە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئێمە ڕاست بووین کە دەبینین عیسا بەو شێوەیە پێوەر و بنەماکانی لە ئاستێکی بەرزدایە. قوتابییەکان پێیان وایە کە ئەم ستاندەرە زۆر بەرزە و باشترە کە هاوسەرگیری نەکرێت. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر لە هاوسەرگیریدا دەرگای نهێنی بوونی نەبێت، باشترە لە دەرگای پێشەوەش نەچینە ژوورەوە. ئەم وەڵامدانەوەیە زۆر واتادار نابێت ئەگەر عیسا باسی دەرگایەکی گەورەی نهێنی بکات وەک خیانەتی هاوسەرگیری.

وەڵامەکەی عیسا بۆ ئەوە نییە پێوەر و ستاندەرەکەی نزم بکاتەوە کە هاوسەرگیری کەمتر مەترسیدار بێت، بەڵکو، لەڕاستیدا دەفەرموێت کەئەگەر پێویست بکات و توانای ئەوەت هەبێت بە تەنها و سەڵت بمێنێتەوە، هەروەها ئەگەر توانات هەیە لە هاوسەرگیرییەکی سەختدا بمێنیتەوە، ئەوا هەردووکیان دیاری خودان. بە واتایەکی دیکە، بەرەوپێشچوون لە تەنیاییدا و گەورەبوون لە هاوسەرگیریدا نیعمەتی خودایە». هەموو خەڵکی ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن (کە هاوسەرگیری هەتاهەتاییە)، تەنها ئەوانەی پێیان دراوە» (مەتا ١٩: ١١). مەبەست ئەوە نییە کە هەندێک لە قوتابییان نیعمەتیان پێ دراوە و هەندێک نا، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەم نیعمەتە (یان دڵسۆزی و وەفاداریی لە تەنیایی و هاوسەرگیریشدا) نیشانەی قوتابیی مەسیحە. «ئەوانەی پێیان دراوە» شوێنکەوتووەکانی

عیسان. خودا لەگەڵ داواکارییەکانیدا، نیعمەتی پێویستمان پێ دەبەخشێت.

## خەسێنراوەکان بۆ شانشین

دواتر عیسا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم نیعمەتە دراوە بەوانەی کە بۆ هۆکاری جیاواز هاوسەرگیری ناکەن. «چونکە خەساو هەن زگماکن، خەساویش هەن مرۆڤ خەساندویانن، خەساویش هەن لە پێناو شانشینی ئاسمان خۆیان خەساندوە. کێ دەتوانێت پەسەندی بکات با پەسەندی بکات» (مەتا ١٩: ١٢). مەبەست ئەوەیە ئەگەر هاوسەرگیری نەکەیت یان ئەگەر جیابوویتەوە پێویستە هەروا بمێنیتەوە، تۆ تەنیا نیت، بەڵکو لەگەڵ هەندێکدایت کە ناچار کراون تەنها بن و هەندێک کە هەڵیانبژاردووە لەپێناو شانشینی خودا تەنها بن. لە هەموو بارودۆخێکدا خودا بەرەکەت و نیعمەت دەدات.

ڕستەی «کێ دەتوانێت پەسەندی بکات، با پەسەندی بکات» وەک ڕستەی «ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت» (مەتا ١٣: ٩، ٤٣؛ ١١: ١٥) وایە. واتە، ئەگەر گوێی بیستنت هەیە - یان نیعمەتت هەیە کە ئەم بانگهێشتە توندە بە مەبەستی ڕێزگرتنێکی زۆر لە هاوسەرگیری قبوڵ بکەیت - ئەوە نیشانەی بوون بە شوێنکەوتووی عیسایە. «مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و ئەوانیش بەدوام دەکەون» (یۆحەنا ١٠: ٢٧).

## گەمژەیی هاوڕەگەزبازی

هاوسەرگیری کارێکی مەزنی خودایە. دیارییەکی مەزنە بۆ جیهان. شایانی کتێب و گۆرانی و شیعر و ژیان و قوربانیدانە، نەک تەنها بەشێکی بچوکی وەک ئەمە. عیسا خەمبارە بەو مامەڵە نەشیاوەی کە لەم ڕۆژگارەدا بەرامبەر هاوسەرگیری دەکرێت. عیسا ترسی لێ دەنیشێت کاتێک کە ڕێککەوتنێکی هاوڕەگەزیی نێوان دوو پیاو یان دوو ئافرەت پێی دەگوترێت هاوسەرگیری. عیسا هەرگیز بەو ڕێکەوتنە ناڵێت هاوسەرگیری. زۆر دڵی دەسوتێت بۆ ئەو دابڕانە ڕەگەزییە، عیسا بە ئەنجامدانی هاوڕەگەزبازی دەڵێت گوناه، هەروەها دەفەرموێت کە هەوڵدان بۆ پیرۆزکردنی لە ڕێگەی وشەی هاوسەرگیرییەوە، کارێکی گێلانەیە و ئەوپەڕی گەمژەییە.

بە هەمان شێوە وەڵامی ئەم گەمژەییە دەداتەوە کە وەڵامی فەریسییەکانی دایەوە کە لە فێرکردنەکانی موساوە پاساویان بۆ جیابوونەوە دەهێنایەوە. دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا. تەنها ئەم کاتە هێڵ بەژێر وشەی «پیاو» و «ژن» دەهێنێت. «ئایا نەتانخوێندووەتەوە، ئەوەی لە سەرەتاوە بەدیهێناوە (بە نێر و مێ بەدیهێنان)؟ هەروەها فەرمووی: (لەبەر ئەوە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت ئیتر هەردووکیان دەبنە

یـەک جەسـتە)؟» (مەتـا ١٩: ٤- ٥). عیسـا ڕیشـەی هاوسـەرگیری ڕەگـەز جیـاواز دەگەڕێنێتـەوە بـۆ دروسـت بوونـی یەکـەم مـرۆڤ بـە نێـر و مـێ و یەکبوونـی پیـاو و ژن بـۆ یـەک جەسـتە. عیسـا ئـەم هاوسـەرگیرییە پـڕ شـکۆ و هەمـوو ئـەوەی کـە بەدیدەهێنێـت، بـە خەمبارییەکـی گـەورە هەژمـار دەکات کاتێـک بـە گوناهـی هاوڕەگەزبازیـی دادەپۆشرێـت.

## ئایا جیابوونەوە و دووبارە هاوسەرگیریکردن گوناهێکن نابەخشرێن؟

لەگـەڵ ئـەوەی کـە هاوسـەرگیری کارێکی مەزنە، بـەڵام جیابوونـەوە و دووبارە هاوسـەرگیریکردن گوناهێـک نیـن نەبەخشرێـن. هەندێـک کات لێـم دەپرسـن کـە ئاخـۆ تێگەشـتنی مـن بـۆ عیسـا ئـەوە دەگەیەنێـت کـە گوناهـی جیابوونـەوە نابەخشرێـت؟ وەڵامەکـەم نەخێـرە. عیسـا فەرمـووی کـە خوێنـی ئـەو دەبێتـە هـۆکاری بەخشـینی هەمـوو گوناهـەکان (مەتـا ٢٦: ٢٨). لەبـەر ئـەوە دەتوانێـت بفەرموێـت: «ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: هەمـوو گونـاه و کفـر کردنێکـی مرۆڤ کـە دەیکات دەبەخشرێـن، بـەڵام ئـەوەی سـەبارەت بـە ڕۆحـی پیـرۆز کفـر بـکات، هەرگیـز نابەخشرێـت، بەڵکـو بـە گوناهێکـی هەتاهەتاییـەوە تاوانبـارە» (مەرقـۆس ٣: ٢٨- ٢٩).

لـەم بەڵێنـە ناوازەیـەوە فێـر دەبیـن کـە بەهـۆی ڕشـتنی خوێنی عیساوە، خـودا لـە گوناهەکانمان خـۆش دەبێـت. لێخۆشـبوون بـۆ هەمـوو گوناهێـک هەیـە، بەبـێ جیـاوازی. لێخۆشـبوون بـە ئازادانـە بەدەسـتدەهێنرێت، بـە بـاوەڕ کـردن بـە عیسـا بـۆ ئـەوەی لـە گوناهەکانمان خـۆش بێـت. ئەمـە ئـەوە ئاشـکرا دەکات کـە ئێمـە گونـاه وەک گونـاه دەبینیـن و ڕقـمان لێیـە، چونکـە وەک بێڕێزیکـردن بـە عیسـا چـاوی لـێ دەکەیـن. تاکـە گوناهێـک کـە نابەخشرێـت ئـەو گوناهەیـە کـە ڕەتـی دەکەینـەوە دانـی پێـدا بنێیـن و وازی لـێ دەهێنیـن. ئێمـە گوناهێکـی نەبەخـشراو ئەنجام دەدەیـن کاتێـک گوناهێـک بـۆ ماوەیەکـی زۆر و بـە کەلەڕەقانـە بـە خۆمانـەوە دەلکێنیـن، دواتـر ناتوانیـن وەک گونـاه دانـی پێـدا بنێیـن و لێـی پەشـیمان ببینـەوە. ئـەوەی عیسـا بـە «قسـە دژی ڕۆحـی پیـرۆز» (لـە مەتـا ١٢: ٣١- ٣٢) و «گوناهێکـی هەتاهەتایـی» (لـە مەرقـۆس ٣: ٢٩) نـاوی دەبـات، بەرهەڵسـتیکردنی مەحکوم کردنمانـە لەلایـەن ڕۆحـی پیـرۆزەوە، بـەو ڕادەیـەی کـە گوناهکارەکـە بەبـێ یارمەتـی و دڵڕەقانـە جـێ دەهێڵێـت، بـە جۆرێـک کـە نەتوانێـت تۆبـە بـکات.

هیـچ کام لـە جیابوونـەوە یـان دووبـارە هاوسـەرگیریکردن نەبەخـشراو نیـن هـەر وەک کوشـتن، دزیکـردن، درۆکـردن، تەمـاح، داوێنپیسـی یـان ڕەفتـاری هاوڕەگەزبـازی. «هەمـوو گونـاه و کفرکردنێکـی مـرۆڤ کـە دەیـکات دەبەخشرێـن» (مەرقـۆس ٣: ٢٨). خـودا دڵسـۆزە بـۆ ئـەوەی ببەخشـێت، قوربانیدانەکـەی نەوەکانـی شـکۆدار دەکات بـۆ هەمـوو ئەوانـەی دان بـە گوناهەکانییانـدا دەنێـن و ئومێدیـان بـە کاری ڕزگاری عیسـایە.

گوناهـی تایبـەت بـە هاوسـەرگیری هەمـان جـۆری گوناهـە وەک کوشـتن و دزی و درۆ. ئەگـەر

کەسێک درۆ بکات، بکوژێت، دزی بکات، یان بە نایاساییانە وازی لە هاوسەرگیرییەک هێنا، کێشەکە ئەوە نییە کە ئایا ئاخۆ دەبەخشرێت یان نە؛ کێشەکە ئەوەیە کە ئایا دان بەوەدا دەنێت کە گوناهی کردووە؟ پەشیمان دەبێتەوە؟ وە ئایا ئەگەر بکرێت ئەوە دەکات کە پێویستە بکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی گوناهەکە؟

ئەوەی کە بە گشتی کێشە دروست دەکات ئەوە نییە کە جیابوونەوە و دووبارە هاوسەرگیری کردن نابەخشرێن، بەڵام هەر چۆنێک بێت گوناهن، دەبێت دانی پێدا بنرێت (لە ڕابردوودا) و ڕێگری لێ بکرێت (لە داهاتوودا). ئەگەر کەسێک لە ڕابردوودا شتێکی دزیوە، کەس ناڵێت کە ئێمە وەک گوناهێکی نەبەخشراو مامەڵە لەگەڵ دزی دەکەین ئەگەر ئێمە سوور بین لەسەر ئەوەی ئەم کەسە دان بە تاوانەکەیدا بنێت و دەست بکات بە ڕاستکردنەوە بۆ ئەوانەی دزی لێکردوون. گوناه نەبەخشراو نییە، چونکە دەکرێت وەک گوناهە دانی پێدا بنرێت، پەشیمان بوونەوە وەک هەڵبژاردنێک، وە هەڵەکان ڕاست کراوەتەوە (هەتا ئەوەندەی ڕێی تێ دەچێت و دەکرێت).

هەمان شت بۆ جیابوونەوە و دووبارە هاوسەرگیریش ڕاستە. ناکرێت هیچ کەسێک لە هاوەڵی کردن بۆ شوێنکەوتنی عیسا دووربخرێتەوە، ئەگەر ژیانێکی پڕ لە دزی هەبووبێت لە ڕابردوودا. بەڵام دەبێت دڵسۆزانە دانی پێدابنرێت کە گوناهێک ئەنجام دراوە و پەشیمان ببێتەوە و ڕاستی بکاتەوە، هەر وەک هەموو گوناهەکانی دیکە لە ڕابردوودا.

## شوێنکەوتووێکی عیسا چی دەکات کاتێک کە جیابوەتەوە یان دووبارە هاوسەرگیری کردووە؟

عیسا چاوەڕێی چی دەکات لە شوێنکەوتووەکانی کە گوناهیان ئەنجام داوە و جیابوونەتەوە یان دووبارە هاوسەرگیریان کردووە؟ چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە قبوڵی بکەین کە بڕیاری دووبارە هاوسەرگیری کردن و چوونە ناو هاوسەرگیری دووەم گوناهێک بووە و دانی پێدا بنێین و داوای لێخۆشبوون بکەین. هەروەها چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکات کە لە هاوسەرەکەی ئێستامان جیا نەبینەوە. من ئەمە، بەلایەنی کەمەوە بەسەر پێنج ڕوانگە و تێڕاوانیندا دابەش دەکەم.

یەکەم، لەوە دەچوو عیسا زۆرێک لە هاوسەرگیرییەکانی بە هەڵە بەڵام ڕاستەقینە هەژمار کردبێت. عیسا لە (یۆحەنا ٤: ١٨) بە ژنە سامیرەییەکەی فەرموو «لە ڕاستیدا پێنج مێردت هەبوو، ئێستاش ئەوەی هەتە مێردت نییە». ئەو ئێستا لەگەڵ پیاوێک دەژی، بەڵام هیچ هاوسەرگیرییەک بوونی نییە، هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوانیاندا نییە. عیسا بەوانەی دیکە دەڵێت «مێرد،» بەڵام ئەوەی ئێستا لەگەڵیدایە مێردی نییە.

دووەم، عیسا دەیزانی کە (دواوتار ٢٤: ٤) دژی گەڕانەوە بۆ یەکەم هاوسەر، دوای دووەم

هاوسـەرگیری قسـە دەکات. وە بـۆ چەسـپاندنی ئـەم حوکمـە لـە ڕێگـەی خـۆی لاینـەدا.

سـێیەم، پاراسـتنی ڕێککەوتـن زۆر گرنگـە بۆ عیسـا وەک لـە بەشـەکانی پێشـوو بینیمان(هەروەها بڕوانـە داواکاریـی بیسـت و سـێیەم). لەبـەر ئـەوە، هەرچەنـدە ڕێکەوتنەکـەی ئێسـتا داوێنپیسـیش بێـت، ڕاستەقینەیە و دەبێـت بپارێزرێـت. سـەرەتای پـڕ لـە گونـاە مانـای ئـەوە نییـە کـە بـەردەوام گونـاە هەبێـت بەبـێ هیـوای پاکی و دروسـتی.

چـوارەم، وێنـە و ڕوونکـردەوە هەیـە کـە خـودا مامەڵـە لەگـەڵ یاخیبـووان دەکات و دەرئەنجامەکـەی بەرنامـە دانانـی خـودا دەبێـت بۆیـان. نموونەیـەک ئـەو ڕاسـتییەیە کـە ئـەوە گونـاە بـوو بـۆ خەڵکـی ئیسرائیـل کـە داوای پاشـایەک بکـەن کـە وەک نەتـەوەکان بـن (یەکـەم سـاموئێل ١٢: ١٩- ٢٢). لەگـەڵ ئەوەشـدا، خـودا ئـەو پاشـایەتییە بنیـاد نـراوە پڕگوناهـەی گـۆڕی بـۆ مەسـیح و پاشـایەتی عیسـا. نموونەیەکـی دیکـە گوناهـی هاوسـەرگیرییەکەی داود بـوو لەگـەڵ بەتشـەبەع. داوێنپسـییەکەی لەگـەڵ ئـەو، کوشـتنی هاوسـەرەکەی، وە هاوسـەرگیرییەکەیان «لەبەرچـاوی یـەزدان ناپەسـەند بـوو» (دووەم سـاموئێل ١١: ٢٧). بۆیـە خـودا ژیانـی یەکـەم منداڵـی ئـەم یەکبوونـەی لـێ سـەندن (دووەم سـاموئێل ١٢: ١٥، ١٨). بـەڵام منداڵـی دووەم، سـلێمان، «یەزدانیـش خۆشـی ویسـت» وە وەک یاسـادانەر هەڵبـژارد بـۆ خەڵکەکـەی (دووەم سـاموئێل ١٢: ٢٤).

پێنجـەم، بـە تۆبەکـردن و لێخۆشـبوون بەهـۆی خوێنـی عیسـا و کاری پیـرۆزی بەڵێنەکـەی ڕۆحـی پیـرۆز، هاوسـەرگیرییەک کـە بـە گونـاە دروسـت بووبێـت دەکرێـت لەلایـەن خـوداوە پیـرۆز بکرێـت، لـە گونـاە پـاک بکرێتـەوە، وە بـن بـە واتـای نیعمـەت. لـە نموونەیـی کەمترە، بـەڵام نەفـرەت نییـە. لەوانەیـە ببێتـە پیرۆزییەکـی مـەزن.

## هاوسەرگیری: مەزن و بەنرخ، بەڵام سەرەکی یان هەتاهەتایی نییە

گومانـی تێـدا نییـە کـە داواکارییەکـەی عیسـا بـۆ دڵسـۆزی لـە هاوسـەرگیریدا وشـەیەکی تونـد و سـەختە بـۆ کەلتـوری هاوچەرخـی ئێمـە. ئەمـە تاقیکردنەوەیەکـە بـۆ خودایەتییەکـەی بەسـەر ئێمـەوە. سـتاندەر و پێوەرەکانـی زۆر بـەرزن و ناڵێـن کـە زەوی کۆتـا ماڵـی ئێمەیـە. عیسـا زۆر بـە باشـی ڕوونـی دەکاتـەوە کـە هاوسـەرگیری تەنهـا بـۆ تەمەنـی گونجـاوی خـۆی یاساییە. «لـە هەسـتانەوەدا خەڵکـی نـە ژن دەهێنـن و نـە مێـرد دەکـەن، بەڵکـو وەک فریشـتە لـە ئاسـمان دەبـن» (مەتـا ٢٢: ٣٠). لەبـەر ئـەوە هاوسـەرگیری پیرۆزییەکـی کورتـە. مەزنـە، بـەڵام کۆتـا بـژاردە نییـە. بەنرخـە، بـەڵام هەتاهەتایـی نییـە.

ئـەم ڕوانگـە هەتاهەتاییـە ڕوونـی دەکاتـەوە کـە بۆچـی عیسـا دەتوانێـت ئەوەنـدە تونـد و یەکلاییکـەرەوە قسـە بـکات. هەرگیـز هاوسـەرگیری نەکـردن تراژیـدی نییـە. ئەگـەر نـا ژیانـی

عیسـا تراژیدیـە. تراژیـدی ئـەوە کـە بـە ڕادەیـەک پەرۆشـی هاوسـەرگیرییەکی نایـاب بیـن کـە هاوسـەرگیری بکەینـە خـودای خۆمـان. پێـوەر و سـتاندەرەکانی عیسـا بـەرزن، چونکـە هاوسـەرگیری هەمـوو پێداویسـتییەکانمان بـۆ دابیـن نـاکات. باشـترە نمونەیـی نەبێـت؛ ناکرێـت و ناتوانێـت شـوێنی عیسـا بگرێتـەوە. هاوسـەرگیری بـۆ سـاتێکە، بـەڵام عیسـا بـۆ هەتاهەتایـە. چۆنیەتـی ژیانـی ئێمـە لـە نـاو هاوسـەرگیری یـان تەنیاییـدا ئـەوە نیشـان دەدات کـە عیسـا هەتـا چ ڕادەیـەک گەنجینـەی بـەرزی ئێمەیـە.

# داواکاریی چل و سێیەم

## ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنە قەیسەر، ئەوەش کە هی خودایە بیدەنە خودا

«ئینجا فەریسییەکان ڕۆشتن و تەکبریان کرد چۆن عیسا بە قسەی خۆی تووش بکەن. قوتابییەکانی خۆیان و هیرۆدیسییەکانیان ناردە لای و گوتیان: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگەی خودا بەڕاستی فێر دەکەیت و گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەمەشای ڕواڵەتی خەڵک ناکەیت. کەواتە پێمان بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟» عیسا کە بە نیازی خراپی ئەوانی دەزانی، فەرمووی: «ئەی دووڕووان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ پارەی سەرانەم پیشان بدەن.» ئەوانیش دینارێکیان بۆ هێنا. پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟» وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.» پاشان پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.» (مەتا ٢٢: ١٥- ٢١)

عیسا جولەکە بوو. ئەو بەشێک بوو لەو خەڵکەی کە لە ژێر دیکتاتۆری ڕۆمانییەکان دەژیان. قەیسەر هەموو ناوچە پیرۆزەکانی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بە تەواوەتی بەدەستهێنابوو. کاتێک عیسا لەدایک بوو، ئۆگستۆس قەیسەر ئیمپراتۆر بوو (لۆقا ٢: ١)، وە کوڕەکەی قەیسەر، تیباریۆس قەیسەر، کە لە (١٣-٣٧)ی ز. فەرمانڕەوایی دەکرد، واتە بە درێژایی ژیانی عیسا (لۆقا ٣: ١). وە ئەو کاتەی عیسا داوای دینارێکی کرد لە فەریسییەکان کە وێنەی قەیسەری لەسەر بێت، بەڵام بە شیمانەیەکی زۆر دینارەکە وێنەی تیباریۆسی لەسەر بووە.

### تەڵەکە

کاتێک فەریسییەکان لە عیسایان پرسی، ڕاستە سەرانە بدرێتە قەیسەر، تەکبیریان بۆ کرد کە چۆن بیخەنە تەڵەوە بە مەبەستی کێشەیەکی گەورەی سیاسی. جولەکەکان چەوساوە و تووڕە بوون، چونکە ئەو شوێنەی لێی دەژیان لەلایەن بتپەرستانی ڕۆمانییەوە حوکمڕانی دەکرا. سەرانەدان بە ڕۆمانییەکان گوناهێکی ئایینی بوو، بەڵام پێنەدانیشی خۆکوژی بوو. فەریسییەکان بە ئاشکرا هەوڵیان دەدا کە عیسا لە تەڵەدا بگرن، «یان ئەوەتا پاڵپشتی سەرانەدان دەکات بۆ ڕۆمییەکان، خۆشەویستی گەلەکەی لەدەست دەدات، وە یارمەتی مەسیحییانە، یان ئەوەتا دژی پێدانی سەرانە دەوەستێتەوە. . . . دواتر، هیرۆدیسییەکان تاوانباری دەکەن بە دەسپێکەری شۆڕش، لەبەر ئەوە دەبێت لەسێدارە بدرێت، لەسێدارەدانێکی خێرا.»

بۆیە لێیان پرسی، «بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟» عیسا کە بە نیازی خراپی ئەوانی دەزانی، دواتر وەڵامێکی پڕ لە مانای دانەوە کە چۆن شوێنکەوتووانی ئەو ببنە خەڵکی شانشینی خۆی و شانشینی ئەم دنیاش، فەرمووی: «ئەی دووڕووان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ پارەی سەرانەم پیشان بدەن.» ئەوانیش دینارێکیان بۆ هێنا. پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟» وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.» پاشان پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا» (مەتا ٢٢: ١٧- ٢١).

باوەڕ ناکەم عیسا خۆی لە پرسیارەکە لابدات. وا بزانم ئەو بەشێوەیەک وەڵامی دانەوە کە وامان لێ بکات بیری لێ بکەینەوە، وە لە کۆتاییدا، وەڵامەکەی داوای وەفادارییەکی بنەڕەتی دەکات بۆ دەسەڵاتی خودا بەسەر هەموو شتێکدا. فەرمانی یەکەم، «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر»، واتاکەی لە دووەم فەرمانەوە وەردەگرێت، «هی خوداش بدەنە خودا». چەسپاندنی ئەم دوو فەرمانە واتایەکی گونجاو بە فەرمانی یەکەم دەدات.

## وەڵامێکی زیرەکانەی چاوەڕواننەکراو

دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوی خۆت کە گوێگرەکان هەناسە نادەن کاتێک عیسا دەفەرموێت: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر». لەوانەیە خەندەیەکی پڕ لە فێڵبازی هاتبێتە سەر لێوی هەموو ئەوانەی کە دژی عیسا بوون. ئەمە لە خۆ بەدەستدانەوەیەک دەچێت بۆ دەسەڵاتی ڕۆما. پرسیارە بۆم کە ئاخۆ عیسا لەنێوان ئەم دوو فەرمانەدا چەندە چاوەڕێی کردووە. لەوانەیە ئەوەندە چاوەڕێی کردبێت کە ئەو وشانە لەنێو مێشکیاندا بچەسپێت: «قەیسەر مەودایەکی باشی دەسەڵات و خاوەندارێتی هەیە. ڕازی بن پێی». کاتێک لەوە تێگەیشتن، عیسا کورتەیەک زیاد دەکات، بەڵام بە تایبەتمەندییەکی زۆر بەرز: «هی خودا بدەنە خودا». خەندەی سەر لێوی دوژمنەکانی وەستا. ئەمە ئەوە نەبوو کە چاوەڕێیان دەکرد، شتێکیش نەبوو کە هیچ کەسێک چاوەڕێی کردبێت. عیسا جۆرێک لە وەفاداری پیشانی هەردوولا دا: بۆ قەیسەر بەپێی خاوەندارێتی و دەسەڵاتی، وە خوداش بە پێی خاوەندارێتی و دەسەڵاتی.

عیسا بە داناییانە واتای وەڵامی ئەم دوو خاوەندارێتی و دەسەڵاتەی بۆ گوێگرەکان بەجێهێشت. ئەگەر بێتو ئەمە چارەسەرەکە بێت بۆ ڕۆما، ئەوا پشت بە کەسێک دەبەستێت کە چۆن لە واتای خاوەندارێتی و دەسەڵاتی خودا لە پەیوەندی بۆ واتای خاوەندارێتی و دەسەڵاتی قەیسەر تێدەگات. ئەمە ئەوەیە کە عیسا دەستنیشانی کردووە بۆ ئەوەی ئێمە بیری لێبکەینەوە.

خاڵی دەستپێکی ئەم بیرکردنەوەیە، گریمانەی حاشاهەڵنەگری فەرمانی دووەمە، «هی خودا

بدەنـە خـودا». ئـەو گریمانەیـە ئەوەیـە کـە هەمـوو شـتێک هـی خودایـە. عیسـا دەفەرموێـت: «گـوێ دەگـرن، بـەڵام نابیسـتن و تێناگـەن. گوێیـان هەیـە، بـەڵام نابیسـتن». بـە واتایەکـی دیکـە، هەمـوو ڕاسـتییە گرنگـەکان ئەوانـەن کـە ناوترێـن و ئاشـکران بـۆ ئەوانـەی کـە دەیانەوێـت ببیسـتن. عیسـا بـە قسـە نەکـردن، زیاتـر لـە ڕزگاربوونـی لـە تەڵـەی فەریسـییەکانی دەسـتکەوت؛ ئـەوە بـووە هـۆی وەڵامدانـەوەی پرسـیارێکی زۆر لـەوە قووڵـتر و گرنگـتر کـە دوژمنەکانیـان دەیانپرسـی.

**پارەدان بە قەیسەر پارەدانە بە عیسا، یان ناپاکییە**

ئـەو ڕاسـتییەی کـە خـودا خاوەنـی هەمـوو شـتێکە و هەمـوو دەسـەڵاتی جیهانـی هەیـە، فەرمانـی یەکـەم دەخاتـە ژێـر فەرمانـی دووەم: «هـی قەیسـەر بدەنـە قەیسـەر» دەچێتـە ژێـر «هـی خـوداش بدەنـە خـودا». هەمـووی هـی خودایـە. بۆیـە، ئـەوەی هـی قەیسـەرە، هـی خودایـە. لەبـەر ئـەوە، هـی قەیسـەر بدرێـت بـە قەیسـەر، وەک ئـەوە ببینرێـت کـە هـی خودایـە و دراوە بـە خـودا. وە زۆر گرنگـە چـۆن کەسـێک بـە تەواوەتـی دەتوانێـت تێبـگات کـە پەنـا بـۆ عیسـا ببـات وەک خـودای خـۆی، وە لـەم ژیانـەدا لەگـەڵ قەیسـەر بـژی ، یـان هـەر دەسـەڵاتدارێکی دیکـە.

هەرچەنـدە دەسـەڵاتی قەیسـەر لـە پشـت لەخاچدانـی عیسـاوە بـوو، بـەڵام عیسـا خـودای بـەرز و بڵنـدی قەیسـەرە. عیسـا ئەمـە دەزانێـت. ئـەو زیرەکانـە مـاوەی ژیانـی سـەر زەوی لـە ئەرکـە ڕاسـتەکانی و سـەرکەوتن بەسـەر دوژمنەکانیـدا پاراسـت. ئـەو بڕیـاری داوە کـە ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات. «ژیانـی خـۆم دادەنێـم تاکـو وەریبگرمـەوە. کـەس لـە منـی ناسـتێنێ، بەڵکـو خـۆم دایدەنێـم. دەسـەڵاتم هەیـە دایبنێـم و دەسـەڵاتم هەیـە بیبەمـەوە. ئـەم ڕاسـپاردەیەم لـە باوکمـەوە وەرگرتـووە» (یۆحەنـا ١٠: ١٧- ١٨). لەبـەر ئـەوە، کاتێـک لەنـاو مـردووان هەسـتایەوە، فەرمـووی: «هەمـوو دەسـەڵاتێکم لـە ئاسـمان و لەسـەر زەوی دراوەتـێ» (مەتـا ٢٨: ١٨). ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە لەسـەرووی هەمـوو دەسـەڵاتی قەیسـەرەوەیە. «هـی قەیسـەر بدەنـە قەیسـەر «واتـە، کەواتـە: هەمـوو ئـەوەی دەیـدەن بـە قەیسـەر، ڕێـز و دەسـەڵاتی تـەواو بـدەن بـە عیسـا کـە هەیەتـی بەسـەر قەیسـەردا.

لەگـەڵ عیسـادا ئـەوە دەوەشـایەوە کـە بـە درێژایـی خزمەتەکـەی، هیـچ سـەرنجێکی لەڕادەبـەدەری ڕانەکێشـا بـۆ سـەر خاوەندارێتـی و دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر هەمـوو جیهانـەوە. هـات بـۆ ئـەوەی قوربانـی بـدات و بمرێـت. ئـەو دەیزانـی ئـەو ڕۆژە دێـت کـە بـە ئاشـکرا فەرمانڕەوایـی نەتـەوەکان دەکات. لەبـەر ئەمـە فەرمـووی: «کاتێـک کـوڕی مـرۆڤ بە شـکۆی خۆی دێتـەوە و هەمـوو فریشـتەکانیش لەگەڵیـدان، ئەوسا لەسـەر تەختـی شـکۆی خـۆی دادەنیشـێت» (مەتـا ٢٥: ٣١- ٣٢). بـەڵام بەدرێژایـی خزمەتەکـەی لەسـەر زەوی، ئـەم جـۆرە هێـزەی بەکارنەهێنا.

لەبەر ئەوە، کاتێک کاتی ئەوە هات ئاشکرای بکات کە شوێنکەوتووەکانی چۆن مامەڵە لەگەڵ قەیسەردا بکەن، ئاماژەی کرد بۆ خودا، نەک بۆ خۆی. نەفەرموو: « هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی منیش بدەنە خۆم».

لە ڕاستیدا، ئەمە ئەوەیە کە بانگهێشتمان دەکات بۆی. ئەو و باوک یەکن (یۆحەنا ١٠: ٣٠). «هەروەها باوک کەس حوکم نادات، بەڵکو هەموو حوکمدانی داوەتە دەست کوڕەکە، تاکو هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن هەروەک ڕێزی باوک دەگرن. ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی» (یۆحەنا ٥: ٢٢- ٢٣). لە لاوازترین کاتژمێری ژیانیدا، کاتێک سەرۆک کاهین لێی پرسی ئایا تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودای پیرۆز؟ عیسا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن کوڕی مرۆڤ لە دەستە ڕاستی توانادار دادەنیشێت و لەگەڵ هەوری ئاسمان دێتەوە» (مەرقۆس ١٤: ٦٢). بە واتایەکی دیکە، ئەگەر ئێستا لەبەرچاوتاندا لاواز و وێران بم، زۆر بە کورتی، من لەو شوێنە دادەنیشم کە دەسەڵاتی تەواوم دەبێ بەسەر ئێوە و پیلاتۆس و هێرۆدس و قەیسەردا». لەبەر ئەوە، «هی خودا بدەنە خودا». هەروەها واتە، شکۆی تەواوی خاوەندارێتی و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا بدەنە عیسا، لەگەڵ هەموو ئەوەی هی قەیسەریشە.

## هیچ دەسەڵاتێک بوونی نییە جگە لەوەی لە سەرەوە پێت دەدرێت

لەبەر ئەوە، عیسا داوای وەفاداری تەواوی کرد بۆ خۆی و خاوەندارێتی و دەسەڵاتی. هەموو وەفادارییەکانی دیکە بەهۆی ئەم وەفادارییەوە پارێزراوە. هەموو وەفادارییەکانی دیکە پارێزراو و سنووردار و پەیوەست کراوە بە یەکەم وەفادارییەوە.

ئەوان پارێزراون، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارە لاوازەکانی جیهان، وەک قەیسەر، بەهۆی خوداوە لە دەسەڵاتدان. عیسا بە پیلاتۆسی فەرموو، ئەوەی وا دەردەکەوت کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر عیساوە لە کاتی حوکمدانیدا، «هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە، مەگەر لە سەرەوە پێت نەدرابێت» (یۆحەنا ١٩: ١١). پیلاتۆس دەسەڵاتی هەبوو چونکە خودا پێی بەخشیبوو. لەبەر ئەوە، دەسەڵاتێکی مرۆڤی لەم جۆرە پارێزراوە، چونکە ناڕاستەخۆ هی خودایە. کاتێک عیسا فەرمووی: «هی خودا بدەنە خودا»، وە ڕستەی، «ئەوانەی هی خودان،» لەگەڵ دەسەڵاتی پیلاتۆسیشدا، لەبەر ئەوەی ناڕاستەوخۆ هی خودابوو؛ خودا پێی بەخشیبوو. بەبێ خودا نەیدەتوانی هەیبێت. هەر بۆیە، عیسا یاسایی بوونی دەسەڵاتی مرۆڤ قبوڵ دەکات. یاساییە، بەڵام تەواو نییە؛ لە خوداوەیە، بەڵام خودا نییە.

مەترسیدارە بۆ عیسا کە بفەرموێت: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر». ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتێکی زۆر بە گوێڕایەڵی بۆ داواکارییەکانی قەیسەر بدرێت. یەکێک لەو

ڕاستییانەی کە ئەم مەترسییە دەپارێزێت، ئەوەیە کە دڵێکی یاخیبوو لە ناو ئێمەدا، لە داواکارییەکانی قەیسەر لە دەرەوەی ئێمەدا، مەترسیدارترە. عیسا دەیەوێت ئێمە گیانی مەترسیداری نارەوای خۆمان ببینین، حکومەتە دنیاییەکانی ئێستا وەک مەترسیەکی گەورە بۆ گیانمان نزیکن، لەو شانازییەی کە دژی ملکەچبوونە. هیچ هەڵسوکەوتێکی خراپ لەلایەن قەیسەر یان یاسایەکی نارەوای ڕۆمانییەکان نەبووەتە هۆی ناردنی کەسێک بۆ دۆزەخ. بەڵکو شانازی و یاخیبوون ئەو شتانەن کە هەموو ئەوانەی ناردووە بۆ دۆزەخ کە ڕزگارکەریان نییە. هەر بۆیە، ملکەچبوونی دەسەڵات لە جیهان بە دوو شێوە لەلایەن خواستی خوداوە پارێزراون. لە لایەکەوە، خواستی خودا ئەوەیە کە بزانین ئەم دەسەڵاتانە بەڕاستی ملکەچن و نزمن و ئێمە عیسا شکۆداری بکەین وەک تاکە پاشایەکی دەسەڵاتدار. لە لایەکەی دیکەوە، خواستی ئەوەیە کە بزانین ئەم دەسەڵاتانە هی خودان و بە شانازییەوە پشت لەوە نەکەین کە پێی بەخشیوین.

هەموو وەفادارییە دنیاییەکانمان نەک تەنها بە دەسەڵاتی خودا پارێزراون، بەڵکو سنووردار و شێوەدار کراون بەو دەسەڵاتانە. بۆ ئەم کارانەی هێز و دەسەڵاتی خودا، دەڕۆین بۆ بەشی دواتر.

# داواکاریی چل و چوارەم

## ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنە قەیسەر، وەکو چۆن ئەوەی هی خودایە دەیدەنە خودا

«ئینجا فەریسییەکان ڕۆشتن و تەکبریان کرد چۆن عیسا بە قسەی خۆی تووش بکەن. قوتابییەکانی خۆیان و هیرۆدیسییەکانیان نارده لای و گوتیان: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگەی خودا بەڕاستی فێر دەکەیت و گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەمەشای ڕواڵەتی خەڵک ناکەیت. کەواتە پێمان بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟» عیسا کە بە نیازی خراپی ئەوانی دەزانی، فەرمووی: «ئەی دووڕووان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ پارەی سەرانەم پیشان بدەن.» ئەوانیش دینارێکیان بۆ هێنا. پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟» وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.» پاشان پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.» (مەتا ٢٢: ١٥- ٢١)

لە بەشی پێشوودا گوتم کە عیسا داوای وەفاداری تەواو دەکات بۆ خۆی و خاوەندارێتییەکەی و دەسەڵاتەکەی. هەموو وەفادارییەکانی دیکە پارێزراو و سنووردار کراون و پێک هێنراون لەلایەن ئەم وەفادارییەوە بۆ عیسا وەک پاشای پاشایان. بینیمان کە چۆن پارێزراوە. ئێستا دەڕۆین بۆ ئەوەی کە بزانین چۆن سنووردار کراون و پێکهێنراون.

### کاتێک قەیسەر داوای ئەوە دەکات کە خودا قەدەغەی کردووە

هەموو وەفادارییە دنیاییەکانمان سنووردار کراوە لەلایەن دەسەڵاتی خوداوە کە لە ڕێگەی عیساوە جێبەجێکراوە (بڕوانە یۆحەنا ٥: ٢٧؛ مەتا ٢٨: ١٨). پێویستە ئەوە بکەین کە قەیسەر دەیڵێت چونکە دەسەڵاتی لەلایەن خوداوە پێدراوە. بەڵام ناکرێت هەموو ئەوانە بکەین کە دەیڵێت. ئەگەر قەیسەر بڵێت «قەیسەر خودایە!» لاسایی ناکەینەوە. ئەگەر فەرمان بکات کڕنۆشی بۆ ببەین، نایکەین. عیسا خودایە. شوێنکەوتووەکانی عیسا تەنها کڕنۆش بۆ عیسا دەبەن وەک دەسەڵاتداریان. هەرچەندە هێز و دەسەڵاتی مرۆڤ لەکۆتاییدا لە خوداوەیە، بەڵام بەپێی وشەی خودا هەڵسوکەوت ناکەن. لەبەر ئەوە، دەکرێت داوای ئەوە بکات کە خودا قەدەغەی کردووە.

بۆیە عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە لە کێشمەکێش و کێشە چاوەڕوان نەکراوەکان. بە قوتابییەکانی دەفەرموێت کە لە نێوان وەفاداری بۆ ئەو و وەفاداری بۆ پایەداری قەیسەر، یەکێکیان هەڵبژێرن. ئەمە دەبێتە هۆی دانانی ژیانی هەندێکیان. «بەڵام پێش هەموو

ئەمانـە دەتانگـرن و دەتانچەوسـێننەوە، دەدرێنـە کەنیشـت و بەندیخانـەکان، لـە پێنـاوی نـاوی مــن دەبردرێنــە لای پاشــا و فەرمانــڕەواکان. . . . لێتــان دەکــوژن» (لۆقــا ٢١: ١٢، ١٦). تەنهــا ڕێگایـەک کـە ئـەم ئاگادارکردنەوەیـە واتـای هەبێـت، ئەوەیـە کـە عیسـا پێـمان بڵێـت هەمـوو شـتێک مـەدەن بـە قەیسـەر کـە قەیسـەر وا دەزانێـت هـی خۆیەتـی. «هـی قەیسـەر بدەنـە قەیسـەر» ئـەوە ناگرێتـەوە کـە گوێڕایەڵـی فەرمانەکانـی قەیسـەر بیـن، وە وەفـاداری تەواومـان نەبێـت بـۆ خـودا. دەسـەڵاتی بێسـنووری خـودا دەسـەڵاتی قەیسـەر سـنوودار دەکات. وە ئـەو وەفادارییـەی کـە بەهـۆی ئـەوەوە هەمانـە.

## ئێمە دەڕۆین بۆ لای قەیسەر تاوەکو دەسەڵاتی خودایەتی عیسا قبوڵ بکات

هەمـوو وەفادارییـە دنیاییەکانـی ئێمـە نـەک تەنهـا لەلایـەن دەسـەڵاتی خـوداوە پارێـزراو و سـنووردارکراوە، بەڵکـو لەلایـەن ئـەو دەسـەڵاتەوە داڕێـژراوە و پێکهاتـووە. بـە واتایەکـی دیکـە، تەنانـەت ئەرکـی ئـەوەی کـە بـە ڕێکوپێکـی هـی قەیسـەر بدەینـە قەیسـەر جیـاوازە، چونکـە قەیسـەر تـەواو و ڕەهـا نییـە. ئێمـە کاتێـک گوێڕایەڵـی قەیسـەر دەبیـن کـە بتوانیـن، نـەک لەبـەر ئـەوەی خودایـە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی خودامـان عیسـا داوامـان لێـدەکات. بـە واتایەکـی دیکـە، هەمـوو گوێڕایەڵییەکانمـان بـۆ قەیسـەر لـە شـکۆی قەیسـەر کـەم دەکاتـەوە بـە نیشـاندان و ئاشـکراکردنی خودایەتـی عیسـا. ئێمـە هەمـوو خزمەتەکانمـان بـۆ قەیسـەر وەک خزمەتکردنێـک بـۆ گەورەکـەی و خـودا دەبینیـن، عیسـا. هـەر لەبـەر ئـەوە هیـچ ئاسـەوارێک لـە پەرسـتنی قەیسـەر لەلایـەن عیسـاوە بـەدی ناکەیـن. ئـەو خـۆی لـە هەمـوو پیرۆزییـەک داماڵـی کاتێـک کـە ملکەچـی فەرمانەکانـی قەیسـەر بـوو. تەنانـەت کردارەکانمـان دەبنـە هـۆی ئاژاوەنانـەوە بـۆ دەسـەڵاتی حوکمڕانـەکان. عیسـا لـە (مەتـا ١٧: ٢٤- ٢٧) پێکهاتـن و دروسـتبوونی ملکەچبـوون لـە ڕێگـەی هێـز و دەسـەڵاتی فراوانـی خـودا ڕوون کـردەوە.

«کاتێـك عیسـا و قوتابییەکانـی گەیشـتنە کەفەرناحـوم، باجگرانـی دوو درهەمەکـە هاتنـە لای پەتـرۆس و گوتیـان: «ئـەرێ مامۆسـتاتان دوو درهەمەکـە نـادات؟» گوتـی: «بەڵـێ.» کاتێـک پەتـرۆس هاتـەوە ماڵـەوە عیسـا پێشـی کـەوت و فەرمـووی: «ڕات چییـە شیمۆن؟ پاشایانی زەوی سـەرانە و بـاج لـە کـێ وەردەگـرن؟ لـە هاوڵاتییانـی خۆیـان یـان لـە خەڵکـی بیانـی؟» پەتـرۆس گوتـی: «لـە بیانـی.» عیسـاش پێـی فەرمـوو: «کەواتـە ڕۆڵـەکان ئـازادن. بـەڵام تاکـو بۆیـان نەبینـە کۆسـپ، بـڕۆ دەریاچەکـە و قـولاپ هەڵبـدە، یەکـەم ماسـی کـە دەیگریـت، دەمـی بکـەرەوە، دراوێکـی سـتاتیر دەبینیتـەوە، بیبـە و لـە جیاتـی خـۆم و خـۆت بیانـدەرێ.»

ئـەم «باجـە دوو درهەمـە» بـە دڵنیاییـەوە ئامـاژە بـۆ باجـی پەرسـتگا دەکات کـە جولەکـەکان سـاڵانە دەیانـدا بـۆ بایەخـدان بـە پەرسـتگا. لێـرەدا گرنـگ نییـە ئاخـۆ ئـەو باجـە چەنـدە و چـۆن

بـووە. پرسـیارەکە ئـەوە بـوو کـە ئایـا عیسـا و قوتابییەکانـی باجەکـە دەدەن یـان نـە؟ وەڵامەکـە «بەڵێ»یـە. بـەڵام بـەو شـێوەیەی کـە عیسـا ئامـاژە بـە باجـدان دەکات گرنگـە بـۆ ئێمـە.

عیسـا باجدانەکـە بـە پاشـایەکی زەوی بـەراورد دەکات کـە بـاج لـە شانشـینەکەی وەردەگرێـت: ئایـا بـاج لـە منداڵەکانـی خـۆی وەردەگرێـت؟ نەخێـر. کەواتـە منداڵـەکان ئـازادن. ئێسـتا، عیسـا دەفەرموێـت: «هەمـان شـتە بـۆ مـن و قوتابییەکانیشـم؛ ئێمـە منداڵـی خودایـن، ئـەو خودایـەی کـە هەمـوو دەسـەڵاتێکی هەیـە و خاوەنـی هەمـوو شـتێکە، بۆیـە پێویسـت نـاکات ئێمـە باجـی ئـەم پەرسـتگایە بدەیـن. بـەڵام ئایـا دەیدەیـن؟ بەڵـێ. بۆچـی؟ بـۆ ئـەوەی نەبینـە کۆسـپ.

بنەماکـە ئەمەیـە: هەندێـک کات هـۆکاری وا هـەن کـە ملکەچـی دەسـەڵاتێکمان دەکات کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەوە دروسـت نەبـووە، بەڵکـو لەلایـەن بنەمـای ئـازادی و ئـەوەی کـە دەبێتـە هـۆی شـتێکی باشـتر. کەواتـە، بـۆ قەیسـەر، بنەماکـە بـەم شـێوەیە دەبێـت: خـودا خاوەنـی قەیسـەرە. خـودا دەسـەڵاتی تـەواوی هەیـە بەسـەر قەیسـەردا. ئـەم خـودا پڕ دەسـەڵاتە باوکـی ئێمەیـە. ئێمـە هەموومـان منداڵـی ئەویـن. لەبـەر ئـەوە، داواکارییەکـەی قەیسـەر کـە دەبێـت سـەرانەی حکومـەت بدرێـت، بـە تەواوەتـی ناچـار نیـن کـە بیدەیـن. باوکـمان خاوەنـی حکومەتەکەیـە. ئێمـە ئازادیـن. لـە ڕاسـتیدا هەمـوو زەوی هـی ئێمەیـە وەک میراتییـەک لـە باوکمانـەوە، وە ڕۆژێـک ئـەم میراتییـە بەدەسـت دەهێنیـن (مەتـا ٥: ٥). هەروەهـا، لەگـەڵ ئـەم ئازادییـەدا، بۆچـی دەبێـت باجـی قەیسـەر بدەیـن؟ بەڵـێ، لەبـەر ئـەوەی ئێسـتادا ئـەوە بـەرەو شـتێکی باشـترمان دەبـات، وە لەبـەر ئـەوەی باوکـمان داوامـان لـێ دەکات، «هـی قەیسـەر بدەنـە قەیسـەر». بـەم شـێوەیە دەبینیـن کـە خاوەندارێتـی خـودا بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە نـەک تەنها پارێـزراو و سـنووورداری دەکات، بەڵکـو وەفـاداری دنیایـی ئێمـە پێکدەهێنێـت.

## چۆن دەسەڵاتی عیسا یاخیبوونی ئێمە بۆ قەیسەر پێکدەهێنێت

ئـەو پێکهاتـن و شێوەبەخشـینەی دەسـەڵاتی بـاڵای عیسـا تەنانـەت یاخیبوونـی ئێمەش بۆ قەیسـەر لەخـۆ دەگرێـت. واتـە، تەنانـەت یاخیبوونەکەشـمان، کاتێـک پێویسـتە، جیـاواز نییـە لـە دەسـەڵاتی قەیسـەر. تەنانـەت یاخیبوونەکەشـمان لەلایـەن دەسـەڵاتی عیسـاوە پێکدەهێنرێـت، وە یاخیبوونـی دەسـەڵاتی قەیسـەر پشتڕاسـت دەکاتـەوە. پێشـتر بینیـمان کـە دەسـەڵاتی عیسـا، دەسـەڵاتی قەیسـەر سـنووردار دەکات. لـە داواکارییەکانـی عیسـا بینیـمان ke باشـترە بمریـن لـەوەی ملکەچـی فەرمانەکانـی قەیسـەر بیـن کـە عیسـا ڕەت بکەینـەوە. تەنانـەت عیسـا خـۆی وەڵامـی فەرمانەکانـی هێرۆدسیشـی نەدایـەوە (لۆقـا ٢٣: ٩)، یـان فەرمانەکانـی پیلاتـۆس (مەرقـۆس ١٥: ٥)، یـان فەرمانـی سـەرۆکی کاهینـان (مەتـا، ٢٦: ٦٢- ٦٣). عیسـا داوای هەندێـک سـەرپێچی مەدەنییانـەی کـرد. وە ئـەوە ژیـان و فێرکـردن و دەسـەڵاتی عیسـایە شـێوازی ئـەو یاخیبوونـە پێـک دەهێنێـت.

ئێمە چەند بەشێکی تەواومان تەرخان کردووە لە داواکaرییەکانی عیسا بۆ خزمەتکردن (داواکاریی حەڤدەیەم) وە خۆشەویستی بۆ دوژمنەکانمان (داواکارییەکانی بیست و هەشت، بیست و نۆ، سی و دوو، سی و سێ، سی و چوارەم)، وە گرنگیدان بە دراوسێکەمان (داواکاری بیست و یەکەم). ئەمانە و هەموو داواکارییەکانی دیکەش کاری شوێنکەوتووەکانی عیسا لە یاخیبووندا پێکدەهێنێت. باش دەبێت ئەگەر لێرەدا ئەم داواکاریانە دووبارە بەکاربهێنین و هەندێک زانیاری ڕێنماییتان پێشکەش بکەم.

## پێکهێنانی سەرپێچیی مەدەنی بە فەرمانی عیسا

(مەتا ٥: ٣٨- ٤٨) وشە و دەستەواژەی بەهێز لەخۆ دەگرێت لەبارەی بەرهەڵستینەکردن و خۆشویستنێکی بەردەوامی دوژمنەکەت (بڕوانە داواکاری سییەم). ئەوەی بینیمان، وە ئێستا دووبارە دەیبینین، کە بەرهەڵستینەکردن و خۆشویستنێکی بەردەوام بۆ دوژمنەکەت هەمیشە یەک شت نییە. لەبارە بەرهەڵستینەکردنەوە، عیسا فەرمووی:

«بیستووتانە گوتراوە: (چاو بە چاو، ددان بە ددان.) بەڵام من پێتان دەڵێم: لە دژی خراپەکار مەوەستنەوە، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە، ئەوەی ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، چاکەتەکەشی بدەرێ. ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ. ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزی لێکردیت پشتی تێمەکە» (مەتا ٥: ٣٨- ٤٢).

هەموو ئەو داواکاریانە داوای ئەوەمان لێ دەکەن کە ملکەچ بین بۆ ئەوانەی خراپ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن یان داوای شتێکمان لێ دەکەن. ئەمە لە پێچەوانەی بەرهەڵستی کردن دەچێت. بەڵام لە شەپۆلی وتارەکەی عیسادا، شتێک بە جیاوازی دەردەکەوێت لە ئایەتەکانی (٤٣- ٤٨)، واتە، خۆشەویستی بەردەوام باشترە لە بەرهەڵستینەکردن.

«بیستووتانە گوتراوە: «(نزیکەکەت خۆشبوێت،) ڕقت لە دوژمنت بێتەوە». بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت. ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبوێت کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی ئاسمانیتان تەواوە.»

لێرەدا تێبینییەکی دیکە دەردەکەوێت. پشتڕاستکردنەوەکە بەندە بە چاکەکردن بۆ دوژمن. دوژمنەکانتان خۆشبوێت. نوێژ بۆ دوژمنەکانتان بکەن – وای دابنێ کە ڕزگاری دەبێت و بەهۆی عیساوە هیوا و ژیان پەیدا دەکات. چاکە لەگەڵ دوژمنەکانتان بکەن بەو جۆرەی

کـە خـودا بـاران دەبارێنێـت و خـۆر هەڵدێنێـت. کەواتـە لـە ئایەتەکانـی (٣٨-٤٢)دا تێبینـی ملکەچبوون دەردەکەوێـت (دژی خراپـەکار مەوەسـتەوە، ڕوومەتەکـەی دیکەشـی بـۆ شـل بکـە، دوو میـل لەگەڵیـدا بـڕۆ). بـەڵام لـە ئایەتەکانـی (٤٣-٤٨)دا عیسـا تێبینـی کـرداری چاکـە بـۆ دوژمنەکانمـان دەردەخـات، لەگـەڵ پیشـاندانی پیـرۆزی بۆیـان.

ئێسـتا ئەمـە ئـەو پرسـیارە دەهێنێتـە ئـاراوە کـە بەرهەڵسـتینەکردن و ملکـەچ بوونـی ئایەتەکانـی (٣٨-٤٢) هەمیشـە باشـترین ڕێگـەن بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکەمـان خۆشـبوێت و چاکەیـان لەگـەڵ بکەیـن وەک لـە ئایەتەکانـی (٤٣-٤٨)دا بـاس کـراوە. یەکێکیـان تیشـک دەخاتـە سـەر بێدەنگبوونەکـە - تۆڵـە مەسـێنەوە، ئامادەیـی ئـەوەت تێـدا بێـت کـە بەرگـەی ئـازار نادادپـەروەری بگریـت. ئـەوە دیکـە تیشـک دەخاتـە سـەر چالاکییەکـە، چاکـە بـۆ دوژمنەکـەت بخـوازە. ئایـا بێدەنگبـوون هەمیشـە باشـترین ڕێگایـە بـۆ ئـەوەی چاکـە بکەیـن؟

## کاتێک خۆشەویستی بۆ کەسێک داوای بەرهەڵستی بەرامبەر کەسێکی دیکە دەکات

وەڵامەکـە ڕوونـتر دەبێتـەوە کاتێـک کـە بۆمـان دەردەکەوێـت لـە زۆربـەی بارودۆخەکانـی سـتەم یـان چەوسـاندنەوەدا ئێمـە تاکـە کـەس نیـن کـە ئـازار دراویـن. بـۆ نموونـە، چـۆن دوو کەسـت خۆشـدەوێت ئەگـەر یەکێکیـان تاوانبـار بێـت و ئـەوەی دیکـە بێتـاوان، ئەگـەر یەکێکیـان ئـازار بـدات و ئـەوەی دیکـە ئـازار دەچێژێـت؟ ئایا خۆشەویسـتییەکە لاواز دەبێـت کاتێـک کـە بەتەنهـا ڕوومەتـی تـۆ نییـە کـە لێـی دەدرێـت، بەڵکـو ڕوومەتـی یەکێکـی دیکەیـە، وە بـەردەوام دووبـارە دەبێتـەوە؟

یـان ئـەو فەرمانـەی کـە دەڵێـت دەبێت ئەوە ببەخشـین کـە داوا دەکرێـت؟ ئەوە خۆشەویسـتییە کـە چاکەتەکـەت بدەیتـە کەسـێک کـە بەکاریدەهێنێـت بـۆ خنکاندنـی منداڵێـک؟ وە چـۆن دوو میـل لەگـەڵ کەسـێک دەڕۆیـت کـە زۆر دوورت دەخاتـەوە و دەتبـا بـۆ پاڵپشـتیکردنی کاری خوێنڕشـتن؟ ئایـا لەگـەڵ کەسـێک دوو میـل دەڕۆیـت کـە وات لـێ دەکات بەشـداری کارە خراپەکـەی بکەیـت؟

خاڵـی مەبەسـتی ئـەم پرسـیارانە ئەمەیـە: لـەم ئایەتانـەدا عیسـا ڕوونکردنەوەیەکمان پێـدەدات کـە لووتبـەرزی و ترسـە قوڵەکەمـان ناهێڵێـت. ئەگـەر لەخۆباییبـوون و تـرس وامـان لێبـکات نەبەخشـین و بـەو دوو میلـەدا نەڕۆیـن، کەواتـە دەبـێ ئـەم وشـانە ببنـە هـۆی ڕوخانمـان. بـەڵام عیسـا نافەرموێـت بـە ڕازیبوونـی ناچالاکانـە لـە بارودۆخـی نادادپەروارانـەدا بریتییـە لـە خۆشەویسـتی. لەوانەیـە ئـەوە جۆرێـك بێـت لـە ترسـنۆکی. کاتێـک خۆشەویسـتی دادپـەروەری و میهرەبانـی دەپێوێـت لەنێـو هەمـوو ئـەو خەڵکـەی کـە تووشی کێشـە بـوون، دەکرێـت لـە سـاتێکدا، لـە خاڵێکـی لەنـاکاودا، خۆشەویسـتی بەسـەر ڕازیبوونـی بەبـێ بەرهەڵسـتیکردندا زاڵ بێـت و پارەگـۆڕەوان لـە پەرسـتگا دەربـکات (مەرقـۆس ١١: ١٥).

## گەورەترین جەنگ ئەوەیە کە لە بەرهەڵستییەکەماندا، دڵشکاوەکە ئێمە بین

کەواتـە چ ڕێنماییـەک هەیـە بـۆ شـوێنکەوتووێکی عیسـا کـە هەسـتێت بـە یاخیبوونـی مەدەنی؟ وشـەکانی عیسـا، هەمـوو تۆڵـە کردنەوەیـەک و هەمـوو جوڵەیـەک کـە بەنـدە بـە بەرژەوەنـدی تاکەکەسییەوە، قەدەغـە دەکات. عیسـای پـەروەردگار خۆشەویسـتیمان بـۆ سـەروەت و سـامان و خۆشەویسـتیمان بـۆ تەمبەڵـی دوور دەخاتـەوە. ئـەوە خاڵـی مەبەسـتی (مەتـا ٥: ٣٨- ٤٢)ە. تەنها بـۆ بەرژەوەنـدی و قازانجـی خـۆت هـەوڵ مـەدە، جلوبـەرگ، ئارامیـت، سـەروەت و سـامانەکەت، سەلامەتیت.

لـە جیاتـی ئـەوە، بـە متمانـە کـردن بـە عیسـا، ببـە بـەو جـۆرە کەسـەی کـە بـە تـەواوی لـەو شـتانە ئـازادە و بـۆ کەسـانی دیکـە دەژی (بـۆ هـەردوو چەوسـاوە و چەوسـێنەر، بـۆ هـەردوو ستەملێکراو و ستەمکار، بـۆ هـەردوو منداڵـە مردووەکـە و بکوژەکە، بـۆ هەردوو ڕەگەزپەرسـت و ڕەگـەز جیاوازەکـە). ئـاواز و ڕەفتـاری ئـەم یاخیبوونـە مەدەنییـە دەبێـت بـە پێچەوانـەی ڕێپێوانـی پـڕ لـە بێزارکـردن، شـەڕکردن، بـەرد فڕێـدان و هاوارکـردن و ڕەفتـارە تونـد و تیژەکانـەوە بێـت.

ئێمـە خەڵکـی خاچیـن. پەروەردگارمـان عیسـای مەسـیح بـە ویسـت و خواسـتی خـۆی چـووە سـەر خـاچ بـۆ ئـەوەی دوژمنەکانـی ڕزگار بـکات. ئێمـە ژیانـی هەتاهەتاییـمان بـە قـەرزداری ئـەو دەزانیـن. ئێمـە گوناهـکارە لێخۆشـبووەکانین. ئەمـە ئـەو لووتبەرزییەمـان تێـدا دەکاتـە دەرەوە. ئـەو خۆبەزلزانییەمـان لـە بەرهەڵسـتییەکەمان دەردەکات. وە ئەگـەر، دوای ئـەوەی لـە هەمـوو ڕێـگاکان سـەرنەکەوتین، ئیـتر پێویسـت بـکات لەپێنـاوی خۆشەویسـتی و یەکسـانیدا سـەرپێچی بکەیـن، یەکەمجـار کاریتـەی نـاو چـاوی خۆمـان لا دەبەیـن، کـە دەبێتـە هـۆکاری ئـازار و فرمێسـکی پێویسـت بـۆ ئـەوەی ڕق و کینەکەمـان نـەرم بکەینـەوە بـۆ نەخێرێکـی پـڕ لـە بێفیـزی و هێمنـی، بـەڵام جێگیـر و چەسـپاو. گەورەتریـن جەنـگ کـە ڕووبـەڕووی دەبینـەوە ڕووبەڕووبوونـەوەی یاسـا نـاڕەواکان نییـە، بەڵکـو بوونـە بـەم جـۆرە خەڵکـە.

«هـی قەیسـەر بدەنـە قەیسـەر، وە هـی خـوداش بدەنـە خـودا». بـا ئـەم داواکارییـە بـەرز بێتـەوە بـۆ دەسـەڵاتی خـودا و عیسـای کـوڕی بەسـەر هەمـوو هێزەکانـی زەوی. بـا دڵـمان بـە وەفاداریـی تـەواوەوە بـۆ شانشـینەکەی عیسـا ببەسـتین. بـا ڕێـگا و شـێوازی وەفاداریـمان بـۆ قەیسـەر پارێـزراو و سنوورداری بـکات و پێکیبهێنێـت. بـا ئازادمـان بـکات بـۆ ژیـان لـەم جیهانەدا وەک دانیشـتووی شانشـینێکی دیکـە - ڕا نەکەیـن، خۆمـان وەک جیهـان لـێ نەکەیـن، بەڵکـو بـەو جیاوازییـە بنەڕەتییانـەوە بژیـن کـە پاشـامان عیسـا دروسـتی کـردووە بـۆ هەمـوو پەیوەندییـەکان، لەگـەڵ پەیوەنـدی ئێمـە بـە دەوڵەتـەوە.

# داواکاریی چل و پێنجەم

## ئەمە بۆ وەبیرهێنانەوەی من بکەن، چونکە من کڵێساکەی خۆم بنیات دەنێم

«(عیسا) پێی فەرموون: «ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟» شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی.» عیساش وەڵامی دایەوە: «شیمۆنی کوڕی یۆنا، خۆزگەت پێ دەخوازرێت، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە. منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی و لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت.» (مەتا ١٦: ١٥- ١٨)

«کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بەناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن.» (مەتا ٢٨: ١٩)

«وا من بەڵێنەکەی باوکمتان بۆ دەنێرم. بەڵام لە شار بمێننەوە، هەتا لە ئاسمانەوە پڕ دەکرێن لە هێز.» (لۆقا ٢٤: ٤٩)

داخوازییەکەی عیسا، «ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن»، لەسەر بنەمای شێوی کۆتاییەوە دێت (لۆقا ٢٢: ١٩). بەڵام دەیەوێت بڵێت کە کڵێسایەک دەبێت بۆ پەرستنی عیسا کاتێک ئەو دەڕوات. ئایا عیسا بەرنامەی بۆ کڵێساکەی دانا و هیچی پێیان بەخشی؟ ئەمە مەبەستی ئەم بەشەیە، وە بناغەی بەشی داهاتووە.

### «من کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم»

عیسا بەڵێنی دا کۆمەڵە (کڵێسا)ی خۆی بنیاد بنێت. «کۆمەڵە» مەبەستی لە بینایەک نییە. (ئێکلسیا) بە زمانی یۆنانی هەرگیز بە مانای بینای کڵێسا نەهاتووە. ئەوە مەبەستی لە بنیادنانی خەڵکێکە. عیسا خەڵکانێک کۆ دەکاتەوە کە باوەڕیان پێیەتی وەک پەروەردگاری خۆیان (یۆحەنا ١٣: ١٣ ؛ ٢٠: ٢٨)، ڕزگارکەریان (یۆحەنا ٣: ١٧ ؛ ١٠: ٩)، ئەوانەی یەکترییان خۆشدەوێت (یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥)، وە دوژمنەکانیشیان خۆشدەوێت (مەتا ٥: ٤٤). عیسا خۆی بە «شوانە دڵسۆزەکە» دەناسێنێت، ئەوەی مەڕەکانی بەشێوەی مێگەلێک کۆ دەکاتەوە. «منم شوانە دڵسۆزەکە. مەڕی خۆم دەناسم و ئەوانیش من دەناسن، هەروەک چۆن باوک دەمناسێت، منیش باوک دەناسم. ژیانم بۆ مەڕەکان دادەنێم. هەروەها مەڕی دیکەم هەیە سەر بەم پشتیرەیە نین، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت، جا دەبنە یەک مێگەل و یەک شوان» (یۆحەنا ١٠: ١٤- ١٦).

ڕستەی «دەبێ ئەوانیش بهێنم» وە «ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت»، هەمان دەسەڵاتی

ڕستەی «من کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم»ی (مەتا ١٦: ١٨)ی هەیە. «دەبێ ئەوانیش بهێنم». «ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت». «من کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم». ئەمە ئەوەیە کە هێزی شانشین دەیکات. عیسا شانشینی خودا بە شێوەی هەڵدانی تۆڕی ڕاوکردن بۆ ناو دەریای مرۆڤایەتی بەراورد دەکات و «لە هەموو جۆرێک کۆ دەکاتەوە» (مەتا ١٣: ٤٧). شانشینی خودا، بەو جۆرەی کە عیسا نیشانمان دەدات، جیهانێک یان خەڵکانێک نییە، بەڵکو یاسا یان حوکمڕانییە. لەبەر ئەوە، خەڵك دەهێنێت بەهەمان ڕێگای کۆکردنەوەی ماسییەکان. کەسانێکی دڵ پڕ لە گومان و دوودڵی هەوڵیان دا دژایەتیەک بدۆزنەوە لە نێوان پەیامەکەی عیسا دەربارەی شانشینی خودا و گەشەکردنی کڵێسادا. بەڵام هیچ دژیەکییەک لە ئارادا نییە. شانشینەکە کڵێساکە دروست دەکات. یان، بەشێوەیەکی دیکە بیڵێین، پاشاکە، عیسا، کۆمەڵەکەی بنیاد دەنێت.

عیسا دەیزانی و فێری کردین کە لەنێوان یەکەم و دووەم هاتنیدا بۆ سەر زەوی گۆڕانکاریی ڕوودەدات. بۆ نموونە، چیرۆکەکەی عیسا لەبارەی ڕەزەوانە بەدکارەکان کە چیرۆکێکە لەسەر یەکەم و دووەم هاتنەوەی عیسا کە چی ڕوودەدات. دەستپێدەکات بە: «کابرایەک ڕەزێکی چاند و بە ڕەزەوانانی سپارد، ماوەیەکی زۆر سەفەری کرد» (لۆقا ٢٠: ٩). ئەمە یەکێکە لە ڕوونترین ئەو وتانەی عیسا کە عیسا باسی گرنگیی کاتی پێش هاتنەوەی دەکات. دەیزانی کە دوور دەبێت لە «مێگەلەکەی،» وە لەبەر ئەوە، پێش ڕۆیشتنی هەموو شتێکی پێویستی بۆ دابین کردن.

## عیسا بە ڕۆحی پیرۆز چاودێری کۆمەڵەکەی دەکات و هەموو شتێکی بۆ دابین دەکات

ئەم دابینکردنە ناردنی ڕۆحی پیرۆزیش دەگرێتەوە، پاراستنی ڕاستییە ئیلهام بەخشەکە لە نوسینی نێردراو و کەسە نزیکەکانی، ڕێنماییەکان بۆ ئەوەی چۆن ڕووبەڕووی گوناهەکانی مێگەلەکە ببنەوە، وە یاسای لەئاوهەڵکێشان و شێوی کۆتایی پەروەردگار.

عیسا بە تەواوی ئاگادار بوو لەوەی کە چی ڕوودەدات ئەگەر«مێگەلە بچوکەکە» لە جیهانێکی دژواردا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ لای باوک (لۆقا ١٢: ٣٢). ئەوان چۆن دەیانتوانی بەبێ ئامادەبوونی جەستەیی ئەو بژین؟ عیسا کە چەق و ناوەندی ژیانی ئەوان بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ، وا خەریکە دەڕوات. ئێستا کێ ئەوان فێر دەکات؟ کێ ڕێنماییان دەکات و دەیانپارێزێت؟ ژیانی ئەوان چۆن دەبێت بەبێ ئامادەبوونی ئەو؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە سەرهەڵدا، کاتێک عیسا ڕۆیشتەوە بۆ ئاسمان. بۆیە ئەوانی دڵنیا کردەوە: «بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵم، دێمەوە لاتان» (یۆحەنا ١٤: ١٨).

مەبەستی لە پێدانی ئەم بەڵێنە ئەوە بوو کە ڕۆحی پیرۆز دەنێرێت وە ئەو لەڕاستیدا ڕۆحە

پیرۆزەی خودا خۆیەتی کە لەگەڵیان دەبێت. «منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، کە جیهان ناتوانێت وەریبگرێت، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ناو ئێوەدا دەبێت» (یۆحەنا ١٤: ١٦-١٧). «ئەو لەگەڵتان دەبێت و لەناو ئێوەدا دەبێت». عیسا دەفەرموێت ئەو خۆی ئێستا لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیەتی – بە جەستە لەگەڵیانە – وە کاتێک ڕۆحەکە دێت ئەو لەناو ئەواندا دەبێت. عیسا شوێنکەوتووەکانی ئاسودە دەکات بەو ڕاستییەی کە خۆی لە کۆمەڵەکەیدا ئامادە دەبێت، بەو ڕۆحەی کە لە جێی خۆی داینا.[a]

## «نیگەران مەبن»

مەبەستی عیسا لە بەخشینی ئەم بەڵێنانەدا ئەوە بوو کە بەباشی هانی شوێنکەوتووەکانی بدات کاتێک کە دەڕوات و بەجێیان دەهێڵێت. «ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی من دەتان دەمێ وەک ئەوە نییە کە جیهان دەتانداتێ. نیگەران مەبن و مەترسن» (یۆحەنا ١٤: ٢٧). لەبەر ئەوە، هەرچەندە کۆمەڵەکە تووشی نیگەرانی بن لەجیهانێکی دژوار و بێ باوەڕدا (یۆحەنا ١٥: ٢٠)، پێویستە ئومێدوار بن، چونکە عیسا بەڵێنی ناردنی ڕۆحی پیرۆزی دا کە یارمەتییان بدات، وە لەڕاستیدا یارمەتییان دەدات، هەروەها دەریدەخات کە عیسا لەنێویاندا نیشتەجێیە.

عیسا لە کۆتایی ژیانی سەر زەویدا بەڵێنی دا و فەرمووی: «دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان» (مەتا ٢٨: ٢٠). تەنانەت دوای ئەوەی کە ڕۆیشت، بەڵێنی بە شوێنکەوتووەکانی دا لەگەڵیاندا بێت. ئەمە ڕاستە، چونکە ڕۆحی پیرۆز، ڕۆحی عیساشە. هەر بۆیە، لەبەر کاری ڕابردووی عیسا لەسەر خاچ (مەتا ٢٠: ٢٨)، وە کاری ئامادەبوونی لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە (یۆحەنا ١٠: ١٦؛ ١٢: ٣٢)، وە کاری داهاتووی کە بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە (مەتا ١٦: ٢٧)، کۆمەڵەکەی دەبێ ئاسودە بن لە جیهانێکی دژواردا. «لە جیهاندا تووشی تەنگانە دەبن»، عیسا فەرمووی: « بەڵام ورەتان بەرز بێت، من جیهانم بەزاندووە» (یۆحەنا ١٦: ٣٣). «من کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم، کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت» (مەتا ١٦: ١٨).

بۆیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کارە گرنگەی ڕۆحی پیرۆز لە کاتی ئامادەنەبوونی عیسادا، عیسا داوا لە شوێنکەوتووەکانی دەکات کە چاوەڕێی ڕۆحەکە بکەن و بەبێ ئەم دیارییە

a دەبێت ئەوە بەتایبەتی ڕوون بکەمەوە کە بەم جۆرە ئاماژەکردنە بە ڕۆحی پیرۆز واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆحی پیرۆز و کوڕی خودا جیاواز نین، چونکە جیاوازن. ئەوەی کە ڕۆحی پیرۆز دەتوانێت خودای کوڕ دەربخات و نێوانگیری ئەزموونی ئامادەیی خودای کوڕ بکات، بەشێکە لەو یەکگرتنە پڕ ڕاز و نهێنییە کە هەیانە، نەک ڕەتکردنەوەی ئەو کەسایەتییە تایبەتانەی کە هەیانە.

دەست بە خزمەت نەکەن. عیسا پێش ئەوەی بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان، فەرمووی: «وا بەڵێنەکەی باوکمتان بۆ دەنێرم. لە شار بمێننەوە، هەتا لە ئاسمانەوە پڕ دەکرێن لە هێز» (لۆقا ٢٤: ٤٩). هەموو نەوەکانی دواتر لە شوێنکەوتووەکانی عیسا ئەم ڕۆحە وەردەگرن و بەم شێوەیە چێژ و خۆشی لە هێزی ئامادەبوونی پاشا بەرزکراوەکە دەبینن.

## عیسا پەیمانێکی نوێ بە کۆمەڵەکەی دەبەخشێت

عیسا لە دوای ڕۆیشتنی نەک تەنها لە ڕێگەی بەخشینی ڕۆحی پیرۆز بە مێگەلەکەی هەموو شتێکی پێویستی بۆ دەستەبەر کردن، بەڵکو لە ڕێگەی ئامادەکاری بۆ پاراستنی ڕاستییە ئیلهام بەخشەکەی لە نوسینی نێردراوەکانیدا. عیسا ئاماژە بە نوسینی نێردراوەکانی ناکات، بەڵکو هەردوو نێردراوەکان و ڕۆحی پیرۆز ڕێکدەخات وەک دڵنیاییەک بۆ فێرکارییەکانیان بۆ بنیادنانی کۆمەڵەکەی.

عیسا لە بەشێکی گرنگی خزمەتەکەیدا لەسەر زەوی، دوازدە نێردراو هەڵدەبژێرێت لە ناو قوتابییەکانی کە شوێنی دەکەوتن. عیسا ئەم هەڵبژاردنەی بە ئاسانی نەکرد. هەموو شەوێک نوێژی دەکرد. «لەو ڕۆژانەدا عیسا چووە چیا تاکو نوێژ بکات، شەوەکەی هەموو بە نوێژکردن بۆ خودا بەسەربرد. کە ڕۆژ بووەوە، قوتابییەکانی بانگ کرد، دوازدەی لێ هەڵبژاردن و ناوی لێنان نێردراوان» (لۆقا ٦: ١٢). وشەی «نێردراو» واتە «کەسێک بنێردرێت بۆ ئەرکێکی دیاریکراو (ئەپۆستێلیەن)، وە دەسەڵاتی ئەو کەسە بڵاو دەکاتەوە کە ناردوویەتی، وەک نوێنەری». هەموو ئەوانەی عیسا ناردبوونی بە نێردراو دیاری نەکرابوون. بۆ نموونە، حەفتا و دوو کەسی دەستنیشان کرد و پێی فەرموون: «بڕۆن! ئەوا من وەک بەرخ بۆ ناو گورگ دەتانێرم ... نەخۆش چاک بکەنەوە ... وە پێیان بڵێن: پاشایەتی خودا لێتان نزیک بووەتەوە» (لۆقا ١٠: ٣، ٩). بەڵام ئەمانە پێیان نەدەوترا نێردراو.

ئەو ڕاستییەی کە ئەوان دوازدە نێردراو بوون - هەر وەک ئیسرائیل کە دوازدە هۆز بوو - وە وشەی «نێردراو» کە بە واتای دەسەڵاتی تایبەت بۆ نوێنەرایەتیکردنی عیسا دێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەیەوێت نێردراوەکانی ببنە دامەزرێنەری ئیسرائیلی ڕاستەقینە، واتە کڵێسا. لە بارەی ئیسرائیلی کۆنەوە فەرمووی، بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کاتی، جێگرەوەیان دەبێت. «لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: شانشینی خوداتان لێ دەسەنرێتەوە (ئیسرائیل) و دەدرێتە نەتەوەیەک کە بەرهەم دەدات (شوێنکەوتووەکانی عیسا، کڵێسا)» (مەتا ٢١: ٤٣ هەروەها بڕوانە داواکاری بیست و هەشتەم). ئەم «ئیسرائیل»ە نوێیە بناغەکەی لەسەر دوازدە نێردراوەکە دادەمەزرێنێت. ئەوان بە دامەزراندنی بناغە بۆ ئەم خەڵکە نوێیە دەسەڵاتی عیسا ئاشکرا دەکەن.

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی فێرکردنەکانی دوازدە نێردراوەکە لە داهاتوودا، عیسا بەڵێنی دا کە ڕۆحی ڕاستی بنێرێت بۆ پاراستنی فێرکردنەکانیان و بەرەو ڕاستییەکی گرنگیان ببات کە هێشتا پێی نەداون. عیسا لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ یازدە نێردراوەکەدا، دوای ئەوەی یەهوزا ئەو شەوە بەجێی هێشتن پێش لە خاچدانی عیسا، فەرمووی:

«هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم، بەڵام ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن. بەڵام کاتێک ئەو دێت، کە ڕۆحی ڕاستییە، ئەو بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییتان دەکات، چونکە لە خۆیەوە هیچ ناڵێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و ڕایدەگەیەنێت چی ڕوودەدات. ئەو شکۆدارم دەکات، چونکە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنێت کە لە منەوە وەریدەگرێت» (یۆحەنا ١٦: ١٢-١٤).

«ئەو هەموو شتێکتان فێر دەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەخاتەوە» (یۆحەنا ١٤: ٢٦).

عیسا بەم شێوەیە لە دوای ڕۆیشتنی گرنگی بە مێگەلەکەی دەدات. کۆمەڵێک نوێنەری بە دەسەڵات دەستەبەر دەکات و دواتر دڵنیاییان پێ دەدات کە لە فێرکردنەکەیاندا، یارمەتیدەرێکی پیرۆزیان دەبێت بۆ بەخشینی ڕاستی بە کۆمەڵەکە کە پێویستییان دەبێت بۆ ژیانیان و خوداپەرستییان. عیسا دەیەوێت کە فێرکردنەکانی ئەم وتەبێژە دەسەڵاتدارانە پارێزراو بن بۆ نەوەکانی داهاتوو.

ئێمە ئەمە دەزانین، چونکە عیسا لە کۆتایی ژیانیدا لە نوێژەکەیدا بۆ باوکی دەفەرمووێت: «تەنها بۆ ئەمان داوا ناکەم (دوانزەکە)، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە بە قسەی ئەمانەوە باوەڕم پێ دەهێنن، تاکو هەموو یەک بن» (یۆحەنا ١٧: ٢٠-٢١). هەموو نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵەکە «لە ڕێگەی قسەی ئەمانەوە» باوەڕ بە عیسا دەهێنن. ئەمە ئەوە دەردەخات کە وشەکانیان پارێزراو دەبێت. ئەمە بنچینەی ئەوەیە کە پێی دەڵێین پەیمانی نوێ. بناغەی کڵێسای ئەمڕۆ، فێرکردنە ڕۆحییەکانی نێردراوەکانە، لە نوسینەکانی پەیمانی نوێدا بۆ ئێمە پارێزراوە.

## ڕۆح و وشە جیا نابنەوە

بەم شێوەیە عیسا ڕۆح و وشەی بەخشی بە کۆمەڵەکەی. ڕۆحی ئەو و فێرکردنەکانی جیا نابنەوە. عیسا ڕەخنەی توند لە هەر کەسێک دەگرێت کە هەوڵ دەدات وشە و ڕۆح جیا بکاتەوە. ڕۆحی پیرۆز کە فێرکردنەکانی عیسا کە پێوەر و ستاندەری کۆمەڵەکەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەپارێزێت و وەبیریان دەهێنێتەوە. هەر هەوڵدانێک بۆ پشتگوێخستن یان تێکدانی ئەم ئامانجە مێژووییە یەکجار بۆ هەمیشە دەبێتە هۆی بەلاڕێداچوون و

دوورکەوتنـەوە لـەوەی کـە عیسـا داوای دەکات و فێـری دەکات و بەڵێـن دەدات.

بـەڵام ئـەوەش ڕاسـتە کـە بەبـێ ڕۆح، هیچ کـەس ئـەم فێرکردنـە مێژووییانـە بەدەسـت ناهێنێت، یـان لێیـان تێنـاگات. بـە شـێوەیەکی سروشـتی، ئێمـە هەمووومـان مرۆڤـی ئاسـایین، بەبـێ ژیانـی ڕۆحـی. بـەڵام بەبـێ ژیانـی ڕۆحـی، چـاوی ئەوەمـان نییـە کـە ڕاسـتی فێرکردنەکانـی عیسـا ببینین. چارەسـەری ئـەم کوێرییـە و ڕۆحـە مـردووە ئەوەیـە کـە دووبـارە لەلایـەن ڕۆحـەوە لەدایکبینـەوە. «ئەگـەر یەکێـک لـە دایـک نەبێتـەوە، ناتوانێـت شانشـینی خـودا ببینێـت» (یۆحەنـا ٣: ٣). ئـەم لەدایکبوونـە نوێیـە کاری ڕۆحـە. «ئـەوەی لـە جەسـتە لـە دایـک بـووە جەسـتەیە، ئـەوەش لـە ڕۆحـی خـودا لـە دایـک بـووە ڕۆحـە» (یۆحەنـا ٣: ٦). ئەگـەر ئـەو ژیانـە ڕۆحییەمـان هەبێـت و توانـای ئەوەمـان هەبێـت ببینیـن کـە بەڕاسـتی عیسـا چیمـان فێـر دەکات، ئـەوا پێویسـتە لـە ڕۆحـدا لەدایکببیـن. (بـۆ زیاتـر بینینـی ئـەم کارە گرنگـەی ڕۆح، بڕوانـە داواکاری یەکـەم.)

هەروەهـا عیسـا سـێ بابەتـی گرنگـی دیکـەی بەخشـی بـە کڵێسـاکەی. لـە بەشـی داهاتـوودا، ئێمـە باسـی داواکاری عیسـا بـۆ قوتابیانـی کۆمەڵەکـەی و دوو یاسـای لەئاوهەڵکێشـان و شـێوی کۆتایـی پـەروەردگار دەکەیـن.

# داواکاریی چل و شەشەم

## ئەمە بۆ وەبیرهێنانەوەی من بکەن - قوتابی لەئاو هەڵبکێشن و لە شێوی پەروەردگاردا بەشداری بکەن

«ئەگەر خوشک یان براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت بەدەستدەهێنیتەوە. خۆ ئەگەر گوێی نەگرت، یەک یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو [هەر بابەتێک لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی بسەلمێنرێت. ئەگەر بەگوێی نەکردن، بە کڵێسا بڵێ، ئەگەر بەگوێی کڵێساشی نەکرد، ئەوا بە بتپەرست و باجگری دابنێ.» (مەتا ١٨: ١٥- ١٧)

«پێی فەرموون: «زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم نانەی پەسخەتان لەگەڵ بخۆم، چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر نانی پەسخە ناخۆم هەتا لە شانشینی خودا بە تەواویی دێتە دی.» جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، فەرمووی: «ئەمە بگرن و لەنێوان خۆتان بەشی بکەن. پێتان دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە هەتا شانشینی خودا دێت!» نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، پێیدان و فەرمووی: «ئەمە جەستەی منە، کە لە پێناوی ئێوە بەخت دەکرێ. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.» بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، کە لە پێناوی ئێوە دەڕژێت.» (لۆقا ٢٢: ١٥- ٢٠)

### عیسا چۆن داوامان لێدەکات کە ڕووبەڕووی گوناه ببینەوە

عیسا لەگەڵ دابینکردنی ڕۆح و وشەی خودا بۆ کڵێساکەی (کە لە بەشی پێشتردا بینیمان)، ڕێنمایی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گوناه لەنێو مێگەلەکەیدا پێشکەش دەکات. لە لایەکەوە، هەموو فێرکردنەکانی ئەو کارە دەکەن. فێرکردنەکانی عیسا پەیماننامەی چۆنیەتی ژیانی باوەڕدارانە لەنێو کڵێسا و جیهاندا. بەڵام لە (مەتا ١٨: ١٥- ١٧)، ڕێنمایی تایبەتمان پێشکەش دەکات سەبارەت بەوەی کە دەبێت بە چ شتێک بگوترێت تەمبێکردنی کڵێسایی.

«ئەگەر خوشک یان براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت بەدەستدەهێنیتەوە. خۆ ئەگەر گوێی نەگرت، یەک یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو [هەر بابەتێک لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی بسەلمێنرێت.] ئەگەر بەگوێی نەکردن، بە کڵێسا بڵێ، ئەگەر بەگوێی

کڵێساشی نەکرد، ئەوا بە بتپەرست و باجگری دابنێ».

وشەی «کڵێسا» ئەو ڕاستییەمان نیشان دەدات کە عیسا شوێنکەوتووانی بۆ ئەو کۆبوونەوە بەردەوامە ئامادە دەکات کە شوێنکەوتووانی لە نەبوونیی ئەودا ئەنجامی دەدەن. دەرەنجامی ئەم فێرکردنەی عیسا ئەوەیە کە گوناهی بەردەوام و تۆبە لەسەر نەکراو - ئەوەی کە ڕەتی دەکەیتەوە لە ژیانتدا بە ڕژدی ڕووبەڕووی گوناە بوەستیتەوە - واتای ئەوەیە کە ئێمە شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی عیسا نین. واتە، هەر چەندە عیسا دەیزانی کە هەندێک لە ئەندامانی کڵێسا باوەڕداری ڕاستەقینە نابن (مەتا ١٣: ٣٠، ٤٨)، بەڵام جۆرێک لە تەمبێکردن و ڕێکخستنی ورد و پڕ لە خۆشەویستی و پشوودرێژی دروست کرد، کە ئەم تۆبەنەکردنە ئاشکرایە قبوڵ ناکات.

ئەوەی کە کەسێک بە «بتپەرست و باجگر» دابنێی، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە بە شێوەیەکی نەشیاو و خراپ لەگەڵی بجوڵێیتەوە. عیسا بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێت خۆشەویستی بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەرببڕین: «ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن» (مەتا ٥: ٤٧). دانانی کەسێک بە بتپەرست و باجگر واتە چیتر لەسەر بنەمای پەیوەندیی بێهاوتای عیسا لەگەڵی کۆ مەبەوە - واتە، بە جۆرێک لەگەڵی کۆ مەبەوە وەک ئەوەی کە هیچ سنوورێک لەنێوانتاندا نەبێت. بۆ نموونە، چیتر لەگەڵ ئەو کەسە ڕێوڕەسمی شێوی پەروەردگار جێبەجێ مەکە.

## بڕۆن، قوتابی دروست بکەن، لە ئاویان هەڵبکێشن

ئێستاش دێینە سەر ئەو ڕێوڕەسمانەی کە عیسا پێش ڕۆیشتنی بۆ ئاسمان، بۆ کڵێساکەی ئامادە کرد، کە ئەوانیش لەئاوهەڵکێشان و شێوی پەروەردگارە. پێش ئەوەی کە عیسا بڕوات بۆ ئاسمان، فەرمانی پێکردین و فەرمووی: «بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن» (مەتا ٢٨: ١٩). واتە، بەشێک لە بوون بە قوتابی یان شوێنکەوتووی عیسا ئەوەیە کە لەئاوهەڵبکێشرێی. ئەمەش نیشانەیەکی دەرەکییە بۆ ئەو گۆڕانکارییە ناوەکییەی کە ڕوویداوە تاکو کەسێک وەک گوناهبارێکی بەخشراو بێتە ژێر دەسەڵاتی مەزن و گەورەی عیساوە.

یەحیای لەئاوهەڵکێش خەڵکی لەئاوهەڵکێشا و جاڕی لەئاهەڵکێشانی تۆبەکردنی دەدا ئەوەی ڕێگا بۆ مەسیح ئامادە بکات (مەرقۆس ١: ٤). ئەمە شتێکی زۆر باش و جوان بوو. داوای لە گەلی جولەکە دەکردن کە نیشانەیەکی تایبەتی تۆبەکردن جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی وەکو گەلی مەسیح جیا بکرێنەوە. بەڵام هەندێک لە ڕابەران تووڕە بوون و ناڕەزاییان دەربڕی و گوتیان کە ئەوان پێشوەخت گەلی مەسیحن. ئەوان نەوەی ئیبراهیم بوون. بۆ یەحیا

لـە وەڵامـی ئـەوەدا گوتـی: «پێتـان وا نەبێـت دەتوانـن بەخۆتـان بڵێـن: “ئیبراهیـم باوکمانـە.” پێتـان دەڵێـم، خـودا دەتوانێـت لـەم بەردانـە نـەوە بـۆ ئیبراهیـم دروسـتبکات» (مەتـا ٣: ٩). بـە واتایەکـی دیکـە: «ئـەو لەئاوهەڵکێشـانەی کـە مـن داوای دەکـەم نیشـانەی ئەوەیـە کـە گەلـی ڕاسـتەقینەی ئیسرائیـل دروسـت بـووە. ئـەو گەلـە یەکسـان و هاوئاسـتی نـەوە جەسـتەییەکانی ئیبراهیـم نییـە. لـەو کەسـانە پێکهاتـووە کـە تۆبـە دەکـەن و بەزوویـی عیسـای مەسـیح دەبینـن. وا بیـر مەکەنـەوە کـە ئەگـەر بەهـۆی بێباوەڕییـەوە ڕەت کرانـەوە، خـودا ناتوانێـت بەڵێنەکانـی جێبەجـێ بـکات؛ دەتوانێـت لەبـەرد سـوودمەندبووانی بەڵێنەکانـی دروسـت بـکات».

هـەر بۆیـە، پێشـوەخت لـە لەئاهەڵکێشـانەکەی یەحیـاوە دەبینیـن کـە چـۆن یەحیـا بەکارهـات بـۆ جیاکردنـەوەی بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە لەگـەڵ ئەوانـەی کـە تەنهـا نـەوەی ئیبراهیـم بـوون و هیچـی دیکـە. ئێسـتا عیسـا ئـەم نیشـانەیە بەکاردێنێـت وەکـو نیشـانەی شـوێنکەوتووانی کاتێـک خـۆی بـە جەسـتە لەگەڵیـان نابێـت. کاتێـک بێبـاوەڕان ڕوو دەکەنـە مەسـیح و بـاوەڕ دێنـن، دەبێت لەئـاو هەڵبکێشرێـن. واتـە، دەبێـت بـە گوێڕایەڵییـەوە نیشـانی بـدەن کـە سـەربە مەسـیحن.[a] مەبەسـتی سـادەی مـن لێـرەدا ئەوەیـە کـە ئـەم کاری لەئاهەڵکێشـانە کـە زۆربـەی کڵێسـاکان جێبەجێـی دەکـەن، داهێـنراوی کڵێسـا نییـە. عیسـا پێـش ڕۆیشـتنی ئەمـەی بـۆ دانایـن و فەرمانـی پێدایـن کـە جێبەجێـی بکەیـن. هـەر لەبـەر ئـەوە، شـوێنکەوتووانی مەسـیح، بـەو چەشـنەی کـە عیسـا فەرمـووی، دەبێـت بـە نـاوی بـاوک و کـوڕ و ڕۆحـی پیـرۆز لەئـاو هەڵبکێشرێـن. ئەمـە بەشـێکە لـە بـوون بـە قوتابـی ئـەو و بـوون بـە بەشـێک لـە کڵێسـا.

## «ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن»

دووەم ڕێوڕەسـم کـە عیسـا بـۆ کڵێسـای لەبەرچـاو گرتـووە، بریتییـە لـە شـێوی پـەروەردگار. عیسـا بناغـەی ئـەم دوو ڕێوڕەسـمەی دانـا، ڕێوڕەسـمی لەئاوهەڵکێشـان و شـێوی پـەروەردگار. عیسـا بـە ڕوونـی فەرمانـی داوە کـە بـە نـاوی بـاوک و کـوڕ و ڕۆحـی پیـرۆز لەئاهەهەڵکێشـان ئەنجام بدەیـن. ڕێوڕەسـمی شـێوەی پەروەردگاریـش ڕوون و ئاشـکرایە، چونکـە عیسـا سـەبارەت بـە نـان و جامەکـە دەفەرموێـت: «ئەمـە جەسـتەی منـە، کـە لـە پێنـاوی ئێـوە بەخـت دەکـرێ. ئەمـە بـۆ یادکردنـەوەی مـن بکەن.»بـە هەمـان شـێوە پـاش نانخـواردن، جامەکـەی هەڵگـرت و فەرمـووی:

---

a نامەوێـت بچمـە نێـو بابەتـی ئاڵـۆزی لەئاوهەڵکێشـان لـە کاتـی مەلۆتکەیـی و لەئاهەڵکێشـان لـە کاتـی پێگەیشـتندا، بـەڵام بـۆ زانیارییەکـی ورد و دروسـت لەسـەر لەئاوهەڵکێشـانی بـاوەڕداران، تکایـە بڕوانـە ئـەم سـەرچاوەیە:
Paul K. Jewett, *Infant Baptism and the Covenant of Grace: An Appraisal of the Argument That as Infants Were Once Circumcised, So They Should Now Be Baptized* (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1978).

«ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، کە لە پێناوی ئێوە دەڕژێت» (لۆقا ٢٢: ١٩- ٢٠).

عیسا هیچ ناوێکی لەم ڕێوڕەسمە نەنا. عیسا تەواوی ئەو خوانەی کە لە کۆتا شەوی ژیانیدا لەگەڵ قوتابییەکانی خواردی بە «پەسخە» ناو برد، وە بە لەبەرچاوگرتنی قوربانیکردنەکەی خۆیەوە وەسفی کرد. «زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم نانەی پەسخەتان لەگەڵ بخۆم» (لۆقا ٢٢: ١٥). جەژنی پەسخە ئەو ڕووداوەی میسر بوو کە خودا منداڵەکانی لە دەست فریشتەی مەرگ پاراست، چونکە چواردەوری درگاکانیان بە خوێنی بەرخی قوربانی نیشانە کرابوو (دەرچوون ١٢: ١٣، ٢٣). لەبەر ئەوەی کە هەموو شتێک دەربارەی کۆتا خوانی ئێوارەی عیسا و دادگاییکردنەکەی دوای خوانەکە و لەخاچدانەکەشی پلان و بەرنامەی خودا بوو و عیساش بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە جێبەجێی کرد، گێلانە دەبێت ئەگەر پێمان وا بێت کۆتا خوانی عیسا بە ڕێکەوت لە کاتی جەژنی پەسخەدا بووە. «کوڕی مرۆڤ دەبێت وەک ئەوەی لەبارەیەوە نووسراوە بڕوات» (مەتا ٢٦: ٢٤).

هەر بۆیە جێگەی سەرسامی نییە کە کۆنترین دەقی کتێبی پیرۆز کە ئاماژە بەم ڕێوڕەسمە دەکات، نەک تەنها بە «شێوی پەروەردگار» (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٠) ناوی هێناوە، بەڵکو عیسا بە «بەرخی پەسخە» ناو هێناوە (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٧). بە دڵنیاییەوە عیسا مەبەستیەتی ئەمە بفەرموێت: «من شێوێکی پیرۆز بۆ گەلەکەم دادەمەزرێنم کاتێک کە دەڕۆم بۆ ئاسمان، وە لەو شێوەدا دەبێت نیشانەیەکی پیرۆزی قوربانی پەسخە ببینن کە سبەی بەیانی ئەنجامی دەدەم کاتێک بۆ گوناهەکانیان دەمرم».

## چۆن جام و نان، خوێن و جەستەی عیسایە؟

بێگومان بەکارهێنانی وشەی «نیشانە» لەو ڕستەیەی سەرەوەدا شایانی گفتوگۆ و قسە لەسەرکردنە. چەندین جۆر تێگەیشتنی جیاوازمان هەیە سەبارەت بەو وتەیەی مەسیح کە لەدوای هەڵگرتنی پارچە نانەکە دەفەرموێت: «ئەمە جەستەی منە، کە لە پێناوی ئێوە بەخت دەکرێ» (لۆقا ٢٢: ١٩)، وە کاتێک جامەکە هەڵدەگرێت، دەفەرموێت: «ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین دەڕژێت» (مەتا ٢٦: ٢٨). ئایا عیسا دەفەرموێت کە شەراب و نانەکە نیشانەی جەستە و خوێنی ئەون، یان بە جۆرێک ئەو شەراب و نانە گۆڕان بۆ خوێن و جەستەی؟

ئەو کاتە ئاسایی بووە و ئێستاش ئاساییە کە ئاماژە بە نموونەی شتێک بکەین و بڵێین ئەو نموونەیە شتەکەیە. بۆ نموونە، من دەتوانم ئاماژە بە وێنەیەکی ماڵەکەمان بکەم و بڵێم کە ئەوە ماڵەکەمانە. بێگومان بە مێشکی هیچ کەسێکدا نایەت کە من مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ڕەسمە گۆڕاوە و بووە بە ماڵێکی ڕاستەقینە. ئەگەر عیسا لەسەر زەوی وێنەی حوشترێک بکێشێت و

بڵێت ئەمە حوشترە، بێگومان وێنەکە نابێت بە حوشتری ڕاستەقینە. ئەوە تەنها وێنەی حوشترە.

ئێمە دەزانین کە عیسا زمانی بەم جۆرە بەکارهێناوە، چونکە لە نموونەی چوار جۆرە خاکەکەدا، وێنەی چوار جۆر کەسەکەی بەم وشانە لێکدایەوە: «ئەوانەی کەوتنە سەر بەردەڵانەکە، ئەو کەسانەن کە پەیامەکە دەبیستن و دەستبەجێ بە خۆشییەوە وەریدەگرن» (مەتا ١٣: ٢٠). مەبەستی ئەوەیە کە بەردەڵان مەبەست لە جۆرە کەسێکی دیاریکراوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوە نامۆ و نوێ نییە، وە سروشتیترین شێوازی تێگەیشتن لە وشەکانی عیسایە. جام و نانەکە مەبەست لێی خوێن و جەستەی عیسایە.

هەروەها، ئەگەر پێداگری بکەین و بڵێین مەبەست لە «ئەمە جەستەی منە» و «ئەمە خوێنی منە» جەستەی فیزیکی و خوێنی خودی عیسایە، ئەو کاتە چی لەم وتەیەی دیکەی بکەین کە دەفەرموێت: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، کە لە پێناوی ئێوە دەڕژێت» (لۆقا ٢٢: ٢٠). ئایا دەتوانین بڵێین کە جامە شەرابەکە پەیمانی نوێیە بە هەمان شێوە کە خوێنی عیسایە؟ بێگومان «ئەم جامە پەیمانی نوێیە» واتە «ئەم جامە وێنە و ئاماژەیە بۆ پەیمانی نوێ کە سبەی بەیانی لە ڕێگەی ڕشتنی خوێنی منەوە بۆتان دەکرێت و دەستەبەر دەکرێت». هەر بۆیە، وا باشترە و ژیرانەیە کە «ئەمە جەستەی منە» و «ئەمە خوێنی منە» بەم جۆرە لێک بدەینەوە: «جام و نانەکە نیشانەی جەستەی فیزیکی و خوێنی منە کە لە ڕێگەی مردنەوە پێشکەش تۆ کراوە بۆ ئەوەی گوناهەکانت ببەخشرێن».

## «ئەو قسانەی پێم گوتن ڕۆح و ژیانن»

هەندێک جار وتەیەکی دیکەی عیسا وەکو بیانووی ئەو بۆچوونە دەهێنرێتەوە کە گوایە جام و نانەکە هەر بەڕاستی خوێن و جەستەی عیسا بووە. لە (یۆحەنا ٦: ٥٣- ٥٤) عیسا دەفەرموێت: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر جەستەی کوڕی مرۆڤ نەخۆن و خوێنی نەخۆنەوە، ژیان لە ناختاندا نابێت. ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە ژیانی هەتاهەتایی هەیە». بەڵام لێرەدا عیسا دەیەوێت ئێمە ئەم زمانە وەکو دەربڕینێکی خواردنی ڕۆحی ببینین، نەک خواردنی جەستەیی. لە دوای دە ئایەتەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کاتێک پێمان دەڵێت ئەو ژیانەی لە ئایەتی (٥٣- ٥٤) بەڵێنی بەخشینی دراوە، لە ڕێگەی جەستەوە نێوانگیری ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی ڕۆحەوە. «ڕۆحی پیرۆز ژیان دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵک نایەت. ئەو قسانەی پێم گوتن ڕۆح و ژیانن» (یۆحەنا ٦: ٦٣). ئەم ئایەتە ئاگادارییەکە دژی ئەوانەی کە دەیانەوێت وشەکانی «ئەمە جەستەی منە» و «ئەمە خوێنی منە» بە جۆرێک وەربگرن کە وا دەربکەوێت ژیانی هەتاهەتایی لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوەی جەستەییەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەر بۆیە عیسا فەرمان دەدات کە شوێنکەوتووانی شێوی پەروەردگار پیرۆز بکەن وەکو یادکردنەوەیەک بۆ مردن و چاوەڕوانی هاتنەوەی کاتێك بە شکۆی شانشینەوە دەگەڕێتەوە (لۆقا ٢٢: ١٨). زانینی ئەوەی کە ئەم جام و نانە نیشانەی گرنگترین کاری خۆشەویستییە لە مێژوودا، وە جێبەجێکەر و بەدیهێنەری پەیمانی نوێیە، واتە بەدەستهێنانی لێخۆشبوون و دڵێکی نوێ (یۆحەنا ٣١: ٣١- ٣٤)، وا دەکات شێوی پەرورەدگار ببێتە کارێکی بێوێنەی پەیوەستبوون بە مەسیحی زیندووبووەوە. عیسا لە ڕێگەی ڕۆحی و وشەکەیەوە لێمان نزیک دەبێتەوە و خۆی پێمان دەناسێنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو کارەوە بە شێوەیەکی بێ هاوتا دڵخۆش بین پێی.

## داوکاریی عیسا: ببە بە کڵێسا

ئەوەی کە هەتا ئێستا لەم بەشەدا بینیومانە ئەوەیە کە کڵێسا بیرۆکەیەکی دواتری شوێنکەوتووانی عیسا نەبووە لەبەر ئەوەی کە پەیامی هاتنی شانشینەکەی ڕاستی نەبووە. نەخێر، کڵێسا شوێن شانشین ناگرێتەوە. کڵێسا لە ڕێگەی شانشینەوە دروست کرا و پایەدار کرا. عیسا پلان و بەرنامەی کڵێسای دانا، وە بە هەموو شێوەیەک پێداویستییەکانی دابین کرد.

«من کڵێساکەم بنیاد دەنێم» ئەو ئاڵەیەیە کە لەسەرووی هەموو کۆبوونەوەیەکی شوێنکەوتووانی مەسیحەوە دەشەکێتەوە. عیسا گەلەکە بنیاد دەنێت و مێگەلەکەی کۆ دەکاتەوە. بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات و بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ کڵێساکەیدا دەمێنێتەوە. لە ڕێگەی ڕۆح و وشەی پیرۆزیەوە پەیامەکەی بە کڵێسا ڕادەگەیەنێت. لە ڕێگەی نیشانەی لەئاوهەڵکێشان لە جیهانی جودا دەکاتەوە و لە ڕێگەی شێوەی پەروەردگارەوە خۆی وەبیرمان دەهێنێتەوە و خۆیمان پێ دەناسێنێت و وا دەکات چێژ لە ناسینی وەربگرین. «ئەمە بکەن» داواکاری پەروەردگارە کە ئەمڕۆ بانگمان دەکات بۆ ئەوەی تەنها باوەڕداری تاک و تەنها نەبین، بەڵکو دەستە و مێگەل و کۆمەڵە و کڵێسا بین.

# داواکاریی چل و حەوتەم

## با ڕووناکیت لەبەردەم کەسانی دیکەدا بدرەوشێتەوە
## بۆ ئەوەی باوکت شکۆدار بکەن کە لە ئاسمانە

«ئێوە خوێی زەوین، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، چۆن تامە سوێرەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە؟ ئیتر بەکەڵکی هیچ نایەت، ئەوە نەبێ فڕێبدرێتە دەرەوە و خەڵکی پێشێلی بکەن. «ئێوە ڕووناکی جیهانن، شارێک لەسەر شاخ دروستکرابێت ناتوانرێت بشاردرێتەوە. هەروەها خەڵکی چرا هەڵناکەن تاکو بیخەنە ژێر تەشتەوە، بەڵکو لەسەر چرادان دایدەنێن بۆ ئەوەی ڕووناکی بداتە هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدان. بە هەمان شێوە، با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە.» (مەتا ٥: ١٣- ١٦)

«خوێ باشە، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێری دەکەنەوە؟ با خوێتان تێدابێت و لەگەڵ یەکتری لە ئاشتیدا بن» (مەرقۆس ٩: ٥٠)

ئەو داواکارییەی کە کارێک بکەین ڕووناکیمان لەبەردەم جیهاندا بدرەوشێتەوە، ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە: بۆ ئەوەی خەڵکی باوکمان شکۆدار بکەن کە لە ئاسمانە. کەواتە داواکارییەکە ئەوەیە کە هەوڵی شکۆدارکردنی خودا بدەین لە ڕێگەی درەوشانەوەی ڕووناکییەکەمان. بۆیە کارێکی دروست و گونجاوە کە ئەم بەشە بۆ گرنگیی ئەم ئامانجە تەرخان بکەین: شکۆداریی خودا. ئینجا لە بەشەکەی دواتردا باسی ئەوە دەکەین کە درەوشانەوەی ڕووناکییەکەمان چ واتایەکی هەیە.

### یەکەم ئارەزووو و نرخ و بەهای عیسا

یەکەم شت کە عیسا داوای کرد لێمان ئەوە بوو کە نوێژ بکەین بۆ ئەوەی ناوی باوک پیرۆز بێت. «ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن: ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت» (مەتا ٦: ٩). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئارەزووی یەکەمی عیسا ئەوەیە کە - وە یەکەم ئارەزووی ئێمەش دەبێت ئەمە بێت - پیرۆزیی خودا دەربخات. من بەهۆی سێ هۆکارە «دەرخستنی پیرۆزیی خودا»م بەکارهێنا. یەکەم، دەستەواژە یۆنانییەکە کە ئێمە بە «پیرۆز بێت» وەرمانگێڕاوە لەڕاستیدا لە وشەی بنەڕەتیی «پیرۆز»ەوە سەرچاوەی گرتووە. دووەم، کاتێک وشەی پیرۆز دەکەینە فەرمان، بە واتای «خۆت بە پیرۆز نیشاندان» دێت. سێیەم، ڕێگایەکی دیکە بۆ گوتنی دەرخستنی پیرۆزیی خودا بریتییە لە قسەکردن دەربارەی شکۆی خودا.

گرنگە کە پەیوەندیی نێوان پیرۆزبوونی ناوی خودا و شکۆی خودا بزانین، چونکە مەسیح چەندین جار لە وتەکانیدا فەرموویەتی کە شکۆی باوکی و شکۆی خۆی زۆر زۆر گرنگن. هیچ شتێکی ئەم گەردوونە لە شکۆی باوکی ئاسمانی گرنگتر نییە. هەبوونی پەیوەندیی نیوان پیرۆزبوونی ناوی خودا وەکو یەکەم ئارەزووی عیسا و شکۆی خودا وەکو بەهادارترین شتی گەردوون نیشانی دەدات کە هیچ ناکۆکی و دژیەکییەک لەنێوان ئەو دووانەدا بوونی نییە. پیرۆزبوونی ناوی خودا و شکۆدارکردنی خودا هەتا ڕادەیەکی زۆر هەمان کارن.

## شکۆی خودا چییە؟

شکۆی خودا بریتییە لە ڕووناکیدانەوەی تەواو و کامڵیی فراوان و بێ ئەندازەی خودا. لەڕاستیدا ئەم وشانە لە ئاستی وەسفی شکۆی یەزداندا زۆر کەم و لاوازن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین کە بەباشی وەسفی شکۆی خودا بکەین. شکۆی خودا درەوشانەوەی بەهای بێکۆتایی تەواوی شوناسی خودایە؛ جوانیی ئاکار و ڕەوشتیەتی. ئێمە بە چاوی جەستەییمان شکۆی خودا لەم جیهانە مەزنە بەدیهێنراوەدا دەبینین کە ئاماژەیە بۆ بەدهێنەرێکی نادیار بەڵام زۆر مەزنتر. «سەیری گوڵی سەوسەن بکەن ... تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە!» (مەتا ٦: ٢٨- ٢٩). شکۆی گوڵی سەوسەن کاری خودایە. بۆ ئەوەیە سەرنجمان ڕابکێشێت و ئاگامان بکاتەوە بۆ شکۆیەک کە شکۆی سەوسەن تەنها نموونەیەکە لێی.

حەز دەکەین بڕوانینە شکۆمەندی. ئێمە بۆ ئەوە دروست کراوین کە چێژ لە بینینی وەربگرین. لەبەر ئەوە عیسا هاتە سەر زەوی. هات بۆ ئەوەی شکۆی خودا زۆر لەوە باشتر و تەواوتر ئاشکرا بکات کە سروشت کردوویەتی (یۆحەنا ١: ١٤)، وە هات بۆ ئەوەی لە جێگەی ئێمە گیانی بسپێرێت بۆ ئەوەی لە دەست تووڕەیی خودا ڕزگارمان بێت و بەو هۆیەوە بتوانین چێژ لە نیعمەتی شکۆی خودا وەربگرین. (یۆحەنا ٤: ١٤- ١٥، ٣٦؛ ١٧: ٢٤)؛ هەروەها بۆ ئەوەی ئارەزوویەک بۆ ئەو شکۆیە لە ئێمەدا بەئاگا بهێنێت تاکو بەهۆی پەیوەندی سۆزداریمان لەگەڵ شکۆی گوناهدا لەناونەچین (یۆحەنا ٣: ١٩). عیسا بەتایبەتی مەبەستی بوو کە شکۆی خودا دەربخات. کار و وشەکانی بۆ دەرخستنی پێشبینییەکی لەم شێوەیە بوو: «ئەو گەلەی لە تاریکیدا دانیشتووە، ڕووناکییەکی گەورەی بینی، دانیشتووان لە خاکی سێبەری مەرگ ڕووناکی بەسەریاندا هەڵهات» (مەتا ٤: ١٦). عیسا فەرمووی: «ئەوەندەی لە جیهاندام، من ڕووناکی جیهانم» (یۆحەنا ٩: ٥؛ بەراوردی بکە لەگەڵ ٨: ١٢). واتە، جیاواز لە پێشتر، ڕووناکی شکۆی خوای دەرخست، وە لە ڕێگەی ئەم ڕووناکییەوە هەموو دید و بیروبۆچوونە دروستەکانی خستەوە شوێنی خۆی.

## چۆن عیسا خودای شکۆدار کرد

عیسا شکۆی خودای دەرخست بە تەواوکردنی ئەو کارەی کە خودا پێی سپاردبوو. بۆیە لە کۆتایی ژیانیدا نوێژی بۆ باوکی کرد و فەرمووی: «من لەسەر زەوی شکۆدارم کردیت بە تەواوکردنی ئەو کارەی پێت دابووم» (یۆحەنا ١٧: ٤). ئەو کارە پێکهاتبوو لە پەرجوویێکی زۆر لە ژیانی عیسا و کاری کۆتایی ڕزگاری کاتێک مرد و زیندوو بووەوە.

بۆ نموونە، کاتێک عیسا یەکەم پەرجووی ئاشکرا خۆی ئەنجام دا و ئاوی کرد بە شەراب، یۆحەنا دەڵێت: «یەکەمین نیشانەی بوو بۆ دەرخستنی شکۆی خۆی» (یۆحەنا ٢: ١١). کاتێک عیسا ئیفلیجێکی چاک کردەوە و لە گوناهەکانی خۆش بوو، «خەڵکەکە ئەمەیان بینی، سام دایگرتن و ستایشی خودایان کرد، کە دەسەڵاتی ئاوای بە مرۆڤ داوە» (مەتا ٩: ٨). کاتێک خەڵکی بینییان «لاڵ قسە دەکات و گۆج چاکدەبێتەوە و شەل بە ڕێکی دەڕوات و کوێر دەبینێت، جا ستایشی خودای ئیسرائیلیان کرد» (مەتا ١٥: ٣١). کاتێک دە گولەکە چاک بوونەوە، یەکیان کە سوپاسگوزار و کەسێکی پێزان بوو، «گەڕایەوە و بە دەنگێکی بەرز ستایشی خودای کرد» (لۆقا ١٧: ١٥). کاتێک ژنێک کە ماوەی هەژدە ساڵ بوو نەخۆش بوو، دەستی لێ درا و چاکبووەوە، «خوای شکۆدار کرد» (لۆقا ١٣: ١٣). وە کاتێک عیسا خەریکی زیندووکردنەوەی لەعازر بوو، بە خوشکەکەی فەرمووو: «ئەی پێم نەگوتی ئەگەر باوەڕ بکەیت شکۆی خودا دەبینیت؟» (یۆحەنا ١١: ٤٠). هەموو ئەوەی کە عیسا ئەنجامی دا، بە مەبەستی دەرخستنی مەزنی و گەورەیی خودا بوو. کاری ئەوە بوو کە گەورەیی و جوانی مەودای تەواوی کامڵیی خودا نیشان بدات.

بەڵام گەورەترین پەرجووی عیسا بریتی بوو لە مردن و هەستانەوەی بۆ ئەوەی ئێمە لە تاوان و هێز و دەسەڵاتی گوناە بکرێتەوە (مەرقۆس ١٠: ٤٥)، لە گوناهەکانمان خۆش بێت (مەتا ٢٦: ٢٨)، وە ژیانی هەتاهەتاییمان پێ ببەخشێت (یۆحەنا ٣: ١٤- ١٥). عیسا لەم کارە مەزنە ملکەچبووندا - بێتاوان لەپێناو تاوانباردا - شکۆی تووڕەیی خودای و شکۆی خۆشەویستی خودای دەرخست. تووڕەیی تووڕەییەکی شکۆدارە (لۆقا ٢١: ٢٣؛ یۆحەنا ٣: ٣٦). خودا ناتوانێت جۆرێکی دیکە تووڕەیی هەبێت. وە خۆشەویستیی خودا خۆشەوستییەکی شکۆدارە. کاتێک عیسا هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی لەپێناو ئێمەدا بمرێت، کە لووتکەی ئەرک و خزمەتە زەمینییەکەی بوو، ڕێی تێدەچێت کە ئەوە بەئازارترین و شکۆدارترین سات بێت.

عیسا لە کۆتا کاتژمێرەکانی ژیانیدا، فەرمووی: «کاتی شکۆدارکردنی کوڕی مرۆڤ هاتووە. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە. بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات» (یۆحەنا ١٢: ٢٣- ٢٤). شکۆی عیسا لە ڕێگەی ئازارچەشتن و زیندووبوونەوە سەرکەوتووکەیەوە دەرکەوت. عیسا دەفەرموێت:

«نەدەبووایە مەسیح ئەم شتانە بچێژێت و بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی» (لۆقا ٢٤: ٢٦). ئازارچەشتن و ناخۆشییەکان ڕێگەی شکۆداری بوو.

## باوک و کوڕ یەکتر شکۆدار دەکەن

ئازار و ناخۆشی تەنها ڕێگەی شکۆمەندبوون نەبوون، بەڵکو بەشێکی سەرەکی بوون لە شکۆمەندیی عیسا. «ئێستا کوڕی مرۆڤ شکۆدار کرا و خوداش تێیدا شکۆدار کرا» (یۆحەنا ١٣: ٣١). بەها و نرخی شکۆداریی خودا دەرکەوت کاتێک عیسا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی بمرێت تاکو خودا بەوپەڕی دادپەروەرییەوە تووڕەیی دروستی خۆی لەسەر گوناهباران لاببات. بۆیە کاتێک خودا بەهۆی کوڕەکەوە شکۆدار کرا، ئینجا دەست دەکات بە شکۆدارکردنی کوڕەکەی لەڕێگەی قبوڵکردنیەوە بە زیندووکردنەوەی لەنێو مردووان.

بەردەوام دەبینین کە باوک و کوڕ لە ڕێگەی کاری ڕزگارییەوە یەکتر شکۆدار دەکەن. ئەگەر بینیومانە کە کوڕ باوک شکۆدار دەکات و باوکیش بە شکۆدارکردنی کوڕ وەڵام دەداتەوە، ئەوا پێچەوانەکەشی ڕاستە. عیسا فەرمووی: «باوکە، کاتەکە هاتووە. کوڕەکەت شکۆدار بکە، تاکو کوڕەکەشت شکۆدارت بکات» (یۆحەنا ١٧: ١؛ ١٢: ٢٧- ٢٨). کاتێک عیسا لە ڕێگەی مردنەکەیەوە باوک شکۆدار دەکات، باوکیش کوڕەکە شکۆدار دەکات؛ وە کاتێک باوک لە کاتی زیندووکردنەوە و بەرزبوونەوەی عیسادا، عیسا شکۆدار دەکات، کوڕەکەش باوک شکۆدار دەکات. ئەم دەرخستنە هاوبەشەی شکۆی خودا لە ڕێگەی کاری خودا و کوڕەکەیەوە ئەوپەڕی ئارەزووی دڵیانە.

## هیچ خۆشەویستییەک لەوە گەورەتر نییە کە خودا لە ڕێگەی عیساوە خۆی بۆ ئێمە شکۆدار دەکات

هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەمە کرۆک و ناوەڕۆکی خۆشەویستی خودا و عیسایە بۆ ئێمە. ئەوان شکۆمەندییەکەیان دەردەخەن نەک تەنها بۆ ئەوەی کەسانێکی ڕۆح برسی وەکو ئێمە چێژیان لێ وەربگرن، بەڵکو بۆ ئەوەی باجی ئەو هەڵەیەی ئێمەش بدەن کە نەمانتوانیوە ڕێزی تەواو لە شکۆی خودا بگرین و بەو هۆیەوە لە حوکمی خودا ڕزگارمان دەکەن (یۆحەنا ٥: ٢٩). بە واتایەکی دیکە، ئارەزووی خودا بۆ شکۆدارکردنی خۆی و کوڕەکەی کارێکی پڕ لە خۆشەویستییە بەهۆی بەهاداربوونی ئەو شتەی کە دەیبەخشێت و ئەو باجەی کە لەپێناوی بەخشینی ئەو شتەدا دایدەنێت. شکۆی خۆیمان پێ دەدات و بە ژیانی کوڕەکەی باجەکەی دەدات. هیچ دیارییەک لە خودی خودا بەوپەڕی شکۆوە گەورەتر نییە. هیچ باجێک لە مردنی کوڕی خودا بەنرختر نییە. بۆیە، هیچ خۆشەویستییەک لەوە گەورەتر نییە کە خودا لە ڕێگەی مردن و هەستانەوەی عیساوە خۆی شکۆدار دەکات.

کاتێک ئەو کارە مەزنەی ڕزگاری لە ڕێگەی لەخاچدان و زیندووبوونەوەی عیساوە ئەنجام درا، عیسا بە درێژایی چەندین سەدە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی گەلێکی تایبەت بە خۆی لە ڕێگەی ناردنی ڕۆحی پیرۆز کە کارە سەرەکییەکەی بریتییە لە شکۆدارکردنی عیسا و بە باوەڕەوە ڕاکێشانی خەڵکی بەرەو ڕووی. بۆیە بەڵێنی دا و فەرمووی: «بەڵام کاتێک ئەو دێت، کە ڕۆحی ڕاستییە، ئەو بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییتان دەکات، چونکە لە خۆیەوە هیچ ناڵێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و ڕایدەگەیەنێت چی ڕوودەدات. ئەو شکۆدارم دەکات، چونکە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنێتc کە لە منەوە وەریدەگرێت.» (یۆحەنا ١٦: ١٣- ١٤). کاری سەرەکی ڕۆحی پیرۆز پەرەدانە بە کاری مەزنی شکۆدارکردنی باوک و کوڕەکەی. ڕۆحی پیرۆز لە ڕێگەی کردنەوەی چاوی ڕۆحیمان بۆ بینینی ڕاستی و جوانیی ناسنامەی ڕاستەقینەی عیسا و ئەوەی کە پێشوەخت لە ڕێگەی ژیان و مردن و هەستانەوەکەیەوە ئەنجامی دا بۆمان، ئەو کارە دەکات (یۆحەنا ٣: ٣، ٨؛ مەتا ١٦: ١٧). کاتێک عیسا وەکو خۆی دەبینین، هان دەدرێین و بەرەو ڕووی دەڕۆین کە قبوڵی بکەین، متمانەی پێ بکەین، بیپەرستین و گوێڕایەڵی بین.

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئارەزوو بۆ دەرکەوتنی شکۆی خودا، واتای چییە کە «با ڕووناکیت بۆ شکۆی خودا بدرەوشێتەوە؟» لە بەشی داهاتوودا تیشک دەخەینە سەر ئەوە.

# داواکاریی چل و هەشتەم

## با ڕووناکیت لەبەردەم کەسانی دیکەدا بدرەوشێتەوە -

## قوربانیی پڕ لە خۆشیی خۆشەویستی لە کاتی ئازار و ناخۆشیدا

« خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە کاتێـک خەڵکـی جنێوتـان پێـدەدەن و دەتانچەوسـێننەوە، لەبـەر مـن هەمـوو جـۆرە بوختانێکتـان بـۆ هەڵدەبەسـتن. دڵخـۆش و شـادمان بـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە، چونکـە پێـش ئێـوە پێغەمبەرانیشـیان ئـاوا چەوسـاندووەتەوە. «ئێـوە خوێـی زەویـن، بـەڵام ئەگـەر خـوێ سـوێرییەکەی نەمـا، چـۆن تامـە سـوێرەکەی بـۆ دەگەڕێندرێتـەوە؟ ئیـتر بەکەڵکـی هیـچ نایـەت، ئـەوە نەبـێ فڕێبدرێتـە دەرەوە و خەڵکـی پێشـێلی بکـەن. «ئێـوە ڕووناکـی جیهانـن، شـارێک لەسـەر شـاخ دروسـتکرابێت ناتوانرێـت بشاردرێتەوە. هەروەهـا خەڵکـی چـرا هەڵناکـەن تاکـو بیخەنـە ژێـر تەشـتەوە، بەڵکـو لەسـەر چـرادان دایدەنێـن بـۆ ئـەوەی ڕووناکـی بداتـە هەمـوو ئەوانـەی لـە ماڵەکـەدان. بـە هەمـان شـێوە، بـا ئێـوەش ڕووناکیتـان بـۆ خەڵـک بدرەوشـێتەوە، تاکـو کـردارە باشـەکانتان ببینـن و ستایشـی باوکتـان بکـەن کـە لـە ئاسـمانە» (مەتـا ٥: ١١- ١٦).

لـە بەشـی پێشـتردا تیشـکمان خسـتە سـەر ئەوپـەڕی ئـارەزووی عیسـا، باوکـی ئاسـمانی و ڕۆحـی پیـرۆز - کـە ئەویـش بریتـی بـوو لـە شـکۆداربوونیان لـە ڕێگـەی ڕزگاریکردنـی ئێمـەوە. ئێسـتا ئـەوە دەمانگەیەنێتـە ئـەو فەرمانـەی کـە دەڵێـت: «بـا ئێـوەش ڕووناکیتـان بـۆ خەڵـک بدرەوشـێتەوە، تاکـو کـردارە باشـەکانتان ببینـن و ستایشـی باوکتـان بکـەن کـە لـە ئاسـمانە» (مەتـا ٥: ١٦). دوای بینینـی ئـەوەی کـە ئـارەزووی بـاوک و کـوڕ و ڕۆحـی پیـرۆز ئەوەیـە کـە شـکۆی خـودا دەربخـەن، بۆیـە نابێـت جێگـەی سەرسـامی بێـت بۆمـان کـە شـوێنکەوتووانی عیسـاش دەبێـت بەشـداری لـەم ئـارەزووەدا بکـەن. بـە جۆرێـک بـژی کـە خەڵکـی تەماشـای ژیانـت بکـەن و لـە ڕێگـەی تـۆوە بـە باشـترین شـێوە خوداکـەت بناسـن. ئـەوە فەرمانـی عیسـایە.

### تۆ ڕووناکیت و ئەو ڕووناکییە بدرەوشێنەوە

ئـەو ڕووناکییـەی کـە دەیدرەوشـێنینەوە بریتییـە لـە ڕووناکییـەی لـە ئێمەدایـە. عیسـا فەرمـووی: «ئێـوە ڕووناکـی جیهانـن» (مەتـا ٥: ١٤). بۆیـە، جوڵانـەوە و بزووتنەوەیـەک لـە نـاوەوە بـۆ دەرەوە لـە ئارادایـە. ئـەوەی کـە خەڵکـی لـە دەرەوە دەیبینێـت بریتییـە لـە کار و کـردەوە باشـەکانمان. بـەڵام ئێسـتا ئێمـە لـەوە پێکهاتوویـن. کارە باشـەکان سـەرچاوەیەکی ڕووناکـی لـە نـاوەوە هەیـە. کلیلـی تێگەیشـتن لـەو ڕووناکییـەی کـە لـە ڕێگـەی کار و ڕەفتـاری باشـەوە دەدرەوشـێتەوە،

ئامانجی کارەکانە، ئەوەی کە خەڵکی دەیبینێت و بە هۆیەوە خودا شکۆدار دەکات. بۆچی لەجێگەی ئێمە، خودا شکۆدار دەکەن؟ چونکە ئەو ڕووناکییەی کە دەدرەوشێتەوە، ڕووناکی خودایە، ڕووناکی عیسایە کە دەرخەر و ئاشکراکەری شکۆی خودایە.

## ئەو ڕووناکییەی کە خەڵکی دەیبینن لەڕاستیدا چییە؟

واتای ئەوە چییە کە ئێمە ڕووناکی جیهانین؟ چۆن کارە باشەکانمان لە ئێمەدا پەرە دەسەنێت بە جۆرێک وا دەکەن خودا شکۆدار دەربکەوێت؟ لێرەدا باش وایە کە چاومان لەسەر وشەکانی عیسا بێت و بەپێی ئەوە بجوڵێینەوە. لێرەدا باسی ئەو دەستە و کەسانە دەکات کە خۆزگەیان پێ دەخوازرێت: خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە ڕۆح هەژارن، ماتەمدارن، دڵنەرمەکان، ئەوانەی کە برسی و تینوون بۆ ڕاستودروستی، ئەوانەی کە دڵیان پڕ لە بەزەییە، دڵپاکەکان، ئاشتیخوازان، ئەوانەی لە پێناوی ڕاستودروستی دەچەوسێنرێنەوە (مەتا ٥: ٣- ١٠). ئەمە جۆرە ناسنامەیە بەلای جیهانەوە زۆر سەیر و نامۆیە. وەکو خۆیەتی بەتام وایە کاتێک شتەکان بێ تام و بێزارکەرن. وەکو ئەو ڕووناکییە پڕ لە ئومێدەیە کە خەڵکی بەهۆی تاریکییەوە بە لاڕێدا دەڕۆن.

بەڵام نزیکترین خۆزگەخواستن بە داواکاریی «با ڕووناکیت بۆ شکۆی خودا بدرەوشێتەوە»، ئەوەیە کە خۆزگەت پێ دەخوازرێت کاتێک جنێوت پێ دەدرێت. «خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. دڵخۆش و شادمان بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە، چونکە پێش ئێوە پێغەمبەرانیشیان ئاوا چەوساندووەتەوە» (مەتا ٥: ١١- ١٢). ڕێک لەدوای داواکاری دڵخۆشبوون لە کاتی چەوسانەوەدا، ئەم وتەیە دێت: «ئێوە خوێی زەوین، ... ئێوە ڕووناکی جیهانن، ...» (مەتا ٥: ١٣- ١٤). بۆیە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەی سوێرترین و ڕووناکترین شتە لەم جیهانە بێ ڕۆح و تاریکەدا، ئەو خۆشی و شادییەی شوێنکەوتووانی عیسایە کە لەکاتی چەوسانەوە و سەختیی ژیاندا هەیانە.

ئەو خۆشییە بێفیز و بەبەزەیی و پاک و ئاشتی پارێزە، بەڵام ئەم شتانە بە تەنها خەڵکی بۆ شکۆی خودا بەخەبەر ناهێننەوە. بۆ ئەوەی خەڵکی وەخەبەر بهێنینەوە کە خودا بە هۆکاری کارە باشەکانی ئێمە بزانن، بە گشتی دەبێت ڕێگرییەکی چەوسانەوە لە ئارادا بێت کە بە شێوەیەکی سروشتی وا دەکات تووڕە یان بێ هیوا بن، بەڵام ئەوە کاریگەری لەسەر ئێمە نابێت. لە جێگەی ئەوە دەمانبینن کە لە کاتی سەختی و ناخۆشیدا «دڵخۆشین». دەبینن کە ئەم سەختی و ناخۆشییانە نامانکەنە کەسانێکی خۆپەرست، هەروەها وا ناکەن بەزەییمان بە خۆماندا بێتەوە یاخود لە ڕووی ڕۆحییەوە گرژ و مۆن بین. لە جیاتی ئەوە،

خۆشـی و شـادییەکەمان دەبینـن و بەلایانـەوە جێگـەی پرسـیارە کـە ئومێدمـان بـە چییـە لـە کاتێکـدا پایەکانـی ئومێـد و هیوامـان ورد و خـاش کـراوە. عیسـا دەفەرموێـت کە وەڵامەکـە ئەوەیە کـە ئێمـە لـە ئاسـماندا پاداشـتمان گەورەتـرە (مەتـا ٥: ١٢). واتـە، عیسـا بـووە گەنجینەیـەک بۆمـان کـە زۆر بەهادارتـر و بەنرخـترە لـەوەی کـە جیهـان پێـمان دەبەخشـێت. بۆیـە، کاتێـک چەوسـانەوە و کارەسـات خۆشـی سروشـتیمان لەنـاو دەبـات، ئێمـە هێشـتا عیسـامان هەیـە، هێشـتا هیـوا و ئومێدمـان هەیـە.

ئێسـتا کـە کارە باشـەکانمان لەڕێگـەی خوێـوە بەتـام دەکرێـن و بـەم ڕووناکییـە دەدرەوشـێنەوە، لەوانەیـە جیهـان بەباشـی بەخەبـەر بێنـەوە و تامـی شـتێک بکـەن کـە هەرگیـز تامیـان نەکـردووە و شـتێک ببینـن کـە هەرگیـز نەیانبینیـوە، کـە ئەویـش شـکۆی خودایـە لـە عیسـای مەسـیحدا. ئەگـەر شـایەتی بـۆ ڕاسـتی و جوانیـی عیسـای مەسـیح بدەیـن، وە ئەگـەر ڕۆحـی پیـرۆز لـە بەزەیـی خۆیـدا فـوو لـە دڵـی ئـەو کەسـانە بـکات کـە بەڵگـەی ئـەو جوانییـە لـە ژیانمانـدا دەبینـن، ئـەوا خەڵـک «باوکـم شـکۆدار دەکـەن کـە لـە ئاسـمانە» (مەتـا ٥: ١٦).

## ئایا شکۆی خودا هۆکاری شاراوەی خۆشەویستییە؟

مەزنـی و گەورەیـی بەهـای شـکۆی خـودا لـە شـێوازی داواکاریـی عیسـا لـە (مەتـا ٥: ١٦)دا دەبینرێـت: «بـا ئێـوەش ڕووناکیتـان بـۆ خەڵـک بدرەوشـێتەوە، تاکـو کـردارە باشـەکانتان ببینـن و ستایشـی باوکتـان بکـەن کـە لـە ئاسـمانە». بەتایبەتـی دەفەرموێـت کـە ئامانجـی ئێمـە لـە ئەنجامدانـی کاری باشـە بـۆ کەسـانی دیکـە ئەوەیـە کـە خـودا شـکۆدار بکـەن. هەنـدێ کات ئەوانـەی کـە زۆر باسـی خۆشەویسـتی دەکـەن بـەڵام وەکـو عیسـا چاویـان لەسـەر خـودا نییـە، شـتی لـەم بابەتـە دەڵێـن: «ئەگـەر کاری بـاش بـۆ خەڵـک بکەیـت بـۆ ئـەوەی ئـەوان خـودا شـکۆدار بکـەن، تـۆ خۆشـت ناوێـن چونکـە هـۆکاری شـاراوەت هەبـووە».

ئـەم جـۆرە ڕەخنەیـە هـۆکاری ئەزمـوون نەکـردن و تاقینەکردنەوە شـکۆی خودایە وەکـو گەورەترین دیـاری و بەزتریـن ئاسـتی خۆشـی و شـادی کـە بتوانیـت بیـر لـێ بکەیتـەوە. چـۆن دەکرێـت بەخشـینی ژیانـت بـۆ کەسـێکی دیکـە خۆشەویسـتی نەبێـت بەتایبەتـی کـە دەتەوێـت بـە شـکۆی خـودا بـۆ هەتاهەتایـە تینوێتییـان بشـکێنیت؟ ئەمـە هۆکارێکـی شـاراوە نییـە؛ کـراوە و ئاشـکرایە. وە کـرۆک و ناوەڕۆکـی خۆشەویسـتییە: شـوێنکەوتووانی عیسـا بەبـێ ئامانجـی هەتاهەتایـی کاری بـاش ئەنجـام نـادەن بـۆ ئەوانـەی کـە خۆشـیان دەوێـن. بەجوانـی دەزانـن کـە مەزنتریـن و بەرزتریـن و خۆشـترین باشـە و چاکـە چییـە: بـۆ هەتاهەتایـە بینیـن و چەشـتنی خـودا بەهـۆی عیسـاوە. ئەمـە ئامانجـی شـوێنکەوتووانی عیسـایە و بـە هۆیـەوە هەسـت بـە شـەرمەزاری ناکـەن. ئـەوان پێیـان وایـە کـە ئامانجێکـی لەمـە کەمـتر بـە واتـای دەرنەبڕینـی خۆشەویسـتی تـەواو دێـت.

## عیسا خۆشی دەوێین و لەسەر حیسابی لەدەستدانی شکۆی خودا هەموو شتێکی بۆ دابین کردین

پێشتر ئەوەمان بینی، بەڵام زۆر گرنگە کە دیسان لە ڕێگەی دەقی جیاوازەوە ئەوە ببینین: عیسا بەم جۆرە خۆشی ویستین. لە تاریکترین ساتی ژیانیدا، ڕێگەی دا ڕووناکییەکەی بە کارێکی باش بدرەوشێتەوە. لە کاتێکدا مەزنترین کاری ئەنجام دا، بە دەنگی بەرز بیری کردەوە و فەرمووی: «چی بڵێم؟ باوکە لەم کاتە ڕزگارم بکە؟ نەخێر بەڵام من بۆ ئەم کاتە هاتووم. ئەی باوک، ناوت شکۆدار بکە! جا دەنگێک لە ئاسمانەوە هات: شکۆدارم کردووە و شکۆداریشی دەکەمەوە» (یۆحەنا ١٢: ٢٧- ٢٨). (ئەی دی کارسن) زۆر بەجوانی بەم جۆرە باسی ئەمە دەکات: «ئەمە هیچ شتێک نییە جگە لە دەربڕینی ئەو بنەمایەی کە ژیان و خزمەتەکەی لەدەست گرتبوو» (یۆحەنا ٧: ١٨؛ ٨: ٢٩، ٥٠).[a] لە سەرەتاوە (یۆحەنا ٢: ١١) بۆ کۆتایی (یۆحەنا ١٢: ٢٨)، عیسا ڕێگەی بە ڕووناکیدانەوەی ڕووناکییەکەی دا - کارە باشەکەی ئەنجام دا - بۆ نیشاندان و دەرخستنی شکۆی خودا.

عیسا نە تەنها وەکو کارێکی زۆر مەزنی پڕ لە خۆشەویستی لەم بابەتەی ڕوانیوە و تەنها ژیانی لەپێناویدا داناوە (یۆحەنا ١٥: ١٣)، بەڵکو بەبێ بەرامبەر مەزنترین دیاری بۆ گوناهبارانیش دەستەبەر کردووە. لە یۆحەنا (١٧: ٢٤) نوێژی لەبارەوە کرد و فەرمووی: «باوکە، دەمەوێت ئەوانەی کە بە منت داون لەکوێ بم لەگەڵم بن، تاکو شکۆمەندییەکەم ببینن». ئەوە کۆتا و مەزنترین و گرنگترین دیاری بوو کە عیسا بەدەستی هێناوە لە ڕێگەی ئەو «کارە باشەی» کە لەسەر خاچ ئەنجامی دا.

ئەمە بۆ ئەو کەسە هیچ واتایەکی نییە کە شکۆی خودا لە سەرووی هەموو دیارییەکانی دیکەوە نابینێت و تامی ناکات. بەڵام ئەوانەی کە دیارییەکانی ئەم جیهانەیان ڕەت کردووەتەوە (لۆقا ١٤: ٣٣)، وە سەرنجیان لەسەر «دیارییە مەزنەکە»ی ئاسمانە، کە بریتییە لە چێژ و خۆشیی شکۆی عیسا، عیسا بە بەخشینی گیانی خۆی ئەم دیارییەیان بۆ دەستەبەر دەکات کە گەورەترین و مەزنترین کاری پڕ لە خۆشەویستییە کە بتوانیت بیری لێ بکەیتەوە.

## لە شێوازی مردنماندا وەک عیسا ڕووناکییەکەمان دەدرەوشێتەوە

کاتێک عیسا داوامان لێدەکات کە ڕێگەی بە درەوشانەوەی ڕووناکییەکەمان بدەین تاکو کەسانی دیکە کارە باشەکانمان ببینن و خودا شکۆدار بکەن، لەڕاستیدا عیسا داوامان لێدەکات کە لەو کارەدا هاوکاری بکەین کە هات بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات. وەک چۆن عیسا لە

a D. A. Carson, *The Gospel According to John* (Grand Rapids, Mich: Eerdmans, 1991), 440

ڕێگەی کۆتا کاری قوربانیدانیەوە داوای شکۆی خودا کرد، بە هەمان شێوە چاوەڕێی ئەوە لە ئێمە دەکات کە هەمان کار بکەین. بۆیە بە پەترۆسی فەرموو: «ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، کاتێک گەنج بوویت پشتێنەکەتت دەبەست و بۆ هەرکوێ دەتویست، دەچوویت. بەڵام کاتێک پیر دەبیت دەستت درێژ دەکەیت و یەکێکی دیکە پشتێنەکەت دەبەستێت و دەتباتە شوێنێک کە ناتەوێت» (یۆحەنا ٢١: ١٨). عیسا دڵخۆشە بەوەی کە قوتابییەکانی بە شێوازی مردنیان باشیی خودا دەردەخەن.

ئێستا تاکە پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەمرین؟ ئەو بڕیارە پشت بە خودا دەبەستێت، وەکو چۆن عیسا لە ڕێگەی ئەم وتەیەوە ڕوونی کردووەتەوە: «ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن» (مەتا ١٠: ٢٩- ٣١). واتە، ئەگەر خودا بڕیار لەسەر مردن و ژیانی باڵندەکان بدات، ئەوا چەندە زیاتر بڕیار لەسەر مردن و ژیانی تۆ دەدات.

## ڕووناکی عیسا و ئێمە لە کاتی گەڕانەوەیدا

کۆتا دەرکەوتنی مەزنی مێژوویی ڕووناکی عیسا – وە هی ئێمەش – لە کاتی هاتنەوەیدا ڕوودەدات. عیسا پێمان دەڵێت کە چۆن ئەوە بۆ هەردوولامان دەبێت. سەبارەت بە هی خۆی دەفەرموێت: «کوڕی مرۆڤ بە شکۆی باوکیەوە لەگەڵ فریشتەکانی خۆی دەگەڕێتەوە ... هەموو نەتەوەکانی زەوی شیوەن دەگێڕن، کاتێک کوڕی مرۆڤ دەبینن بەسەر هەوری ئاسمانەوە بە هێز و شکۆیەکی مەزنەوە دێت ... لەسەر تەختی شکۆمەندیی خۆی دادەنیشێت» (مەتا ١٦: ٢٧؛ ٢٤: ٤٠؛ ٢٥: ٣١). عیسا یەکەم جار هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی شکۆی باوکی دەربخات، بەڵام دووەم جار دێت بۆ ئەوەی ئەو ئاشکراکردنە تەواو بکات و هەموو هۆکارێکی گوناە و خراپەکاران لە شانشینییەکەی کۆ بکاتەوە (مەتا ١٣: ٤١).

ئەی سەبارەت بە هی ئێمە؟ گەڕانەوەی دووەمی چ واتایەکی هەیە بۆ ئێمە؟ دەرکەوت کە درەوشانەوەی ڕووناکییەکەمان دەبێتە ئیش و کاری هەتاهەتاییمان. هەرگیز لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە ناوەستین. هەر لەبەر ئەمەیە کە بۆ ئەوە دروست کراوین کە ڕازی بین بە پاداشتە مەزنەکەمان، کە ئەویش شکۆی خودایە لە عیسادا، کە ئێمە ئەوپەڕی نرخ و بەهاکەی لە کارە پڕ لە خۆشەویستییەکانیدا ڕەنگ دەدەینەوە کە وا دەکات کەسانی دیکە شکۆیەکی زیاتری خودا ببینن و تامی بکەن و دەریبخەن. دەتوانین لە (مەتا ١٣: ٤٣) ڕەنگدانەوەی هەتاهەتاییمان ببینین کە تێیدا باسی ئەوە دەکات لە کاتی گەڕانەوەیدا شوێنکەوتووەکانی چۆن دەبن: «ڕاستودروستان لە شانشینی باوکیاندا وەک ڕۆژ دەدرەوشێنەوە».

ئەمە چارەنووسی کۆتایی ئێمەیە. بینینی شکۆی عیسا (یۆحەنا ١٧: ٢٤)، ئێمە بەو جوانی و خۆشەویستییەوە دەدەرەوشێینەوە کە ئەو هەیەتی. ئەو کڵێسایەی کە بەڵێنی بنیاتنانی دا (مەتا ١٦: ١٨؛ بڕوانە داواکاریی چل و پێنجەم)، کۆتا چارەنووسی خۆی لە ڕەنگدانەوەی شکۆی عیسا بۆ یەکتر دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوپەڕی چێژ و خۆشیی لێ وەربگرین بەهۆی ئەو ئاشکراکردن و دەرکەوتنەی لە ئەندامە درەوشاوەکاندا بەرچاو دەکەوێت.

## داواکارییە درەوشاوەکە

داواکاییی عیسا لە جیهان ئەوەیە کە هەموو کەسێک لەودا ئەو شکۆمەندییە پڕ لە خۆشیی هەتاهەتاییە بدۆزێتەوە کە بۆی دروست کراوە. ئینجا داوامان لێدەکات کە متمانە بە هیچ شتێکی دیکە نەکەین و ئومێدمان بە پاداشتی گەورەی خۆشیی هەتاهەتایی لەودا بێت. ئینجا لەو ئومێد و خۆشییەدا، داوامان لێدەکات لە ڕێگەی کاری باشەی پڕ لە خۆشەویستییەوە ئەو ڕووناکییەمان بدرەوشێتەوە، تاکو کەسانی دیکە شکۆی خودا ببینن و تامی بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

# داواکاریی چل و نۆیەم

## هەموو گەل و نەتەوەکان بکە بە قوتابی، چونکە عیسا خاوەن هەموو دەسەڵاتێکە

«عیسا لێیان نزیک بووەوە و قسەی بۆ کردن: هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان.» (مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠)

«دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. لەبەر ئەوە داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت.» (مەتا ٩: ٣٧- ٣٨)

«بڕۆ دەرەوە بۆ ڕێگا و ڕێچکەکان بە زۆر خەڵک بهێنە ژوورەوە، تاکو ماڵەکەم پڕبێت.» (لۆقا ١٤: ٢٣)

«پێتان دەڵێم، لە ئاسمانیش شادی زیاتر دەبێت سەبارەت بە گوناهبارێک تۆبە بکات لە نەوەد و نۆ ڕاستودروست کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە.» (لۆقا ١٥: ٧)

«هەروەک چۆن باوک منی ناردووە، منیش دەتاننێرم.» (یۆحەنا ٢٠: ٢١)

پێش ئەوەی کە عیسا فەرمانی بە شوێنکەوتووانی بدات کە بڕۆن و هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بیانووی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بە ڕواڵەت پێشوەختەی پێدان. عیسا فەرمووی: «هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ» (مەتا ٢٨: ١٨). ئەمڕۆ شوێنکەوتووانی عیسای مەسیح دەتوانن داوای تۆبەکردن لە بێباوەڕان بکەن و بەرەو مەسیحیان بهێنن، چونکە عیسا خاوەنی هەموو هێز و دەسەڵاتێکە لە گەردووندا.

### دەسەڵات چییە؟

دەسەڵات ئاماژەیە بۆ ماف و هێزی پاراستن لە پەیوەندییەکی دیاریکراودا. بۆیە دەبینین کە باوک دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکانیدا هەیە، بەڵام بەسەر دراوسێکانیدا نیەتی. ئەفسەری پۆلیس دەسەڵاتی بەسەر دەستەکەی خۆیدا هەیە، بەڵام بەسەر تەواوی هێزی پۆلیسدا. مامۆستا دەسەڵاتی بەسەر قوتابییەکانی پۆلەکەی خۆیدا هەیە، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر دایک و باوکی ئەو قوتابییانەدا نییە. بەڕێوەبەری بەشێک دەسەڵاتی بەسەر سکرتێرەکەیدا هەیە، بەڵام نەک بەسەر سەرۆکی کۆمپانیادا.

دەتوانین بە وێنە نموونەی دەسەڵات لە شێوازی مامەڵەی عیسا لەگەڵ سەرپەلە ڕۆمانییەکدا ببینین. ئەم سەرپەلە دەیویست عیسا خزمەتکارەکەی چاک بکاتەوە، بەڵام خۆی بە شایانی ئەوە نەدەزانی کە عیسا بێتە ماڵەکەی. بۆیە بە عیسای گوت: «گەورەم شایانی ئەوە نیم خۆت بێیتە ماڵەکەم، بەڵکو تەنها وشەیەک بفەرموو خزمەتکارەکەم چاکدەبێتەوە، چونکە منیش خۆم کەسێکم لەژێر فەرمانداو، سەربازیشم لەژێر دەستدایە. بەمە دەڵێم: ”بڕۆ،“ دەڕوات؛ بەوی دیکەش دەڵێم: ”وەرە،“ دێت؛ بە کۆیلەکەشم دەڵێم: ”ئەمە بکە،“ دەیکات» (مەتا ٨: ٨- ٩). واتە، دەسەڵات ئەو ماف و هێزەیە کە بەهۆیەوە بڕیار دەدەیت ئەوانەی لەژێر دەستی تۆن چ کارێک بکەن.

ئەمە ئەو دەسەڵاتەیە کە عیسا بەسەر هەموو کەسێک و هەموو شتێکەوە هەیەتی. «هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ». دەستەواژەی «ئاسمان و زەوی» هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت. بۆیە، هەموو کەسێک و هەموو شتێک ملکەچی عیسایە. هەموو مرۆڤێک. هەموو فریشتەیەک. هەموو ڕۆحێکی پیس. تەنانەت خودی شەیتان. وە تەواوی جیهانی سروشتی و ئەوەی لەنێویدا دەگوزەرێت.

## دەسەڵاتیی تەواوی عیسا

تەنانەت لە کاتی ئەرک و خزمەتی عیسا لەسەر زەوی ئەم دەسەڵاتە دەبینین. دەسەڵاتی بەخشینی گوناهی هەیە، کە تەنها خودا دەتوانێت کارێکی لەو شێوەیە بکات؛ بەو هۆیەوە بە کفرکردن تۆمەتبار کرا (مەرقۆس ٢: ٧- ١٢). ئەمە لە شێوازی ڕاگەیاندنی پەیامەکەی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نووسراوی پیرۆزی جولەکاندا دەبینین: «خەڵکی لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەکو مامۆستایانی تەورات» (مەرقۆس ١: ٢٢؛ مەتا ٥: ١٧- ١٨). لە شێوازی سەرکۆنەکردنی شەیتاندا دەیبینین (مەتا ٤: ١٠) و فەرمانکردن بە ڕۆحە پیسەکان: «فەرمان بە ڕۆحە پیسەکانیش دەدات و گوێڕایەڵی دەبن» (مەرقۆس ١: ٢٧). هەروەها دەسەڵاتی عیسا لە فەرمانکردن بەسەر هێزەکانی سروشتدا دەبینین لە ڕێگەی چاککردنەوەی هەموو جۆرە نەخۆشییەکەوە (مەتا ٤: ٢٣) و گۆڕینی ئاو بۆ شەراب (یۆحەنا ٢: ٩؛ ٤: ٤٦)؛ وە هێمنکردنەوەی ڕەشەبا: «هەستا و لە ڕەشەباکەی ڕاخوڕی و بە دەریاچەکەی فەرموو: «بێدەنگ بە! هێمن بە!» ڕەشەباکە وەستا و بووە هێمنییەکی تەواو» (مەرقۆس ٤: ٣٩).

دەسەڵاتی عیسا لە بابەتی مردن و ژیاندا دەبینین، هەم هی خۆی و هەم هی کەسانی دیکەش – وە لە کۆتاییدا لە بابەتی ژیانی هەتاهەتاییدا. خەڵکی زیندوو کردەوە (مەرقۆس ٥: ٤١؛ لۆقا ٧: ١٤- ١٥؛ یۆحەنا ١١: ٤٣- ٤٤) و دەسەلاتی بەسەر مردن و هەستانەوەی خۆیدا

هەبوو: «کەس لە منی ناستێنێ، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە» (یۆحەنا ١٠: ١٨). وە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر حوکمی کۆتاییدا هەیە. فەرمووی کە خودای باوک «دەسەڵاتی حوکمدانیشی داوەتێ، چونکە ئەو کوڕی مرۆڤە» (یۆحەنا ٥: ٢٧). وە خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو خەڵکدا پێداوە، تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە هەموو ئەوانە بدات کە پێی داون (یۆحەنا ١٧: ٢).

## چۆن عیسا خاوەنی هەموو جیهانە

هیچ شتێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی عیساوە نییە. ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە داوای وەفاداری لە هەموو مرۆڤێکی بکات. عیسا کە پەروەردگار و گەورەی گەردوونە، داوا دەکات کە هەموو کەسێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەربە چ نەتەوە و دین و ئایینێکە، ببێتە قوتابی ئەو. شێوازی ئەنجامدانی ئەم داواکارییەش بریتییە لە ناردنی شوێنکەوتووانی تاکو هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی. دوای ئەوەی کە فەرمووی هەموو دەسەڵاتێک لە ئاسمان و زەوی بە من دراوە، فەرمووی «کەواتە ...». ئەم وشەیە نیشانی دەدات کە نە تەنها دەسەڵاتە گەردوونییەکەی عیسا بنەمای خاوەندارێتی هەموو مرۆڤێکە، بەڵکو شێوازی ئەو خاوەندارێتییە لە ئایەتی دواتردا ڕوون کراوەتەوە.

ئەوەی کە لە ئایەتی دواتردا هاتووە بریتییە لە ئەرکی ئەوەی کە قوتابییەکانی بڕۆن و خەڵک بکەنە قوتابی. «کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی» (مەتا ٢٨: ١٩). بە واتایەکی دیکە، عیسا ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە خاوەندارێتی کەس ناکات. لە ڕێگەی شوێنکەوتووەکانیەوە ئەو کارە دەکات. کاتێک عیسا هێشتا لەسەر زەوی بوو، بناغەی ئەو خاوەندارێتییەی دانا: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی پێشوازی لەوە بکات کە دەینێرم، ئەوا پێشوازی لە من دەکات، ئەوەی پێشوازی لە من بکات، پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی» (یۆحەنا ١٣: ٢٠؛ مەتا ١٠: ٤٠). ڕاستە کە فەرموویەتی «من کڵێسای خۆم بنیاد دەنێم» (مەتا ١٦: ١٨)، وە «مەڕی دیکەم هەیە سەر بەم پشتیرەیە نین، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت» (یۆحەنا ١٠: ١٦). بەڵێ خۆی ئەو کارە دەکات، بەڵام مەبەستی ئەوە نییە کە ڕاستەوخۆ لە ئاسمان بەبێ هیچ بریکارێک ئەو کارە دەکات. ئێمە ئەوە دەزانین چونکە کاتێک لە (یۆحەنا ١٧: ٢٠) نوێژی بۆ کڵێسای داهاتوو کرد، بەم جۆرە وەسفی کردن: «ئەوانەی کە بە قسەی ئەمانەوە باوەڕم پێ دەهێنن».

## ئەم ئەرکی مزگێنیدانە هەتا کۆتایی ئەم جیهانە بەردەوام دەبێت

بە واتایەکی دیکە، عیسا کڵێسای بنیاد دەنێت و ڕێگەی وشەی ئەو کەسانەی کە دەیاننێرێت مێگەلەکەی لە هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهان کۆ دەکاتەوە. کەواتە دەسەڵاتی جیهانیی

عیسا لەو ئەرکەوە دەست پێ دەکات کە بە درێژایی مێژوو دەمێنێتەوە و هەتا کۆتایی زەمان بەردەوام دەبێت: «کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی ... دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان» (مەتا ٢٨: ١٩- ٢٠). دەستەواژەی «کۆتایی زەمان» نیشانی دەدات کە ئەم ئەرکی مزگێنیدانە دەبێت هەتا گەڕانەوەی عیسا بەردەوام بێت. ئەم داواکارییە تەنها بۆ باوەڕدارە سەرەتاییەکان نەبووە. ئەم ئەرکە بەردەوام دەبێت هەتا ئەو کاتەی بەڵێنی پایەداری و بەردەوامیی ئەم ئەرکە بەردەوام دەبێت. وە ئەو بەڵێنە ئەمەیە: عیسا هەرە دەسەڵاتدار هەتا کۆتایی زەمانە لەگەڵمان دەبێت. هەتا کات لە ئارادا بێت، هەتا گەلانی بێباوەڕ هەبن، داواکاری عیسا بۆ بەقوتابیکردن بەهادارە و گرنگە.

## شوێنکەوتووانی عیسا لە جێگەی عیسا قسە دەکەن

ئەمە چەندین واتای هەیە. یەکەم، واتای ئەوەیە کە عیسا بە تەنها بانگەشەی خاوەندارێتی مرۆڤەکان ناکات، بەڵکو شوێنکەوتووەکانیشی. عیسا ڕایگەیاند کە ئەو تاکە پەروەردگاری گەردوونە و هەموو کەسێک لە هەموو نەتەوەیەک بە دیندار و بێ دینەوە دەبێت ببێتە قوتابی ئەو. ئێستا ئەم ئەرکە دراوە بە بریکارەکانی تاکو لەنێو هەموو گەل و نەتەوە و ئایینەکاندا قوتابی دروست بکەن. عیسا شوێنکەوتووەکانی دەنێرێت بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، جا ئیدی سەربە هەر ئایینێک بن – جولەکە، هیندو، بودایی، موسڵمان، بێباوەڕ، ئەگنۆستیک. عیسا بە دەسەڵاتە گەردوونییەکەیەوە شوێنکەوتووەکانی دەنێرێت بۆ ئەوەی بڕۆن و هەموو کەسێک لە هەموو ئایینێک بانگهێشت بکەن و ڕوو لە مەسیح بکەن و ببنە قوتابی ئەو.

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت لە حاڵەتی ڕێژەییدا (وەکو ئێمە کە زانیاری تەواو و کامڵمان نییە)، کاتێک خەڵکی تامی ڕاستی نەگۆڕ و بێ لایەن دەکەن، شوێنکەوتوانی عیسا بە لووتبەرزی و خۆ بە گەورە زانین تۆمەتبار دەکرێن. ئەوان ڕایدەگەیەنن کە عیسا دەسەڵاتی تەواوی هەیە و هەموو کەسێک دەبێت تۆبە بکات و باوەڕ بەو بهێنێت و ببێتە قوتابی ئەو. ئەوان هەموو کەسێک ئاگادار دەکەنەوە کە ڕەتکردنەوەی عیسا وەکو کوڕی هەتاهەتایی خودا کە هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی مردنەکەیەوە گوناهباران ڕزگار بکات؛ هەروەها وەکو پەروەردگاری گەردوون هەستایەوە تاکو ژیانی هەتاهەتایی مسۆگەر بکات. عیسا فەرمووی: «ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت ... ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی» (یۆحەنا ٣: ٣٦؛ ٥: ٢٣؛ بەراوردی بکە بە ١٥: ٢٣).

ئەمـە ئـەو ئـەرک و بەڵێنەیـە کـە بریـکار و نوێنەرەکانـی عیسـا بـە پایـەداری و جێگیـری دەهێڵێتـەوە: «ئـەوەی گوێتـان لـێ بگرێـت، گـوێ لـە مـن دەگرێـت، ئـەوەی ڕەتتـان دەکاتـەوە مـن ڕەت دەکاتـەوە. ئـەوەش مـن ڕەت دەکاتـەوە، ئـەوە ڕەت دەکاتـەوە کـە منـی ناردووە» (لۆقا ١٠: ١٦). شـوێنکەوتووانی عیسـا لۆمـە و سەرزەنشـت دەکرێـن بەهـۆی ئـەوەی کـە دەڵێـن هەمـوو دەسـەڵاتێک هـی ئـەوە و هەمـوو کەسێک دەبێـت ببێتـە قوتابـی ئـەو، ئەگەرنـا ژیانـی هەتاهەتایی بەدەسـت ناهێنـن. بـەڵام عیسـا دەیزانـی کـە ئـەوە ڕوودەدات: «ئەگـەر جیهـان ڕقـی لێتـان دەبێتـەوە، ئـەوە بزانـن پێـش ئێـوە ڕقـی لـە مـن بووەتـەوە» (یۆحەنـا ١٥: ١٨). بۆیـە ئـەم داواکارییـی سـەختی بەقوتابیکردنـی کەسـانی دیکـەی بـە دوو دڵنیایـی دەوره داوه: ١) بەڕاسـتی خاوەنـی هەمـوو دەسـەڵاتیکە. ٢) هەتـا کۆتایـی زەمانـە لەگـەڵ بریکارەکانیـدا دەبێـت.

## عیسا فەرمانمان پێدەدات کە هەمەچەشنی ڕەگەزی لە شانشینەکەیدا پەسەند بکەین

واتـای دووەمـی ئەرکـە گەردوونییەکـەی عیسـا ئەوەیـە کـە عیسـا گرنگـی بـە هەمـوو ڕەگـەز و نەتەوەیـەک دەدات و دەیەوێـت هەمـوو گـەل و نەتەوەیـەک بکەینـە قوتابـی. کاتێـک دەفەرموێـت: «بـڕۆن و هەمـوو گـەلان بکەنـە قوتابـی»، مەبەسـت لـە «گـەلان» دەوڵـەت و قەوارەیەکـی سیاسـی نییـە. «گـەلان» لەنێـو کتێبـی پیـرۆزدا بـە واتـای دەوڵـەت و قـەوارەی سـەربەخۆ نایـەت، وەکـو ئەمریـکا، بەڕازیـل، چیـن، هتـد، بەڵکـو مەبەسـتی لـەو دەسـتە و گروپـە لـە خەڵکییـە کـە خاوەنـی هەمـان ڕەگـەز، زمـان، یـان کەلتـورن لـە چوارچێـوەی ئـەو قـەوارە سیاسـییەدا. بـۆ نموونـە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی چینـدا چەندیـن گـروپ لـە خەڵـک هـەن، لەوانـە دوولۆنـگ، لـی، لیسـو، شـوویی، سـالەر، یایـۆ، هتـد. هەروەهـا لەنێـو نـووسراوی پیـرۆزی جولەکەکانـدا، کـە عیسـا شـارەزاییەکی باشـی لێـی هەبـوو، ئـەم گروپانـە ئاماژەیـان پـێ کـراوە: یەبوسـی، ئەمـۆری، گرگاشـی، حیڤـی، عەرقـی، سـینی، ئەرڤـادی، چیـماری و حەماتییـەکان (پەیدابـوون ١٠: ١٦- ١٨).

کەواتـە، لـەم سـەردەمەدا، داواکاریـی عیسـا بـۆ بەقوتابیکردنـی هەمـوو نەتـەوە و گـەلان واتـای ئەوەیـە، بـۆ نموونـە، بەلووچەکانـی پاکسـتان، مانینـکای گینیـا، بوگیسـی ئیندۆنیزیـا، وای چیـن، سـۆماڵی و داکۆتایـی لـە شـاری مینیاپۆلیسـی ئەمریـکا. ئەمانـە ئـەو جـۆرە دەسـتە و گروپـە لـە خەڵکـەن کـە عیسـا مەبەسـتی بـوو کاتێـک فەرمـووی: «کەواتـە بـڕۆن و هەمـوو گـەلان بکەنـە قوتابـی». لـە هـەر شـوێنێک گـروپ و دەسـتەیەک لـە خەڵکـی بەبـێ قوتابـی مەسـیح بـن، داواکاری عیسـا بـە ڕوونـی دەنـگ دەداتـەوە و دەفەرموێـت: «بـە نوێنەرایەتـی، دەسـەڵات، وشـە، خۆشەویسـتی و هێـزی منـەوە بـڕۆ و لـەوێ قوتابـی دروسـت بکـە». عیسـا لـەم ئەرکـەدا بـێ لایەنـە. واتـە، نـە ڕۆژاواییـە و نـە ڕۆژهەڵاتـی. ئەو تـەواو پێداگری دەکات لەسـەر هەمەچەشـتنی ڕەگـەزی و یەکبـوون لە ڕاسـتیی دەسـەڵات و حوکمەکەیدا. لەڕاسـتیدا، وشـەی سـەرچاوەی وشـەی

«ئەتنیک» لە (مەتا ٢٨: ١٩) وەکو «گەلان» بەکارهاتووە.

هەمیشە هەست بەوە ناکەیت کە خودا هەموو گەلان بەرەو خۆی دەهێنێت. ناوبەناو دەبینیت کە خودا زۆر بایەخ بە گەلی ئیسرائیل دەدات بە بەراورد بە گەلانی دیکە. وە ڕێگاکەی ناڕاستەوخۆ بووە و پڕ بووە لە ڕاز و نهێنی. چۆن دەبێت لەم ڕێگە بازنەییە تێبگەین کە بە ئاراستەی کڵێسایەکی جیهانیی خوداپەرستان لە هەموو گەلان هەنگاو دەنێت؟ لە کۆتا بەشدا تیشک دەخەینە سەر ئەم پرسیارە.

# داواكاریی پەنجایەم

## هەموو گەل و نەتەوەكان بكە بە قوتابی، چونكە ناكرێت ئەركەكە بوەستێت

«پێتان دەڵێم كە خەڵكێكی زۆر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دێن و لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب لە شانشینی ئاسماندا لەسەر خوان دادەنیشن. بەڵام ڕۆڵەكانی شانشین c فڕێدەدرێنە تاریكی دەرەوە، جا گریان و جیرەی ددان لەوێ دەبێت.» (مەتا ٨: ١١- ١٢)

«بەڵام پێش هەموو ئەمانە دەتانگرن و دەتانچەوسێننەوە، دەدرێنە كەنیشت و بەندیخانەكان، لە پێناوی ناوی من دەبردرێنە لای پاشا و فەرمانڕەوایان. بەو شێوەیە شایەتیم بۆ دەدەن.» (لۆقا ٢١: ١٢- ١٣)

«بە شمشێر دەكوژرێن و بۆ نێو هەموو نەتەوەكان ڕاپێچ دەكرێن. ئۆرشەلیم لەلایەن ناجولەكەكانەوە پێشێل دەكرێت، هەتا ڕۆژگاری ناجولەكەكان تەواو دەبێت.» (لۆقا ٢١: ٢٤)

### ڕێگەی سووڕانەوەی خودا بۆ ڕازیكردنی گەلان: تیشك خستنە سەر ئیسرائیل

نابێت ڕێگەی نائاسایی خودا بۆ ڕازیكردنی نەتەوەكان بە مەبەستی شكۆداركردنی كوڕەكەی پشتگوێ بخەین. ڕاستە كە عیسا فێرمان دەكات كە خودا بە ڕێگایەكی تایبەت و ناوازە لەگەڵ گەلی ئیسرائیلدا مامەڵە دەكات لە جێگەی هەموو گەلانی دیكە. عیسا بە جولەكەكانی سەردەمی خۆی بە «منداڵەكانی داود» ناوزەد كرد (مەتا ٨: ١٢)، واتە، ئەوانەی كە خودا شانازیی ئەوەی پێدان یەكەم جار ڕزگاریان بێت - وەكو تێپەڕینی گەلی خودا بەنێو دەریای سور لە میسردا، پەرجووی دابینكردنی خۆراك لە چۆڵەوانیدا، وە دیاریی خاكی بەڵێندراو و زۆر جەنگی سەركەوتوو. لە (زەبوورەكان ١٠٥) بەوردی باسی ئەم بەرەكەتانە كراوە.

هەروەها ڕاستە كە كاتێك عیسا هات، وەكو مەسیحی جولەكەكان هات، هاتنی شانشینی لەمێژ چاوەڕوانكراوی ڕاگەیاند كە بەسەر دوژمنانی جولەكەدا سەردەكەوێت. بەڵام نەیویست شانشینەكە بەو جۆرە دابمەزرێنێت كە ئەوان دەیانویست. مەبەستی عیسا ئەوە بوو كە پێش ئەوەی وەكو پاشایان حوكم بكات، ئازار بچێژێت و لەپێناو گوناهەكانیاندا بمرێت. ئەمە تاكە ئومێدی بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی بوو. عیسا تیشكی خستبووە سەر جولەكەكان، هەموو دەرفەتێكی پێدان بۆ ئەوەی بیناسن و باوەڕی پێ بكەن. تەنانەت لە كاتی ناردنی دوازدە قوتابییەكەدا فەرمووی: «عیسا ئەم دوازدە كەسەی نارد، فەرمانی پێ كردن: بە ڕێگای ناجولەكەكاندا مەڕۆن و مەچنە شاری سامیرەییەكان، بەڵكو لەبری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەكانیماڵی ئیسرائیل» (مەتا ١٠: ٥- ٦). وە لە شوێنێكی دیكەدا

دەفەرموێت: «من تەنها بۆ مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل نێردراوم» (مەتا ١٥: ٢٤). ئێمە پێمان وایە کە ئێمە ڕێگای سووڕانەوەیە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکانی دیکە. بەڵام خودا هۆکاری خۆی هەبوو.

## جێگەی سەرنجی عیسا ڕەت کرایەوە، بۆیە ڕۆیشت بۆ لای نەتەوەکانی دیکە

پەند و وانەی زۆر هەن کە نەتەوەکانی دیکە دەبێت لە ئیسرائیلەوە فێری بن کە باوەڕیان بە خودا نەکرد و پێشوازییان لە مەسیحێکی ئازارچەشتوو کرد. کاتێک عیسا لەسەر زەوی بوو، زۆرێک لە جولەکەکان باوەڕیان بەوە نەبوو کە ئەو مەسیحی چاوەڕوانکراوە (مەتا ٢١: ٣٩؛ مەرقۆس ١٥: ١١- ١٣؛ یۆحەنا ٥: ٤٧؛ ٦: ٣٦؛ ٨: ٤٥؛ ١٢: ٣٧). ئەوان چاوەڕوانی خزمەتکارێکی ئازارچەشتوو نەبوون. عیسا لۆمەی ئەم شکستەی کرد و فەرمووی: «ئەی گێل و دڵخاوەکان لە باوەڕکردن بە هەموو ئەوەی پێغەمبەران باسیان کردووە! نەدەبووایە مەسیح ئەم شتانە بچێژێت و بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی؟» (لۆقا ٢٤: ٢٤- ٢٦).

خودا نە تەنها مەبەستی ئەوە بوو کە مەسیحی کوڕی پێش چوونە نێو شکۆمەندییەکەی، ئازار بچێژێت، بەڵکو خودا دەیویست کە ئەمە ببێتە مایەی کردنەوەی درگای ڕزگاری بۆ گەلانی دیکە. لە کتێبی پیرۆزی جولەکەکان، کە عیسا شارەزاییەکی باشی لێی هەبوو، لەم بارەوە پێشبینییەکان ڕوون و ئاشکران: کوڕی خودا ڕۆژێک گەلان بە میرات وەردەگرێت. خودا لە (زەبوورەکان ٢) دەفەرموێت کە لە ئۆرشەلیم کوڕە شاهانەکەی دادەمەزرێنێت، وە پاشان ئەو کوڕە قسە دەکات و دەفەرموێت: «من فەرمانی یەزدانتان پێ ڕادەگەیەنم:پێی فەرمووم: تۆ کوڕی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت. داوام لێ بکە، نەتەوەکان دەکەم بە میراتت، ئەوپەڕی زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ» (زەبوورەکان ٢: ٧- ٨).

چەندین جار لەم دەقانەدا ئەو بەڵێنە دەخوێنینەوە کە هەموو نەتەوەکان ڕۆژێک کڕنۆش دەبەن و خودای ڕاستەقینە دەپەرستن، «سەرانسەری زەوی یەزدانیان بەبیر دێتەوە و دەگەڕێنەوە لای ئەو،هەروەها هەموو هۆزەکانی نەتەوەکان لەبەردەمی کڕنۆش دەبەن... دەتکەمە ڕووناکی بۆ نەتەوەکان تاکو ڕزگاریم بەوپەڕی زەوی بگەیەنیت» (زەبوورەکان ٢٢: ٢٧؛ ئیشایا ٤٩: ٦؛ بەراوردی بکە لەگەڵ پەیدابوون ٤٩: ١٠؛ دواوتار ٣٢: ٤٣؛ زەبوورەکان ٦٦: ٤؛ ٦٧: ٣- ٤؛ ٦٨: ٣٢؛ ٧٢: ٨؛ ٨٦: ٩؛ ٩٧: ١؛ ١٣٨: ٤- ٥؛ ئیشایا ١١: ١٠؛ ٤٢: ١٠- ١٢؛ ٤٥: ٢٢؛ ٤٩: ١٢؛ یەرمیا ١٦: ١٩؛ دانیال ٧: ١٤؛ میخا ٤: ١- ٤).

کاتێک عیسا وەکو ڕووناکی جیهان هات، هەر چەندە سەرنجی لەسەر ئیسرائیل بوو، ڕوونی کردەوە کە ئەو شانشینەی لە ڕێگەی ئازار و سەختییەوە دایدەمەزرێنێت دەبێتە مایەی بەرەکەت بۆ نەتەوەکانی دیکە و ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی کاتی وەلاوە دەنرێت. بۆ

نموونـە، کاتێـک سـەرپەلە ناجولەکەکـە بـاوەڕی بـە عیسـا هێنـا و ڕابەرانـی جولەکـە باوەڕیـان نەهێنـا، عیسـا فەرمـووی: «پێتـان دەڵێـم کـە خەڵکێکـی زۆر لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاواوە دێـن و لەگـەڵ ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقـوب لـە شانشـینی ئاسـماندا لەسـەر خـوان دادەنیشـن. بـەڵام ڕۆڵەکانـی شانشـین فڕێدەدرێنـە تاریکـی دەرەوە، جـا گریـان و جیـڕەی ددان لـەوێ دەبێـت» (مەتـا ٨: ١١- ١٢). واتاکـەی ڕوون و ئاشـکرایە: میراتگـرە سروشـتییەکانی شانشـین کـە ئیسرائیـل دەگرێتـەوە بەرەکەتـدار نابـن چونکـە بـێ بـاوەڕن، بـەڵام گەلانـی ناجولەکـە، کـە ئەوانـە دەگرێتـەوە لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژاواوە هاتـوون، دەڕۆنـە نێـو شانشـینی خـوداوە.

ڕاز و نهێنییەکـە کـەم کـەم خەریکـە ئاشـکرا دەبێـت. نەتـەوە ناجولەکـەکان دەبنـە خاوەنـی بەرەکەتـی ئیسرائیـل. عیسـا لـە یەکـەم وتاریـدا لـە شـاری ناسـیرە ئامـاژەی بەمـە داوە. فەرمـووی: «لـە سـەردەمی ئەلیـاس زۆر بێـوەژن لـە ئیسرائیلـدا هەبـوون، کاتێـک سـێ سـاڵ و شـەش مانـگ بـاران نەبـاری، لـە هەمـوو خاکەکـەدا بـووە قاتوقڕییەکـی گـەورە، بـەڵام ئەلیـاس بـۆ ئـەوان نەنێـردرا، بەڵکـو بـۆ بێوەژنێـک (ناجولەکـە) لـە شـاری سـەرەفەند لـە ناوچـەی سـەیدا. لـە ئیسرائیلـدا لـە سـەردەمی ئەلیشـەع پێغەمبـەر زۆر کـەس تووشـی نەخۆشـی گولـی هاتبـوون، بـەڵام ئەلیشـەع هیچیانـی چـاک نەکـردەوە، نەعمانـی سـوری (ناجولەکـە) نەبێـت» (لۆقـا ٤: ٢٥- ٢٧). کاردانـەوە و وەڵامـی جولـەکان لـە شـاری سـامیرە چـۆن بـوو؟ «هەمـوو ئەوانـەی لـە کەنیشـتەکە بـوون، کاتێـک ئەمەیـان بیسـت لێـی تـووڕە بـوون» (لۆقا ٤: ٢٨).

## کاتی ناجولەکەکان

ئەوانـەی کـە گوێـی بیسـتنیان هەبـوو، زیاتـر و زیاتـر بەلایانـەوە ڕوون دەبـووەوە کـە عیسـا هاتـووە بـۆ ئـەوەی جولەکـە و ناجولەکەکانیـش ڕزگار بـکات. بـۆ نموونـە، بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو: «لـە پێنـاوی منـدا دەبردرێنـە بـەردەم فەرمانـڕەوا و پاشـایان، وەک شـایەتی بـۆ ئـەوان و بـۆ نەتەوەکانیـش» (مەتـا ١٠: ١٨). کاتێـک پارەگۆڕەوانـی لـە پەرسـتگا دەرکـرد، فەرمـووی: «ئایا نەنـووسراوە: ماڵەکـەم بـە ماڵـی نوێـژ ناودەبردرێـت بـۆ هەمـوو گـەلان؟» (مەرقـۆس ١١: ١٧). عیسـا فەرمـووی کـە لـە ڕۆژی دواییـدا «هەمـوو نەتـەوەکان لەبەردەمـی کۆدەبنـەوە و ئەویـش لـە یەکتریـان جیـا دەکاتـەوە، وەک چـۆن شـوان مـەڕ لـە بـزن جیـا دەکاتـەوە» (مەتـا ٢٥: ٣٢)، وە پێـوەری حوکمـدان بریتـی نییـە لـە جولەکەبـوون، بەڵام بریتییـە لـە چۆنیەتـی پەیوەندیکـردن خەڵکـی لەگـەڵ عیسـا لـە ڕێگـەی نێردراوانیـەوە. عیسـا فەرمـووی کـە خـودا ئۆرشـەلیم مەحکـوم دەکات و «لەلایـەن ناجولەکەکانـەوە پێشـێل دەکرێـت، هەتـا ڕۆژگاری ناجولەکـەکان تـەواو دەبێـت» (لۆقا ٢١: ٢٤) واتـە، کاتێکـی دیاریکـراو بـە ئـەرک و خزمەتکردنـی ناجولەکـەکان هەیـە کـە ئیسرائیـل بەسـەر دەچێـت هەتـا ئـەو کاتـەی کـە ئیسرائیـل دەڵێـت: «پیـرۆزە ئـەوەی بـە نـاوی یەزدانـەوە دێـت» (مەتـا ٢٣: ٣٩).

لـەم کاتـەدا کـە کاتـی نەتـەوە ناجولەکەکانـە، بەڵێنـی هەرەبـاڵای عیسـا وەکـو خـۆی پایـەدارە: «ئـەم مزگێنـی پاشـایەتییەش لـە هەمـوو جیهانـدا ڕادەگەیەنرێـت، وەک شـایەتییەک بـۆ هەمـوو نەتـەوەکان، ئینجـا کۆتاییەکـە دێـت» (مەتـا ٢٤: ١٤). لێـرەدا هیـچ «پێدەچێـت و لەوانە»یـەک لـە ئـارادا نییـە. ئەرکـی ناردنـی قوتابییـەکان بـە مەبەسـتی مزگێنیـدان و بەقوتابیکـردن هەمـوو گـەلان، ڕۆژێـک کۆتایـی دێـت. «لەسـەر ئـەم بـەردە کۆمەڵـەی خـۆم بنیـاد دەنێـم» (مەتـا ١٦: ١٨). «مـەڕی دیکـەم هەیـە سـەر بـەم پشـتیرەیە نیـن، دەبـێ ئەوانیش بهێنـم، ئەوانیـش گوێیـان لـە دەنگـم دەبێـت، جـا دەبنـە یـەک مێگـەل و یـەک شـوان» (یۆحەنـا ١٠: ١٦). «ئـاوا نـووسراوە، کـە مەسـیح ئـازار دەچێژێـت و لـە ڕۆژی سـێیەم لەنێـو مـردووان هەڵدەسـتێتەوە. بـە نـاوی ئەویـش تۆبەکـردن بـۆ لێخۆشـبوونی گونـاە بـۆ هەمـوو گـەلان جاڕبدرێـت» (لۆقـا ٢٤: ٤٦- ٤٧). ئەرکـی و فەرمانـی بەقوتابیکردنـی هەمـوو گـەلان سـەرکەوتن بەدەسـت دێنێـت.

## بەرەکەتی ئیبراهیم بۆ هەموو گەلانە

هـەر چەنـدە خـودا بـۆ مـاوەی چەندیـن سـەدە چـاوی لەسـەر ڕزگاریـی گەلـی ئیسرائیـل بـوو، بـەڵام هەمـوو شـتێک بـۆ ئامـادەکاری مزگێنیـدان بـە هەمـوو گـەلان بـوو. ئەمـە هـەر لـە یەکـەم بەڵێنـی خـودا بـە ئیبراهیـم دەبینرێـت: «خـاک و کەسـوکار و ماڵـی باوکـت بەجێبهێڵـە و بـڕۆ بـۆ ئـەو خاکـەی پیشـانت دەدەم... ئەوانـەی داوای بەرەکەتـت بـۆ دەکـەن  بەرەکەتداریـان دەکـەم، نەفرەتیـش لـە نەفرەتکارانـت دەکـەم. هەمـوو نەتەوەکانـی سـەر زەویـش لـە ڕێگـەی تـۆوە بەرەکەتـدار دەبـن» (پەیدابـوون ١٢: ١- ٣). ئـەم بەڵێنـە لـە فەرمانەکـەی عیسـادا هاتـە دی: «بۆیـە بـڕۆن و هەمـوو نەتـەوەکان بکەنـە قوتابـی». کاتێـک نەتـەوەکان دەبنـە قوتابیـی عیسـا، مەسـیحی ئیسرائیـل قبـوڵ دەکـەن. وە کاتێـک مەسـیحی ئیسرائیـل قبـوڵ دەکـەن، خـودای ئیبراهیـم قبـوڵ دەکـەن. وە کاتێـک خـودای ئیبراهیـم قبـوڵ دەکـەن، دەبنـە میراتگـری هەمـوو ئـەو بەڵێنانـەی کـە خـودا بـە ئیسرائیلـی دا. عیسـا مەبەسـتی ئـەوە بـوو کاتێـک لـە (مەتـا ٢١: ٤٣)دا فەرمـووی: «لەبـەر ئـەوە پێتـان دەڵێـم: شانشینی خوداتـان لـێ دەسـەنرێتەوە و دەدرێتـە نەتەوەیـەک کـە بەرهـەم دەدات». ئـەو «نەتـەوە» نوێیـە کڵێسـایە کـە لـە هەمـوو گـەل و نەتەوەیـەک پێـک دێـت.

## کۆتا داواکاریی عیسا: «لە جێگەی من مزگێنی بە هەموو جیهان بدەن»

کۆتـا داواکاریـی عیسـا ئەوەیـە کـە هەرگیـز لـە ئاسـت بڵاوکردنـەوەی مزگێنییەکـەی لـە هەمـوو جیهانـدا بـێ ئـاگا نەبیـن. عیسـا کەسـێکی پیـرۆز و مەزنـی نێـو عەشـیر و خێڵێکـی دیاریکـراو نییـە. ئـەو پەروەردگاریـی جیهانـە. ڕۆژێـک هەمـوو کەسـێک لەبەردەمـی دەکەوێتـە سـەر ئەژنـۆ، جـا ئیـدی بیانەوێـت یـان نـە (مەتـا ٢٥: ٣١- ٣٢). هەمـوو دەسـەڵاتێکی حوکمـدان بـەو بەخـشراوە (یۆحەنـا ٥: ٢٢). داواکارییەکـە ئەوەیـە کـە شـوێنکەوتووانی هەمـوو فەرمانەکانـی

عیسا بە جیهاندا بڵاو بکەنەوە. «بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان» (مەتا ٢٨: ١٩- ٢٠). فەرمان و داواکارییەکە ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانەی کە من هەوڵم داوە لەم بەرهەمەدا باسی بکەم، دەبێت بگەیەنرێتە دەستی نەتەوەکان. ئەمە واتای بەقوتابیکردنە - نەک تەنها دان بە باوەڕیاندا بنێن، بەڵکو دەبێت هەموو ئەو شتانە بپارێزن و جێبەجێ بکەن کە عیسا فەرمانی داوە.

## بە نوێژ و وشە و ئازارچەشتن

سەرکەوتنی پەیامی خودا مسۆگەر کراوە (مەتا ٢٤: ١٤). عیسا وەکو تەواوبوون چاوی لێ دەکات. بەڵام ئێمە دەبێت هەستین بە ئەنجامدانی. ئێمە لە ڕێگەی نوێژ و وشە و ئازارچەشتن لەپێناو کەسانی دیکەدا ئەنجامی دەدەین. عیسا فەرمووی: «دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. لەبەر ئەوە داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت» (لۆقا ١٠: ٢). دەبێت لە قووڵایی دڵمانەوە نوێژ و نزا بکەین کە خودا بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات. بەڵێن وا ناکات کە نوێژ و نزا شتێکی زیادە بن، بەڵکو وە دەکات وەڵامەکە مسۆگەر بێت.

پاشان دەبێت زارمان بکەینەوە و ڕاستیی عیسا بە هەموو جیهان ڕابگەیەنین. «ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکی بیڵێنەوە، ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، لە سەربانەکان جاڕ بدەن» (مەتا ١٠: ٢٧). «بڕۆ دەرەوە بۆ ڕێگا و ڕێچکەکان بە زۆر خەڵک بهێنە ژوورەوە، تاکو ماڵەکەم پڕبێت» (لۆقا ١٤: ٢٣). «پێتان دەڵێم، لە ئاسمانیش شادی زیاتر دەبێت سەبارەت بە گوناهبارێک تۆبە بکات لە نەوەد و نۆ ڕاستودروست کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە» (لۆقا ١٥: ٧). وە عیسا دەفەرموێت کە هەست بە شەرمەرزاری مەکەن، چونکە « ئەوەی لەبەردەم خەڵک دانم پێدا بنێت، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، دانی پێدا دەنێم. بەڵام ئەوەی لەلای خەڵک نکۆڵی لە ناسینی من بکات، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، نکۆڵی لێ دەکەم» (مەتا ١٠: ٣٢- ٣٣).

وە لە کۆتاییدا لە کاتی نوێژ و نزار قسەکردندا، دەبێت ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێت کە بچەوسێینەوە و ئازار بدرێین. «هەروەک چۆن باوک منی ناردووە، منیش دەتاننێرم» (یۆحەنا ٢٠: ٢١). عیسا نێردرا بۆ ئەوەی سزا بچێژێت. ئێمە ناتوانین هەموو گەلان بکەینە قوتابی ئەگەر خاچەکەمان هەڵنەگرین و لەسەر ڕێگەی خۆشەویستی قوربانی ئاسا نەڕۆین بە ڕێگادا (مەرقۆس ٨: ٣٤). ئەمە ڕووناکی عیسایە کە جیهان بە ڕوونی دەتوانن ببینن (داواکاری چل و هەشتەم).

## ئەو شایانیەتی

عیسا بانگهێشتی نێو ژیان یان ئەرکێکی ئاسانیمان ناکات. «دەتانگرن و دەتانچەوسێننەوە، دەدرێنە کەنیشت و بەندیخانەکان، لە پێناوی ناوی من دەبردرێنە لای پاشا و فەرمانڕەواکان. بەو شێوەیە شایەتیم بۆ دەدەن» (لۆقا ٢١: ١٢- ١٣). ئازار و ناخۆشییەکانمان بەفیڕۆ ناچن. هەمیشە دەرفەتی ئەوە دەبێت کە باسی ڕاستیی عیسا بۆ کەسانی دیکە بکەین. ئەو مزگێنییە دەبێتە هۆی وەرگرتنی ژیانی هەتاهەتایی. «ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات ژیانی دەدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێناوی من و مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ژیانی ڕزگار دەکات» (مەرقۆس ٨: ٣٥). بۆیە، لەبەر ئەو ئازار و ناخۆشییەی کە لەپێناو بڵاوکردنەوەی پەیامی خودا دەیچێژیت، پاداشت دەکرێی. «خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. دڵخۆش و دڵشاد بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە» (مەتا ٥: ١١- ١٢). ئەم پاداشتە ئەو چێژ و خۆشی و دڵشادییەیە کە بەهۆی شکۆی وەسفنەکراوی عیسا بۆ هەتاهەتایە بەدەستی دێنین.

"ئێستا ئەمە کتێبی دڵخوازی منە کە جان پایپەر هەستاوە بە نووسینی. باشترین بەرهەمی ترادیسیۆنی ئەدۆلف شڵاتەر بە ناوی "ئایا ئێمە عیسا دەناسین؟" و 'ڕاڤەی تێگەیشتنی' ئەو، لەگەڵ ئەم بەرهەمە "داواکارییەکانی عیسا لە جیهان" ژیانی منی گۆڕیوە و بەدڵنیاییەوە ژیانی تۆش دەگۆڕێت، چونکە پشت بە وتە و فەرمایشتی تەواوی عیسا دەبەستێت بەو شێوەیەی لە چوار ئینجیلەکەدا هاتووە. باوەڕم وایە کە هەموو شوێنکەتوویەکی مەسیح دەبێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە."

**ئەندریاس ج. کۆستەنبرگەر**، سەرنووسەری گۆڤاری کۆمەڵەی یەزدانناسیی ئینجیلی و مامۆستای پەیمانی نوێ و سەرپەرشتیاری خوێندنی دکتۆرا لە کۆلێژی ئایینی یەزدانناسی باپتیستی باشوری ڕۆژهەڵات

"ئەم کتێبە دیارییەکی تایبەتە کە بە دەست و پێنووسی جوانی جۆن پایپەر تۆمار کراوە. کۆتا جار کەی بوو کە بەوردی سەرنجی فەرمانە پڕ لە دەسەڵاتەکانی عیسات داوە؟ لە ڕێی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمەوە ڕووبەڕووی ڕزگارکەر دەبیتەوە و کاریگەرییە پڕ لە گۆڕانکارییەکانی ئینجیل تاقی دەکەیتەوە. ئەم بەرهەمە شایانی ئەوەیە کە کاتی بۆ تەرخان بکەیت."

**سی. جەی. مەهەنەی**، ڕێکخراوی نیعمەتی هەرەبەتوانا

"شارەزایان و کەسانی ئاسایی و تەنانەت نووسەری ڕۆمانیش کوێرانە لە پێشبڕکێدان بۆ ئاشکراکردنی جێگرەوەیەکی عیسا کە جیاواز بێت لەوەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە. لە جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا و نوێدا، جان پایپەر زۆر بە ڕوونی دەریدەخات کە عیسای کتێبی پیرۆز شایانی ئەوەیە لەپێناوی بژین و بمریت."

**سینکلێر فیرگۆسۆن**، قەشەی باڵا، یەکەم کڵێسای پیران، کۆڵۆمبیا، کارۆلینای باشوور

"ئەمە کتێبێکی ناوازەیە. دەریدەخات کە چوار ئینجیلەکە هاوئاواز و ڕاستن. هەروەها نیشانی دەدات کە عیسا وێڕای ئەوەی کارمان بۆ ئەنجام دەدات، داواکاریشی لێمان هەیە. دواتر ئەوەش دەردەخات کە عیسا دەسەڵاتی لەسەر هەموو کەسێک هەیە بەبێ گرنگیدان بە ئایین، ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ناسنامە، باری دارایی یان کەلتووریان. لەوانەیە لەگەڵ هەموو خاڵێکی ئەم بەرهەمەدا هاوڕا نەبیت، بەڵام تۆ گوێت لە عیسا دەبێت کەوا زیاترە لەوەی جوتیارێکی گوفتار شیرینی جەلیلی پشتگوێخراو بێت و جلێکی هەژارانەی لەبەردا بێت و بیرۆکەیەکی نامۆی هەبێت و بڵێت کە تەنها خۆی خودایە."

**مارک دریسکۆڵ**، قەشەی کڵێسای مارس هیڵ، سیاتڵ

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

Free distribution
دابەشکردنی بەخۆڕایە